- خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

# رامان

120

خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ مایسی ٢٠٠٧



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی رامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی ئاراس/ هەولێر
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **سەروتار**

- ناوی خوازراو، دیوجامەی ڕۆژنامەنووسان/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- بابێن دەنگ خۆشانی شار بابێن/ حەمە کاکەڕەش/ 5
- دیبا/ هاشم سەڕاج/ 7
- پرووشە/ سەباح ڕەنجدەر/ 8
- سەفەری عەشق/ خولیا حوسێن/ 10
- هەفتۆکا شینێ/ گولیزار/ 11
- سێ غەزەل/ لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی/ 13
- کرمەڕێز/ جەبار سابیر/ 15
- گوهەڕین/ چیا مازی/ 19
- کوڕ، بەڵام نۆزدەهەمین کچ/ ئامانج هێمن/ 22
- ترس/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 27
- وا مەکە جۆرج/ لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی/ 30

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەندی پێشەنگ (کەریم کابان)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 38
- دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند (ژاڵە)/ ئا: دڵشاد خۆشناو/ 52

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- نوێخوازێتی دەقەکانی «سپیاییەکانی ناوڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی»/ د. فوئاد ڕەشید/ 61
- شرۆڤەکرنا بێربێن بێری بهارێ/ ئەحمەد قەرەنی/ 71

● **وتار**

- زمان فرۆشی/ نیگار نادر/ 81
- سوپاسگوتاری پیتەر سلۆتەردایک لە وەرگرتنی خەلاتی سیگمۆند فرۆیددا/ لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی/ 84
- سامۆیل بیکیت/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین/ 91
- ڕەخنەیا ئەدەبی و سالۆخەتێن ڕەخنەگری/ خالد عەلی سلیڤانی/ 94
- کۆتایی هزری سیاسی کلاسیک/ برووسکە ڕەشید خدر/ 96

● **هزر و فەلسەفە**

- تیۆرییەکانی ئەفلاتوون دەربارەی ڕاستی/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 99
- تیۆری جەشتاڵت/ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی/ 116
- سەرچاوەکانی دیالێکتیکی هیگڵی/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل/ 123

● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**

- ڕێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان/ سەلام ناوخۆش/ 136
- میدیاکان.. پەیدابوون و شێوەو وێکچوون و جییاوازییەکان/ کاوە عەبدولکەریم/ 143

● **مێژوو - کەلەپوور**

- هۆزانی سلەسلە (سلسلە)ی ئالشتەری لوڕستان/ لە فارسییەوە: عەباس سلێمان سمایل/ 151
- جنۆکە لە کولتوور و باوەڕی میللیدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 156

● **هونەر**

- ڕیژیسێر و مۆسیقا/ د. فازیل جاف/ 160
- خۆشترین گۆرانی لە دەقێکی کراوەدا/ کەمال غەمبار/ 169
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 173
- فیلمی تۆبەکاران/ نیهاد جامی/ 180
- وێنەگرتن لە کاتی سەیران و گەشتوگوزاردا/ فارس سەعدی/ 183

● **خوێندنەوەی کتێب**

- بەراوردێک لەنێوان خاتوو بۆڤاری و ئاننا کارنینا/ چنوور نامیق حەسەن/ 185
- چرای ئەفسووناوی/ شۆڕش محەمەد حوسێن/ 192
- منداڵێک بووم لە کوردستان/ عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 195

● **زاراوەسازی**

- ئامادەکردن/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 198

● **ئێستێتیک**

- زمانی ڕەمزئامێز و زمانی هەڵچوونئامێز/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 200

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ناوی خوازراو یان دێوجامەی ڕۆژنامەنووسان

**سەرنووسەر**

* لە جیهانی ڕۆژنامەگەری کوردی دەمێکە دیاردەی نووسین بڵاوکردنەوە و بیروڕا دەربڕین لە پەنای ناوی خوازراوەوە هەیە، ئەوەندەی من بە شوێن گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆنی کوردیدا چووم و لاپەڕەکانیم هەڵدابێتەوە و ئاگاداری بم تا بە ئەمڕۆکە دەگات، دەتوانم بڵێم ئەو دیاردەیە بە قەدەر تەمەن و مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بوونی هەیە و ڕەگوڕیشەکەی بۆ ئەو سەردەم و سەرەتایانەی دەگەڕێتەوە. پێم سەیر بوو ئەو کاتانەی لاپەڕە بەلاپەڕەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەم هەڵدەدایەوە، زۆر نووسین و وتار و بیروڕای جوان و سەرنجڕاکێشم بەرچاو دەکەوت کە بەناوێکی خوازراوەوە بڵاوکراونەتەوە، من لەو ساتانەدا تەمەننام دەکرد بزانم ئەو نووسەرە کێ بووە، ئەو نووسینە ناوازە و جوانەی نووسیوە و نەیویستووە ناوی خۆی پێوە بلکێنێ تا ئافەرین و دەستخۆشانەی بۆ بنێرم.

* لەو سەرەتایانەی ڕۆژنامەگەری کوردی کە پشکی شێری نووسەران و شاعیران و باسکاران لەجیاتی سیاسەتوانەکان سەروکاریان کردوون، لەو ڕۆژگارەدا بەقەدەر قەبارەی هۆشمەندی کورد و ئاستی پێشکەوتنە شارستانییەکەی و قەبارەی ڕۆشنبیری ڕووناکبیرەکانی، بزاڤی ڕەخنەییش هەر هەبووە. ئەو ڕەخنەیە چ سەبارەت بە بەرهەمی نووسراوی شاعیران و نووسەران بووبێ، یان سەبارەت بە بیروباوەڕ و ڕووداوی سیاسی ئەو ڕۆژگارە بووبێ، لەبەر ئەوەی نووسەر و شاعیر و قەڵەم بەدەستەکانی کورد لەو زەمانەدا ژمارەیان کەم و سنووردار بووە، زۆرجار بە شێوازی ئەو نووسینانەیان زانراوە کێن ئەوانەی ئەو بابەتانەیان نووسیوە؟ ئەگەرچی لەدووتوێی ئەو نووسین و وتارانەدا زۆر کەم ڕێدەکەوێ مومارەسەی توندوتیژی و بوختان هەڵبەستن و ناو زڕاندن و لەکەدارکردنیان بەرانبەر بەیەکتر کردبێ، یان زۆر کەم ڕێکەوتووە تەسفیەی حیساباتی سیاسی تێکەڵی کاری نووسینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و بیروڕا دەربڕین بووبێ.

* ئەگەر پێویست بێ نموونەی ئەو جۆرە ڕەخنانە بهێنینەوە، ئەوە ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی شیعری شاعیرانی وەک (قانیع) و (زێوەر) کراوە لەسەر ئەوەی شیعریان بۆ چاکە و بەرژەوەندی ئینگلیز نووسیوە، یان ڕەخنەکەی (بێکەس) سەبارەت بە (أ.ب. هەوری)، یان نووسینی میرزا مەنگوڕی سەبارەت بە گۆران توندترین جۆری ئەو ڕەخنەو بیروڕایانە بووبێ کە لەسەردەمی خۆیدا لەگۆڤاری گەلاوێژ نووسرابن، یان توندوتاڵی ئەو حەقیقەتەی نووری وەشتی لە ڕۆژنامەی ئازادی ڕووبەڕووی مستەفا ساڵح کەریم-ی کردووەتەوە، کە ئەو چەند نموونەیەم هەر بۆ پاڵپشتی کردن لە قسەکانم هێنایەوە، ئەو نووسینانە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ نووسینی ئەمڕۆکەمان کە لەناو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ناویان لەخۆیان ناوە میدیای (ئازاد) و (ئەهلی)، یان لەناو هەندێ لە سایتە کوردییەکاندا بەدی دەکرێن، ئەوە هەرگیز دوو ڕووی بەراورد کردنی یەکتر نین، چونکە ئەوەی ئێستاکە زەق دیارە نووسەرەکەی پێش هەر شتێک دەیەوێ ئێسقانی ڕەخنە لێگیراو بشکێنێ، دەبینی سەروبن لە هەر ڕستەیەکی ناو ئەو نووسینانەدا چۆڕ چۆڕ ڕق و کینە دەچۆڕێ و پاشقوڵ و ڕستەی قێزەون و تەقڵەپێ لێدان هەیە.

* لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی تا ئەم ساڵانەی دوایی کە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی داهات و کورد دەستی پێگەیشت، ئەگەر ناوی خوازراوە لە هەر یەکێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا ببینرێت، ئەوە بەشی هەرە زۆریان لەبەر خاکەڕایی و سادەیی و تەوازوعی نووسەرەکانیان بەو ناوە خوازراوانە نووسراون، یان هەندێکیان لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەوسا، نووسەرەکانیان نەیانویستووە خۆیان ئاشکرا بکەن. بۆ نموونە حسەین عارف کە نامیلکەیەکی لە بارەی شیعری نوێ نووسیوە بەناوی (محەمەد سدیق عارف) بڵاوی کردووەتەوە، چونکە سەرباز بووە و نەیتوانیوە بەناوی ئاشکراوە چاپی بکات. ئەمینی میرزاکەریم بەناوی (سنوور)ی کچی و کاکەی فەللاح بەناوی (ڕووناک)ی کچی و (ع.ح.ب) کە خۆی ناوی تەواوی (محەمەد شێخ حسەین بەرزنجی)یە بەناوی (عەلی) برایەوە لەزیندانەوە نووسیویەتی و بڵاوی کردووەتەوە، ئەمانە هەموویان لەبەر هۆکاری

سیاسی بەو ناوانەوە نووسیویانە. (عەبدوڵڵا جەوهەر) کە لە بارەی (شیعر و ئەدبیاتی کوردی)ی ڕەفیق حیلمی دەنووسێ، لەبەر تەوازووع کە خۆی پێ نووسەر و ڕۆشنبیر نەبووە لە گۆڤاری گەلاوێژ بەناوی (ع. چالاک) بڵاوی کردووەتەوە.

* هەیە بێجگە لەو هۆکارانە لەبەر متمانە نەبوون بە توانایی و بەهرەی خۆی نووسینی خۆی بەناوی خوازراو بڵاوکردووەتەوە، یان هەیە کە دەیەوێ ئەزموونێکی نوێی خۆی بڵاوبکاتەوە، بۆ زانینی کاردانەوە و ئیستیجابەی ئەو نووسینە، یان ئەو بیرورایە لەناو خوێنەران ئەو کارە دەکات. بۆ نموونە نووسەری داهێنەر (جەلیل قەیسی)ی چیرۆکنووس بەناوێکی خوازراو لەگۆڤاری (الأقلام) چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی خۆی بۆ یەکەم جار بڵاوکردەوە، کاتێ لەگەڵ (ناسر یووسف)ی ڕەخنەگری خوالێخۆشبوو پێمان وت، سەری لەوە سوڕما کە چۆن زانیومانە ئەوە چیرۆکی ئەوە. بێگومان دیراسەت کردنی شێوازی نووسینی ئەو چیرۆکنووسە و وردبوونەوە لە کۆی نووسینەکانی پێشتری ئەو شارەزاییەی لەلامان دروست کردبوو کە شێوازەکەی بناسینەوە.

* لەناو کەشوهەوای ڕۆشنبیری میللەتانیشدا ناوی خوازراوە هەیە و کارێکی نۆرماڵ و ئاسایی بووە، بۆ وێنە نووسەرانی گەورەی وەک (د. عەبدولرەحمان بەدەوی و موجاهید عەبدولمونعیم موجاهید و د. زەکەریا ئیبراهیم و...) گرووپێکیان لەسەرەتای دەست کردنیان بە نووسین لە میسر پێکەوە ناو ناویان لەخۆیان نابوو (جماعة الفشلاء) و هەر یەکێکیان کە نووسینێکی خۆیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە بڵاو دەکردەوە دەیاننووسی (احد أعضاء جماعة الفشلاء) کە ئەمە بۆ خوێنەران کارێکی زۆر سەیرو سەرسوڕهاوەر و سەرنجڕاکێش بووە، چونکە نووسینەکانیان زۆر قووڵ و جوان بوون. ڕۆماننووسی ڕۆمانی (کاتژمێر بیست و پێنج) کە بەناوی (کۆنتستانتا جیۆرجیۆ)وە بڵاوی کردووەتەوە، ئەمە ناوی خوازراوی ئەو نووسەرەیە کە لە ڕۆمانەکەیدا بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سۆشیالیست و سەرمایەداری سەرکۆنە دەکات کە چۆن ئینسان لەناو هەردوو سیستمەکەدا دەهاڕدرێ و (ئیۆهان مۆریتز) لەنێوان ئەو دوو بەرەیە چ پەت پەتێن و فوتبۆڵێنێکی پێ دەکرێ.

* پێچەوانەی ئەوەش ئەمڕۆکە خەڵکانێکی زۆر هەن بەناوی نووسەرایەتی کە حاشا فریان بەسەرییەوە نییە، چونکە ئەو فەریکە نووسەرانە زیاتر ئینشانووسن، ئەوانە دێن و پەنا دەبەنە بەر ناوی خوازراوە- مستعار و دەیکەنە دێوجامەو بۆ ڕاوی مەبەستێکی تایبەتی بەکاری دەهێنن، وەک چۆن ئەوانەی (ڕاوە کەو) دەکەن هەندێ جار (دێوجامە) دەکەنە بەریان تا بەچاو و ڕاوو فروفێڵ بکەونە ڕاوکردنی کەو. ئەم جۆرە پەنابردنە بۆ ناوی خوازراوە زۆرتر ترسنۆکی و نەبوونی بوێرییە لەلای نووسەرەکەی، بۆیە لە پشت ناوێکی وەهمییەوە خۆی دەشارێتەوە، تا بەبێ حیساب و کیتاب و دوور لەپێش پێگرتنی ویژدانی خۆیان بکەونە لاپەڕە ڕەش کردنەوە و زۆر بێ ویژدانانە قسە و بیرورا بێ بنەمایەکانیان بەسەر خوێنەری سافیلکەدا تێپەڕێنن. ئەم جۆرە نووسینانەش ئەمڕۆکە زۆر زۆر بوون و لە برەو دان و بازاڕیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە، بۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر تەشەنە دەکەن و پەرە دەسێنن و بەداخەوەش دەڵێم بەبێ پێش پێگرتن جێگەی خۆیان لەناو لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە کوردییەکاندا بۆ دەکرێتەوە و لەلایەن بەرپرسی ئەو کەناڵ و دەزگایانە زەق دەکرێنەوە، ئەمەش جگە لە قورمیش کردن و فووتێکردنیان لەلایەن کەسانێکەوە، جۆرێکیشە لە بێ متمانەیی و باوەڕ بەخۆنەکردن، چونکە ئەو کەسانە نایانەوێ ناوی ئاشکرای خۆیان لەپاڵ بوختان و قسەی هەڵبەستراو دابنێن، ئەوانە باسی مێژوویەکی نزیک دەکەن و خەڵکی زوو لە فیکەیان تێدەگات و ڕاستگۆیی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەو جۆرە کەسانەش لەو نووسینانە زیاتریان پێ نییە و هەرگیز ناتوانن کاری داهێنەرانە و قووڵ و جددی بکەن، چونکە لە بنەڕەتەوە هیچ (پەیامێک)یان نییە بیگەیەنن، نووسینیش بۆ خۆی پەیام گەیاندنە، پێش هەر شتێک پەیامی خۆشەویستی و ئینسان دۆستی و لێبوردەیی و جوانتر کردنی ژیان و... و.. دەگەیەنێ.

* بە داخەوە ئەمڕۆکە ئەم شێوە نووسینە بووەتە ڕێچکە و دیاردەیەکی (باو)ی بێزراو و قێزەون و خەریکە پیرۆزی پەیامی نووسین ناشیرین و لەکەدار دەکات، کارێکی وای کردووە خوێنەران لە خوێندنەوەی (ڕەخنە) و (بیرورا)ی جیاواز و بنیاتنەرانە بتەکنەوە و لێی بکەونە گومانەوە. من لەلای خۆمەوە هەرگیز باوەڕم بەناوی خوازراوە نەبووە و بەناوی خوازراو نەمنووسیوە، ئەگەر لەبەر هۆکاری سیاسی نەبووبێ، ئەوە ئەو نووسینانەشم کە لە ڕادیۆ و چاپەمەنییەکانی سەردەمی شاخیشدا بڵاو دەکرانەوە، هەر بەناوی خۆمەوە بڵاوم دەکردنەوە، چونکە زەرووڕەت ئەوەی بەسەرمدا سەپاندووە، بەڵام چ جارانی زوو و چ ئەمڕۆکە ئەو ناوە خوازراوانە کێشەیان بۆ ڕۆژنامەگەری دروست کردووە و بەزیان بۆ ئەو مێژووە شکاونەتەوە و سەریان لەمێژوونووسانی ئەو مێژووە شێواندووە، ئەوەتا تا ئەمڕۆکەش بەدەیان و بە سەدان ناوی خوازراوەی ناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی هەن کە وەک لوغزێک ماون و تەلیسمی ئەو لوغزانە بەکەس نەکراوەتەوە.

* ناوی خوازراوە ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا پێویست بووبێ پەنای بۆ ببرێ و لە هەندێ بارودۆخی تایبەت و سیاسیدا بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردیدا خۆی سەپاندبێت، ئەوە ناچاری بووە و نەکراوە بەلاوە بنرێ، بەڵام ئەمڕۆکە خەریکە لە نەریتە جوانەکەی خۆی و لە ڕاستەڕێ دەردەچێ، چونکە بەرپرسی هەندێ لەو کەناڵانە خۆیان ڕەواجی بۆ پەیدا دەکەن تا بازاڕی فرۆشتنی چاپکراوەکانیان بەهەرمێن بکەن، لەکاتێکدا پێویستە وەک هەموو لایەکمان پشتیوانی لە هەڵگرتنی هەموو قەیدو بەندێک لەسەر ئازادی بیرورا دەربڕین و نووسین و ڕۆژنامەگەری دەکەین و نامانەوێ لەژێر هیچ پاساو و بیانوویەک ئەو ئازادییە پێشێل بکرێ و سنووری بۆ دابنرێ، چونکە دوای خەباتێکی زۆر بەدەستمان هێناوە، لەهەمان کاتیشدا دەبێ ڕۆژنامەنووس و نووسەری بە تەواوەتی ڕۆژنامەنووس و نووسەر کەشوهەوای نووسین بەسازگاری بهێڵنەوە و لە ژەهراوی بوون بیپارێزن.

* بەرپرسی ئەو دەزگا و سایتە کوردییانە، سەرنووسەری گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەبێ هەر بابەتێک بۆ هەر نووسەرێک بڵاودەکەنەوە، پێش بڵاوبوونەوەی ناوی ئەسڵی ئەو نووسەرە بزانن، بۆ ئەوەی لەکاتی لێپێچانەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسە لەبەردەم دادگاو یاسا ئامادەبکرێ، دەنا خۆی لەبەردەم یاسا بەرپرسیار دەبێ، چونکە دەبێ (ئازادی)خوازو (گێرە شێوێن) لێکتر جودا بکرێنەوە، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە بەناهەق و ناڕەوا کەسانێک، ڕێکخراوێک، لایەنێک ڕووبەڕووی درۆی شاخدارو بوختان هەڵبەستن دەبنەوە. ماقووڵ نییە بەرپرسی ئەو کەناڵانە کە لەهەموو کەس زیاتر باسی مەدەنییەت و پێشکەوتن و مافی مرۆڤ و یاسا دەکەن، خۆیان لەو ئەرکە بدزنەوە و ئەو مافەی کەسانی بەرانبەریش ڕەچاو نەکەن و بەهەندی وەرنەگرن، بەتایبەتی کە دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکرێن و شەلم کوێرم هیچ نابوێرم کەسانێک دەیانەوێ بە شێلە و بێلە و تانووت و تانەو تەشەر پێوەر و پێوانەیەک لەنێوان جەللاد و قوربانیدا نەهێڵن و مەبەستیانە جەللاد بکەنە قوربانی و قوربانیش بکەنە جەللاد.

# بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن

حەمە کاکەڕەش
(سوید)

بەردەوام مەستی گەڕان بوو
بۆ دۆزینەوەی تەرمی باڵندەو گوڵەکان
تەرمی باڵندەو گوڵەکانی دەدۆزییەوە
بانگی هەموو دەنگ خۆشەکانی شاری دەکرد
دەیوت وەرن گوڵ و باڵندەکان بلاوێننەوە
گۆرانییە خەمناکەکان بڕژێننە شوێن پێی مەرگەوە
بەکچەکانی دەوت وەک ڕۆژی بووکێنی
خۆتان لە تەل بدەن و خۆتان بڕازێننەوە
بە منداڵەکانی دەوت وەک ڕۆژەکانی جەژن
جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵ و واڵا لەبەرکەن
بە پیرێژنەکانی دەوت
تەمی خەمی سەر لێوەکانتان بتەکێنن و
چاوەکانتان بۆ دواجار بڕژن و
نینۆکەکانتان بۆیەکەن و
قژی لوول و شێواوتان شانەکەن و
مەمکە چرچ و لۆچەکانتان کەمێ قوت کەنەوە
دەیوت بابێن پیرەمێردە دڵشکاوەکانی ڕۆژانی باران
ئەو پشکۆیانەی بە ئەستەم
گەرمی ژیان لە دڵ و دەستەکانیاندا ماوە
ئەو لافاوانەی لە دڵۆپێک ئاوی کوژراو دەچن
ئەو پیرەمێردانەی هەناسەیان پڕە لە زریان
زریانێکی خامۆش چاوەکانیان پڕە لە تیشک
تیشکێکی سارد
باڵەکانیان پڕن لە فڕین
فڕینی ڕۆژانی مناڵی
مناڵییەکی بێئۆقرەی دڵشکاو
دڵشکانێک کە هیچ کەسێک پارچەیەکی نابینێتەوە
تا قیامەت
قیامەتێک کە هاتنی لە هیچ و پووچی گوماندا
سەرگەردانەوە




تا قیامەت هەر دەرناکەوێت وەک قیامەت
بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن
دنیا پڕکەن لە گۆرانی
گۆرانییەک دڵی بەردەکان پڕکات لە ئاو
دڵی ئاوەکان ئاگر بگرێ
گۆرانییەک کەمێک دەرەقەتی بێمانای مردن بێت
کەمێک نیگەرانییەکانی ژیان
بە ئاو پرژێنی خەیاڵ و سادەیی بسپێرێ
گۆرانییەک توانای کردنەوەی پەنجەرەیەکی هەبێت
بە روویی مردندا
یان پەنجەرەیەک لە دیوارە پانەکانی مردن بکاتەوە
بۆ ئەوەی گوڵ و باڵندەکان بتوانن
لەوێوە ئا لە وێوە شینایی ئاسمان و
سەوزایی باخچە ببینن
هەڵمی دەریاکان و تەمی سەر دارستانەکان ببینن
پیاسەی ئێوارانی دڵە غەمگینەکان و
چاوی پڕ گریانی باران و
شەلەشەلی کزەبای مەغریب و
شەوی تەنیایی و خۆکوشتن ببینن
فڕینی پڕ مانای کۆترەکان و
وەڕینی پڕ غەمی سەگەکان و
بێدەنگی پڕ مانای عاشقەکان ببینن،
بابێن دەنگخۆشەکانی شار بێن
سۆزی دەنگیان بڕژێننە خامۆشی تەرمەکانەوە
بابێن ئەوانەی ئەهلی عەشقن
ئەوانەی تەنیایی لایەک لە دڵی خواردوون
تەنیایی وەک تەمێک تrووسکەی سیمایان دادەپۆشێ
بەسەر تەرمی گوڵ و باڵندەکانەوە دەگریا دەگریا
پێدەکەنی هاواری دەکرد
دەیوت ئێستایش ئەو ئێوارەیەم لە یادە
وەک چۆن ئەم تەرمانەم لەیاد ناچنەوە
ئاوا ئەو ئێوارەیەم لەیادە
ئێوارەک بوو پڕ ئاشووب پڕترس
پڕنیگەرانی و سەرگەردانی
ئا لەو ئێوارەیەدا بوو گوڵێک لە لێوەکانم ڕواو
باڵندەیەک منی لەسەر باڵەکانی داناو فڕی بۆ ئاسمان
لەو کاتەدا وا هەستم دەکرد من لە نەوەی باڵندەو
گوڵەکانم
یان بە منداڵی بەشوێن پێی باڵندەکاندا ڕۆیشتووم
لە گەردەلوولەکاندا بۆ پەڕی باڵە شکاوەکان و
گوڵە وەریوەکان گەڕاوم

# دیبا

هاشم سەڕاج

تەلبیسی نییە ئەوکەسە دێوانەیی ڕووتە
بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا!
«نالی»



چلۆن لە ڕەحیقی پیرۆزی
چاوە زەردەکانت ڕابمێنم
ئەی دانسقەترین توحفەی
جیلوەگەهی فیردەوسەکانی خودا!
جووتێ هەڵماتی بریسکەداری ئاتەشین
دەڵێی
گێلاسە بیمارەکانی کوناری ئیرەمن و
لەپڕ
چراوکی خامۆشی دڵ و
زەینی بەندەوار و بەربڵاو
دادەگیرسێنن دا دا
تۆی تاقانەترین ئاوێزەی تەلارە
تاریکەکانی کردگار
بەو شەپۆلی تیشک و هاڵاوی
بڵێسەی ئەوینەت
لەوحی ڕۆح لەتێکە لە
مەی و مول و میهرو قورقوشم و ئاگر و سەراب
ئەی شۆخ وەی! شۆخی تەریقەت
ئەمێستا و تۆزێکی تر
بەنەشئە و زەمزەمە و لارە و لەنجە
قولقولی سوراحییەک کەفی شەرابی سپی
پیادا دەڕژێ
ئەو بەژن حەڵوابییە
سینە بڵند و ئیلاهییە
سەمای تاڤگەی ئاوریشمی
هەوداکانی قژیش
عەتری بۆیەی قاوە ڕەنگی
نم نم نم نم
قەترانبارانکراوی نم نم نم
شامپۆی مەحەببەتی ئەزەل
دەیڕژێنێ نم نم نم نم
د ە پ ژ ێـ ن ێ ن مـ ن مـ
ن مـ ن مـ
ش ا م پ ۆ ی م ە ح ە
ب ە ت ی ئە ز ە ل
ن م ن م ن م ن م

٢٠٠٤/١٢/١٢

# پڕووشە

سەباح ڕەنجدەر

-١-

ئەگەر دەست لە دڵم بدەیت
هاوارم لێ بەرز دەبێتەوە
مێوانێکی یەک دوو ڕۆژیم
دەمودووشیرینم و ژیان بەگرانی تێناپەڕێ
ئەی دایک و باوکی زەمین

-٢-

ماسیگرە کە بە ئاسمانەوەیە
دەنووک و چاوی ناز دەڕێژن
لێکدانەوەی بۆ ڕەنگی ئاو هەیە
کە باڵی بەلەشی دادەدا
لێی تێکدەچێت و ماوەیەک دادەمێنێ
کە قاچیش لە زەوی دەبڕێ
بایەک کە وەک کراسی لەبەر هەموومانە
لەناو یارو دیار پەنای دەدا

-٣-

سوێسکە هێلکەکانی دادەنێ
دەیانژمێرێ و بێ دوودڵی لە سەریان دەکەوێ
بۆ ماوەیەک لە بیری هیچدا نابێ
تا جووچکەکانی سینگی دەخورێنن
دووبارە دەیانژمێرێتەوە
لە نێوان هێلکە و جووچکەدا
شتێک هەیە وا لە ناخی دەکات
ژماردن دووبارە بکاتەوە

-٤-

بەهار زەمین سەوز هەڵدەگەڕێ
هاوین زەمین سوور هەڵدەگەڕێ



پایز زەمین زەرد هەڵدەگەڕێ
زستان زەمین سپی هەڵدەگەڕێ
تێکەڵبوونی ڕەنگەکان دڵخۆشی ئاشقە
سروشت تێر خەو دەبێ
پێڵووی نەرم دادەنێ و ڕازی هەموو شت دەزانێ

-٥-

گوڵی دەستچن و خۆرسک
لە باخچە دڵخوازو گۆرانی خۆیان هەیە
مەشقی پێشبڕکێیانە
بۆ ڕوونبوونەوەی سێبەری مۆمی لە دایکبوون
ڕووناکییەکی ناوازەو پاراو
لە ماڵ گەش و بڵاو دەبێتەوە
باخچەوان هەمیشە بەدەوری
گوڵە دەستچنەکانییەوەیە
بە ڕەوانی قسەیان بۆ دەکات و دەستیان لێدەدا

-٦-

قەفەس هیچ دەورێکی نەماوە
فڕین خەوتووە
مرۆڤ بچۆرە ناو قاشی ئەنگوستیلە و چاو هەڵفڕێنە
موویەکیش هەڵدە سەر تەڵەشقارتەیەک
با زەوی یادی خۆشەویستەکانی خۆی بکاتەوە
خۆشبەحاڵت ئەی یادکراو
لە جیاتی گەشەی ڕووەک
ببە دڵخۆشیمان و گیان جاویدان کە

-٧-

ڕووبار ئاوا دەژی
ئەم دەست و ئەو دەستی بەخشندەیە
مێژوی ڕەشمیری
دەنک دەنک دەکەینە کۆشی زەوی و بەڕێ دەکەوین
لە بەرزایی بێ پەروایی گەوهەرێک
وەک بەردەنوێژ
جێی لە تەختایی زەوی خۆش کردبوو
دیداری یاران و حاجیلە
کە پریان بۆ دڵم کردووە و قووڵ و مەند
خەریکی نوێژم و حیکایەتە جێماوەکانی سووتان
هەڵدەگرمەوە

-٨-

دەستەیەک یار و دیار
لە سێبەری پەیکەرێکدا ئاگردانێکمان خۆش کردبوو
نەوە و نەوەزای پەیکەر
پۆلێک قومری خۆمار بوون
هاتبوون بەخێرهاتنمان بکەن
قلە هێلێکیش بشکێننە ناو چاپەستمان
ئێمە لە جیقنەیان ترساین
بەردمان بۆ هەڵدان
بەرد نەخشی لەسەر دەمێنێتەوە
لەم بەخێرهاتنەدا ئەرێ یاری بەچی کرد

-٩-

مانگی دلبەر و ئەفسووندار
ڕوونی چاوم ڕژاندووەتە چاوت
نەکەی ئاوابی
هەنگاوەکانم خۆش هەڵدێن
ئەوە هاتم
شتی سەیرو سەمەرەم لە سێبەری مانگدا بەدی کرد
میوەی وشکبووەوە
گوێی کەروێشک
کولێرەیەک
کە بەتین و تاوی سروودی ئەی ڕەقیب برژابوو
پەنجەی ئەزموون و پێشنیاری بەرزکردووەتەوە
دەڵێت سێبەرتان بگۆڕنەوە
کەس ئیرەییتان پێنابات
کاروانچییەکانیش ڕێگایان لێ بزر نابێ


-١٠-

لە ژووری زیندان یەک دەرگا هەیە
ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت
ئاگری چێشت ئامادەکردن
لە سێبەری دیوار چ وێنەیەک دروست دەکا
وڵاتێک لە شەڕێکدا کە نامەی
جەنگاوەرەکانی دەبووە مێژووی جوانی
کەڵەشێرێکی بردەوە

نیسانی ٢٠٠٧ هەولێر

# سەفەری عەشق

خولیا حوسێن
(کەنەدا)




لێم ببوورە ئەی شیعر
گەرووم وشکە و
زمەنێکە
لەبەر هۆنینەوەی زەنگیانەی
فرمێسکەکانی نائومێدیم
پێکی ئەفسووناوی تۆم نەناوەتە سەر زارم
بێ تۆ شەوەکانم درێژترن لەو چیرۆکە بە ترسانەی
داپیرەم لەشەوە درێژەکانی بەرئاگردان بۆی دەکردین و
هەر نەدەبڕایەوە.
بێ بوونی تۆ
گەڕامەوە
بۆ نێو کۆڵانەکانی یادگاری ئەو ڕۆژانەی
لەسەر قوببەی حەمامۆکەی خۆشەویستی
چڵە نێرگزی ئومێدم دەچاند و
ختووکەی ژێر باڵی پەپوولەکانم دەدا.
لە شەوانی بێ تۆییدا ئەی شیعر
ڕۆیشتمەوە بۆ ژێر سێبەری ئەو دار پرتەقاڵەی
لەگەڵ کیژۆڵانی گەڕەک
ناوی شاراوەی خۆمان و
یەکە یەکەی دڵدارەکانیشمان
لە باڵایدا هەڵدەکۆڵی و
کردبوومان بە مەرقەدی مرازەکان و
بە گۆڕستانی حەزی ماچە زیندە بە چاڵکراوەکانی
هەڕەتی حەزە گەرمەکان.
لە بێ تۆیی/
ڕۆژەکانم تفتترن لەو هەنارانەی
لەتاو هەڵوەرینی فرمێسکە سوێرەکانی تەنیایی
گەورە کچانی وڵاتی خۆ کوشتن
هەر گوڵ بەدەم دەکەوتنە ژێر پێی
ئەو پاسەوانانەی کارمامزی باخچەکانی
ڕەهاییان ڕاو دەکرد.
وەرەوە ئەی شیعر...
گوێیەکانم پڕ پڕ بکە
لە ئاوازی نۆتەی نێو دێرەکانت/
با دەنگە کابووسییەکانی
ئەو دیو پەنجەرەی ماڵەکەم
چیتر پەردەی گوێچکەی دڵم ئازار نەدەن/
بیناییشم لێوانلێوکە لە ڕەنگە
هەناری و وەنەوشەیی و
حاجیلەییەکانی نێو بەهاری ڕۆحت،
با ڕۆشناییم نەچێتە سەر جۆخینی
گەڵا وەریوەکانی پایزی بێ تۆیی.
دە وەرەوە ئەی شیعر.....،
بێ پێکی تۆ گەرووم وشکەو
گۆرانییەکانی بەیانیم بۆ ناوترێ.

بەفرانباری ٢٠٠٦

# هەفتۆكا شينىَ

گوليزار
(ئامەد)



(نا)سنامە

يەكى تەنكى دريَژ بوو
چاڤيَن وى رەش

(نا)ڤنيشان

چوو

(نا)هتۆريَن وى

مە نزانبوو
كيژان ستيَرك
بيَرييَن وى گوهدارى كرن
كيژان خوەليا خوەليسەر ئەو ڤەشارت

(نا)لە نالا مە

مە نزانبوو
مە ژ دوور ڤە سترانەك دكر سەبرك
دبەر دلىَ خوە ددا
«من بهيستى تو نەخوەشە
چ بكم بەختىَ مە تم رەشە»
كەنيَن مە ييَن زارۆكتيىَ هين شينى نە
ليستكيَن مە ستووخوار
گوريَن چيان تەيريَن ئەزمان بوون هەڤاليَن مە
بيَدەنگيىَ، تە گوهيَن مە خوار

(نا)مە

كو تو بهاتا، ب چ حالى
منىَ چۆكيَن خوە ژ تەرە بكرا باليف
منىَ برينيَن تە ب هيَسريَن خوە بشووشتا
منىَ ب بژانگيَن خوە كيَل بئاڤيَتە برينىَ تە
منىَ تو ب پۆرىَ خوە بپيَچا
و ل سەر تە هەفت رۆژان بلۆراندا

**«لۆ لۆ پسمامۆ چما تو دەنگ ناکی**
**سەرێ خوە جارەک بلند راناکی»**
**ئەز و چەند بهارێن رەنگین ب پەی تە بکەتانا**
**کوچە ب کوچە ژ خاتر خوەستنا تەرە بلیراندانا**
**هەتا بارانا چاڤێن مە جان بدانا**

### (نا)کۆکی

**چەند دلۆپ شیرێ دییا من**
**ژ چەمێ هێزا ئانتیگۆنە بوو**
**قاشۆ من ژی ژێ ڤەخواربوو**
**مالوێرانم ئەز نەگهامە تە**
**نەبووم ئانتیگۆنایا تە**

### (نا)بێگۆتن

**چوویینا وی**
**جارجارنا دبە ئیسکە ئیسک**
**لێ نایێ گۆتن**

گولیزار: شاعیرەکا پەیڤ شرین و وێنە جوان و ئاور هوور و ئاسۆ دوورە. ل سالا (١٩٧٩)ێ ل ئامەدێ ژ دایکبوویە و، هەر ل وی باژاری خویندنا خوە یا سەرەتایی و ناوەندی بدوماهیک ئانییە. ل دویڤرا ئامادەییا پیشەییا تەندروستییێ ب داوی ئانییە و، پشتی قەداندنا مەکتەبێ دەست ب کاری نڤیسن و ئەدەبیاتێ دکە. پاشی دچە زانینگەها دیجلەیێ و ل پشکا زمانێ ئینگلیزی دخوینە و ڤێ گاڤێ مامۆستایا ئینگلیزییە ل ئامەدێ.

یەکەم کۆمەلە شعرا وێ ب ناڤێ (کەزیێن ژنەبی)یە و ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل وەشانخانەیا ئاڤەستا چاپ بوویە و، بەرگێ وی یێ قەشەنگ ژ ئالیێ (گەنجۆ دەمیرەر) ڤە هاتیە ئامادەکرن. ئەڤ کۆمەلە شعرە ژ (٧٨) رووپەلێن قەوارە بچووک پێکهاتیە و (٥٦) شعران ب خوەڤە دگریت و، ئەڤ شعرا سلال (هەفتۆکا شینێ) ل رووپەلێن (١٣-١٤) دایە.

**ئا: ئەحمەد قەرەنی**

# سێ غەزەل

لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی

## لە ڕۆژی مەرگا...*

جەلالەددین مەولەوی

**لە ڕۆژی مەرگا**
**کە تابووتم دەخرێتە ڕێ**
**گومان نەکەی**
**ئازار بکێشم بۆ ئەم جیهانە**
**بۆم مەگری و مەڵێ:**
**مخابن مخابن...**
**مخابن بۆ ئەوەیە**
**بکەڤیتە ناو دۆی دێوەوە!**
**گاڤا تەرمم دەبینی**
**مەیێژە: دابڕانە دابڕانە**
**دیدارو ژوانم لەو زەمانەیە**
**لەو جیهانە**
**کە بەگۆڕم دەسپێرێ**
**مەویشە: هەڵوەدا هەڵوەدا**
**چونکە گۆڕ**
**پەردەی مەردی بەهەشتانە**
**ئاوابوونت کە دی**
**هەڵهاتنیش ببینە**
**ئاوابوونی خۆرو مانگ**
**ئەڕا زیانە؟**
**وا دەزانی ئاوابوونە**
**کەچی هەڵاتنە**
**ئەڵهەی مینا زیندانە**
**وەلێ دەربازگەی گیانە**
**چ تۆویەک لە خاکا ڕۆچوو**
**نەڕسکایەوە؟**
**لە تۆمی مرۆڤ**
**بۆچ هەیتە ئەڤ گومانە؟**
**چ سەتڵێ لە بیری یوسفا**



شۆڕبۆوەو بە تۆی دەرنەچوو؟
سا لۆ گیان
چییە ئەم زاری و فیغانە؟
گەرچی دەمت لەم لاوە بەست
لەولاوە بیکەوە
چونکی هایوهووی تۆ
لە کەشی لامەکانە

## ئەی مەیگێڕ...*

حافز شیرازی

"ئەرێ مەیگێڕ!
پیاڵە بگێڕەو بادەم بەرێ"
پێدەچوو عیشق ئاسان بێ
کەچی گرفتاریی بوو پاشان
بەبۆنە خۆشەی کاکوڵی
کە شنە دەیهێنێ
لە تۆی پرچە لوول خواردووە مشکینەکەی
چ خوێنێک زاوەتە دڵان؟
لە ماڵی دڵبەرم
چ ئاسوودەیی گوزەرانم هەبێ
کە هەر دەمێک زەنگ فریادیەتی:
– بپێچنەوە باروبنەتان؟
بەرماڵ بەمەی برەنگێنە
گەر فەرمووی پیری موغان
چونکە ڕێڤان
بەڵەدە لە ڕێ ورازی هەواران
شەوە زەنگ، سامی شەپۆل و
گێژاوی ترسناکی ئەچنەو
لەچێی سووکبارەکانی ڕۆخەکان
حاڵی بێن لە ڕەوشمان؟
هەموو کارم لە خۆکامیدا
ئاکامی بەدناوی بوو
سا چۆن ئەو نهێنییە
نادرکێنرێ لە بەزمخانەکان؟
گەر ئاسی هەمیشە دەخوازی
لێی پێوارمەبە (حافز)
"هەر کە بە یارت گەیشتی
دنیا بەردەو بیخە پاشگوێ"
.............................

## وەرە، با... *

غالب دەهلەوی

وەرە با ڕێسای ئاسمان بسووڕێنینەوە
یازی بەسووڕانەوەی پیاڵەی گەپ بئاڵێنینەوە
بە تەماشا چێژ لە چاوو دڵمان وەرگرین
لە جەستەو گیان، زیان بە مودارا دوورخەینەوە
لە گۆشەیەک دانیشین و دەرگە واڵاکەین
لە کۆڵان، لە سەرەڕێ پاسەوان لابەرین
گوڵ پەخشکەین و گوڵاو بە ڕێگووزەرا بپاشین
مەی بێنین و پیاڵە لە میاندا بسووڕێنینەوە
تاوێک بەلاوە قسەی خۆش بکەین
تاوێکیش بە ماچ زمان لە دەمان بسووڕێنینەوە
بە وەهمی شەوگار هەموو بخەینە هەڵەوە
لە نیمەڕێدا مێگەل بە شوانەوە بگەڕێنینەوە
بە جەنگ باجگرانی میوەی چڵان
سەبەتە بەتاڵ، لە دەرگەی گوڵستان بگەڕێنینەوە
بە ئاشتی باڵندەکانی بەیان
لە چڵانەوە بۆ هێلانە بگەڕێنینەوە
لە (حەیدەر)ین من و تۆ، لێمان سەیرنییە
گەر هەتاو بەرەو خۆرهەڵات بگێڕینەوە
بە ویساڵی تۆ (غالب) بروا پێم ناکا
دەوەرە با پێگەی ئاسمان بگۆڕینەوە!


* (بروز مرگ چون تابوت من روان شد) (١)
* "ألا أیها الساقی أدر كأساً و ناولها" (٢)
– ڕێڤـان: سـالک/ ئەچنەو: وەها/ لە چێی: لە کـوێ/ ئاس: هەنتەش، حوزوور.
– یازی: قەزا، سەرنوشت/ گەپ: گەورەوگران.
* (بیا كه قاعده اسمان بگردانیم) (٣)

ژێدەرگەل:

١– کلیات دیوان شمس تبریزی
جلال الدین مولوی
با مقدمەو تصحیح محمد عباسی
چاپ چهارم ١٣٦٩ تهران/ صص (٣٣٩–٣٤٠)
٢– دیوان حافز
بە کوشش: رضا کاکائی دهکردی
١٣٧٧ تهران/ ص(٨٩)
٣– قدر مجموعە گل
بە کوشش: مرتضی کاخی
١٣٧٦ تهران/ ص (١٩٨– ١٩٩)

# کرمەڕێز

جەبار سابیر
(سلێمانی)



لەبرینەکەی بنی پێم ورد دەبوومەوە، ئەو برینەی هەرگیز نەمزانی چی بووە هۆی دروستبوونی، چۆن ئەو دەعبایە نازانم بزمار بوو، شووشەبوو، یاخود دەمە کەتەر و چەقۆ.. ئەوەندە دەزانم دەمێکە ئەو برینە لێم بۆتە مۆتەکە و لێم نابێتەوە. پێموایە هەر لەناو مندالّدانی دایکمەوە ئەو برینە هەبووە، کێ نالّێ مندالّدانی دایکم پاشماوەی شەڕەشمێری لەشکرەکانی ئیسلام و گاور نەبووە و هەر لەوێ دەمە شمشێرێکی جێماو نەبووە بەبنی پێمدا چووە و تووشی ئەم دەردەی کردووم. ڕەنگە هەر بۆ ماوەیی بێت، هەرگیز نەمپرسیوە؟ نەشمبیستووە برایەکم بلّێ منیش قاچێکم برینێکی پێوەیە، یان ئاگادار نەبووم جارێک سەیری برینی قاچیان بکەن. بیرمە جارێک پرسیارم لەباوکم کرد، وتم بابە ئەم برینە بۆچی لەبنی پێی مندایە.؟ چی برینداری کردووە؟ لەکەیەوە ئەم برینە دروست بووە.؟ باشم بیرە باوکم ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد، دەشێ هەرگیز چاوەڕێی پرسیارێکی لەم جۆرە نەبووبێت. باوکم بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت، وتی: کوڕم جەژنە با ئێمەش بڕۆین گەردن ئازایی لەخزم و خوێش بکەین. دەی خێرا گۆرەوی و پێلاوەکانت لەپێ بکە. هەرگیز وەک ئەم بەیانییە ئازاری نەداوم، هەر لەشەوەوە هەستم بەخروویەکی زۆر دەکرد لە شوێنی برینەکەوە بەرەو سەرەوەی قاچم.

کتومت وەک ئەوەی شیشێکی درێژی باریکی پێداکەن و لە دلّمییەوە ژەنن، وام هەست دەکرد گۆشتی گیانم ڕیشالّ ڕیشالّ دەبێت و دەوەرێ. خروو ئازار زیادی کرد و ئارامی لەبەر بڕیم. تەواو ئاگام لەخۆبڕاو کۆنترۆلّم لەدەستدا. کە بینیم برینەکە تەقییەوە و کرمێکی خڕی بچووک هاتە دەرێ، بەدوو پەنجە گرتم تاسەیری بکەم، لەبەینی پەنجەکانمدا ون بوو، کە زیاتر پەنجەم لەچاوم نزیک کردەوە لە هەردوو پەنجەمەوە کرم ڕێچکەی بەست.

پەنجەکانی تریشمی گرتەوە، لە پەنجەکانی دەستم و بەردەوام لەبرینەکەی بنی پێشمەوە کرم دەردەچوو. زۆربوون، تا توانیم هاوارم کرد، بەڵام کەس لەدەوروبەرم نەبوو تا هاوارەکەم بژنەوێ. دەنگدانەوەی هاوارەکەم بێزاری کردم. ڕوانیم دایک و باوک و براو خوشکەکانم بوونەتە دەعبای سەیرو نامۆو لەکرمەکانی برینەکەی من دەخۆن و دواتر دەبنە دڕندە و دەنگیان ترسناک و ترسناکتر دەبێت. پەنجەکانی قاچیشم وردە وردە بوونە کرم، بەرەو سەرەوە هاتن، سەرەتا تەنیا پێمیان تەواو ورد کردو تێکرا گۆشتەکەی بووە کرم. دەعباکان تێربوون و بەخێرایی بوونە سەراب، سەیربوو ئەو بەیانییە خۆشە، کە تیشکی هەتاو لەگەڵ سروشتا ژوانی هەبوو، لەمنی کلۆڵ بووە شەوی دەیجوورو کەس بەدەنگمەوە نەدەهات. هەواڵی دەردم بپرسێ. کرمەکان لەگشت بۆرییە خوێنەکانەوە، هرووژمیان دەبرد و خۆیان بەرەو قووڵایی دڵم دەکوتا، لە هەموو ماسوولکەکانی جەستەمەوە کرم دەهاتە دەرەوە.

لەکۆممەوە، لە نوکتەی پیاوەتیمەوە، لەجیاتی میز، کرم بەلێشاو دەهاتە خوارێ، وەک چۆن کەلاکی مەڕێک لەبەردەم چەند داڵە کەرخۆرەیەکدا کەوتبێ، منیش بێدەسەڵات و بێ دەس و پاچە وەستابووم. کتومت وەک ئەوە وابوو لەسەر ڕەزامەندی خۆم وام لێدەکەن. یاخود خۆم ڕام سپاردبوون بەو جۆرە و بەو دەردەم بەرن و بمکوژن، خۆ مردن لە ڕوانگە بایۆلۆژییەکەیەوە هەر مردنە، بەڵام ئەم مردنە هەندێک شەرمەزارییە، چونکە پیاو نەنگە لەجێگەدا بمرێ، تەیموور دەیوت پیاو دەبێ لەشەڕدا بکوژرێ، یان وەک هەڵۆ لە لووتکەدا بمرێ. چارم نەبوو، چیم بکردایە هەردەبوو بەو شێوەیە لەبەر دەستیاندا بێ جووڵە بوەستامایە، چونکە کۆنترۆڵم لەدەستی ئەواندابوو. ئەوان لەبری من هەناسەیان دەدا و هەوای پاکیان هەڵدەمژی، بەرلەوەی قاچی ڕاستم واتا ئەو قاچەی برینەکەی پێوەبوو تەواو ببێتە کرم، بیرم بۆ ئەو ڕۆژە گەڕایەوە کە لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا لە تیپی فتبۆڵێندابووم، یاریزانێکی باش بووم، هەموو یارییەک چەند گۆڵێکم دەکرد. کەم جار یاریمان دۆڕاندبوو، زۆرجار لە تیپەکانی دەوروبەرەوە دەهاتن تکای دنیایان دەکرد یارییان بۆ بکەم، منیش دوای مەکرو نازێکی منداڵانەی زۆر، بەگیانێکی زۆر غروورو لەخۆباییەوە لەگەڵیان دەچووم. تا جارێکیان لە یارییەکدا شووتێکی زۆر بەهێزم لەتۆپەکەداو بە بەرزی ڕۆیی، لە پەنجەرەی ماڵێکی ئەو دەوروبەری دا، زرمە و هاڕە تێکەڵ بوو، شووشە شکاو من لە شوێنی خۆم وشک بووم، قسە لە ئەوکم گیری خوارد. پیرەژنێکی ڕەزاگران هەر لەسەربانەوە بەبۆڵەبۆڵ و جنێودان هاواری کردو دەیشیراند، هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشتم وتی: دەک ڕۆڵە برینێک لە بنی پێت بێ هەتا هەتایە پێوەی بناڵی و هەرگیز شەقت بۆ لەتۆپ هەڵنەدرێ.

ڕەنگە پیرەژن ئاگای لە برینەکەی بنی پێی من نەبووبێ، بەڵام هەر ئەوکاتەش من لەتاو ئازاری برینەکەی قاچم بەخێرایی بەرەو ماڵ بوومەوە و ئیتر ببڕای ببڕ جارێکی تر یاریم بۆ نەکرایەوە. لە گەرمەی ئەو خەیاڵانەدا بووم، کاتێ ڕوانیم قاچی ڕاستم تەواو لەبنا لێبۆتەوە، چوار دەورم هەموو کرمە، ئەوەی زیاتر سەرسامی کردم، کرمەکان بوون کە یەکتریان دەخوارد. هەموو کرمێک کە کرمێکی تری دەخوارد، بەرانبەرەکەیشی ئەوەی دەخواردەوە، لە یەک کاتدا پەلاماری یەکیان دەدا، لە هەردووکیان کرمێکی گەورەتر دروست دەبوو، پاشان چوون دووپشک لە پشتی ئەویشەوە کۆمەڵێ کرمی تر دەهاتنە دەرێ. دیسان لەتاو ئازار خۆم دایەوە دەست خەیاڵ، مەلی بیرەوەریم فڕی، دوور فڕی، تا گەیشتە ئەو ڕۆژەی باوکم دکتۆری هێنایە سەر برینەکەم، چونکە خۆم نەمدەتوانی بەپێ بڕۆمە لای دکتۆر. کە دکتۆرەکە لەبرینەکە وردبۆوە، ڕەنگی پەڕی و وتی: چۆن ئەمە توانیویەتی یاری بکات.؟ ئەمە چۆن ماوە.؟ ڕەنگە دکتۆر ئەو برینەی پێشتر لە خەڵکی تردا بینیبێت، یان ڕەنگە زانیبێتی کە ڕۆژێک بەهۆی ئەم برینەوە کرمەڕێژ دەبم و جەستەم تەواو دەبێتە کرم.

لەدوای ئەوەی دکتۆرەکە لە پشکنینەکەی بۆوە، لەوە دەچوو دڵنیابوو بێت لە کرمەڕێژ بوونی جەستەم، چونکە هیچی نەوت، ئەوەندە نەبێ کەوتی: دەبێ بەتەمای خوابین، بەڵکو خوا شتێکی بۆ بکات، دکتۆر وای وت و بەدەست ئاماژەی ماڵئاوایی کرد و وتی: بەنیازی دیدار. هەر ئەو کاتە لەچاوی دکتۆرەوە زانیم کاری من تەواوبووە، پێدەچوو دکتۆر هەرگیز ئەم جۆرە دەردەی نەبینیبێ.! بەڵام من چاوەڕێی کرمەڕێزبوونم نەدەکرد و هەرگیز بیرم بەلای دەردێکی وادا نەدەچوو، وابزانم جارێک لەدایکم بیستبوو کە ئێشێکم بۆ نەدەکرا یان نەمدەتوانی، دەیوت: ڕۆڵە خۆ کرمەڕێز نەبووی، بۆ

ناتوانی ئەو لەشە مارو مێروو دەیخوات. وای لەو نەهامەتییە، ئەوەتا کرمەرێزبوونم بەچاوی خۆم بینی، جەستەی خۆم کرمەرێزبووە، پێدەچێ خوا ئەم دەردە لەسەر من تاقی بکاتەوە، ڕەنگە من بکاتە تاقیگەی چەکە تاک کوژ و کۆکوژەکانی خۆی. ؟ ژاوەژاو خەیاڵی پچڕاندم، قاچەکەی تریشم لەدەست دا، کرمەکان هەر زۆرتر و زۆرتر دەبوون و لەسەر خواردنی یەکتریش بەردەوام بوون. هێرشەکانیشیان بۆ سەر جەستەم بەردەوام بوو. ئەوەی تەواو سەراسیمەی کردم، ئەو ژاوەبوو، کە هەرگیز نەمژنەوتبوو نەمبیستبوو کرم دەنگی هەبێ. ؟ لەناو نەتەوەی کرمدا هیچ جۆرە دەنگێک نەبووە، دەشێ ئەوانیش ئامۆزا و پوورزای زەڕافەبن، بۆیە وابێدەنگن، بەڵام ئەم کرمانەی جەستەی من لەبری هەموو نەتەوەی کرم هاوار و ژاوەژاویان دەکرد. ڕەنگە ڕێپێوان بێ دژی توخماتی بەشەر، ئەوانیش لە جەستەی منەوە دەست پێبکەن، دەشێ ئەم دەنگە هەمان دەنگی خۆم بێ قسەی پێ بکەن، بەڵام ئەوان هێشتا ڕانەهاتوون وەک ئێمەی بەشەر قسە بکەن، بۆیە هەر بەژاوەژاو دەری دەبڕن، یاخود ڕەنگە زمانە بچکۆلەیان نەبێ. ؟ چووزانم مرۆڤ لەکاتی تەنگانە و نەخۆشی و ئازاردا هەزار خەیاڵی پڕوپووچ و بێمانای دێ بەمێشکدا.

زۆرجار پەنا دەباتە بەر خەیاڵی دڵخۆشکەر تا هەر نەبێ کەمێک خۆی لەواقیع دابڕێ، یان خۆی فریوبدات. ئازار ئەوەی هێنامەوە یاد، کاتی مندالی ماڵەکەمان لە ڕێژەوی زێرابێکەوە نزیک بوو، بەتایبەت لەزستاندا کە باران دەباری و زەوی تەڕدەبوو لەباخچەی ماڵەکەماندا سەدان کرم دەهاتنە دەرێ و خۆیان بۆ شوێنە گەرمەکان دەخشاند، زۆرجار دەهاتنە چێشتخانە و ژووری دانیشتن، ئێمەش کردبوومانە پیشەی هەمیشەیی خۆمان، خێرا دەستمان دەکرد بە کوشتن و پانکردنەوەیان، بەدەست هیلاک دەبووین تایەکمان دەکوشت چواری تر دەهاتنە دەرەوە، دەتوت هەنگیان لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە، تا دراوسێکەمان جارێکیان هات بەسەرداو وتی: دەزانن ئەم کرمانە بەکوشتن و پانکردنەوە تەواو نابن، باشتر وایە بەخوێ بیان کوژن و ڕەچەڵەکیان ببڕنەوە. ئەو وتی: ئێمە هەردەم لەماڵەوە بەخوێ قەلاچۆیان دەکەین، خێرا چوومە ژوورەوە و یەک کیسە خوێم هێناو بەچنگ کردم بەسەر کرمەکاندا، کرم لە شوێنی خۆی دەتوایەوە و دەبووە چلم. ئای لەو خۆشییەی لەو دیمەنە دەمبینی، چەندە شادمانی پێدەبەخشیم، دەتوت تیۆری نیسبی من دۆزیومەتەوە، یاخود مەسیحم هاتووم بۆ ڕزگارکردنی بەشەرییەت. لەو ڕۆژەوە تائێستاش هەر کە زستانان ئەو کرمانە دەبینم لەحەوشەکەمان، یەکسەر دەچم خوێ دەهێنم و دەیڕێژم بەسەریاندا، ڕەنگە ئێستاش نۆرەی هێرشی ئەوان بێت. ؟ دەشێ ئەم کرمانە هەمان نەوەی ئەو کرمانەبن کە من هەزارانیانم لێ قڕکردوون!

کێ دەڵێ ڕقی پەنگخواردووی ئەوان نییە ئەمڕۆ بەسەر مندا تەقاندوویانەتەوە و ئەم قیامەتەیان بەرپاکردووە. ؟ ئەوکات من زۆر شاگەشکە دەبووم کە زۆرترین کەلاکی بەچلم بووی کرمەکانم دەبینی. خۆشترین ڕۆژم ئەو ڕۆژانە دەبوو کە زۆرترین کرمم قەلاچۆ دەکرد، بەڵام وەک دەڵێن پیاو ئەو پیاوەیە لەکۆتاییدا پێ بکەنێ، ئەوەی زۆر بخەنێ زۆرتریش دەگرییێ. ئەوەتا ئەوکات ئەوان هەموویان و منیش تەنیا هێرشم بۆ دەبردن، بەڵام ئەمڕۆ من بێکەس و ئەوانیش هەموویان هرووژمیان بۆ هێناوم و هەر ساتەو پارچەیەکی جەستەم هەڵدەلووشن. ئای کلۆڵ خۆم، ئەوەی سنگ بخوات سنگیش دەکوتێ، ئەوەتا من هەموو گیانم کوتاو دەرد هەر کۆتایی نەهات، چەند شەرمە مرۆڤ بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە بەدەست چەند کرمە لیقیەکەوە گیربخوات؟ شوورەییە دەسەڵاتت بەسەر کرمدا نەبێ، توانای هەڵسان و ڕاکردنت نەبێ، بتوانی دەیان هاوڕەگەزی خۆت بخەیتە گۆڕەوە، بەڵام نەتوانی چەند کرمێک لەخۆت دووربخەیتەوە. دەشێ مرۆڤ هەر لە ئەزەلەوە کائینێکی دەستەمۆو بێ دەسەڵات بێ، ڕەنگە هەر بوودەڵەش بێ، بەڵام هەڵەی سروشت واکردبێتی بە دڕەندە بەسەر هاوڕەگەز و سەرجەم ئاژەڵەکانی تریشەوە. بۆنا ئەوەتا هەر مرۆڤە سووکایەتی بە هەموو گیانلەبەرەکانی ترو مرۆڤیش دەکات، ئەوەتا هەر مرۆڤە موماڕەسەی هیچ شتێک وەکو خۆی ناکات، کە نان دەخوات سەر لەگەدەی دەشێوێنێ، کە سێکس دەکات بەرانبەرەکەی دەکاتە تۆپەڵێ قوماش و بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەسووڕێنێ، کە تەواویش بوو حسابی بۆ ناکاو جێی دەهێڵێ.

بەڵام ئەوەتا کرمەکان، بەڕابەرایەتی کرمە لیقە، شۆڕشیان هەڵگیرساند، شۆڕشەکە لەمەملەکەتی جەستەی منەوە کلێپەی کردو ڕەنگە سەرجەم توخمی بەشەر مەحف کاتەوە. ڕەنگە تۆڵەی هەموو تەمەنی زوڵمی بەشەر

لەگیانلەبەرەکانی تر بکەنەوە. لەم بیرانەدابووم ئازارێکی ڕاچڵەکێنەر هێنامیەوە هۆش، کە ڕوانیم ئەندامی پیاوەتیم لەبنا لێبۆتەوە، تەواو ژیانم مانایەکی نەما، ژیان بێ ئەندامی نێرینە چ مانایەک دەبەخشێ؟ ئەیچۆن خۆم بسەلمێنم، چۆن بڵێم پیاو. پیاوێ پیاو بێ دەبێ سمێڵ زل و هێن درێژو ئەستوور بێ. ئای کلۆڵ تا لە ژیانابووی هەرمیزت پێ کرد، جارێک سەرت نەکرد بە کون و قلیشێکدا، جارێک چاوی مێیینەیەکت پێزەق نەکرد، ڕۆژێک دڵی بێوەژنێکت پێ ڕازی نەکرد. ئەمیان وای لێکردم تەواو بێ هیوابم لەژیان، تازە ژیان بۆ من چ مانایەک نابەخشێ، هیوام بەچاکبوونەوە نەما، خۆمدایە دەست جەوری کرم، ئەو کرمانەی ڕابەرێکیان نەبوو تاگفتوگۆیان لەسەر مافی چارەنووس یاخود ئۆتۆنۆمی لەگەڵ بکەی. ڕەنگە لای ئەوان سۆشیالیزم بنیادنرابێت، باوەڕیان بەزوڵم و جەور نەبێت، چونکە گوێ بەسکاڵا و هاواری من نادەن.

چ مەجبوورن گوێ بەن.؟ مرۆڤ خۆی گوێ بەهاواری هاو ڕەگەزەکانی خۆی نادا، دەیچەوسێنێتەوە، دەیکوژێ، جا ئیتر کرمێک من دەیان باپیرو باوە گەورەیانم کوشتبێت چۆن گوێ بەهاوار و فیغانم بدەن. لەتاو ئازار لەهۆش خۆم چووم، بەکرەم دایە کۆلارەی خەیاڵ وەکو پانۆرامای فیلمێکی سینەمای هەموو بیرەوەرییەکانی منداڵیم هاتە بەرچاو، لە گەڕەکەکەمان لاوێکی تەمەن سی ساڵ هەبوو، ژنی نەهێنابوو، دەیانوت: گوایا چەندین جار ژنیان بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام دواتر ماڵی کچە پەشیمان بوونەتەوە. کەسیش لەڕووی کابرای نەدەدا، بەڵام لەناو منداڵاندا بیووە بنێشتە خۆشەی ژێر دانمان. هەمیشە دەمانوت: فلانە کەس لە پیاوەتی کەوتووە، بۆیە کەس ژنی ناداتێ، کابرا نابێتە زاوا، هەموو جارێ کە دەمانبینی پێمان دەوت:گەر بۆت ناکرێ بانگمان بکە بۆت هێن دەکەین. ئەوەم هاتە بەرچاو گەر بەو دۆخەوە بمێنم منیش وەک ئەو لاوە دەبمە گاڵتەجاڕی منداڵانی گەڕەک و کەس ژنم ناداتێ، دەبێ هەتا هەتایە وەی خولێنم. من هەر لەم خەیاڵانەی خۆمدابووم، کرمەکانیش لەسەر هێرشەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی جەستەم بەردەوام بوون. لە کەمەر بەرەو سەر دەهاتن، هەستم کرد لەناو سکیشمدا ئازار هەیە، بەرەو پێچ و پەناکانی ناو جەستەم دەچوون. تووشی هەرچی دەبوون تێکیان دەشکاند، وەک لەشکرێکی داگیرکەر کە ژەنەڕاڵەکەیان زیرەک و کارامە بێت لە پلانی سەربازیدا، کە پەلاماری وڵاتێک بدات یەکسەر بەرەو قووڵایی پایتەختی وڵاتەکە دەچێت، واتا قووڵایی دەسەڵات.

ئەوانیش هەروابوون سەرکردەکەیان پلانێکی زیرەکانەی دانابوو، دیاربوو بەرەو قووڵایی جەستەم واتا بەرەو دڵم دەکشان، ئەوان بێئاگابوون لەوەی مرۆڤی کورد ئێستا دەتوانێ بێ دڵیش بژی، دڵ هەر ئەندامێکە بەرپرس لە هەست و سۆزی ئینسانی، بەڵام خۆ مرۆڤی کورد لەمێژە ئەوەیشی لەدەست داوە. بۆیە زۆر ئاساییە گەربێ دڵیش بژی، چونکە دەمێکە دڵمان بۆتە بەرد، گرنگ نییە بادڵیشم بەرن، دەتوانم بێ دڵیش بژیم، دڵم بۆ چییە. خۆ من دەمێکە پێوەندی ڕۆحیم بەکەسەوە نەماوە، لەمێژە خۆشەویستی لەدڵما هەڵکەنراوە، با ئەویش بۆ ئەوان بێت. لەشم سووک بوو، هەستم بە ئاسایی بوونەوەی جەستەم دەکرد، دەتوت: گەڵای پایزم و بەدەم ئارامی دەچوو. پێدەچوو ئاگربەست بێت، تاچاو بڕی دەکرد، بە پانوپۆڕی جەستەم هەرکرم بوو، کرمەکان لەسەر یەکتری خواردن بەردەوامبوون و بەرەو کەمی دەچوون، بەڵام گەورەتر دەبوون و لەخۆیانەوە دەتەقی، تەقین زیاتر بوو، یەک پارچە کێم و جەراعەت لەگیانیان دەردەچوو، هەر خۆیان لەکێم و جەراعەت دروست دەبوون. خێرا، خێرا دەتەقین و کێماوەکەیش زیادی دەکرد، لەچاو ترووکانێکدا کرم نەما، هەستم کرد جەستەم بەسەر ئاوێکەوەیە و تەنیا کەللەی سەرم بەدەرەوە ماوە و وردە، وردە شەپۆل دەمبا، دەتوت مەلە دەکەم، سەیر لەوەدابوو، هەستم بەوە نەدەکرد کە من هەموو جەستەم لەدەستداوە، تەنیا کەللە سەرم ماوە. نازانم ئەم کێماوە تەواو دەبێت یان.. نا.؟ ناشزانم دەژیم یا دەمرم، ئەوەندە ئاگادارم تائێستاش شەپۆلی کێماوەکە هەر دەمباو دەمباو تا هەنووکەش تووشی بەندەرێک نەبووم تیایدا وچانێک بدەم.

٩-٢٠٠٠/١/١٠

# گوهەڕین

**چیا مازی**
**(ستەنبۆل)**

د بیرا وی هاتبوو دیسا. د بیرا وی هاتبوو ئەو رۆژێن رەش، دیمەنێن تاری. رۆنیا تاڤا د خوینێ دە داکری، ئێڤارێن دەست دخستن ڤرکا مرۆڤان. د بیرا وی هاتبوو، ئەو قەرەزی، ترس، خۆف و کین....

هێسرێن وی دیسا ل پەی هەڤ ژ کانیکا دلێ وی ل کۆلانێن شەمرەخێ دبوون شەپەل، ل بن گوهێ دیواران دکەتن. دەنگێ نالینان، ڤیڕینا زارۆکان، تلیلیێن ژنان، ئۆف و ئاخینا زلامان د گوهێن وی دە دتەقیان.

خوین... ئەرێ خوین ل بەر چاڤێن وی دحەرکی. خوینا زەلال، خوینا ژ بەدەنان کۆم بووبوو. خوینا نقوت ب نقوت کەتبوو سەر هەڤ د بەدەنا جڤاکێ دە حەرکیبوو و بایێ رەش ئەو د نیڤێ رێ دە حشک کربوو. خوینا سەبرا دلان، خوینا حەزکرنا چەند سالان. خوینا یەکبوونا ئەڤینداران، خوینا ژ پێسیرێن دایکان. خوینا ژ ملێ باڤ و کالان کو نەهشتبوو هەتا نها گماری ببە. خوینا ب هەڤ رە مەزنبوونا خویشکان. خوینا زارۆکانی، کو شەوقا خوە ددا دلێ مرۆڤاهیێ.

کێ ل وێ خوێنێ د نەهێری، دپژقی، دلەرزی، درجفی، مەژیێ وان دلەقیا. سەرێ خوە ل دیواران دخست. بێحەمدی وان ئاوازا وان بلند دبوو... هاهۆۆۆ، هاهۆۆۆ.....!

دو مرۆڤ ل سەر گۆلا خوینێ سەکنیبوون، یەکی دگۆت:

– ژ بۆ چ قەتلکرن؟... ژ بۆ کێ؟... ناڤێ ڤێ خوینێ چ یە؟... ئەڤ خوینا کێ یە؟

– گەلۆ ئەڤ نە خوینا کالێ شێخ سەعیدە. ل ڤێ دەرێ دایە دەر؟ گەلۆ نە خوینا ئاپێ رزۆیە...؟ گەلۆ خوینا ژ هەزارێن حەلەپچە یە؟ خوینا ل چیایی ئاگری ب بن عەردێ دە چووبوو، نە ئەڤە؟ نە خوینا قازی محەمەد بە ل ڤێ دەرێ دەرکەتیە سەر روویێ عەردێ؟ وەکی خوینا کەلا دمدمێ یە؛ برچی یە. دبە کو خوینا عەگیتەکی بە، کو ژ



ئامەدێ ب خوە رە بربوو؟

– عەین ئەو خوینە، ئەو خوینا وان مرۆڤان، نقوت ب نقوت کۆم بوویە و ژ بەدەنا نیزام دەرکەتیە.

مرۆڤەکی دن دگۆت:

– لێ بەدەن. لێ بەدەنا وی؟ قەی ئەڤ نە بەدەنا مرۆڤا نە لاو؟

هنگزێن ب بزمار، قولقولی کریە، فەلشاندیە؛ سەری، پۆز، دەڤ، گوهـ، جێنیک. تەڤدا ب شۆپێن بزماران دەق دەقی بوونە... ناڤا پشتێ، کولێمەک، چیپ، ران، زک گشی د ناڤا خوینێ دە، سۆر... مل، دەست، قۆلنج، تلی؛ هەمی تەریشی تەریشی بوونە.

بەدەنا جـــوان ژ کـــوچەیێ هەتانێ دەڤێ دەری ب زکخشک هاتبوو.

هەو ئەڤ دەنگ تێ دە مابوو:

– خالتیکێ! خالتیکێ! ئەز مرم. ئەز کوشتم. زوو.... زوو دەری ڤەکە، ئەز مرم!

دەری ڤەبوو. قیرین، هەوار، هاهۆ، هاهۆ. خالتیکا وی:

– ئەڤ چ یە، چ بوویە؟ کێ، چما، ژ بۆ چ؟ هاهۆ... ما تە چ کربوو کورێ من...؟ تە چ ب خوەدێ کربوو؟ دە وەرە کەزبکورێ خوەیێ... دە وەرن لاوۆ، دە وەرن ببینن. دە وەرە خواکێ... ئاخ خ... دە وەرە دایێ زنێ..!

رەف ب رەف. ب لەزگینی، ب هاواری، ب قیرینی هاتن. هێسر دباریان ژ چاڤێن ژنان، مێران، زارۆکان، خۆرت و قیزان، کال و پیران.

و حەرکی، کۆم دبوو، کۆم دبوو ل با خوینێ، تەڤلی خوینێ دبوو.

دبوو شەربەتا داهکێ، شەربەتا کینێ، شەربەتا هیرسێ و سەرهلدانێ.

جارنان دەنگ بلند دبوون:

«ما قەی ئەڤ نە جانە کورێ من؟ ما قەی ئەڤ نە بەدەنا چووچکێ دایکا تەیە...؟ قەی ئەو نە دامارێن گۆشتێ مرۆڤانە؟

ئەو قاس خوین، ئەو قاس ب هۆڤیتی. ئەڤ کینە ل تە وەها کرنە؟ ئەڤ کی نە؟ قەی دایکا وان تونە یە؟ قەی بێدێ و بێباڤن؟ قەی خوینا بەدەنا وان، ئارەهێن وان، ئا ژەهرامارانە؟

ئای ل منێ ێ ێ ێ! ئای ل منێ!»

«دە وەرن ڤێ هێرسێ بسەکنینن، دە وەرن ڤێ قێرینێ ببڕن... دە وەرن ڤێ شەپەلا هێسران قوت بکن... دە وەرن مە بکەنینن. کی؟ چاوا؟ چلۆ؟ هەلا وەرن لاۆ ل مە بێکەسان..»

– هەلا وەرە خواکێ ئای ل منێ. ئەڤ جاهنمە یە وەی ل تەیێ!

باڤی وی ل جهێ بیان، وەی هێسیرێ!

وەی رەبەنێ خواکێ، وەی ل منێ!

وەی بندەستێ خواکێ، وەی ل منێ!

وەی نیزامۆ لاۆ، وەی ل منێ!

وەی حەسەنۆ لاۆ، ڤایا برایێ تەیە!

وەی باقییۆ لاۆ، ڤایا برایێ وەیە!

دە وەرە باڤۆ، دە وەرە ئاپۆۆۆ... دە وەرە لۆ!

ئاخ ل منێ واخ ل منێ!

وەلەهـ ئەڤ حزبی نە، وەی ل منێ!

قەلەبالغ، گازی، هەوار و ئای ل منێ، وەی ل منێ، پاپووک، رەبەن... داوی نەدهات.

لێ ئەو چ بوو؟ چپک... یەک، دودو.. سـێ، شەش... دەهـ... سەد. گش گش ب هەڤ رە.. چەپک!

یەک ژ ناڤا کۆمێ:

بلیرینن.. بلیرینن!

مـوویێ جانێ مرۆڤان دەزی دەزی دبوون. تەڤزێ ل نەنووکان دخست، هێرسێ خوە رادپەلکاند مەژیان. پۆر گژ گژی دبوون و هێسر دباریان. هێسران ژی چەپک دباراند. چەپک ژی دبوون هێرس. ژ هش خوە ڤە چووبوون مرۆڤ ب بێهنا وێ خوینێ. بووبوو مەیا سەرهلدانێ. خوینا رەهان گەرم دبوو، نوهـ دبوو، دبوو دەستپێکا گوهەڕینا خوینا کەڤنا هەزار سالە. ئەو بایێ رەش، ئەو بایێ ئێش و ئێشووکان چووبوو. بایەکی هێنک، بایەکی ژ هێلا باشوور، ژ چیایێ شێخ محەمەد، ژ چیایێ دینان، ژ چیایێ شەولا خوە بەرا سەر شەمرەخێ ددا.

گەلێن گوندێن شەمرەخ، ناڤچەیێن جیران بهیستن. دپرسین. دنهێرین. دفکرین: «چ یە گەلۆ؟ ئەم د چ دەمی دە نە؟ گەلۆ یێن وەها ل وی لاوکی کرنە، مرۆڤن ئان وەحشن؟ گەلۆ مرۆڤ دکارن ل مرۆڤان وەها بکن؟ قەی ئەڤ ژی هونەرەکە، هونەرا کوشتنێ. کیژان هش دکارە وەها بفکرە؟ کیژان دەست دکارە ڤێ یەکێ پێک بینە؟»

گوفتوگۆ، پەیڤ بەلا وەلا دبوون، ژن ل بەر کوچان. ل سەر تەنووران و شیرۆڤەیێن بالکێش.

– خوەیێ دبێژن. جانێ وی ژ بزماران دەن دەنی بوویە.

– ئەرێ لێ. کەچێ دبێژن بیست و شەش قول د سەرێ

وی ده چێبوونه.
– کەچی تو زانی، دبێژن ئەڤ سۆفیکن.
– نا لێ ده ب خوەدێ د تاریێ ده یه.
– هنەک دبێژن، دبه کو دەولەتێ وەها کربه.
– کـەچێ مـا کی به، مـا کی به، وەلەھ ئەڤ دژمنێ کەسان د کەسان نەکه وەی، ما ئەڤ بۆ بەلاته وەی!
– کـەرێ، نه سـالەک وی بوو زەوجی بوو، مـا نه کەچکەک وی چێبوویه.
– ئەرێ خوەیێ. ناڤێ وێ ژی (نووشین)ە.
– پەپووک، پەپووک. کەچی هنگڤ چێکرنه و ب سەرێ هنگڤ ڤـه نزانن چەند بزمار کوتانه و ب وان بزماران... ئای ی ی ئای لاۆ، رەبەنۆ لاۆ، هێسیرۆ لاۆ. ما قەی ته تشتـەکی چێ نەکربوو. قـەی دایکا ته نانەک نەدابوو لاااوو...!

ل قەهوەخانەیێ مژار ئەو بوو:
– بەلێ نیـزام، قـلافەتێ وی گر بوو قەلەو بوو. یەکی دەلنکەن بوو، پۆرسۆرک بوو، خۆرتەکی بهێز بوو. نزانم چاوا ڤان دکاربوون وەها لێخن؟ قەی وی قەت دبەر خوە نەدایه؟
– کـورۆ مـا ب خـوەدێ، گـەر ب مـێـرانی بهـاتانا پێشبەری وی نکاربوون پێ. لێ بەلێ ب بێبەختی، ژ پاش وی ڤه، ب نەدیتی و دەربا ئەول ل سەری خستنه. دەما ل خوە زیڤریه ل سەر چاڤان خستنه. کا وێ چ بکرا. مرۆڤێن بێبەخت تم خوە ل جهێ تاری دگرن و ژ پاش ڤه ل مرۆڤان دخن.

د کـۆلانەکـه تاری ده ل بەندا وی مـانه و دەمـا ژ قـەهوەیێ هاتیـه و ژ پاش ده لێ خسـتنه. مـا ئەڤ ژی مێرانی یه قەی، ئەڤ ژی مرۆڤاهیه لاو...

ببه سبەھ وێ جەندەکێ وی هلینن. گوفتووگۆ پەیڤ د ناڤـا گـەل ده دبوون کـۆم و دحـەرکین. دگـۆتن: «ئەڤ شەهیدێ قۆنترا یێ یەکەمه ل ناڤچەیێ. دڤێ ترسا مه و دەنگێ مـه تێکەڤـه دلێ وان و گـوهێ وان. یان نا وێ قەتلان بدۆمینن.»

وێ شەڤێ مرۆڤ ب هێرس کەتن ناڤـا نڤـینێن خوە. مەژیێ وان تژە خوین بوو بوو تژە شەربەت بووبوو. مەژی دمەیاندن ژ بۆ سبەهێ.

خـەو تونەبوو. تاریا سـۆر خـوە د خـوینێ ده داکـربوو. ئەڤ شەڤا سۆر گلەک نیشان ددان ژ بۆ سبەهێ. خوە تژە ئاگاهی کربوو و خوە ژ رۆژێ ره هلتانی.

ب دەنگێ دیکان ره ئاگاهیێن کو شەڤێ کۆم کربوو دا دەستـێ رۆژێ، تاڤێ پر لەزاندبوو. سەبرا وێ نەهاتبـوو. زوو ب زوو دەرکەت ب سەرێ چیایێ دینا ره. تیرێژا خوه بەرا سـەرکـۆلان و ئۆدەیان دابوو. یێن ب خـوه نه حەسیابوون، ب بێهنا تاڤێ ره ژ ناڤا نڤینێن خوە چەنگی بووبوون. یەک ب یەک ل کـۆلانان بوون رەڤ. رەڤ ب رەڤ ل سەر رێیان بوون کۆم و کۆم ب کۆم بەرێ خوە دانه جهێ سەرهلدانێ. مرۆڤان خوە ب هەڤ ڤه گرێ دابوون.

هێـرسـێن خـوە ب ئاوازێن خـوه ره دەردخـستن. لێ نەدقـەدیا ئەو هێـرس، جـارەکێ کـەتبـوو دلێ مـرۆڤـان، خورتان و قیزان. ئێدی ب جهـ بووبوون بقوتێن شەربەتێ د ناڤـا هناڤێ مـرۆڤـان و رەهێن وان ده، مـەژی گش دیل گرتبوو.

ب دەنگێ «هەڤالێ چەکداااار....!» ب هش خوە ڤـه هات. ل سەر تەحتەکە گەبار. تو ل کو چار سال بەرێ ل کو ناڤچەیا شەمرەخێ ل کو. ب بێهنا نقوتەک خوین. بیـست حـەب خـۆرت ژ ناڤچـەیێ چووبوون گەبار. ژ بۆ ئەڤینێن وان، خوینا ب سەدان گهشته وێ خوینێ. دگوتن «دڤێ خوینا مه و یا کالێ مه بگهیژە هەڤدو، هەکە نه وەها به ئەم رزگار نابن.»

وەکی مـرۆڤـەکی ب دەهسـالان لال به و زمـانێ وی بگەرە، دەڤێ وی ڤەبوو، گریا.

هه ه ه ی کالۆۆۆ... کالۆ...!
ڤا یه ئەم هەر یەک ل بن دار و دەڤیەک ته نه.
ب سۆند، ب پەیمان،
ئەمێ تۆڤێ ئەڤین و خوەشیێ بچینن
ئەمێ بێن بەرسڤا خەون و خەیالا ته
و یا هەزاران.
ئەمێ ته بگهینن ئەڤینا نیزام..!
و یا نیزام بگهینن یا نووشینێ.

**تێبینی:**
**چیـا مـازی چیـرۆکنڤـیسـەکی کـوردێ باکـووره و، ل سـالا (١٩٦٠)ێ ل گوندەکێ شەمرەخا مێردینێ ژ دایکبوویه. ژ سالا (١٩٩٣)ێ یه ڤـه دەست ب نڤـیسـینا کـوردی کـریه و گـەلەک نڤـیسین و گـۆتار ل کـۆڤار و رۆژنامەیاندا بەلاڤکرینه. ل سـالا (١٩٩٧)ێ وەره ل کارگێریا ئەنستیتوتا کوردی یا ستەنبولێ دەیه. ئەڤ چیـرۆکا سـلال (گوهەرین) ژ یەکەم پەرتووکـا وی یا کورته چیرۆکان ب ناڤێ (مستەک ژیان) رووپەلێن (١٤٥–١٤٩) هاتیه وەرگرتن.**
**ئەو پەرتووک ژی ژ ئالیێ وەشانخانەیا (سی) ڤه ل ستەنبۆلێ ل سالا (٢٠٠٣)ێ هاتیه چاپکرن.**

**ئەحمەد قەرەنی**

# کوڕ، بەڵام نۆزدەهەمین کچ

**ئامانج هێمن**
**(سلێمانی)**

پێشکەشە بە پەرییەکانی گەرمیان
هەڵچنینی هیوایەکی ترە بۆ سۆراخ، لە هەرکوێیەک هەبن.



هێشتا سیمای چوون بەندییەکی دەستگیرکراوی دوای هەڵاتن شێواو و ترساو بوو، خۆی بۆ ئەم مەراسیمە ئارامە ئامادە نەکردبوو، بەدەم ڕێگا کردنەوە بە ئەسپایی بەهاوڕێکەی وت: سەرباری ئەمەش هێشتا ژیان ئەو مانا کۆنەی تێنەپەڕاندووە «لە دایک بوون و گەورەبوون، پاشان هەڵخەڵەتاندن و مردن»

کاتێک هێنایانە ناو هۆڵی دادگاکە بە سەلیقەی هونەرمەندێک کە کەوتبێتە ناو خەڵکانێکی ناشارستانی بەهەموو لایەکدا ئەیڕوانی.

ئەو ساتەی هاتەوەبیر... کە لە خەوێکی قووڵ و بە ئازار خەبەری بۆوە، هیچ شتێک لە گۆڕێ نەبوو، دەنگێک نەدەبیسترا لە دوور یان نزیک، نە قوتابییەک لەناو پۆلەکەدا بوو، تەنانەت نە توانای بزوتنێکیشی هەبوو. بەهەر حاڵێک بوو بە جووڵەیەکی هێمن لە شوێنی خۆی بزوا، بێ هیوا و سەراسیمە بۆ گشت لایەکی ئەڕوانی، چی ئەمی هێناوەتە ئەم شوێنە؟ ئا لەم کاتەدا بوو دوا ڕووداوی هاتەوە یادی...

لە کۆتایی وانەی ئاییندا بوو، پیاوێکی زەبەلاحی ڕووئاڵۆز هاتە ژوورەوەو بە زمانێکی نائاشنا هەندێ قسەی کرد و دوای ئەو مامۆستا بۆی وەرگێڕان، بەڵام جیاواز لە پیشەی ڕابردووی بەترسێکی گەورەترەوە لە توانای خۆی، ئیستێکی بۆ کردو وتی: منداڵینە، ئێوە هەمووتان ئەمڕۆ دەعوەتن بۆ سەرخوانی سەرۆک. ئەوەتا ئەم برایە پەیامەکەی بۆ هێناون، جا کەوایە منداڵی ئازا ئەو کەسەیە بەخێرایی جانتا و کتێبەکانی کۆ ئەکاتەوەو بە فڕکانێک ئەگاتەوە ماڵێ.

من بە پێچەوانەی جارانی ترەوە. لە هەمووان خێراتر خۆم کۆکردەوەو بە هەنگاوێک ئاودیوی پۆلەکە بووم، بەڵام خودایە چی ببینم!! حەشاماتێک لە مرۆڤی وەک یەک خۆڵاوی و هەناسەسوار لە دەرەوە، بە جلێکی ڕەنگ

تاریک و نەخشە جەهەنەمی تۆزێک کاڵتر، چاوەڕوانیان ئەکردین، لە دوای بینینی ئەو دیمەنە بەخێراتر لە ڕەوتی هاتنەدەرەوەم، خۆم گەیاندەوە ڕەحلەکەی خۆم. سووچی پشتەوەی پۆلەکە هەرئەوەندە و هیچی تر»

کاتێکی ویست تاوەکو باوەڕ بە هەستەکانی خۆم بکەم و ئەم بەسەرهاتە بەخەو تێنەگەم.

بەهەر حاڵ... ئەم تێفکرینە زۆری نەخایاند، مەراسیمی داوا و دانپیانان دەستی پێکرد،

دادوەر ڕووی لەم کرد و لێی پرسی: ناوت چییە؟

کەچی لەم ساتەدا پرسیاری پەرییەکانی ناو ژوورە بچووکەکەی بیرکەوتەوە... چی لەم پرسیارە بە ئازارتر بوو، ئەوکاتەیش ویستی بەهەر نرخێک بووە خۆی لەم پرسیارە بدزێتەوە، بەڵام هیچ بوارێکیان بۆ نەهێشتەوە، ناچار وتی: من ناوم (مەزدا)یە، دایکم منی لەسکدا بووە، کەشیشێکی پیر، وەک لە ئاسمانەوە بۆ ئەو پەیامە هاتبێتە ماڵەکەمان، بەدەم دوعا و نزا خوێندنەوە خۆی بە حەوشەکەماندا کردووەو بە دایکمی وتووە: کچی من «کاتێک بە بەردەم ماڵەکەتانا تێپەڕیم، گوێم لە دەنگێک بوو لەناو هەناوی تۆوە بانگی کردم. ئەوە دەنگی مەزدابوو پێی وتم: بە دایکم بڵێ: ئەم پۆشاکە ڕەشانە دادڕێت لەبەریا، خۆمن هێشتا هیوایەکم، چۆن وەها بە ڕەشپۆشی ئەیەوێت پێشوازیم بکات؟ ئەمەندە و بەس، لەو کاتەوە هەتا دواسات کە لەگەڵ دایکم جویێ بووینەوە، ئەو بەردەوام لەمندا بۆ دەنگ و سیمای کەشیش دەگەڕا، یان زۆرجار بە کونجکاوانە ئەهاتە نزیکم و ئەیوت: مەزدا، من بە بۆنەی ئەو پیاوە نورانییەوە ئەو ناوەم لە تۆ ناوە، هیچ جارێک نەتبینیوەتەوە؟ یان هەواڵێکیت لە کەسێک نەبیستووە؟

– دایە گیان کام پیاو؟ خۆمن لە سکی تۆدا بووم کاتێک هاتۆتە ماڵمان، ئیتر من لە کوێوە بیناسم، یان بیبینم! ئەی خۆت بۆ تا ئێستا سۆراخێکت نەکردووە؟

– ئاخر بۆیە ئەو کارەم نەکرد، ئەترسام نەبا تۆم لێبسەنێتەوە. بیستوومە کەسە پاک و بەرزەکان نابێت سۆراخیان بکەیت، ئەگینا وەک مار پێتەوە ئەدەن، بەخۆت یان بەو شتانەی خۆشت ئەوێن و لێت نزیکن.

چونکە پەرییەکان هیچیان تەمەنێکی وەهایان نەبوو، دەم دا چەقاو و بێدەنگ، دەوریان دابووم. منیش کە نهێنی خۆشەویستی و ترسی ئەوانم پێزانی، بێئەوەی ئاگام لە خۆم بێت، چیرۆکی منداڵی و دیتنەوەی چەندین جارەی مەخلووقە سەیرەکانی ترم بۆ کردن. هەوڵم ئەدا هەتا ڕادەیەکی زۆر ئارامی و دەسەڵاتی زمانم بەسەر بەسەرهاتەکانی خۆمدا ون نەکەم.

ئەوان، پەریانی خودا گشتیان سەراسیمە بوون لەو ناوە، گوایە مادەمێک من کابرایەکی وا ئیلهام بەخشی لە دایکبوون و ناونانم بووە، ئەوا بە پشتی من ئەکەونەڕێ، ئیتر باکیان بەهیچ سزاو زیندە بەچاڵکردنێک نەبوو، هەربۆیە پێیان وتم: چۆنە ئەگەر بتکەینە کچ و لەگەڵ خۆمانا بتهێڵینەوە؟ تاکو بۆ هەر شوێنێکمان ڕەوانە بکەن، تۆش بەرین لەگەڵ خۆماندا، پێت چۆنە؟ دەی خێرا بڕیاری خۆت بدە.

– من نازانم! ئەوەی بەلای منەوە گرنگە دۆزینەوەی دایکمە، جا لە خەرەند و چیا، یان هەر بیابان و ئاسمانێک بێت. هاوڕێیەتی هیچ کاتێک بۆ من مانایەکی نەبووە، نەخوازەڵا ئەم کاتەی دنیام لێ بۆتە دارستانێکی چڕو ڕەنگ تێر و پێویستە بەرلەوەی شەودابێت دایکم بدۆزمەوە، نەبادا باڵندەی شەو شوێن پێکانی بە گورگان نیشان بدات.

وەک ئەوەی ئەوان شتێک لە بارەی دایکەمەوە بزانن، یاخود ناسیبێتیان، لەوکاتەی کە ناوی دایکمم هێنا سەیرێکی یەکتریان کرد و بە هەڵخەڵەتاندنێکی منداڵانەوە، وتیان: مەترسە دایکت لە شوێنێکی ئێجگار ئارامدایە، ئەوەتا لە بندەستی خودایە، ئەوەی ماوەتەوە ئێمەین. بەڵێ... پێویستە ئاگات لە ئێمە بێت.

ئەمەندەم درک پێئەکرد، ئەوان من بە ئەفسانەیەکی خودایی تێگەیشتبوون و ئەیانویست هەرچۆنێک بێت بۆ خۆیانم بەرن. لە هەمانکاتدا ترسی گورگەکانی دەرەوە کە ئەگەر بە تەنیا بمێنمەوە چی ڕووئەدات، ئەوەندەی تر منی پەیوەست کرد پێیانەوە، لە دووەم ڕۆژی مانەوەمدا، بە تەواوەتی ملمدا بۆ داواکەیان، منیان کردە کچێکی خانومانی وەک خۆیان، بۆ ئەوەی هەمان چارەنووسی ئەوانم هەبێت.

من ناوم (مەزدا)یە، لە منداڵیدا بە (مەزدی)ش بانگیان ئەکردم، باوکم پێش لە دایک بوونم مردووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ناوەکەی بخەمە دوای ناوی خۆم، لەساڵی (خۆڵەمێش)دا، لە دوای جێهێشتنی لەشی دایکم و کەوتنە ناو لەشێکی گەورەتر، کە توانای درککردنی لە ئاستی منداڵیمدا مەحاڵ بوو، لە گوندی (چلە گەنم) کە بە (دیاری دەستی خودا)ش ناوئەبرێت لە

دایک بووم. ئەفسوونی جوانی کۆرپەییم بەشێوەیەک بووە، مامانەکەم لە تاوا بەبنی مەنجەڵێک دەموچاوی ڕەش کردووم. لەو ڕۆژەوە من هەمیشە هەست ئەکەم دەمامکێکی ڕەش ئەوەتانێ بە ڕوومەوە و هەرچی جوانییەک هەیە لەنێوان من و ژیاندا ئەیشارێتەوە.

من ئەزانم بۆ ئێوەی بەڕێز ئەوەی گرنگە ئەو قسانە نییە، نا هەرگیز ئەوانەی وا ئێوە گەرەکتانە ڕەنگەکانی تابلۆی مەزدا نین، یان ئەو ڕۆژانەتان ناوێت کە نەیان ئەهێشت من بێمە ئێرە، نەخێر.. ئەوەی بۆ ئێوەی پیاوانی یاسا گرنگە ئەوەیە: بۆچی من هاتمە ئێرە؟ لەگەڵ زنجیرەی یادەوەرییەکان وەک ئەوەی ئێوە ئەتانەوێت، نەک ئەوەی کە بووە. ئەمەش ڕاست ئەو شتەیە کە یاسا دەمێکە کردوویەتییە دوا ڕێگە بۆ پەیبردن بە حەقیقەت، بەڵام ئەو شتانەی وا یاساناسان ناویان ناوە حەقیقەت.

... بەهەرحاڵ بەشێک لە مەملەکەتی منداڵی من جوانی داگیری کرد. واتە پێویست بوو ئاشنای بەشێکی زۆری منداڵی خۆم نەبم، چیرۆکی خوێندنیشم بە زللەیەکی دوژمنکارانەی مامۆستا دەستی پێکرد، هەربۆیە ئەو قینە ڕۆژ.. بەڕۆژ.. و لەگەڵ فێربوونی هەر پیتێکی نوێدا، واتایەکی زیاتری ئەم بوغزەی بەرانبەر ئەو کائینە بۆ ئاشکرا ئەکردم. تا وایلێهات ڕۆژێک بەکارەسات کۆتایی هات، ئەو کارەساتەی لەو گوندانەدا هەتا ئەو ساڵانەی دوایی ئەوترایەوە. قینی نێوان من و مامۆستا لەیەکەم ساتەوە ئاگراوی بوو، هەتا ئەوکاتەی گەیشتە بلێسەی مەحاڵ، ئەو ڕۆژەبوو بە بەرچاوی هەموو خەڵکی ئاواییەوە ئاڵایەکی گەورەم هەڵکرد لەسەربانی قوتابخانەکەماندا، کە بەگەورەیی ناوی مامۆستای تێدا نووسرابوو.. بەڵێ بە بەرچاوی هەموانەوە لە ڕێگەی دارێکی لەخۆی درێژترەوە ئاگرێکم تێبەردا. ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوون و بگرە لێدانیشم لەلایەن خەڵکی ئاواییەکەوە، بەڵام کەی ڕقی ئەستووری من گوێی بەوەداوە؟ هەر بۆیە بەدیار ئەو دیمەنەوە وەستام هەتا دوا سوتووی قوماشی سوتاوی ئاڵاکە وەک بەفری شادی بەسەرمدا هاتە خوارەوە. ئەڵبەتە لە دوای ئەم مەراسیمەوە لەناو ئەو گوندەدا بە نموونەی بەدڕەفتاری ناسرام و گەورەو بچووک بە دوژمنکارانە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەکردم. ئەوەی لە هەموان زیاتر پێی هیلاک بووم، دژایەتی هەردوو هێزەکەی سپی و ڕەشی ناو ناخی خۆم بوو، چونکە ئەمە ساتی هەڵگەڕانەوەی گەورە بوو، ئیتر (مەزدا) ناوو نیشانەگەلێک نەما کێبەرکێی لەگەڵدا بکات، لەبیرم نەچێت.. ئەو زللەیەی لەیەکەم ساتی خوێندنمدا پێشوازییان پێ لێکردم، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو سات و هەنگاوێکم هەبوو، هەربۆیە لە ماوەی خوێندنمدا هەرچی فێربووم دووهۆکاری سەرەکی لە پشتیانەوە بوو: زانستێک بۆ دژایەتی مامۆستا و شکاندنی مەقامی لەناو قوتابییەکاندا، هەروەها باوەڕنەکردن بە زانیارییەکانی و گەڕان لە دووی هەموو ئەو شتانەی ئەو باسی نەدەکردن، یان هەر درکی پێیان نەدەکرد، بەتایبەت کە ئەو مامۆستای ئایین بوو.

خوێندن، ساڵ... دوای ساڵ.... بۆ من هیچی لەیەکتر جیاواز نەبوو، هەموو هەوڵێکی من هێورکردنەوەی ئەو (تا)یە بوو، کە مامۆستا هۆکارەکەی تیامدا چاندبوو، ئیتر لام گرنگ نەبوو پلەی سەرکەوتنم بەسەر وانەکانمدا چەندە! ئەم (تا)یە تاپلەی هەڵقرچاندن لەگەڵمابوو... لەگەڵمایە... لەگەڵما ئەمێنێتەوە....

بە پیاکێشانێکی توندی مەزدا بە مێزە گەورەکەی بەردەمی بۆ دەربڕینی ڕق و قینی خۆی، دادوەریش بەهۆش خۆی هاتەوە، ئەڕوانێت ئەوەتا کاتێکی زۆرە خۆشی لەگەڵ حەشاماتی ناو دادگاکە سەرمەستانە گوێ لە ژەندنی وشەکانی منداڵی مەزدا ئەگەرێت.

– مەزدا کۆبوونەوەی ئەمڕۆی دادگا بۆ گوێگرتنە لە داواکانی تۆ، لەسەر ئەو تۆمەتبارانەی بەرانبەرت دانیشتوون، نەک گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەی پێوەندی بە داواکەتەوە نییە. یاسا کارێکی نییە بە منداڵی تۆوە.

* * *

لە ماوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی فرۆشتنی پەرییەکان، لەساڵی (کوشتنی پەپوولە)دا، تاوانباران لە هەموان زیاتر بەدیقەتەوە لە ئاواز و جووڵەکانی (مەزدا) ڕاما بوون، نەیاندەزانی ئەمانە بەسەرهاتی چیرۆکێکی ئەفسانەییە و کەسێک خۆی کردۆتە خاوەنیان؟ یان ئەوەتا ئەمان بێئاگان لەو دونیایەی تەمەنی مەسیحێکە خوڵقاندوویانە.

هەندێکجار (مەزدا) ئاوازی وشەکانی بەرەو خەرەندی بێدەنگی و هەندێکجار بەرەو گریانێکی تووڕەیان ئەبرد. چاوم لێ بوو کاتی وا هەبوو هاوسەنگی خۆی لە دەست ئەدا، بەڵام سیزیف ئاسا بە بەردێکی گەورەوە ڕووەو لووتکە هەڵئەکشاو نۆچی نەئەدا. ئەتوت گێڕانەوەی چیرۆکی پەرییان سزایەکە و بەسەریدا سەپێنراوە لە

کۆتایی هەر بەشێکی گێڕانەوەکانیدا، هەوڵی ئەدا گوڕ و تینێکی تر بگێڕێتەوە بۆ چیرۆکبێژەکەی ناو ناخی.

- ببوورن بەڕێزان....

لە ماوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی و خستنەڕووی داواکەی، تاوانبارێکی جل سپی بەدەنگی بەرز، هاوارێک بەسەریدا ئەکات.

(مەزدا) بەسەرجەم دەمارە گرژ و هەناسە خێراکانییەوە، بەخێرایی ڕووی بۆ دەنگەکە وەرچەرخاند. مەگەر هەر پەرییەکان ئەم ئاوڕەیان بۆ بخوێندرایەتەوە. پێی سەیر بوو: زیندەوەرێک هەیە لەم ساتەدا مستی خۆی پڕ نەکردبێت لە فرمێسک!

پیاوە جل سپیەکە، هەر لە ژنانی نورانی کۆچکردووی ناوگوند ئەچوو، کەشەوان ڕۆحیانەتیان دێتەوە بۆ بردنی منداڵە هارەکانی ناو ئاوایی. لەهەمان کاتدا ڕەنگ و ڕوخساری ئەم پیاوە بردیەوە بۆ شەقامێکی وڵاتەکەی ئەخناتوون، بردیەوە بۆ ئەو دەمەی عەیامێک تێپەڕی بوو بەسەر هاتن و دەستگیرکردن و بەربوونیدا، لە ڕاستە شەقامێکی پایتەختدا پیاسەی ئەکرد، چاوی بۆ هەموو شتێک ئەگێڕا، شتێک بیباتەوە گوندەکەی خۆیان، قوتابخانەکەی، ساڵانی شوانی، هەموو شتەکانی نیشتمان بە یادگارە تاڵ و شیرینەکانیشەوە. تەنیا نەیدەویست یادگارێکی بەرچاو بکەوێت کە بۆنی زیندان و چواردیوارە بوێرش و چوارچێوە سووتاو و تاریکەکەی لێبێت، لە ناکاوا بینییەوە پەرییەک لە پەرییەکانی دیتەوە، (تادۆهیبا)ی بەرچاوکەوت، یەکێک لەو هەژدە پەرییەی کە فرۆشتن و مامەڵە نەگریسەکەیان ئەمی بەم مەملەکەتە گەیاند. پڕ بەزەینی تێی ئەڕوانی و دیقەتی ئەدا، وەخت بوو لێی بچێتە پێشەوە و باوەشێکی توندی پیادا بکات، بە وێنەی ئەو ساتەی بڕیاریدا لەگەڵیان بمێنێتەوە و بیکەنە کچێکی وەک خۆیان، بەڵام هەرزوو لەم بڕیارەیان پەشیمان بۆوە، نەوەک ئەو نەیناسێتەوە. ئاخر پەرییان ناگۆڕێن بۆیە لە زەینی ئەمدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام خۆ مەرج نییە ئەو (مەزدا) بیناسێتەوە، ئەو کوڕەی دیمەنێک بوو لە جوانی و بەهرەی خودا. بەڵێ.. کێ ئەم ئەناسێتەوە؟ مەگەر هەر شیشە بەرزەکانی ناو زیندانە تەنگ و تاریکەکەی ئاوارەیی. ئەیڕوانی ئەو شان بەشانی کابرایەکی جل سپی بێ هەست و ڕۆح ڕێ ئەکات، ئەو کچەی پڕ بوو لە هەست و ئەو ماوەیەی لە زیندانەکەی نیشتماندا مانەوە هەموو ئاگادارییەکیان لە دنیای دەرەوە بە پشتی هەستەوەری ئەم بوو، بەڵام ئێستا ئەوەتا (مەزدا) کاتژمێرێکە بۆی ئەڕوانێ و بەدرێژیی چەندین شەقام بەدوایەوە ڕێ ئەکات، ئاگایەکی لێی نییە، تەنانەت ئاگای لە خۆشی نییە، خۆ نەشئەکرا لێی نزیک بێتەوە، پیاوی کراس سپی نەکا بیبینی ئەمی بۆ (تادۆهیبا) پێناخۆش بێت.

ڕۆژێک پەرییەکی تری لە یانەیەکی گەنجانەی شەواندا بەرچاوکەوت، یەکێکی تر و یەکێکی تر، بە حەڤدە چیرۆکی جیاواز هەموویانی دیتەوە، تەنیا شای پەرییان (مریەم) نەبێت، بە چیرۆکێکی زۆر جیاواز لەوانی تر، بە ڕێکەوت لە ڕاستە شەقامێکی ئەو شارەدا ڕیزێک ئۆتۆمبێل چەند جارێک هۆڕنیان بۆ لێدا بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی، لەتاو تووڕەیی خۆی ئاوڕیدایەوە، هەتا ناو ئۆتۆمبێلەکان بپشکنێت، بزانێت چ خواوەندێکی سیاسەتە؟ وەها سامێک لە تاوترس ئۆقرەی لە بەربڕیوەو نازانێت چۆن خۆی لە هەر ڕوانینێکی قووڵی خەڵکی قوتارکات. لە پڕدا کێی بینییەوە! (مریەم) لەودیوی پەنجەرەیەکی نیوەکراوی ڕەشەوە، دەم داچەقیو بە ترسەوە لەمی ڕوانی و بزەیەکی شاراوەی بۆ کرد، تا بزانێت ڕۆحی بۆتە قوربانی ئەم ساڵانەی ئەم خوداوەندەی سیاسەتی تەنیشتی.

هەتا دواساتی مانەوەی لەم وڵاتە لە هەموو بستە زەوییەک بە تەمای ژوانێک بوو لەگەڵ هەریەکێکیان، ژوانێک تەنیا بۆ یەک وشەش بێت گوێی لە قسەی یەکێکیان بێت، کەچی ئەو ڕۆژ و ژوانە هەر نەهات...

ئا لێرەدا دیسان هۆڵی دادگای جێهێشت، لەناو ورتە، ورت و مەنەلۆگی خۆیدا نوقم بوو، ئێ کەی ڕەوایە هەروا لەو ساتانە ببوورێت؟

* * *

بە دەنگێکی ناقووڵا بە ئاگا هاتەوە، کە بە توانجەوە و بێ ئەوەی سەیری بکات ئەیوت: ئەم بەڕێزە پێی نەوتین خۆی نەوەی نێوان پەرییەکی فرۆشراوە لەگەڵ خانمە پیاوێکی خائینەدا؟ یان بەندییەکی داخ لە دڵی ترەو لە سوچێکی تری مێژووی نەتەوەکەماندا کاتی خۆی هەرزان فرۆشمان کردووەو ئەیەوێت داستانەکەی خۆیمان بۆ زیندوو بکاتەوە، کە لەناو زینداندا لە (مەزدی) بیستووە؟ ئەرێ بەڕاست جەنابی دادوەر.. ئەم کوڕە بەڵگەی چییە بۆ ئەوەی کە خۆی (مەزدی)یە؟


- دادگا ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ داواکار،

ئەوەی مـاوەتەوە دەرکـەوتنی تاوانبـارانە، کـە ئیلهـام بەخشی یاساکەمان هەر ئێوەی تاوانبارن.
ئەم ناچاربوو باسی ئەو سـاتانە بکات کـە لەناو پۆلەکەدا خـەبەری بـبۆوە، دیمەنێکی وا هەرگـیز دنیـای خـەونەکـانیـشی پەی پێی نەبردبوو! کـەمـێک ڕوانی بە قـوتابخانەکەیانا، بەو هیـوایەی خێرا خۆی بگەیەنێـتـە مـاڵەوەو تەواوی خـەون و داسـتـانە خـەیاڵـیـیـەکـەی لە ڕێگەی دایکییەوە بۆ لێکبدرێتەوە، هەنگاو بە هەنگاوی ڕێگەی مـاڵەوە خـاوتری ئەکردەوە تا گـەیشـتـە بەرمـاڵی خۆیان، کەلاوەیەک چ جیاوازییەکی لەگەڵ کۆڵانەکەیاندا نییـە، دوا شوێن مزگەوتی ناو گـوند بوو کە بێـئـومێدی کرد، ئەوجا کەوتە گومانێکی سەیرەوە:
– باشــە من چەند سـەدەیە وەک یاوەرانی ئەشکەوت خەوتووم، وەها پێوەندیم لەگەڵ دنیای دەرەوە پچڕاوە؟
چەند هەنگاوێک ئەملاتر چاوی بە کـتێبە پیرۆزەکەی ناو مـزگەوت کـەوت و دانەوی مـاچی بکات و بەرێزەوە بیخاتە ناو جانتاکەیەوە، بۆن کرۆزێکی تیژی لێوەهات، ناچار بوو لە پەنایەک دایبنێتەوە.
باوەڕێکی سەیر لە ناخیا شکۆفەی کرد «لەیەک ڕۆژدا ئیــزرائیـل ڕۆحی هەمــوو زیندەوەرەکــانی ســەر زەوی کێشاوە، ئاخر ئەو حەوسەڵەی ئەوەی لە کوێ بوو هەموو ڕۆژ بێتە ئەم زەوییە دوورە؟ بۆ ڕۆحکێشانی کەسێک و دووان و سـیـان. نەخێـر.. ئەمڕۆ ئیـشی چەندین سـەدەی دواتری لە کـۆڵ کردۆتەوە، بێگومـانم وایە.. مـامۆسـتـای ئایینیش وەک من ئەم دیمەنانەی ببینیایە هەمـان قسەی ئەکرد و کافریش نەئەبوو»
بێ ئومێدی ڕێگای زۆر لووتکەی بەرز و ئەستەمت بۆ ئاسـان ئەکـات، ترس و برسـێـتی و بێ دایکی دنیـای لێکردمە قەفەزێکی بچووک و بە فڕینێکی خێرا چەندین گوندم بڕی، کە هیـچیـان بۆنی ئاوەدانیـان پێوەنەمابوو. دواتر شــەقــامــێکی چۆڵ منی کــردە ســەرنشــینی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی...
* * *
هەژدە پەری لە نێـوانیـاندا کوڕێک هەیە وەک خـۆیان، بێشومار خاڵی پشکنینیان بڕیبوو، تا گەیشتبوونە وڵاتی مێژووی دێرین، هەرجارەو بەڵێنی پەرییەک ئەیکردەوە بە هاوسەفەریان، بۆ چەند مەترێک ئەبووە پیاوێکی جوان و ئەم پەرییـانە بارمـتـە بوون لەلای، لە خـاڵی پشکنینی دواتر ئەبووە کــچــێکی تۆزێک ناشــرین، یان هەر سەربازێک سەرکەوتایەتە سەرەوە، چاوبەستی دوعـای پەرییان لە دەوری هەڵئەچەندران!
هەتا وای لێـهـات ئەم بۆ خـۆشی لەنێـوان کوڕ و کچدا تیـامـابوو! نەیدەزانی ئەم کـامـیـانە؟ بەڵام دڵنیـابوو هەر ئەبێت پەری بێت.
بەهەرحـاڵ.. هەتا ئەوکـاتەی لە زیندان ئازاد نەکـرا، نەیدەزانی بۆچی هێنراونەتە ئەم وڵاتە! بۆچی پێــویست بوو خــۆی بکاتە کچ لە هەمــوو بازگــەیەک؟ نەیدەزانی ئەمـان بە حیـسـابی کـاڵایەکی مێـینە فـرۆشراون و هەر ئەمــەیە کــاتی خــۆی کــولتــووری کــڕیار ئەیپــشکنی، نەیدەزانی مامۆستا لە مێژووی ئامووەکان ئەمی دیبوو!
بەهەمـان شـەرمنی لەرینەوەی تاڵەکـانی گـیـتـارێک کۆتایی بە ژەندنی وشەکانی ئەهێنا،
(بەڵێ.. بەڕێزان من لە دوای دۆزینەوەی ئیسکەکانی لەشی دایکم، داوایەکم نییە لەسەر ئەم تاوانبارانە، تەنیا هاتووم ڕاسـتـیـیـەک بە بیـر دادگـا و ئەو تاوانبـارانە بهـێنمـەوە، کە هێـشـتـا دادوەر ناتوانێت وشـەکـانی ناو چاویان بخوێنێتەوە، چونکە من عەیامێکە گەیشتوومەتە حەقیقەت، حەقیقەتی ڕزگاربوون، بەڵام نەک وەک ئێوە تێی ئەگـەن، ڕزگـاربوون مـانایەک بێت بۆ گـەیشـتن بە پلەیەک لە بەختـەوەری، نەخێـر.. ڕزگاربوونی تەواوەتی (ڕزگاربوون لە ڕزگاری)*
دادوەر لە دوای ئەم وشـانە و سەیرکردنی ڕووی گـەشی تاوانباران، تەنیا چارەیەکی لەبەردەمدا مابوو، وتی:
– ئەو کوڕە بکەنە دەرەوە، چونکە یاسـا پێـویسـتی بە کەسێک نییە کە «داوا»ی نەبێت.

*** ئاماژەیە بۆ قسەیەکی بوزا کە دەڵێت (ڕزگاری تەواو، واتە ڕزگاربوون لە هەموو ڕزگارکەران).**

# ترس

ئەحمەد مەحموود
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



لەگەڵ دەنگی یەکەم تەقەی تفەنگ خالید دڵی داخورپا. یەحیا لە بن لێوییەوە بۆڵاندی و جنێوێکیدا، پێی بەسەر پێدالّی گازەکەدا ناو پیکابەکە باڵی گرت.

لێزمەی بارانی بەخوڕی کوێستان، ئاسمانی بە زەوییەوە دەدووری. باران، پیکابەکە و ئەسفالّت و قەراغی جادەکە و کۆڕی دار بەڕووی گوێ جادەکەی بە توندی دەکوتا کە بە چڕوپڕی سەریان بەیەکدا کردبوو.

دوای دووەمین تەقە، خالید بە لێوەلەرەوە کوتی:

– یەحیا ڕایگرە... ناتوانین دەرباز بین.

یەحیا ناوچاوانی تێک ناو برۆی هەڵتەکاند:

– تۆ گەوجی.

– ئاخر...

– نازانی بەندیخانە یانی چی؟

– لە مردن خۆ چاکترە.

– نا، وانییە.

خالید تۆزێ خۆی ئەمبارەوبار کرد و بەدەنگێکی لەرزۆکەوە کوتی:

– ماشێنی ئەوان دۆجە.

– دەی چش! با دۆج بێ.

– هەشت سیلێندرە.

– بێدەنگ بە.

ئاوی باران وەسەر ئەسفالّتەکە کشابوو. با هاژەی دەهات و ئاوی سەر ئەسفالّتەکەی وەسەما خستبوو. دڵۆپی درشتی باران، لەسەر شووشەی پێشەوەی پیکابەکە بە لەرەلەر هەڵدەکشا. یەحیا بەسەر فەرمانەکەوە کۆم ببۆوە و پێی لەسەر پێدالّی گازەکە توند کردبوو ماڵەگاز دەڕۆیشت. خالید لقێ شەمچەی هەڵکرد کە جگەرەیەک داگیرسێنێ. دەستی دەلەرزی. شەمچەکە کوژایەوە.

دیسان لقێکی دیکەی لێدا. با دەهاتە ژوورێ. سەری

برده خوارێ. جگەرەکەی داگیرسا.
دووکەڵەکەی قووت دا و بە باقە دەریدایەوە. پیکابەکە هەتا سەرووی شووشەی دواوەی پڕ بوو لە پەرە جگەرەو جگەرەی بیانی و جەوهەر. خالید لەسەر دۆشەکی ئوتومبێلەکە خزی و خۆی کێشا خوارێ و چاوی قووچاند. خشە و جیڕەی تەگەرەکان دەهاتە گوێی.
لەگەڵ تەقەی سێهەم گولله خالید داچڵەکی و خۆی هەڵکێشایەوە. دۆجی هەشت سیلێندر لە ئاوێنەکەوە دیار بوو. دەتگوت باڵی گرتووەو بە دوایاندا دێ. قەپۆزی پانی دۆجە کە لە قەپۆزی کۆسەیەک دەچوو کە بە ڕقەوە هێرش دەکاتە سەر نێچیرەکەی.
خالید چاوێکی لەلاجانگی یەحیا کرد. چاوی چکۆلە کردبۆوە و لێوی توند بەسەر یەکا نابوو.
– یەحیا...
– ها.
– ئەگەر لە تەگەرەکانی دەن چبکەین؟
– هەر کیلۆمیترەی تلێک دەدەین. بە تەقڵە دەڕۆین.
– سەدوچل تەقڵە.
– پێکەوە دەمرین.
– بەڵام

یەحیا بە خوێن ساردی و لەسەرەخۆیی کوتی:
– دەڵێم بێدەنگ بە.
خالید لەبەرخۆیەوە منجاندی. دەتگوت لەگەڵ خۆی قسە دەکا. دەنگی دەلەرزی:
– لە بەندیخانە پیاو لانی کەم هیوایەکی...
یەحیا گوڕاندی:
– ئەو هیوایە بە کاری سەگ دێ.
لەگەڵ تەقەی چوارەمین گولله خالید نەڕاندی:
– ڕایگرە یەحیا... ئەوانە... دەتوانن لە تەگەرەکانی دەن...
یەحیا توند ددانی بەسەر یەکدا ناو گوڕاندی:
– دەڵێم دەمت لێک نێ.
– ئاخەر چۆن دەتوانم...
– ڕۆژی هەوەڵ دەبوو ئەوەت لەبەر چاو بگرتایە.
– هێشتا درەنگ نەبووە.
– با، بووە.
چەن ساتێک بێدەنگی و جیڕە و خشەی تەگەرەکان و وێنەی دۆجەکە کە جار لەگەڵ جار لە ئاوێنەکەدا گەورەتر دەبۆوە.
یەحیا کوتی:
– جگەرەیەک داگیرسێنە و بمدەیە.
یەحیا جگەرەکەی نا بە سووچی لێوییەوە. چاوی تیژ لە ئەسفاڵتەکە بڕیبوو کە پیکابەکە هەڵیدەلووشی.
خالید ئاراوقارای لێ هەڵگیرابوو، دیسان وە زمان هات:
– گەیشتنە سەرمان.
– ئەگەر بیانتوانیبایە دەگەیشتن... لە تەگەرەکانیشیان دابوو... ئەوانە خۆ بەزەییان بە ئێمەدا نایە... تەنیا بیر لە دەسکەوتی خۆیان دەکەنەوە.
خالید دەستی هەڵتەکاند،
– نا یەحیا... نا! وانییە...
عارەقە بەنێو چاوانی خالیددا دەهاتە خوارێ. دووکەڵی جگەرەکەی قووت دا. وە کۆخە کەوت. یەحیا بە لاچاوێک تەماشای خالیدی کردو کوتی:
– خۆ تۆ ئەوەندە خۆش باوەڕ نەبووی.
دەنگی خالید گڕ ببوو:
– ئاخەر ئەوانەش مرۆڤن.
یەحیا بە تەوسەوە کوتی:
– دەزانم، مرۆڤن... بەڵام مرۆڤێکن کە تا ئێستا زۆر کەسیان بە گولله دابێژ دابێژ کردووە... مرۆڤێکن کە...
لەگەڵ تەقەی پێنجەمین گولله، خالید بە بەری دەستی ئارەقەی تەوێڵی سڕی و شووشەی ئوتومبیلەکەی داکێشا.
– بۆ شووشەکەت داکێشا؟
دەنگی خالید کە لە قوڕگییەوە دەهاتە دەرێ، وشک و تووڕە بوو.
– گەرمامە.
یەحیا بە چزەبزەیەکەوە کوتی:
– بلێ دیقت پێ کردم... دە بلێ.
– نا یەحیا ئاراوقارام لێ هەڵنەگیراوە... بە هەڵەچووی... دەبێ رایگری.
یەحیا گوڕاندی:
– بێدەنگ بی باشترە.
خالید گوتی:– کارەکەت هەڵەیە، هەڵە.
دەنگیان هەڵێنابوو.
– دەڵێم دەمت لێکنێ.
– ڕایگرە یەحیا.

یەحیا گوراندی:
– دەمت لێکنێ، با...
دەستی خالید بە پرتاو رۆیی بۆ لای کلیلی ماشێنەکە و هەر لەگەڵ شەشەمین تەقەدا لە ئوتومبیلەکەوە فرێی دا دەرێ.
ئوتومبیلەکە دووجار پرتەپرتی کرد و کوژاوە.
– تف!
خالید بەهێوری کوتی:
– ئیستا ناچاری رایگری.
رق و قین دەنگی یەحیای لەرزۆک کردبوو:
– قەحبە دایک!... بۆ وات کرد؟
– یەحیا...
–... بە خەیاڵیشمدا نەدەهات کەسێکی وەک تۆ هیچ و پووچ قاتڵی من بێ!
– نا یەحیا من قاتڵی تۆ نیم.
لە پڕ پشتە دەستی یەحیا، بە توندی لە دەم و فلّچی خالیدی راکێشا. لێوی قرینجا و خوێن بە چەناگەیدا هاتە خوارێ.
– چاو لە پێشی خۆت کە سەگ دایک. لە چاوترووکانێکدا دەگەیشتینە شار و خۆمان لێ ون دەکردن.
خالید بەسەر قۆڵی کراسەکەی خوێنی دەم و چەناگەی سڕی و کوتی:
– بەڵام نەیاندەهێشت لە دەستیان دەرچین، ناچار بوایەن تەگەرەکانیان دەپێکا.
پیکابەکە خاو بۆوە. یەحیا دیتی لە خۆڕا پێ بە پێدالّی گازەکەدا دەنێ. پێی لەسەر پێدالّی گازەکە هەلّگرت و نای بەسەر پێدالّی تورمزەکەدا و درگای پیکابەکەی کردەوە، دەستی لە کەمەی فەرمانەکە بەرداو خۆی فرێدا نێو جۆگەی قەراغ جادەکەوە. پیکابەکە خەریک بوو لە جادەکە دەکەوتە خوارێ.
خالید خێرا پەڕییە پشت فەرمان. دەنگی جیرەی تورمزی دۆج دلّی خالیدی داخست. دۆجەکە بە پرتاو بە پەنا پیکابەکەدا تێپەڕی و خالید پێی لەسەر پێدالّی پیکابەکە داگرت. یەحیا لە جۆگەلەی قەراغ جادەکە دەرپەڕی و بەرەو کۆڕێ داربەڕووی چپڕ پێی پێوەنا. لەپڕ شریخەی گوللەیەک بە حەواوە وزەی هات و شانی چەپەی سمی و لەگەڵ خوێن لە سینگییەوە دەرپەڕی.
یەحیا لەبن داربەڕوویەکدا بەچۆکدا هات. بەهێمنی کەوت بەلادا و خوێنەکەی لەگەڵ ئاوی بارانە تێکەڵ بوو.
خالید، ترساو و رەنگ بزڕکاو خۆی گەیاندە ژوورسەری یەحیا.
باران دەباری و دەباری. لەنگێزەو گۆپاڵەباران. با وەک هەزاران گورگی برسی دەیلووراند. گەڵای تیژ و مشارئاسای دار بەڕووەکان تێک پەڕیبوون و خشەخشی لە پەستاو ترسێنەریان وڵاتی داگرتبوو. خالید چۆکی داداو سەری یەحیای خستە سەر رانی خۆی. دلّۆپەی فرمێسکی خالید لەگەڵ باران ئاوێتە بوو.
– یەحیا... من تۆم کوشت... پێموابوو ئەو کارەم بە قازانجی تۆیە.
یەحیا ڕەنگی تێکچوو، کەوتە لێوە لەرە بەڵام هیچی نەکوت.
– دەزانم یەحیا... دەزانم، من پیاوی ئەو کارەنیم... کە لە بەندیخانە هاتمە دەرێ، بیریشی لێناکەمەوە. تازە ئەو کەسپە وەلا دەنێم. سوێندت بۆ دەخۆم یەحیا.
لێوی یەحیا لە لەرزین کەوت. چاوی بەسەرنجە بزرکاوەکەیەوە لەسەر دەموچاوی خالید بە مۆلەق وێستا.

**سەرچاوە:**
**کتێبی زائری زیر باران. مجموعه داستان، احمد محمود، چاپ ششم، انتشارات معین، تهران.**

# وا مەکە جۆرج

**جۆیس گرێن فێڵ**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی**
**(بەریتانیا)**

پێشکەشە بەو کەسانەی وزەی مانەوە لە باخچەی منداڵانیان هەیە.
(نووسەر)



**کاتی نەقڵ (حیکایەت) گێڕانەوەیە**

منداڵینە! تکایە گوێ بگرن! کاتی بەتاڵیمان دوایی هات، جا کەلوپەل دابنێین بانەقڵێکی خۆش بگێڕینەوە. کەوابوو، وەرنە ئێرە و بە دەوری مندا بازنەیەک لەسەر زەویەکە پێک بهێنین، پێکەوە نەقڵ دەگێڕینەوە. ئەمڕۆ میوانێکیشمان هەیە و نەقڵەکەمان بۆ ئەویش دەگێڕینەوە.

جێگاکەت باشە خاتوو بێنتن؟ لام وایە بتوانی لە شوێنەکەتەوە جوان بنواڕییە ڕووداوەکان. ئێستاش هەمووتان خێرابن. پاڵ بە یەکترەوە مەنێن، جێگەی هەموان دەبێتەوە.

ئەم نەقڵ گێڕانەوەی بەکۆمەڵە، ڕوخساری ناسراوی کاری ئێمەیە لێرە لە باخچەی منداڵان، خاتوو بێنتن. دەمانەوێ هەست بەوە بکەین کە هەر تاقە بچکۆڵەیەک شتێکی هەیە بیدات بە جیهانی تێگەیاندن و دیارە ئێمە لەکاری هەرەوەز دەتوانین کەلێک شت فێربین. بەڵێ ئێمە لێرە تاقمێک برای گەلێک شادمانین.

ئێدگار، گوێچکەی تیمی بەردەو بڕۆ دانیشە!

ئێستا هەمووتان وەرنە پێشەوە.

ئەمجار سیدنی، تۆ لەژێر مێزەکە وەرە دەرەوە و لە شادیەکەماندا بەشداریە.

نەخێر، تۆ مووشەکی فەزایی نیت.

ناشتوانی چاوەڕوانی ژماردنی بەرەو دوایی بیت؛ وەرە دەرەوە هەر ئێستا!

ناتەوێ یارمەتیمان بدەی بۆ ئەوەی نەقڵە خۆشەکەمان بگێڕینەوە، سیدنی؟ ئەگەر وایە بڵێ «نەخێر، سپاس!» و چیتر خەڵک مەدە بەر ڕەشاش تکایە. نێڤل، بەسە، ئیتر خۆت مەکە بە قەتار و وەرە دابنیشە.

دە باشە، بچۆئیستگە و پاشان دابنیشە.

جۆرج!....

وامەکە....
ئێستاکەش هەموومان جوان ڕاستەو ڕاست دادەنیشین، دەکرێ وابکەین؟
ئەمڕۆ چ حیکاتێک دەکەین؟
ڕەیچڵ، پێڵاوەکەت لەسەر سەرت لابەرە و بیکە پات.
دەکرێ حیکایەتی مشکە بچکۆلەیەک بکەین؟
یاخود حیکایەتی پاسێکی سووری گەورە؟
باشە، پێگی، حیکایەتی کەروێشکێکی بچووک دەگێڕینەوە!
نا سیدنی، کەروێشکەکە «کاوبۆی» نەبوو و تفەنگیشی پێ نەبوو.
ئێستا بۆچی لەژێر مێزەکە نایە دەرەوە و یارمەتیمان بدەی نەقلێکی خۆش بگێڕینەوە؟
باشە، هەر لەوێ بمێنەوە، بەڵام خەڵک مەدە بەر ڕەشاش. نامەوێ لەوە زیاترت پێ بڵێم.
بەداخەوە ئەوە یەکێکە لەو منداڵانەی وا هەر لەناوخۆیاندان، کەمێک تەنگ و چەڵەمەی کەسایەتی هەیە، هێرشکارە، بەڵام لامان وایە ئەگەر وزەی بخرێتە دۆخێکی ڕاستەوە، دەبێتە کەسێکی بەنرخ، هیوامان وایە.
ئێستاش بزانین کەروێشکە بچکۆلەکەمان لەکوێ دەژیا؟
نەخێر، لەناو تەلەفزیۆنەکەدا نەدەژیا.
لەناو داریشدا نەبوو.
لە ئاپارتمانیشدا نەبوو.
تکایە بیری لێ بکەنەوە.
لە کونێکدا دەژیا
بەڵێ، هەیزڵ، لە کونێکدا دەژیا.
دیارە هەندێک لە ئێمە ناوی هێلانەی لێ دەنێین، وانییە؟
باشە، لە هێلانەکەیدا لەگەڵ کێ دەژیا؟ لەگەڵ دایکی. دایە کەروێشک.... و هەروەها .... باوە کەروێشک و هەموو براو خوشکە کەروێشکە بچکۆلەکانی.
جوان نەبوو؟ بەڵێ جوان بوو، سیدنی!
نەخێر، کەروێشکێکی دز نەبوو، باوکیشی وانەبوو. تەنیا کەروێشکێکی ئاسایی بازرگان بوو.
دەیڤید! کەم بەم لاو بەولادا برۆ!
بەڵێ دەزانم پەنجەرەکە لەوێیە، بەڵام پێویست ناکات لەوێوە سەیری دەرەوە بکەی. نەقڵەکەمان بەرەو ئەوە دەڕوات زۆر خۆش بێت، وەرە دابنیشە.
نێڤل! تکایە بلووزەکەت مەکێشە سەر ئەژنۆت، بیچمەکەی تێک دەچێ.
جێفری، لاڤینیا، لاسایی ئەو مەکەنەوە. منداڵ، وامەکەن!
نامەوێ هەمووتان بلووزەکانتان بکێشنە سەر ئەژنۆ!
ئێستا، پێگی، تۆ پێمان بڵێ ناوی کەروێشکەکەمان چ بوو؟
بەڵێ دەزانم ناوی کەروێشک بوو، بەڵام نازانم دایکی بە چ ناوێک بانگی دەکرد؟
باشە، «کەروێشکە بەرازە» ناوێکی باش نییە بۆ کەروێشک.
دەزانی بەراز، بەراز و کەروێشکیش، کەروێشکە.
کەوابوو، ناکرێ کەروێشکی بەرازمان هەبێت، دەکرێ؟
«کەروێشکە پشی»ش هەر نابێ.
«گوڵە کەروێشک»یش نابێ.
«فیلە کەروێشک»یش ناگونجێت.
با تێگەیشتوو بین، تکایە.
نا، سیدنی، «پیاوی قەوڵەوی پیری نەفام»یش ناوێکی باش نییە بۆ کەروێشک.
ویزڵ ووزڵیش نا.
ئەوە کارێکی زۆر باش نییە. پێویستیش ناکات بەسەر زەویەکەدا بتلێیەوە.
تیمی، چیت بەدەستەوەیە؟ بەڵام ئێمە دوو ڕۆژە نانی برژاو و مارمالادمان نەبووە. ئەی تۆ ئەوانەت لەکوێ هێناوە؟
لەگیرفانتدا؟ ئۆه، عەزیزم، ناتوانی بیخۆی، مووی پێوەیە.
ئێستاش دەست لە هیچ مەدە، تەنیا برۆ بیخە سەتڵی زبڵەوە و دەستت بشۆ.
پێگی، دەرگای بۆ بکەوە. دەست لە هیچ مەدە، تکایە، خێرایەکیش بگەڕێوە، پێویستمان پێتە.
ئێستاش، هەیزڵ، دەتەوێ کەروێشکەکەمان ناوی چ بێت؟
بەڵێ، لام وایە «شازادە ئان» ناوێکی جوانە، بەڵام وانییە بۆ کەروێشکی نێرناوێکی باش بێت، جا بۆیە بانگی دەکەین «بیلی کەروێشک»
لەبەر ئەوەی ناوی وەهایە.
چونکە دەزانم وایە. با لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆین.

سوو! نێڤل وا ماچ مەکە.
چونکە پێی خۆش نییە.
بەڵێ دەزانم تۆ پێت خۆشە، بەڵام ئەو نایەوێ.
نازانم بۆچی پێی خۆش نییە، هەرچۆنێک بێت پێی خۆش نییە.
نەخێر، ناتوانی بچیە ژێر مێزەکەو سیدنی ماچ بکەی لەبەر ئەوەی ئەویش پێی خۆش نییە.
باشە، سیدنی، تۆ دوێنێ پێت خۆش نەبوو. پێویستە فێرببیت چۆن بڕیار بدەی، وانییە.
جۆرج.....!
نێڤل، تۆ پێمان بڵێ کەروێشکەکەمان چی دەکرد؟
سواری ئەسپ دەبوو؟ ئەرێ؟ چەندە شتێکی نائاساییە بۆ کەروێشک، وانییە؟ لام وایە تەقڵەی دەکرد. تۆ پێت وانییە؟
ئۆه، چەند باشە سیدنی. دێیە دەرەوە و یارمەتیمان دەدەی، بڵێ بزانم... نا، تۆ ناتوانی تەقڵە کوت بڕۆی.
نێڤل، سووزان، پێگی، هەمووتان خێرا بگەڕێنەوە ئێرە. نابێ تەقڵە بکەن.. سیدنی، وەرەوە ئێرە!
دەزانی... جاری وا هەیە تەنیا خۆش ویستن بۆ منداڵان بەس نییە.

**کاتی گەرە لاوژە**

منداڵینە! با هەڵاتن بە دەوری ژوورەکە بەس بێت. ئێستا کاتی ئەوەیە کاری ئەمڕۆمان بەڕێوە بەرین! دەمانەوێ پێکەوە گۆرانی بڵێین و خاتوو «بوولتینگ»یش مۆسیقامان بۆ لێ دەدات. کەوابوو، تکایە وەرن لێرە دابنیشن.
کێنی، بۆچی باڵتەکەت دانەکەندووە؟
نا، ئێستا کاتی چوونەوە ماڵ نەهاتووە کێنی. تۆ تازە هەر ئێستا هاتووی.
پێت خۆشە بچیەوە ماڵ؟ ئەوە باش نییە.
نەخێر، ناتوانی بچیەوە. ئێستا، نا!
کێنی، تۆ تەنیا دە خولکەیە هاتووی. وەرە لێرە لە تەنیشت سووزان دابنیشە. تۆ سووزانت خۆش دەوێت.
نا، سووزان، لام وانییە بیەوێ لەسەر ڕانت دابنیشێ.
نەخێر، لام وابوو نەیدەویست.
کێنی، ئێمە نامانەوێ زمانت ببینین، سپاس.
نەخێر، بەشێکی کەم لە زمانیشت هەرنا. بیخەوە ژوورێ، تکایە.
هەمووی.
چاکەتەکەشت بدە بەکارۆلاین. دڵنیام بۆتی هەڵدەواسێ.
سیدنی، دەزانی ئێمە هەرگیز لە ژوورەوەدا فیتوو لێ نادەین؟
لەناو حەوشەی ماڵ دەتوانی فیتوو لێ بدەی، بەڵام لە ژوورەوە هەرگیز نا.
دەزانم ئێستا لە ژوورەکەدا فیتووت لێدا، بەڵام ئیتر دووپاتی مەکەوە.
بە مستەکۆڵەش لە جاکلین مەدە.
دڵنیام ئەو نەیگوتووە پێی خۆش بێت مستی لێ بدەی، گوتووتە جاکلین؟
باشە، لام وانییە ئەوە فیکرێکی باش بێت. جا ئیتر لێرە بەدواوە مست لێدانمان نابێت.
خاتوو بوولتینگ، ئەو کورە زۆر خۆی لەشت هەڵدەقورتێنێ. هەوڵیش دەدات زیاد لە جاران پێوەندی هەبێت. جا ئێمە هیوامان پەیدا کردووە سەیرە! با ئەمڕۆ لەگەڵ یەکتردا میهرەبان بین، باشە؟
ئێستاش، خەریک دەبین گۆرانی ڕێژە ڕۆیشتن بە تەپڵ فێر بین، کە دوێنێ دەستمان پێ کرد.
کێ لەبیری ماوە چۆنمان دەست پێ کرد؟
ئا، دەیڤید، بە «توینکل توینکل لیتل ستار» (١) دەستی پێ نەدەکرد. ئەوە گۆرانیەکی دیکەیە.
دەزانم تۆ دەیزانی، بەڵام ئێمە نامانەوێ ئێستا ئەو گۆرانیە بڵێین.
نەخێر، ئەمڕۆ نا.
سبەینێش نا.
نازانم کەی.
بەڵام ئێستا دەمانەوێ گۆرانی ڕێژەی تەپڵ بڵێین.
ئێدگار، نێڤل، بۆچی لەسەر ئەو کورسیە وەستاون؛
لێرە لەسەر زەویەکەشەوە دەتوانن بەباشی سەیری ناو زەرفی ماسییەکان بکەن.
تکایە، وەرنەخوارەوە.
....تۆش نێڤل، ناتوانی ماسی بەدەستتەوە بگری.
لەبەر ئەوەی ماسی پێیان خۆش نییە بەدەست خەڵکەوەبن.
ئەوان نایانەوێت لە ئاو بێنە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ماڵیان لە ئاودایە، دەزانی؟
کاتی ئێمە دەیانخۆین، لە ئاو دێنە دەرەوە، بەڵام ئەوانە ماسییەک نین بۆ خواردن بن، ئەوانە ماسی

هاوڕێمـانن، ئەوانە «فـیلیس» و «فـرێد»ن. خۆ ئێمـەش نامانەوێ فیلیس و فرێد بخۆین.
نا، سیدنی، تۆش نا.
لام وانییە لە سۆسیس باشترین.
تکایە بگەڕێوە دواوە! پێویست ناکات بچی چاوت بە فیلیس و فرێد بکەوێت. تۆ بەباشی دەیانناسی.
ناشزانم لە پشت ئەو قەوزە گیایە چ دەکەن، سیدنی. واهەیە یارییەکی جوانی دۆستانە بکەن.
نێڤل، تۆیمان بلێ گۆرانی ڕێژەی تەپڵ چۆن دەست پێ دەکات؟
بەلێ ڕاسـتـە، «ڕام تام تام»- وادەلێ تەپلی زەلام»! با شت لەبیرماوە، نێڤل.
ئێسـتـا، کە گۆرانیـەکـە دەزانین، پێویسـتـە بەدەنگی گۆرانی تەپڵەکە، ڕێژە بچین، بەلام ئەمڕۆ تەنیـا بەپێـوە دەوەستین و لەجێوە گۆرانی دەڵێین. هەمووتان ئامادەن؟
ڕام تام تام، وادەلێ تەپلی زەلام!
تکایە دەقیقەیەک خاتوو بولتینگ.
کێنی، تەپڵەکەت لە کوێیە! نەخێـر، لەسەر سەرت نییە. لەبەردەستە، وانییە؟ تەپڵەکە بە پەتێکی خەیالی لە ملت کراوە.
گوێم لە شتێک بوو گوتت، سیدنی! گۆرانیەکە نالێت ڕام، تۆم، تۆم(٢)!
وا هەیە ئەگەر وابوایە خۆشتر بوایە، بەلام وانییە.
باشە، دیارە ئەوە جۆکێکی خۆشە، بەلام با ئێـسـتـا پێکەنین بەس بێت تکایە.
کۆتایی هات؟
ئێستاش ئامادە!
سپاس، خاتوو بولتینگ.
ڕام، تـام، تـۆمـی...! بـەلێ مـن بـووم، هـەلـەیـەکـی شێتانەم کرد. ئەوە بۆ من زۆر شێتانە بوو.
بەلێ وابوو.
دەزانم شێتانەبووە، بەلام ئەوەندەش نا.
ئێستاش لام وایە... بتوانین بچینە سەر بەش دواتری گـۆرانیـەکـە، خـاتوو بولتـینگ! ڕووتی تووت تووت، دەلێ...
کێ دەلێ «ڕووتی تووت تووت» دەیڤید؟
نا، توینکل توینکل، نا!
بەلێ لاڤینیا، فلووتی شادمان وا دەلێ.
فلووت چییە؟
نەخێر، پرتەقالْ نییە.
مۆزیش نییە.
سێویش نییە
فرووت (واتە میوە) نییە، فلووتە.
ف، ل، وو، ت.
فلووت چییە؟
بەلێ لاڤینیا، ئالەتی مۆسیقایە لەناو گرووپێکدا! جا، چۆنی لێ دەدەین؟
نەخێر بە شەق لی نادەین، بەلێدانیش ئەو لاو ئەولای نابەین، سیدنی.
ئێستا بیری لێ بکەوە.
فووی پێدا دەکەین.
بەلێ، ئێـدگـار، ئێـە فـووی پێـدا دەکـەین و دەنگی مۆسیقای لێ دەردەهێنین.
ئالەتی مۆسیقایە و فووی پێدادەکەین.
فوو لە تیمی مەکە، ڕەیچل!
تۆش تیمی، فووی لێ مەکەوە!
بەداخەوە ئەو فـووی تەڕت لێ دەکـات، بەلام تکایە تۆ فووی تەڕی لێ مەکەوە!
ئێسـتـاش دەسـتـڕەکانـتانـی دەربهـێنن و یەکـتـری پاک بکەنەوە، هەردووکتان.
دڵـنیـــام هەردووکـــتـــان بۆ ئەم کـــارەی کـــردووتانە بەداخەوەن.
نەخێر، کێنی، هێشتا کاتی چوونەوە ماڵ نەهاتووە.
شرلی، تۆ بۆچی کراسەکەت دادەکەنی؟
ئۆهـ، دەزانم دایکت گـوتوویەتی خاوێنی ڕابگری، بەلام بە گۆرانی گوتن خۆ کراس پیس نابێت.
بەلێ، گەلێک جوانە.
بەلێ، وێنەی سـەگی بچـووک بەهەمـوو لایەکـیـیـەوە دیارە، سـەگی بچـووکی شین و پەمەیی، تکایە بیکەیەوە بەرت. بەلێ شـۆرتەکـەت جـوانە و جلیـسـقـەکـەشت هەروەها.
بەلام کراسەکەت دادەوە، هەر ئێستا!
جـۆرج! لەبیـرت بێ داوام لێکردی چی نەکـەی!... باشە، ئێستاش...
ڕووتی تی تووت، وادەلێ کەیفخۆش فلووت.
وچان.
سیـدنی، تۆ هەمیسان فیـتوو لێ دەدەی، خۆ ئەگەر هەر بتەوێ فیـتوولێ بدەی دەبێ فـێربی چۆن بەڕێک و پێکی

لێی بدەی. تەنیا هەناسەکەت مەکێشە ناوەوە. پێویستە هەناسە هەڵبکێشی و فوو بکەیە دەرەوە.

.... ئەوە باش نییە مەرج ببەستی کە من هەرگیز ناتوانم فیتوو لێ بدەم. من لەمێژە دەتوانم فیتوو لێ بدەم، بەڵام ئێستا نامەوێ لێی بدەم، بەڵام دەتوانم.

نازانم بۆچی قیاسی خۆم لەگەڵ ئەو دەکەم خاتوو بولتینگ، بەڕاست نەدەبوایە وام بکردایە.

جا، وەرن با گۆرانی ڕێژەی تەپڵەکەمان لەسەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە، دەکرێ؟

یەک، دوو...

چیت گوت، خاتوو بۆلتینگ؟

دەستمان پێ کردووە؟ ئای چەند باشە؟ ئەوەش خاتوو وێسترن بەشیرو بیسکتەکانیەوە.

با لە هێڵێکی ڕاست و ڕێک و پێکدابوەستین. بەلای عارەبەی شیرو بیسکتەکەوە، تکایە.

نەخێر، کێنی، هێشتا کاتی چوونەوە ماڵ نەهاتووە. هێشتا سەعات و نیوێکمان ماوە بڕۆینەوە!

## کاتی چوونەوە ماڵ

(وەرزی زستانە)

منداڵینە- ئێستا کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵ، کەوابوو کاری ڕێک و پێک کردنی شت و مەک تەواو بکەن و کڵاو و باڵتەکەتان لەبەر بکەن. هەندێ لە دایکانمان هاتوون بمانبەنەوە، کە وابوو خێرابن.

خاتوو بێنتن، بیلی زۆری پێ ناچێت. خەریکە کاری مشکە کێوییەکە جێبەجێ دەکات.

ئێستاش بابزانین ئایا دەتوانین یارمەتی یەکتر بدەین.

جەینی- گوتم یارمەتی یەکتر. یارمەتی «بۆبی» بدەن ئەو کورسییەی هەڵگرتووە. نا، بە کورسییەکەوە بە دیوارەوەی مەنووسێنن!

خاتوو بینتن، ئێمە خەریکین لێرە «سیاسەتی دراوسێی باش» بەڕێوەببەین بەڵام هەمیشە...

نێڤل، تکایە لەسەر زەویەکە هەستە، لەوێ خۆت بەلادا مەخە.

تۆش سیدنی، تکایە وێنەکە مەکێشەوە.

لەبەر ئەوە ئێستا کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵ.

باشە، نەدەبوایە وێنەکە دەست پێ بکەی، وانییە؟ ئێستا، کەی کاتی ئەوەیە؟

پیاوێکی شینی تر! ئۆف، وادیارە، وایە.

باشە، خۆ دەتوانی کەمێک شینتری بکەی، بەڵام تەنیا بە قەدەرایی فڵچەیەک، تکایە سیدنی.

ئێمە لامان وانییە زۆر کەسێکی لێهاتووبێت، بەڵام هەست دەکەین کارێکی گرنگ بێت، ئەگەر هانیان بدەین خۆیان بەیان بکەن. هەرگیز نازانرێ دواتر بەرەو کوێ دەچن.

ڕەیچل، لەسەرخۆ- یارمەتی «تێدی» بدە باڵتەکەی بکاتە بەری.

ئەوە باڵتەیەکی جوانە تێدی، عەیبی چییە؟

ئۆه، کاتێ لەبەری دەکەی وەک باڵتەی کوڕانە وایە. کوڕێکی زۆر هەن، کە جل و بەرگی پەمەیی دەکەنە بەریان.

ژیکەڵەی هەژار، سێ خوشکی لەخۆی گەورەتری هەن!

نێڤل، گوتم لەسەر زەوی هەستە.

کێ بە گوللە تۆی کوشتووە؟

دەیڤید کوشتووتی؟ باشە، لام وانییە نیازی وای بووبێت. واهەیە پێشتر نیازی ئەوەی بووبێت، بەڵام ئێستا نایەوێت. هەرچۆنێک بێت پێت دەڵێم دەتوانی لەسەر زەویەکە هەستی.

نا، مەچۆ دەیڤید بەگوللە بکوژی، چونکە ئێستا کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵ.

جۆرج گوتم چی مەکە؟ دە وامەکە!

تۆش سیدنی فڵچەی ڕەنگەکە وا ڕامەوەشێنە، خەڵک ڕەنگاوی دەکەی.

ئاگات لێ بێ، دۆلۆرس!

سیدنی! باشە دۆلۆرس، ئەزیەت نەبووی، تەنیا هەندێک ڕاچڵەکی. فڵچەیەکی نەرم و جوانە. باشترە بچی دەم و چاوت بشۆی پێش ئەوەی بڕۆیەوە ماڵێ.

چونکە هەمووی شین بووە.

سیدنی، من چاوم لێ بوو تۆ بەدەستە قەسد فڵچەکەت کرد بە کونە لووتی دولۆرسدا.

نا، ئەوە گوللە هاویشتنێکی باش نەبوو. ئەوە... نامەوێ باسی بکەم، سیدنی.

ئێستاش بچۆ و بە دۆلۆرس بڵێ بەداخەوەی بۆ ئەو کارەی کردت.

بەڵێ، ئێستا.

سپاس، هەیزڵ بۆ ئەوەی کورسییەکانت ڕاست بۆ دانام.

تۆ یارمەتیدەرێکی مەزنی.

سپاس.

سپاس تۆش «دیکی» بۆ ئەوەی دەرگای سندووقەکەت بۆ پێوەدام.

«دیکی» ، کەسێک لەناو سندووقەکەدایە؟

بۆچی چوویە ناو سندووقەکەوە

لێگەڕێ با دەس بەجێ بێتە دەرەوە.

پیگی، حاڵت باشە؟ بۆچی چوو بوویە ناو سندووقەکەوە.

بەڵام خۆ لێرە مشکمان نییە. مەنزوورم مشکی ناو سندووقی لاعیبەکانە.

مشک دەچنە شوێنێکەوە کە خواردنی تێدا بێت، خۆ ئێمەش لەناو سندووقەکە داخواردنمان نییە.

کەی لەوێ بیسکتت شاردەوە؟

هەموو ڕۆژێ!

ها، وا هەیە مشک لەناو سندووقەکەماندا هەبێت. دەبێ سەیری بکەم.

نا، تۆ بچۆ و باڵتەکەت لەبەر بکە.

دیکی- ئێمە هەرگیز دەرگای سندووق لەسەر خەڵک داناخەین.

چونکە پێیان خۆش نییە.

چۆن دەڵێی ئەوە پێگییە؟ پێگی، پیگییە؟

ئۆه، واتە دەستی شیلاوییە، بەڵام پێویست ناکات دەستی بگری...

باشە، بە جوانی تکای لێ بکە ڕێگەت بدات بڕۆی.

باشە، ئەگەر ڕێگەی نەدای بڕۆی...

دەبێ خۆت بڕۆی، «دیکی».

ئێدگار و تیمی- کلاوە چنراوەکەتان بۆ ئەوە نییە یاری شەڕو کێشەکێشی پێ بکەی.

بڕوانە، ئێستا مەنگۆڵەکەی دێتە دەرەوە.

کێیە؟

باشە، بیدەن بە سیدنی.

کلاوەکانتان لەکوێن؟

باشە، بڕۆن و بە سیدنی بڵێن بتانداتەوە.

جیفرێ، پشت بکەوە. چەکمەکانت پێچەوانە لەپێ کردووە.

بەڵێ وایە. دەبێ دایان بکەنی و جارێکی تر لەپێیان بکەیەوە.

بۆ دەستت نایگاتێ؟

باشە، دوگمەی باڵتەکەت بکەوە با دەستت پێی بگات.

دەستکێشە مەرەزەکانیشت دابکەنە.

شاڵەکەی ملیشت.

دەکرێ سەرە کلاوەکەت دانەکەنی. چەند پۆلیوەرت لەبەردایە؟

خوایە! سەیر نییە نەتوانی بنووشتێیەوە.

کارولاین، وەرە یارمەتی جێفری بدە.

لەقەی لێ مەدە، جێفری. هاتووە یارمەتیت بدات.

سیدنی، گوتم فلچەی بۆیەکە دابنێ.

.... بڕوایە، دۆلۆرس!

ئەوە هیچ تەقەکردنێکی باش نەبوو، وابوو؟ نەتدەوست بیخەیە گوێچکەیەوە، دەتویست؟

باشە، نەدەبوایە.

تۆ حاڵت باشە، دۆلۆرس؟ ئەوە هەندێ ڕایچڵەکاندی، بەڵام تۆ دەبێ ئەمجاریش بچی و دەم و چاوت بشۆیەوە.

چونکە گوێچکەت شین بووە.

سیدنی، تۆ مایەی خەجاڵەتی منی، کوڕێکی گەورەی چوار ساڵانی و ئەویش کیژۆڵەیەکی سێ ساڵانە.

ئەی سیدنی، چیت لەکلاوی تیمی و ئێدگار کردووە؟

نا، من مەزندە ناکەم.

ناشمەوێ بزانم ئەوان لە شوێنێکی نهێنی تایبەتدا خۆیان شاردۆتەوە. دەمەوێ بزانم ڕاست لەکوێن.

نەخێر نامەوێ بە شوێنیاندا بگەڕێم. دەبێ ئێوە پێم بڵێن لە کوێن.

باشە، دەست بەجێ بچن و لەسەوەتەی کاغەزی زبڵ دەریان بهێنین.

سەوەتەی کاغەزی زبڵ شوێنی دانانی کلاو نییە.

ئێستاش بچن و بە دۆلۆرس بڵێن بۆ ئەو کارەتان بەداخەوەن.

بەڵێ، جارێکی دیکەش.

ئێمە لامان وایە خووی هێرشکارییەکەی لەکەم بوونە، بەڵام جاری واش هەیە لە بۆچوونەکەمان پاشگەز دەبینەوە.

لاڤینا، ئەوە باڵتەی خۆتە کردووەتەنە بەرت؟ زۆر گەورە دیارە.

ها، دەتەوێ لەناو باڵتەکەدا گەورەبی. تێدەگەم.

هەیزڵ، سپاس بۆ یارمەتیدانی «بێتی» بۆ ئەوەی چاکەتەکەی بکاتە بەری تاقە جارێک زیپەکەی بۆ هەڵکێشە، نەک هەر هەڵیبکێشی و دایبکێشیە خوارەوە.

نا، نێڤل، ناتوانی تۆش وابکەی.
نا، منداڵینە ناتوانن هەمووتان زیپی چاکەتی «بێتی» هەڵبکێشن.
جێنی، وەرە ئێرە.
جێنی، کاتێ چووینە ژوورە بچووکەکەوە دەبێ چ بکەین؟
جارێکی تریش توونکەکانمان هەڵدەکێشینە سەرەوە.
بەخێرچی هەیزڵ، بەخێرچی بوبی، بەخێرچن هەموو لایەکتان.
بەخێرچی خاتوو بێنتێ.
خێرابە سیدنی، چونکە دایکت چاوەڕوان دەهێڵییەوە.
باشە، دایە گەورەت.
کەسێک هەردێت بتباتەوە، وانییە سیدنی؟
زۆرباش.
نا سبەینێ چاوم پێت ناکەوێ سیدنی.
سبەینێ ڕۆژی شەممەیە، شوکری خودا!

## نووسەری کتێبی منداڵان

(شانۆ: بەشی کتێبفرۆش لە دووکانێکی گەورە. نووسەرێکی ژن خەریکی ئیمزاکردنی کتێبە بۆ مشتەری؛ ئێستاش دەچێ بۆ قسەکردن لەگەڵ خوێنەرانی منداڵی کتێبەکانی.)

سڵاوتان لێ بێ کوڕ و کیژەکان.

زۆرم پێخۆش بوو داواتان لێکردم بێم و پێتان بڵێم چۆن کتێب بۆ منداڵان دەنووسم.

باشە، دیارە، وەڵام ئەوەیە هەرگیز کاری واناکەم. نەخێر، کتێبەکانم خۆیان خۆیانم بۆ دەنووسن.

بەبۆچوونی من، ئێمەی گەورە، هەموومان بە گوێرەی دڵ، منداڵین، وانییە؟

بەڵێ، تەنانەت باوکە ورچە تووڕە و تۆسنەکانی ریزی دواوەی ئێوە!

من لام وانییە گەورە بووبێتم و واهەیە ئەوە ڕازی نەدرکاوی من بێت.

ئەوە و ئەو ڕاستییەی کە بۆ منی منداڵ لە پێش هەموو کەسێکەوەیە.

باشە منداڵان، وەک دەزانن، من گەلێک زۆرتان بۆ دەنووسم و ئەوە...

پێش هەموو شت، دەچمە قاتی سەرەوەی ماڵەکەمان بۆ ناو (Hidey-Hole) «بۆسە»کەم(٣)، کە لە ڕاستیدا ژوورێکی گەورەی ئیش کردنە لە قاتی سەرەوە، بەڵام پێم خۆشە پێی بڵێم «بۆسە».

یادداشتێک بەسەر دەرگاکەوە دەدەم کە لەسەرم نووسیوە:

«چوە بۆ سەر زەمینی باوەڕپێکران، ئەوە شێوازی تایبەت بەخۆمە بۆ ئەوەی بڵێم «تکایە مەیەنە ژوورەوە و کارم لێ تێک مەدەن لەبەر ئەوەی کتێبێک خەریکە خۆی بۆ من دەنووسێ و ئێمەش نابێ کاری لێ تێک بدەین، وانییە؟»

ئینجا کاغەزێکی سپی خاوێن دەخەمە ناو ئامێری چاپکردنەوەکەمەوە و لەبەر دەمی دادەنیشم و چاوم دەقووچێنم.

چی دەبینم؟

ماڵێکی کۆنی قەرەباڵغ ناوچەی «کۆڕن واڵ»(٤) دەبینم.

گوێم لە دەنگی باڵندەی ماسیگرە دەبێت- منداڵان دەبینم- یەک- دوو- سێ منداڵ- لەلای سەرووی دۆڵەکە دەقیژێنن، چونکە کاتی نانی ئێوارەیان خەریکە درەنگ دەبێت.

ناویان «جێنیفر-ئان» و ڕۆبین- جۆن»ە، و ئەوی بچووکیشیان ناوی «میج»ە(٥) چونکە لە هەمووان بچووکترە.

بەڵێ، ناوی ڕاستەقینەشی هەیە و ئەویش ئانتۆنی تیمۆثی جێریمی مایکلە و «پۆریج»(٦)ی پێ خۆش نییە- بەڵام ئێمە بەکەس ناڵێین، وانییە؟

جا لەوێ دادەنیشم و بە مەکینەکە دەنووسم و دەنووسم و بە بەر نووسینەوە بە هەواڵی قژی سووری پەرش و بڵاوی «جێنیفر-ئان»ی شەیتان دەزانم.

هەروەها دەزانم کە ڕۆبین- جۆن، کە زیاتر وەک ماسییە تا بێچووی منداڵ، دەبێ سەرنجی بدەمێ کاتێ کە لەسەر تەختەی دایڤی حەوزی مەلەوانییەوە خۆی دەخاتە ناو ئاوەکە.

هەروەها سەبارەت بە باوکیان- دوکتۆر «مێری ویشر» کە بەمیهرەبانییەوە ئیش زیاد لە ڕادە دەکات، بە پێستی بە بەر خۆرەتاوەوە سووتاوە چاو دادەگرێت.

ئینجا، لە پڕێکدا، کاتی شێو دەگات و من چاوم هەڵدەگلۆفم و جارێکی تر خۆم لەسەر مێزەکەی لای دەستمە!

دەبێ کاتێ کە حیکایەتەکە، خۆی بۆ من دەگێڕایەوە،

ئەوانیش خۆیان نووسیبێت.

جا بەم شێوەیە درێژە بە ئیشەکەم دەدەم هەتا کتێبێک پێک دێت.

ئینجا دەست دەکەم بەیەکی تر.

ئەمجارەیان ماڵێکی کۆنی قەرەباڵغە لە «یۆرکشایر» (٧) و من گوێم لە دەنگی زەنگۆڵەی ملی مەڕەکانە و منداڵ دەبینم- سێ منداڵ و ناویان «سەیرا- مێری» و «جۆناثان- کریستۆفیر»ە و یەکی بچووکیان کە ناوی «تیدتر»ە(٨) لەبەر ئەوەی لە هەمووان بچووکترە.

هەمیشە بۆ من بەو شێوەیەیە.

نا، هەرگیز نووسینم دووپات ناکەمەوە و ئەوەی نووسیومە جارێکی تر نایینووسمەوە.

بەڵام ئێوەی منداڵ دەیکەن، ملیۆنان منداڵی وەک ئێوە دەیکەن و ئەوەش مایەی خۆشحاڵی زۆرە بۆ من.

جێگەی خۆشحاڵی مێردەکەشمە.

ئەو، دەستی لە ئیشەکەی کێشاوەتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی ئیشی من بدات.

ئێمە هەروەها بۆسەیەکمان بۆ هەر کام لە پێنج منداڵەکەمان دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەوانیش فێربن چۆن ئیجازە بدەن کتێب بۆ ئەوان خۆیان بنووسن.

مێردەکەشم بۆ سەیری خۆی هەیە و لەوێ حیساب دەکات.

باشە، ئێستاش لام وایە کاتی ئەوە بێت بگەڕێمەوە ناو بۆسەکەی خۆم، وانییە؟

**پەراوێزەکانی وەرگێر:**

**١- گۆرانییەکی خۆشی منداڵانە و ڕازاوەیی و هیوای لێ دەبارێت.**

**٢- یاری کردنە بە وشە، تۆمی بە واتای زگ-ە.**

**٣- کونی خۆشاردنەوە من بە (بۆسە)م وەرگێڕاوە.**

**٤- ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای ئینگلستان.**

**٥- وە قۆزەت، مرۆڤی کۆم.**

**٦- خواردنێکە لە جۆ دروست دەکرێت و سبەینان دەخورێت.**

**٧- ناوچەیەک لە باکووری ئینگلستان.**

**٨- ماسی بچووک، زارۆکی کورتەباڵا.**



# کەریم کابان:

## زۆر کەم گوێ لە گۆرانیبێژە لاوەکان دەگرم.. کاتێ ڕەخنەش لە خەوە قووڵەکەی بەئاگا هاتەوە، گۆرانی کوردی لەو ئاژاوەیە ڕزگاری دەبێ

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

هونەرمەند کەریم کابان، یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی ساڵانێکی دوورو درێژە خەریکی خزمەت کردنی بواری هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییە، لەبەر ئەوەی خاوەنی دەنگێکی جوان و خۆش و ڕەسەنە، بۆیە توانیویەتی گوێگرو بینەرو هەوادارێکی زۆر لە دەوری ئەو گۆرانیانەی کۆبکاتەوە. لە ڕێگەی پەخش کردنی گۆرانییەکانییەوە سەرەتا لە ئێزگەی کوردی و پاشان لە ئێزگە و تەلەفزیۆن هەر لە زووەوە ناسراوە و گوێگران و بینەرانی ئاواز و گۆرانی کوردی پێی ئاشنا بوون، هەر لەو ڕێگەیەشەوە توانویەتی جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ خۆی دروست بکات، کە هۆیەکی گرنگی کۆبوونەوەی ئەو جەماوەرە زۆرە لە دەنگ و سەدا و هونەر و ئاوازەکانی بۆ ئەو ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندییە دەگەڕێتەوە کە لە هونەرەکەیدا هەیە، بۆیە لەوساوە هەوادارانی ئەو هونەرە ڕەسەن و تایبەتمەندە کەوتنە گوتنەوەی گۆرانییەکانی و ئەو گۆرانی و ئاوازانە بوونە وێردی سەر زمانیان. جار هەبووە گوێم لێ بووە هەندێ کەس لە گۆرانیبێژەکە جوانتر گۆرانییەکانیان چڕیوە و خۆشتر لە دەنگە نەرم و شلەتێنەکەی-دافیء- گەرموگوڕتر و بەکوڵتر گوتراونەتەوە، چونکە ئەو ئاوازانە دەستیان دەکردە ملی دوندو لوتکە بەرزەکانی چیاو لێرەوار و بنار و شیو و تاڤگەکانی کوردستانی ڕەنگین و هەمیشە ڕەسەنایەتی خۆیان دەپاراست.

تەلی دەنگی بەسۆز و بەجۆش و خرۆش و پڕ لە هەستی ئەو هونەرمەندەمان زۆر لە گوێگران و هۆگران و چێژوەرگرانی گۆرانییەکانی جووڵاندووە و بەلای خۆیاندا

کەمەندکێشیانی کردووە. هەرچەندە ئەو دەنگە لەم ساڵانەی دوایی وەکو جاری جاران نەماوە و تەمەن و ڕۆژگار کاریگەری خۆی بەسەرییەوە داناوە، بۆیەشە ئەو دەنگە زۆر بەمەیل و ئارەزووی ئەو هەڵناسووڕێ و دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ. بەشێوەیەکی گشتی گۆرانییەکانی کەریم کابان مۆرکی غەمێکی قووڵ و تەنک و ناسکیان پێوە دیارە. چڕین و ئەدائی گۆرانییەکانیشی تایبەتمەندی و مۆرک و شەقڵی تایبەت بەخۆی پێوە دیارە کە هەڵپە کردن و کەفوکوڵێکی درۆزنانەی دەستکردی تێدا نابینی، چونکە گۆرانییەکانی بەگیانێکی پڕ لە سۆز و هەست و کرانەوە و باوەش کردن بە ژیان و خۆشەویستی و لێبوردەیی دەڵێتەوە، زۆریش لەیاری کردن بە هەست و گودازی جەماوەربەدووره، لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی لە سۆزێکی نەخۆش بە دوور ڕاگرتووە و ئەو مێژووەی هەیەتی بەگۆرانی بێ تام و ساردوسڕ پڕ نەکردووەتەوە، تا بگرە هەرگیز ئەوەی بەخۆیەوە نەگرتووە.

هونەرمەند کەریم کابان کە خاوەنی دەنگێکی نەرم و بە چڕەیە، بەو سیفەتەی خۆشی ئاوازدانەری گۆرانییەکانی خۆیەتی، باش دەزانێ چۆن و کەی دەنگی خۆی بەکاردەهێنێ، بەتایبەتیش بۆ گۆرانی سووکەڵە کە زیاتر لە گەشت و موچڕکە دەچن، بۆیە لەسەردەم و قۆناغێکدا نوێنەرایەتی هەست و سۆزی نەسل و نەوەیەکی لاوی دەکرد، بەتایبەتی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئەو دوو گۆرانییەی تۆماری کردبوون (یاران وەسیەتم) و (شەو) تەسەللایەک بوون بۆ دڵە بریندارەکانی ئەو زەمان و ڕۆژگارە. ئەوەی زیاتریش ئەو هونەرمەندەی شیرین و خۆشەویستتر کرد و پتر لەلایەن مگێزی جەماوەرە پێشوازی لێ کرا، بێجگە لە بوونی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی دەنگی کە پێشتر باسمان لێوەیان کردن، ئەوەبوو ئەو هونەرمەندە هونەرەکەی خۆی سەرومڕ بۆ خزمەت گەیاندن بەکێشەی ڕەوای گەلەکەی تەرخان کردبوو، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر دەبووە جێگەی متمانەو ڕەزامەندی و بە شاستەیی و لێهاتووییەوە لەناو دڵ و دەروونی خەڵکیدا جێگەی خۆی دەکردەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/١٢ لە هۆڵی ئوتێلی ئاشتی شاری سلێمانی، پاش ساڵانێکی دوور و درێژی دابڕان و لەیەکتر دوورکەوتنەوە و بەپێی ئەو مەوعیدەی پێشتر لەگەڵ یەک دامانابوو، لەگەڵ دۆستانی ئازیز: هونەرمەندی خۆشەویست و ڕۆح سووک کەریم کابان و کاک حەسەن بەگی حوسێن بەگی جاف بە یەکتر



**ئازاد عەبدولواحید، کەریم کابان**

شادبووینەوە. پێش ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ من کە بەڕێوەبەری موزەخانەی ئیتنۆگرافی- فۆلکلۆری سلێمانی بووم کە کەوتووەتە نزیک فولکەی نالی، زوو زوو بە دیداری ئەو هاوڕێیانەم دەگەیشتم.

هونەرمەند کەریم کابان بەدرێژایی ئەو ساڵانەی ئاشنایەتی و هاوڕێیەتیمان لە هەر کوێ بووبێتم پێی لێ نەبڕیوم و بەردەوام سەردانی کردووم. ڕووی زەمانە ڕەش بێ کە لەکاتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی کوردیدا لە یەکتر دوورکەوتینەوە و شەقی زەمانە لەیەکتری دوورخستینەوە، بۆیە پاش ئەو دابڕانە دوورو درێژە جارێکی دیکە بە یادی جارانەوە یادگارییەکانمان دەمەزەرد کردەوە و لەسەرەتای دانیشتنەکەوە لەگەڵ هونەرمەند کەریم کابان و حەسەن بەگی جاف کەوتینەوە گێڕانەوەی بیرەوەری و یادگارییەکانی ڕابردوومان. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە برای ڕێزدارمان حەسەن بەگی جاف هاوڕێی سەردەمی قوتابییەتی هونەرمەند کەریم کابان-ە، لەوساوە تا ئەمڕۆکە یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەو، منیش لە هەشتایەکانەوە کە لە گەڕەکی هەوارە بەرزە دراوسێی یەکتربووین، وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەوەفا بۆ هاوڕێیەکانی ناسیومە، بۆیە پێش ئەوەی لەگەڵ کاک کەریم بکەوینە ناو گفتوگۆ تایبەتییە هونەرییەکەمانەوە بۆ گۆڤاری ڕامان، زۆر دەمەتەقێمان کرد.

بەداخەوە کاتێ پێش دوازدە ساڵ کە کاک کەریم کابان-م بەجێهێشت هێزو توانایی و دەنگ و سەدایەکی باشی هەبوو، هەر جارێ کە دەهاتە لام بۆ موزەخانە ئەگەر گۆرانی و ئاوازێکی نوێی ئامادەبکرایە، ئەوە لەو سەردانانەیدا لێی ئاگەداردەکردمەوە، هەندێ جار شیعریشم بۆ پێشنیار کردووە بیکاتە گۆرانی. یەکێک

لەو جارانە کە هاتە سەردانم لە مۆزەخانە، خەریکی ساغکردنەوە و لەچاپدانی سەرجەمی بەرهەمەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح بووم، شیعرێکی ئەو شاعیرەم دایە کاک کەریم کە لەسەر شێوەی شیعرێکی (بێخود)ی مامی نووسیبووی تا ئاوازی بۆ دابنێ، داخەکەم ئەو شیعرە وەک خۆی دەڵێ ونی کردووە، بەڵام لەم دواییە بەدەنگ و سەدای هونەرمەندی لاوی داهێنەر (عەدنان کەریم) دەبیستم کە بە هاوکاری تیپی کامکاران زۆر جوان چڕیویەتی. ئەم جارە کە کاک کەریم-م بینی تەواو بێ هێزی و پیری بەسیمایەوە دیاربوو و تەمەن کاریگەری خۆی بەسەرییەوە دانابوو. وەک خۆی دەڵێت تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی و چەند نەخۆشییەکی دیکە بووە و ئەسەفی زۆری بۆ ئەوە دەکێشا کە ناتوانێ ئەو ئاوازە نوێیەی دایناوە جارێ خۆی بیڵێت، چاوەڕێیە لە دەرفەتێکدا چاک ببێتەوە تاکو تۆماری بکات، چونکە سوورە لەسەر ئەوەی بەدەنگی خۆی بیڵێت و تۆماری بکات.

**خۆزگە جەنابی کاک مەسعوود بارزانی ڕێزلێنانی نووسەران و هونەرمەندانی بکردایە بە هەمیشەیی، چونکە پاڵپشتێکی گەورەیە بۆیان**

* سەرەتا پێم گوت کاک کەریم با لە پێشەوە بە ئاوازە نوێیەکەت دەست پێبکەین و حەز دەکەم بەدەنگی خۆت بۆمانی بڵێیت.

- باوەڕ بکە ناتوانم و توانام نییە بیڵێم.

دواتر لە جیاتی وتنی گۆرانییەکە وەک بیەوێ خۆی لەو وتنە بدزێتەوە و لە بیرمانی بباتەوە کەوتە قسەکردن:

- بەڕاستی من زۆر شادمانم بەم دانیشتنە خۆشە، لەپاش ماوەیەکی زۆر کە نەماندەتوانی یەک بگرین، ئەوە ئێستا یەکمان گرتەوە. یەکسەر کاک حەسەن بەگی جاف قسەکانی قۆستەوە و وتی:

- ئێمە لەگەڵ کاک ئازاد لە ناخۆشترین کاتەکانی ساڵانی هەشتایەکاندا، تا ئەو کاتەی ڕاپەڕین بەرپابوو دراوسێ بووین و پێکەوە بووین. حەز دەکەم ئەوە بڵێم کاک ئازاد هیچ کاتێک لەخەتی خۆی لای نەداوە، بەتایبەتی لەو بیروباوەڕەی کە باوەڕی پێ هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە ببێتە مایەی ئەوەی هەمیشە خۆشمان بوێت و ڕێزی لێبگرین. بیرم دێت ڕۆژنامان نەبوو، ویستمان ڕۆن بکڕین، بەڵام کە گوتیان ڕۆنی تالانییە نەمان کڕی. ئەوکاتەش ئێمە هەر موتەمەسیک بووین بەوەی کە دەبێت کاروبارەکان بەڕاستی بەڕێوە بڕۆن.

(لەوکاتەدا ڕۆژنامەنووسێکی عەرەب هاتە لامان و دوای خۆناساندن) کاک کەریم پێی گوت:

- ئەمە هاوڕێی منە، ئەو کاتەی بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی بوو لە سلێمانی، پێش ڕاپەڕین ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش نەچوومایە لای، ئەوە ڕۆژ نا ڕۆژێک دەچوومە لای، بەڵام پاش ڕاپەڕین بەهۆی سەرقاڵبوونی بەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە..

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** کەواتە بەڕێزی ڕۆژنامەنووسە.

**کەریم کابان:** بەڵێ.. پاش ڕاپەڕین بەمەبەستی بینینی دەچوومە لقی چوار، بەڵام دوایی بەیەکجاری چووە هەولێر، ئەگەرچی چەند جارێکیش چوومەتە هەولێر، بەڵام بۆ دوازدە ساڵ دەچێت نەمدیوە.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** دوانزە ساڵ، ماوەیەکی زۆرە؟!

**کەریم کابان:** هەر لەم ساڵدا دووجار چوومەتە هەولێر، جارێکیان لەگەڵ کاڵ خالید سەرکارو برادەران بەشداری پرۆگرامێکمان کرد کە تایبەت بوو بە هونەرمەند (مەرزیە خان)، وەک ڕێزلێنانێک بۆ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو کە لەم ساڵدا کۆچی دوایی کرد، سازدرابوو، وەزارەتی ڕۆشنبیرییش ئێمە و برادەرانی خەڵات کرد، لەبەر ئەوەی شوێن و ڕێی کاک ئازادم نەدەزانی، ئەوکاتەش نەمبینی، تا کاک حەسەن پێی ڕاگەیاندم، کە کاک ئازاد لە سلێمانییە.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** (ڕووی کردە من) من وەک خۆم جگە لەکاری ڕۆژنامەنووسی لەبەشی (ڕاگەیاندن و ڕیکلامی) کۆمپانیایەکدا کاردەکەم و لەو ماوەیەشدا لقێک لە سلێمانی دەکەینەوە، دەبینم هونەرمەندە کوردەکان داهێنەر و بەتوانان، بەڵام بەداخەوە لە ئاستی جیهانیدا زۆر ناسراو نین، بۆیە پێم وایە پێویستیان بەشاڵاوێکی ڕیکلامی هەیە.

**کەریم کابان:** من بایی خۆم کەمێک ناسراوم، بەڵام زۆریش نا، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتەکەی هەر زۆر ناسراوم.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** ئێوە پێویستتان بەشاڵاوێکی ڕیکلامییە، هەر لەباکوورەوە تا باشوور.

**ئازاد عەبدولواحید:** مامۆستا کەریم کابان، وا بۆ شەست ساڵ دەچێت لە خزمەتی هونەری کوردیدایە، باوەڕ ناکەم تازە پێویستی بەناساندن هەبێ.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** بێگومان.

**کەریم کابان:** هەر لەمندالّیمەوە، لە تەمەنی دوازدە سالّییەوە دەستم داوەتە کاری هونەری.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** (ڕووی کردە من) ئاخۆ مامۆستا لەبواری هونەریدا، وەک ئەکتەریش بەشداری کردووە؟

**ئازاد عەبدولواحید:** مامۆستا تەنیا گۆرانیبێژە، بێجگە لە زۆر ئاوازی فۆلکلۆری ڕەسەن، زۆر شیعریش هەر خۆی کردوویەتییە گۆرانی و گوتوونی.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** زۆر حەز دەکەم گوێم لە دەنگی بێت.

**ئازاد عەبدولواحید:** براکەشی هەر گۆرانیبێژ بوو.. هونەرمەندی شەهید قادر کابان، بەو پێیەی کە سەر بە ڕێکخراوێک بوو، بەعسییەکان دوای دەستگیرکردنی لەناویان برد و تەرمەکەشیان نەدایەوە بنەماڵەکەی.

**کەریم کابان:** حکوومەتی بەعس لەسێدارەیدا.

**ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە:** سێ برای منیشیان لەسێدارەدا.

**حەسەن بەگی جاف:** کەس نییە بەدەست بەعسەوە، ئەزیەتی نەکێشابێت.

(ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە خواحافیزی کردو ڕۆیشت و ئێمەی بەجێهێشت، ئێمەش کەوتینەوە گفتوگۆی خۆمان).

* کاک کەریم ئەو گۆرانییەی کە تازە ئاوازت بۆ داناوە، شیعرەکەی هی کێیە؟

– شیعرەکە کاک محەمەد ئەحمەد نووسیویەتی، خۆی شیعرەکە ناوێکی تری هەیە، بەڵام من ناوم ناوە «خەزان»، لەبەر ئەوەی تەمەنم هەیە، گوتم با «خەزان» بێت، سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**«تۆ کچێکی بەهاری بوویت.. منیش کوڕی گەڵاڕێزان**
**دەپێم بڵێ چۆن گوڵ ئەبێ بەهاودەمی وەرزی خەزان**

* ئەگەر بتوانیت بە دەنگی خۆت کەمێکی بڵێیت؟

– ئەگەر بتوانم بیڵێم، دەیڵێم..

* جا ئەگەر نەشازیش بێت، پێمان خۆشە کۆپلەیەکی بڵێیت، بەلای ئێمەوە ئاساییە.. (دەکەوێتە گۆرانی وتن). دەنگت نەڕزێت.. زۆر کوردییە. (کاک کەریم کابان پاش ئەوەی کۆپلەیەکی لەو ئاوازە بۆ وتین)

– ئێ کاکە گیان.. تۆ وەزعت چۆنە؟ من کە ئەمڕۆ هاتووم بۆ ئوتێلی ئاشتی.. دوازدە ساڵە یەکترمان نەبینیوە، ئای لەو هەموو ساڵانە. (ڕوو دەکاتە کاک حەسەن بەگی جاف) کاک ئازاد ڕەفیقێک و دۆستێک و خۆشەویستێکی زۆر زۆر دێرینمە. پێشتر کە لەموزەخانەی ئیتنۆگرافی سلێمانی بوو، ئەگەر دوو ڕۆژ نەمبینیایە زۆر بێتاقەت دەبووم. هەمیشە دەچوومە لای و ئەغلەب ئێواران پیاسەی دوور و درێژمان بەنێو شاردا دەکرد، زۆر دەمێکە یەکترمان نەبینیوە.

دوای ڕاپەڕین زۆری نەبرد کاک ئازاد سلێمانی جێهێشت و ئیدی ئێمە لێرە ماینەوە. ئێستاش پاش دوازدە ساڵ کە بەدیداری شاد دەبم، زۆر خۆشحاڵ بووم، هەروەک چۆن دوازدە ساڵ لەمەوپێش بینیومە، ئێستاش هەر وا هاتە پێش چاوم. یاخوا لە کارەکانیدا سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بێت.. دوعای خێری بۆ دەکەم. ئەوە ئێستا وردە وردە یادی جاران دەکەینەوە. خوا بکات ئینشاڵڵا چەند جارێکی تریش یەکتر ببینینەوە و بەم شێوەیەی ئێستا دابنیشینەوە.

* لەڕاستیدا من زۆر کەم هاتووم بۆ سلێمانی؟

– وەک هاتووشیت هەوڵی ئەوەت نەداوە ئێمە ببینیت.

* ڕاستییەکەی دەرفەت نەبووە، یان زۆر کەم بووە، چونکە یان بۆ پرسە هاتووم، یان بۆ ئاهەنگی خزمێک، یان بۆ کارێکی بەپەلە و گەڕامەتەوە، بۆ خۆشتان دەزانن ڕۆژنامەگەرێتی چۆنە؟ من بۆ خۆم بەئاشم شوبهاندووە.

– بەخوا برا هەمیشە دەبێت باراشی تێبکەیت.

* دەبێ بەردەوام باراشی تێبکەین، ڕۆژنامەوانی ئێمەی لە پەلوپۆ خست، هەرچەندە بەروبوومەکەشمان دیارە، ئەویش ئیشکردن و مەسئوولیەتی خۆی هەیە. شتێکی کەمیش نییە و هەموو کەسێک ناتوانێت لەو بوارەدا کاربکات. نازانم گۆڤارەکەمانتان بینیوە، یان نا؟ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی جوانە.

– ناوی چییە؟

* بەناوی ڕامان–ەوە دەردەچێت، لەلای خۆمان و لە هەموو کوردستانی ئێران و ئەورووپا و جوگرافیایەکی پان و بەریندا دەخوێنرێتەوە.

– من هەر کەمێک بخوێنمەوە، سەرم دێتە ژان.

* کاک حەسەن بەگ باسیکرد.

– کاک ئازاد، بەحەقی خوا... ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت، هیچ خێرم لەخۆم نەبینیوە، وابزانم بەم جارەوە لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا، بە حیسابی خۆم بیست و سێ جار داخلّی خەستەخانە بووم.

* وایە... بۆیان باس کردووم.

– ئینسان بیست و سێ جار داخلّی خەستەخانە بێت دەبێ چۆن بێ؟

* لەگـەڵ ئەوەشـەوە هەر باشی، ئاخر تەمـەنێکیـشت هەیە.
- ئەم ساڵ دەبم بە هەشتا.
* بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـەوە زاکیـرەت باشـە، حـەواست باشـە.. پاشـان ئەم سـووربوونەشت زۆر گـرنگە؛ کـە لەم تەمەنەشتـدا هەر خەریکی کاری هونەریت، تەنانەت کە پێشت دەڵێین ئەو ئاوازەی خۆت بدەرە کەسێکی دی کە تۆنی قـورگی لەوەی تۆوە نزیک بێت، کەچی وەڵامی تۆ هەر ئەوەیە کە دەڵێیت: «دەبێ خۆم بیڵێم».
- بەڵام ئەوان ناتوانن بیڵێن..
* بەڵێ.. باوەڕ ناکەم بتوانن وەک خۆت بیڵێن.
- ئەگـــەر قـــادر کـــابان بمایە، دەنگی ئەو لەمنەوە نزیکبوو، ئەو دەیتوانی حەقی خۆی بداتێ... کاک ئازاد ئاواز ئەوەیە.. تۆ کە شتێک دەنووسیت، جارێک، یان چەند جـارێک پێـیدا دەچیـتـەوە. ئەوەی ئێـمـەش وایە، ناتوانم ئاواز بدەمـە کـەسـێک کـە نەتوانێت بە چاکی بیڵێت، چونکە ئەزیەتم پێوە کێشاوە.
* ئێستا منداڵەکان بەچییەوە خەریکن؟
- شـــوانی کـــوڕم بەرێوەبەری تەلەڤـــزیۆنی گـــەلی کوردستانە و سۆرانیش دەرچووی پەیمانگایە و لای شوان لەســەر کــۆمــپـیـــوتەرە، بەرزان-یش لە ڕێکخـراوە دیموکراتییەکان لەسەر جیهازە.
* یەعنی خەیاتی ناکەن؟
- نەخـێـر نـایکەن... تەمـەڵن، تەمـەڵ. جـا ئەگـەر خـەیاتیـیـان بکردایە، ئەوە ڕەفـیـقی ئەوان هەمــوویان ئۆتۆمبیل و خانووی خۆیان هەیە.
* ئێــســتــا خــەیاتی ڕەواجی زۆرە. باشــە ژمــارەی بەرهەمەکانت گەیشتە چەند؟
- بەرهەمـەکانی من بەهەمـوویـانەوە پێنج سەدو بیست و پێنج بەرهەمە.
* هەر هەمووشت کلیپ نەکردووە؟!
- نەخێر.. تەنیا یەکێکیانم کلیپ کردووە.
* ئەگەر بیرت بێت، کاتی خۆی کە دەهاتیت بۆ لام لە موزەخانە. خەریکی دیوانی شێخ نووری بووم، شیعرێکی ئەوم دایتێ و گـوتت زۆر جـوانە ئاوازی بۆ دادەنێم، ئەو شـیـعـرەی نەزیرە لەسـەر شیـعـرێکی بێـخـود، ئێـسـتـا هونەرمـەند عـەدنان کـەریم ئاوازی بۆ داناوە، کـە هەر بۆ خۆی لەدیوانەکەوە وەریگرتووە.
- منیش دیوانەکەم هەیە.
* بەڵێ... ئینجا ئەو شیعرە، کە دەڵێت: (لەو ڕۆژەوە ڕۆشتووە، تۆی دیوە دڵی من). باشە ئاوازت بۆ دانەنا؟



کەریم کابان

- لەبیرم چوو، دەبێت لەبیرم چووبێت.
(ڕووم کردە کاک حەسەن بەگی جاف)
* هەشتایەکان و نەوەدەکان هەر کاتێک ڕۆژنامـەیەک ویستـبـای چاوپێکەوتن لەگـەڵ کاک کـەریم ساز بکات، دەهات و پرس و ڕای بە من دەکرد.
**حەسەن بەگی جاف:** وەڵڵا ئێستا چاوپێکەوتنی زۆرە.. لە ئێرانیش ئاهەنگی هەیە.
* ئاهەنگێکیم لە تەلەڤزیۆن بینی.
**حەسەن بەگی جاف:** ئەوە لەبانە بوو، یان لە سنە؟
* ئەوە لە سینەمای شەیدا بوو.. کە عـەریف حەفلەکە تەقـدیمی کـردم و چوومـە سـەرێ، خـەڵکەکـە ژن و پیـاو هەستانە سەر پێ، خەریک بوو دەست بکەم بەگریان.
* ئاگام لێبوو، ئیمزایان لێ داوا دەکردیت.
- کاک ئازاد، بەگۆڕی باوکم خەریک بـوو دەست بکەم بەگــریان، نەمـــدەزانی ئەم مــیللەتە ئەوەندە تینووی ئێـمـەیە.. باش بوو دانم بەخـۆمـدا گـرت و پاش ئەوەی مـایکرۆفـۆنەکـەم بەدەسـتـەوە گـرت، گـوتم.. تکاتان لێدەکەم، توخوا دانیشن. ئەزیەت مەکێشن.
**حەسەن بەگی جاف:** لە بانە بوو، یان لە سنە؟
* نا نا لە سنە بوو. ئەو جەمـاوەرەی ئێرە لەگـەڵ ئەوێ بەراورد نـاکـرێت، لێـرە خـەڵکەکـە تاقـەتی گـوێگرتن و خوێندنەوەی نەماوە، کەچی لەوێ وانییە. لەودیو خەڵک حەماسەتێکی سەیری بۆ خوێندنەوەی کوردی و گوێگرتن لە گۆرانی کوردی هەیە.

– ئەزموونیان لێرە وەرگرتووە، دوای ئەوەی کە ئێمەش چووینەتە ناویان، ئەمە بێجگە لەوەی کە سلێمانی پڕە لە کوردی ئێران، سنەیی و سەقزی و بانەیی و..

* ڕاستییەکەی خەڵکی بەهرەمەندیان تێدایە، بەتایبەتی لەبواری مۆسیقا و گۆرانیدا ئیشەکانی ئەوانم زۆر بەدڵە، زۆر بەرەو کوردی دێنەوە، بەرەو ڕەسەنایەتی دێن.

– کوردی ئێران؟

* لەڕووی مۆسیقاو گۆرانییەوە، دەتوانم بڵێم پێشکەوتوون.

– بەخوا لەهجەیان هەر فارسییەکەی پێوەیە.

* ئەوە هەیە.. هەروەک چۆن لێرە زمانی عەرەبی کاریگەرێتی خۆی هەیە، بەڵام هەندێکیان زۆر باش کار دەکەن وەک حوسێن یووسف زەمانی و...

– ئەوانە خەڵکی سنەن و پیرن

* عەندەلیبەکان و چل دەف و کامکاران و...

– ئەم یووسف زەمانییە پیرە.

* ئەوە کامکاران، ئەوانیش بەرەو کاری ڕەسەن دەڕۆن.

– ئەوان لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانییەوە دەستیان پێکرد.

* دوایی چوونە سەر عەلی مەردان و ئیشەکانی مەزهەری خالیقی و...

– حەقە کاری نوێش بکەن!

* جارێکیان بە برادەرانی کامکاران–م گوت، بەکاک هۆشەنگ–م گوت ئێوە جگە لە شەهرامی نازری لە بەینی خۆتاندا کارەکان دەکەن و کەسانی دەرەوەی خۆتان لەگەڵ نییە. گوتی تەنیا کاک بێژەن–مان داناوە گۆرانی بڵێت، ئەویش لەبەر ئەوەی دەنگی خۆشە. پێم گوت هاوکاری و دەستگیرۆیی لاوان و هونەرمەندانی دیکە بکەن، ئەویش لە وەڵامدا گوتی هەوڵدەدەین. لە ئێستاشدا ئەوە کاک عەدنان کەریم–یان هێناوە.

– هیوادارم وردە وردە خەڵکی تریش وەربگرن.

* وابزانم کە هاتبووی بۆ هەولێر، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدابووی؟

– بەڵێ یەکەمیان کە لە ئوتێل ئاڤێستا بووین، لەگەڵ کاک ئەنوەر قەرەداغی و ئەوان، دووەمیشیان کە لە شیراتۆن بووین، بۆ ئەوەی تیپی شۆڕش هاتبووین، ڕاستییەکەی برادەرانی پارتی دەیانەویت خەلاتی هەموو ئەو هونەرمەندانە بکەن کە لە حەفتاو چواردا سروود و گۆرانییان هەبووە. مەبەستم سەرجەم تیپی مۆسیقای سلێمانییە بەگشتی، ئەوانەی کە لە ساڵی ١٩٧٤–١٩٧٥ لەدەرەوە بوون و خۆیان ناو نابوو تیپی مۆسیقای شۆڕش. من ئەو خەلاتەم زۆر پێ خۆشبوو، بەلام پێم باشە بیری کاک فەلەکەددین کاکەیی بخەیتەوە نازانم بۆ دواکەوت. پێی بڵێ هەر لێرەوە تا ئەوێ ڕێز و سلاوم بۆی هەیە، چونکە حەفتاو چوار لە ڕاگەیاندن پێکەوە بووین و خێمەکەمان بە تەنیشت خێمەی کاک کامەران قەرەداغی–یەوە بوو، ئەوانیش ئیزبارە و شتیان تەرتیب دەکرد، لەگەڵ کاک فەلەکەددین–دا زۆر قسەی خۆشمان دەکرد.

* ئەوەی پێ ڕادەگەیەنم و مەوزووعی ڕێزلێنانەکەشی بیر دەخەمەوە، پێی دەڵێم ئێستاش ئەو برادەرانە چاوەڕێن.

– کاک خالد سەرکار باسی کرد.. گوتی شتێکی وایان بەدەستەوەیە، ئێمە مەبەستمان پارە و شتەکە نییە، مەبەستمان تەقدیرەکەیە.

* لە ڕووی مەعنەوییەوە شتێکی گرنگە.

– ئا مەعنەوییەکە گرنگە.

**هەر بە گوێ گرتن و سەلیقە ئاوازم داناوە، لە ئاوازداناندا بۆ شیعری نوێش دوانەکەوتووم**

* گرفتی گۆرانی کوردی لای ئێوە چییە؟

– ڕاستییەکەی فەوزایە.

* فەوزاکە لەچیدایە؟

– فەوزاکە لەوەدایە کە گۆرانیبێژ زۆر زۆر بووە و بیر لە بەرپرسیارەتی ناکەنەوە، ئەو گۆرانییە کوردییەی کە تۆ دەیڵێیت، دەبێت گۆرانییەک بێت مۆرک و ڕەسەنایەتی کوردی پێوە بێت، هەندێک گۆرانیم گوێ لێدەبێت، کە هیچ پێوەندییەکی بەکوردییەوە نییە. ئەمە بێجگە لەو شیعرە ئاست نزمانەی، کە هەر بەبیستنی تەریق دەبمەوە.. نازانم گۆرانیبێژەکە چۆن ڕووی دێت ئەمانە بڵێت.

* منیش لەگەڵتدام شتی زۆر سەیر هەیە، وەک بە باوکی هەتیوت بم و زۆر شتی تر.

– بۆچی هەتیو بێت؟

* تۆ تەمەننا بکەیت پیاوەکە بمرێت و کەسێکی دی بیێتە باوکی هەتیوەکان، ئەو شیعرە ئەگەر فۆلکلۆریش بێت هەق نییە لەمرۆکەدا بەگۆرانی بوترێتەوە، ئەمە چ عیدوانیەتێکە؟

– ئەوە شیعرێکی بێ مستەوای فۆلکلۆرییە، دیارە شیعری نوێش ناکرێتە گۆرانی.. دەبێت شیعر کێش و سەروای هەبێت، ئەگینا بەکەڵکی گۆرانی نایەت.

* ئەگەر ئاوازدانەر چێژو سەلیقەی هەبێ، دیارە

شیـعـری نوێش دەکـرێ ئاوازی بـۆ دابنرێ. بە هەرحـاڵ با بگەڕێینەوە سـەر باسـەکـەی خـۆمـان، چارەسـەری ئەو فەوزایەی باستان کرد چییە؟

– چارەی ئەم فـەوزایە ئەوەیە هەندێک گـۆرانیـبـێـژ وازبهێنن..

* بەڵام ئەوان دەستبەرداری کارەکەیان نابن و خۆشیان پێ هونەرمەندە.

– کەواتە با هەر فەوزا بێت و فەوزاکە بەردەوام بێ.

* دەبوو ڕەخنە و ڕەخنەکـاری لەو بوارەدا ڕۆڵـی خـۆی ببینێت، تەنانەت دەکرێت لیژنەی تایبەت بە پشکنین و هەڵسەنگاندنی گۆرانی هەبێت.. ئێوە دەڵێن چی؟

– ئەوان لیژنەیان نییـە، ئەوانەی لە ئەورووپان، ئاواز بۆ شیعرەکە دادەنێن و پارە دەدەن بە مۆسیقاژەن و پاش چەند جـارێک پرۆڤـە، وێنەی دەگـرن. بەڵام لای ئێـمـە ئاوازەکەش فەحس دەکرێت.

* ئەی پێوەند جافت پێ چۆنە؟

– پێوەند دەنگی خۆشەو گۆرانی فۆلکلۆری زۆر چاک دەڵێت.

* ئەو گەنجانەی دەنگیان خۆشە، گرفتی ئەوەیان هەیە کەس نییە ئاهەنگ، ئاوازیان بۆ دابنێت.

– بڕیاری ئەوە هەبوو ئاوازی بۆ دابنرێت، ئیتر نازانم.

بەڕاستی لەم ماوەیەدا، هونەرمەندی چاک چاک کۆچی دواییان کرد، وەک کاک برایمی خەیات و عوسمان عەلی و مەرزیە خـان و مـوجتەبای مـیـرزادە و مـامـۆسـتـا ولیـەم یۆحەننا، خوا لێـیان خۆشبێت.. هەموویان جێ پەنجـەیان دیارە.. زۆر بەداخـــەوە بۆ کـــۆچی ناوەخـــتی ئەم هونەرمەندانە.. کە ناسری ڕەزازی جەژنی لە دایکبوونی بوو، مەرزیە خان ئاهەنگێکی بۆ ساز کردبوو..

* ئاگادارم..

– عوسمان عەلی لەو ڕۆژەدا گۆرانی دەگوت.. هەر کە دەستی پێکرد هەستم کـرد گۆرانییـەکەی نەشازە، گوتم لەوانەیە خـواردبێـتـیـەوە، بەڵام هەر ئەوەندەمـان زانی، مایکرۆفۆنەکەی لەدەست بەربۆوە، کەوت و ئیتر هەر ئەو کەوتنە بوو هەڵنەستایەوە.

* بەداخەوە..

– بردیان بۆ خەستەخانە و دکتۆرەکان گوتیـان ئەمری خـوای کـردووە.. زۆر زۆرم پێناخـۆش بوو.. کـە لەسـەر نەقالەکە پاڵیان خست، چوومە لای و ماچێکم کرد، هەر یەکسەر دەستم بەگریان کرد.

* پێش ڕاپەڕین برادەری منیش بوو، جـــار جـــارە دەچوومـە لای و هەندێ جـاریش قـاتی بیـجـامـەم لەلا دەدووری.

– کاک برایم خەیات-یش هەر برادەرمان بوو.

* بە ڕەحـمـەت بێت، لەگـەڵ کـاک قـادری براشـتـاندا هاوڕێ بووین، زۆرتر لە سەرتاشخانەی دەرسیم دەمبینی.

– ئەوە بۆ بیـست و چوار ساڵ دەچێت کە بەعس گرتی و سەرەونگوونی کرد.

* پیـاوێکی دڵپـاک بوو، قـسـەی دڵی خـۆی بۆ هەمـوو کەس دەکرد، دیار بوو ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیبوو.

– بە هەزاران لە شـەڕدا گـیـران، بە برینداری و بە دەمـانـچـەو چەک و تفـاقـەوە، کـەچی لە عـافـواتێکدا بەردەبوون، بەڵام قـادری برام، دەبێت چی کـردبێت وا بەریان نەدا.

* وەک بیستوومە دەڵێن لەژێر تەعزیبدا نەماوە.

– بەڵێ لەژێر تەعزیبدا شەهید بوو.

* برادەرێکم بۆی باسکردم، گوتی دڵیشم نایەت بچمە لای کـاک کـەریم و ئەمـەی پێ بڵـێم... گـوتی منیش گیرابووم، کاک قادرم لە زیندان بینی لە کاتی تەحقیق و ئەشکەنجـەدان جـوابەجـێیی دەکـردن، هەربۆیە بە پۆسـتـاڵ شـەقێکیـان لەبەر موسـڵـدانی هەڵدا و ئیـدی لە شـوێنی خـۆی گـرمـۆڵە بووە و هەڵنەسـتـاوەتەوە.. ئەمـەی بە تۆ نەگوتووە؟

– نەخـێـر، بەڵام دەمـانزانی لەژێر تەعـزیبـدا نەمـاوە، گەرچی حکوومەت بەیان وەفاتێکی دەرکردبوو، گوایە لە ١٩٨٢/٧/١-دا حوکمی ئیعدامەکەی جێبەجێ کراوە.

* ئەو گـۆرانیـیـانەی تا ئێـسـتـا گـوتووتن، لەهیـچیـان پەشیمان نیت؟

– نەخـێـر ئەو گـۆرانیـیـانە بۆ خـۆم هەڵـبـژاردوون و هەمووشیانم بەدڵە.

* بێـجگە لەو گۆرانیـیـانەی ئاوازی خـۆتن، کـەسی تر ئاوازی بۆ داناویت؟

– تا ئێـسـتـا تەنیا دووکەس ئاوازی بۆ داناوم، ئەوانەی تر هی خۆمن و هەندێکیشی فۆلکلۆرن.

* باشـە هیچ یادەوەرییـەکـتـان لەگـەڵ گـۆرانیـبـێـژە کۆنەکاندا هەیە؟

– بەڵێ کـاتێک لە سـاڵانی (١٩٤٥-١٩٤٦)، لە ئێزگەی بەغدا گۆرانیم دەگوت، یادەوەریم لەگەڵ (عەلی مـەردان) و (حەسـەن جەزراوی) و(فـەوزیە مـحـەمـەد) و (عـەباس مـحـەمـەد) و (نەسـرین شـێـروانی)دا هەیە.. ئەمـانە کـۆمـەڵێک گۆرانیبێژن کە لە ئێـستـادا کـەسیـان لەژیاندا نەمـاون و خـوا لێـیـان خـۆشـبـێت.. وابزانم هەموویان مردوون.



**ئازاد عەبدولواحید، کەریم کابان، حەسەن بەگی جاف**

* بەڕای ئێوە شارەزابوون لە مەقاماتدا، بۆ گۆرانیبێژ چەندە پێویستە؟

– زۆر پێویستە چونکە هەر گۆرانییەک لەسەر مەقامێکە، بەڵام من وەک دیراسە مەقامم نەخوێندووە و بەشبەحاڵی خۆم شتێکی کەمی لێدەزانم.

* باشە بۆ هونەرمەند زانینی ئامێری مۆسیقا چەند پێویستە؟

– بێگومان ئەویش پێویستە، بەڵام من کەمتەرخەمم، دەبوو ئامێرێکم بزانیایە.

* ئاشناترین ئامێری مۆسیقا بەگیانی ئێوە کامەیانە؟

– زۆر حەزم لە ئامێری عوودە.

* ئەو ئاوازانەی خۆتان دایاندەنێن، یەکسەر تۆماری دەکەن، یان لە زاکیرەتاندا دەیهێڵنەوە و پاشان دەیڵێن؟

– سەرەتا شیعرەکە دادەنێم و بۆ چەند کەسێکی دەخوێنمەوە کە زەوقی شیعرییان هەبێت، ئەگەر شیعرەکەیان بەدڵ بوو، ئەوکات ئاوازی بۆ دادەنێم و ئاوازەکەش بە هەمان شێوە، بۆ چەند کەسێکی دەڵێم، ئەگەر بەدڵیان بوو، دەیبەم بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئەوانیش یەکێک لە ئەندامانی تیپ دەستنیشان دەکەن تا دابەشکردنە مۆسیقییەکەی بگرێتە ئەستۆی و ڕێکی بخات.

* ئەوان پێشەکی و مۆسیقاکەی بۆ دادەنێن و دابەشی دەکەن؟

– پێشەکی و دابەشکردن و ئەو جۆرە شتانەی تەواو دەکەن.

* بێجگە لە ڕەحمەتی (قادر کابان) کە قوڕگی لە ئێوەوە نزیکە، کەسی تر نییە ئاوازی خۆتت پێ دابێت؟

– بەڵێ ئاوازم داوە بە دۆستی دێرینم (عوسمان عەلی)، هەروەها گۆرانی (کە نەتوانم بەسەر تۆدا وەکو شەماڵ بخولێمەوە)م داوە بە (کامەران عومەر) و ئاوازیشم بۆ ئەو داناوە.

* هونەری گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە، لە ئاواز و گۆرانی گوتندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە سلێمانی-یش (با بچینە سەر وەیس) و چەندین گۆرانی تر تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە. با بچینە سەر وەیس کێ دایناوە؟

– لەڕاستیدا گۆرانییەکی فۆلکلۆرییە و ئاوازدانەر و شاعیرەکەشی نەناسراون.

* بەڵام کاک مستەفا ئەحمەد لەچاپخانەیەکی هونەریدا لە ڕەمەزانی ڕابردوو پیاوێکی هێنابوو دەیگوت خۆم ئەو ئاوازەم داناوە، من ئێستا ناوەکەیم نایەتەوە بیر.

– ئەو دایناوە، نازانم.. دەبێت من نەمبینیبێت.

* بەڵێ پیاوێکی پیری هێنابوو، دەیگوت ئاوازەکەی من دامناوە.. دیارە گوێتان لێ نەبووە.

– من لەوە ئاگادار نیم.

* تۆ تایبەتمەندێتی ئەو گۆرانیانەی ناوچەی سلێمانی چۆن دەبینی؟

– سلێمانی تایبەتمەندێتی هونەریی خۆی هەیە، یەک دنیا گۆرانی هەیە کە لە ئێزگەی بەغدا و ئێزگەی بەردەرکی سەرادا گوتوومانن. هەروەک جەنابتان باسی تایبەتمەندێتی کۆیەتان کرد، بەڵێ هەر شوێنەی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. هەروەک چۆن هەولێر و هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانیش هەروایە.

* ئێوە پێتان وانییە، ئەم تایبەتمەندێتییە درێژکراوەی میلۆدی فۆلکلۆری ناوچەکە بێت؟

– بەڵێ وایە.. درێژکراوەی فۆلکلۆری ناوچەکەیە.

* ئەی سوودیان لە هونەر و فۆلکلۆری ناوچەی موکریان و ئەو جوگرافیایە وەرنەگرتووە؟

– بەڵێ زۆرجار سوودیان لە هونەری فۆلکلۆری یەکتری وەرگرتووە.

* ئەو گۆرانییانە سۆز و ئیحساسی تایبەتییان تێدایە.

– کاک حەسەن ئەوە من و تۆ کەوتووینەتە ساڵ، خۆشیمان بێت و ترشیمان بێت، ئەوە من ئەمساڵ دەبمە هەشتا و ئێوەش دوو ساڵی تر دەبنە هەشتا، ئەوە پیر بووین. ئای کە دەمێکە موشتاقی بینینی ئەم کاک ئازادەم، دەمێکە حەزم دەکرد بیبینم.

* زۆر سوپاس.

**حەسەن بەگی جاف:** ئەوە شیعرێکی هێمن هەیە، کە دەڵێت:

**لێکیان کردین کۆستیان کەوێت**

* ئیتر زەمانەیە، دەڵێی چی؟ لەو ڕۆژگارە جاری واهەبوو خەڵک دەگەیشتنە ڕومادی و بەسرەو ئەورووپا، کەچی ئێمە هەر هیچ نەبێت؛ دوو سەعات ڕێگە لە یەکترەوە دوور بووین و یەکترمان نەدەدی. خۆم خەڵکی کۆیەم پرسەمان هەبووە لەوێ نەمتوانیوە بچم، کارەسات بوو. ئێستاش کە لە هەولێر گیرساومەتەوە، هەولێر هی هەمووانە و دەبێت خۆشی بکەین.

– پایتەختی کوردستانە، بەڵام جەنابی کاک مەسعوود بارزانی، ئەگەر ئەو ڕێزلێنانەی بکردایەتە شتێکی هەمیشەیی، کارێکی زۆر باش دەبوو.

* ڕێزلێنانی نووسەران و هونەرمەندانت مەبەستە؟

– بەڵێ.

* ئەوە کاک فەلەکەددین–یش پێی خۆش نییە ئەو ڕێزلێنانە بوەستێت، بەڵام لەوە دەچێت، ئەوانەی مەسلەکین و لە بواری کارگێڕی و دارایی کار دەکەن، پێیان وایە ئەوانە مووچەکەیان دەبێتە دوان. دوێنێ لە ڕۆژنامەی (چاودێر) ئەمە نووسرابوو. دیارە ئەو مووچەیەی کە هونەرمەندێک وەریدەگرێت بەشی ناکات، ئەگەر پارەشی هەبێت ئەوە بۆ سەفەرکردن و نەخۆشی و شتی لەو بابەتە پێویستی پێیەتی، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕێزلێنانە کەسانی لابەلاشی زۆر تێکەوتووە، دەبێت بژار بکرێت، لەزۆر لاوە پاسەوان و عەریزەنووسیشی تێخراوە.

– خۆزگە بەڕێز کاک فەلەکەددین ئەوەشی چارە بکردایە.

* لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ دەکەم.

– بنەماڵەی بارزانی، ئەو پیاوەیان خۆشدەوێت.. زۆر دەمێکە لەگەڵیاندایە.. کاک فەلەکیش ئینسانێکی زیرەک و ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانایە.

* بەڵێ ئەو نووسیبووی ڕاگرتنی ئەم ڕێزلێنانە هەرایەک دەنێتەوە.

– خۆزگە جەنابی کاک مەسعوود بارزانی بیکردایە بە هەمیشەیی.. کاک فەلەکەددین–یش بەو پێیەی کە زۆر زیرەکە و زۆر دەمێکە لەناو پارتیدایە، پێم وایە دەتوانێت عەرزی جەنابی کاک مەسعوود–ی بکات. بەخوا زۆر کەس هەیە، هەر بەو مووچەیە دەژی و مووچەی تری نییە. ئێمەش وەک خۆمان خانەنشینین و مەعاشەکەشمان زۆر کەمە. ئەگەر ئەو یارمەتییە نەبێت، ئەوە بە یەک مەعاش ناژین، بێجگە لەوەی هاندەرێکیشە.

## ئەمڕۆکە گۆرانی کوردی لەناو ئاژاوەیەکی گەورەدا دەژی، گۆرانیبێژانیش بیر لە بەرپرسیارەتی خۆیان ناکەنەوە

* شێخ ئەنوەریش لەو ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد؟ ئەوە چی بوو جەڵتە لێیدابوو؟

**حەسەن بەگی جاف:** شێخ ئەنوەر پێش مانگێک، بە ئەورەحمانی برامی گوتبوو، من دەبێت خۆم داوای مردن لە خوا بکەم، ئینجا دەمرم، ئەوە بوو پاش مانگێک ئەمری خوای کرد.

– کە بە منیان گوت ئەمری خوای کردووە، سەیرم لێهات، چونکە تەندروستی باش بوو. من جاری وا هەیە، تەندروستیم هێندە خراپ دەبێت، خۆم دوعا لەخۆم دەکەم.

* ئەرێ تۆ کاک عەبدوڵڵا جەوهەرت دەناسی؟

– بەڵێ کتێبەکانی لە کتێبخانەی گشتییە. پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو.

**حەسەن بەگی جاف:** پیاوێکی ئەدیب بوو، کەس نەیدەزانی ئەو پیاوە ئەدیبە.

* زۆر گۆرانیبێژی ئافرەت پەیدابوون، هیچیان سەرنجیان ڕاکێشاویت؟

– گۆرانی کوردی دەڵێن و هەندێکیان باشن و..

* مەرزیە و لەیلای خوشکی باشن؟

– بەڵێ..

* ئەی ڕات بەرامبەر بە گۆرانی گوتراو بەشێوەزاری هەورامی چییە؟

– شێوەزاری هەورامی ڕەسەنە، تا ئێستاش پارێزگارییان لە مۆرکی ڕەسەنی خۆیان کردووە و نەیانهێشتووە هی دیکەیان تێکەڵ بێت، گەرچی لێی تێناگەم، بەڵام هەمیشە گوێی لێدەگرم و مۆرکەکەیانم زۆر پێخۆشە.

* زۆر لە گۆرانیبێژەکانی ئەمڕۆ، گۆرانی کرمانجی دەڵێنەوە، ئێوە تا ئێستا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە، بەو شێوەزارە گۆرانی بڵێن؟

– ڕاستییەکەی من هیچ لەگۆرانی بادینی نازانم، دیارە گۆرانی بادینی–یش بەشێکە لەگۆرانی کوردی و گۆرانیبێژی چاکیان هەیە و لەوانەیە من ناوەکانیان نەزانم.

* ئەی هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە گۆرانی بادینی بڵێیت؟

– وەڵڵا گۆرانیبێژی بادینی زۆرمان هەیە، هیچ پێویست بە من ناکات.

* ئێستا گەنجەکان لە کلیپەکانیاندا، یەک دوو گۆرانی بادینیشی تێدەکەن.. ئەمەتان پێ باشە؟

– پێم باشە، ئەگەر باش بیڵێن و مۆرکی بادینییەکەشی بپارێزن.

* خێزانەکەت لە ئیشوکاری هونەریدا چەند هاوکارت بووە؟

– وەڵڵاهی یەکدەقە خێزانەکەم نەبینم، شێت دەبم.. خۆ لەهیچدا نەماوم، بەڵام شەریکی حەیاتمە.. بێجگە لەو هیچ کەسێک نییە خزمەتم بکات.

*** پێناسە**

– پێناسەی کەسیی ئەو هونەرمەندە ئاماژە بەوە دەدا کە هونەرمەند (عەبدولکەریم محەمەد کابان) لە ساڵی ١٩٢٧دا لە شاری سلێمانی لەگەڕەکی مەڵکەندی هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە. ژیانی تایبەتی کە لە ئامێزی سروشتی جوان و ڕازاوەی کوردستاندا بەسەر بردووە کە سروشتێکی ئەفسووناوییە، سروشت و خاک عیشقێکی قووڵیان تێدا ڕواندووە، عیشقێکی بێ ڕادە و سنوور بەرانبەر بەژیان. لە ساڵی ١٩١٨ کە تازە جەنگی یەکەمی جیهانی وەستابوو، سلێمانی لەناو کپی و بێدەنگی و چاوەڕوانییەکی پڕ لە نیگەرانی و ترس و ختوورەدا دەژیا. ڕووداوەکان بە خێراییەکی زۆر سەیر تێدەپەڕین، داگیرکەری تورکی عوسمانی زۆر نەبوو بە نائومێدییەوە عیراق و کوردستانیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام لەپاش خۆی داگیرکەرێکی دیکەی بەجێ هێشتبوو کە داگیرکەری ئینگلیز بوو. لەو ڕۆژەگارەدا خەڵکی تەنیا ئایینیان شک دەبرد لە سێبەر و سایەیدا پشوویەک بدەن و هەناسەیەک هەڵمژن، ئەوکاتانە باوکی هونەرمەند کەریم کابان لە خوێندنەوەی مەولوودی پێغەمبەر زۆر بەناوبانگ بوو، لە زۆربەی بۆنەکانی ئایینی مەولوودی دەخوێند، کەریم کابان-یش وەک منداڵێک لەبن دەستی باوکییەوە دادەنیشت و گوێی بۆ شل دەکرد و بە تاسەوە گوێی بەو دەنگە خۆشەی باوکی پڕ دەبوو و دەزرنگایەوە، ئەوە بێجگە لەگوێ گرتنی بەردەوامی لەدەنگی دەنگخۆشەکانی وەک سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەلا کەریم، کە زۆر بەڕێز و خۆشەویستی و سەرسامییەوە باسی ئەو هونەرمەندە پێشەنگانە دەکات و هەمیشە وێردی سەر زمانی ئەوون.



**کەریم کابان لەگەڵ باوک و خوشک و براکانی وێنەکە ساڵی (١٩٣٥) گیراوە**

*** هەنگاوی یەکەم**

* کەریم کابان لە بارەی سەرەتایەکانی هونەری خۆیەوە دەڵێ:

– ساڵی ١٩٤٢ کاتێک قوتابی بووم (پۆلی چوارەمی سەرەتایی و لە قوتابخانەی فەیسەڵییە دەمخوێند، لەکاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ، مامۆستا (ساڵح عەلی) کە مامۆستای وەرزش و سروودمان بوو، لە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵدا، کاتێ گوێی لێ گرتم، دەنگخۆشی و بەهرەی لەمندا دۆزییەوە، لەوکاتەدا کە یەکێک لە سروودەکانی قوتابخانەی ئەوساکەم بۆ گوت، بەگوتن و دەنگەکەم زۆر خۆشحاڵ و سەرسام بوو، کاتێ دەنگی منی بیست بۆ ئەو دۆزینەوەیەکی گەورە بوو، زۆر گلەیی لێکردم کە ئەو دەنگەم هەیە و نەچوومەتە پاڵ تیپی سروودی قوتابخانەوە. وشەکانی ئەو مامۆستایە کاریگەرییەکی زۆری بەسەرمەوە هەبوو و زۆر دڵم بە قسەکانی خۆش بوو، بەڵێنی پێدام کە بۆ لەمەولا خۆی شێوەی گۆرانی گوتن و پرەنسیپەکانیم فێر بکات. ئەوەبوو هەر دوای ئەوە چوومە ناو تیپی سروودی قوتابخانەوە کە تایبەت بوو بە قوتابخانەکەی خۆمانەوە. پاشان لە زۆربەی هەرە زۆری چالاکییە هونەرییەکانیدا بەشداریم کرد. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە هونەر بۆ من هەر لە منداڵییەوە حەزێکی ڕەوتەنی و ڕاگوزار نەبووە، بەڵکو لەلای من هۆگری و خۆشەویستییەکی

گەورە و عیشقێک بوو، دواتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساڵ لەدوای ساڵ لەگەڵ ساڵەکانی تەمەنم، هونەر لەگەڵمدا گەورە بوو، تا وای لێهات بووە پێداویستییەکی ڕۆحی بۆ من و گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانم داگیرکرد، پاشان گۆرانی گوتن لەلای من بووە بەرپرسیارەتییەکی زۆر گەورە و هەستم دەکرد دەبێ ئەو بەرپرسیارەتییە گەورەیە بگرمە ئەستۆی خۆمەوە.

*** هەنگاوی دووەم**

– لەناو گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئێزگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک دروست بوو، ئەوکاتە هەریەکە لە مامۆستایان گۆران و ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاک لەو ئێزگەیەدا کاریان دەکرد، ئێزگەکە لە پەخشی خۆیدا سرووودی کوردی پەخش دەکرد و لێدەدا، من ئەوکاتە هەموو ئەو سروودانەم لەبەر دەکرد و لەسەر لەبەیانیانی قوتابخانە دەموتنەوە، ساڵی (١٩٤١ - ١٩٤٢) لەبەر کەمی ئامێری ڕادیۆ و نەگەیشتنی دەنگوباسی جەنگ بە خەڵکی سلێمانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، بەرپرسانی شار کەوتنە دانان و دامەزراندنی ئێزگەیەکی ناوخۆیی بۆ بڵاوکردنەوەو بیستنی هەواڵەکانی جەنگ، چونکە لە گەرەکێک ڕادیۆیەک نەبوو. ئەم ئێزگەیە بریتی بوو لە ئامێرێکی (ئەمپری فایەر) لەگەڵ چەند بڵندگۆیەک (مکبرة)ی دەنگ کە بەسەر چەند چایخانەیەکدا دابەش کرابوون وەک چایخانەی (حەمەفەرەج) و (حاجی عەول) و (حەمەڕەق) و هەندێ ستوونی کارەبا. ئەوسا زۆربەی خەڵکی سلێمانی لەو چایخانانە دادەنیشتن، بێجگە لەوەی کە چوار موکەبەرەی دەنگیی تریش کە ڕوویان لە کانیسکان و مەڵکەندی و گۆیژە و سەرشەقام بوو، ئەوانە دەنگیان زۆر زۆر دەڕۆیشت و دەتوانم بڵێم بە ئاسانی هەموو خەڵکی شار گوێبیستی دەبوون، چونکە ئەو کاتە شاری سلێمانی هێندەی ئێستا قەرەباڵغ نەبوو، هەموو سلێمانی بیست ئوتومبیلی تێدا بوو. من بە نووسراوێکی ڕەسمی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف و کارگێڕی قوتابخانەکەماوە بۆ ئەو ئێزگە ناوخۆییە نێردرام بۆ ئەوەی لەو ئێزگەیەوە گۆرانی بڵێم کە ئەم سەرەتای گۆرانی گوتنەم، لە جیهانی هونەردا سەرەتایەکی ڕاستەقینەی دەست پێکردنم بوو. بەم شێوەیە لە گۆرانی گوتن بەردەوام بووم تا ساڵی ١٩٤٤ی خایاند. کاتێ قۆناغی سەرەتاییم بڕی، من بە تەواوی لەگۆرانی گوتن دابڕام و زۆرتر کەوتمە بایەخدان بە خوێندن، ئەمەش زۆر درێژەی نەکێشا کاتێ لە ساڵی ١٩٤٥ ڕووم کردە بەغدا تا بچمە قوتابخانەی لاسلکی و لەسلکی پۆلیس بگیرسێمەوە.

* لەوکاتە بێجگە لە تۆ کێی تریش لەو ئێزگەیەدا گۆرانییان دەگوت؟

– کابرایەک هەبوو، ئەویش هەر ناوی کەریم بوو.. کەریم شایەریان پێدەگوت. هەر کەسێک دەنگی خۆش بوایە، دەهات و گۆرانی دەگوت.

*** چوونی بۆ ئێزگەی کوردی**

* ئێزگەی کوردی وێستگەیەکی گرنگە لەپێناسی تەمەنی هونەری کەریم کابان، لەم بارەیەوە دەڵێ:

– پاش ئەوەی پێوەندیم بە قوتابخانەی لاسلکییەوە کرد لە بەغدا، بەڕێز (کامیل کاکەمین)م لەوێ بینی، ئەوکاتە سەرپەرشتی و سەروکاری ئێزگەی کوردی دەکرد، کاتێ چاومان بەیەکتر کەوت، زۆر بە بینینم دڵخۆش بوو، چونکە منی بەهۆی بیستنی دەنگمەوە دەناسی، ئەمەش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە لە ئێزگەی ناوخۆیی شاری سلێمانی گۆرانیم دەگوت. بۆیە منی هەڵبژارد تاکو بچمە بەشی کوردی لە ئێزگەی عیراق، لەوێ ئاهەنگێکی گۆرانی گوتنی ڕاستەوخۆی بۆ تەرخان کردم کە هەفتانە ماوەی نیو سەعات گۆرانیم تێدا دەگوت، ئەو ئاهەنگەم ڕۆژانی جومعە پەخش دەکرا. ماوەی دوو ساڵ لە ئێزگە مامەوە، هەر لەوکاتەدا بوو کە هونەرمەندان: (حەسەن زیرەک) و (حەسەن جەزراوی) و (فەوزیە محەمەد) و (ئەڵماس محەمەد) و (خەیریە مەنسوور) لەوێ گۆرانییان دەگوت. پاشان لە دنیای هونەر دوورکەوتمەوە، کە ئەم دوورکەوتنەوەیەش لە دەسەڵاتی من بەدەر بوو، ئەمەش بەهۆی گوێزانەوەم بۆ ناحیەی (دینارتە)ی سەر بە قەزای ئاکرێ بوو.

*** ڕووکردنە ئاوازدانان بۆ گۆرانییەکانی.**

– ساڵی ١٩٥١ هونەرمەند کەریم کابان بە تەواوی ڕووی کردە گۆرانی گوتن، هەر ئەوکاتە بوو کە سەرەڕای گۆرانی گوتن، کەوتە ئاوازدانانیش بۆ خۆی، پاش ئەوەی ئەو بەهرە و توانایەی لەخۆیدا بەدی کرد. ئەوەبوو تا ساڵی ١٩٥٣ ئاوازی بۆ هەندێ شیعری (گۆران) و (شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی) دانا. ساڵی ١٩٥٤ ئەوکاتەی کە لە پێنجوێن بوو، سەردانی بەغدای کرد و پێوەندی بە (کامیل کاکەمین) کرد، بۆ ئەوەی ئەو سێ ئاوازەی لەگەڵ پێنج گۆرانی فۆلکلۆری تۆمار بکات، ئەوەش لە پاش ئەوەوە دێ کە ئێزگەی ناوبراو چەند ئامێرێکی تۆمارکردنی بۆ دابین کرا، چونکە پێشتر ئەو ئامێرانەی نەبوو، بۆیە نەیدەتوانی گۆرانی بۆ کەس تۆمار بکات. ئەو گۆرانیانەش ناوبەناو لەو ئێزگەیەوە

لێدەدران.

هەر لە هەمان ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٥٤ وازم لە گۆرانی گوتن هێنا و ماوەیەک دەستم لە گۆرانی وتن هەڵگرت، ئەمەش بەهۆی گوێزرانەوەی وەزیفەکەمەوە بوو بۆ ڕومادی و ناسرییە، لەوێ تا ساڵی ١٩٧٠ مامەوە، پاشان گەڕامەوە بۆ شاری سلێمانی تاکو لەسەر کارو چالاکییە هونەرییەکانم بەردەوام بم. ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا ئاوازم بۆ شیعرێکی گۆران دانا بەناوی (لەدرزی پەچەوە)، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی لە پێوەندییەکی بەردەوام دابووم، کە قادر کابان-ی برام لە ساڵی ١٩٧٣ یەکێک لە ئاوازەکانی منی لەگەڵ ئەو تیپەدا تۆمار کرد.

لەساڵی ١٩٧٤ ئاوازم بۆ هەردوو شیعری (شەو) و (یاران وەسیەتم) دانا. لەپاش ئەوەی شەرەفی ئەندامێتیم لە تیپی مۆسیقای سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٥ بەدەست هێنا، لە ساڵی ١٩٧٦ هەردوو گۆرانییەکەم بەڕەش و سپی لەگەڵ ئەو تیپەدا تۆمار کرد. پاشان ئاوازم بۆ شیعرێکی بێسارانی دانا و بەدەنگی خۆم لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارم کرد.

لە ساڵی ١٩٧٨ جارێکی دی ئەم گۆرانییەم لە تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ تۆمار کردەوە، هەروەها ئەو گۆرانییانەم لە زۆر بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی وتووەتەوە و پێشکەشی جەماوەرم کردوون. پاشان شیعرێکی دیکەی (گۆران) کە ناوی (بۆ کچێکی شۆخ)ـە ئاوازم بۆ دانا. لە ساڵی ١٩٨٠ ئاوازم بۆ شیعری (پرسیار)ی کامەران موکری دانا و لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارم کرد.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ کۆمەڵێک مەقاماتم بەشیعری شاعیران: (جەمال شارباژێڕی و ساڵح شارەزووری و هێمن و شێخ ئەنوەر و سالم و ئەحمەد هەردی) تۆمار کرد و بەکاسێت بڵاوکرایەوە.

* ئەی بۆچی ئاوازەکانت بە تەنیا داوە بە (قادر کابان)ی برات و ئاوازت بۆ کەسانی دیکە دانەناوە؟

- هۆیەکەی تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەنگی ئەو زیاتر لەگەڵ ئاوازەکانم دەگونجا، هەرچەندە من ئاوازی شیعرێکم بەناوونیشانی (یاری دێرین) بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دانا کە پاشان لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆماری کرد.

* پێم وایە هەر ئەو گۆرانیانەت بە ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ بەرنامەی (نسمات من بلادي- شنەبایەکانی وڵاتەکەم) تۆمار کردەوە، ئەمەیان چۆن بوو؟

- بەڵێ هەر لەناو بەرنامەی (نسمات من بلادي) گۆرانی (شەو) و (یاران وەسیەتم) لە تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦ تۆمار کران. تۆمارکردنی ئەو دوو گۆرانییەش بەو شێوەیە لەلایەن تیمی هونەری ماندووبوون و تەقالای زۆری ویست کە هەوڵێکی زۆر دڵسۆزانەیان دا لەپێناوی تۆمارکردنیان، ئەوانەش نابێ ناویان لەبیر بکرێ کە (غازی فەیسەڵ) و (خەلیل ئیبراهیم) و (فەرقەد مەلکۆ) بوون.

* ئەی خۆت لە بواری ئاوازدانان بۆ شیعری نوێ تاقی کردووەتەوە، یان چی؟

- لە بواری ئاوازدانان بۆ شیعری نوێ دوانەکەوتووم، بۆیە هەر زوو ئاوازم بۆ شیعرێکی شاعیری لاو (فەریدوون عەبدول بەرزنجی) بەناوونیشانی (فرمێسک و شیعر) دانا، کە هونەرمەند سەڵاح ڕەووف ئاوازەکەی بۆ دابەش کردم و لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ تیپی مۆسیقای (پیرەمێرد) کە سەر بەتیپی مۆسیقای سلێمانی بوو تۆمارم کرد.

* باشە تۆ ئەو هەموو ئاوازانەت داناوە و لە ئاوازدانانیش بەردەوامیت، کۆدەنگییەکیش لەسەر ئەوە هەیە کە ئاوازەکانت لای گوێگری کورد جێی ڕەزامەندییە، ئەی چۆنە ناتوانی هیچ ئامێرێکی مۆسیقایی بژەنیت؟

- بەداخەوە من نازانم هیچ ئامێرێک بژەنم.

* ئەی چۆن توانیت ئەو ئاوازانە دابنێیت؟

- تەنیا لە ڕێگەی گوێ گرتن و هەر بەسەلیقە ئاوازەکانم داناوە. ئاوازەکانم بەمیوانی دێنە لام و بۆم دێن، ئەوەشم بەسە کە ئەو ئاوازانە بوونەتە جێگەی ڕەزامەندیی گوێگرو جەماوەرێکی بەرفراوان.

* ئەی هیچ چاککردنێک، دەستکاری کردنێک، گۆڕانکارییەک لەلایەن موزیکژەنەکانەوە بەسەر ئاوازەکانتدا دێن؟

- هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، بێجگە لە گۆرانی (پرسیار) کە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی هەندێ دەستکاری بچووکی کردو پاشان دابەشی کرد، بەڵام ئاوازەکانی دیکەم هەروەک خۆیان ماونەتەوە و دەستکاری نەکراون.

* ئێوە لەکاتی ئاوازدانانندا چەند سوودتان لە ئاواز و میلۆدییە دێرین و فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە؟

- بێگومان سوودی زۆرم لێیان وەرگرتووە، بەڵام

ئاوازەکانی من دایاندەنێم چەند هەوڵدانێکی بچووکن و سوودی زۆریشم لە چاووگ و کانی ڕوونی فۆلکلۆر وەرگرتووە بۆ دارشتن و دانانی ئاوازێکی نوێ و هاوچەرخ تا لەگەڵ چێژ و زەوقی گوێگری ئەم سەردەمەدا بگونجێ.

* کام ئاواز و گۆرانییە بوو، زیاتر تۆی گەیاندە جەماوەر و بە جەماوەری ناساندی؟

– یاران وەسیەتم دەنگ و سەدایەکی باشی دایەوە و جەماوەر لەکوردستان ئەو گۆرانییەیان زۆر خۆش ویست.

* هەر بەو بۆنەیەوە حەز دەکەم بپرسم ئاستی ئاوازدانان لەلای ئێمە چۆن دەبینی و هەڵیدەسەنگێنی؟

– زۆر سستە و بەکزی بەرێوەدەچێ، بەڵام هەنگاوی پتەوو چاک بەرەو ئاسۆی پێشکەوتن دەنێ.

* کێ زۆرتر دابەش کردن و کاری موزیکی ئاوازەکانت بۆ ئەنجام دەدات؟

– ئەو شیعرانەی من ئاوازیان بۆ دادەنێم لەلایەن ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و زۆر هونەرمەندی ناسراو و بەناوبانگەوە جێبەجێ دەکرێن وەک هونەرمەندان: ئەنوەر قەرەداغی، سەلاح ڕەووف، خالید سەرکار، ئەلبێرت عیسا، هەروەها هونەرمەند وریا ئەحمەد لە هەولێر.

* تۆ چەند لە شێوەی دابەش کردنەکەیان ڕازیت؟

– بێگومان ئەوانە هونەرمەندی چاکن، ئاوازەکانم جوان دەکەن، بۆیە دەبینی ئەو ئاوازانەم، بوونەتە جێگەی بایەخی شارەزایان و جەماوەر.

* ئەی سەبارەت بە زۆربوونی تیپی هونەری گۆرانی و مۆسیقا چی دەڵێن؟

– ئەوە دیاردەیەکی تەندروست و چاکە با هەبێ، بەڵام ئەگەر لەسنوورێکی ماقوولدابن چاکترە، داخەکەم ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە و وای لێهاتووە ئەوەی هەڵدەستێ تیپێکی هونەری تایبەت بەخۆی دادەنێ. زۆربەی هەرە زۆری ئەو تیپانەش ساکارترین هەلومەرجی هونەرییان تێدا بەدی ناکرێ. ئەوانە کە بەهەر شێوەیەک گۆرانییەکانیان تۆمار دەکەن و بەکاسێت و سیدی دەیخەنە بازاڕەکانی کوردستانەوە، بەم کارە نابەرپرسیارانەیان چێژی خەڵکی تێکدەدەن و لەهەموو پێوەر و پێوانەیەکی چێژی هونەری ساغوسەلیم لادەدەن و دەیشێوێنن، بەم کارەشیان ئاژاوەیەک دەنێنەوە و بەرپا دەکەن، دواجار ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ڕووخاندن وتەفروتونا کردنی بنەما هونەرییە ڕەسەنەکان، بۆیە بەباشی دەزانم گەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، یان هەر کەناڵێکی هونەری باڵا دەست و دان پێدانراو سەروکاری ئەو هەموو تیپانە بکەن، ئەوسا دەکرێ هونەرمەندی بەتوانا و ڕەسەن لە ئارەزوومەندەکان جیابکرێنەوە، ئەم کارە ئاکام و ئەنجامی باش بەدەست دەهێنێ و ڕێگەیەکی ڕاست و دروستی خۆیان دەگرنەبەر کە لە هەنگاوی هەرزەکارانەی شێواو و بێ بەرنامە دووریان بخاتەوە، وەک دەزانین زۆرجار خۆ دەرخستن و ناوبانگ پەیداکردن ئەو کارانەیان پێدەکات، ئەوەش زۆری لەسەر حیسابی هونەرو داهێنان و ڕەسەنایەتی تەواو دەبێ، بۆیە پێم وایە تۆمارکردنی گۆرانی بەبێ بوونی سانسۆرێکی هونەریی توند و پێوەری هونەری چاک و سەرکەوتوو زەرەر و زیان لەناوبانگ و ئاستی هونەری گۆرانی دەدات.

* بەو بۆنەیەوە پێم باشە بزانم ئاستی گۆرانی و مۆسیقای ئەمڕۆکەمان چۆن دەبینی؟

– بەداخەوە بەلای منەوە لە پاشەکشە و دواکەوتنێکی بەردەوام دایە، ئەگەر هەندێ تیپی وەک تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ کە ناو بەناو بە بەخششی داهێنەرانەی چاک ناوبانگ و ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی دەپارێزن کە ئەو تیپە باشانە بەردەوام گۆرانی جوان و ڕەسەنمان پێشکەش دەکەن و جەماوەر و گوێگرانی گۆرانی کوردی دڵیان پێ خۆش دەبێ و کارێکی وا دەکەن لە گۆرانی کوردی دانەبڕێن، هەروەها پێویستە دەست پێشخەری و خزمەت و بەخششەکانی هەردوو تیپی (هەولێر) و (دهۆک) لەبیر نەکەین کە لە پێناوی بەرز ڕاگرتن و پێشخستنی ئاستی گۆرانی کوردی داویانە و بەردەوام دەیدەن.

* ئەی سەبارەت بە بەهرەی گۆرانیبێژە لاوەکان بیروڕاتان چۆنە، ئێستا گوێیان لێدەگری؟

– بە خوا کەم گوێیان لێ دەگرم.. تاقەتم لێیان نییە، گوێ لە هەندێ گۆرانییان دەگرم، سەیر دەکەم گۆرانییەکە عەرەبییە و شیعرەکەشی کوردییە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەهرە و توانای گەنجانە هەن کە من لەلای خۆمەوە هەموو بەهرەو توانایەکیان تێدا بەدی دەکەم، ئومێدم وایە لە داهاتوودا ببنە هونەرمەندی گەورە بۆ گەلەکەمان، ئەو لاوانە خاوەنی دەنگی زۆر جوان و خۆشن، ئەوە جگە لەوەی چەندان بەهرەی گەورەی دی هەن کە تا ئێستا نەناسراون، چونکە ئاوازدانەرێکیان پێویستە ئەو بەهرانە بدۆزێتەوە و بەگوێگرانیان بناسێنێ و دەستیان بگرێ و ئاوازیان بۆ دابنێ کە لەگەڵ سروشتی دەنگ و قورگی ئەوان بگونجێ، ئەم کارەش زۆر بە پێویست دەزانم تا بکرێ ئەو لاوە بەهرەمەندانە لە تەقلید و لاساییکردنەوە دەربهێنن کە تێی کەوتوون و پێ کوڵەی

تێدا دەکەن.
* ئەو دەنگە درەوشــاوانەی نێــو لاوانی هونەروەر کــە سەرنجی تۆیان ڕاکێشاوە کێن؟
– من دەنگی هونەرمەندانی لاوی وەک عـەدنان کەریم و بەهجەت یەحیا و خالید ڕەشید و زاهیر جەلال و پەیمان عومـەر و لەیلا فـەریقی و ئەیووب عـەلی و... و... زۆر پێ خـۆشــە و گــوێیــان لێ دەگــرم. ناسـری ڕەزازی و نەجمەددینی غولامی ئەوانە پێگەیشتوون، هەروەها لەناو گـەنجـەکـانیـشـدا یەکـێکی تریش هەیە، هونەرمـەندە دەوڵەمـەندەکـە.. زەکەریا، گـۆرانیـیـەکی هەیە بە ناوی بگەڕێوە.. ئەو گۆرانییەیم زۆر پێخۆشە، ناوی تریش هەن لە یادم چوونەتەوە.
* ئەی لەبارەی ڕەخنەی هـونـەری و واقــیــعـی ڕەخنە لەبواری گۆرانی و مۆسیقا لەکوردستان چی دەڵێن؟
– ڕەخنەی بواری هونەری گــۆرانی و مــۆســیــقــا لە خەوێکی قـووڵ دایە و پرخـەی دێ. نازانم کـەی خـەبەری دەبێتەوە و ڕۆڵی خۆی دەبینێ؟
* ئەی لەناو ئەمـرۆی هونەری گـۆرانی و مـۆسـیـقـای کــوردیدا چی دڵخــۆشــتــان دەکــات و بووەتە مــایەی گەشبینیتان؟
– ئەو دیاردەیەی کـە زۆر سـەرنجی منی ڕاکـێـشـاوە، زۆربوونی ژمارەی هونەرمەندانی کوردی ڕۆشنبیرە کە بە گــەرمــوگــوڕی و پەرۆشــیــیــەوە هەوڵ دەدەن مــۆرک و خەسڵەتی هونەری کوردی ڕەسەن ببووژێننەوە، ئەمەش نەک تەنیا لەبواری گۆرانی و مۆسیقادا، بگرە لە هەموو بوارەکــانی دیکەی هونەری گـەلەکـەمــاندا، لە هەمــان کاتیشدا دەمەوێ سەرسامی و شانازی خۆم بەرانبەر بەو دەستە هونەرمەندە دەربڕم کـە زۆر هیوام پێیانە، ئەگەر کەسانێک هەبن بتوانن کۆیان بکەنەوە و لەڕووی ماددی و مــەعنەوییــەوە پشــتگیــرییــان بکەن و چالاکی و کارەکانیان بۆ ڕێک بخەن و بەرهەمەکانیان کە گوزارشت لە ئاوات و خواستـەکـانی میللەتەکـەمـان دەکـات، ئەوە دەتوانن کــەلێنی گــەورەتر پڕ بکەنەوە و خــزمــەتێکی مەزنیش بە هونەرەکەمان بگەیەنن.
* ئەی نهێنی سەرکەوتنی گۆرانی و ئاوازەکانی خۆت لە چیدا دەبینی؟
– ڕاســــتگۆیی لەوتن و چڕین– اداء– و دەربڕینی هەست و ســـۆز و ئاوەژووکـــردنەوەی دەروون و ناوەوەی ئینسان بە گەرموگوڕی، ئەوە سەرەڕای هەڵبژاردنی ورد و ڕاست و دروســتی ئاواز و شـیـعـری باش، لە ئەنجـامی ئەوەشدا شێوە و چەشنە گۆرانییەک هاتە بەرهەم کە بووە مایەی بایەخدان و سەرنجی گوێگر و جەماوەرێکی پان و بەرین.
* کەواتە بەلاتانەوە سیـمـاو خاسـیـیـەتەکانی گـۆرانی سەرکەوتوو چییە و چۆنە؟
– جارێ لە پێشەوە هەڵبژاردنی شیعری چاک کە خۆی لە قـەرەی بابەتی نەسـواو دابێ و پێشـتـر باس نەکـرابێ، واتە شـیـعـرێک بێ گـوزارشت لە پێـداویسـتـیـیـەکـانی گـوێگری ئەمـڕۆکـە بکات، هەروەها پێـویسـتـە ئاوازێکی جوان و ڕەسەن بۆ ئەو شیعرانە دابنرێ، کە ئەو ئاوازەش دەبێ لەگەڵ چینە دەنگی ئەو گۆرانیبێژەدا بگونجێ.
* باشـە تۆ بیــروڕات ســەبارەت بە هێنانی ئامــێـری مۆسیقایی ڕۆژئاوایی بۆ ناو گۆرانی کوردی چۆنە؟
– ئەگـەر ئەو ئامـێـرانەمـان بەشـێـوەیەکی هونەرییـانەی ڕاست و دروست خستە ناو تیپە هونەرییەکانمان و گۆرانی کـــوردی پێ پێــشـکـەش کـــرا، یان لەســـەر بنەڕەتێکی زانسـتـیـانە بخرێنە شـوێنی خۆیانەوە پێم وا نییـە زەرەرو زیانی هەبێ.
* تۆ نەبوونی گۆرانی دریژ لەناو گۆرانی کوردیدا بۆچی دەگێڕیتەوە؟
– زۆربەی هەرە زۆری گـۆرانیـبـێـژەکـانمان ڕوو دەکـەنە شەپۆلی گـۆرانی کـورت و خـێـراو سووکـەڵە، چونکە ئەو هەلومەرج و پێداویسـتـیـیـانەی لەبەردەستیـان دایە وایان لێدەکات لەناو بازنەی ئەو بیرکردنەوەیەدا قـەتیس بمێنن، ئەوە بێـــجـگە لە سنووردارییی دەســــەڵات و توانـایی هونەرییــان، هەروەها نەبوونی شـارەزایی و پســپـۆڕیی پێـــویست بۆ ئەو کـــارە، بۆیە نـازانم تـا چ ڕادەیەک ئەو ئاواتە دێتە دی؟
* چی تر ماوە بیلێین؟
– پێداگـیـری لەسـەر ئەوە دەکـەمـەوە کـە پێـویسـتـە بە بەردەوامی بەرهەمی هونەری ڕەسەن پێشکەش بکرێ، بۆ ئەوەی بە هەمـوو لایەک بتوانین ڕووی گـەش و ڕەونەقدار بۆ هونەری گـۆرانی و مـۆسـیــقــای کـوردی بگێــڕینەوە، ئەمـەش بەوە دەبێ کە بتوانین هەموو بەهرەو تواناییـەکان کــۆبکـەینەوە و هانیـــان بدەین، تا ئەو هەڵە برەخــسـێ گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەرەو ئاستی هونەری گۆرانی و مۆسیقای گەلانی جیهان بەرز بکەینەوە.



لە سەردەمێکی زووەوە کوردیش وەکو زۆربەی گەلانی تر خاوەنی دەنگخۆشی ڕەگەزی مێ بوون، بەڵام بەهۆی داخراوی کۆمەڵگەی کوردی، زیاتر ئەو دەنگانە لەناو ماڵەکان و لە کۆبوونەوەی ژنەکاندا بیستراون، یان لە کاتی مەڕدۆشین و ساوار کوتان و ساوەر کوڵاندن.. تاد، یان بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێک بۆ کوڕەتیم حەیران، یانیش لە ڕێوڕەسمەکانی مردنی کوڕ و باوک و برا دا، لە ڕێگای لاواندنەوە و سەردوولکەوە دەنگە خۆشەکانی ئافرەتان بیستراون. دیارە لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێ لە ئافرەتان ئەم ڕچەیەیان شکاندووە و لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا گۆرانییان گوتووە، هەربۆیە لە مێژووی هونەری گۆرانی گوتنی کوردیش جێگای ئەو هونەرمەندە ژنانە هەروا بە بەتاڵی نەماوەتەوە، کەسانی وەک: (گوڵبەهارو ئایشەشان و فەتانەی وەلیدی و نەسرین شێروانی و دایکی جەمال) و چەندانی تریش تا ئێستاش وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی هونەری کوردی هەر بە زیندوویی ماونەتەوە. دیارە ئەم ڕێگەیە هەر بەردەوام بووە و تا ئێستاش چەندین ئافرەتی دەنگخۆش بەکاری هونەری جوانەوە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان نیشان دەدرێن و لە ڕادیۆکاندا دەنگیان دەبیسترێت، تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە لەو هونەرەدا قاڵ بوونەتەوە کە بوونەتە خاوەن ستایلی تایبەتی خۆیان. هونەرمەندی دەنگخۆش (ژاڵە) یەکێک لەو هونەرمەندە ئافرەتانەیە کە خاوەن ستایلێکی تایبەتی خۆیەتی و ڕەنگە هەرکەسێک نەتوانێت، یان نەیەوێت وەک ئەو گۆرانی بڵێت، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بیروڕایەکانی ئەو هونەرمەندە لە هوتێلی خانزاد دەیدەنیمان کرد و ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد.

# ژاڵە:
# ئەم سیستمە کۆنە پیاوسالارییەی باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا کێشاوە دەبێ تێک بشکێندرێت

**دیانە: دڵشاد خۆشناو**

* لەکوێوە دەست پێبکەین؟
– بەڕای من لە بوونی ئافرەتەوە دەست پێبکەین، غایب بوونی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بۆ من جێگای سەرسوڕمانە، ئێمە لە کەناڵی کوردسات نزیکەی پانزە ڕۆژ گەڕاین، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ئافرەت بدۆزینەوە تا لە کلیپێکی گۆرانیدا بەشداربن، بەداخەوە دەستمان نەکەوتن. ئافرەت زۆرە، ئافرەتی بەتواناش هەیە، ئافرەتی بەردەم کامێراشمان هەر زۆرە، بەڵام بەداخەوە کەسیان جەسارەتی ئەوە ناکەن تەنانەت لەکلیپێکدا ڕۆڵێک بگێڕن، تۆ سەیری هونەرمەندە ئافرەتەکانی (هۆلیوود) بکە بزانە چیدەکەن؟ من چیم لەوان کەمترە کە نەتوانم وەکو ئەوان بم؟ ئەمە بۆ من جێگای سەرسوڕمانە و پرسیارێکی زۆر گەورەشە، زۆریش بەداخەوە دەڵێم من تا نەهاتمەوە کوردستان، بەم مەسەلەیەم نەزانی.

* بەڕای تۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم مەسەلانەوە کاری هونەرمەندە، یان کۆمەڵناس؟

– چارەسەری ئەم پرسە، یان بڵێم ئەم گرفتە، پرۆسەیەکی گەورەی دەوێت کە هەموومان تێیدا ئەرکی خۆمانمان هەیە و کاری یەک کەس و دووکەس و هونەرمەند و کۆمەڵناسێک و دوو کۆمەڵناس نییە، سیستەمەکە دەبێ بە گشتی بگۆڕدرێت، ئەم سیستەمە کۆنە پیاوسالارییەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا کێشاوە دەبێ تێکبشکێندرێت، ئەگەر تێکنەشکێت، ئافرەت ناتوانێت بوونی خۆی لەکۆمەڵگادا هەبێت، ئەم ئامادەبوون و وجوودەی ئێستاش هەمانە لەچاو هی پیاو هەر بە هیچ ناژمێردرێت و زۆریش کەمە. سیستەم چۆن دەگۆڕدرێت؟ سیستەم بە تێپەڕبوونی کات دەڕوات تا بگۆڕدرێت بۆچی؟ چونکە کولتوور و فەرهەنگ نزیکایەتییەکی زۆر تێکەڵ و بەیەکاچوویان لەگەڵ ئابووریدا هەیە، کۆمەڵگای ئێمە ئێستا خەریکە لە بواری ئابووریدا پێشدەکەوێت، هەڵبەت ئەویش نەک ژێرخانی ئابووری، بەڵکولە بواری ئابووری ڕواڵەتیدا خەریکە گەشە دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە بۆتە مەڵبەندێکی بازرگانی و ئابووری بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، کەواتە خودی ئەم مەسەلەیەش دەتوانێت تۆزێک کاریگەری لەسەر گۆڕانی سیستەمی بنیادی ئابووری وڵاتدا هەبێت، ئەمەش ئۆتۆماتیکیانە بوونی ئافرەت لەناو کۆمەڵگادا کارا دەکات.

* ئەی بۆ لە ئێرانی ئەمڕۆکەدا بوونی ئافرەت تێیدا زۆر پڕ ڕەنگە، مەبەستمە بڵێم، مەسەلەی ئایین ڕێگر نییە و کاریگەری سەرەکی نییە، ئێوە دەڵێن چی؟

– چونکە ئێرانی ئەمڕۆ پێشتر بەرەو گەشەکردنێکی ئابووری دەچوو، دەیویست وەکو ژاپۆن ببێتە جەمسەرێکی بەهێزی ئابووری جیهان، لە بواری ئابووریدا زۆر بەهێز بوو، هەر ئەو گەشە ئابوورییە بووە هۆی ئەوەی کە لایەنی کولتووری و فەرهەنگیش گەشە بکات و پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت.

لێرە حکوومەتێکی دیموکراتی و سیستمێکی عیلمانی دیموکراتی دەسەڵاتدارە و دەیانەوێت بەرەو پێشەوە بچن و گەشەبکەن و بگەنە ئەو مۆدێرنیتەیەی لەلایەنی حوکمڕانی و وڵاتدارییەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێی گەیشتوون، بەڵام لە ڕووی کولتوورییەوە بەتایبەتیش بەشی باشووری کوردستان داخراوە، هەڵبەت بەشی ڕۆژهەڵات و باکوورەکەی بەهۆی وڵاتە داگیرکەرەکان و کولتووری میللەتە داگیرکەرەکە، تا ڕادەیەک کراوەتر و پێشکەوتووترن، بەڵام دیسانیش بە گشتی لەڕووی ئازادی ئافرەتانەوە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتووین.

* پێتانوایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو پرۆسەیە خودی ئافرەت خۆی بێت؟

– بەشێکی خەتای ئافرەت خۆیەتی و بەشێکیشی هۆیەکەی ژێردەست بوونی وڵاتانی ترە، بەتایبەتیش کە لە باشووری کوردستان لەژێر دەستی عەرەب بووین، جا چ لەلایەنی ئابوورییەوە بێت، یان کولتووری.. تاد، فارس و تورکیش هەربە هەمان شێوە.

* بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت، کولتووری فارس زۆر لە کولتووری عەرەب و تورک دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووترە؟

– بەڵێ منیش لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام مەبەستمە بڵێم کە تا ئەندازەیەک خەتای خۆمانی تێدایە، بەڵام چەندین ساڵە لەدەستمان دەرچووە، چونکە سەدان ساڵە سەرکوت کراوین، سەدان ساڵە تەنیا و تەنیا هەر لەبیری هەڵاتنداین، ئەشکەنجە و زیندان و کوشتوبڕین خۆراک و بەشی خەڵکی کورد بووە، ئێستاش هەر لە هەڵاتنداین، بەڵام هەر جارە و بەرەو لایەک هەڵدێین. ئەم پانزە ساڵەی کە باشووری کوردستان ئازاد بووە، دەبوایە هەنگاوی زۆر گەورە بهاوێژرابان، دەکرا زۆر کار لێرە کرابا کە هێشتا نەکراوە، من بڕوام وایە ئەم پانزە ساڵە ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوایە زۆر باشتر گەشەیان دەکرد و گۆڕانکاری زۆرتریان دروست دەکرد، بەڵام نازانم هۆیەکەی چییە کە لێرە کار نەکراوە. بەڕای من هۆیە



سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەلی عەرەب، چونکە ئەوان زۆر دواکەوتوون، فارس بەگشتی لە عەرەب پێشکەوتووترە، ئەو بەشەی کە لەژێردەستی عەرەب بووە دواکەوتووترە، هیوادارم بە سەربەخۆیی زیاتری کوردستان، ئەگەر بە شەڕیش بووبێت کوردستان سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەربگرێت، تەنانەت کەرکووکیش بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان، کە کوردستان ئازاد بوو ئێمەش کەمێک لەکولتوور و فەرهەنگی عەرەب دادەبڕێین، ئەوسا دەتوانین هەنگاوی باشتر بهاوێین و بەرەو پێشەوە بچین، یەکەم هەنگاویش دەبێ لە ئافرەتەوە دەست پێبکات ئافرەت پێویستە زۆر وریا و چالاک بێت، ئافرەت مافی ئەوەی نییە ڕەخنە لە ئافرەتی تر بگرێت، تەنانەت ئەگەر بە هەڵەشدا بڕوات، چونکە پێویستە بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی ئافرەت بێت، تەنانەت ئەگەر بە هەڵەشدا بڕوات، چونکە هێندە بواری پێنەدراوە و هەلومەرجی بۆ نەڕەخسێندراوە.

* پێت وانییە ئەگەر ئافرەت بواری فراوانی پێ بدرێت، جۆرێک تەقینەوەی دەروونی روونەدات، لە ئەنجامی ئەوەشدا بە هەڵەدا نەچێت، یان تووشی جۆرێک لەدان نەبێت؟

– بەڕای من ئەمەش جۆرێکە لە داردەست بوون، کە تۆ باسی دەکەیت، ئێمە دەڵێین ئافرەت ئازاد بێت، مەبەستم ئەوە نییە ئازادی بێ هۆشیاری بێت، لەم لایەنەشەوە دەبێ هەلومەرجی تایبەتی بۆ هۆشیارکردنەوە و گەشەی فیکریی ئافرەت بڕەخسێندرێت.

* کەواتە ئەو هەلومەرجە دەبێ ئافرەت خۆی بیڕەخسێنێت نەک پیاو؟

– بەڵێ سەد لەسەد، کاتێ ئافرەت خۆی بۆ ڕەخساندنی ئەو هەلومەرجانە هۆشیار نەبێت، پێویستە میدیاکان بە هەرسێ جۆری بیستن و بینین و نووسین ئەو ڕۆڵە ببینن، حکوومەتیش لەلایەن خۆیەوە دەبێ ئەرکی خۆی ئەنجام بدات، بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەبێ تەنیا و تەنیا و زۆریش بە ڕاشکاوی کار بۆ ئافرەت و هۆشیارکردنەوەی بکەن.

* کاتێک لە کۆنگرەی ئافرەتاندا پیاو نوێنەری ئافرەت بێت، لە ڕۆژنامەی ئافرەتان پیاو کاربەدەست و فەرمانبەر بن، چ چاوەڕەوانییەک لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەت دەکرێ؟

– دەبێ ئێمە بۆ حاڵەتێکی ئاوا بگرین، ئەمە تراژیدیایەکی گەورەیە، کاتێ دەڵێین ڕۆژنامەی ژنان، یان کۆنگرەی ژنان، دەبێ هەموو کاربەدەست و فەرمانبەرەکانیان ژن بن و ئافرەتان خۆیان کارەکانیان ڕاپەڕێنن و بەڕێوەی ببەن.

هەرچەندە دەبینم لێرە لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا بوار بە ژنان دراوە بۆ کارکردن، بەڵام ئەویش لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئاستی فیکری و توانای خودی ژنەکان نییە، بەڵکو پتر بەهۆی پیاوەکانیانە، جا باوک بێ، یان برا، یان شوو، بەدەگمەن هەیە بە ماندووبوون و تێکۆشانی خۆیان بەم پلەوپایەیە گەیشتبن، ئەگەرنا زۆربەیان بەهۆی ئەوەی کە باوک، یان برایان شەهید بووە، یانیش ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حزبە، ئەمەش زیانێکی گەورە بە ئافرەت دەگەیەنێت، چونکە دڵنیام چەندین ئافرەتی شیاو و بەتوانا هەن کە شایانی ئەو پلەوپایەیەن، کەچی لەبەر ئەوەی خوشک و کچی شەهید و ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نین، ناگاتە ئەو شوێنە شیاوە، کە ڕەنگە لەڕووی فیکرییەوە زۆر بە تواناتر و کارامەتر بێت.

ئافرەت ئەگەر خۆی بۆ خۆی هەوڵ نەدات، هیچ کەسێک ناتوانێت هەوڵی بۆ بدات، ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش هەر بەهۆی پیاو و دەسەڵاتی پیاوسالارییەوە بەڕێوەدەچن و هزری پیاوسالاریشی تێیدا حاکمە، ئەگەر بە ڕواڵەتیش شوێنی تایبەتی ئافرەتانیش بێت و لەلایەن ئافرەتانیشەوە بەڕێوە بچێت. من کاتێک دێم شیعری ئافرەتێک هەڵدەبژێرم بۆ گۆرانی، هەستێکی زۆر زۆر ناسکتری تێدا بەدی دەکەم و وەکو ئافرەتیش زۆر جوانتر دەتوانم بیکەم بەگۆرانی، ئەو ڕێکخراوانەش هەر بەم جۆرەیە، ئەگەر ڕێکخراوی ئافرەتان، پلاندانەر وبەرپرسانی ئافرەت نەبن، ئەوە ناتوانن لە نزیکەوە هەست بەکێشەکانی ئافرەتان بکەن و ڕەنجی ڕاستەقینەی

ئافرەت لە کۆمەڵگادا بەیان بکەن، هەر بۆیە پێویستە ئافرەتان زۆر کارا و چالاک بن و بەردەوام لەخۆهوشیارکردنەوەدا بن، ئەویش لە ڕێگای خوێندنەوەوە جا چ کتێب، یان ڕۆژنامە و گۆوارەکان بێت، چونکە خوێندنەوە گەورەترین هۆی خۆ هوشیارکردنەوەیە، ئەوانەی ناشتوانن بخوێننەوە دەتوانن لە ڕێگای میدیاکانەوە، یان لەڕێگەی گوێگرتن و بینینی بەرنامەکانیان ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری خۆیان بەرزبکەنەوە.

**بەڕای من ئافرەت بۆی نییە ڕەخنە لە ئافرەتی تر بگرێت، تەنانەت ئەگەر بە هەڵەشدا بچێت**

* کاتێ میدیاکان پیاو بەڕێوەی ببەن، تەنانەت هەندێ لە ڕۆژنامەی ژنان هەر پیاوان بەڕێوەی ببەن، چ چاوەڕەوانییەک دەکرێت بۆ هوشیارکردنەوەی ئافرەت؟

ئەمە ئیتر کارێکی زۆر بێ ڕەحمانەیە، چونکە بەو ئەندازەیەش نییە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، هیچ کام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دژی هۆشیارکردنەوەی ئافرەت نین، بەڕای من زۆریش کار بۆ هوشیارکردنەوەی ئافرەت دەکەن، من لێرەوە پێشنیار بۆ ئافرەتان دەکەم کە ئافرەتان خۆیان بەرنامەی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن بۆ هوشیارکردنەوەی هاوڕەگەزەکانیان، دڵنیام میدیاکانیش بە فراوانی و خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەم جۆرە بەرنامانە دەکەن.

* با واز لە ئافرەت بێنین و بێینە سەر هونەر و گۆرانی، لەکەیەوە دەستتان بە گۆرانی گوتن کرد؟

– من لەساڵی ١٩٩٦–ەوە دەستم بەگۆرانی گوتن کردووە، نزیکەی دە ساڵە بەشێوەیەکی چڕوپڕ خەریکی گۆرانی گوتن و کاری مۆسیقایم، گۆرانیبێژە فارسەکان زۆر کاریگەرییان لەسەرم هەبووە، بە تایبەتیش لە سەرەتاوە، لە منداڵییەوە زۆر لاسایی ئەوانم دەکردەوە و زۆریش حەزم دەکرد وەکو ئەوان گۆرانی بڵێم، وەکو دڵکەش، مەرزیە (مەرزیە)ی فارس کە گۆرانیبێژێکی کۆنی فارسە، پەروین، سوسەن، پەریسا، بەردەوام لاسایی ئەوانەم دەکردەوە و لە دانیشتنە خێزانییەکاندا گۆرانی ئەوانم دەگوتەوە، بەڵام دواتر هەوڵم دا ڕێچکە و ستایلی خۆم بدۆزمەوە و دەست بەکاری تایبەتی خۆم بکەم، چیتر لاسایی کەسی تر نەکەمەوە، ئێستاکە من ستایل و شێوازی خۆمم دۆزیوەتەوە و بەشێوەیەکی فراوان خەریکم بە تایبەتمەندی خۆمەوە کاردەکەم، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ئیتر نابێ و ناکرێ گۆرانی کەسانی تر بڵێمەوە، من ئەوە بە کەموکوڕی نابینم، هەرکەسێکیش ئەو کارە بکات لە لام ئاساییە، تەنانەت ئەگەر خۆی خاوەنی شێواز و ستایلی تایبەتی خۆشی بێت.

* دەڵێن هونەر لە سنە لەدایک دەبێت، دیارە مەبەست لەوەیە کە سنە وەک شارێکی کوردستان هونەرمەندی زۆر باش و بەرزی لە هەموو بوارەکاندا هەڵکەوتووە، تۆ کە خەڵکی ئەو شارەیت، سنە چ کاریگەرییەکی لەسەر کاری هونەری تۆ هەبووە؟

– بەڵێ من خەڵکی سنەم، خەڵکی سنە لە ڕووی کولتوورییەوە خەڵکێکی پێشکەوتوون. هەربۆیە خێزانەکەی من، مەبەستم دایک و باوکمە، هەر لەسەرەتاوە کە هەستیانکرد دەنگم خۆشە و خۆشم حەز دەکەم گۆرانی بڵێم، نەک هەر پێشیان پێ نەگرتم، بەڵکو زۆریش هاندەرم بوون، زۆریش پشتیوانیان لێکردم، بەڵام بەداخەوە ئەوکاتە هاوکات بوو لەگەڵ بارودۆخێکی تایبەت لە وڵاتی ئێران و هەموو ڕیسەکەمان لێ بووەوە بە خوری.

* کاریگەری هونەرمەندە کۆنەکانی شاری سنە، وەکو سەیدعەلی ئەسغەر و فەتانەی وەلیدی و ئەوانیتر لەسەر تۆ وەک گۆرانیبێژێک و دروستبوونی ئەو ڕۆحیەتە و گۆرانییەکانت چی بوو؟

– هەڵبەت بێ کاریگەری نەبوون، کاریگەری زۆریشیان هەبووە، چونکە من هەر لە منداڵییەوە دەنگی ئەوانم بیستووە، بە تایبەتی باوکم زۆر حەزی لە دەنگی سەیدعەلی ئەسغەر بوو و خۆشی زۆرجار گۆرانییەکانی دەگوتەوەو دەنگیشی زۆر خۆش بوو، ناڵێم وەکو سەیدعەلی ئەسغەر، بەڵام شتێکی وای لەو کەمتر نەبوو، ئێستاش کاسێتی دەنگی باوکمان هەیە، دەنگی خۆشم لە دەنگی باوکم دەچێت، دایکیشم هەر دەنگی خۆش بوو، دەتوانم بڵێم میراتی ئەوانە بۆ من بەجێماوە، برایەکیشم دەنگی زۆر خۆش بوو کە بەداخەوە لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا شەهید بوو.

سەیدعەلی ئەسغەر وەکو مامۆستایەکی گەورەی ڕۆژهەڵات لەماڵی ئێمەدا زۆر ڕەواجی هەبوو، جاران بەگرامافۆن گوێمان لەگرامەکانی دەگرت، گۆرانییەکانی مامۆستا (خالقی)ش زۆر لەماڵی ئێمەدا لێدەدران و گوێمان لێیان دەگرت، (فەتانەی وەلیدی)ش زۆر کاریگەری لەسەر من هەبوو.

* باسی فەتانەتان کرد، فەتانە وەک ڕێچکەشکێنێکی

گۆرانی ژنان لە ڕۆژهەڵات دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، ئێستاش هەر لە ژیاندا ماوە، وەکو ژنێک کاریگەری تایبەتی لەسەر تۆ هەبوو؟

– فەتانە دەنگی زۆر زۆر خۆش بوو، من لە منداڵییەوە زۆر گوێم لەدەنگی دەگرت، زۆریشم پێخۆش بوو، زۆریش گۆرانییەکانیم دەگوتەوە، هەر کاتێک گوێم لە گۆرانییەکان دەگرت هەستم بە ئارامییەک دەکرد، ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی کە لەزەین و لاشعووری مندا تۆمار ببێت و خۆنەویستانە گۆرانییەکانی لەسەرزارم بوون.

* خوێندنی هونەریتان لەکوێ و چۆن دەستپێکرد؟

– گۆشە و ڕەدیفی مۆسیقای سوونەتی ئێرانم لەلای مامۆستا ئیرەج کیارەس خوێندووە کە مامۆستای زانکۆی (لەندەن)ە، گۆشە و ڕەدیفە مۆسیقییەکانی ئێرانی لەگەڵ کوردی هەریەکن بە کەمێک جیاوازی بچووک و ناوەکانیان، دواتر خۆم وەکو سولفێژ بۆ پەروەردەکردنی دەنگ و قورگم چوومەتە لای مامۆستای تایبەتی ئەو بوارەوە، لەوێ فێربووم کە چۆن سوود لە دەنگی خۆم وەرگرم و چۆن بەکاری بهێنم، پاشانیش وەکو نووسین و خوێندنەوەی نۆتە، لەئاستێکی کەمدا فێری بووم، تەنیا تا ئەو جێگەیە کە خۆم پێویستم پێی دەبێت، چونکە من نامەوێت مۆسیقاژەن، یان ئاوازدانەر بم، تەنیا وەک گۆرانیبێژێک بتوانم بیخوێنمەوە بۆ من بەسە.

* تا چەند لەگەڵ مەقامات پێوەندیت هەیە؟

– مقامی فارسی، پێشتر گوتم کە گۆشە و ڕەدیفی فارسیم خوێندووە و بە باشیش دەیزانم، زۆریش گوێبیستی مەقامبێژانی وەکو پەریسا و شەجەریان بووم، بەڵام مەقاماتی کوردی زۆر نازانم، ئەوەش بۆ من کەموکوڕی نییە، چونکە شێواز و ستایلی من پێویستی بە مەقام نییە، بەڵام وەکو زانستی گۆرانی گوتن پێویستە بیزانم، لە داهاتوویەکی نزیکدا خەریکی فێربوونی ئەویش دەبم، ئەویش نەک بۆ ئەوەی گۆرانی پێ بڵێم، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی وەکو زانستێک بیزانم، ڕەنگە لە شوێنێک ڕۆژێ لەڕۆژان پێویستم پێی بێت.

* ئەگەر باسی تێکەڵکردن لە مۆسیقادا بکەین، دەبینین زۆرجار لە ئەورووپا تێکەڵاوی لەنێوان دوو کولتوور و هونەری جیاوازدا دەکرێت، پێت وایە ئەم تێکەڵکردنە لە هونەری مۆسیقا و گۆرانی گوتندا شتێکی باش و سەرکەوتووبێت؟

– هونەر واتا داهێنان و ئەفراندن، هەر شتێک نوێ بێت جوانە، تێکەڵکردنی مۆسیقای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خۆی لەخۆیدا کارێکی جوان و هونەرییە، من زۆر پشتیوانی لەوە دەکەم، خۆشم ئێستا سروودێکی نەتەوەییم هەیە کە باسی مێژووی کورد دەکات، دەمانەوێت بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی تۆماری بکەین، بە ستایلی مۆسیقای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، ئەمەش هەر جۆرێک (تلفیق)ە، دوو هونەری جیا، دوو کولتووری جیا.

* سەبارەت بە نوێخوازی لە هونەر بەگشتی و لەگۆرانی گوتن بە تایبەتی ئێوە چی دەڵێن؟

– هەمیشە نوێخوازی بۆ کۆمەڵگای ئێمە شتێکی پێویستە لە هەموو بوارەکاندا، جا چ لە بواری ئابووری یان لە بواری سۆسیۆلۆژی و هونەری و کولتووری...تاد. بێگومان هونەریش کاریگەری خۆی هەیە و پێویستە بەردەوام لە نوێکردنەوەدا بێت، دەبێ نوێخوازی بەردەوام هەبێت، بەڵام ئێستا کەمتر کاری بۆ دەکرێت، چونکە مارکس دەڵێت: (کۆمەڵگایەک دەتوانێت خاوەنی دیموکراسی ڕاستەقینە بێت، کە ئافرەتان بە ئازادی تێیدا بژین). کاتێ دەبینم ئافرەت بە ئازادی لە کۆمەڵگایەکەی مندا ناژیت، ئیتر بە ڕای من باس لەنوێخوازی لە بواری هونەر وکولتووری و کۆمەڵایەتیدا بەڕاستی قسەی پووچە، چونکە نیوەی کۆمەڵگاکەمان لە چوار دیواری موبەقەکان و لە چوارگۆشەی ماڵدا زیندانی کراون، چۆن جەسارەتی ئەوە دەکەین باس لە نوێخوازی بکەین؟ لە ئەنجامدا ئەمە ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموو لایەنەکانەوە دەبێت بە هونەریشەوە. بۆ نموونە ئێمە دەمانەویست لەکلیپێکدا کارێکی نوێ لەبواری هونەریدا بکەین، پێویستمان بە چەند کوڕ و کچێک بوو کە سەمای ڕۆژئاوایی بکەن، هەرچی کردمان و کۆشامان لە سلێمانی و تەنانەت لە کوردستانیش کچمان دەست نەکەوت، بە تەقەی تفەنگیش بگەڕێیت کچێک ئامادە نییە سەما بکات، بەناچاری تەنیا کوڕەکان لە کلیپەکەماندا سەمایان کرد، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئافرەتی کۆمەڵگای ئێمە بە جۆرێک دەست بەسەرن کە کاریگەری خراپی کردۆتە سەر کارەکانی منیش، دەستی هونەرمەندەکانی تریش دەبەسترێتەوە.

* پێت وایە نوێخوازی تەنیا دەتوانرێت لەڕووی بینینەوە بکرێت؟ یان پێویستە نوێخوازی کارێک بێت لە بنەڕەتەوە، یان لە ناخی مۆسیقاو گۆرانی گوتنەکە، یان لە ڕووی هارمۆنیکەوە بێت؟

– پێشتر باسی ئەو مەسەلەمانەمان کرد کە نوێکاری دەکرێت لە ڕووی مۆسیقا و شتەکانی ترەوە بێت، بەڵام

ئەوەی من باسی دەکەم باسێکی زۆر بنەڕەتی ترە، مەبەستمە بڵێم ئافرەت دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی لەنوێخوازی و نوێکردنەوەدا، لە هەموو بوارەکاندا هەبێت، وەختێ ئافرەت نەبێت، پیاو تەنیا باڵە و ناتوانێت هیچ بکات.

* کاتێ نوێکاری لە گۆرانییەکی فۆلکلۆر یان کۆندا دەکرێت، بەمانای ئەوەیە ئیتر کۆنەکە بەهای خۆی لە دەست دەدات، یان لەبەهای سەرەکی کەم دەبێتەوە؟

– کاتێ کەسێکی وەکو کامکاران دێن نوێکاری لەکارێکی وەکو مامۆستا (عەلی مەردان)دا دەکەن، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی گەورە و پیرۆزە، بەڕای من مۆسیقا سەلیقەیە، ڕەنگە هەندێک کەس لەززەت هەر لە کۆنەکە و هەندێکیش لە نوێیەکە وەربگرن، وەکو هەرشتێکی تر، کاتێ کە نوێکاری لەگۆرانییەک ئەنجام دەدرێت، بێگومان بەهیچ شێوەیەک لە بەهای گۆرانییە کۆنەکە کەم ناکاتەوە، ئەگەر تەنانەت کارە نوێیەکە جوانتریش نەبێت لەکۆنەکە، هەر نەبێت ئەوەی گرنگە کە بە شێواز و ستایلێکی تایبەتی خۆی ئەو هونەرمەندە نوێیە بە ئەنجامی گەیاندووە.

* ئەو شێوازەی ئێوە لەگۆرانی گوتندا پەیڕەوی دەکەن، چ کاریگەرییەکی لەسەر پێشخستنی ڕەوتی باری ئافرەتی کوردەوە هەیە، بەو پێیەی کە خۆت زۆر لێی بە گلەیی، پێت وایە ئەو هونەرەی ئێوە پێشکەشی دەکەن کاریگەری پۆزەتیڤانەی بۆ بەرەو بە ئازادیکردنی ژنانی کورد هەبێت، یان لانی کەم هەنگاوێک بێت بەرەو بە ئازادیکردنی ئافرەت لە کوردستاندا؟

– سەد لە سەد کاریگەری پۆزەتیڤانەی هەیە، بەڕای خۆم لەم ڕووەوە هەنگاوێکی مەزنیشە، ئەگەر بۆ ساڵی ٢٠٠٠ بگەڕێینەوە کە من ڤیدیۆ کلیپێکم بڵاوکردەوە و تێیدا بەوپەڕی ئازادی لە بەرانبەر کامێرادا، سەما دەکەم، دوای من زۆر کچ ئەو سەمایانەیان کرد، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکە، ناڵێم هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، بەڵام هەنگاوێکە لە شوێنی خۆیدا، کەواتە بەڵێ کاریگەری پۆزەتیڤانەی هەیە، هەربۆیە من و خەڵکانی وەکو من زۆرتر بن لە کۆمەڵگادا، هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو گۆڕانی کولتووری کۆمەڵگاکەمان، بۆیە دیسان دەڵێم کاریگەری هەبووە و بەردەوامیش کاریگەری دەبێت، بۆیە لێرەوە دەڵێم، من نەک تەنیا واز ناهێنم، بەڵکو زیاتریشی دەکەم.

* هەر لە سەرەتای دەرچوونتان لە ئێران، لە لەندەن گیرساونەتەوە و نیشتەجێ بوون، کاریگەری لەندەن و کۆمەڵگای بریتانی بەسەر تۆوە لە هەموو لایەنییەکەوە چییە؟

– ئەورووپا بێکۆتایی شوێنێکی شارستانی و مۆدێرنە، بۆیە زۆر هەل دەرەخسێنێت بۆ خەڵکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی بۆ گەشەکردن، ئەگەر بتەوێت گەشە بکەیت، لە هەموو بوارێکدا، ئەوە دەتوانیت گەشە بکەیت، هۆشیاری خۆت لە هەموو لایەنێکدا فراوانتر بکەیت، خەڵکێکی زۆری کورد لەوێن، تەنانەت ئافرەتی هونەرمەندی کوردیش زۆر لەوێن، بەڵام ڕەنگە نەیانتوانیبێت ئەو کاریگەرییان هەبێت، سەبارەت بە خۆشم هەندێ شت بۆ بنەماڵەی خۆم دەگەڕێتەوە، چونکە بنەماڵەکەم سیاسی بوون و تاڕادەیەکیش هۆشیار و ڕۆشنبیر بوون، ئەمەش زۆر کاریگەری باشی لەسەر من و ئەندامانی تری خێزانەکەمدا هەبووە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە من گەیشتمە ئەورووپا توانیم زۆرباش سوود لەو هەلومەرجەی ئەوێ وەربگرم، هەر لە زمان فێربوونەوە بگرە تا تەواوکردنی زانکۆ، بەشی بەڕێوەبردنی کۆمپیوتەر (IT)، جگە لەمەش هەلومەرج بۆ خوێندنەوە و خۆوشیارکردنەوە زۆر لە بارو گونجاوە، بەڵام من هەر کارێکم کردبێت، کاتێ کە دێم خۆم لەگەڵ هونەرمەندێکی ئەورووپایی بەراورد دەکەم، ئەوکاتە هەست بەوە دەکەم کە زۆر زۆر لە دواوەم، چونکە بەردەوام دەمەوێت خۆم لەگەڵ باشتریندا بەراورد بکەم، من دەبێ هەوڵ بدەم بۆ باشترینەکە، کە ئەگەر نەشمتوانی باشترین بم، ئەوکاتە لانی کەم چەند هەنگاوێکم هەڵێنابێت، بەڕاستی ئەورووپا گەورەرین چتی پێبەخشیم کە بتوانم چاو و دەمم کراوە بێت، بە بیروبڕواوە کاری هونەری بکەم، چونکە کاری هونەری هەر ئەوە نییە تۆ خاوەن دەنگێکی خۆش بیت، دەبێ تۆ لەگەڵ ئەوەشدا لەپشت کارەکاندا خاوەن بیروڕایەکی زۆر بەهێز بیت، بۆ ئەوەی بزانیت دەتەوێت چی بکەیت، تا پەیامێکی تۆکمە و بنیادنەرت بۆ گەلەکەی خۆت هەبێت، ئەگەرنا کارێکی وات نەکردووە کە ناوت بنرێت هونەرمەندی ڕاستەقینە، تەنیا وەک دەنگخۆشێک بیت یان ژەنیارێکی باش یان شانۆکارێکی باش، چونکە دەبێ خاوەنی کەسایەتی و بیروڕا هونەریەکەشت بیت، ئەرکەکانی هونەرمەندێک بزانیت.

* ئەی غوربەت چ کاریگەرییەکی هەبووە؟

– لە ڕاستیدا پێش ئەوەی بێمەوە کوردستان، نۆزدە ساڵ هەستم دەکرد دەبێ سەفەر بکەم، بەردەوام هەستم دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ بگەڕێمەوە، ئەوە جێگەی من

نییـە، لەگـەڵ ئەوەی غـوربەت زۆر یارمـەتی داوم، بەڵام هەر هەسـتم دەکـرد من خـەڵکی ئەو وڵاتە نیم، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ خۆم کۆکەمەوە و بڕۆم، خانووم کڕیوە، بەڵام هەست دەکـەم هی من نییـە، چونکە هەر دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بیفرۆشم و بگەڕێمەوە، وەک بڵێی شتێکی زۆر گرنگم لە وڵاتدا بەجێهێشتووە، هەر دەبێ بگەڕێمەوە.کە هاتمەوە کوردستانیش، پێم وانەبوو هەرگیز حەزم بچێتەوە ئەورووپا. لەڕاستیدا نەمدەزانی کوردستان هێندە لەمن دوورکـەوتۆتەوە، یان من لە کـوردسـتـان لە کـولتـووری کوردی دابڕاوم. ئەمـەش بە مـانـای ئەوە نییـە کـە حەزم لەکوردستـان نەبێت، چونکە خۆم بە کەسێکی دڵسۆزی نەتەوەکـەم دەزانم، ئەگـەرچی سـروودی نەتەوایەتیم تا ئێستا نەگوتووە، بەڵام هەست دەکەم لە شێوازی کاری خۆمدا کاری زۆرم بۆ خـەڵکی خـۆم کردووە، کـە دەڵێم تاسـەی لەندەنم کـردووە، بە مـانـای ئەوە نییـە خـۆم بە خـەڵکی لەندەن بزانم، بەڵام ئەم سـەفـەرە چاوی منی لە ئاست کـۆمـەڵگەکەم کـردەوە، تا بەر لە هاتنەوەم خـۆم و کـارە هونەرییـەکـانم لەگـەڵ هونەرمـەندێکی ئەورووپی بەراورد دەکرد، بۆ گەلی خـۆم گـۆرانیم دەگـوت، بەڵام بە هاتـنـەوەم هەسـتـم کـرد زۆر لە خـەڵکەکـە دوورکـەووومـەتەوە، ئێسـتـاش هەر ئەو نێـوانە دەپارێزم، ناڵێم خـۆم دەگـەڕێمـەوە دواوە، بەڵام هەوڵدەدەم کـاری جـوانتـر بۆ گـەلەکـەم بکەم تا بەگـوێرەی توانای خـۆم و بەشبـەحاڵی خـۆم یارمەتی ئەوە بدەم کە ئەو نێوانەمـان ئەگـەر یەک زەڕڕەی مـیلیـمـەتریکیش بێت کـەمـتـری بکەمەوە، تەنانەت ئەگەر نەستەکەم پێم بڵێت (تۆ دەبێ لە کـوردسـتـان بژیت)، ئەوە بە دڵنیـاییـەوە و بەدڵ حەز دەکـەم بێـمـەوە، دێمـەوەش، بەڵام هەست دەکـەم دەبێ زۆرکار بکەم، ئەم گەڕانەوەیەم زۆر چاو و دەمی کردمەوە، زۆر یارمەتیدام، من نۆزدە ساڵ لە هەموو شتێکی کورد و کـوردسـتـان دوور بووم، دەتوانم بڵـێم ڕەنگە بیـرم چووبێـتـەوە کـە ژنی کـۆمـەڵگای من چۆن دەژیان، بە تایبەتیش کە من لە زووەوە ڕۆیشتبووم و بەشەکانی تری کـوردسـتـانم نەبینیـبـوو، ئێسـتـاکـە زۆر شتم بینی زۆر یارمەتیدەرم بوون، سەفەرەکەم زۆرباش بوو.

* ئەو بیست ساڵ موسافیر بوونە، چ کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن و شێوازی گۆرانی گوتنەکەت هەبووە؟

– کـاریگـەری ڕاسـتـەوخـۆی هەبووە، کـاتێ باسی بەراوردکـردنی خـۆم و ڕۆژئاوا دەکـەم، مـەبەسـتم هەر ئەو کـاریگـەرییـانەیە، شـیـعـرێک هەڵدەبژێرم کـە وەکـو (شار)بێت. کاتێ کە دەڵێم (ئەڵێم ئەو شارە جێ بێڵم و سـەفـەرکـەم، بڕۆم و خـۆم بەعـالەم دەربەدەر کـەم) لە ڕاستـیدا مەبەستم شاری خۆم نییە، مەبەستم وڵاتانی ئەورووپاییـە، بێڕەحمی و ستەمێک کە لەوێ دەکرێت، نسبـەت بە خەڵکانی ڕۆژهەلات، سەرمایە و خێروبێری ئێمە بەتاڵان دەبەن و بۆ خۆیان بەهەشت دروست دەکەن و وڵاتانی ئێـمـەیان کـردووە بە وێرانە، کـاتێ دەبینم خـەڵکانی ئێـمـەش هەڵدێن و دێنە ئەوێ، بە ناحـەق و بەناچارییـە و هەڵدێن، چونکە گـەنج لێـرە هیچ کەشوهەوایەکی ئازادییان نییە، جا چ کچ یان کوڕ، من لێـرەوە دەڵێم زۆر خـراپە کـە هێـزی کـاری لاوی کـورد هەڵبێت و بچێتە وڵاتێکی تر و بێ ناسنامە لەوێ بژیێت و ببـێت بە توێژێکی بێ ناسنامـەی ئەورووپا، چونکە زۆربەی هەرە زۆریان ناچن لەوێ بخوێنن و لە هەلومەرجە باشەکانی ئەوێ سوود وەربگرن، زۆربەیان تەنیا کاردەکەن و هیچ زانیارییەکیان لەسەر کولتووری ئەورووپا و ژیانی ئەورووپا نییـە و کـە دەچنە ئەورووپا تووشی پێکدادانێکی کـولتـووری خـراپ دەبن، ئەمـەش سەرکوتکردنێکی زۆر خراپ بۆ ئەوانە دروست دەکات، لەم لایەنەشەوە هەر ئافرەت ستەملێکراوە، چونکە هەر بە تەنیـا کـوڕان و پیـاوان دەتوانن خۆیان لەو بارە نالەبارە ڕزگار بکەن.

دەمـەوێت هەندێک باسی ئەو دژایەتی و پێکدادانە کـولتـوورییـە بکەم کـە گـەنجی کـورد لە ئەورووپا تووشی دەبێت، گـەنج لە وڵاتی ئێـمـەدا هیچ شـتـێکی بۆ دابین نەکـراوە، نە لە لایەن ڕۆحی و نە لە لایەنی دەروونی و گیـانی و جـەستـەیی و... تاد. کاتێ دێتە ئەورووپا بۆ نموونە دەبینێت لە ئێـوارەیەک یان لە شـەوێکی دەرەنگی شـەممە و یەکشـەممەدا، ژنێک کـە تەنوورەیەکی کـورتی لەبەردایە و خـەریکە بەدەم خـواردنەوەی مـەشرووبەوە بە شەقامێکی چۆڵدا پیاسە دەکات، ئەو پێی وایە ئەو ژنە سـۆزانییـە و ئەو بۆی هەیە لێرە ئیتر پەلاماری بدات و هەرچی بیـەوێت لەگـەڵیدا بیکات، لە کـاتێکدا نازانێت ئەوکـەسـە وانییـە کـە ئەو بیـری لێکردۆتەوە، ڕەنگە دکـتـۆرێک یان کـارمـەندێکی بەرێوەبەرایەتییـەک بێت و بیەوێت پشووی کۆتایی هەفتە بەم شێوەیە بەسەر ببات و بەم شێوازە لەززەت ببات، ئەوە لەو کاتەدایە کە تووشی دژایەتی و پێکدادانی کولتوورەکان دەبێت، ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتوورەی کە وەک پێوەند پێچراوەتە دەستوپێمان. کەواتە ئێمە ئەگەر گەنجەکانمان چ کچ چ کوڕ ئازاد بن لەوەی کە خۆشـەویستی لەگـەڵ یەکتردا بکەن، ناچار نابێت وا بیربکاتەوە کە هەر ئافرەتێک بە تەنیا بە

ڕێگادا ڕۆیشت ئیتر ئەوە ئەوپەڕیەتی و ئەو بۆی هەیە هەرچی بیەوێت بیکات، لەئەنجامدا وەکو مرۆڤێکی دڕندە ڕەفتار بکات، هەر لەسەرەتاوە لە سەرەوە هاتۆتە خوارەوە، ئەگەر هەروا بەردەوام بێت، داهاتوویەکی زۆر ناخۆشمان دەبێت، نەک هەر گەشە ناکەین، بەڵکو بەرەو دواوەش دەچین، وەکو ئەوەی بەرەو دواش چووین بەگوێرەی بیست ساڵ لەمەوبەر ئێمە بۆ دواوە گەڕاوینەتەوە.

* ئەگەر بێینە سەر شیعر، هەڵبژاردنی شیعر بۆ گۆرانییەکانتان، پێوەرەکانی ئەو شیعرانە چین کە تۆ هەڵیاندەبژێریت؟

– لای من گرنگ نییە خاوەنی شیعرەکە کێ بێت، مەبەستم ئەوەیە بۆ من جیاوازی نییە کە شاعیرەکە ناسراو بێت یان ناسراو نەبێت، شیعرەکە لای من زۆر گرنگە، چونکە مۆسیقا خۆی بە تەنیا دەتوانرێت ببیسترێت، هەموو کەسیش دەتوانێت گوێی لێ بگرێت، بەڵام کاتێ شیعرێ دێتە ناوەوە، دەبێتە تێکست، شیعر چرای ڕێگای چوونە ناو دڵی خەڵکە بۆ گۆرانی. ئەو شیعرە بۆ من گرنگە کە پەیامدار بێت، ئەمەش لە کارەکانی داهاتوومدا زۆر زۆر ڕەنگی داوەتەوە، لەڕاستیدا چەند شیعرێکم هەڵبژاردووە کە هەریەکیان پەیامێکیان هەبێت.

* پێت وایە هونەر بۆ هونەر بێت، یان بۆ ئەو پەیامە بێت کە بەهەر جۆرێک بێت خزمەتێک بەکۆمەڵگا بکات؟

– بە بڕوای من هونەر دەبێ پەیامی هەبێت، هونەر دەبێ لە خزمەت کۆمەڵگادا بێت، من ئەگەر خۆم بە هونەرمەندی کۆمەڵگایەک بزانم ئەگەر خزمەتی کۆمەڵگاکەم بکەم و خزمەتێکم بۆ کۆمەڵگاکەم نەبێت چ هونەرمەندێکم؟

* پێوەندی ڕۆحی لەگەڵ ئەو شیعرانە، چ کاریگەرییەکی هەیە، ڕەنگە شیعرێکت بەدڵ بێت کە پەیامێکی هەبێت، بەڵام هیچ پێوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ تۆدا نەبێت؟

– ئەوەش لەلام گرنگ نییە، ئەو تەماسە ڕۆحییە دروست دەبێت، چونکە ئەو شیعرە هەستی دەروونی ئەو شاعیرەیە و خراوەتە سەر کاغەز، کاتێ منیش دەیخوێنمەوە دەبینم ئەو شتەی من دەمەوێت لەناو شیعرەکەیدا هەیە، ئەوکاتەی ئەو شتە دەبینم، ئۆتۆماتیکی ئەو تەماسە ڕۆحییەش دروست دەکات.

* کێ زیاتر ئاوازەکانت بۆ دادەنێت؟ چونکە ئاواز بە گشتی کاریگەری زۆری لەسەر قبووڵ بوون و ڕەتبوونەوەی گۆرانییەک لەلایەن بیسەرەوە هەیە؟

– هەروەک دەزانین پێنج خاڵی سەرەکی بەگشتی بۆ سەرکەوتنی گۆرانی کاریگەرن، یەکەم هۆنراوە، دووەم میلۆدی، سێیەم دەنگ، چوارەم مۆسیقا، پێنجەم ڤیدیۆ کلیپ. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و تەلەفزیۆن، کلیپیش بۆتە خاڵێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی گۆرانی. بۆ مەسەلەی ئاواز و میلۆدی، من تا میلۆدییەک بەڕاستی لەززەتی لێ وەرنەگرم و بە تەواوەتی نەچێتە ناو ناخ و دەروونمەوە، ناتوانم گۆرانی پێ بڵێم، مەبەستمە بڵێم هەموو ئاوازێک ناتوانێت ئیحساساتی پەنگ خواردووم بەتاڵ بکات، سێ دانە ئاوازی سیدی دووەمم خۆم دامنابوون، بەڵام کاک سالار ئاسید یارمەتی زۆری دام، لە سەیدی داهاتووشمدا زۆر کەس هەن کە ئامادەییان نیشانداوە یارمەتیم بدەن، لە سەیدی یەکەمیشمدا کاک بورهان موفتی و کاک عەلی عابدی، زۆر یارمەتیان دام.

* بێگومان هونەرمەند مافی خۆیەتی ئەو بڕە پارەیەی لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی سیدیەکدا خەرجی دەکات بۆی بگەڕێتەوە، کەچی ئێستا لە کوردستان یاسای کۆپیڕایت نییە، بەڕای تۆ هونەرمەندان چی بکەن؟

– بەڕای من مافی هونەرمەند وەکو پێویست نەدراوە، ئەو سەردەمە بەسەرچوو هونەرمەندان وەکو حەسەن زیرەک بە کولەمەرگی بژین بە کۆڵەمەرگیش بمرن، دەبێ زەمینە بۆ هونەرمەندەکان برەخسێندرێت، ناڵێم هەر کەسێک دوو گۆرانی گوت ئیتر بە هونەرمەند بژمێردرێت و ناوی لێبندرێت هونەرمەند، مەبەستم هونەرمەندی ڕاستەقینەیە، دەبێ هەلومەرجیان بۆ فەراهەم بکرێت تا بەبێ گرفت بتوانن کاری هونەری ئەنجام بدەن، ڕۆژ بەڕۆژیش کاری چاکتر و چاکتر پێشکەشی کۆمەڵگاکەیان بکەن و لە ڕێگای ئەوهونەرەوەش بژێوی ژیانیان دابین بکەن، مافی خۆیەتی کۆپیڕایت هەبێت، بەڵام من نامەوێت زۆر لەسەر مەسەلەی کۆپیڕایت قسە بکەم، هەر هێندە دەڵێم، ئەوە گرفتێکی زۆر زۆر گەورەو جیدی کۆمەڵگای ئێمەیە، لە کۆتاییشدا زیان بە مۆسیقای کوردی دەگەیەنێت، چونکە منی گۆرانیبێژ جارێک یان دوو جار بە پارەی خۆم سیدیم خستە بازاڕ و هیچی بۆ من نەگەڕایەوە، ئیتر لەوە زیاتر خۆم ناخەڵەتێنم.

* تا ڕادەیەک سستییەک لەناو گۆرانیبێژانی ژندا دەبینرێت، بەڕای ئێوە هۆکاری ئەم سستییە چییە؟

– ئەمەش هەر بۆ پرسیارە سەرەتاییەکانمان دەگەڕێتەوە، هەموو شتێک بۆ بیروڕاو فیکر دەگەڕێتەوە، تا تۆ خاوەن بیروڕا و فیکرێکی باش نەبێت و ئاگاداری کارەکانی خۆت نەبیت، سستی و خراپی و ناشارەزایی و سەرەتاییبوون هەمیشە بە کارەکانەوە دیارە. فیکر دەبێ هەبێت، منێک بە ناوونیشانی ئافرەتێکی هونەرمەندی گۆرانیبێژ، دەبێ بزانم دەمەوێت چیبکەم، دەبێ خۆم خاوەن چوارچێوەیەکی فیکری بم، خاوەن بیروڕایەکی فیکری تایبەتی خۆم بم، بەداخەوە ئەو شتە لەناو هونەرمەندانی ئافرەتدا نابینم، تا ئێستاش نەمبینیوە ئافرەتێک هەڵکەوتبێت کە خاوەن بیروبڕوایەکی پتەو بێت و بڕوای بەکارەکانی خۆی هەبێت، ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت، ئەو گۆرانیبێژەمان نییە بتوانێت بەبێ پشتیوانی پیاو کار بکات.

* لە بارەی پۆشینی جلوبەرگی کوردی چی دەڵێین؟

– سەرەتا دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە وڵاتانی ڕۆژئاوا دووسەد تا دووسەد و پەنجا ساڵ لە ئێمە لەپێشترن، مەبەستمە بڵێم ئەوانیش خاوەن جلوبەرگی تایبەتی خۆیان بوون و هەن، بەڵام ئێستا لەناو مۆزەخانە دایانناوە، ڕۆژانە نایکەنە بەریان، لەبەرچی ئەو جلوبەرگە جیهانییە لەبەردەکەن؟ چونکە ئەوان لە هەموو لایەنێکەوە گەشەیان کردووە، بەتایبەتیش دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی پیشەسازی ئەورووپا، بە بڕوای من ئەوان لە بواری جلوبەرگدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەم شێوە جیهانییە جلوبەرگ لە بەربکەن کە ئێستا هەیە، چونکە ئەم شێوازە بە هەموو شێوەیەک خۆشترە و ئیسراحەتترە. ڕاستە من خاوەنی جلوبەرگ و کولتووری تایبەتی خۆمم، بەڵام ئەگەر بمەوێت بگەمە گەلانی ڕۆژئاوا دەبێ لەهەموو لایەنێکەوە و بەوان بگەم، مەبەستمە بڵێم دەبێ ئەو جلانە بخەینە مۆزەخانە و تەنیا لە بۆنە و مەراسیمی تایبەتدا لەبەریان بکەین، زۆر بە کەمی لەبەری بکەین، چونکە جلوبەرگێکی ئیسراحەت نییە، من چەند جارێک خەریک بووە بەو جلانەوە بکەوم، بەڵام بۆ ئەوەی هەموو جیهان بزانێت ئەوە جلوبەرگی منە و منیش وەکو گەلانی تر خاوەن جلوبەرگی خۆمم، دەکرێ لە مۆزەخانەکاندا وەکو هەر شتێکی تر بپارێزرێت، لە مەڕ ئەو قسەیەش کە دەڵێت دەبێ جلوبەرگی کوردی نیشان بدرێت من بڕوام وایە زۆر گرنگ نییە ئەو جلوبەرگەمان نیشان بدەین، گرنگ ئەوەیە ئێمە ئازادی کورد نیشان بدەین، دەستەبەر بوونی دیموکراسی و واقیعی کورد نیشان بدەین، تەنانەت زمانەکەشمان خەریکە دەچێتە مۆزەخانەوە، نەک هەر زمانی کوردی بەڵکو فارسی و تورکی و تەنانەت عەرەبیش خەریکە دەچێتە مۆزەخانەوە، بە بڕوای من تا ٥٠ ساڵی تر زۆربەی خەڵک لە زۆربەی جیهاندا تەنیا بە ئینگیزی قسەدەکەن و زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی سەرتاسەری جیهان، ئێستاش دەبینین زمانی ئینگلیزی لە هەموو شوێنێک کارایی خۆی لەدەست نەداوە، هەڵبەت جلوبەرگیش هەروایە. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە جلوبەرگی کوردی جوان نەبێت، بە پێچەوانەوە جلوبەرگی کوردی زۆر جوانە و زۆریش سەرنجڕاکێشە، بەڵام بەداخەوە بۆ هەڵسوکەوت کردن ئیسراحەت نییە، من شانازی بەجلوبەرگی کوردی و کوردبوونی خۆمەوە دەکەم.

* زۆر لە ئافرەتان کاتێکی زۆر لە ئارایشتکردنی خۆیان بەسەر دەبەن، بەڕای تۆ ئارایشت هێندە گرنگە بۆ ژنان؟

– من خۆم زۆر لایەنگری ئارایشت نیم، کەمیش ئارایشت دەکەم، بەڵام من تەنیا ئەوەندە دەڵێم، ئافرەتان هێندەی کاتی خۆیان بە ئارایشتەوە بەسەر دەبەن، نیوە هێندە کاتیان تەرخان بکەن بۆ خۆوشیارکردنەوە، لە داهاتوودا بارودۆخی ئافرەتان زۆر باشتر دەبێت.

* زۆرجار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، ئافرەت وەک مەتەریالێک بۆ پڕ فرۆشکردنی تیراژیان بەکاردێت، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

– لەهەموو جیهاندا هێشتا ئافرەت بە خراپی سوودی لێوەردەگیرێت، لە وڵاتی سەرمایەداریشدا ئافرەتیش وەکو کاڵایەک سەیر دەکرێت، بۆیە بۆ زۆر شتی خراپ بەکاردەهێندرێت، کە لە ڕاستیدا نابێت وابێت، ئەمەش هەر بۆ ئەو سیستەمە پیاوسالاریبە دەگەڕێتەوە کە بەسەر هەموو جیهاندا دەسەڵاتدارە، بۆیە شتێکی سروشتییە کە بەم جۆرە ئافرەت بۆ فرۆشتنی کاڵا و شتومەکی خۆیان بەکاربهێندرێت.

# نوێخوازێتی دەقەکانی «سپیاییەکانی ناوە ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی»

**ستراتیژییەتی ورووژاندن**

**د. فوئاد ڕەشید**
**(کۆلێژی ئاداب - پەروەردەی بنیات)**

ئاشکرایە دیاریکردنی پێناسە و سروشتی چەمکی نوێخوازی بەگشتی و لە چوارچێوەی بزاڤێکی ئەدەبیشدا، لە لانکە و بنکەی ڕەسەنی خۆیدا جێگای گەنگەشە و توێژینەوەیەکی بەر فراوان بووە. کاتێکیش ئەم چەمکە لە ڕێگای دەستی دووەم و سێیەمەوە دەپەڕێتەوە نێو ئەدەبیاتێکی دی، ئەوا گەنگەشەیەکی چڕ و ئاڵۆزتر دروست دەکات و زیاتریش لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت.

هەرچەندە نوێخوازێتی دەق لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویییەکی زۆر درێژی نییە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم بزاڤە لە ژێر باڵی گرووپ و ئاراستەی جیاوازدا ئامادەبوونی خۆی دەسەلمێنێت و هەبوونی دەقێکی زۆر، سیمایەکی ئەم ئامادەبوونەیە، کەچی مخابن کەمیان خراونەتە نێو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە. لێرەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهانەیەک بۆ هەبوونی خۆی دەبینێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە خودی بەرهەمی (مانیفێستی دووەمی وێران-سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناوسپی) هەروەک شاعیر خۆیشی ئاماژەی بۆ کردووە، یەکێکە لە پرۆسەکانی نوێخوازی شیعری ئەمڕۆ، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستی بە چەندین لێکۆڵینەوەی جیا جیایە.

ئەم بەرهەمەی دکتۆر فەرهاد پیربال تا ئێستا ئەوەی ئێمە لێی ئاگاداربین، سێ گوتاری لەسەر بڵاوکراوەتەوە:

**یەکەم**: عەبدال نووری عەبدال، پیربال نوێخازە و پێگیرە د ئێک دەم دە، پەیڤ، ژ١١، ١٩٩٩، ل٥٤-٦٣.

**دووەم**: حەمە سەعید حەسەن، شیعر و شۆخی، ڕامان، ژمارە «٤٠»، ١٩٩٩، ل٨٢-٨٣.

**سێیەم**: فەرهاد پیربال، شیعر و "پێپسی" کۆلا، ڕامان، ژ٤١، ١٩٩٩، ل٨٠-٨٥.

ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی پێ جودا دەکاتەوە لەم سێ گوتارە، ئەوەیە کە لێرەدا هەوڵ دراوە بنچینەی ئەزموونی نوێخوازی دەقەکانی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» ڕوون بکرێتەوە کە مەبەستی سەرەکی پشتەوەی کردەی نووسین و داڕشتنی دەقەکانە و شاعیر وەکو ستراتیژییەتێکی بنچینەیی پەیڕەوی کردووە.

هەڵبەت بۆ بەدیهێنانی ئەم کارەش، مەرج نییە یەک بە یەکی دەقەکان شی بکرێنەوە، بەڵکو بەپێی ڕادەی ڕوونکردنەوەی ئەم ستراتیژییەتە ئاوڕمان لە دەقەکان داوەتەوە.

## چەمکی نوێخوازی
## لە مانیفێستی دووەمی وێراندا

(فەرهاد پیربال) سەرەتای ئەو کتێبەی کە دەقەکانی (سپیاییەکانی ناو ڕەش ، ڕەشاییەکانی ناو سپی) تێدا تۆمار کردووە، بە چەند بیروڕایەکی خۆی سەبارەت نوێخوازی دەست پێکردووە، لەم کارەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیر خاوەنی چەند بیروبۆچوونێکی تیۆرییە دەربارەی چەمکی نوێخوازی و پاشان دەقەکانی لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانە داڕشتووە، لەکاتی وایشدا وا چاوەڕوان دەکرێت کە دەقەکانی لە هەوڵی نوێخوازانەیاندا بەرجەستەکاری بۆچوونە تیۆرییەکان بن، کەوا بێت بەر لە لێکۆڵینەوەی نوێخوازێتی دەقەکان بە پێویستی دەزانین لە تێگەیشتن و بۆچوونی شاعیر بکۆڵینەوە، بەڵکو لە ڕووی تیۆرییەوە چۆنێتی تێگەیشتنی شاعیرمان بۆ دەربکەوێت و پاشانیش ڕادە و ڕێژەی پێبەندبوونی بەم تێگەیشتنەوە دەست نیشان بکەین.

هەرچەندە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە سیما و سروشتی چەمکی نوێخوازی و بە گەلێک شێوە پێناسە کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین کورتە و پوختەی ناوەڕۆکی ئەو پێناسە جیاوازانە لە دوو خاڵی سەرەکیدا دیاری بکەین.

- نوێخوازی بریتییە لە دەربڕینی بابەتی نوێتر بە کەرەستە و تەکنیکی نوێتر «١».

- لەو ڕوانگەیەوە کە نوێخوازی تەنیا لە داهێنانی شێوە و فۆرمی نوێ نییە؛ بۆیە دەقی نوێخواز دەبێ خاوەنی (ڕوانین= ڕؤیا)یەکی نوێ و تایبەتی بێت بەرامبەر ژیان و هونەر و بوون، بە پێچەوانەوەی عەقڵییەتی کۆن و باوی ناو کۆمەڵ «٢»

(فەرهاد پیربال)یش لە ڕووی تیۆرییەوە لە دەست نیشانکردنی گرنگترین مەرج و ئەدگارەکانی بەرهەمێکی نوێخوازدا هیچ کام لەم دووخاڵەی فەرامۆش نەکردووە و بەم خاڵانەی خوارەوە مەرجەکان دیاری دەکات:

١-((ڕووانینێکی زۆر شەخسی و تاکڕەو لە بەرهەمەکەدا هەبێت، ڕووانینێکی وێرانکارانە، دژ بە زەوق و چێژی باو، دوژمنکارانە بۆ سەر دیاردە و ڕووانینە سەلەفییەکان.

٢- فۆرمێکی سەیر...

٣- بەرهەمی نوێخواز پێویستە ناجۆر و ناوێزەبێت...))«٣».

بنەمایەکی بنچینەیی بزاڤی نوێخوازی بریتییە لە نوێکردنەوەی بەردەوام و ئازادی و سەرفرازی ڕەهای شاعیر، فەرهادیش وەکو هەر شاعیرێکی نوێخواز دژی هەموو شێوەکانی سنووربەندی و هەموو جۆرە ڕاوەستانێکە و بڕوای بە کردەی تێپەڕاندنی بەردەوامە، بۆیە نەک هەر هانی شاعیرانی دی دەدات، کە نەکەونە شوێن بۆچوونە تیۆرییەکانی و لاسایی دەقەکانیشی نەکەنەوە، بەڵکو داوایان لێدەکات، هەوڵ بدەن خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیان بن و دەقی نوێتر بنووسنەوە.

هەڵبەتە ئەمەش لەو گۆشە نیگایەوە کە نوێخوازی بزاڤێکی دینامیکی بەردەوام و بێ سنوورە؛ بۆیە دەڵێت ((..دوای خوێندنەوەی ئەم نامیلکە شیعرییە، یەکسەر، ئەم نامیلکە و مانیفێستە توور هەڵبدەنە نێو زبڵخانەوە.. منیش بە کۆنەخواز و کەوەدەن و پووت حسێب بکەن.. بە کورتی: .. بەیاننامەیەکی تازەی جوانی خۆتان بنووسن»«٤».

فەرهاد لە کردەی بەرهەمهێنانی دەقی نوێخوازدا کەم و زۆری ژمارەی خوێنەری وەک جەمسەرێکی پرۆسەی داهێنان بەلاوە گرنگ نییە، «گرنگ ئەوە نییە بەرهەمی نوێخواز چەند کەس تێی دەگات و ژمارەی ئەو کەسانە چەندە کە پێشوازی لێ دەکات»«٥».

ئەگەر ئەم مەسەلەیەی «تێگەیشتنە» لە بەرامبەر مانیفێستەکەی فەرهاد ڕابگرین، هەست بە بوونی جۆرە نەسازییەک دەکەین، فەرهاد لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا لاپەڕەی حەوت لە دیاریکردنی سیما و ناوەڕۆک و سەرچاوەی داهێنانی بەرهەمی نوێخوازدا جەخت لە مەسەلەی «جوانی» دەکات و بوونی جوانییەکی سەرسوڕمێن و سامناکیش بە ئەدگارێکی سەرەکی بەرهەمی نوێخوازەکانی خۆی دادەنێت«٦»؛ هەر بۆیەش پێی وایە «لە داهێناندا گرنگ ئەمەیە چۆن و بە چ شێوازێک نووسراوە..»«٧». دیارە کاکڵەی ئەم دروشمەش هەر پێوەندە بە جوانی شێواز و تەکنیکەوە نەک بە چی گوتنەوە.

لێرەدا پێویستە بڵێین گەر جوانی تەوەر و سەروەری دەقی نوێخوازبێت- هەروەکو فەرهاد خۆی دووپاتی دەکاتەوە- کەواتە پێدڤییە پتر چاوەڕێی ڕادەی چێژ وەرگرتن بکات لە خوێنەر نەک ڕادەی تێگەیشتن، بێگومان (تێگەیشتن) و (چێژ وەرگرتن) نەک هەردوو کرداری جیاوازن، بەڵکو (ئەدۆنیس) گوتەنی، بۆ چێژ وەرگرتن لە شیعرێک هیچ مەرج نییە بە تەواوی لەو شیعرە بگەین تەنانەت دوور نییە ئەم تێگەیشتنە چێژی شیعرەکەمان لە دەست بدات «٨»

فەرهاد لە نووسینی ئەم تەرزە دەقە نوێخوازانەدا پتر مەبەستی وروژاندنە هەروەکو خۆی دەڵێت: «من هەرچی بنووسم، دەمەوێ بەردێک بێت و فڕێی بدەمە ناو گۆمە مەنگەکەوە، شڵەژانێک و وروژاندنێک بێت...»«٩».

واتا وروژاندن و لڤاندنی خوێنەر و ناوەندە ئەدەبییەکە لەم کارەشیدا پتر فۆرم و تەکنیکێکی نوێ و نامۆی کردۆتە ئالاڤی سەرەکی؛ لە بەر ئەمەشە لە داهێناندا چۆنێتی شێوازی نووسینی لا گرنگە، بڵندکردنەوەی ئەم دروشمەش بۆ خۆی سنووربەندیکردنی چەمکی ڕوانینی شیعرییە لە نێو بازنەیەکی داخراوی فۆرم و تەکنیکدا.

ئەمە لەلایەک جۆرە نەسازییەکە لەگەڵ مەرجێکی گرنگی نوێخوازی کە فەرهاد خۆی ئاماژەی بۆ کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە پێچەوانەی بیروڕای زۆربەی تیۆریزەکارانی نوێخوازییە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، نوێخوازی تەنیا داتاشینی چێوەی فۆرمێکی نوێ نییە، بەڵکو هەڵوێست و عەقڵییەتێکی ڕەهای نوێیە بەرامبەر سەرتاپای دیاردەکانی ژیان کە خودی شیعریش بەشێکێتی نەک بە تاقی تەنیا فۆرمی شیعرەکە«١٠».

بە لێکۆڵینەوە لە خودی دەقەکانی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی» تێبینی دەکرێ ئەم نەسازییە- کە دوور کەوتنەوەیە لە پرینسیپێکی نوێخوازی- لەنێو جەستە و گیانی هەندێک لە دەقەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم بابەتەش لە باسی دووەمدا ڕوونی دەکەینەوە.

## نوێخوازیتی دەقەکانی سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی

فەرهاد پیربال لە بۆچوونەکانی نێو مانیفێستەکەیدا- ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ- ئەوە دەردەخات کە بڕوای تەواوی بە سواوی و بەسەرچوویی شێوە و شێوازی کۆنی شیعر نووسین هەیە، ئەو شێوە کۆنەی کە دەمێکە شیعری کوردی لە بازنەی مەنگیدا دەستەمۆ کردووە و لە هەمان کاتیشدا لە ئاستی سروشت و زمانی ناکۆکی و نەسازییەکانی ژیانی چڕو ئاڵۆزی ئەمڕۆدا نییە.

لەبەر ئەم هۆیانە فەرهاد دەیەوێت بەهەر شێوە و شێوازێک بێت، ئەو مەنگییە بشڵەقێنێت و هزر و هەستی خوێنەران و شاعیران ڕاچڵەکێنێ و هەر چۆنێک بێت فۆرمێکی نوێ، وشەیەکی نوێ، دەقێکی نوێ دابهێنێت، بە شێوەیەک ببێتە مایەی هەژاندنی خوێنەر و ڕاتەکاندنی یەخەی ئەو توانایانەی کە چاوەڕێی داهێنانیان لێدەکرێت.

بە سەرنجێکی ڕووکەشییانەی خێرای کتێبی «سپیاییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناوسپی» سیمایەکی ئەم بۆچوونەمان بەرچاو دەکەوێت لەم سەرنجەدا ئەوە دەکرێت کە ڕەگەزی وروژاندن تەنیا لە زمان و تەکنیکی خودی دەقەکاندا نییە، بەڵکو لەسەرتاپای سەر و سیمای بەرهەمەکەشیدایە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە پێدا وەرە تا دەگاتە دوا لاپەڕە.

لەم نێوانەدا چاومان بەم دیاردانە دەکەوێت:

١- لەسەر بەرگی یەکەمی چەند وێنەیەکی خودی شاعیر لە دیمەنی جیاجیای نا ئاساییدا خراونەتە ڕوو. هەر وێنەیەکی گوزارشت لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دیاریکراو دەکات،. لێرەدا فەرهاد کەرەستەیەکی سەرنج ڕاکێشی بەکارهێناوە بۆ وروژاندنی هزر و هەستی

خوێنەر، بەتایبەتی ئەمە یەکەم جارە شاعیرێکی کورد وێنەی خۆی لەو دیمەنانەدا لەگەڵ کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبی خۆیدا بڵاو بکاتەوە.

بێگومان کاریگەرێتی ئەم وێنانە لەوەشدایە کە بە تاک و بە تێکڕایی هەڵگری چەند هێمــا و دەلالەتێکی جیاوازن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پتر لە پرسیارێک لە هزری خــوێنەردا. هەرچەندە وێنەکــان بە تاک و کــۆ زمــانێکی تایبــەتی پێک دەهێنن و دەیانەوێت لەگــەڵ خوێنەردا بدوێن، بەڵام پتر لە پرسیــارێک لای خوێنەر دروست دەکەن:

– دەبێ چ هۆکارێک شاعیری گەیاندبێتە ئەو بارە سایکۆلۆژییەی کە وێنەکان دەری دەبڕن؟

– یان شاعیر دەیەوێت لەگەڵ دیمەنە جیاوازەکان گاڵتەجاڕی و هیستریدا پێمان بڵێت ژینگەکەمان تێکەڵییەکە لەو نەسازییە؟

–یان وێنەکــان زمــانێکی دیکەی هاوار و ناڕەزایین بەرامبــەر بەو ژیان و ژینگەیەی کە مرۆڤی شاعیر دەگەیەنێتە ئەو حاڵەتانە.

بەهەر حاڵ وێنەکان چالاکانە هزر و هەستی خوێنەر دەهەژێنن و بە ئاسانی ویستی ستراتیژییەتی نوێخوازێتی شاعیر دەهێنێتە دی.

٢– بەکــارهێنانی ڕێنووسی ڕۆمــانی لە ژمــارە دانان بەســەر برگــە و پەرەگــرافــەکــانی قــامــووسی بۆشی نوێخــوازیدا. هەرچەند فــەرهاد یەکــەم کــەس نییــە ئەم کارەی کردبێت، بەڵام دەیەوێت بەمەش سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت.

٣– لە دوا لاپەڕەدا پێرستی دەقەکانی بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو وتێکەڵاو نووسیوە، ئەمەش گوزارشت لە حــەزێکی تێکدەرانەی شــاعیــر دەکــات بۆ ڕواڵەتە دەقبەستووەکان. بەم تەرزە ڕەفتار و ئاکارە لابەلاییانە شاعیر دەیەوێت خۆی لە هەموو شتێکدا ناوێزە بکات و جەخت لەوە بکات کە ئەم لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا نوێخوازە و دژی هەمـوو ڕواڵەتێکی کۆنی چەسپــاو و نەگۆڕە. لە ڕاستیــدا هەنگاوی لەم بابەتە نزیکتــرە لە نوێخــوازییــەکی ڕووکــەشی و دوورترە لە جــەوهەری ڕوانینێکی هەمەلایەنەوە کە فۆرم و ناوەڕۆک پێکەوە نوێ بکاتە، نوێکردنەوەیەکی ئامانجدار و بنیاتنەر.

٤– لە میــانی دەقەکانیشدا شاعیر دیاتر لە سێ تەوەرەوە هەوڵی داوە پەیامی ئازراندن ئاراســتــەی «پەیامگر» بکات.

## مامەڵە کردن لەگەڵ زماندا

بێگومان زمان ئامراز و کەرەستەی سەرەکی دەقی ئەدەبییــە. کــەوابێ پرۆسەی بە ناوێزەکردنی دەق– کــە مــەرجــێکی گــرنگە لای فــەرهاد– زیاتر هەر لەناو زمــانەکــەیدا دەکــرێت، لێــرەدا لەم چەند دیاردەیەدا بەرجەستە کراوە:

**١– بەکارهێنانی وشەی بازاڕی و نەپۆشراو:**

شــاعــیــری نوێخــواز لەو بڕوایەدایە کــە جــوانی و کاریگەری زمانی دەق مەرج نییە لە هەڵبژاردنی وشەی ناسک و دەربڕینی جوانەوە بێت، بەڵکو دوور نییە چەند وشەیەکی بازاڕی و دەربڕینێکی کرێت ئەم مــەبەســتــە بهێننەدی «١١». ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەنگاوێکی ڕەتکردنەوانەی زمــانی باوی شــیــعــر نووسیندا، شاعیر وشە و زاراوە لە زمانی ناو بازاڕ و گەڕەک و سەر جادەوە دەهێنێتە نێو فەرهەنگی زمانی دەقەکەیەوە، لێرەدا فەرهاد کۆمەڵێک وشەی بازاڕی و دەربڕینی کرێتی بەکارهێناوە، وەک (قەشمەر، بێ حەیا، زەوقــســز، گــەواد، دزی و حــیــزی...تاد» «١٢».

بەکارهێنانی ئەم وشە و دەستەواژانە لە دەقەکانی فەرهاد دا پتر وەسفی و ئاشکرا و ڕاپۆرتین و کەمتر هێمادارن، ئەمــەش ئەوە دەدات بە دەســتــەوە کــە مــەبەســتــەکــە بە شــێــوەیەکی ســەرەکی وروژاندنی زووتر و زیاتری خوێنەرە.

**٢– بەکارهێنانی وشەی بیانی:**

نەک هەر بەکــارهێنانی وشــەی بیــانی، بەڵکو تێکەڵهێش کردنی شیعری کوردی لەگەڵ زمانێکی بیانیدا دیاردەیەکی نوێ نییە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی، بەڵام بۆ شیعری نوێ تازەیە، فەرهاد کۆمەڵێک وشە و ڕستە و دەربڕینی بیانی «ئینگلیزی، فارسی، فەرەنسی، ئیتاڵی، عەرەبی» بەکارهێناوە و تەنانەت هەندێک دەقی تەنیا وشەیەکی کوردییە.

بۆ نموونە لەلاپەڕەکانی (٥٦,٣١,٢٧,١٥,١٣,٩,٨»دا کۆمەڵێک وشە و زاراوە و ڕستەی جۆراو جۆری بە چەند

زمانێک بەکارهێناوە. خودی ئەم کارە ڕەنگە بۆ خۆی کارێکی بێ مانای رووکەشی نەبێت و ڕەنگدانەوەی دەربەدەری شاعیر بێت لەو وڵاتانەدا، یان کاریگەرێتی ئەو زمانانە بێت بەسەر شاعیرەوە، هەبوونی ئەو موفەرداتە بیانییانە شتێکی ئاساییە، بەڵام چۆنێتی و ڕادەی بەکارهێنانیان لە نێو دەقەکاندا جێگای پرس و سەرنجە، چونکە زۆر جار بێ هۆیەکی چاوەڕوانکراو لە نێو کەشوهەوای دەقەکەدا و لە پڕێکدا هاتوونەتە ناو دەقەکەوە. ئەم یاریکردنە ناوەکییانە لەگەڵ چاو و زەینی خوێنەردا پتر هەر مەبەست ورووژاندن و شڵەژاندنێتی بۆ نموونە لە لاپەڕە «١٣»دا:

**زید: وكم من منزل يألفه الفتى**

**وحنينه أبدا لأول المنزل**

دەبێ چی پێویستییەک ڕێگای بۆ هاتنی ئەم دێڕە شیعرە خۆش کردبێت؟ یان تەنیا حەزێکی رووتی داتاشینی شێوەیەکی نوێیە کە مەبەستی ناوێزەیی و لە بەرامبەریشدا سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بهێنێتە دی؟

پێمان وایە ئەو وشە و دێڕە ئەگەر لە ژێر سەردێڕی «٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی» بوایە، مانایەکی گەورەتر و جوانتری دەگەیاندە پەیامگر«١٣».

هەر دوو دەقی «لە تەجنیدە سووتاوەکەی هەولێر» و «تەخمیس لەسەر شیعرێکی ئینگلیزی» تەنیا ناونیشان و چەند وشەیەکیان کوردییە، ئیدی بە زمانێکی بیانی نووسراونەتەوە. ئەزموونی نوێخوازێتی ئەم دوو دەقەش هەر لە ڕوانگەی گرنگی چۆنێتی گوتنەوە ئەنجام دراوە و پەیامێکی نوێ و نەگوتراوی بە پەیامگر نەگەیاندووە.

### ٣- لادانی ڕێزمانی و واتایی:

زمانی دەق نەک هەر لە رووی بونیادی ڕێزمانییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە، بەڵکو لە رووی ئاراستە و ڕوانینیشەوە زمانێکی تایبەتییە «١٤». هەڵبژاردن و بەکاربردنی هەر شێوە و دارشتنێکی تایبەتی لە زماندا ماناو دەلالەتی خۆی هەیە. هەڵبەتە کەرەستە و ئالاڤی بەرجەستەکردنی ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییە بە چۆنێتی ڕەخساندنی پەیڤ و یاریکردن لە ناو زمان و واتادا دێتە دی.

(فەرهاد) لە دەقی (گۆڕینی ڤێرگول و گۆڕینی شوێنی وشەکان..) لە ڕێگای پاش وپێش خستنی وشەکانەوە چەند جارێک دارشتنی ڕستەی تێکداوە و هاوکات لەگەڵ ئەم لادان و تێکدانە ڕێزمانییەدا، ترازانی واتاییش رووی داوە و ڕستەکان مانا بەخش نین و بوونەتە چەند وشەیەکی لێک دابڕاو.

تەنیا وەک نموونە:

**سەر، هەموو، دەچێتەوە بانەڕێیەک**

**سەر، هەموو بانە. دەچێتەوە ڕێیەک**

**سەر، هەموو، دەچێتەوە ڕێیەک، بانە**

........................

**بانە! سەردەچێتەوە هەموو ڕێیەک**

**بانە! هەموو ڕێیەک دەچێتەوەسەر**

لە ڕاستیدا هەموو یاریکردنێکی ناو زمان، دەق ناگەیەنێتە ئاستی بە شیعر بوون. واتا شیعرییەت بە دەق نابەخشێت. ئەوەشمان لە یاد نەچێت چاو نەترسی لە پرۆسەی وێرانکردن و شکاندنی فۆرمە چێوەکانی پێشوو لە هەموو کاتێکدا نوێخوازییەکی داهێنەرانەی لێناکەوێتەوە. دەقێکی وەکو ئەو دەقەی باسی دەکەین بۆ زەخرەفەیەکی وشک و بەتاڵی زمانەوانییە.

فەرهاد بێجگە لە ئاخافتنی ئاسایی لە ڕێگای ئەم جۆرە دەقانەشەوە پەنجە دەخاتە سەر ستراتیژیەتی ئەزموونی نوێخوازی خۆی کە بریتییە لە لڤاندنی پەیامگر و هەژاندنی گۆمە مەنگەکەی ئەدەب ئیتر بە هەر شێواز و ڕێباز و فۆرمێک بێت گرنگ نییە «١٥».

لە دەقی «بۆبەلات» پەنای بردۆتە بەر زمان و هەستی نا ئاگایی، هەڵبەتە لە بارێکی وادا دەق لە رووخساردا لە چوارچێوەی چەند دەستەواژەیەکی بێ سەروبەردا خۆی نیشان دەدات کە هیچ پێوەندییەکی لۆژیکی پێکیانەوە نابەستێت. هەرچەندە زمان زمانی نا ئاگایی و ئامادەنەبوونی ژێرییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەربڕ و هەڵگری ماناو دەلالەتی تایبەتی خۆیەتی.

شاعیر لەو دەقەدا لەسەر بنچینەی دوالیزمی «ئێمە = ئەوێ» بە زمانێکی ناماقووڵ گوزارشت لە شیرازە تێکچوون و داڕووخانی عەقڵانییەت و بێ سەروبەری ڕواڵەتەکانی ژیانی ژینگەی خۆی دەکات.

**لەلای ئێمە**

**ژیان ژەنگی ژەهری ژانی ژیاری تێدا دەهەژێ**

.......................

**لەلای ئێمە:**

**ڕووبار ڕیشی ڕازی ڕێوی لەڕێ ڕێیانی تیا دەلەوەڕێ**

.......................

**لەوێش: لم زێڕە گەلا دەردەکا،**

**وشکایی لەخۆیەوە جوانی دەگرێ؛**

**خەون لە ماوەی یەک چرکەدا**

**دەبێتە جوانترین هەقیقەت (١٦).**

هەڵبـەتە بە وردبوونەوە لە بونیـادی سـیـمـانتـیـکی هەریەک لە جـەمـسـەرەکـانی ئەم دوالیـزمـە پـتـر دەلالەتەکانیان دەردەکەوێت (١٧).

وەک لەم هێڵکارییەدا دیارە:




لە هەردوو دەقی (گۆڕینی ڤـێـرگول و گـۆڕینی شـوێنی وشـەکـان...) و (بۆبەلات)دا زمـان ڕۆڵێکی گـەورەی بینیـوە بۆ بە ناوێزەکـردنی دەق، ئەمـەش زیاتر و زووتر سـەرنجی پەیامگر ڕادەکـێـشـێت، لێـرەشـەوە ئامـانجی سەرەکی شاعیر دێتە دی.

## ٤- شێوازی زمانی دەربڕین:

بەپێی ڕای زۆربەی تیـۆریزەکـارانی دەقی نوێخـواز یەکێک لە گرنگترین ئەدگـارەکـانی شاعـیـری نوێخـواز ئەوەیە کە هەتا پێی بکرێت خۆی لە زمانی ڕاستەوخۆیی و گـێـڕانەوەی ئاسـایی دووربخـاتەوە (١٨). نەک هەر ئەمـەنـدە، بەڵکو بەڕای (ئەدۆنیس) زمـان لە شـیـعـری نوێدا پێـویسـتـە دوورەپەرێز بێت لە مـانا ئاسـایی و باوەکـەی؛ چونکە زمـانی شـیـعـر زمـانێکی هێـمـاداره (١٩).

فـەرهاد پـیـربـاڵ نەک هەر لە ڕووی تیـۆریـیـەوە ئەم ڕاسـتـیـیـانە دەزانێت، بەڵکو لەناو هەندێ لە دەقـەکـانیـشـیـدا بەرجـەسـتـەی کـردووە، کـەچی لە نێـو دەقـەکانی (کەسک و سۆری شینێک)، (٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی)، (جـەنگ)دا جـۆرە ڕسـتـە و دەربڕینێکی ئینشـایی بەکـاردەهێنێت، پتر لە ئاخـافتن و گـێـڕانەوەی ئاسـایی دەچن. بۆ نموونە لە دەقی (کـەسـک و سـۆری شینێکدا) چاومـان بەم ڕسـتـانە دەکـەوێت «ئادەمـیـزاد: لەوەتـەی هەیە دەمـــرێـت و دەژیەتەوە، دەمـــرێـت و دەژیەتەوە، دەمـرێت و دەژیەتەوە، زۆر سـەیرە!)، (بازاڕ: ژنی عـەبا بەسەر و عـارەبانە و قـەڵەباڵغی). (پەناهەندە: کـوردێـک زۆر باش لەوە گـەیشـتـبـێت کـە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد پێویستە».

هەروەها ئەم زمـانە ڕاپۆرتییە دەقی (Apprivoise-moi!) و زۆربەی بڕگەکانی دەقی (٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی)شی گــــرتـۆتەوە و تەنانـەت دەقـی (تـەوش) لە زمانێکی ئاشکرادا خەریکە ببێتە کورتەی بیۆگرافیـای شاعـیـر. بێگومـان ئەم زمـانە پەرەگرافیـیـەش لە ئەدگـاری نوێخـوازێتی دەقـەکـان کـەم دەکـەنەوە، لە کـاتێکدا ئەم بەرهەمـە هەر وەک فـەرهاد خـۆی دەڵێ (٢٠) یەکـێکە لە پرۆسەکانی نوێخوازی شیـعری ئەمڕۆ، باشە بۆچی شاعـیر لە تەک زمـانی هێـمـادار و نامـاقـووڵدا زمـانێکی ڕاستەوخۆیشی بەکارهێناوە؟ بە بۆچوونی ئێمە سروشت و ماهیـیەتی ستراتیژی ئەزموونی نوێخوازی شاعیر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

شـاعــیــر بە تێکەڵکردنی زمـانێکی ڕاسـتـەوخـۆ و ناڕاستەوخۆ سەرنجی بیروهەستی خوێنەر ڕادەکێشێت و تاکڕەوی خۆیشی بەرجەستە دەکات.

## تەکنیکی دەقەکان

شـاعـیـر بێـجگە لە کـارکردن لەناو زمـاندا، لە ڕێگای بەکــارهێـنـانی تەکنیکی جـیــاوازیشــەوە هەوڵی پراکتیزەکردنی ستراتیژییەتی خۆی داوە.

د. محەمەد بەکر لە تێزی دوکتۆراکەیدا باسی تەکنیکی دەقـەکـانی (گـێلەپیـاو)، (پەڕگـاڵ)، (بانگەوازێک)ی کردووە (٢١).

دەقەکانی دیکەی وەک (سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی)، (شیراتۆن لەبەر باراندا)، (باسی جواب نووسینەوەی کاغەزی خورشید...)، (پەنجەرە)، (خەونی ئیستاتیکی)، (شەوانی تاڵی نێو تابووتی...) لە سەرهەمان تەکنیکی دەقی (گێلەپیاو) داڕێژراون و لەم جۆرە تەکنیکەدا و هەر وەکو د. محەمەد بەکر دەڵێت: (هەر دەقێکی ئەدەبی، یان بەشێکی لە لاپەڕەیەکی تەواودا هەڵدەبژێرێت و جگە لە چەند وشەیەکی دیاریکراو لە چەند جێگایەکی لاپەڕەکەدا، ئەو دوای وشە و ڕستەکان ڕەش دەکرێنەوە. لە ئەنجامدا ڕستەیەکی تازە پێکدێت کە هیچ پێوەندییەکی سیمانتیکی بەدەقە بنەڕەتییەکەوە نابێت و وەکو دەقێکی نوێ دەخوێندرێتەوە (٢٢).

لێرەدا ئەوەی بەنزیکی باسەکەمانی دەزانین دەربارەی ئەم تەرزە تەکنیکانە ئەوەیە تێبینی دەکرێت شاعیر لە هەندێکی ئەم دەقانەدا تەنیا لە ڕێگای کلێشەی تەکنیکەوە دەقی ناوێزە کردووە و لەم حاڵەتەیشدا دەق پەیامێکی فیکری ئاشکرا و زمانێکی ئاسایی لە خۆ گرتووە، وەکو لە دەقی (شیراتۆن لەبەر باراندا) هەرچەندە ناونیشانەکەی هێماداره، بەڵام زمانی دەقەکە ڕستەیەکی ڕاستەوخۆی وەسفییە. بەڵام لە هەندێک دەقی دیکەدا تەکنیک و زمان پێکەوە دەق ناوێزە دەکەن و زیاتر و زووتریش پەیامگر دەهەژێنن؛ چونکە لەم جۆرە دەقانەدا زەین و چاوپێکەوە شپرزە دەکرێن و دەکەونە بزاڤ و چالاکییەوە. بۆ نموونە لە دەقەکانی (پەنجەرە) و (خەونی ئیستاتیکی)دا.

دەقی (i) دەقێکی وێنەییە، لە دەقی وێنەییشدا زمان و وێنە دەبنە ئامرازی گەیاندنی پەیامی دەق بۆ پەیامگر. ئەمەش ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە چۆنێتی و چەندایەتی خوێندنەوەی دەق و وەرگرتنی پەیامەکەی (٢٣) لەم دەقەدا.

**i**
**لە**
**پاریس**
**جارجار**
**دەچم**
**لەسەر**
**بڵندترین**
**دوندی**
**بورجەکەی**
**ئیڤێل**
**ڕادەوەستم؛**
**هەموو شوێنێکم لێوە دیارە:**
**تەنیا هەولێر نەبێ!**

تێبینی دەکرێت تێکڕای دەقەکە وێنەی بورجی (ئیڤێل)ی پێک هێناوە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونە شیعرییەکەوە هەیە، دیارە ئەم دیمەنە بەرچاوییە کاریگەرییەکی ئیستاتیکی دەبێت و بەشداری دەکات لە پێکهاتنی بونیادی دەقەکەدا (٢٤).

لە دەقی (هەولێر لە دوورەوە) شاعیر زیاتر لە ڕێگای کارکردنی لەناو بونیادی جوگرافی دەقەکە و بە پێی مەبەستی ئەزموونەکە تۆبۆگرافیای دەقەکەی نەخشەکێشاوە، لەم بارەیشدا چاو لەگەڵ ڕەگەزە مادییەکەدا دەکەوێتە کار.. کاری شوێن و دابەشکردنی جوگرافی ڕووی کاغەز جموجووڵ لە تەماشاکردندا بەرهەم دێنێت (٢٥).

ئەگەر دەقەکە لە دەلالەتە فیزیکی و جوگرافییەکانی دابماڵرێن، ئەوا دەبێتە ڕستەیەکی ئاسایی و وشەکان هیچ بەهایەکی هونەرییان نامێنیت، لێرەدا شاعیر بەکارکردنی لەناو جوگرافیای دەقدا سەرکەوتووانە دەقەکەی گەیاندۆتە ئاستی شیعرییەت و خوێنەر دەورووژێنێت.

## ناوەرۆکی پەیامی دەق

ئاشکرایە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی لەسەر هەر سێ جەمسەری (نووسەر-دەق-خوێنەر) دامەزراوە و لەم ڕوانگەیەوە دەق پەیامێکە لە پەیامدەرەوە بۆ پەیامگر. بێگومان هەر دەقێکیش لە دوو توێی پەیڤ و ڕەمزەکانی خۆیدا هزر و هەستێکی لەخۆ گرتووە.

ناوەرۆکی پەیامی زۆرینەی دەقەکانی ئەم بەرهەمەی فەرهاد پیرباڵ لە واقیعی ئەمڕۆی خوێنەری کوردەوە نزیکن، دەربڕی تراژیدیای تاکی کوردە کە لە نێو کێشە جڤاکی و ڕامیاری و ئەپستیمییەکاندا دەخولێتەوە. بۆ نموونە دەقەکانی (٤٤ پێناسە بۆ دوورە وڵاتی)، (جەنگ)، (بانگەوازێک)، (شیراتوون لەبەر باراندا)، (سەرەتای بەدبەختییەکانی ژیانم)، (ئەو هەشت حەرفەی

له هەموو حەرفێکم خۆشتر دەوێن)، (سەوزترین زەرد ڕەشترین شین) هەریەکەیان لە سووچێکەوە و بە زمان و شێوازێک دەنگی ناڕەزایی لە بەرامبەر دیمەنە جیاوازەکانی ئەو تراژیدیایەدا بەرزکردۆتەوە.

شاعیر زۆر جار ئەم کارەی بەشێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ ئەنجام داوە. بۆ نموونە لە دەقی (پەڕگاڵ)دا تێکڕای جەستە و گیان و زمانی دەقەکە پێکەوە دەبنە نیشانکەرێک و ئاماژە بۆ پتر لە نیشانکراوێک دەکەن. ڕەنگە دەقی (پەڕگاڵ) بە خوێنەر بڵێت، ئەمڕۆ لە ژیانی کۆمەڵی خۆمانیشدا بەها مرۆڤایەتی و جڤاکی و نیشتمانپەروەریەکانیش لە ڕەگەوە گۆڕاون و بە پێوەری ماددیانە کێشانە و پێوانە دەکرێن و لەژێر دەسەڵاتی بەرژەوەندییە ئابوورییە تاکە کەسییەکاندان. لە دەقی (سەوزترین زەرد)دا ئەگەر ناونیشانەکەی نەبوایە، بە ئاسانی لە کرۆکی ڕاستەقینەی پەیامی دەقەکە نەدەگەیشتین، واتا دەقەکە زۆر ناڕاستەوخۆیە، بەڵام تەنیا ناونیشانەکەی یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ کردنەوەی تەلیسمی دەلالەتەکانی.

بەهەر حاڵ ناوەرۆکی پەیام و شێواز و زمان ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، دەبینین شاعیر لەم پرۆسەیەدا- پرۆسەی بە ئایدۆلۆژی کردنی دەق- وەک شاعیرێکی پەیامدار (ملتزم) دەقی کردۆتە ئامراز و ئالآف لە خزمەتی هزر و بۆچوونێکی ڕامیاری دیاریکراودا بەکاری هێناوە، گەر ئەم هەنگاوەی شاعیر لە بەرامبەر نوێخوازێتی مانیفێستەکەی خۆی ڕابگرین، چەند تێبینییەکمان لا دروست دەبێت:

شاعیر خۆی لە بۆچوونە تیۆرییەکانیدا جەخت لەوە دەکات کە دەبێ دەقی نوێخواز خاوەن ڕوانینێکی وێرانکارانە دژ بە زەوق و چێژی باوبێت و دوژمنکارانە بێت بۆ سەر دیاردە و ڕوانینە سەلەفیەکان (٢٦) و «بەڕابردوو بڵێت شەوشاد» (٢٧).

بەم پێوەرە ئەم دەقانەی شاعیر لە ڕووی ڕوانینی ناوەرۆکی فیکرییەوە شتێکیان لە دژی (باو) و (ڕابردوو) نەگوتووە. بە دەربڕینێکی دی ئەگەر نوێخوازی گەڕان بێت لەناو نادیاردا، ئەوا لەم لایەنەوە ئەم دەقانەی شاعیر لەناو ڕەهەند و دەقە دیار و گوتراوەکاندا دەدوێن.

هەرچەندە لێرەدا پێمان وایە پەیامداربوونی شاعیر ئەدگارێکی نێگەتیڤانە نییە، بەڵام ئەم هەڵوێستەی شاعیر لەگەڵ بیری نوێخوازانەی خۆیدا یەک ناگرنەوە؛ چونکە خۆی بڕوای بەوە نییە ئەدەب بکرێتە ئامرازی کار و ئامانجێکی ڕامیاری (٢٨). خۆ ئەگەر شاعیر لە مانیفێستەکەیدا بەشێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنی دژی (باو)، (ڕابردوو) نەبوایە و شێوازێکی بژارکاری (انتقائی) هەبوایە، ئەو کاتە هەبوونی ئەم جۆرە پەیامدارییە ڕامیارییە بەهانە و بەڵگەی خۆی دەبوو.

ڕەنگە فەرهاد بە پێشکەش کردنی هەندێک دەق کە تارادەیەک ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی ڕامیارییان لە ئامێز گرتووە بە خوێنەر بڵێت، من نوێخوازی و پەیامداری ڕامیاریم پێکەوە گرێ داوە (٢٩)، لێرەشەوە شاعیر جارێکی دی تایبەتمەندێتی و تاکڕەوی خۆی دەخاتەڕوو.

هاوکات لەگەڵ ئەم کارەدا بەشێوازێکی دی ڕووکارێکی دیکەی ستراتیژییەتی ئەزموونی نوێخوازی خۆی ڕایی دەکات کە بە زمان و فۆرم و تەکنیکی نوێ و نامۆ، ئەدەبێکی پەیامدار (ملتزم) پێشکەش دەکات، سروشتی ئەم کارەش لە خۆیدا دەبێتە جێگای سەرنج و پرسیاری هزر و هەستی خوێنەر.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێک:

(١) ئەزموونی نوێخوازانەی شاعیر لەم بەرهەمەدا (مانیفێستی دووەمی وێران سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی) لە دوو لاوە ڕووبەڕووی هەندێک لێک ترازان بووە، لەلایەک نەسازی لەنێوان خودی مانیفێستەکەیدا و لە لایەکی دیکەشەوە لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، واتا لە نێوان مانیفێستەکە و دەقەکاندا.

(٢) شاعیر لە دەرەنجامی هۆشیارییەکی نوێخوازییەوە دەرکی بە مەنگی و سستی و نەزۆکی گوتاری شیعریی دەوروبەرەکەی خۆی کردووە، بۆیە لڤاندن و هەژاندنی شیان و عەقڵییەتی ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی لا بووەتە ستراتیژییەتێک، کە تێکڕای ئەزموونی نوێخوازانەی خۆی بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتە بڕەخسێنێ. لەم ڕوانگەیەوە دەستی بۆ مەبەست و ماناو شێواز و زمان و فۆرم و تەکنیکی نوێ و هەمەجۆر بردووە و تێکڕای بەرهەمی ناوبراوی لە بەرگەوە بۆ بەرگ - کردووەتە پەیامێکی ورووژێنەر و

ڕاچڵەکێنەر و ئاراستەی پەیامگری کردووە.

کرداری ورووژاندنەکەیش بۆ هێنانەدی دوو مەبەستە، لەلایەک هەژاندنی توانا ئەدەبییەکان و کەمەندکێش کردنیان بەرەو شێواز و زمان و دەقی نوێ، لەلایەکی دیکەشەوە پەیامگر ئاشنای تاکڕەوی و پێشڕەویی نوێخوازانەی (من)ی شاعیر بێت، ئەم خاڵەش بەلای شاعیرەوە گرنگی هونەری و سایکۆلۆژی خۆی هەیە، هەروەکو لە لاپەڕەکانی (١ - ٣)ی ئەم بەرهەمەیدا دەربڕیوە.

(٣) لە فەرهەنگی بیری نوێخوازیدا زۆربەی تیۆریزەکارانی چەمکی نوێخوازی پتر جەختیان لە هەبوونی ڕوانینێکی نوێی هەمەلایەن کردووە کە فۆرمی دەقەکە بەشێکێتی، بەڵام فەرهاد پیرباڵ چەمکی ڕوانینێکی نوێی لە ڕووی پراکتیکییەوە پتر لە داتاشینی چێوەو فۆرمێکی نوێدا سنووربەند کردووە، واتا پتر نوێخوازییەکی فۆرمالیستییە. بەدیارکەوتنی شاعیریش لە هەندێ دەقدا وەک شاعیرێکی پەیامدار (ملتزم) تاکتیکێکی هونەرییە لە خزمەتی ستراتیژییەتی وروژاندندایە، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستە لەگەڵ بۆچوونی تیۆری نوێخوازانەی شاعیر هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە یەکدی دوورن.

**پەراوێزەکان:**

**١- محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، ل ١٣.**

**٢- يوسف الخال، الحداثة في الشعر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٧٨، ل ٨٤-٨٥؛ طراد الكبيسي، المنزلات، منزلة الحداثة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٢، ل ٢٨.**

**٣- فەرهاد پیرباڵ، مانیفێستی دووەمی وێران، سپیاییەکانی ناوڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران (١٠)، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٧.**

**٥- هەمان سەرچاوە، ل٣**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل١.**

**٧- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.**

**٨- أدونيس، زمن الشعر، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٣، ل٢١.**

**٩- نۆ شاعیری هەولێری، جوایەز، هەڵبژاردەی نۆ شاعیری هەولێری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل ١٥٧. د.فەرهاد پاش ئەوەی دەڵێ مەبەستم وروژاندنە یەکسەر دەڵێ، لە پرۆژەی ئەم کتێبۆکەیەشدا بەهەمان شێوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی نوێخوازانەی بەر لە (جوایەز)یش دەگرێتەوە، کە بێگومان (سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی) یەکێکیانە.**

**١٠- أدونيس، زمن الشعر، ل١١٥؛ جابر عصفور، معنى الحداثة في الشعر المعاصر، فصول، العدد الرابع، ١٩٨٤، ل ٣٧.**

**١١- علي جعفر العلاق، في حداثة النص الشعري، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغدا، ١٩٩٠، ل ٢٨.**

**١٢- فەرهاد پیرباڵ، سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، لاپەڕەکانی ١١-١٥، ٢٣، ٤٣، ٧١.**

**١٣- بەکارهێنانی ڕستە و وشەی بیانی لە دەقی نوێدا ئەگەر لە جێگای خۆیدا بێت، دەلالەتەکانی دەقەکە پتر دەکات بۆ نموونە شاعیرێکی وەک (سميح القاسم) کاتێ دەڵێت:**

**والضابط المغرور يقلب بالحذاء العسكري Made in U.S.A**

**لێرەدا ئەو ڕستە ئینگلیزییە نەک هەر زیادە نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی دوورتری داوەتە دەقەکە و لەو وشەیە سەرنج ڕاکێشترە کە یەکسەر بیگوتایە (الأمريكي)، بڕوانە: أحمد سليمان الأحمد، هذا الشعر الحديث، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٧٤، ل ١٩٢.**

**١٤- سعيد الغانمي، المعني والكلمات، دار الشؤون الثقافية العامة، بغدا، ١٩٨٩، ل ٨٣-٨٤.**

**١٥-دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە میانی وەڵامدانەوەی تێبینییەکانی (حەمە سەعید حەسەن)دا سەبارەت بە دەقی (گۆڕینی ڤێرگول و گۆڕینی شوێنی وشەکان..) لە گۆڤاری (ڕامان) ژ (٤١)ی ١٩٩٩ لەلاپەڕە (٨٤)دا دەڵێت: (ئێمە هەموومان دەتوانین لە تەنیا یەک حەرفەوە دەست پێبکەین: بەناویدا قووڵ بینەوە و.. دەگەین بە**

کویَ گرنگ نییه، گرنگ ئەوەی ڕچەیەک بشکێنین، تەکنیکێک بدۆزینەوە شێوازێک، یان فۆرمێک بۆ نەسلی ئەمڕۆ پێشنیار بکەین». واتا هەر نویَ بێت ئیدی چۆنی دەڵێت، چی دەڵێت ئەمە گرنگ نییە.

١٦– فەرهاد پیربالّ، سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، ل ٦٣.

١٧– پێمان وایە زانینی بیروباوەڕی نووسەر و ژینگەکەشی ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە دیاریکردنێکی وردتری هەر دەلالەتێک لە دەقەکانی ئەو نووسەرەدا. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە دەق لە بۆشاییەوە نەهاتووە، د. عبدالکریم راضي جعفر نموونەیەک بۆ ئەم لایەنە دەهێنێتەوە و دەڵێ: ئەگەر ئایدۆلۆژیای (حمید سعید)مان نەزانیبایە نەدەکرا ڕەمزی (ئاو) لە دەقەکانیدا شی بکرێتەوە. بڕوانە: الشعر و المناهج النقدیة الحدیثة، بحوث الحلقة الدراسیة، مهرجان المربد الشعري الثالث عشر، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، ١٩٩٨، ل ٨٢–٨٣.

١٨– أدونیس، زمن الشعر، ل ١٧؛ یوسف الخال، الحداثة في الشعر، ل ٩٥.

١٩– أدونیس، زمن الشعر، ل ١٧.

٢٠– فەرهاد پیربالّ، شیعر و «پێپسی»کۆلا، ڕامان، ژ (٤١)، ١٩٩٩، ل ٨٠.

٢١– محەمەد بەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨–١٠٠.

٢٢– هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

٢٣– هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

٢٤–د. محمد حافظ ذیاب، طوبوغرافیا النص الشعري، المنار، العدد (٥١)، ١٩٨٩، ل ١١١.

٢٥– عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، جوگرافیای دەق، کاروان، ژ (١٢)، خولی ڕاپەڕین، ١٩٩٤، ل ٤١.

٢٦– فەرهاد پیربالّ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

٢٧– هەمان سەرچاوە، ل ١.

٢٨– هەمان سەرچاوە، ل٥، ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە باسی ڕادەی کەم و زۆری گرنگی هەبوونی قەوارەیەکی ڕامیاری بکەین، ئەوەی پێوەندە بە باسەکەوە ئەوەیە ئەو هزرە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئامادەییان لەناو دەقەکانیشدا هەیە، هزر و ئامانجێکی ڕامیاری دیاری کراوە و دەقەکان بوونەتە ئامرازی ڕاگەیاندنی.

٢٩– عەبدال نووری عەبدال، لە گوتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووە. پەیڤ، ژ ١١، ١٩٩٩.

# شرۆڤەکرنا بێرییێن بێری بهارێ

ئەحمەد قەرەنی

١ - دەق
بێری

نەگرانە هلگرتنا ئێش و کولێن من،
ب هێسانی دکارم ل هەمبەر مژ و مۆرانان،
نە زۆرە هەمێزکرنا بۆرانا بەرفان،
تشتێ پشتا من خول دکە، نەبتەنێ مایین و غەریبیە.

بێریا زارۆکێن خوە ییێن کنەنشەکرجەژن دکم.

نهـا هەر یەک د کـۆلانەکـە تاری دە ل دو نانێ خـوە د بەزە،
ئالیەکی شێخۆ دالەقیایە،
ب سندۆقا بۆیاغا شکالان ڤە،
ستوویێ شێرگۆ ب سینیا شیرانیان ڤە خوار بوویە،
قیرەقیرا فەرهادە ل بەر دەرێ خوارنگەهەکێ،
مـەزلووم دکـشـە چەکـچـەکـان دبن سـیـیـا ئاورێن پیرەمێرەکی دە،
خوێدانا لاشێن وان تەڤی هەڤ دبە،
دەما ب هەڤ رە روودنن سەر پیڤاز ونان،
تشتێ من دل دبە نە خزانی و هەژاری یە،

بێریا وان دلێن بچووک و
تێدا هێڤییێن مەزن دکم.

سبەها من ب رووگەشیا وان رە دبوو رۆناهی،
دەنگی وانی زراڤ و نەشمی بوو ئەز ژ رەوشا تەنگژی
یا دەروونی ئازاد دکرم.

نە من
لێ وانا ئەز پەروەردەیی دڤ دەرکەتنان دکرم.
نە نەخوەشی و دلئێشییە تەنگاسیا من،

بێریا زارۆکێن خوە یێن چاڤتێژرۆژ دکم.

د هەمان وێنەیان دە تلیێن ڤان «٧» ل ژۆر،
ب کەنەکی درانگەوهەر، ب جاڤێن هوورک،
هێژی هەریەک پەیکەرەکی گرانبهایە،
د هێلینا چاڤێن من دە خوەدیکری،
د قونجکێ هەری گەرم یێ دلێ من دە کەدیکری نە،
بیرانینێن وان، بێهن و هلمێن وان.
د پێنووسا من دە دگەڕن ل دەڤەر، جە و وار،
تشتێ من خەمگین دکە نە دەمسالێن هێژار و نە پاییزە،
وەکە هێڤیێن ژ سالێ زێدە مایی، بن بێندەر.
نە خەمە هلوەشینا پەلێن ژ داران،

بێریا زارۆکێن خوە یێن رووبهار دکم.

## ٢- هەلبەست ل بەر رەخنەیا شرۆڤەکاریا پراکتیکی دا

### بابەتێ هەلبەستێ

دایکەک ژ چار زارۆکێن خوە دویر کەتیە، وەسا دیار دکە کو دکاریت خوە لبەر هەموو ئاستەنگ و گرفتێن ژیانێ رابگرە، لێ تشتێ زێدەتر هەموویان کار و سرێمێن خوە ل سەر وێ دکە و پشتا وێ خول دکە سۆز و ئەڤینداریا زارۆکێن وێ نە. د چار کۆپلەیێن شیعریدا ئەوان حەسرەت و بیرەوەریێن وان دەردبڕیت. سەرەتا هزردکە کو هەر چار زارۆ (شێخو، شێرگۆ، فەرهاد، مەزلووم) نها ل دو پەیداکرنا نانێ خوە دگەڕێن، دویر ژ دابینکرنا مافێن خوە یێن زارۆکینیێ، ئێش و کارێن زەحمەت دکەن و ئێڤاران پێکڤە دجەمیێن بەرهەمێ کارێ رۆژا خوە دخۆن. د کۆپلەیا دووەمدا ئەو ژن هزرا رۆژێن بەرێ دکە کو چاوان ب نازداری ئەو پەروەردە دکرن. د کۆپلەیا سێیێدا سەرکەفتنا ژیانێ و هیمەت و باوەڕ ب خوە بوونا زارۆکێن خوەدا دبینە و ئەو بیرەوەریێن وان دێ هێزەکا مەزن دەنە پێنووسێ وێ کو ل هەموو جهان دگەڕە و وێنەیان وەردگرەو هەتا ئەگەر ئەڤ دەستوداره درێژ ژی ببە و تەمەنێ وێ بەرەڤ داویێ بچە، لێ زارۆکێن وێ دێ کاروانێ ژینێ بەرەڤ قۆناغەکا مەزنتر بەن و بهارا خوە ژی د سوهن و روویێ واندا دبینە.

بابەتێ شیعرێ ب بەرخوەدانەکا هۆشیار دەستپێ دکەت، کو دورهێل و ژیوار ل ئالیەکی دانایە و ل ئالیێ دن ژی بەرخوەدان و رووبرووبوونەیەکا هاوسەنگ بەرامبەر ئەوان ئێش و حەسرەت و نەخوەشی و تەنگەزاریان دانایە. ئەو ژنک (دایک) ئامادەیە خوە لبەر هەموو زەحمەت و ئاریشەیان رابگرە، تەنێ دەستبەرداری سۆزا دایکینیێ نابە. لێ پرسیارەکا گرنگ لێرە دهێتە بەرچاڤ، گەلۆ چما ئەڤ دایکە ژ زارۆکێن خوە دوورکەفتیە، ئەگەرێن هندێ چ بوونە و بەرسڤا ئەڤێ پرسێ ژبۆ خوەندەڤانان هێلایە، هەرچەندە بەرسڤدانا وێ کارەکی هێسان نیبیە، لێ دەما مرۆڤ هوورک هزرا خوە د ئەوان کاودانان دە دکە، چەندین پرسیار ریز دبن کو هەر یەکی ژ ئەوان بەرسڤا خوە هەیە، هەروەسا هەر یەکی ژی ئەگەر مرۆڤ دکوژییەکێ جۆدا دا بنهێریتێ دێ ل دویڤ هەژمارا نهێرینان، زنجیرەکا سەربخوەیا بەرسڤان ژێ پەیدابیت. لێرە یا فەرە هنەک ژ بەرسڤێن زوو و هەمە گریمانە دانێمە بەر دەستێ خوەندەڤانان، کو سەرەتایەکا رەخنەگرانەیا ئەڤی بابەتی یە، ژ ئەوان:

– چێ دبە دورکەفتنا دایکێ ژبەر ئەگەرەکا یاسایی بە، کو د ئەنجاما دادگەهیکرنەکێ دا کەتبیتە زیندانێ، لەوما ژی نکارە دگەل زارۆکێن خوە یێن خوەشتڤی بژیت، چونکە حالەتێ وێ ژ شیان و بزاڤێن وێ مەزنترە.

– چێ دبە ژبەر ئەرکەکی نیشتمانی ئەو دایک درێژێن شورەشێ دا کار بکە، یان ژی دگەل گەریلا خەباتا خوە بدۆمینە، کو گەلەک زەحمەتە زارۆکێن خوە ببینە، یان ژی گیریمانەیەک هەبیت زارۆک بکارن د ئەوی دەستوداری دا بژین.

– چێ دبیت ل پەی داب و نەریتێن جڤاکی دایک و باب ژ هەڤ دو جودا ببن و دایک نکاریت ل باژارێ خوەیێ بەرێ دا بژیت. بابێ وان ب خورتی زارۆک ل جەم خوە هێلابنەڤە، نەخاسمە هەر چار کوڕن، کو دکارن ئێش و شولا ناڤ بازاری بکەن و خوە بژینن.

– چێ دبە د ئەنجاما پێشێلکرنا مافێن مرۆڤ و زۆری و ستەما دەستەلاتداران (دایک) ناچار بووە، رێکا مشەختیێ هەلبژارتیبە و نها ل وەلاتەکی دن بیت، کو

چاڤـــەرێی تەمـــامکرنا کـــارێ ئاکنجی بوون و ب دەستخوەڤە ئانینا مافێن پەنابەرێ بکە، دویڤدا بکاریت زارۆکێن خوە ژی داخوازا ئەوی وەلاتی بکە..

ژبلی ئەڤان ئەگەران چێ دبیت چەندین ئەگەرێن دن ژی ل جـەم خـوەندەڤـان و نەخـاسـمـە رەخنەگـران پەیدابن، هەرچەندە لدویڤ هایداریا من هێشتا کەسێ چو رەخنە ل سەر ئەڤێ هەلبەستی نەنڤیسینە.. ژبلی محەمەد ئوزون کو ب ئاوایەکی گشتی بەحسا دیوانا ئەڤێ شاعرێ کرییە کو د پێشگۆتنا وێ دا وەها دبێژە:«شعرا کوردی د وارێ مـۆدەرنبـوون دە، ئەز باوەرم، گـەلەکی قـەلسـە. هەرچی دەنگێن نـوو یێن کەچ و ژنانن، دوی واری دە، شعـرا نوو هین قەلسترە. ژ بەر ڤێ یەکێ ئەز ب دەنگێ نوویێ بێری بهـارێ کـێـفـخـوەش بووم. دەنگێ وێ ب راسـتی ژی مۆدەرنە؛ ئەو شعرا هەست، جۆش و خەمگینیێن کەچ و ژنان دنڤیسینە. جیهانا ژنان، زارۆکان، پێوەندیێن دێ و زارۆکێن وان، ئەڤین، ئەڤینداری، مژارێن شعـرا وێ نە. هەروەها ژیانا رۆژانە یا ژن و زارۆکـــان کـــو ئەم پری جاران، ژبـەر ئالۆزیێن سیـاسی، جڤاکی و چاندی، ژبیـر دکن...». ئەڤ چەند پەیڤـێن مـحـەمـەد ئوزونی هەر د چارچووڤێ پێناسەکرنا شاعرێ دا دزڤرن کو پشتی ئەو هەردوو دیوانێن وێ (قەشەم) و (بواریا هەستێن لەرزی) ڤەخوەندی گەهشـتیە ئەوێ راسـتیێ کـو (بێری بهارێ) شـیـانێن هەژی هەنە خـوەدیا دەنگەکی شـیـعـری یێ مـۆدەرنە، ئەڤـە ژی بەسی هندێ یە کـو هەلسـەنگاندنا رۆمانـنڤیس و رەوشەنبیرەکی پر ناڤدار ببیتە بەلگە و بیـانگ ژبۆ دەسـتـهـەلی و چەلەنگیـا (بێـری بهـار)ێ د شعرا مۆدەرنا کوردی دا.

ئەزێ بزڤرمەڤە سەر هزرا بابەتێ ئەڤێ هەلبەستێ کو ژ بەرخوەدانێ دەستپێ کرییە. ئەڤ بەرخوەدانە ژی ب سێ قۆناغان دا دەرباز دبیت:

– یەکەم قۆناغ، بەرخوەدانا فسیـۆلۆژی یە کو دایک و زارۆک هەریەک ژ ئالیێ خوە ڤە بەرخوە ددەن، دایک ب کـارەکی کـو مە د چەند ئەگـەران دا دیتی. زارۆک ژی ب کارێ رۆژانە کو ب کوتەکی نانێ خوە پەیدا دکەن...

– دووەم قـۆناغ، بەرخـوەدانا جـڤـاکی یە کـو خـێـزان بنگەها سەرەکیا وێ یە و دایک ستوونا ئەوێ بنگەهێ یە ژ بەرێکڤە چوویە، لێ هەریەک ژ ئالیێ خوە ڤە بزاڤا مان و سەرفرازیێ دکە.

– سێیەم قۆناغ، بەرخوەدانا هزری یە. ل دویڤ ئەڤان مەرکەسات و زەحمەتکێشانێ و دەرد و غـەریبیێ و هێشتا مرۆڤ هەبن خوە رابگرن، دەبیت هزرەکا مەزن و مـوکم ل جەم وان کەسان هەبیت داکو بکارن ل سەر پێ براوەستن و خوە ژ دەست نەدەن و نەرەڤن.. ئەڤ هزرە ژی ژێدەر و چاڤکانیا خەباتا چەندین هزار خێزان و مالباتێن وەکی ئەڤێ دایکێ یە...

پشـتی مە ئەگەرێن بەرخوەدانا دایکێ و قۆناغێن وێ رکابەرێ دەستنیشـان کرین، پێویستە پێگە و شوین و رۆلێ زارۆکان ژی بزانین، کو ل دو پێوەرێن سایکلۆژی و تەمـەنی بایۆلۆژی یێ وان کـەفـتـینە ناڤ دەریایا خـەم و کۆڤانێن باژارەکی، و دناڤ هەست و کارکرنا زارۆکان دا دیاردبیت کـو ئەو باژار گـەلەکی مـەزنە، و گـرێ و هەڤبـەندیێن خێل و عـەشـیـرتیێ تێـدا نەمـاینە، بەلکو ئاشێ شارستانیەتەکا چەوسێنەر مرۆڤان راست و چەپ دهێـریت، لەومـا ژی بەرخـوەدانە یا بوویە سـوهن و خەسلەت و سیمـاییێن هەر کەسەکی ژ پیران هەتا دگەهتە زارۆکان...


ئەڤان هەر چار زارۆکان کو سمبۆلێن هەزاران زارۆکێن دنن، هیچ نیشـانەکێ مـافـێن وان ژ خـویندن، خـوارن، ڤـەحـەواندن، تەندروسـتی... نینە و ناهێنە دیتن.. لێ وەکـە دیار ئەڤ ژیانە هۆسـانەکـە و، کـێـر و چەقـوویا کەسایەتیا وان تیژ دکەت، کو ئومێدا میللەتەکینە و، ب تیـژ و سەقـایا بەرخوەدانا خـوە دێ ئەوان سـتـەمکار و خوێنمێژان پەشیمان کەن و نە دویر مافێن خوە هەمیان ب دەسـتـڤـەبینن تەنانەت ژ خـویندنێ ژی، و قسـە و پەیڤا مەکسیم گورگی ل سەر ئەڤان ژی هەڤچووت ببیت چاخێ پرسـیـار ژێ کـرین کـو ئەوی ئەو هەمـوو شـارەزاییـا جڤاکناسیێ کۆڤە زانییە و رۆمان و نڤیسینێن خوە پێ دارشـتـینە... ئەوی بەرسڤ دا و گـۆت: زانسـتـا جڤاکناسیێ ل سەر پشتا من هاتیە نەخشاندن. ئەوی راست گـۆت چونکە بارهەلگربوو ل بەندەران و ئەزمـوونا وی یا تال و پر زەحمەت ئەو فێری گەلەک تشتان کربوو. نە دوورە ئەڤ نموونە ل سەر هزاران زارۆکێن بێری بەحس ژێ دکەت هەڤچووت ببیت.

شاعر بەحسا رابردوویێ زارۆکان وەکە دگەل دایکا خوە بوونە دکەت و، ل دوڤ ئەوێ دلۆڤانی و سۆزداریا بەرێ ڤەقەتیانەک پەیدابوویە و زارۆک ب تەنێ مانە و سپێدێ دچنە سەر کارو شولێ خوە ژبۆ پەیداکرنا پاریێ نانی:

– شێـخۆ پێـلاڤان بۆیاغ دکـە و سندۆقا خوە ڤێ یە و

جاده و کوّلانان دگه‌ڕه.
– شێرگوّ سینیه‌کا شیرانیان ژ خوه را په‌یداکرییه و وه‌که ده‌ستفروّش کاردکه.
– فه‌رهاد ل به‌ر ده‌ریێ خوارنگه‌هه‌کێ کار دکه و خه‌لکی هایدار دکه کو چ جوّره خوارن هه‌نه، لێ ئه‌و خوارنێن خوه‌ش ژی ژبوّ ئه‌وان که‌سانه یێن په‌ره هه‌نه.
– مه‌زلووم چه‌کچه‌کانه‌ک ئانکو عه‌ره‌بانه‌کا بارهه‌لگرتنێ هه‌یه و بوّ خه‌لکی تشتان ڤه‌دکێشیت.
ئه‌ڤ چار برایه چ وانه‌یێن زه‌حمه‌ت دخوینن کو ب درێژیا روّژێ ئه‌ڤی کارێ زه‌حمه‌ت ئه‌نجام دده‌ن و ئیڤاران سه‌رێ خوه ب هه‌ڤ تێخن و چ سوحبه‌ت و سه‌رهاتی ژ هه‌ڤ دو را ڤه‌دگێڕن.. کو هه‌ر خوه‌نده‌ڤانه‌ک دکاریت پێداچوونه‌ڤه‌یا وان و سه‌رپێهاتی و سه‌ربوّرێن وان د خه‌یالا خوه‌دا دروست بکه‌ت و ئه‌نجامێن وان ژی بزانیت، چونکه زاروّک د پشتراستن کو ئه‌و دێ د ئه‌زموون و تاقیکرنه‌ڤه‌یێن خوه‌دا سه‌رکه‌ڤن و هه‌ر زوی نیشانا (٧) کو نیشانا سه‌رکه‌فتنێ یه بوّ خوه دانییه.
شوّربوونه‌ڤه و خوه داهێلان دناخا زاروّکان دا کاره‌کی هه‌سان و ساناهی نییه، چونکه ئه‌و جیهانا پڕ خه‌ون و هێڤی و چیروّکێن ئه‌نتیکه هه‌ر ته‌نی ئه‌و بخوه دکارن نه‌خشه و پلانان ژێ ره دارێژن و ل ئاینده‌دا بڕیارێ ل سه‌ر بده‌ن، ره‌وره‌وا ژیانێ ژی هه‌ر هوّسا ده‌ستپێ کرییه و هه‌ر هوّسا دێ به‌رده‌وام بیت. ل ڤێره دناڤ به‌حه‌شتا زاروّکان دا، کو مه‌زنان لێ کرییه دوّزه‌خ، مروّڤ دکاره سه‌ره‌داڤه‌کا نازک بگریت کو شاعرا هه‌ستیار ده‌لیڤه دایه خوه‌نده‌ڤانی لدویڤ را بچیت، ئه‌و ژی ئه‌ڤه کو مه‌سافه چه‌نده دناڤبه‌را ئه‌وان زاروّکێن روّژانه کاردکه‌ن و ئه‌وانێن ل خوه‌ندنگه‌هان دهێنه ئاماده‌کرن و، ئه‌گه‌ر بهه‌ڤرا بچن و ل سه‌ر دوو هێلێن هه‌ڤته‌ریب به‌رده‌وام بن. ئایا دێ که‌نگی و ل کوّڤه گه‌هنه‌یه‌ک یان ژی دێ ئه‌ڤ دووراتییه به‌رده‌وام بیت و دوو جیهانێن جوّدا و نامۆ ژ هه‌ڤ دو دروست بن. کارکرن ژبوّ ئه‌ڤێ ئامانجێ ئه‌رکه‌کێ هه‌ر تاکه‌کێ جڤاکێ یه، کو نه‌راسته‌وخوه شاعرا چه‌له‌نگ مه ژێ هایدار دکه و، ب هوّستاتی جیهانا زاروّکێن بێکه‌س و بێبه‌هر ده‌ستنیشان دکه‌و، ده‌ستنیشانکرنا جیهانا زاروّکێن ئاسایی دژین ژبوّ خوه‌نده‌ڤانان هێلایه، داکو ئه‌و هزر بکه‌ن، بپرسن، نه‌خشه‌یا دارێژن و کار بکه‌ن ژبوّ یه‌که‌تی و مسوگه‌رکرنا ژیانه‌کا پڕ خزمه‌ت و به‌خته‌وه‌ری ژبوّ نفش و نه‌وه‌یا داهاتی. ئه‌و گروپێ یه‌کێ کو شاعرێ

نه‌خشه بوّ کێشای ئه‌م دکارین د ئه‌ڤێ هێلکارییێدا ببینین کو زڤروّکا ژیانا زاروّکان تێدا خویا دبه:




ئه‌و هه‌ڤبه‌ندیێن دناڤبه‌را هه‌ردو گروپان دا، رامانێن زێده‌تر ژ ئاسته‌کێ دده‌ن کو دکارین هنه‌کان ژ وان ب ئه‌ڤی ئاوایی ده‌ستنیشان بکه‌ین:
– هه‌ژمارا زاروّکان چارن، دیاره دایکا وان مه‌به‌سته‌ک هه‌بوویه کو ناڤێن وان هه‌لبژارتین.. شاعرێ ئه‌ڤ هه‌ژماره

هەلبژارتیە، نە دورە ل سەر هزرا دایکێ دەربڕینەکی بۆ خوەندەڤانان چێ کەت، کو وەلات دایکە و نها چار پارچە ژێ دەرچوونە و هەر پارچەیەک دناڤ کول و خەمەکا مەزن دایە.

– زارۆک ژ دایکا خوە دابڕاینە، هەر یەک کارەکی پڕ زەحمەت دکەت، لێ بەلێ دایک هەر ب ئومێدە کو رۆژەکێ ژ رۆژان هەتا کو ل پشتی پیربوونا وێ ژی بە، وێ ئەو زارۆک ب سەرفرازی گەهنە ئومێدا خوە.

– ناڤێن هەر چار زارۆکان سمبۆل و نیشانن ژبۆ هەر چار پەرچەیێن کوردستانێ:

١– فەرهاد نیشانە ژبۆ پارچەیا بندەستێ ئیرانێ.. ئەو فەرهادێ چیایی بیستۆنی سمتی ژ سەخمەراتی ئەڤینداریا خوە، لێ ئەڤرۆ ل بەر دەرگەهێ خوارنگەهەکێ یە، ژبۆ بەرژەوەندییا یەکی دن کاردکەت و ئەو ب خوە ژی هەژار و دەستکورت و تەنگەزار ومافخورای...

٢– شێخۆ، نە دورە سمبۆلەک بیت ژبۆ ناڤێ هونەرمەندێ دەنگخوەش و وەلاتپەروەر محەمەد شێخۆ کو نیشانە ژبۆ پەرچەیا ل بندەستی سووریایێ، شێخۆ بێکەس بێبەهر کارێ بۆیاغچیێ دکە و، ستەما زۆر و چەوسێنەران رەنجا وی دخون و سندوقا وی ب ستووریێ وی ڤە دالەقیایە.

٣– شێرگۆ، نیشانەیەک بە ژبۆ پەرچەیا ل بندەستی عیراقێ، کو کوردێن وێ دەرێ هەموو خزمەت و وەفاداریێ ژبۆ زۆرداریێن دەستهەلاتدار پێشکەش دکەن، لێ ئەو هێشتا ب ئەوێ شیرینیێ رازی نینن، لەوما ژی ستوویێ شێرگۆی خوار بوویە، شێرگۆیێ مامێ سەلاحەددین ئەیووبی ئەو سەرلەشکەرێ کو ل عیراقێ ژ دایکبوویە و بنەمالا وان خزمەتا عەرەبان کری یە، لێ د ئەنجامدا هەموو رەنج و زەحمەت بوونەڤە ژەهر و مالا وان کمباخ کر...

٤– مەزلووم، کو نیشانێ زیندانییێن پەرچەیا بندەستێ تورکیایی یە و، هەم خوە ڕاگرێن وەکە مەزلووم د زیندانی دە مەزنترین هنێر و مێرخاسی نیشا دا، و هەم ئەو پەرچەیا وەلاتی مینا زیندانەکا مەزن لێهاتیە و میللەت تێدا کەفتییە دناڤ نەخوەشی و کارەساتەکا دلئێش دا.

ئەڤە ژی یەک ژ ئەوان ئەگەرانە کو شاعرا ئەڤێ هەلبەستێ، چار زارۆک هەلبژارتینە و ب هۆشیاری ناڤ ل سەر دانینە. لێ بەلێ خوەندەڤان دکارن چەندین ئەگەر و گریمانەیێن دن ژی هەلچنن و بکەنە بەندەکا باوەرپێکری ژبۆ ئالەکی دن یێ ژیانا میللەتێ کورد.

بۆ نموونە ئەڤ چار ناڤە ببنە دەربڕینەک ژ بۆ چار قۆناغێن مێژوویا دێرین و ناڤەڕاست ونوی و هەڤچەرخا کورد و کوردستانێ، ئەو ژی ب ئەڤی ئاوایێ خوارێ:

١– شێخۆ نیشانەیەک ژ بۆ خوەدێناسیێ، کو کورد یەک ژمللەتێن دێرینە کو هێشتا زوی خوەدێ ناسکرییە و ئاینێ زەردەشتی ل کوردستانی بەلاڤ ببوو، ئەڤە ژی قۆناغا دێرینە.

٢– فەرهاد، نیشانەیەک بیت کو کوردان وەلاتێ خوە خوەش ڤیایە، سروشتێ کوردستانێ بۆیە بەشەک ژ جەستەیێ وی و دگەل خوینا وی تێکەل بوویەو هەتا نها ژی ئەو خوین هەرا د جەستەیێ نفشێن کوردان دا دزڤڕیت. ئەڤ عشقە هێزەکا مەزنە کو میللەتی پشتڕاست دکە کو هەر دێ سەرکەڤن، لەوما ژی سەرێ خوە ژ بۆ چو دژمنان ناچەمینن، ئەڤە ژی سیماو خەسلەتەکێ کوردان بوویە ل چاخێن ناڤەڕاست.

٣– شێرگۆ، نیشانەیەکە ژ بۆ قۆناغا نوی یا مێژوویا کوردستانێ کو ب جەربەزەیی و مێرچاکی زنجیرەیەکا درێژا شورەش و سەرهلدانان کرییەو ب هزاران بووینە پێخورێ ئاگرو ئاسنێ زۆرداران.

٤– مەزلووم، قۆناغا هەڤچەرخا مێژوویا میللەتی کوردە، کو هەموو گەل بووینە خوەدی ئالا و دەولەت و سەربخوە بووینە و چارەنڤیسا خوە دیارکرینە، تەنێ چەند میللەتێن کێم یێن وەکە کوردان ماینەڤە، کو چێ دبیت کورد ژ هەموویان مەزنترو زۆرتر بیت و بندەست مایەڤە.

ژ بلی ئەڤان ئەگەرێن سیاسی و مێژوویی و جڤاکی، خوەندەڤان دکاریت هنەک ئەگەرێن دن یێن ئابووری ورەوشەنبیری ژی تێدا دەستنیشان بکە. د ئەڤی ئالیێ هونەروەری و ستاتیکیێ ڤە، ئەڤێ هەلبەستێ چەندین پەنجەرک ل سەر ئالیێن ژیانا کوردەواری ڤەکرینە ڤە...

## زمانێ هەلبەستێ

زمانێ هەلبەستێ سڤک ورەوانە و ب کوردییەکا ساف و بێگەرد هاتیە ڤەهاندن، نە دورە یەکەم جار خوەندەڤان وەسا هەست بکە کو زمانێ وێ زمانەکی ئاساییە و نزیکە یان ژی هەڤچوتە دگەل زمانێ ئاخفتنا رۆژانەیا خەلکی، لێ ئەگەر رەخنەگر یان ژی هەر خوەندەڤانەکێ شارەزا د ئەرک و بنەماییێن شعرێ دا و هنەک

ڕەوشەنبیریيا وێژەیی هەبیت هوورک ئەڤێ هەلبەستێ چەند جاران ڤەخوینتە ڤە، دێ زانیت کو ئەڤ شعرە ب زمانەکی ئەدەبی هاتیە ڕێستن و سەلیقا پەیڤێن وێ ڕێکوپێکییەکا ستاتیکی خستیە بەر ڕێزکێن وێ وکۆپلەییێن وێ ژی کو هەر یەک ب پاشبەندەکێ ب داوی تێت و، بینایێ هەلبەستێ ب ئاوایەکێ بابەلیسکی ئەڤراز دچیت هەتا د پاشبەندا داوییێدا دگەهتە لوتکەیا ئافراندنێ و ئەگەرەکا هەرە هەژی دادنێتە بەر دەستێ خوەندەڤانی، کو د ئەنجاما سڤکی و ساناهیا زمانێ شعرێ دا، خوەندەڤان بێ گرێ و زەحمەت هەڤپشکێ دانانا دەقەکا دن دبیت کو ل پەی تێگەهشتنا خوە بڤەهینتەڤە.

هەر ل بابەتێ زمانێ شعرێن (پەری بهار)ێ، مستەفا ڕەشید دپێشگۆتنەکا کورت دا کو ژ بۆ دیوانا وێ یا دووەمین (بواریا هەستێن لەرزی) نڤیسی یە دبێژیت: «.... هەلبەستڤانا مە ژ هەرێما (باتمان)ێ یە. جڤاس ڤێ هەرێمێ زمانێ مە ب بەدەوی و ڕەسنیا خوە هاتبە پاراستن، وسا ژی داب و نەریت، خوەرسک و سنجی، عورف و عادەتێن مە یێن کوردەواری ژی هاتنە پاراستن، لێ بەلێ دڤێ جیهانا مە دە، کو هەر تشت پڕ ب لەز تێتە گوهەرتن، هنەک ژ ڤان داب و نەریتێن مە ب ڕاستیا ژیانا نووژەن یا سەدسالیا بیست و یەکا ڕە ناگونجن...» ئەڤ گوتنا مستەفا ڕەشیدی ڕاستە و تەڤایا هەلبەستێن (بێری بهار)ێ ڤەدگریت، لێ تشتێ پتر بالکێش ئەوە کو زمانێ شعرێ گەلەکێ موکمە، هەر هەڤۆکەکێ چەندین ڕامان هەنە، ئانکو ب چەندین ڕەنگ و ئاواییان تێتە شرۆڤەکرن، زێدەبوونا ئەوان ڕامانان زمانێ شعرێ موکم و شرین دکە کو جۆدایە ژ زمانێ زانستی ئان ژی زمانێ ئاسایی یێ خەلکی کو هەردەم یەک ڕامان و مەبەست هەیە و ڕامانێن نوی و نەهاتین زانین ب خوەڤە هەلناگریت، مینا دبێژیت:

**«نەگرانە هەلگرتنا ئێش و کولێن من،»**

ئەڤێ هەڤۆکێ چەندین ڕامان هەنە، کو هەلگرتنا ئێش کولێن وێ نە دگرانن لەوانەیە سڤک بن ئان ژی ناوەندی بن نەسڤک و نەگران، لێ بەحسا پرۆسەیا سڤکیێ ناکە، ئانکو پرسا سڤکیێ ل گۆڕێ نییە، ئامانج ئەوە کو بار نەیێ گرانە، چونکە ئەگەر هەلگرێن وی دزیرەک و عەگید بن دێ ب هێسانی هەلگرن، لێ بەرۆڤاژییا وێ چەندێ ژی هەیە. ئێش و کولان سەنگ و قورساتی نییە، لێ تەئسیر و کارتێکرن و سرێمەییێن وێ د زۆرن، لەوما ژی چێ دبیت هەموو کەس نکاریت بهەلگریت. ئەڤ زۆریا ڕامانان ژ بۆ هەر دێڕەکێ زمانێ شعرێ موکم و ڕەسەن دکە. هەروەسا ئەڤێ دێڕا دن ژی مرۆڤ چێژ و تامەکێ ژێ وەردگریت، لێ دگەل هندێ ژی چەندین ڕامان و مەبەستان ب خوەڤە دهەلگریت:

**«نە نەخوەشی و دلئێشییە تەنگاسیا من»**

ب هەمان ئاوایی خوەندەڤانێ ڕەوشەنبیرێ وێژەیی دکارە چەندین ڕامانان تێدا ببینە، ئان ژی ئەڤ دێڕا دن ژی:

**«نە خەمە هلوەشینا پەلێن ژ داران»**

چەندین پرسیار د شرۆڤەکرنا ئەڤێ هەڤۆکێ دە دروست دبن، ژبەر درێژی و دادڕیایا وێ، من نەڤێ نموونەییێن وێ بژمێرم، بەلکو تشتێ گرنگ ئەوە کو ڕەخنەگر کلیلا ڕستەو هەڤۆک و پەیڤان ببینتەڤە و بدەتە دەستێ خوەندەڤانی، داکو بیروڕاییێن خوە دەرببڕیت، تشتی خوە ژی ژێ ڕە زێدە بکات و، د هەمان وەخت دا ئەو تشتێن نوێ ژی وەرگریت و فەرهەنگا خوەیا مورفۆلۆژی و سیمانتیکی پێ دەولەمەند تر بکەت، ئەڤ تشتێ مە گۆتی- هەلبەت- ل سەر پەرەگراف (کۆپلە)یان ژی هەڤجووت دبیت.

ژ بلی هەڤۆک و کۆپلەیان گەلەک ژ پەیڤێن هەلبەستێ ژی ڕامانێن هەمەجۆر ب خوەڤە دهلگرن، ئان ژی پەیڤێن نوی نە و هەلبەستڤانی چێ کرینە و خستینە ناڤ شعرا خوە، چو پێ نەڤێت دبنە بەشەک ژ فەرهەنگا کوردی یا گشتی، هنەک ژ ئەوان پەیڤان: (هەمێزکر، دل دبە، دەنگ زراف، چاڤتیژڕۆژ، درانگەوهەر، کەنشەکرجەژن....) ئەڤ پەیڤە دقورسن سەر ئاڤ ناکەڤن چونکە کاکلدارن، دوبارەکرنا هنەک پەیڤان مینا (کەن، دل، بێری، ئێش، زارۆک....) دێ بیتە کلیلەک کو ب بستەهی خوەندەڤان بچیتە ناڤ جیهانا بەرفرەها هەلبەستێ و ب هێسانی تر مەبەستان تێبگەهیت، بۆ نموونە پەیڤا بێری کو هەم ناڤێ هەلبەستێیە و چار جارێن دن ژی هاتیە، ژ بلی پەیڤا بیرانین کو هەمان مەبەست ددەت و دەستکاریکرنە ب فۆرم و جهێ ئەو تێدا هاتی کو تەمامکەرێن هەڤ دونە. لڤێرە خویا دبە کو هەلبەستڤان هۆشیارە، بیردانکا وێ ئانکو حافیزەیا وێ ب هێز و زیندییە، هەموو کار، ئەرک، تشتێن فەر د

مـێـشكى خـوە دا رێزكـرينە و ب پێش و پاشكرن و رێكخـسـتنا وان پلان و نەخشـە و چارەنڤـيـسێ خـوە دەستنيشان دكە. جارا يەكەمين ئەڤ پەيڤە كرييە چەتر و سەيوانەک و هەموو پەيڤێن دن كو دەربرينا ژين و خەباتا مالباتەكا چار برا ئانكو مللەتەكى چار پارچە دەردبريت. د (بێـرى) يا دووەم دا ڤـەدژڤـريتـە رۆژێن بەرێ چاخێ دگەل زارۆكێن خوە يێن روح سڤک دژييا و پێكەنين و گرنژين و بەختەوەريا ئەوان د مێشكێ خوە دا وێنەكێش دكەو، رۆژێن بەرێ هەژى هندێ نە كو ويژدان و مێژوو و هەڤبەنديێن خێزانداريێ هەر موكم ورێپيشاندەر بمينن.

د (بێـرى) يا سـێـيـەم دا ب خـەيال و ئەندێشـە د زڤريتەڤە جەم زارۆكێن خوە يێن دل بچووک لێ هێڤى و ئومێد مەزن، ئەڤە ژى نيشانا باوەرى ب خوەبوونى يە، كو ئەو پەروەردەكرنا جاران دێ بيـتە رێكەک و ڤـەرێژا ژينێ تێدا بۆريت، ژينا هەردوو ئاليان دايک ل جيـهـانا خوە يا پر خەيات و زارۆک ل جيهانا خوەيا پر مانديبوون و بێـبـەهر ژ مـافـان. د (بێـرى) يا چارەم دا هەست ب بۆشـايى و ڤـالاتيـەكێ دكەت كـو جاران بەخـتـەوەرى و ئەڤينداريیا ئەندامێن خێزانێ ژێدەرا هێزا وێ بوويە لێ نهـا دور ژ ئەوان حـالەتەكێ گـران و پر زەحـمـەتە، لێ پێكگەيشـتنا هەردو ئاليـيـان ل سـەر پێلێن ئاڤـرى يێن چاڤـێن وەكـو رۆژێ تيـژ ئەو ژيان جـارەكـا دن دهێـتـە بيردانكا وێ دا، ئەڤە ژى چالاكييەكا ژيرييە و، هەلبەتە مێشكێ چالاک دكارە گەلەک تشتێن مەزن ئەنجام بدەت و ئافـراندنێـن هەژى دروست بكەت، ئـەڤ حالـەتێ پر بزاڤ و ژيندارى دبيـردانكا وێ دا هـاتيـە خـوەدى كـرن ئانكو بزاڤـەكـا بەردەوامـە، چونكە پەيڤـا (خوەديكرن) تەمامكەرا ئەوێ بزاڤـێـيـە، هەروەسا پەيڤا (كەديكرن) رامـانا دەسـتـهـەلى و راهاتن و مـەشـقكرنەكـا رەوان و هەسـان ددەت، چونكە ئـەڤ حـالەتە بوويە پشكەک ژ چالاكيێن دايكێ و پرتەک ژ رۆناهيا چاڤێن وێ، كو ب رێيا وێ رەش و سپى، چاكى و خراپى، جوانى و كرێتيێ ژ هەڤ جۆدا دكەت، لەوما هەبوونا ئەوێ هێزى د چاڤێن وێ دا، وێنەيێن وانێـن جـــوان كـــرينە پەيكەرەكێ سـەرفـرازيێ و د قـولاچكەكـا هەرى گـەرمـا دلێ خـوە دا ئاشنا كـرينە... ئەڤ پەيڤـا (بێـرى) بۆ جـارا پێنجـەم دوبارە دبيـتـەڤـە، لێ ئەڤێ جـارێ پەردا خـەم و كـول و كـەسـەران هەلدەتەڤـە و ئاسـۆيێن رۆنـاک د ناڤ چاڤـێن زارۆكـێن خـوەيێن رووبهـار دبينتـەڤـە، بهـار ژى ئانكو ژينەكـا نوى و سـەرژنوى زينديبـوونەڤـەيە، كـو ئەڤـە ژى ويستگەها داويێ يا ئەڤێ ئوغرا مەزنە كو ل سەر پێلێن رابردوو ونهـا و ئايندەيێ سـەمـا مـان و ژيانەكـا پر بەرخـوەدان دكـەت، لێ هەمـوو ئەو (بێـرى) يێن هاتينە شـرۆڤـەكـرن ب پەيڤـا (دكم) ب داوى هاتينە، ئەڤـە ژى نيـشـانا هندێ يە كـو نهـا دەم و وەخـتێ خـەبات و كاركرنێيە، كرنا نهايە، رابردووى ب زيندیى دهێليتەڤە و ئايندەيى ژ بۆ خوەديێ خوە مسۆگەر دكەت.

ب ئەڤێ ئاوايى ئەم دكـارين پەيڤـێـن دن ژى ئەوێن دوبارە بيـنەڤــــە بكەينە كـليـل و هەر يەكى ژ ئەوانا دەرگەهێ جيهانەكا رەنگين و پر بزاڤ پێ بكەينەڤە...

ژ بلى زمـانێ رەوانێ هەلبـەسـتێ، لێ هنەک جـاران دارێشـتنا رسـتـەو هەڤـۆكـان سـست هاتيـە مـينا: «ب هێـسـانى دكـارم ل هەمـبـەر مژومـۆرانان،» كـاروبكەرو بەركـارێن ئەڤێ هەڤـۆكى ناڤـچاڤ ترش و ملخوارن، ب هێـسـانى دگـەل دێرێن پێش و پاش خوە رێک نابيت... ئەڤ نموونە وەكە رێزمان دبێژم، لێ وەكە سيمانتيک چێ دبە جـوانيـا وێ كەمـوكـۆرييـا سينتـاكسى وندا بكە، لێ ئەڤە ژى حالەتەكە و دەبيت دناڤ تێـبـينى و سـەرنجێن رەخنەگريێدا بهێنە بەرچاڤ گرتن.

هەروەسـا هنەک پەيڤـێن دوبارە ژى هەنە كـــو هيچ جـوانيـيـەكێ ب خـوەڤـە هەلناگرن و تەئسـيـر ل رسـتـەو هەڤـوكان ژى كـرييە وەكـو پەيڤا (تشت) كو سێ جاران هاتيە و هەمـوو جارێ ژى دەربرينە ژ حالەتەكێ نەنياس و نامـۆ و لەوانە هەر د زێدەبن دناڤ هەڤـۆكـان دا، چونكە ئەگـەر هەلبكرين و رسـتـەيێ سـەرژنوى رێک بخـەين، ب دروسـتى هەڤـۆک حەوجەدارى وێ پەيڤێ نابە و لەوانەيە جوانتر ژى ببە....

### كێش و سەروا وريتما هەلبەستى

كـێش و سـەروا بنەمـايێن فـۆرمـا هەلبـەسـتێنە، دەمێ جـەخت ل سـەر رووخـسـار و بێكهـاتەيێن ئاڤـاهيێ وێ دهێتەكرن، دەبێت بەحس ل كێشا وێ بهێـتەكرن، كو ب ئاوايەكى گشتى سيستەمەكا رێكوپێكە بۆ هەلبەستێ و وەكـو هەمـوو زانسـتێـن دن كـو هەر يەكى ژ وان پێـوەرێن خـوە هەنە، ئەڤـە كێش ژى دبيـتـە پێـوەرا شـعـرێ. شـعـرا كـلاسـيـک د ئەدەبى كـورديدا لدويڤ زانسـتێ عـەرووزا عـەرەبى هاتينە دارشتن، ژ بلى هنەک نەبن ب تايبـەتى دديالێكتا گۆران دا كو ل سەر شێوازێ سيلاب (هەژمارا

برگەیان) هاتبوونە ڤەهاندن کو ئەو ژی کێشێن رەسەنێن شعرا کوردی نە. لڤێرە ئەو شاعر و خوەندەڤانێن دڤێن شعر ژی بکەفتە بن سیستەمەکا دیجیتالی گەلەک پشتا خوە ب سیستەما دەنگ و کێش و مۆسیقایا شعرێ ڤە گرێددەن، ل سەر ئەڤی بنەمایی شاعرا مە رێکا دوویێ گرتییەو پشت ب سەلیقەکا کێشێن لاوک و حەیرانێن کوردی یێن نە سیستەمکری بەستییە. د ئەڤی جۆرێ ڤەهاندنێدا دانەر (شاعر) گرنگیێ ب هەژمارا دەنگان و کێشێن دێڕان نادەت، زێدەتر بایەخێ ب مۆسیقایا پەیڤان و مۆسیقایا هزران ددەت، کو ب ئاوایەکی سەرنجڕاکێش ئاوازێن خوە بگەهینتە گوهێ خوەندەڤانی، چونکە لڤێرە پەیوەندی دناڤبەرا میلودیا پەیڤان و رامانا گشتیا هەلبەستی تشتەکی گرنگە و، ڤەدیتن و دۆزینەڤەیا ئەڤێ هەڤبەندیێ ئەرکێ هەرە سەرەکیێ رەخنەگرییە، کو ئەلقەیەکا پێکڤە گرێدانێیە دناڤبەرا شاعرو خوەندەڤانی داو، د ئەڤی حالەتی دا ئەڤ هەڤبەندییە دبیتە ئالاڤەک ژ بۆ چەسپاندن و پتەوکرنا رامانا هەلبەستێ. ل پەی ئەڤێ بۆچوونی موسیقایەکا دلڤەکەر و رەوان د شعرا (بێری)دا هەیە، ب جوانی ئەڤراز دبە وب جوانی بەرەڤ ژۆر دا دهێتە خوارێ مینا:

«ستوویێ شێرگۆ ب سینیا شیرانیان ڤە خوار بوویە،»

ئەڤ دێڕە (١٦) برگەیە ئانکو گوبتەیە و ب هێسانی دبیتە (٤×٤)، لێ ئەڤ کێشە بەردەوام نابیت و گۆڕانکاری تێدا پەیدا دبن کو ئەڤە ژی کەمو کوڕییەکا مەزنە دناڤ کێشناسیا شعرێ دا ب تایبەتی ل جەم ئەوان شاعر و رەخنەگرێن هەلبەستی ب فۆرمەکا دائێخستیا پەیوەندیدار ب سیتەمەکێ دیجیتالی ڤە گرێددەن، لێ ئەگەر ئەم هەلبەستێ وەکو فۆرمەکا ڤەکری سەح بکەین، ئەو سیستەم رۆلەکێ مەزن نابینیت و زێدەتر پشت ب سەلیقەیا هزران ڤە دهێتە گرێدان کو ئەندێشەیا شاعیری سەرپەرشتییا وێ دکەت. هەر چەندە ب یەک جاری ژی (بێری) دەستبەرداری ئەوێ سەلیقەیا کێشدارا مەبەحسکری نەبوویە، بۆ نموونە د ئەڤێ دێڕێ ژی دا هەمان کێشا پێشترێ هاتیە دەستنیشانکرن دوبارە دبیتە ڤە مینا:

«دەما ب هەڤ رە روودنن سەر پێڤاز و نان،»

ب هەمان شێوە ئەڤ دێڕە (١٢) برگەیە (٤×٣)، بەلام دوڤ دا ئەڤ سەلیقە دهێتە گوهەرتن، پاشان جارەکا دن دزڤریتەڤە سەرێ وەکە:

بێریا وان دلێن بچووک و ٨ ⟵ ٤+ ٤
تێدا هێڤیێن مەزن دکم ٨ ⟵ ٤+ ٤

هۆسا زۆربەی کێشێن ئەڤێ هەلبەستێ ل سەر پێێ (٤) برگەیی ئاڤابوویە، لێ هەر جارێ چەند جارێن وێ مینا:

٨ ⟵ ٤+ ٤
١٢ ⟵ ٤+ ٤+ ٤
١٦ ⟵ ٤+ ٤+ ٤+ ٤

لێ چونکە ئەڤ کێشە نە بنیات وبنەمایەکا ئەڤێ شعرێ یە، لەورا چەندین دێڕ ژ ئەڤێ سەلیقەیێ دەرچووینە و بووینە (١١) و (٩) و (١٥) و (١٧) و (١٨) ژی... لێ مۆسیقا خوە ژ دەست نەدایە، ئەڤە ژی ڤەدگەڕێتەڤە بۆ ئەوێ چەندێ کو هەلبەست ب شێوەیەکی ڤەگێڕاندنا چیرۆکی هاتیە دارێشتن، و هەر وەسا کەسێ یەکەم قسەکەرێ سەرەکییە د هەلبەستێ دا و رویدانان یەک ل دوڤ یەکێ ڤەدگێڕیت نا هێلیت خوەندەڤان ژ رامان و وێنەیێن رێزکری یێن هەلبەستێ دابڕێت.

د ئەڤێ هەلبەستێ دا، گرنگی ب سەروایێ ژی نەهاتیە دان ب تایبەتی د دێڕین کۆپلەیان دا، لێ بەلێ هەر چار پاشبەند ب یەک پاشسەروا ب داوی دهێن و هەردو یێن پێشین سەروایێن وان وەک هەڤن: «... کەنشەکرجەژن دکم.» و «... هێڤیێن مەزن دکم.». لێ هەردوییێن دن ب هەمان سەروا داوی ناهێن «... چاڤتیژ رۆژ دکم.» و ئەوا داویێ «... خوە یێن رووبهار دکم.» لێ دێڕێن دن ب ئاوایەکی رەمەکی هاتنە و کێم جاران وەکو هەڤن، ژبەر هندێ ئەڤ شعرە ژ روویێ کێش و سەروایێ ڤە نەهاتیە سیستەمکرن و وێنە و دەستەواژە و هەڤۆکێن وێ ب شێوازەکی ڤەکری هاتینە دارێشتن، تەنانەت هزرێن وێ ژی ناکەڤنە دناڤ چو بازنەیێن دائێخستیدا لەوما ب پەخشانە شیعر دهێتە دانین.

## وێنەیێن شعری و رامانێن وان

بۆچوونەک هەیە دبێژیت: هەلبەست ب خوە وێنەیەکی شیعری یە و چەندین وێنەیێن دن ژی ب خوە ڤە دهەلگریت. ئەگەر ئەڤ بۆچوونە هەتا رادەیەکی راست بیت، ئەڤە دێ بیتە سەرەداڤەک ژبۆ کو ئەم ب هێسانی وێنە شعری یێن دناڤ ئەڤێ هەلبەستێ دا دەستنیشان بکەین، و هەتا رادەیەکێ زۆرتر ژی جۆرێن وان و رامان و وەکهەڤیا وان بزانین، نەخاسمە ئەگەر ئەو وێنە درۆن و

ئەشکەرە و دلحەوین و بالکێش بن، چونکە وێنە شعری یێن تاری و هێسانی نەهێنە فێمکرن کەش و سەقایێ هەلبەستێ تێک ددەن و، شیانێن شاعری ژبۆ کنترۆلکرن و زالبوون ل سەر دەربڕین و دەرئێخستنا مەبەست و ئارمانجان تێخە د کۆمانەکا مەزن دا، لێ ب نهێرینەکا گشتی وێنە شعری یێن ئەڤێ هەلبەستێ تاک و تەنێ نە و ب هۆستاتی بێری بهارێ بهەڤرا گرێداینە، لەوما ژی مینا سەرپێهاتیەکێ دهێتە بەرچاڤ و ب هێسانی خوەندەڤان دکاریت دگەل دا بژیت و بکەفتە ژێر سرێمە و کارتێکرنا وان، لێ بەلێ یا فەرە ئەگەر ب چاڤەکێ رەخنەگرتنێ مێز بکەین ئەو بۆچوونا سلال دێ هوورتر بە و چەندین مەبەستێن دوور و نێزیک تەڤلی هەڤ بن، بۆ نموونە د یەکەم وێنەدا دبێژیت:

**نە گرانە هلگرتنا ئێش و کولێن من،**
**ب هێسانی دکارم ل هەمبەر مژو مۆرانان،**
**نە زۆرە هەمێزکرنا بۆرانا بەرفان**

لڤێرە ئەم دزانین کو ئێش و کول مەزنترین دەرد و نەخوەشینە تووشی مرۆڤی دبن، لێ وەکە دیار کو ل جەم شاعرا مە بارەکی سڤک و بێدڤی پویتەدانێ ناکە، چونکە د وێنەیێ دوڤ دا شرۆڤە دکەت یان ژی مرۆڤ وەسا ژێ فەهم دکە کو دناڤ مژو مۆرانان ژی دکارە بۆرانا بەرفان هەمێز بکە، هەرچەندە ئەڤە ژی کارەکێ هێسان و سڤک نییە هەروەکو کورد دبێژن بەرف قەیدا مێرانە، لێ وەکە دیار و ئەشکەرا شاعرا مە ئەڤان قەیدان وەکو بازن و ستووڤان و خلخالێن جوانی و خەملاندنێ دبینە و هیچ گرنگییەکێ ژێ را دانانێ، ئەگەر ئەڤە هەموو چنە بن، پا ئەو تشت چنە کار ل هێز وشیانێن ئەوێ دایکی بکەن ب تایبەتی کو د رەوشەکا ساخلەم و سۆزداری و تەڤاڤیا عەقلی دا یە، ئەڤ چەندە د وێنەیەکی شعری یی جوان دا خویا دبیت دەما د بێژیت:

**«تشتێ پشتا من خول دکە، نە بتەنێ ماینن و غەریبیە»**

لدوڤ پێڤەرێن ئەڤی وێنەیی هێز و هەڤرکی و بەرخوەدانا شاعری هێشتا مەزنتر دبە و فیرهان و ئاریانا وێ ئەڤرازتر دچە، کو دوورکەفتن و مشەختی و نامۆبوونا دناڤ خەلکێ بیانی دا چەند زەحمەت و گرانە، لێ دیسان ئەڤە ژی بەس نینە کو پشتا وێ خول بکەن، لڤێرە رکابەری هێشتا مەزن دبیت چونکە ئەڤ کارەسات و مالوێرانیە ژی نکارن پشتا وێ ل عەردی بدەن بەلکو چەند بکارن سرێمە و تەئسیرا خوە بکەن و وەخت و دەم ژی چەند درێژ بن هەر ئەو دکارن کو پشتا وێ خول بکەن، هەلبەت ئەم دزانین کو پشت خولبوون جۆدایە ژ پشت عەردی دان، چونکە یا یەکێ روو ب روویە و مرۆڤ نابەزیت هەیا داویا هێز و شیانێن خوە، لێ بەلێ حالەتێ دووەم رەڤین و شکەستن تێدایە کو هەر زوو، ئەوێ بەرامبەر شیایە هەڤرکێ خوە ل عەردی بدەت. د وێنەیێ دوڤ دا کو شاعر هەست و سۆز و سەرنجێن خوەندەڤانی دگەهینتە لوتکە و کۆپێتکێن شاریان و کەلین و حەسرەتا زانینێ، دەما د وێنەیێ چارەم دا کۆپلە شعرا خوە ب داوی تینە و دبێژە:

**بێریا زارۆکێن خوە یێن کەنشەکرجەژن دکم**

وێنەیێن زارۆکان کو لێکچواندن و وەکهەڤیا سیمایێ وان ب دێمەکێ زەردەخەنە و پڕ بشکۆرین دشوبهینیت کو وەکە شەکر و شرینیا جەژنانن، لێ دوری ژ ئەوێ جوانییێ تەنیا هێزە دکارە پشتا وێ دایکێ خول بکە.

ئەڤ وێنەیێ دناڤ وێنەی دا کۆپلەیا یەکەم ژ وێنەیێن چڤیای و راوەستیایی دەرتێخە و هەموو وێنەیێن پێش خوە دحەرکینە و دناڤ بزاڤەکا مرۆڤەیەتیا جۆشدار دا رەنگ ددەتەڤە، چونکە ئەگەر وێنەیێ بەرفێ راوەستیای بیت ئەڤە مژومۆران بزاڤکەرە و، ئەگەر ئێش و کول وێنەیەکی چڤیای بن ئەڤە هەلگرتن کارە و کریارەکا زەحمەت تێدا دهێتە ئەنجامدان.

ئەڤ چەند وێنەیێن تاک و راوەستیای دناڤ وێنەیێن جۆلاو و بزاڤکەردا وێنەیەکی ئاوێتەیی و لێکدایێ جوان و رۆن دروست کریە کو بێ زەحمەت تێ فەهمکرن.

د کۆپلە شعرا دووەمدا یەکەم وێنە وەسفا جهێ زارۆکێن خوە دکە کو بەزین و غاردانە دناڤ کۆلانێن تاری دا. ئەڤ وێنەیێن کو دناڤ تاریاتیێ هاتینە کێشان رویدانا هونەرمەندەکی شێوەکاری جیهانی تینە بیرا مە دەما ب تابلۆیەکا رەش و تەنها رەش بەشداری د بێشانگەهێدا کری، لێ دەما بینەران ب حەسرەتڤە چاڤەرێ کری کو چ تابلۆیەکا تەزەیە ڤی هونەرمەندی چێکری، لێ پشتی پەردە هلدانی دەرچوو دەبەیەکی رەشە وچو تشت تەنانەت یەک خیچ ژی لێ نەکربوو. ب هێبەتی ڤە خەلکی پرسیار کرن: ئەڤە چییە؟ هونەرمەندێ مەزن ب رەحەتی و ل سەرخوە گوتی: ئەڤە دوو قولەرەشن و ل شەڤەکا تاری دا ب شەڕ چوونە. لێ وێنەیێ شاعرا مە چار زارۆکن ل کۆلانێن تاری دا بۆ ژیانێ دبەزن، د

ئەڤێ تاراتییێ دا چار وێنەیێن جوانێن پڕ بزاڤ کێشاینە:
- یەکـــەم زارۆک: ملێ وی ب سندوقـــا بۆیاغکرنا شکالان ڤە شور بوویە و خوە دلەقینە.
- دووەم زارۆک: ســتـــوویێ وی دبن ســینیــا فــرۆتنا شرینیان خوار بوویە.
- سێیەم زارۆک: ل بەر دەرییێ خوارنگەهێ دقیرینە.
- چارەم زارۆک: دوچەرخەکا بارهەلگرییێ د بن سێبەرا پیرەمێرەکی دا دکشینە.
ئەڤ چار وێنە دناڤ خوە دبزڤن و د حەرکن و هنەک ژ ئەوان زێدەتر ژ هەستەوەرەکێ دا دمەشە ژ چاڤ و گوهـ و دفن... ژبلی ئەڤێ ژی هەر چار وێنە د وێنەیەکی گشتی دا دلەیزن کو ئەو ژی پارچەیەکە ژ وێنەکی مـەزنتـر کـو وێنەیا هەلبەستێ هەمییێ یە. لێ بەلێ بەری کو ئەو چار وێنە بکەڤنە دناڤ تابلۆیا گشتیا هەلبەستێ دا، یەکسەر ئەو دبنە یەک وێنەیێ مەزنتر دەما:
**«خوێدانا لاشێن وان تەڤی هەڤ دبن،**
**دەما ب هەڤرا رووددنن سەر پیڤاز و نان.»**
دیســان ل دوڤ دا شـاعـر جـەخت ل سـەر خـوەڕاگـریا دایکێ دکـە کـــو ئەو تشـــتێ وێ دل دبە نە خـــزانی و دەستکورتییە بەلکو د ئەڤی وێنەیی دا ئەشکەرا دکەت:
**«بیریا وان دلێن بچووک و**
**تێدا هێڤیێن مەزن دکم.»**
د کۆپلەیێ سێیـەم دا د کۆمکرنا سێ وێنەیێن شعری دا، کو یەک ژ ئەوان دەربڕینەکە ژ رابردوویێ دوور، ئەوی دن نزیکتـر، ئەوێ داوییێ هێشـتـا نزیکتـر، کـو هەر سێ بهـەڤرا ژینا وێ یا بەرێ شرۆڤە دکەن و، وەها خویا د بە کو هەر رۆژەکا ژینا وێ دایکێ ژ سێ دەمرۆژا پێکهاتییە سبەهی و نیڤرۆ و ئیڤاران، سپێدەیان دگەل دەنگێ وان ژ خەبەر بوویە و چاڤێن خوە ب روویێ وانێ گەش رۆناک کرینە:
**«سبەها من ب رووگەشیا وان رە دبوو رۆناهی،**
**دەنگێ وانی زراڤ و نەشمی بوو ئەز ژ رەوشا تەنگژی**
**یا دەروونی ئازاد دکرم.»**
لڤێـرە دیارە ئەو دایک پێش ژ زارۆکـێن خـوە ژی دوور بکەڤـیت، تەنگژین و ئالۆزییێن دەروونی و ئاریشـــەیێن ئابووری و جڤاکی هەبوونە، لێ هەبوونا زارۆکـان ئـەگـەرا چارەســەرییـا هەمـوو رەوشێن نالـەبار بوویە و هێـزەک و توانا و شیانەک ژبۆ وێ دایکێ دروست کرییە کو ل سەر ئەوان هەمـوو ئـاریشـەیان زال ببـیت. هەر ئەو زارۆک ژی بوونە کـــو بووینە بناس و هۆیەک کـــو ئەو دایک نکارە دەربکەڤیت و ژ ئەوان دوور ببیت:
**«لێ وان ئەز پەروەردەیی دژ دەرکەتنان دکرم.»**
ئەڤ رکـابەری و زۆرانبـازییا د دەروونـێ وێ دایکێ دا دروست بووی، گەلەکا دژوار و ئالۆزە، مینا ئەوێ ئالۆزیا دەروونیـا «گـیـڤـارا»یە، کـو دەمـا ل نۆرینگەهـا خـوەدا خەلکێ نەخوەش چارە دکر، و هەولددا ئەوان نەخوەشیان بنبڕ بکەت، لێ رۆژ ب رۆژی زێدەتر دبوون، لەومـا هزرا خـوە د مـیکروبا سـەرەکـیـا وێ دکـر و گـەهشـتـە ئەوێ قـەناعـەتێ کـو ئەو مـیکروب دناڤ جـڤـاکێ دەیە، نەکـو بایۆلۆژی یە، لەومـا ژی بڕیارا خـوە یا داوییێ دا، کـــو دەبیت بزاڤ وشـیـانێن خوە ژبۆ بنبڕ کرنا ئەوێ مـیکروبا جڤاکی تەرخان بکەت و هەتا رۆژا داویا ژینا خوە ژی ل ســـەر وێ ریچکێ بەردەوام بوو. لێ ئەڤ دایکە ئەڤی تشتی دزانە و بڕیارا خوە ل سەر خەباتێ دایە و دزانە ژی کو ئەو رێباز گەلەکا درێژە لەوما ب ئومێدا هندێ یە کو زارۆکێن وێ یان ئەو نفشێ ل دوڤ وان دێت دێ گـەهتـە بهـارا سـەرفـرازیێ کـو ڤـەژینا ژینەکـا دی یە، کـو تێـدا راستی جهێ خوە بگرن و جوانی ژی تێدا نەهێـتـە زڤـێر کـرن و ل داوییێ دناڤ هەشت وێنە شـعـری یێن زنجـیـر بەندکری دا مـەزنیـا ئەوان زارۆکـان خـویا دکـە کـو هەژی هەموو خزمەتکرن و گرنگی پێدانەکێ نە، لەوما چ بهەڤرا بن یان ژی دوور هەر دێ مـینن چاڤکانیـا هێـزو شـیـانێن دایکا خوە.

تێبینی:
**ئەڤ هەلبـەسـتـا سلال ب ناڤنیشـانێ- بیری- ژ دیوانا (بواریا هەسـتـێن لەرزی) یا شـاعـرا خـەلکا (باتمان)ێ بیری بهـار هاتیـە وەرگرتن رووپەلێن (٦٨-٦٩)دا. کو ب رێنڤیسا لاتینی ژ ئالیێ وەشانخانە یا (ئاڤا گۆن) ڤە ل سالا (٢٠٠٥) هاتبوو چاپکرن.**

# زمان فرۆشی

**نیگار نادر**
**(بەریتانیا)**

* ئەو مرۆڤانەی دەگەنە ترۆپک لە ژیاندا ئەو مرۆڤانەن کە هەمـوو دەمێ بە وردی و بە چڕی و بە خاوێنی زمانی خـۆیان پەروەردە کـردووە، زمان مـانای کـەسـایەتیی تێـڕا دیارە، مـرۆ دەبێ گـەیشـتـبـێـتـە قـۆناغـێکی باڵا لە مەعـریفەت و زانست ئەو جـار زمان هەڵێنێ، نەوەکو بە زمــانێکی خــاو و زەلیـل خــۆی بکاتە خـــودان پرسی چارەنووسـساز و خۆی لە هەمـوو پرسان هەڵقوتێنێ. لەم دنیــایەدا مـرۆڤ هەنە هەمـوو ژیانیـان لەدەست دەدەن و گەلەک بە سەختی دەژین، لێ تا دەمرن ناهێڵن زمانیان درزەکی تێکەوێ و زمانیان پیس بێ.

* زمان کۆڵەکەی پێگەیشتنی هەر نەتەوەیەکە، نەتەوە پێـشکەوتووەکـان نەخشـەی تایبـەتی خـۆیان هەیە لە بۆ بزاوتنی زمـانی سیـاسی و زمـانی ڕۆشنبـیـری و زمـانی کـۆمــەڵایەتیــیـان، لێ نەتەوە دواکـەوتووەکـان بە تاکـە زمـانێکی کـرچ و کاڵ دەبەر هەمـوو پرسێکی سیـاسی و مـێـژوویی و ڕۆشنبـیـری ڕادەچن و زمـانێکی مـەتاتی بۆ هەمــوو پرســێک دەکــار دەبەن، بەو مــانایەی چەند لە بەرژەوەندی تاکـــە کـــەسی و دەســـەڵات دابێ ئەوەندە دەیوەشێنن.

* نووســەر و ڕۆشنبــیــر و ڕۆژنامــەنووسی نەتەوە دواکـەوتووەکـان بە دەگـمـەنیـان نەبێ هەمـوو زمـانیـان بەردوستێیـەکە چ بابەتێک بازاڕی هەبێ و چ بابەتێک بە مەیلی دەسەڵات بێت بە زمـانی ئەوان گڕ دەگرێ و وەگڕ دەکـەوێ و گـەرم دەبێ و ڕووناکی دەکـەوێـتـە سـەر، بەو مــانایەی بە زمــانی باو هەمــوو پرســە باوەکــان دێنە شـرۆڤـەکـردنێ و بە چەندین دەزگـای زمـان فـرۆشـتنێ و سەنتـەری زمـان فرۆشـتنێ و زمـان کـێـوماڵ کـردنێ بەناو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا دەوەشێنن.

* جیاوازی لە مابەینی زمان فرۆشتن و لەش فرۆشتنێ لە هەندەک کۆمەڵگەدا هێندە بە برەوە هەمیشە لەش فرۆشەکان بە قێزەوەنترین چاو تەماشا دەکرێن و چەندین جۆرە ناتۆرەیان بەدوودەدرێ و تەواو هەڵداوێژرێنە دەری ژیانی کۆمەڵایەتی، لێ زمان فرۆشەکان بە کەیفی خۆیان پێپرکە بە ناو و بە وێنە لە ناو ڕۆژنامە و کتێب و میدیادا دەکەن، بەو مانایەی لەشفرۆشەکان لە هەموو گۆشەکانی ژیان دەتەرێنرێن لێ زمان فرۆشەکان کێهە گۆشەیان بوێت لە هەستیارترین کەناڵی سیاسی و ڕۆشنبیری بە کەیفی خۆیان خۆدەوەشێنن.

* دەسەڵات بایی هەندێ نووسەر و قەڵەم بەدەستەکان و ڕۆژنامەنووسەکانی هەڵسەنگاندوون و دڵنیایە لەوەی تا چەند زمانیان بڕ دەکاو تا چەند زمان دەوەشێنن، لەناو ڕەگەکانی خۆیدا زمان فرۆشی بە ئەزموونی پەروەردە کردوون کە جڵەوی ئەو پرسەیان بە ئەمانەت گرتووە.

* زمان فرۆشەکان زمانیان وەها خاراوە چیان پێ ئامانج بێ چۆنیان بوێ لە هەموو کاتێکدا پێی دەبێژن و بچنە ناو هەر کایەکی ئەدەبی و سیاسی هەر خەریکی خۆبردنە پێش و زمان بردنەپێشێ و خۆدەرخستنێ دەبن.

* لەش فرۆشەکان تا دەمرن هەر سەرقاڵ و لە دڵەڕاوکێی ئەوەدان کە مامەڵەی بەبڕشت بکەن و کڕیارەکانیان لێ نەترەکنەوە و هەموو دەمێ هەر خەریکی خۆڕازاندنەوە و گەنج ڕاگرتنی خۆیانن، لێ زمان فرۆشەکان هەتا دەمرن هەر لە دڵەڕاوکێی ئەوەینە چۆن دەسەڵات بەخۆ سەرسام بکەن و هەر خەریکی ڕازاندنەوەی زمانیانن.

* زمان فرۆشەکان لە تەنگژە و پێشهاتی ترسناک و چارەنووسسازدا زمانی خۆ وێک دەنێن و دەست بە زمانی خۆوە دەگرن و بێ هەڵوێست دەچنەوە کەوڵی خۆیان و هەموو شتێک بۆ دەسەڵات بەجێدەهێڵن و خۆیان لە قەرەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نادەن.

* ئەگەر پتر ڕۆچینە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەبینین دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە کەناڵێکی مامەڵەکردنێی بۆ زمان کڕینێ تەرخان کردووە لە خاوەن قەڵەم و نووسەرەکانی و بە چەندین جۆرە گرێبەستی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە کڕینی زمانەکان و قۆرخکردنیان.

* هەموو میللەتان کە دەگەنە ئەو قۆناغە و دەکەونە ناو ئەو تەنگژەیەی کە زمان فرۆشەکان هەڵکەوتەیی هەرە باڵاو خودان پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بن لە هەر کایەکدا دەبینی کەس زمانی خێر بە کەس دانانێ و هەر کەسە لە ڕووە بە جۆرێک دەپەیڤێ و لە پاشەملێش بە جۆرەکی دی.

* زمان فرۆشەکان گەڕەلەوژەیی ڕۆشنبیری دەنێنەوە و بە هەموو لایان ڕا بە هەموو شێوازان تاریفی خۆیان دەکەن و خۆ بە مەغدوور دەزانن و بە هەموو شێوازان دەپارێنەوە و تێکڕا یەک جۆرە وشە و ڕستە و ئاواز و فۆنت کۆپێ دەکەن، تاریفی جۆرە دیاریدەیەک دەکەن و وەک یەک پێی هەڵدەڵێن و تێکڕا بەگژ یەک دیاریدەدا دەچن و دژایەتیی دەکەن.

* زمان فرۆشەکان زمانیان هێندە باوە دەگەڵ ئاستی کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان یەکە، لەبۆیە هەمیشە بەو زمانە باوەیان سەرنجی تەواوی کایەکان ڕادەکێشن و لە کێشە باوەکانیان دەدوێن و دەبنە پاڵەوانی بەرچاوانیان.

* نەخوێندەواری و ناهۆشیاری هەندەک کۆمەڵگە لە ئاستێکی هێندە نەوی و کرچوکاڵە کە هەر زمان فرۆشێک بە کەیفی خۆی و لە هەر کەناڵێکی مەبەستی بێت و بەرژەوەندەی بێت خۆی دەگەیەنێتە هەستیارترین کەناڵی دەسەڵات، چۆنی بەرژەوەندی بڕوات ئەوها مێژوویەک بەڕادان دەدا.

* زمان فرۆشەکان کە لەنێو کایە ڕۆشنبیرییەکاندا سەرهەڵدەدەن دەکەونە دڵ شکاندنی هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرانی دی و بێ ئاگادەبن لەوەی کە هەموو دەزانن بە چ ڕێگایەکدا وەسەرکەوتوون و دەستیان بەکوێوە گرتوون.

* ئەگەر ورد سەرنجی خۆ بدەینە مانای کلکەسۆتێ و زمانەسووتێ هەست دەکەین کە هەردووک یەک ئامانجیان هەیە و لە بۆ یەک بەرژەوەندی هەڵدەسووڕێنرێن و یەک نەخشە دەکار دەبەن.

* زمان فرۆشەکان لە پاش جێگیربوون و وەدەست کەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی گەلەک بە منجڕی لەخۆ دەگۆڕێن و کلکەسۆتە و زمانەسۆتەکانی خۆیان لەبیر دەکەن و تانە و توانج لە هاوپیشەکانی بەرێیان دەگرن کە هەر خەریکی ڕانانی زمانیانن بە نووسینی وتار و لەچاپدانی کتێب و بابەتی سەمەرە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤاراندا.

* زمان فرۆشەکان کە دەخرێنە ناوەندی ڕۆشنبیری وەکی ڕۆبۆتێک دەکەونە خڕکردنەوەی وتار و شیعر و

چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکانیشیان و دەیانکەنە کتێب و لە دەزگایەکانی سەربەخۆیاندا دەیانهێننە وەشاندنێ و لەخۆڕا دەکەونە خۆ قەرەباڵغ کردنێ و وا پێشان دەدەن کە هەڵسووڕێنەری هەمووڕەوشە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانن، خۆ بە چەندین جۆرە قسەی گەورە و وشەی ئینگلیزی و ناوی فەیلەسووفان پف دەدەن.

دەکەونە پەلەقاژێ بۆ ئەوەی چ نووسەر و گۆرانیبێژ و شایەر و زمان بازاڕی وەکو خۆیان هەیە کە لە تاراوگە دەگەڕێنەوە پێشوازییان دەکەن و لە هۆتێلەکان میوانداریییان دەکەن و جۆرەها کۆڕ و کۆنفراسیان بۆ ڕێکدەخەن و بە هەموو شێوازان لە میدیایەکان ڕا دەیانهێننە بەرچاوان.

* زمان فرۆشەکان کە لە نێو کایە ڕۆشنبیرییەکاندا سەرهەڵدەدەن خێرا دەکەونە گەمەکردن لە نێوان دوو حزبی بەرهەڵستکاردا و لەلای هەر یەکێکیان وا نیشان دەدەن و زمانیان وا دەبزوێن کە حزبی بەرانبەر بە هەموو شێوە و نرخێک ئامادەیە دەسەڵاتیان پێ ببەخشێ و بیانکاتە پاڵەوان و بلاجکتۆرەکانی میدیایان بخاتە سەر، بۆخۆشیان هەمیشە وا بە ڕۆشنبیران نیشان دەدەن کە دەسەڵات بە هۆو لەبەرخاتری ئەوان و کارامەیی کەسایەتییان ڕێز لە هەموو نووسەر و ڕۆشنبیران دەگرێ و لە ڕێگەی ئەوان ڕا خواستەکانیان دێنێتە دی.

* زمان فرۆشتن ئەو دەمەی دەگاتە ترۆپک کە ناسناوی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و ئەدیبی گەورە و داهێنەر بەسەر کەسانی زمان فرۆش و ناشایستە دابەش دەکرێ و کەسانی شارەزا و ڕووناکبیر و بەتوانا لە چەندین جۆرە کەناڵ ڕاو بە چەندین جۆرە شێواز و پلان دڵ دەشکێنرێن و پشتگوێ دەخرێن تا نائومێد دەبن و زۆربەیان تاراوگە وەکو دوا کونج هەڵدەبژێرن.

* داتەپینی کۆمەڵگا و نەمانی بەها و ویژدان ئەودەمانە دەگاتە بەرزترین ئاست کە زمان فرۆشی و لەش فرۆشی بە یەک ڕێژە و ئاراستەدا گەشە بکەن و بەهەرمێنترین بازاڕیان هەبێ و ببنە ئاسانترین ڕێگا بۆ ژیان و پارە پەیداکردن نازناوی جودا و مۆدێرنیان بۆ ببینەرێنەوە و پێوە بلکێنرێن.

* زمان فرۆشەکان کاتێک ئامانجی خۆ دەپێکن دەکەونە جێ خۆشکردن و مووچەبڕینەوە بۆ دۆست و هاوەڵەکانیان کە پێشتر سەر بە یەک حزب و ئایدیۆلۆژیا و گرووپ و بوون و بەرە بەرە دەست دەدەنە چنینی تۆڕی ناوچەگەریەتی و حزبگەرێتی موگناتیسیانە یەکتر ڕادەکێشن.

* دڵشکاندنی ڕۆشنبیر و نووسەرانی خودان ویژدان و بە پەراوێزکردن و بێ بەهاکردنیان و بە لێشاو هاتنی نووسەر و چاپەمەنییەکە لە دەرئەنجامەکانی زمان فرۆشتنێ، بەو مانایەی کۆمەڵگەیەک ڕۆشنبیر و نووسەرانی ڕاستەقینە و خودان ویژدان و کەرامەتی دڵشکاو و بێ کەس بن و هیچ دەزگا و ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی مەدەنی نەبێ نوێنەرایەتییان بکاو ڕێز و کەرامەت و کەسایەتییان بپارێزێ و ڕۆشنبیرانی ناچار بکرێن هەرکەسە و لەبەرەخۆ دەرگای حزبێک بکوتێ تا ژیانی زامن بکا بەرانبەر بە زمانی، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە نوقمی زمان فرۆشتنەکی کوشندە هاتووە و تێیدا زمان فرۆشی و لەش فرۆشی بە یەک ڕێژە گەشە دەکەن.

۲۰/ ۹/ ۲۰۰٦

# سوپاسگوتاری پیتەر سلۆتەر دایک لە وەرگرتنی خەڵاتی سیگمۆند فرۆیددا

زۆر بەڕێز سەرۆکی گشتی ئەکادیمیای ئەڵمانی بۆ زمان و شیعر، خانمەکانم، بەڕێزەکان، ئێمە ئەم دیدگایە لە گرۆخۆ مارکس و وودی ئالەنەوە وەردەگرین کەوا دوو جۆری ئەندامێتی لەناو کۆمەڵەیەکدا یاخود یانەیەکدا هەیە. یەکێکیان پێوەندی بەو یانانەوە هەیە کە خەڵکی «با بڵێین خەڵکی وەکو من» بە ئەندام وەردەگرن، ئەوی تریشیان پێوەندی بەو یانانەوە هەیە کە شتی وەها هەرگیز ناکەن. هەڵبەت شتێکی زانراوە بۆچی پیاو وەکو نائەندامێک دەتوانێت تەنیا بایەخی هەمیشە بۆ یانە توند کلۆمدراوەکان بێت. وەک چۆن خۆحەشاردان لە پشت دیوارە ئەستوورەکانی کۆمەڵگایەکەوە دەگەڕێتەوە سەر بە پێناسەی کۆمەڵگای باشە، ئاوەهاش لەناو سروشتی ئارەزووە سۆسیالەکاندا ئەوە هەیە کە دەرفەتە سەرنجڕاکێشەکان بەدیهاتنیان تەنیا لە پشتەوەی دیوارە بڵندەکانەوە گریمانە بکرێت. تاکە دەروازەیەکیش کە بشێت بمانبات بەرەو دیوە خۆشەکە، هەمیشە لەلایەن گەورەی نۆکەرانەوە لەژێر چاودێریدا دەبێت، خۆ ئەگەر هەر ڕێبوارێک لەوێوە گوزەر بکات و ئەوەی بێت بەبیردا کە ئارەزووی چوونە ژوورەوەیەک بکات، بە بینینی ئەو شەکەتییە زۆرەی بەو نۆکەرەوە دیارە یەکڕاست پەکی دەکەوێت لەوەی بچێتە ژوورەوە. گەر هێندەش بوێر بێت و پرسیاری: دەبێت پێوەندی بەکێوە بکەم؟ی لێ بکات، ئەوا لە هیچ بارێکدا وەڵامی پرسیارەکەی نادرێتەوە، بەڵکو گوێی لە دەنگێک دەبێت کە سووکە سەیرکردنێکی هەزار ساڵ کەڵەکەبووی پێوە دەزرنگێتەوە، دەڵێت: دەتوانم بانگهێشتنامەکەت ببینم؟ دیارە چاک زانیویەتی کە پرسیارکەرەکە ناشێت شتێکی وەهای پێ بێت. لە ڕووی ئەم پێوەندییەدا شتێکی ژیرانەیە، هەروەکو مارکس

**لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی**
**(ئەڵمانیا)**

و ئالەن، لێگەڕێیت هیوا خواستن بە بانگهێشتێک بۆ شتی چاکە، بۆ شتی دانسقە و تایبەت، بۆ ئەودیوی دیوارە بڵندەکەی خۆشبەختی کۆمەڵگە خۆشی بەخشەکەوە، بەربێتە خوارەوە. لەگەڵ تێپەڕینی کاتیشدا ئەو قەناعەتە دەچەسپێت، کەوا ئەو جۆرە یانەیەی تۆی بێ هیچ شتێکی تر لە ڕیزەکانی خۆیدا وەرگرتووە، بەو شتە دابنێیت کە حەز بکەیت خۆت دوور بگریت لێی. ئەوەش خۆی بەم هزرە وەهمییە ئارامبەخشە باش دەژێنێت. وەکو باویشە ئەم هزرە هەر ئەوساتە بە چەسپاوی دەمێنێتەوە تا ڕووداوێکی نا چاوەڕوانکراو قووت دەبێتەوە و کزبوونی ئارامییەکەمان دەخاتە بەر پرسیار.

ئەو ڕۆژانەش کە شتێکی وەهایان تیادا ڕوودەدات، ڕۆژانێکی ئاسایی نین، ئەو ڕۆژانەی کە پیاو هەر لە بەیانییەکی زووەوە هەست دەکات کە سروشت پلانێکی دژ بەشیمانە (الإحتمال) داڕشتووە. ئەوەتانێ ئەمڕۆ بایەکی گەرم لە چیای ئەلپەوە هەڵیکردووە کە ئەلپەکان نەک هەر تاوەکو پێش دەروازەکانی میونخ و ئاوگسبورگ کشاون، بەڵکو تاوەکو دارمشتادت و کارلسرو هەش، ئەو شارە خۆڕاگرانەی لەمێژە خۆیان لەگەڵ بارودۆخی خۆیاندا لەناو ئاستەکاندا ڕازی کردووە. لەم ڕۆژەدا تەنانەت تەماشاکردنێکی ئاسمان دەبێتە مایەی سەرسامیمان، کە دەبینین بەم هاوینە زووە پۆلە مەل بە ئاسمانەوە خۆیان کۆکردۆتەوە بۆ کشان لەپێناوی فڕینێکی تایبەتدا بەرەو کانییەکانی نیل. شتێکی سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە لەگەڵ یەکەم تەماشاکردنی شەقامەکەدا، هەر ئێستا لەکاتێکدا تەماشایەکی دەرەوە بکەیت دەبینیت ماشێنێکی جاگواری وەک زێبرا خەتدار تێدەپەڕێت و لەکاتێکدا مرۆ تەماشای ئەو ماشێنە نایابە دەکات دەبینێت لە هەمان جۆر هی دووەم بەدوایدا دەڕوات، هی سێیەمیش کە بەلایدا تێدەپەڕێت حاڵەتی بارە نائاساییەکە تەواو دەکات. ئەگەر مرۆ لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریدا بێت، دەبێت بەلایەوە ڕوون بێت کەوا ئەمڕۆ شتەکان لەسەر سەر ڕەوت دەکەن. دواجار ڕەنگە شتێکی نافەلسەفی بێت کە مرۆڤ بە موعجیزە زیادەکانیش سەرسام بێت، هەروەک ئەوەی لەهاتنی بانگهێشتێکی نەشیاودا ڕوودەدات.

**خانمەکانم، بەڕێزەکانم:** من دەبێت دان بەوەدا بنێم کە لەو ئاستە بەرزەی ئەو دۆخەدا نیم کاتێک لە ڕۆژێکی مانگی حوزەیراندا تەلەفۆنەکە زەنگی لێداو بەڕێز کلاوس ڕایشەرت، سەرۆکی ئەم ئەکادیمییە، بڕیاری لیژنەی تەحکیمی پێ ڕاگەیاندم کە خەڵاتی سیگمۆند فرۆید بۆ پرۆسەی زانستی (واتە پەخشانی زانست) ساڵی ٢٠٠٥ بە من دەبەخشرێت. بەڕێز ڕایشەرت دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت، کاتێک ئەو ئەم هەواڵەی بۆ گواستمەوە من بەڕاستی تەواو بێ ئاگایانە بەدەنگ هەواڵەکەوە چووم. ڕەنگە ئەرکی ئەندامێک Laureatus (گەڵای درەختێکە ب.ع.) وەها بسەلمێنرێت، کاتێک من ئەم حاڵەتەم بە هەموو ئەو ساویلکەیی و ناشارەزاییەی کە لەگەڵیدایە بەڕێ کرد، وەک ئەوەی لە هەورەکانەوە بەربیتەوە وابوو، ئەگەر ئەوکەسەی کە لە داهاتوودا دووبارە لە هەورەکانەوە بەردەبێتەوە، سروشتیانە بەبێ مەشقکردن ئەوە نەکات، ئەوا دەبێت ئەوەی دوای من سەرەی دێت بەوپەڕی ناچیزەییەوە خۆمی بۆ بکەم بەنموونە.

**خانمەکانم، بەڕێزەکانم:** بەوەدا کە من لەم پایزەدا کەمێک هێورترم، هەنووکەش لەبەردەم ئەم ئەکادیمیە بەرزەدا ڕاوەستاوم تاوەکو سوپاسی نیشانەکردنی ئەو خەڵاتەی ئێوە بکەم کە پێتان بەخشیوم، ئەمەش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کە توانای ئەوەم هەبێت و بەلاشمەوە شتێکی شایستەیە ئەگەر چەند وتەیەک لەسەر وێنەی خۆم لە بارەی کۆمەڵە (Assoziation)ی لاورێتەکانەوە (Laureaten) بڵێم، کە من هەر لە ئێستاوە ڕێزی ئەندامبوونیم تێیدا هەیە و هەروەهاش بۆچی من ئێستا ئەندامێکم لە کۆمەڵەیەکدا کە کەسانی وەک من لەڕیزەکانی خۆیدا تۆمار دەکات. دیارە ئەمەش باشتر ئەوکاتە ڕوودەدات ئەگەر من ئەو هەورانەی لێیان بەردەبمەوە کەمێک لە نزیکەوەتر وەسف بکەم.

من بەم تێبینییە دەست پێدەکەم، لەسەر لیستەکەدا ناوی ژمارەیەکی زۆری ئەو دانەرانە دەبینمەوە کە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تائێستا خەڵاتەکەیان پێدراوە،من لە ساڵانی لاویمەوە خوێنەری ئەوانە بووم و ئەوان بۆ من زۆر و بگرە زۆر زۆر مانایان هەیە، ماوەیەکی درێژ بەرلەوەی من ئەو بەشە نادیارەی نێوان ئەوان بم، بەوەم زانیبوو، کە ئەمانە هەموویان پێکەوە خەڵاتی سیگمۆند فرۆید پێکدەهێنن. هێندەش بەسە ناوەکانی وەک هانا ئارێندت، کارل بارت، ڤێرنەر هایزەبێرگ، کارل ڕاهنەر، ئێرنست بلۆخ، هانز بلومەنبێرگ، کار فریدیش ڤۆن ڤایزێکەر، پیتەر ڤاپنەڤسکی و ڕاینهارد کۆسەلێک بهێنین تاوەکو لەوە تێبگەین کە چوونە ناو ئەم ڕیزەوە نەک هەر دەبێت وەک ڕێزێک تەماشا بکرێت، بەڵکو هەروەهاش وەک دیدارێک لەگەڵ جدیەتی ئەو میراتیەی بۆمان ماوەتەوە هەستی پێبکرێت. ئێستاش لەبەر ئەوەی زنجیرێکی زێڕین کراوەتە ملم، ناتوانم ئەو بیانووەی

«گۆرانیبێژەکە»ی گۆتە بهێنمەوە کە دەگەڕا بۆ هەڵهاتن لە پەیوەستییەکانی کۆشکەکەی لەڕێی ئەم وشانەوە: «زنجیرە زێڕینەکە مەدە بە من/ ئەو زنجیرە بدە بەو سوارچاکانە و، بەو ڕاوێژکارەی کە هەتە/ با ئەوان ئەم بارە زێڕینەش لەگەڵ بارەکانی تریاندا هەڵگرن./ من وەک ئەو باڵندەیە گۆرانی دەڵێم/ کە لەنێوان چڵەکاندا دەژی...». هەتا دواتر. ئەوەی پەخشانی Prosa زانستی بنووسێت یاخود پیشەی نووسینکاری فەلسەفی مەشق بکات، وەکو ئەوەی من ڕاڤەی دەکەم، ناتوانێت باڵندەکان وەکو هاوکارێک بانگ بکات، بەڵکو دەبێت خۆی ببەستێتەوە بە/ یان خۆی بگونجێنێت لەگەڵ لەپاڵ یەکدابوونی و هاوسێیەتی بوونی دیسپلینەکانی، دەبێت ئەمانەش زۆر بە وردبینی و بە دەروەستیەوە بکات.

ئێستاش ئەگەر من ئەم مەشقە پیادە بکەم و بگەڕێمەوە دواوە بۆ ڕیزی هەموو ئەوانەی لە ماوەی ئەم چلساڵەی دواییدا لەناو پرۆسەی ئەڵمانیدا (واتە لەناو پەخشان و نووسین و زمانی ئەڵمانیدا/ ب.ع.) تەواو خزمەتی ئەوەیان بەجێ گەیاند تاوەکو پەیکەری زمانی زانین و زانست بەدەست بهێنن و بۆ ئەوەشی ئەم خەڵاتەیان بۆ بێت، ئەوا من بەدیداری چل ناو دەگەم کە بەشێوەی جۆراوجۆر کاریگەریان تێ کردووم. هەروەهاش ناتوانم ئەو هەوڵە بەرپەرچ بدەمەوە کە پرسیاری ئەوە دەکات، دۆخەکە چۆن دەردەکەوت ئەگەر ئەم خەڵاتە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٤دا نەچووایە بۆ فەیلەسووفی گەورە هوگۆ فریدریش، کە ئێمە وەک خەڵکانێکی گەنج لەوکاتەدا بەسەرێکی گەرمەوە دەروازەکەی ئەومان بۆ سترەکتۆری لیریکی مۆدێرن دەخوێندەوە. دیارە ئەو ئاگایی ئەوەی لامان بەرپاکرد کەوا لەناو لیریکدا بڕیار لەسەر ڕەهاکردنی خودگەرایی/ سوبیەکتیتێت دەدرێت. لەساڵی ١٩٦٥دا چوو بۆ ئەدۆلف پۆرتمانی بیۆلۆگ کە لەو کەم ماناتر نییە، لەمەوە خەڵکانێکی بەرفراوان لەوتارێکی نایابدا یەکەمین هەواڵی ڕوخسارە قووڵە بێبنەکانی دۆخی مرۆیی Conditio humana، و زوولە دایکبوونی مرۆییان، بەرگوێ کەوت. بابەتێکی ئاوەهاش خوێنەرانی کارەکانی من دەزانن، کە وەک هەندێک ڕادیکالکردن توانا و پێداویستی ئەوەی سەلماندووە.

گەر ئێمە ئاسۆکە تاوەکو نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ بکەینەوە، ئەوا گەلەری دووەمی چەند مامۆستایەکی کۆن دەردەکەوێت، کە ئەوانیش بە شێوازی خۆیان بڕوانامەیان یان بۆ بەجەستەبوونی lnkarnation تیۆری لەناو قاوغ و پەیکەری زماندا دەرکرد. واتە لە فریتس ماوتنەر و لودڤیگ ڤیتگنشتاینەوە بە تێپەڕین بەسەر ڤاڵتەر بنیامین و فرانتس ڕۆزە نتسڤایگ تاوەکو تیۆدۆر ئەدۆرنۆ و ماکس بێنزە. گەر ئەم دانەرانەشمان لەپشتەوە هەبن، ئەوا بۆ بنووسەکان/ پرۆسایستەکانی ئەمڕۆ زۆر دروستن. مرۆڤ گەر خۆیشی ڕۆژانە بایەخ بەرێسا ویژدانییە بنەماییەکانی شارستانیەتێکی بەرز بدات، لە ڕووی ئەو دانەرانەی کە پیاو بە تەواوی ناتوانێت لێیان کەم بکاتەوە، بەڵکو ڕاستتر لابدەین بەرەو سەرسامی بوون پێیان، ئەوا ئەرکەکەمان لەڕێی موقەدەسکردنی پێشینانمانەوە دەشێت تەنیا بەشێکی بگۆڕدرێت بۆ ئیلهام پێ بەخشینمان.

ئایا ئێمە دەبێت سەرەتا چی بڵێین کە بازنەی کات بۆ سەرەتا زووەکانی سەدەیەک بەرواڵا دەکەین؟ ئایا فریدریک نیتچە نەدەبووە یەکەمین پاڵێوراوی سروشتیانەی ئەم خەڵاتەی پرۆسای زانستی؟ شایستەیی مافەکانی ئەو بۆ نازناوی مامۆستای گەورەی وتاری زمانی ئەڵمانی کە بریتیشن لە لاکانی ڕەخنەگری کارەکان و کاریگەرییەکانی ئەو کە زەحمەتە ئەم نازناوە بەربەرەکانێ بکرێت.

ڕەنگە ئەوە لەپاش مەرگییەوە ببوایەتە ڕێزێکی زۆر شیاو، کاتێک ئەو تاکە نووسەر بوو لەنێوان ئەوانەی دەکەونە پێش فرۆیدەوە، کە بیرۆکەی تیۆرییەکانی لەمەڕ شێوە بازنەییانەی کاتەوە باش لەگەڵ نازنجیرەیی کاتدا تەبا کەوتۆتەوە، خەڵاتێک وەرگرێت کە پاش لەدایکبوونێکی درەنگوەخت و لە دانەرێک کە پێوەندی بەوەوە نییە ناونرا بێت. سەرەڕای ئەوە شتێکی خۆشە کەوا هێشتا نەکراوە ئەم خەڵاتە بۆ نیتچە بچێت، چونکە هیچ کام لەوانەی دوای ئەو هاتوون شایستە نییە بەلایەوە کەسێکی پێشینەی خۆی زاڵ بێت بەسەر بالایەکدا کە بەهیچ شتێک ناپێورێت. خۆ ئەگەر تەماشایەکی زیاتری ڕابردوو بکەین ئەوا دیمەنەکان بە تەواوی دەبنە مایەی گێژبوونمان.

من بە ئاشکرا جەخت لەوە دەکەمەوە، حەز دەکەم ڕۆژێک دووبارە پرۆتۆکۆلی لیژنەی هەڵسەنگاندنەکە بخوێنمەوە، کە لەسەر ئەمە ئامۆژگاری ئەوە دەکرێت، ئاخۆ پیاو دەتوانێت لەبەر خاتری وانەی ڕەنگەکانی گۆتە بکات. بگرە لەوەش پتر حەز دەکەم لە کۆبوونەوەی دەستەکەدا ئامادەبم، تاکو بیسەلمێنم ئاخۆ پیاو لە حاڵەتی لایبنیتسدا شتێکی ناوازە دەبینێتەوە کاتێک ئەو بەداخێکەوە وتاری Nouveaux Essays sur L’entendement humain, دامەزراندنی ڕەخنەی عەقڵی سەردەمی نوێی بەفەرەنسی نووسی. هەروەها

دەبێت چۆن مامەڵە بکرێت بەدێرین گەرایی Archaeopterix پەخشانی زانستی لەناو مەرەکەبی ئەڵمانیدا. هەروەها ئاتاناسیۆس کیرشەر کە ئۆپێرا ئۆمنیاکەی Opera Omnia کە وەک زنجیرە چیایەکی ڕازاوە لێوەی لافاوی زمانی سەردەمەکەی بەرپا کرد، وەک بلومەنبیرگ-ی سەدەی ١٧ بێت. دەرفەتێکی گونجاوە لام، وتەیەکیش لەبەر خاتری ئەویش بدرێت.

خانمەکانم و بەڕێزەکانم، خۆتان ئەوە دەبینن کە ئێمە هێشتا پەنجەیەکی بچووکمان داوە بە لەبەر چاوگرتنی ناسنوورداری لیستەکە، بەم شێوەیە ئەو بێشەرمانە هەموو دەستمان دەبات و دەشتخوازێت ئەوە بدۆزێتەوە، ئاخۆ پەلکێشانی یانەکە تاوەکو کوێ بشێت ڕەوت بکات.

هەڵبەت زوو یان درەنگ دەبێت گەمارۆدارکردنی زمانی نەتەوەیی هەڵبگرێت، چونکە بەدڵنیاییەوە ئێمە وەک ئەورووپیەکی باش دەتوانین پاش دێباتەیەکی (وتووێژێکی) کورت لەسەر پێودانگە لاتینییەکە کۆک و تەبا بین. دواتریش ڕەنگە ئەوە ببینین کە چۆن مامۆستاکانی نووسینی لاتینی لەناو ڕیزێکی درێژدا بەسەر ئاسۆدا هەڵدەکشێن. پیاو دەتوانێت بە باشیش ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی کورت فلاش کە بەلامەوە بەڕێزترین خەڵاتهەڵگری ساڵی ٢٠٠٠ بوو، بۆ بەرفراوانکردنی لیستەکە چەندێک چالاکانە پاڵپشتی لە وەرگرتنی کوزانەر و ئێکارتی لاتینی کرد. ئێستا ئەگەر بەپێی زانایەکی کەمێک ناسەردەمەوە ناو لە خەڵاتەکە بنرێت، ئەوا دەشێت ناوی خەڵاتی مارکوس تولیۆس شیشێرۆ Ciceroی لێ بهێنرێت، ئەوساش ئەو پۆلە ئەندامەی یانەکە لەگەڵ مێژووی کولتووریانەی ئەورووپا لەنێوان لیڤیۆس و ئێراسمۆس- هاوونە دەبوون، لەو نێوەندەشدا زنجیرە زێڕینەکە هێندە قورس دەبوو کە ئەوەی لەملی دەکرد ناچار دەبوو هەر لە ڕۆژی وەرگرتنییەوە تا کۆتایی ژیانی خۆی بچەمێنێتەوە.

لەم گەڕانەوە خەیاڵیەماندا بۆ ناو ترادیسیۆنە دێرینەکان، ئەو کاتەی خۆمان بە حاڵەتی شاعیری ڕۆمی تیتۆس لوکریتۆسەوە خەریک دەکرد، ئێمە بەر بەهای پتەوی سنوورەکەی کەوتین. بەو پێیەشی ئێمە لەسەر بنەمای ئەم کارەوە هەلومەرجەکانی سەردەمەکەی خۆمان دەنرخێنین، ئەو پێویستە شیعرە گەورەکەی De rerum natura وەک شێوە دەرکەوتەیەکی ئەپستیمی (گوتاری مەعریفی) ڕۆمی تەماشا بکرێت. فیزیکی شیعریانەی لوکریتس لە ڕێی وجودە ڕووتەکەیەوە ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کەوا لەکاتی ئەریستۆتێلیسەوە عەشقی

کەم تا زۆر جێگیری نێوان زانینی ئەزموونکراو و کورتە لێکۆڵینەوەدا تەنانەت لەسەدەی ١ی بەر لە مەسیحیشدا هێشتا بەتەواوی ئاشکرا نەبوو. ئەو بە یەکجار زمانە پڕ هونەر و زانستەکەی سەردەمی خۆی بازپێدایەوە بۆ مۆدێلە دێرینەکانی، وەک لای لاترۆمانتەکان و ئەوانەی نیشانە و نیگارەکان دەخوێننەوە و ڕاپسۆدەکان (دانەرانی موسیکی ڕۆمانسی)ی چاخی زووی گریکەکان دەبینرانەوە، ئەوان خۆیان دەکەن بە نووسەرانی دیتن ئاشکرای وەک ئەمپیدۆکلیس و پارمەنیدس، کە بە لای ئەمانەوە زانین و گۆرانی گوتن هەمان مانای هەبووە. لێرەشدا تەنیا لەبەر ئەوە ڕێ بەخۆم دەدەم کاسوس لوکریتس بهێنینەوە یاد، چونکە مرۆ دەتوانێت لەم ئێکستریمەوە ئەو گرفتە باشتر ڕوون بکاتەوە، کە خۆی تەنیا لەناو وەرچەرخانە دیارە ترانسپارێنتەکان (شەفافەکان)ی «نووسینی زانستی»دا حەشارداوە. ئەوەی خوازیاری ئەوە بێت ئاگاییەک ببەخشێت بە جەستەی زمانی زانین و زانستەکان ئەوا گەڕانەوەی لوکریتس بۆ شیعری هێکسامێتەری (جۆرە شیعرێکی گریکییە لەوانە ئەلیادە و ئۆدیسە و هزیۆد دەیاننووسی. ب.ع.) وەکو مەرکەبەیەکی کۆسمۆلۆگی als Vehikel der Kosmologie نیشانەیەکی ئاگادارکەرەوەی زەق و دیارمان پێشکەش دەکات. ئەمەش کێشەیەکی ڕاستەقینەیە کە لێرەدا زانین هاوپەیمانێتییە دیارو هەڵنەوەشێنەوەکەی خۆی لەگەڵ پەخشان/ Prosaدا ڕادەگەیەنێت و دووبارە متمانە دەداتەوە بەدێرە شیعریەکان. بێگومان ئەمەش پەیوەستی مۆڕاڵییانەی هەیە، چونکە بەیتی شیعری هەمیشە دەڵێت: من مەپچڕێنە! لەکاتێکدا فۆرمی نووسینی زانستی ئەم بانگهێشتەی لەناوەرۆکدا هەیە: ئەگەرتۆ ئەوە باشتر دەزانیت، ئەوا بمخەرە وتنەوە. هەڵبەت چ نووسەرێکی مۆدێرن نییە بیەوێت دووبارە شوێن نموونەی فیزیک ناسێکی پەنهان بە هەموو ئاکامەکانیەوە بکەوێت و چ ئەکادیمیەکیش سەرچڵی ئەوە ناکات خەڵاتێکی لوکریتس بۆ پەخشانی زانستی ڕابگەیەنێت. ئەگەرچی بەرپابوونی لوکرێتسییانە دەتوانێت ڕاهێنەرە ئیستدلالییەکانی den diskursiven ئەدەبیاتی توێژینەوەیی Traktatliteratur ئەنتیکمان بهێنێتەوە یاد، کەوا زانستەکان، لەپێش- مۆدێرنەوە یاخود لەمۆدێرنەوە شەقڵیان بەستبێت، لە فیزیکی ماتماتیکەوە یاخود لە زانستی کولتوورییەوە ئاراستەیان وەرگرتبێت، ئەوا هەرگیز ناتوانن بەتەواوی لە پێستی زمانی خۆیان بچنە دەرەوە. مۆدێرنەکانیش هەمیشە بەڕادەیەکی هێندە زۆر

لەلایەن شتە تازەکانەوە بە ئایدیاکان گومڕا دەبن، کە ڕەنگ بێت ڕۆژێک بتوانن سەربەخۆیی خۆیان لە زمانە سروشتییەکان داماڵن و تەواو وەریانگێڕێت بۆ زمانی نەتەوە جەبرییەکان algebraischen Nationen.

لەبەردەم ئەو پاشخانەی لێرەدا ئاماژەمان پێدا، من دامەزراوی خەڵاتی سیگمۆند فرۆید بۆ پەخشانی زانستی وەک ئاماژەیەکی ماناداری سیاسی کولتوری تێدەگەم. ئەگەر ئەم ڕاڤەیەم دروست بکەوێتەوە، ئەم دامەزراوەیە ئەو تێگەیشتنە لەخۆ دەگرێت کەوا هەندێک ئاستی خوێندنەوە و فێربوون هەن ڕەگەزێکی دامەزرێنەرن بۆ درکاندنی زانستی هاوچەرخ. لەدژی هەموو ئەو ڕەوتانەش زمانی زانستەکان بۆ دەنگی ئەو تۆماتەکانی (ئامێرەکان) گوتارەکان کەم بکرێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پەیکەری زمانی زانین هەرگیز ناتوانێت بۆ خودی زاناکانیش بە تەواوی بەشێوەیەکی ڕووکەشانە بمێنێتەوە. لە هەموو جارێک شتە جیاکەرەکە تەنیا بریتییە لەو ڕادەیەی کە دەتوانرێت تاوەکو تاکایەتی زمانەوانیانەی گوتاری تیۆریانە مەشقی پێ بکرێت. من لێرەدا بۆم هەیە وەک شاهید و ئۆبیەکتی ئەو جیاکارییە ڕێی ئەو تێبینییە بەخۆم بدەم کەوا من هەرگیز لە پێوەندداری کارەکانم بە جیهانی زانین و زانستەوە گومانم نەکردووە، کە هێندە زۆر تەنانەت جاربەجارێکیش بوویێت نزیک بوویێتنەوە لە فۆرمێکی ئەدەبی یاخود باشتر بڵێم لە فۆرمێکی دەرە ئێستیدلالی Aus-serdiskuriv.

بێگومان ئەمڕۆ کەس نایەوێت چیتر گۆرانیبێژێک بخاتە نێوان زاناکانەوە، یاخود زانین بگەڕێنێتەوە بۆ شیعرگەرایی. تەنانەت گەر خودی نیتچە جارێک بەوەی زانی بێت کەوا: ڕۆحی من دەبێت گۆرانی بڵێت، ئەوبەم شێوەیە ڕێبازەکەی وەکو ئەو موزیکارە سەلماند کە کەوتبووە ناو فەیلەسوفەکانەوە، نەک وەک نووسەرێک لەنێوان پێنووسەکانیدا یاخود لەناو ئامێری نووسینەکەیدا بێت، بەوەش زمانی ئەڵمانی گەیاندە پەیکەرە مێژووییە باڵاکەی خۆی.

**خانمەکانم، بەڕێزەکانم:** لام زۆر ڕوونە کەوا لاورێتوسێک ئەگەر لەبەردەم کۆبوونەوەیەکی بۆنە ئامێزانەی وەک ئەمەدا ڕابوەستێت، ئەوا دەکەوێتە ناو ئەو پێشنیارانەوە کە بەرەو نەویبوونەوەی تایبەتمەندییە خۆییەکانی دەبات. مرۆ هەموو ڕۆژێک تەماشای ئاوێنەیەک ناکات کە وەک خەڵاتێکی ئەم پایەگایە هێندە ڕازاوە بێت. مادامەکی هێشتاکە خۆتت بەدڵ بێت گەمژەییە لێگەڕێی ئەو دەرفەتە تێپەڕێت و شتێک لەسەر کەسێتی خۆت نەڵێیت. شتێکی شیاوە بەلامەوە لێگەڕێین ئەم هەوڵدانە خۆی بدات بەدەستەوە، ئەگەرچی داخەکانیش بەبینراوی دەمێننەوە، چونکە تەنیا چەند خولەکێکی کەم لەبەر دەستدا هەن. لە قۆناغە گرنگەکەی ئاوێنەکەدا قسەکەرەکە لەخۆی دەپرسێت ئایا حاڵەتی ئەو چۆن تێپەڕی کاتێک ئەو بوو بەم بوونەوەرە zoon logon echon واتە بوو بە ئاژەڵێک کە زمانی ئەڵمانی هەیەتی یاخود لەلایەن زمانی ئەڵمانییەوە دەبیێت، ئەگەر پاسیڤی بەرتیلخۆر بۆ ئەمجارە ڕێپێدراو بێت.

بۆ هیچ کەسێک کتوپڕییەک نابێت ئەگەر لەئێستا بەدواوە تەنیا وەڵامە شێماتییەکان (هێڵکاریە سەرەتاییەکان) بدرێنەوە. ئایا قسەکەرێکی وەکو من ئەو بەرهەمە درەنگ وەختەی خوێندنگای گیمنازیۆمی ئەڵمانییە (واتە خوێندنگای دواناوەندی کە زمانە کۆنەکانی تێدا دەوترێتەوە/ب.ع.)، کە بێگومان زانیارییە فرەڕوو بەکارهێنراوەکەی گۆتە دەهێنێتەوە، ئەگەر ئەوەش تەواو نەیگەیاندە جدیەتی بەڕێکردنی ژیان ئەوا لە باوکییەوە بەژنێکی بۆ ئەوە هەیە، لەکاتێکدا لە دایکەوە ئارەزووی ئەفسانانەندنی وەرگرتووە. کە بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەمە شیاوی ئەوەیە لە کامەرانی سروشتیانە جیابکرێتەوە و بتوانێت خۆی لەسەر بنەما مالەنخۆلییەکان (دڵتەنگ و ڕەشبینەکان) چالاکانە بەکار بکات.

ئایا ئەم قسەکەرە لە هەمانکاتدا خوێنەری ئۆیگن ڕۆزەنشتۆک هویسی-یە و باوەڕی وایە، بەو جۆرەی ئێستا هەم، ئەم دادوەرە مەسیحییە دەرکەوتووترین فەیلەسووفی زمانی سەدەی ٢٠ بوو. من حەز دەکەم زۆرێک لەوانە لەبەر خاتری هایدگەر، ڤیتگنشتاین، سێرل و دریدا بهێنمەوە، چونکە من لەبارەی ئەوەوە دەزانم زمان بە تەنیا لەڕێی دەستەمۆکردنەوە بۆ بەشداریکردن لەوەی پێی دەوترێت گەمەی زمان بەدەست نایەت. کەواتە شتەکە دەکەوێتە سەرچی، دیارە بەپێی ڕۆزە نشتۆک، زریانی زمان تەواو هەروەکو زریانی گوتن کە لە نەوەکانەوە هەڵدەڕژێت و کتومت بەو جۆرەیە کەوا هەموو جارێک قسەکەرە بەفەرمانبەربووەکان پیشە گرێدراوەکان دەخەنە ئەستۆی وەچە گەنجەکانەوە.

ئیدیای زمانی ڕۆزەنشتۆک بەباشترین شێوە وەک شێوە گیرکردنێکی پەیامبەرانە Apostolats خۆی بەرجەستە دەکات. بەپێی ئەوەش ئەگەر ئاخاوتن و نووسین لەلایەن چەنە شیعرییەکانەوە تێینەگەین، بەڵکو لەلایەن شەهوانییەتی (لیبیدۆگەرایەتی) ڕۆشتنی خاڵیانەی

ئامرازەکانی ئاخاوتنەوە تێگەیەنراوبێت. ئەوا زیادەبوونەکەش هێندە کەم نکوڵی لێ دەکرێت، لەچاو ئەوەی لە جووڵەی خۆیی کۆئەندامی دەمەوە و لەدەستی نووسینەوە هەڵدەڕژێت. گوتاری جەوهەرییانە خۆی تەنیا لە مۆدێلی ڕەوتی پەیامەوە دادەتاشێت. ڕۆزەنشتۆک ئەوەی چەسپاند کەوا گوتنێکی مانادار ناکرێت بەدی بێت. ئەگەر نێرەرێکی شارەزای فەرماندان لەم پێناوەدا ئەرکێک ڕانەسپێرێت و وەرگرەکەش بەهەمان شێوە هەمانشت لەخۆیدا تۆمار نەکات و لێنەگەڕێت لەوەوە ئاراستەکەی پیشان بدرێت. بەپێی ڕۆزەنشتۆک فەرمانی گوتەزایی بریتییە لە: تۆ دەبێت لێگەڕێیت شتت پێ بوترێت! دەرکەوتەی زمانی گەلان و کولتوورەکان بەلای ئەوەوە هیچ بریتی نییە لە دەرخستنی شێوەی جیهان لەو فونکسیۆنە (وظیفة) بانگەوازخوازیانەدا کە لێیانەوە وتراوەکان و نووسراوەکان لەپێناوی پەیامەکانی تردا ناوەرۆکەکان دەخەنە ناو شتە وەرگیراوو بەدەست هاتووەکانەوە، بەشێوەیەک کە هەموو وتراوێک بریتییە لە پێدانی زیاتر و لەم پێدانە زیاترەشدا بەوانی تر هەمیشە گۆڕان ڕوودەدات. گوتە وتراوەکان هەروەک گوتە نووسراوەکان سیستەمێک لە جۆری دەنگ گەورەکەر (مێگافۆن) پێک دەهێنن، لە ڕێی ئەو فەرمانانەشەوە ئینجیلەکان و بیرهێنانەوەکان لێشاو دەکەن تاوەکو لەلایەن وەرگرەکانەوە وەربگیرێن، تاوەکو ڕیفۆرم بکرێن و بانگ بکرێنەوە. لەخۆڕا نییە کە گوتە سەرەکییەکەی ڕۆزەنشتۆک هویسیس بریتییە لە: من وەڵام دەدەمەوە تەنانەت گەر بشگۆڕێم.

**خانمەکانم، بەڕێزەکانم:** من جەخت لەوە دەکەمەوە کەوا لە گەشتە زانستییەکانمدا بۆ ناو فەلسەفەکانی نووسین و زمانی سەدەی ڕابوردوو هیچ شتێکم نەدۆزییەوە لەگەڵ ئەو هێزە پێشنیازکەرەی پرۆژەکەی ڕۆزەنشتۆک هویسیس-دا هاوتا بێت. هەڵبەت گرانکاریەکانیش بۆ من لەگەڵ ئەم ئیمتیازەدا دەستی پێکرد. هەر کاتێکیش مرۆ دانی نا بە مەعقولیەتی گراماتیکی بانگەواز و فەرمان، ئیدی ئەو خۆڕسکیانە لەخۆی دەپرسێت، ئایا بانگ بکرێیت و قسەت بۆ بکرێت لەحاڵەتی تایبەت بەخۆتدا چۆن دەکەوێتەوە؟ ئیدی یەکڕاست تێدەگات کەوا تەنانەت لەشانۆ گەورەکانی بانگەوازیشدا کەلێنی پێشتر نەبینراو و داپچڕانەکان هەن. ئەزموونی بناغەییانەی خۆم، کە بەسەر چەندین گۆڕانی ساڵ و سەردەمدا بەشی دەکەم، بەپێچەوانەی ئەوەی ڕۆزەنشتۆکەوە، دەکەوێتە ناو نائامادەیی و غیابی داخوازییە دروست پڕ هاوارەکانەوە. یان ڕاستتر، لەکەمی بەڵگەی بەزێنەردا، بۆ ئەوەی کارەکە وەرگێڕمە ناو کایەیەکی لۆژیکییەوە، ئەوا بەهیچ جۆرێک وەها نییە کە من نەمویستووە شتم پێ بگوترێت، بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. هەڵبەت ئەزموون پەندی ئەوەی داومەتێ کەوا پێوەندی نێوان بانگ کەران و بانگ کراوان لەو تێگەیەدایە کە پێچەوانەیان بکەیتەوە. واتە ئیدی پێشینەیی چیتر لای نێرەری داخوازییەکە نییە، بەڵکو لای ئەو وەرگرەیە کە لەنێوان حەوت سەد و حەفتاو حەوت بانگی بۆ هاتوودا هەڵبژاردنی کردووە. لەم دۆخەشدا، کە مرۆ دەشێت خۆی بە پۆست هێرمەنیۆتیکی (پاش لێکدانەوەیی) ناوبنێت، چیتر هێندە بەس نییە لەشتێک بگەین کە ئێمە دەبات.

لە کەمیشمانەوە بۆ کارتێکەری پێشووتر ئێمە خۆمان دەبێت ئۆبیەکتێک بە بەپەیامێکەوە وەربگرین و توند بیچەسپێنین تاوەکو ئەو هەستە بەرپادەبێت کە لەوەوە بێتە پێشمان شەقڵگرتنێکی درەنگ وەخت لەڕێی ڕەنگ کردنەوە دەردەکەوێت، کە ئێمە خۆمان ڕێی پێدەدەین و دەبینە مایەی ڕوودانی ئەو، لەوێشدا ئێمە دەگەڕێین بۆ بەر خورد کردن لەگەڵ ئامرازی مادە وێڵەکەدا.

**خانمەکانم، بەڕێزەکانم:** ڕێم پێبدەن دوا سەرنج بدەمە سەر چمکی پەخشان Prosa کە لێرەدا لەپاڵ ئاوەڵناوی «زانستی»یەوە ڕەوت دەکات، هەروەک ئەوەی یاوەرێکی سروشتی خۆی بێت. بەو شێوەیەی کە دەردەکەوێت و وەکو زانراویشە لامان، ئەم لەگەڵ یەکدابوونە سروشتییە، لە هەمان کاتدا بریتییە لەو بەرئەنجامەی کە پەیوەستە بە هەموو ئەو داخوازییە زۆرەی پێشمەرجەکان هەیانە. یەکێکیش لە مەرجەکانی ئەو لەنێوان ئەوانی تردا ئەو نەریتە ئەوروپییە کۆنەیە کە جیهانی بە کتێبێک بەراورد بکات.

ئەوەی پێی دەوترێت جیهان شیاوی خوێندنەوەیە، لەو بۆچوونەدا دروست دەبێت کە هەبوونی مرۆڤی بەختەوەر بوو دەبەستێتەوە بە ئەلفوبێ کردنێکی ئۆنتۆلۆگیانەوە. بەپێی میتافیزیکی هیومانیستیش ئێمە تەنیا لەو پێوەرەدا دەتوانین فێری خوێندنەوەی کتێبی جیهان بین کە چۆن ڕێز لەڕاستنووسی ئەبەدیانەی بوون بگرین گەر ئەم بۆچوونەش دروست بێت، ئیدی لەوانەیە زاناکان هەروەکو فەیلەسووفەکان و دواجاریش هونەرمەندەکان لە بنەڕەتدا تەنیا ئەو کۆپیکەرانە بن کە دەقە هەرە دێرینەکەی کتێبی جیهان بە پلەی جۆراوجۆری هەڵەکارییەوە دەگوێزنەوە و دەنووسنەوە. ناکرێت نکوڵی لە ئاسوودە بەخشی ئەم وێنەیە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە یەکڕاست هەست بەوە دەکەین کە چۆن وەرچەرخانێکی باشی ئاوا لەبەرژەوەندی کتێبدا بە پێچەوانەی دیدگا و

بۆچوونەوەیە، ئەو وەرچەرخـــانەی بیـــرکـــردنەوەی لێکۆڵینەوەیی و هونەرەکـانی پشکنین کـاری سـەردەمی نوێی لەسـەر هەڵچنراوە. ئێـمـەی مـۆدێرنەش، لە چەند هۆیەکی کەم تا زۆر باشەوە، باوەڕمان وایە کاتێک ئێمە دەنووسین، نەک دەقـێکی پێـشـتـر دانراوی بوون کـۆپی دەکەین، بەڵکو نووسینەکانمان، بەو پێیەی کەڵکێکیان هەیە، هاوکـۆکن لەگـەڵ گـەنجکردنەوەی بووندا. ئەو گـەنجکردنەوانەی کـاری پەیامنێـری لەگـەڵ ترپەی هەنووکـەی زانســتـدا دەکـەن. چەمکی پەخـشـانی زانستییانە لەسەر ئەم شێوەیە لەڕووی فەلسەفییەوە دەبێتە شتێکی هەندگیر.

چونکە ئەگەر جیهـان بریتی نەبێت لە کـتێـبێک کە تێـیدا بیـریار ناچیـزانە لاپەڕەکـانی هەڵبـداتەوە، ئەوا لەوانەبوو پەڕە کـاغـەزێکی نووشـتـاوی ئاڵۆزکـاوی لە ڕادەبەدەر، یاخود لە ڕادەبەدەر توند پێکەوەنووساو بووایە کە هێدی هێدی پاش چرچبوونە دێرینەکەی دووبارە خۆی والادەکـردەوە. پێـدەچێت ئەوەی تا ئێـسـتـا ئێـمـە بە موزیکی کایەی گەردوونمان داناوە تەنیا خشەخشی ئەو کـاغـەزەی جـیـهـان بێت کـە چرچەکـانی خـۆی تەخت دەکـاتەوە. هەرجـارێکیش خـۆی لەناو ئەو گـرمـۆڵەیەدا بکاتەوە، لەولۆچانەی تاوەکو ئێستاش پەستێوراونەتەوە، ئەوا لەسـەر ئەو ڕووبەرە گـەورەبووەی ئەو تەنەی کـە لۆچەکانی خۆی لەیەک کردۆتەوە، ڕووناکی نوێ، ئاماژەی نوێ، تـەنـی نـوێ، ڕووداو و پـێـــــــدراوی نـوێ دێـنـە بەردیتنمان و ئیتر هونەرەکانی نووسین و زانستەکان بەبێ چ خۆپارێزییەک خۆیان دەگوێزنەوە ناو هەنووکەیەتی ئەو جۆرە کرانەوانەوە. کەواتە ئەگەر نووسراوەکان هەندێک جـــار مـــەبەســـتـــیـــان ئەوە بێت کـــەوا ئەوان، بەهەموورێزێکیانەوە بۆ پێشینانیان، توانیبێتیان شتی نوێی ڕەسەنیان تۆمار کردبێت، ئەوا هەندێک جار لەسەر بنەمای چەند هۆکارێکی باش بەڕاستی پۆزشیان بۆ ئەم چوونە لووتبـــەرز و زەقـــە هێناوەتەوە. نووســـەرە باسکارەکانیش دەتوانن خـۆیان وەک هەڵگرانی ڕووداوی نوێی زانین بێـتـە پێش چاو، ئەگەر ئەوان لە کـاری ئەو کـرانەوەیەدا ئامـادەبن کـە لە ڕێیــەوە ئەوەی لەوەوبەر ناواخن lmplizite بووە، ئەوەی تا ئێـســتـا نەبینراو بووە و ئەوەی هێشتا بەو شێوەیە نەگوتراوە دەگەڕێتەوە بەر تیـشکی دەراخن Explizite. ئەگـەر مرۆ وێنەی پانکردنەوەی چرچە بەناویەکدا نووشتاوەکان لە وتەیەکی بنەمـاییـەوە بە تێـپـەڕینی بەسـەر دازاینی (بوونی) باسکاردا توند بچەسپێنێت، ئەوسا باش تێدەگات پەخشانی زانستی بەو جۆرەی کە هەیە چۆن دەتوانێت ببێـتە میـدیۆمـێک (هۆکارێک) کە تێـیدا پەخشانی جیهان بەردەوام دەنووسرێتەوە.

جارێکی تر من سوپاسی ئەکادیمی ئەڵمانی بۆ زمان و شیـعر دەکەم لەبەر ئەم خەڵاتەیان کە من وەک دیدێکی تاییـەت بەخۆم بەئامـاژەیەکی ئازایانەی بەرگری دادەنێم لەدژی کـۆنفـۆرمـیـزم (تەقلیـدیەت) ئەو بەدایەتیـەی زانکۆکـــانی ئەڵمـــانیـــا بەهونەر و ئەدەبەوە توند دەبەستـێـتـەوە لەبری ئەوەی ڕێ بدات ئەوانەی پێکەوە بەستراونەتەوە خۆشەویستی بکەن. لە پێدانی خەڵاتەکە بەلاورێتی ئەمـسـاڵ هەمـوو کـەسێک، ئەوەی دەیەوێت وەدەتوانێت، تێـبـینی نیـشـانەیەکی جوانتـرین ئازادی ئەکادیمی دەکات. ڕەنگە ئەم گوتارەش نامەیەکی کراوە بێت بۆ لیـــژنەی هەســـەنگاندن و بۆ دۆســـتـــان لەو هاوکـــارانەی لەدەرەوەن. حـەز دەکـەم وتارەکـەش بەم هاوکێشەیە کۆتایی پێ بهێنم: نووسەرێکی زۆر دڵخۆش، دانەرێکی زانســـتی و هەندێک جـار شـــتی تریش، پەخشاننووسێک لەدڵەوە سڵاوتان لێ دەکات.

## کورتەیەک لەسەر سلۆتەردایک

**پیتەر سلۆتەردایک لەدایکبووی ١٩٤٧ لە شاری کارلسروهە، ڕێکتـۆری دانیـشگای دیزاین، دیارترین فـەیلەسـووفی نوێکاتی ئەڵمانیایە، پرۆفیسۆری میوانە لە زانکۆکانی نیۆیۆرک، پاریس، زیوریخ و ڤـیەن و بەڕێوەبەری بەرنامەی (چوارینەی فـەلسەفـیـە) لەکەناڵی ZDFدا.**

**تا ئێستا چەندین خەڵاتی ناوداری پێ بەخشراوە لەوانە:**

**- خەڵاتی ئێرنست ڕۆبەرت کورتیۆس/ ١٩٩٣.**

**- خەڵاتی ریدریک مێرکەر/ ٢٠٠٠.**

**- خەڵاتی کریستیان کێلەر/ ٢٠٠١.**

**- خەڵاتی پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت ٢٠٠٥.**

**- خەڵاتی سیگمۆند فرۆید ٢٠٠٥.**

**- خەڵاتی ئەدیبان و نووسەرانی حکومەتی فەرەنسی ٢٠٠٦.**

**ئەم ســـوپاسگوتارەشی لە تشـــرینی دووەمی ٢٠٠٥دا خوێندووەتەوە.**

**لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٣ بۆ مـــاوەی چەند ڕۆژێک لە بەلژیکا سیـمپسیـۆمێکی نێونەتەوەیی لەسـەر مـۆدێرنیـتێـتی پیـتەر سلۆتەردایک بەڕێوەدەچێت کـە ژمـارەیەک لێکۆڵیـاری وڵاتانی ئەورووپا بەشداریان تێدا کردووە.**

**سەرچاوە:**

**www.deutscheakademie.de/ preise-freud**

# سامۆیل بیکیت

ئاشکرایە کە نووسین سەبارەت بە بابەتەکانی (سامۆیل بیکیت) کارێکی سانا و ئاسان نییە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە بابەتەکانی ئاڵۆزن؛ چونکە وەک دەزانین ئاڵۆزترین بابەتیش، شیاوی تاووتوو کردن و شیکارییە، بەڵام کە باس دێتە سەر (بیکیت) مەسەلەکە دەگۆڕێت و دەبێتە شتێکی دی.

(بیکیت) لە دەقەکانیدا باس لە بێمانایی ژیان و تێکشکانی ئیگۆ و سنووری نێوان شێتی و ئەقڵ دەکات. سەرباری باسکردنی مرۆڤی هاوچەرخ و ئەو لێکدابڕان و لێکترازانەی کە دووچاری ڕایەڵەی پێوەندییەکانی بووە.

ناکرێت تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەم شتانە دەخاتە ڕوو،(بکیت) بووبێتە ئەو نووسەرە جیاواز و جودایەی، کە ناشێت بە نووسەرێکی تری بشوبهێنین، چونکە وەک دەزانین، زۆر لە نووسەرانی دیکەش لە نووسینەکانیاندا هەمان تیڕوانینی (بیکیت)یان هەیە بۆ دنیا و هەروەک ئەویش هەمان شتیان خستۆتە ڕوو.

هەربۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە (بیکیت) بە شێوازی جودا و جیای هێڵێک لەمابەینی خۆی و نووسەرانی دیکەدا دادەنێت و خۆی دەسەپێنێت.

شایەنی باسیشە کە شێوازی نووسینی (بیکیت)، تێکەڵەیەکە لە (فانتازیا و بارۆک و گاڵتەجاڕی و ئەبسورد). دەکرێت دەقەکانی، لە سێ گرووپدا جێبکەینەوە؛ گرووپی یەکەم.. (Camier, Merci-er, Watt, Murphy) و تا ڕادەیەکیش دەشێت (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) شی بخەینە پاڵ.

گرووپی دووەمیش بریتییە لە (مۆلۆی و مالۆن دەمرێت

---

**ئەحمەد سۆیساڵ**
**لە تورکییەوە: یووسف عزەددین**

و ناو لێنەنراوەکان) و دوا بەشی (Tous Ceux qui tombent).

ڕۆمـــــانی (Comment C’est) و ئەوەی کــــە دواتریش دەینووسێت دەچێتە ڕیزی گرووپی سێیەمەوە؛ وەک (Pour finri er Core, Tetes mortes Nacht, Traume, Quad, Malru mal dit, Compagnie). بیکیت لە دەسپێکی ڕۆمانی (ناو لێنەنراوەکان)دا دەڵێت: (ئێستا لە کوێیە؟ ئێستا چ زەمانێکە؟ ئێستا کێیە؟

بەبێ ئەوەی ئەم پرسیـارانە لەخۆم بکەم، وەڵامـەکـەی «خۆمم»... گەر هیچ بیریشی لێنەکەمەوە و پشتگوێی بخەم، ئەوە تەنیا وەک پرسیار دەمێننەوە)

لە شـوێنێکی دیکەی ڕۆمـانەکـەشـدا لە بارەی خـودی خۆیەوە دەڵێت: (تا ئێستا مورفی و مۆلۆی و مالۆنەکان، دەستـخەڕۆیان کـردم و لەکـاتێکدا کە دەبوو باسی خـۆم بکەم، کەوتمە باسکردنی ئەوان و کاتیان بەفیڕۆدام، بەڵام ئێستا و لێرەدا دەکەومە باسکردنی خۆم بۆ یەکەم جار)، بەڵام پاش ئەوەی دەکــەوێتــە باسکردنی خـۆی، هەست دەکـەین خـۆی ناناسـێت و دەڵێت: (منێک کـە لە بارەی خـۆمـەوە هیچ نازانم.. هەر ئەوەندە دەزانم کـە چاوەکـانم فـرمـێـسکیـان پێـدا دێتـە خـوارێ و خـۆم لە حـالـەتی دانیشتندا دەبینم).

لە شوێنێکی تری هەمان ڕۆمانیشدا دەڵێت:

(ئیـدی «مـن» نیم... چونکە هەر لەناکـاو شـتـێک دەبیستم).

لەلاپەڕە «١٠٠»یشـدا دەڵێت: (ئیـدی هیچ کـاتێک ناڵێم «من»، هەرگیـز لە هیچ کاتێکدا واناڵێم.. چونکە ئەمـە گـەوجـێـتـیـیـە، لە جـێی «مـن»، کـەسی سـێـیـەم بەکـاردەهێنم، بەڵام ئەمــەش هیچ شـتـێک ناگـۆڕێت.. چونکە تەنیـا من هەم؛ منێک کـە نیم لەو شـوێنەی کـە تێیدام).

لە لاپەڕە «١٤٧- ١٤٨»یشـدا، هەمــوو ئەوەی کــە (بیکیت) مەبەستیەتی بیڵێت دەگاتە ترۆپک و دەڵێت:

(ئەوەی کە دەدوێت «من»م، بێهوودە حەکایەت بۆ خۆم دەگێڕمەوە. هەست بە تینوێتی و سەرما و گەرما ناکەم. هەست بە بوونی دەمم ناکەم؛ هەر پێویستیشم پێی نییە. وشەکان لە هەموو شوێنێکدان.. ئەوەی کە گوێم لێیەتی، ئەو دەنگەیە کـە لە دەرەوەی خـۆم پێم دەڵێت «بڕوانە»، هیچ پێـویست ناکـات گـوێم لێـبـێت. هیچ پێـویسـتـم بەسەرێک نییە، ناکرێت هەموو ئەمانە ڕابگرم.. بوومە کـۆمـەڵێک وشـە و هەر لە وشـەش پێکهـاتووم؛ وشـەی کەسانی دیکە، بەڵام چ کەسێک؟! لەسەر زەمین یان لە ئاسمان، دیوارەکان، بنمیچەکان، وشەکان، هەموو دنیا لەگـەڵ مندایە.. منێک کـە دیوارەکـان چوار دەوریان گرتووم).

بیکیت لە ڕۆمــانی (ناولێنەنراوەکــان)دا، هەمــوو ڕەگـەزەکـانی ڕۆمـانی هەر لە قـارەمـان و بابەت و ڕووداو و...تاد، تێکەڵ کـردووە.. هەمـوو شـتـەکـانی پێـشـێل کـردووە و لەوەشـدا گـەیشـتـۆتە ترۆپک. لەکـاتێکدا کـە نابێت دەق حیساب بۆ خوێنەر نەکات و بیسڕێتەوە. لە ڕۆمانەکانی پێشتریدا هەست بە گەرموگوڕییەکی مرۆڤانە دەکەین. گوێمان لە دەنگێکی مرۆڤانەیە، کە غەمبار و شپـرزەیە، گـەرچی قـارەمـانی نێـو ئەو ڕۆمـانانەشی، ون بوون و خـۆیان بۆ نادۆزرێتـەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لە مـاکە ئینسـانییـەکـان نەترازاون و دەنگێکی نزیکن لە خـوێنەرەوە، تەنانەت زۆر جـار بە هەڵسـوکـەوتە گـاڵتـە ئامـێـزەکـانیـان، خـوێنەر دەهێننە پێکەنین. جار جارەش خوێنەر ناچار دەکەن، کە بچێتە نێو دنیای تێفکرین و بیر بکاتەوە.

گەر بڕوانینە گرووپی سێیەمی ڕۆمانەکانی (بیکیت) و هەڵـوێسـتـەیەک لە ئاست ڕۆمـانی (Com ment C’est)دا بکەین، دەبینین مۆدێرنیزمی تێپەڕکردووە و ڕستەکان لە شێوەی (Sentaks) دان.. ئەمەش دەبێتە هۆکـاری ئاڵۆزبوونی دەق و بەزەحـمـەت حـاڵیـبـوونی خوێنەر. (بیکیت) لەپێناو ئەوەی کەشتی ناپێـویست و زیادە نەخاتە نێو دەقەکەیەوە، ناچار بووە وشەکانی لەنێو ڕستەی وشک و برنگدا جێبکاتەوە. تەنانەت ئەم تەرزە نووسینەی لە دراما تەلەڤیـزیۆنەکانیـشـدا دەبینینەوە. وەک: (Quad) کە چوار کەسایەتی ڕۆڵی تێدا دەبینێت و لە جێی قسەکردن تەنیا کارێکی ئەو چوار کەسە بڕینی ئەو ڕێگەیەیە کە لە پێشیـاندایە. شایەنی باسیشـە کە جگە لەم دراما تەلەڤزیۆنیـیەی بیکیت، دراماکانی تری حــوزنێکی بێـسنوور دەگــرنە خــۆیانەوە. لە درامــای (سێینەی تارماییەکان)دا، کـاراکتەرەکـە لە ژوورەکەی خـۆیدا دانیــشــتــووە و چاوەڕێی هاتنی ئافـرەتێکە. لە کـۆتاییـشـدا دەنگی ئافـرەتەکـە دێت، کـە دەڵێت: (ئەو ئێــســتــا بـاوەڕ بەوە دەکــات، کــە گــوێی لەدەنگی نزیکبـوونەوەی ئافرەتێکە) لە درامـای (ئافـرەتەکـە نایەت.. تەنیـا هەورەکـان)دا، کـاراکـتـەرەکـە هەمـوو شەوێک دەچێتە زیارەتی پەرستگایەک و دوعا بۆ بینینی ئافـرەتێک دەکــات، گــەرچی لە نۆســەد و نەوەد و نۆ ئیحـتیمالدا، تەنیا یەک ئیحـتیمال هەیە بۆ هاتنە دی دوعای کاراکتەرەکە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

(لە تاریکیدا و بە چەشنێک کە کەس نەمبینێت، خۆم

دەگەیاندە پەرستگاکە و دەستم بەلاڵانەوە و پاڕانەوە دەکرد).

لە (Nacht und Traume)یشدا، دەستی ڕاست و چەپی کەسێک دەبینین، دەستی چەپ بە نەرمی و چەند جارێک، دەست بەسەر سەری ئەو کەسەدا دەهێنێت کە خەون دەبینێت. پاشان ون دەبێت، دەستی ڕاست، ناوچەوانی ئەو کەسە دەسڕێت کە خەون دەبینێت، پاشان ون دەبێت. ئەو کەسەی کە خەون دەبینێت، دەستی ڕاستی بەرز دەکاتەوە و دواتر دەستی چەپی، پاش ئەوەی هەردوو دەستەکە یەک دەگرن، پێکەوە دەکەونە سەر مێزەکە و بەدواشیاندا سەری ئەو کەسە دەکەوێتە سەر مێزەکە کە خەون دەبینێت. جارێکی تر دەستی چەپ دەردەکەوێت، کە بە هێواشی بەر سەری ئەو کەسە دەکەوێت، کە خەون دەبینێت. خەون کۆتایی دێت.

(Deleuze Gilles) لە کتێبی (L'epuise)دا، ئاماژە بە سێ جۆرە زمان دەکات، لە دەقەکانی (بیکیت)دا:

١- زمانی ناوەکان
٢- زمانی دەنگەکان
٣- زمانی خەیاڵەکان

پێشی وایە، کە زمانی خەیاڵەکان لای بیکیت، تەنیا ڕێگەیەکە بۆ تەواو بوونی دەق، چونکە خەیاڵی نێو دەقەکانی هەر بە زوویی دەڕەوێنەوە و نامێنن. سەبارەت بە زمانی نووسینی (بیکیت)یش پێی وایە، وشەکانی خوێنەر زیندانی دەکات و پاشان دەیخنکێنێت.. ئەمە جگە لەوەی کە ئاماژە بە کەم بەکارهێنانی وشە دەکات، لای بیکیت، بە چەشنێک هەر ئەوەندەی کەوتنە ڕوو، بۆ خۆیان لەنێو خۆیاندا دادەخرێن و نامێنن.

گەرچی (بیکیت) هەر لە سەرەتای نووسینییەوە دەقەکانی بە حوزن و ڕەشبینی بارگاوی بوون، بەڵام هێشتاکە هێندەی دوا دەقەکانی لێوانلێو نین، لەیەئس و بێهوودەیی، هەر بۆ نموونە لە (سێینەی تارماییەکان)دا، گەرچی ئەو ئافرەتەی کە کارەکتەرەکە چاوەڕێیەتی نایەت، بەڵام هەرچۆنێک بێت هیوایەکی بەهاتنی هەیە.

گەر بێینە سەر باسی کاراکتەرەکانی ساموێل بیکیت. بەشێوەیەکی گشتی دەبینین، کە کارەکتەرەکانی نامەئلووفن. ئەمە جگە لەوەی کە بیکیت ڕکی خۆی دەرحەق بەوان ناشارێتەوە و هەمیشە بە چەشنێکی گاڵتەجاڕانەوە دژایەتیان دەکات و هەر لە دەسپێکەوە وەک فیگۆرێک دەیانشێوێنێت.

لە ڕۆمانی (More Pricks Than Kicks)دا، بیکیت لە وەسفی کاراکتەرەکەدا دەڵێت:

(چەناگەی تا بڵێی درێژ و گوێچکەکانی هێندەی گوێچکەماسی گەورە و چاوەکانی دەتگوت بە سوژن کونکراون و ڕەنگی قژی هێندەی عەرد ڕەش و ناوچەوانیشی هەر بەنیوە پەنجەرەی سەر دەرگا دەچوون و...تاد)

ئەم شێوازە وەسفەی (بیکیت) بۆ کاراکتەرەکانی.. بەشێوەیەکی بەرچاو دووبارە دەبێتەوە، هەر بۆیە (ڕوبین ڕەبینڤیتز) پێی وایە، کە کاراکتەرەکانی (بیکیت)، کاراکتەری ستیرۆتیپیکن، کە بەواتای کاراکتەری لەقاڵبدراو دێت و جیاوازن لەکاراکتەری ستیرۆسکۆپیک، کە بەکاراکتەری فرە مەودا دەگوترێت.

ئەمە جگە لەوەی کە (بیکیت) لە هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکانیدا، زۆرجار بۆ خۆی ناوی ناڕاستیان بۆ دادەتاشێ وەک:

(Kram, krim, Bom, Pim،...تاد)

دیارە (بیکیت) بە هەموو شێوە و کلۆجێک دەیەوێت، فیگۆری کاراکتەرەکانی بە چەشنێک بشێوێنێت، کە بە هیچ هەست نەکەیت، شێوە و شکڵێکیان هەیە. سەرباری ئەوەی کە بێبەشیشن لە هەموو توانستێکی بیرو بیرکردنەوە... هەر ئەمەشە کە دەبێتە مایەی ئەوەی کەسانێکی دی ببنە هاوشێوە و لێکچووی کاراکتەرەکانی (بیکیت) جێگەی سەرنجە کە کەوتنە جووڵە و ئەنجامدانی کارێک لەلایەن کاراکتەرەکانییەوە نادیار و پەنهانە، ئاسان نییە بزانین بۆ ئەو کارە ئەنجام دەدات، یان بۆ بەشێوەیەک دەجووڵێت و شێوەیەکی دیکە لە جووڵەدا بەرجەستە ناکات. هەر بۆیە ناشێت و ناکرێت بیرۆکەی هەڵسوڕێنەری پشت شتەکان بدۆزینەوە و پەی پێبەرین.

هەمیشە (بیکیت) بێزارە لە هەموو شتێک و دەیەوێت کۆتاییەکیان بۆ دەستنیشان بکات و تەواویان بکات.

هەروەک چۆن لە (Soubre Sauts)دا، دەڵێت: (هەر دوور بە دوور هەموو شتێک تەواو بکەیت.. هەرچۆنێک بێت و لە هەر شوێنێکدا بێت.. ئاخ هەموو شتێکت پێ تەواو بکرێت).

**سەرچاوە:**

**Kitap-lik/ yapi Kredi Kulltur yayinilik- istanbul-2006**

# رەخنەیا ئەدەبی و سالۆخەتێن رەخنەگری

خالد عەلی سلیڤانی
(دهۆک)

رەخنەیا ئەدەبی نە کارەکی ئاسانە بەلکو کارەکی زەحمەتە و، گرنگە ژ ئالێ لێنیرینا تشتان و پاشی هەلسەنگاندن و بریاردانێڤە، نیزیکی دادوەرییێیە، چونکە رەخنەگر ل کارێ ئەدەبی دنێریت و پاشی دادیێ ل سەر یان بۆ دکت، ب (ئەرێنی یان نەرێنی)، و هەلسەنگاندنا رەخنەگری کارتێکرنا خوە ل سەر خواندەڤانی ب شێوەیەکی گشتی هەیە، ژبەر ڤێ چەندێ نابت هەر کەس ب ڤی کاری رابت تا کو سالۆخەتێن پێدڤی و هەژی نەبن کو بشێت ب دورسترین رێک و ب سەرکەڤتیانە ب ڤی کاری رابت وژ ڤان سالوخەتان:

١- بەهرەمەندیا رەخنەیی و هەستێ تامکرنێ:

دەبیت بەری هەرتشتەکی رەخنەگری بەهرەمەندییا رەخنەیی هەبت و خودان زەوق بت، و بەهرەمەندییا رەخنەیی، تشتەکی قودرەتییە هەر کەسێ ئەڤ بەهرە نینە کو مرۆڤ پێ دشێت شرۆڤەکرنا هوور بۆ تشتان بکت، ئەڤجا کێماسیێن ڤەشارتی خۆیا بکەت، و هەست ب جوانکارییا خویای و ڤەشارتی بکت، و بەراوەردیا وەکهەڤییان و جێوازیێن کو بۆ مە ب ئاسانی خۆیا نەبن ل بەر چاڤ بکت.

زەوق پالدەرەکی تایبەتە کو مرۆڤ خودان ژێگرتنەکا سەرکەڤت دکت دگەل ئاگەهدارکرنا مرۆڤی ب گونجایەتییا هوور دناڤ رەنگ و دەنک و دیمەنان دە، هەستکرن ب هەر هەڤدژییەکێ دناڤبەرا وان دە.

دگۆرەپانا رەخنەییا ئەدەبی دا، زەوق ئانکو هەستا تامکرنێ سالۆخەتەکی تەمامکەرە بۆ سالوخەتێ بەهرەمەندیێ وپێکڤە گرێداینە. دەمێ رەخنەگر دەڤەک

ئەدەبی شرۆڤەدکت بەهرەمەندییا وی و زەوقێ وی دزانینا جیاوازییێن بچوک دناڤبەرا رامان و رامانێ و وێنە و وێنەیی و پەیڤ و پەیڤێ و زانینا رێکوپیکییێ یان ژ ئێک دویرچوونێ دپێکئینانا دەستەپەیڤێ دە پشکداردبن.

٢- رەوشەنبیری و شارەزایی:

ژ سالۆخەتێن گرنگێن رەخنەگر و رەوشەنبیری و شارەزاییە، سەبارەت رەوشەنبیریێ دڤیا رەخنەگر رەوشەنبیرییەکا بەرفرە و جورە و جور هەبت دهەمی گۆرەپانان دە و ژیێن گرنگ ئەڤەنە:

أ- رەوشەنبیریا رخنەییا بسپۆر:

رێک و سەروبەرێن رەخنەیێ بزانت دشرۆڤەکرنا دەقێ ئەدەبی بسالۆخەت و نیشان ڤە ب شێوازەکی گونجای دگەل وی دەمی ئەوێ ئەو تێدە دژیت یێ شارەزابت.

ب- رەوشەنبیریا ئەدەبی:

ئەدەب گۆرەپانا رەخنەییە و بابەتێ وییە، و دڤیایە رەخنەگر شارەزابت دهونەرێن ئەدەب و زمانێ هەر هونەرەکی، بۆ نموونە ئەگەر ڤیا رەخنەی ل هەلبەستەکێ بگرت دڤیا پێزانینێن گرنگ ل سەر هەلبەستێ هەبن وەک زمان و برگە وکێش و سەروا و ژ پێزانینێن فولکلۆری بی بەهر نەبت، و ئەگەر ڤیا لسەر چیرۆکەکێ بنڤێست دڤیای پێزانیێ لسەر چیرۆکێ هەبن و بناغەییێن هونەری دگەل شێوازێن نوویێن هەڤچەرخ بزانت وهەر وەسا بۆ هەر توخمەکێ ژ توخمێن ئەدەبی.

ج- رەوشەنبیریا رەوانبێژی:

ئەڤە ب زانینا ب دەڤ و ئەزمانیێ (رەوان)ی، دپەیڤ ورێکێن بکارئینانا وان ددەقێ ئەدەبی دە گرێداییە، رەوانبێژی پارچەیەک بوو ژ رەخنەی وپێکڤە گرێدای بوون لێ پشتی ماوەیەکی ژێڤە بوو و بوو زانستەکی سەربەخۆ، ورەخنەی بێ منەت ژێ نینە.

ە- رەوشەنبیریا زمانی:

ئەو ژی شارەزاییا زمانییە، کو رەخنەگر زانابت ب دروستییا دەستەپەیڤان وراستییا رستان، و دهەر کێماسییەکی ئاگەهداربت، چونکە دەرکەڤتن ژ رێزمانێ رامانا دەقێ ئەدەبی لاواز دکت و جوانییا کارێ ئەدەبی بەرزە دکت.

خواندنا پەرتووکێن ئەدەبی ورەوانبێژی ورێزمانێ ئاسوییێن بەرفرە ددەتە رەخنەگری و رەوشنبیرییا رێزمانی لێ رەهوان دکت.

و- رەوشەنبیریا ئاینی:

رەخنەگری ل سەر بسپۆریێ وهزر و رامانا ئاڤایە بشرۆڤەکرنێ زێدەباری شێوازان. بۆ پتر بلندکرنا ئاستێ زانیاری ئەگەر رەخنەگری پێزانینێن ئاینێن چڤاکان هەبت کو زیرەکییەکا رەخنەیی بۆ پەیدابت، هەر وەسا پێزانینێن مێژوویی دڤەرن.

وبسپۆرییا زانیاری جیاوازیێ دئێختە د ناڤبەرا رەخنەگرێ دەسپێک ویێ شارەزا وزیرەک، هەروەسا بسپۆرییا زانیاری رەخنا رەخنەگری بەرز دکت و دبتە جهێ رێز و رەزامەندییا نڤێسەر و خواندڤانی، هەروەسا خواندنا کارێن رەخنەیی یێن رەخنەگرێن مەزن پتر شارەزاییا وی زێدە دکت.

٣- دادوەری و نەلایەنگری:

دادوەری و نەلایەنگری ژ سالۆخەتێن رەخنەگرێ سەرکەڤتی نە، ورەخنەگر ب خوە ژ بەر بارۆڤا رەخنێ نە دویرە، ژ بەر ڤێ چەندێ رەخنەگر دەمێ کارەکی ئەدەبی رەخنە دکت دڤیایە ژ لایەنگریێ و دل خوەشکرنێ دویر بکەڤت، ورەخنەیا وی ل دوو سالۆخەتێن راستییا ئاڤابت کارێ ئەدەبی یێ کو رەخنەدکت، و دەست نیشانکرنا ئەگەران بکت یێن کو ئەو کارێ رەخنەگری ب بەرزی ئێخستی یان ب کێماس، دڤیا هشیاربت کو هەست و سۆزا وی یا کەسایەتی کاتێکرنێ ل سەر رەخنەیا وی نەکت، نەکو کارەکی ئەدەبی بەرزبکەت سەخمەراتی خودانێ وی کاری نێزیکی هەست و دلێ وی یە، یان پەیوەندیێن تایبەت د ناڤبەرا وان دە هەنە، و ب بەرۆڤاژی.

جیاوازی د ناڤبەرا رەخنەگری و دادوەریێ دە یەک خالە ئەوژی کو رەخنەگر دەستوور داییە زەوقێ خوە بکاربینت دکارێ رەخنەیا خوەدە، لێ دڤیا ئەو زەوقە بەرز بت و راهێنەر دای بت، ئەگەر وەسا نەبت دێ رەخنەیا وی ب کێماسی بت ولایەنگری دێ بتە ئەگەرا بریندارکرنا دادوەرییا وی.

هەر وەسا پێزانینێن زانستی و جڤاکی و دەروونی....هتد، پتر ئاستێ رەخنەگری بەرز دکت ودیتنا وی بۆ دەقێن ئەدەبی هویرتر دکت و ب رێز وبها تر دکت.

ویا گرنگ ژی ئەوە کو رەخنەیا رەخنەگری هەردەم ئاڤاکەر بت ژ بریندارکرنا هەستێ نڤێسەری دویربکەڤیت چەند دەقێ وی لاواز بت ل هەر وەسا خوەش خوەشکرنێ ژی نەکت، بەلکو دیەک دەم دا ببت رەخنەگر و پالدەر بۆ هاندانا خودانێن دەقێن رەخنە لێ گرتی- چ ب بەرزی یان ب کێماسی- کو دئایندە دە کارەکی ب هێزتر بنڤێسن.

# کۆتایی هزری سیاسی کلاسیک

ئا: برووسکە ڕەشید خدر

-خولگەی هزری سیاسی- هزری سیاسی و بەگشتی هزری ئاگۆستین بە لاپەڕەیەکی نوێ لە ڕێڕەوی هزری سیاسی دادەنرێت. ئاگۆستین بەخاڵی لێک گرێدانی هزری یۆنانی و ڕۆم لەگەڵ مسریبیە فیرعەونییەکان لەگەڵ هزری سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت ئۆگستین ئەو کەلەپوورە گەورە هزرییەی کە لە یۆنانی کۆندا گەشەی کردبوو، لە سەردەمی هیلینزمدا کەوتبووە سەر ڕێڕەوی وەرچەرخانێکی نوێ هەنگاوێکی تر بەرەو ئاراستەی گۆڕان بەرەو پێشەوەی برد خستییە سەر ڕێڕەوێکی تازە ئەفلاتوون دەوڵەتی وەک دەزگایەکی گەورەی پەروەردەیی پیشاندابوو ئەو دەزگایەی کە ئەفلاتوون بۆ سیستەمە پەروەردەییەکەی خۆی دایڕشتبوو لە ڕاستیدا وەک دەزگایەکی زاڵ بەسەر ڕۆحی مرۆڤدا وێنا دەکرا، ئەمەش هەر ئەو دەوڵەتە بوو کە دواتر کڵێسا بانگەشەی بەدیهێنانی دەکرد ئۆگستین بنیادی ئەم هزرەی داڕشت (ڕواقییەکان) هەنگاوێکی تری هزری ئەفلاتوونیان لەسەر مەنزڵی هزری مەسیحی نزیک کردبووەوە لە ڕوانگەی ڕواقییەکانەوە هەموو بوونەوەرەکان ڕەهەندێکی خوداییان هەیە سیستەمی خودایی، ئەرک و شێوازی پێوەندی مرۆڤەکانیان پێ ڕادەگەیەنێت مرۆڤ بەهۆی یەکبوونی لەگەڵ خودا، لەگەڵ ئەوانی تریش یەک دەبێت.

جیاوازی ئەم هزرەی لەگەڵ هزری مەسیحی، لە قۆناغی گەشەکردووی خۆیدا تەنیا لەم خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە. لە هزری ڕواقییەکاندا خودا بوونێکی ناکارایە، تەنیا بوونی هەیە. بەڵام لە تێڕوانینی مەسیحیدا خودا،

نەکـارایە... بەم جـۆرە تێـڕوانینی مـەسـیـحی لەمـەڕ یەکبوونی مـرۆڤەکان لە کەناڵی یەکبوونی ئەوانە لەگەڵ خـودا، لە ڕاسـتـیـدا تێـڕوانینێکە بۆ هزری یۆنانی کـۆن دەگەڕێتەوە.

## دەوڵەتی جیهانی- دەوڵەتی ئاسمانی

هەرچەندە هزری قەشە ئۆگستین بە لاپەڕەیەکی نوێ لە ڕەوتی هزری مـرۆڤـدا لە قـەڵـەم دەدرێت، بەڵام هزرێک نییە کە لەناکاو سەری هەڵدابێت و لەگەڵ ئەم ڕێڕەوە لە پێــوەندیدا نەبێت؛ کــە هزری ســیــاسی لە ڕەوتی گـەشـەکـردنی خـۆیدا بڕیویەتی... گـەلێک لە توخـمـە سـەرەکـیـیـەکـانی هزری ئۆگـسـتین درێژە پێـدەر و هاوئاراسـتـەی گـەشـەکـردنی هزری ئەفـلاتوون و (ڕواقییەکان)ە، کە ئەوانیش بۆچوونی شیشرۆن لەمەڕ بێ هاوتابوونی مـرۆڤ و یەکگرتنی جـۆری مـرۆڤ و پەیوەسـتـبـوونی هەمـووان بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی جیهـانی، یان کۆمەڵگای بەهەشتی قەشە ئۆگستێن و بۆچوونەکـانی لەسـەر شـاری خـودا، کـە پاشـان ڕوونکردنەوەی پتری لە سەر دەدەین... گەلێک ڕەهەندی هاوبەشی لەگـەڵ بۆچوونی تایبـەت بە دەوڵەتی شـاری خـودادا هەیە، کـە هەمـووان بەبێ جـیـاوازی ڕەگـەزی، چینایەتی، ئەنتیکی دەتوانن بگوزەرێن.

## یاسا خوداییەکان، یاسا هۆکارییەکان

هزری سـیـاسی فـەلسـەفـەی ئۆگـسـتین دەرەنجـامی گـەشـەکـردنی هزری فـەلسـەفـەی یۆنانی و گـەشـەکـردنی کۆمەڵگای سەدەی ناوەڕاست و تێکەڵاو بوونیەتی لەگەڵ یەکتاپەرستی، عیبرانیەت و پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕێی پەرەسەندنی ئیمپراتۆریەتی ئەسکەندەر و دەوڵەتی ڕۆم.. لەگەڵ پەیدابوونی ئیسلام وەکو فیکر و ئایین. هەروەهاش سـەرهەڵدانی مـەسـحـیـەت و پەیڕەوکـردنی وەکـو ئایینێک لە دەوڵەتی ڕۆم هەر لە مەرسومی میلانەوە ئەم شتانە زەمینەیان خۆش کرد بۆ پرسـە سیـاسـیـیـەکـان، ئۆگـستین لەلایەکـەوە وەکـو وتاربێژێکی مەسیحی هەموو پرسەکان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی خودایی‌دا دەبینێ و هەموو شتێک بە ملکەچی خـودا دادەنێ، لەلایەکی ترەوە هەڵسـوکـەوتی سیـاسی وەرچەرخانێکە بۆ سیاسەتی جیهانی ئێستا کە سەرانی ئەمریکا ئێستا خۆیان بە بەرپرسی دەزانن لە سەردانانی یاسایەکی جیهانی نوێ کە هەموو جیهان بگرێتەوە. لە چوارچێوەی هۆکارێتی پێوەندی هۆکاری و هۆکردیدا، بەم جۆرە لە تیـوری سیـاسی ئۆگسـتینـدا وێڕای ئەوەی کـە پرۆژەیەکی گشتی خودایی بەسەر هەموو شتەکاندا زاڵە لە هەمـان کـاتدا ڕووداوەکـانی جـیـهـانی ڕاسـتـەقـینە ئەو جـیـهـانەی کـە مـرۆڤـەکـانی تێدا پەیڕەوی لە یاساکـانی هۆکـاری شـیـاوی پشکنین دەکـەن. ئۆگـستین سـەرەتا بۆ سەرچاوەی وەحی کتێبە پیرۆزەکان (تەورات، ئینجیل، قورئان)ی دەگەڕێنێتەوە هێڵی گشتی هزری خۆی لەوێوە وەردەگرێ و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە کە دروسـتـکراوی مــرۆڤــە وێڕای ئەوەی کــە ئەوان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گشتی خواوەندیدا دەبینێ.

## دوو فاقبوونی سروشتی مرۆڤ

سـروشـتی مـرۆڤ لە دووبەش پێکهـاتووە، بەشی جـەسـتـەیی بەشی ڕۆحـانی، یان بەشی خـاکی و بەشی ئاسمانی واتە لایەنی خودایی کە چۆن میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بە ژیانی پاش مردن هەبوو، مەملەکەتی ئیبیدوس ژیانی دووەم دەهاتە کـایەوە کە مرۆڤ بەپێی بەشی خۆی سروشتی دەجووڵێتەوە و پێوەندی بە دوو شار، یان دوو کـۆمـەڵگاوە هەیە.. هاوولاتی شـاری ژیان، هاوولاتی شاری مردن... بە ڕاڤەکردنی جەنگی نێوان ژیان و مردن، دەکرێت مێژووی مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە... ئەوەی کە لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرەتا و جەستەیی خراپە و ئەگەر بێتو بکەوێتە بەر ڕەحمەتی خـودا، ئەوە دەبێتە ڕۆحانی، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر جار مرۆڤ لە ڕێی جـادووگـەرییـەوە لەبەرجەسـتـەی دەکـات. بەڵام ئایا مرۆڤ بەهۆی گوێ نەدانی بە نافەرمـانی خـودا لە شـاری فـیـردەوس دەردەکرێ یان ئەم شتـە پێـوەندی بە ڕەگـەزەوە هەیە.

## جیهانبینی و شێوازی شیکردنەوە

شـیـکردنەوەی دەقـە ئایینیـیـەکـان بە سـەرچاوەی جیـهـانبینی ئۆگستین وەک فـیکری مەسیـحی دادەنرێت بەگـەڕانەوە بۆ فـیکری مـەسـیـحی وەڵامی ئەم پرسیـارە جۆراوجۆرانە بدۆزێتەوە، کە یەکێک لەو پرسیارانەی کە بووە بنەمـای نووسینی کتێبی (شاری خودا)، بیروڕای ڕۆمـانەکـان بوو کـە ڕووخانی ئیـمـپـراتۆریەتی ڕۆمـانیـان دەبردەوە سـەر ئەوەی کـە ئەوان وازیان لە خـوداکـانی کـۆن

هێناو روویان کـردووەتە ئایینی مـەسـیـحی بۆیە وایان لێـهـات. کـتـێـبی ئەو بۆ ڕەتدانەوەی ئەم تۆمـەتە، دەڵێ ژیانی مرۆڤ دابەش دەکرێت بۆ دوو شار، جەنگی نێوان ئەم دوو شـارەش شـێـوازی شـیـکردنەوەی لە سـەردەمی خۆیدا بە داهێنانێکی نوێ لە قەڵەم دەدا کە شیکردنەوەی تیۆری سیاسی خۆی لەسەر شێوازی فەلسەفی مێژوو دەخاتە ڕوو. پاشان فەلسەفەی مێژوو لەلایەن هیگڵ و مارکس و شۆپنهاوەر و ئەوانی دواتر کە لەم پرۆسەیەدا ئامانجداری مێژوویی بەدی دەکرێت. کە مێژوو سەرەتا و کۆتایی نییە و شتێکە لە سووڕی دووبارەبوونەوەیە و لەدایکبوونە و گەشەکردن.، مەرگ و ئەم جیهان بینینە ئەو دەرفەتەی بۆ ئۆگستین ڕەخساند کە مەعریفەی سیاسی بخاتە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژووەوە لە چوارچێوەی پلانی خوداییدا ڕێسای هۆکاری هەڵسوکەوتی سیاسی ڕووداوە مێژووییەکان تێبینی بکات.

## فەلسەفەی هزری سیاسی ئۆگستین

قەیرانی ئیمپراتۆری ڕۆم کە بۆچی دوایی ڕووخا، لەسەر دەستی ئیدواکر لە ساڵی ٤٧٦ ز دا، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە قەشە ئۆگستین ویستی وەڵامی بداتەوە کە نزیک وەحی دەکەوێ چونکە خودا لە دەقە پیرۆزکانیدا پەیامی خۆی لە زمانی پێغەمبەرەکانەوە ڕاگەیاندووە، ئۆگستین لەو باوەڕەدایە کە سروشتی خودایی بەر لە دەستپێکردنی زەمەن، بوونی هەبووە لەکاتی ئافراندندا بووەتە هۆی دروست بوونی جیهان، مەبەستی خودا لە دروست بوونی جیهان ڕەحمەت بووە.. خودا مرۆڤی خوڵقاند ویستی چاکەی پێ ببەخشێ، هەر ئەمەش بوو کە پشتی بە ویست بەست لەجیاتی عەقڵ و تیۆری سیاسی، هەرچەندە مارکس و ئەنگڵس و سارتر، پشت بەشتی دیار و بەرچاو دەبەستن کە ئەمەش هۆی پەیدابوونی ململانێیە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا لەگەڵ مارکسیەت و عیلمانیەتدا، هەروەها ناسیۆنالیزمیش، ئۆگستین ناکۆکی لە بەهرەی عەقڵ ناکات کە دەتوانێ چاکە و خراپەی لێک جیا بکاتەوە، خۆشیەکانی مرۆڤ کاتین لەم جیهانەدا، بەڵام لە جیهانی باڵا بەردەوامن.. چونکە خوداین. بەڵام ئایا ئەمە لەلای چەند کەس پەیڕەو دەکرێن و پشتیان پێ دەبەسترێت،

## دوو فاقی بیری ئۆگستین

جۆرە هەڵوێستێکی دووفاقی بەرچاو دەکەوێ، سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ئەم هەڵوێستە دووفاقییەی بوو بە باسو خواسی توێژەران، ئەم پرسیارە ئاراستەی فکری ئۆگستین دەکەین، ئایا ئەم زاتە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بووە، یان نەیارانی... لەلایەکەوە هەروەها دەبینین پشتگیری لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەسەر میللەتانی دیکەدا دەکات بەپێی ئەوە کە ڕۆم (بەرژەوەندییەکانی خۆیان کردووە بە قوربانی بەرژەوەندییە گشتییەکان) وێڕای ئەوە، ئەو خەڵکی شاری ڕۆمای بە هەڵبژاردەی گەلانی دادەنا دەیگوت ئەوان پێویستە جڵەوی حوکم بگرن و کەس لەدوای ئەوان نەبێت. بۆیە میللەتی ژێردەست مافی سکاڵاکردنی نییە لەلایەن خوداوە، ئەمەش دژی بیری ئایینی مەسیحییە، کە جەخت لەسەر یەکسانی دەکات. لەلایەکی ترەوە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بە دوژمنی بنەڕەتی کەنیسە و مەسیحییەت ناو دەبات. ئەمەش پەیدابوو لە مەڕ ئەوەی کە دەوڵەتی ڕۆم بەدوای مەسیحییەکاندا دەگەڕان لەو سەردەمەدا ڕۆم بە دوژمنی گەورە و کەرستەی دەستی شەیتان ناودەبرا، کە بە هەزاران کەس لەو سەردەمەدا کوژران، بزر کران دەدرانە دڕندەکان لە مەیدانی زۆرانبازی کردندا لە شارەکانی ڕۆما، سوور، سەیدا، تەڕابلوس و شوێنەکانی تریش.

**سەرچاوەکان:**


**١) عبدالفتاح سعيد عاشور، الفكر السياسي والحضاري لأوروپا القرون الوسطى، دار الملايين بيروت، ١٩٧٧.**

**٢) سيد باز العريني الفكر، السياسي والحضاري للغرب في القرون الوسطى،. القاهرة ١٩٧٩.**

**٣) مدينة اللغة القديس اغسطين، مطابع دار الحرية، بغداد، ١٩٨٢.**

**٤) عظمة الفكر السياسي للأسلام، د.احمد السامرائي- عمان ١٩٨٢.**

**٥) ئایینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات- کۆمەڵە موحازەراتێکی کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو، ١٩٩٩- ٢٠٠٠- د. حەکیم مام باپیر.**

# تیۆرییەکەی ئەفلاتوون دەربارەی ڕاستی

**مارتن هایدیگەر**
**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

زانینەکانی زانستەکان ئاسایی بە چەند ڕستە و دەستەواژەیەک دەردەبڕدرێن و وەک چەند ئەنجامێک کە تێیان دەگەیشتری، دەخرێنە بەردەست مرۆڤ بۆ بەکارهێنانیان. «تیۆری» بیرمەندێک ئەوەیە کە لە قسەکانیدا نەیگوتووە، ڕووبەڕووی مرۆڤ کراوەتەوە کە ئەویش خۆی لەپێناوی دادەنێ.

بۆ ئەوەی ئێمە لە نەگوتراوی بیرمەندێک، ئیتر بە هەر جۆرو شێوازێک بێت، شارەزا بین و لە پاشەڕۆژدا بتوانین بیزانین، پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە گوتوویەتی. بە تەنگەوە هاتنی تەواوەتی ئەم داواکارییە ئەوە دەگەیەنێ، هەموو دیالۆگەکانی ئەفلاتوون پێکەوە لە چوارچێوەی هەلومەرجەکانیاندا قسەیان لێ بکرێت، چونکە ئەمە لە توانادا نییە و لە کردن نایەت، دەبێ ڕێگایەکی تر کە بەرەو ئەوەی لە هزری ئەفلاتووندا نەگوتراوە، دەمانبات، بگیرێتە بەر.

ئەوەی کە نەگوتراوە و دەمێنێتەوە، گۆڕانێکە Wen-dung لە دیارو دەستنیشانکردنی جەوهەری ڕاستی. ئایا ئەو گۆڕانە جێبەجێ بووە، ئەو گۆڕانە بریتی بووە لە چی، بەهۆی ئەم توێ توێ کردنەی «نموونەی ئەشکەوت» ڕوون دەکرێتەوە.

بە پێشکەشکردنی «نموونەی ئەشکەوت» حەوتەمین بەشی (کتێبی) «دیالۆگەکە» دەربارەی جەوهەری پۆلیس Polis (کۆمار .VII 514a, 2-517a, 7) دەست پێدەکات. «نموونەکە» چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. چیرۆکەکە لە وتووێژی نێوان سوکرات و گلاو کۆندا خەت و خاڵ دەدات، ئەو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کە حەپەسان و سەرسوڕمانە ورووژاوەکە دەردەبڕێ. ئەو وەرگێڕانەی

لێرەدا خراوەتە بەردەست تێکستە یۆنانییەکە بە چەند ڕوونکردنەوەیەکی نێوان بازنەکان شرۆڤە و لێکدەداتەوە(١):

- «ئەم دیمەنە بێنە بەرچاوی خۆت:

کەسانێک لەژێر زەمینێکی جۆرە ئەشکەوت ئاسادا دەژین دەروازەکەی بەرەو سەرەوە ڕێگایەک هەیە کە بەرانبەر بە تیشکی خۆرە. لەم ئەشکەوتەدا (لەم نیشتەجێییەدا) کەسانێک هەن کە لە منداڵییەوە زنجیر لە قاچ و ملیان کراوە، بۆیە هەر لە جێگای خۆیاندا دەمێننەوە، تەنیا یەک شتیان بۆ ماوەتەوە: تەنیا هەر ئەو شتە تەماشا بکەن و ببینن کە لە بەردەمیاندا بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. ئەوان ناتوانن تەماشای دەوروپشتی خۆیان بکەن و سەریان بسوورێنن، چونکە زنجیرکراون، جۆرە تیشکی ڕووناکییەکیان بۆ دابین کراوە لە پشتیانەوە ئاگرێک داگیرساوە و دەسووتێ، لەنێوان ئاگر و کەسە کۆت و زنجیر کراوەکاندا (لەپشتیانەوە)(٢) ڕێگایەک درێژ دەبێتەوە، بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە بەدرێژاییەکەی دیوارێکی نزم و نەوی دروست کراوە، وەک کۆسپ و تەگەرە وایە کە خەم ڕەوێنان Gaukler دروستیان کردبێ بۆ ئەوەی نمایشەکەیان نیشانی تەماشاکاران بدەن.

- من ئەمەم لەبەرچاوە.

- ئیتر بەم پێیە بیهێنە بەرچاوی خۆت. بەدرێژایی ئەم دیوارە کەسانێک هەن کەلوپەلی هەمەچەشنەیان هەڵگرتووە کە بۆ ئەم بەروئەوبەری دیوارەکە دەیانگوێزنەوە، شت و مەکەکەیان پەیکەر و وێنەی لە دار و بەرد دروستکراو و شتی ترە کە مرۆڤ دروستی کردوون. وەک چۆن نابێ چاوەڕوانی شتێکی تر بکرێت، هەندێک لەم کەسانە لەکاتی هاتوچۆکەدا قسە دەکەن و ئەوانی تر بێدەنگن.

- تۆ وێنەیەکی ئەوپەڕی نائاسایی و زیندانیانی نائاسایی نیشان دەدەی، ئەو ئەمەی وت.

- ئەو مرۆڤانە بە تەواوەتی لە ئێمە دەچن، وەڵامم دایەوە، تۆ لە چ باوەڕێکدای؟! ئەو جۆرە مرۆڤانە، هەر لە سەرەتاوە، ئیتر لەخۆیانەوەبێت، یان بەهۆی کەسانی ترەوە، لەو سێبەرانە لە ئاگرەکە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکەی بەرانبەر دەیکێشێ بەولاوە نابینن.

- چۆن دەکرێ شتێکی تر ببێت لەکاتێکدا هەرگیز لە توانایاندا نەبێ سەریان بەدرێژایی ژیانیان بەلایەکدا بجووڵێنن؟!

- بەڵام لەوەی (لە پشتیانەوە) هەڵگیراوە شتێکی تر دەبینن؟ ئایا ئەوان (بەتایبەتی لە سێبەرەکان) نابینن؟

- با بێگومان.

- ئەگەر ئەوان بۆیان بلوێ و بتوانن لەگەڵ یەکتری بدوێن و قسە بکەن، لەو باوەڕەدا نابێ کە ئەوان، ئەو شتانەی لەوێ دەیانبینن، بە بوونەوەریان دادەنێن؟

- بۆ ئەمە دەبێ بەناچاری وابێت.

- چۆن ئەگەر هاتو دیواری زیندانەکە کە بەرانبەریانە (ئەو دیوارەی هەمیشە تەماشای دەکەن) دەنگ بداتەوە؟ خۆ ئەگەر یەکێک لەوانەی لەپشت کۆت و پێوەندکراوەکانەوە تێبپەڕێ (شتەکانیش هەڵگرێ)، ئایا تۆ لەو باوەڕەدای ئەوان تێپەڕ بووەکە بەشتێکی تر دادەنێن لەوەی سێبەر بێت؟!

- سوێند بە زیبوس بەشتێکی تری دانانێن، ئەو وتی:

- نا بەهیچ جۆرێک، وەڵامم دایەوە، ئەوان، ئەو کەسانەی بەو جۆرە کۆت و پێوەندکراوان لەو باوەڕەدانین کە لە سێبەری ئەم ئامرازانە (Geratschaft) بەولاوە شتێکی تری نەشاردراوە نییە.

- ئەمە شتێکی ناچارییە، ئەو وتی:

- ئێستاکە، دوای ئەمە، سەرنجی ڕووداوەکە بدە، من وتم، چۆن، کۆتوپێوەندکراوێک، بەرەڵلا ببێت و لە نابینایی چاک ببێتەوە بیر لەوە دەکاتەوە، جۆری ئەم نابیناییە پێویست بووە چۆن بێت، ئەگەر بێتو پێوەندکراوەکە ڕووبەڕووی ئەمە بێتەوە:

ئەگەر هاتو لە کۆتوپێوەند بەرەڵلا بووەکە ناچار بکرێت، لەناکاو هەستێتە سەر پێ، سەروملی بەچواردەوریدا بسوورێنێ بەرێگاکەی بەرەو دەرگاکە بڕوات و تەماشای تیشک و ڕووناکییەکە بکات، ئەوکاتە ئەو (هەموو جارێک) تووشی ناڕەحەتی و ئازار دەبێ و ناتوانێ بە تەواوەتی شتەکان تەماشا بکات و ببینێ کە پێشتر هەر سێبەرەکەیانی دیتووە.

(ئەگەر ئەم هەموو شتانەی بەسەر بێت)، تۆ لە چ باوەڕێکدا دەبی، ئایا ئەو چ دەڵێ: ئەگەر هاتو یەکێک بۆی ڕوون کردەوە کەئەو هەر- هیچی Nichtigkeit دیتووە، بەڵام ئێستا ئەو پتر لە بوونەوەر نزیک بۆتەوە و ڕووبەڕووی ڕاستی بوونەوەرەکان بۆتەوە و بەم پێیە بەڕاستی و چاکتر شتەکان دەبینێ؟!

هەروەها ئەگەر یەکێک (ئینجا) ئەو شتانەی یەکە یەکە نیشان بدات کە بەلایدا هاتوون، تۆبزی لێبکات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە:

ئەم شتانە چین؟
بڕوا ناکەی کە ئەو واقی وڕدەمێنێ و نازانێ و سەرەڕای ئەمە ئەو شتانەی پێشتر (بەچاوی خۆی دیتوونی) بەڕاستتریان دادەنێ لەوەی ئێستاکە نیشانی دەدرێن؟!

– با بێگومان ئەوپەڕی وایە، ئەو وتی:

هەروەها ئەگەر یەکێک ناچاری بکات تەماشای ئاگرەکە خۆی بکات، ئایا چاوی ئێش و ئازاری نابێت و حەز ناکات خودداری بکات و (بگەڕێتەوە) بۆ ئەوەی کە لە توانایدایە ببینێ و بڕیار نادات و بڕوا بەوە ناهێنێ کە بە ڕاستی ئەوی دیویەتی بەلایەوە لەوانە ڕوونترن کە نیشانی دراون (ڕوون بەلای ئەوەوە).

– بەڵێ وایە.ئەو وتی:

– ئێستاکە ئەگەر، من وەڵامم دایەوە، یەکێک بە تۆبزی ئەو (کە لە پێوەند ڕزگاری بووە) بە ڕێگا سەختەکەی ئەشکەوتەکەدا بەرەو سەرەوە بەرێت و ڕایبکێشێ تا دەیگەیەنێتە بەر تیشکی ڕۆژ. ئایا ڕاکێشراوەکە هەست بە ئازار و تووڕەیی ناکات؟ هەروەها ئەو کە گەیشتۆتە بەر تیشکی ڕۆژ هەست بەوە ناکات کە چاوی پڕبووە لە تیشک و ئایا لە توانایدا نییە شتێک لەوانە ببینێ، کە ئێستاکە وەک نەشاردراوەیی لەبەردەمیدا کراوەتەوە؟!

– نەء ئەو بە هیچ جۆرێک توانای ئەمەی نییە، ئەو وتی، بەلای کەممەوە لەناکاو ناتوانێ.

– من لەو باوەڕەدام، جۆرە ڕاهاتنێک پێویستە، ئەگەر پێویست بێت ئەو ئەوەی لەسەرەوە هەیە (لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە لەبەر تیشکی خۆردا) بە چاوی خۆی ببینێ. هەروەها (بەهۆی ڕاهاتنەکەوە) لەسەرەتادا دەتوانێ بە ئاسانی تەماشای سێبەرەکان بکات ئینجا لە دواییدا دەتوانێ وێنەی مرۆڤ و شتی تر کە لە ئاودا دەردەکەون Widerspieglenden، پاشتریش دەتوانێ ئەمانە هەمووی (بوونەوەر لە جیاتی وێنەی لاواز) ببینێ. لەنێوان ئەو شتانەدا ئەو دەتوانێ باشتر ئەو شتانە کە لە قوبەی ئاسماندان و ئاسمانیش خۆی ببینێ، لە شەودا دەتوانێ چاکتر تەماشا بکات و ببینێ کاتێک سەرنجی تیشکی ئەستێرەکان و مانگ دەدات (بێگومان ئاسانترە) لەچاو ئەوەی لە ڕۆژدا کە خۆر و تیشک و دەرکەوتنەکەی ببینێ.

– گومان لەوەدا نییە.

– لەکۆتاییدا، من لەو باوەڕەدام کە ئەو لەتوانایدا دەبێت، خۆر (ڕۆژ) خۆی ببینێ، نەک هەر تەماشای وێنەکەی لەئاودا بکات، یان لە هەر جێگایەک هەڵبێت، بەڵکو خۆر خۆی لە خۆیدا چۆنە و لەو جێگاو شوێنە تایبەتییەی خۆی هەیەتی سەیری بکات، بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو بدات سروشتەکەی چۆنە و چۆن دروست بووە.

– بەناچاری دەبێ ئەو بەمە بگات، ئەو وتی:

– دوای ئەوەی ئەو قۆناغە دەبڕێ، دەکرێ و دەتوانێ بە پوختی دەربارەی (خۆر) بدوێ کە ئەو وەرزەکانی ساڵ و تێپەڕبوونی ساڵ دەستەبەر دەبێ و کۆنترۆڵی هەموو ئەوانە دەکات کە لە سنووری پرکردنی دیتندان بگرە (خۆر) پێش هەموو شتێک هۆکاری هەموو شتێکە (بۆ ئەوانەی لەخوارەوە لە ئەشکەوتەکەدان) کە بەشێوازێکی دیاربکراو لەبەردەمی خۆیاندا هەیانە و دەیبینین.

– دیار و ئاشکرایە، ئەو وتی: ئەو بەوە دەگات (خۆر و ئەوانەی لەبەر تیشکی ئەودان) دوای ئەوەی ئەو لە ئەوان تێدەپەڕێ (ئەوەی کە تەنیا ڕەنگ دانەوە و سێبەر بووە).

– چ دەقەومێ؟ ئەگەر یەکەم نیشتەجێی بەبیردابێتەوە لەگەڵ ئەو شتەی کە لەوێ دەیزانی «زانین» و ئەوانەی لەوێ لەگەڵیدا کۆتوپێوەندکرابوون، ئایا تۆ لەو باوەڕەدا نیت، ئەو بەو گۆڕانە سەرتاپاگیرە کە ڕووی داوە دڵخۆش و بەختەوەر دەبێ و خەمی ئەوانی تر دەخوات؟

– ئەوپەڕی وایە.

– ئەگەر ڕێک بکەوێ لە (نێو مرۆڤەکاندا) لەجێگای نیشتەجێی پێشوو جۆرە ستایش و ڕێزلێنانی Eh-rungen ئەو کەسە بکرێت کە بە وردترین شێوە (ئەوەی ڕۆژانە ڕوودەدات) شتە سەرپێیەکان بەدی دەکات و ئەو شتانەی لەبیردەمێنێ کە لەوان لەڕیزی پێشەوە تێدەپەڕی، یان بەدوایاندا دێن، یان لەیەک کاتدا پێکەوە تێدەپەڕن، هەروەها لەوان بەتواناتر بێ لە پێشبینی کردنی ئەوەی لە پاشەڕۆژدا دەردەکەوێ، ئایا تۆ لەو باوەڕەدانیت کە ئەو (کە لە ئەشکەوتەکە چۆتە دەرێ) تەنانەت (ئێستاش).

هەست بەوە دەکات کە دڵی بۆ ئەوە لێدەدات کە ڕقەبەری ئەوان بکات (کە لە ئەشکەوتەکەدان) کە جێگای ڕێز و ستایش و هێزن، یان ئەو نایەوێ ئەو شتە بەخۆی بسپێری کە هۆمیرۆس گوتوویەتی:

«کرێگرتە و خزمەتچی مرۆڤێکی بیانی نەدیوو نەناسراو بێت کە دەست کورت و نەدارە و لە لادێ دەژیا» لەوەی کە بخوازێ بەگشتی بچێتە ژێر باری پەسندکردنی

ئەو ڕێوشوێن و بۆچوونانەی کە (لە ئەشکەوتەکەدا پەیڕەو دەکرێن) و بەم شێوازە مرۆڤێک بێت؟!

– من لەو باوەڕەدام، ئەو وتی: ئامادەیە بچێتە ژێر باری هەموو شتێکەوە نەک بەپێی شێوازی (ئەشکەوتەکە) مرۆڤێک بێت.

– ئینجا ئێستاکە بیر لەوە بکەرەوە، وەڵامم دایەوە ئەوی بەم جۆرە لە ئەشکەوتەکە هاتبووە دەرێ وای بۆ دەقەومێ جارێکی تر بچێتەوە نێو ئەشکەوتەکەوە و لە هەمان جێگای جارانی دانیشێتەوە، ئایا هەست بەوە ناکات کە لەناکاو ئەو لەبەر تیشکی خۆرەوە هاتووە چاوی ڕەشکەو پێشکە دەکات و بەرچاوی تاریکە؟!

– ئەوپەڕی شتێکی سروشتییە کەوایە. ئەو وتی؛

– ئێستاکە ئەگەر ئەو جارێکی تر لەگەڵ ئەوانەی لەوێدا بەردەوام کۆتوپێوەند کراون دەربارەی بیروبۆچوونەکان لە بارەی سێبەرەکانەوە وتووێژ بکات، کاتێک کە ئەو هەر چاوی هەر ڕەشکەو پێشکە دەکات، پێش ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ ڕەوشی ئەوێ ڕابێتەوە و بگونجێ، ئەمەش کاتێکی کەمی ناوێ، ئایا ئەو دووچاری گاڵتەپێکردن نابێت و هەوڵ نادەن بڕوای پێ بهێنن کە ئەو لە ئەشکەوتەکە چۆتە دەرێ بۆ ئەوەی بەچاوی تێکچووەوە Verdorbenen بگەڕێتەوە (بۆ ئەشکەوتەکە) و بابەتەکەشی شایستەی ئەوە نییە و ئەوە ناهێنێ مرۆڤ ئەرکی بڕینی ئەم ڕێگایە بگرێتە ئەستۆ و بچێتە دەرێ؟! ئایا ئەگەر یەکێک دەستدرێژ بکات بۆ ئەوەی کۆتوپێوەندەکەیان دابماڵێنێ و لێیان بکاتەوە و ئەگەر ئەوان دەستیان پێیدا بگات و بتوانن. بیکوژن، نایکوژن؟

– بەدڵنیاییەوە با، ئەو وتی(٣)،

* * *

ئەم چیرۆکە چی دەگەیەنێ؟!

ئەفلاتوون خۆی وەڵام دەداتەوە. ئەو دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە ڕاستەوخۆ لێکدانەوەکەی بەدوادا دەهێنێ.

(517a, 8-518d, 7)

نیشتەجێیەکە کە لەسەر شێوەی ئەشکەوتە «وێنەی».. «ئەو بارەگایەیە کە هەموو ڕۆژێ بەرچاو تەماشاکەر دەکەوێ.» ئاگرەکە لە ئەشکەوتەکەدا کە لەسەروو دانیشتوانی ئەشکەوتەکەوە داگیرساوە gluht «وێنەی» خۆرە. قوبەی ئەشکەوتەکە بریتییە لە قوبەی ئاسمان، لەژێر قوبەکەدا، لەسەر زەوی مرۆڤ دەژی و پێوەی بەندن و پشتیان پێ بەستووە. ئەوەی لە دەوروبەریانە و پێوەی خەریکن، لەودا «هەڵکەوت و ڕاستەقینەیە» واتە بوونەوەرە. لەم نیشتەجێیە ئەشکەوت ئاسایە ئەوان وا هەست دەکەن کە «لەسەر دنیان» و «لەماڵەوەن و «ئەو شتەیان لەبەر دەستدایە کە جێگای بڕوایانە».

ئەو شتانەی لەو «نموونەیە»دا ناویان هێنراوە کە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا دەبینرێن، وێنەی ئەوەن (jenes) کە تایبەتمەندی بوونەوەرێتی بوونەوەری لێ پێک دێت. ئەمە بەڕای ئەفلاتوون ئەوەیە کە بوونەوەر بەهۆیەوە لە «ڕواڵەتەکەیدا» خۆی نیشان دەدات. ئەو «ڕواڵەتە» بەلای ئەفلاتوونەوە تەنیا کایەو ڕوانگەیەکی (Aspekt) ڕووت نییە. ئەم (ڕواڵەتە) بەبۆچوونی ئەو جۆرە بەدەرکەوتنێکی تێدایە کە بەهۆیەوە شتەکان دێنە بەرچاو. لەو «ڕواڵەتەیدا» هەمیشە بوونەوەر خۆی خۆی نیشان دەدات. ڕواڵەت بەزمانی یۆنانی بەواتای ئایرۆس، یان ئایدیایە.

ئەو شتانەی بەڕۆژ لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەن، کە تەماشا کردنی ئازاد هەموویان دەگرێتەوە، لە «نموونەکەدا» «ئایدییایەکان» دەخەنە بەرچاو. ئەگەر، بەبۆچوونی ئەفلاتوون، مرۆڤ ئەمەی نەبووایە، واتە ئەگەر ئەو «ڕواڵەتەی» شتەکان و جەوهەری زیندوو، مرۆڤ، ژمارە، خواوەندەکانی لەبەرچاو نەببایە، ئەو هیچ کاتێک و جارێک ئەمەو ئەوەی وەک خانوو، وەک درەخت وەک خوایەک پەی پێنەدەبرد. ئاسایی مرۆڤ وای بۆ دەچێ کە لەبەردەمی خۆی ئەم خانووە و ئەو درەختە و تێکڕای بوونەوەرەکان دەبینێ. لەپێشدا و زۆرجار مرۆڤ هیچ شێک لە بارەیەوە نازانی کە ئەو هەموو ئەو شتانەی لەژیانی ئاسایی بە «ڕاستەقینەیان» دادەنێ، لەژێر تیشکی چەند «بیرۆکەیدا» دەیانبینێ. ئەوانەی مرۆڤ وایان دادەنێ و وا بۆیان دەچێ گوایە هەڵکەوت و ڕاستەقینەن، هەموو ئەوانەی دەبینرێن، دەبیسترێن، تێیان دەگەیشترێ، دەژمێردرێن، بەڕای ئەفلاتوون هەمیشە سێبەری بیرۆکەن و بگرە نسێ و سێبەرن. ئەو شتە نزیکانە و بگرە سێبەر ئاسایانە و مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا کۆتوپێوەند دەکەن. ئەو لە زیندانێکدا دەژی و پشت لە هەموو بیرۆکەکان «Ideen» دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو ئەم زیندانە وەک زیندان ناناسێ و نازانێ، وای دادەنێ کە دەڤەری ژیانی ڕۆژانەی لەژێر قوبەی ئەم ئاسمانەدا کایە و بواری (Spielraum) ئەزموون و حوکم و بڕیاردانە کە پێودانگی هەموو شتێک و پێوەندییەکان دەستنیشان و ڕێوشوێن و بنەمای سیستەم

و دامەزراوەکانی ژیانی دەداتە دەست.

ئەگـەر مـرۆڤ ناچار، بەپێی نموونەکـە بیـربکاتەوە، لەناکاو لەنێو ئەشکەوتەکەدا ئاوڕ لە ئاگرەکە بداتەوە و تەماشای بکات کە تیشکەکەی سێبەری ئەو شتانەی کە دێن و دەچن لێدەکەوێتەوە، مرۆڤ وا هەست دەکات کە ئەم گۆڕانی نائاسایی سەرنجە لە هەمانکاتدا تێکدانی کرداری باوو بۆچوونی ئاساییە.

ئەم داخـوازییـە ڕووتە لە ڕادەبەدەرەی هەڵوێسـتـێکی بیـانی نائاسایی کـە دەبێ لەچوارچێوەی ئەشکەوتەکـەدا بنوێنری، ڕەت دەکـرێتـەوە: چونکـە مـرۆڤ لەوێ لە ئەشکەوتەکەدا بەوپەڕی تەواوەتی و ڕوونی هەڵکەوت و ڕاستەقینەی لەبەردەستدایە. ئەو مرۆڤەی ئەشکەوتەکە کـە لەسـەر بیـروبۆچوونی خـۆی سـوورە، ناخـوازێ تاکـە جـارێک پەی بەو شـیـاوەکـییـە بەرێت کـە هەڵکەوت، واقیعەکەی دەکرێ تەنیا هەر سێبەربێ. چۆن بۆی دەکرێ شتێک دەربارەی سێبەرەکان بزانێ ئەگەر نەیەوێ ئاگری ئەشکەوتەکـە و ئەو تیـشکـەی دەیپـژێنی بزانێ چیـیـە لە کاتێکدا ئاگرەکە خۆی «دەستکردە» و ئیـتر دەبوو لەلای مـرۆڤ جـێگای باوەڕ پێکردن بێت. بەپێـچـەوانەوە تیشکی خۆر لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا لەلایەن مرۆڤەوە دروست نەکراوە. لەڕووناکـییـەکەیدا شتی گەشەکردوو حازرو ئامادە، ڕاستـەوخۆ بەبێ ئەوەی پێویستـیان بەوە هەبێ لەلایەن سێبەرەوە بخرێنە بەرچاو، خۆیان نیـشـان دەدەن. ئەو شتـانەی لە «نموونەکـەدا» (٤) خۆیان نیـشـان دەدەن «وێنەی» «ئیـدیاییـەکـانن». خۆر لە نموونەکـەدا بە «وێنەیەکی» ئەوانە دادەنرێت کە ئیدیاییەکان والێدەکات بدیـترێن. ئەو وێنەی بیـرۆکـەی هەمـوو بیـرۆکـەکـانە Ideen. ئەمە بەڕای ئەفلاتوون واتای (هی تو ئەگاتو) دەگـەیەنێ کـە وشـە بە وشـە و بەڕاسـتی بە هەڵەیی تێگەیشتراوە، وا وەرگێڕدراوە: «بیرۆکەی چاکەخوازی»

ئەو وەک یەک و لەیەکـچـوونەی Entsprechung تائێستا ژماردمانن و کە لەنێوان سێبەر و ئەو هەڵکەوتە ڕاسـتـەقـینەدا کـە مـرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە تاقیکردنەوە پێیاندا تێدەپەڕێ و لەنێوان دیاردەی ئاگری ئەشکەوتەکە و ڕووناکیدا کە ڕاستەقینە و شتی نزیکی لەژێردایـە و لەنێـوان ئەو شـتـانەی لەدەرەوەی ئەشکەوتەکەدا هەن و ئیدێیەکان و لەنێوان خۆر و ئیدیای بەرزدا هەیە، بە تەواوەتی هەمـوو ناوەرۆکی نموونەکـە ناگرێتە خۆ. بەڵێ! شتە تایبەتییەکە بەهیچ جۆرێک باس نەکراوە، چونکە نموونەکە ڕووداو دەگرێتەوە و تەنیا هەر جێگاو مەڵبەندی مرۆڤ لەناو و دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا باس نـاکـــــات. ئەو ڕووداوانەی بـاسـکـراون بریـتـین لەگـواسـتنەوە و گـوێزرانەوە لە ئەشکەوتەکـەوە بۆ بەر ڕووناکی و جارێکی تر گەڕانەوە لەمەوە بۆ ئەشکەوتەکە.

لەم گـواسـتنەوەیەدا چ دەقـەومێ و ڕوودەدات؟! بەهۆی چیـیـەوە ئەم ڕوودانە شـیـاوەکی دەبێ و لە کـردن دێت؟ ناچارییەکەیان لەچییەوە پێدەبڕێ؟! بایەخ و گرنگی ئەم گوێزرانەوانە کامەیە؟!

گـوێزانەوە لـە ئەشکەوتەکەوە بۆ بەرتیـشکی خـۆر و لە وێشەوە جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتەکە پێویست بە گـۆڕینی ڕاهاتنی دیدە دەکـات لە تاریکـیـیـەوە بۆ ڕووناکی و لە ڕووناکییەوە بۆ تاریکی. هەموو جارێک و بەهۆی هۆکـــارە بەرانبـــەر بە یەکـــتـــرییـــەکـــان چاو ڕەشکەوپێشکە دەکات:

**«دیتای گای ئایو دیتوی گیگنونتای ئەبیتار ئاکسایس ئۆمازین» (٥)... کۆمار: 518 a,2.**

واتە:

**«دووجار چاو دووچاری سەرلێشواندن دەبێت، بەهۆی دوو هۆکاری ساکارەوە»**

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ:

مـــــرۆڤ، دەتـوانێ، یان لـە نـەزانـیـنـێـکـی هەسـت پێنەکـراوەوە بگات بەوەی کـە بوونەوەر بەشـێـوازێکی جەوهەرییـانە خـۆی نیـشـان دەدات کە ئێـسـتـاکە بۆ ئەو جەوهەرە پێنەگەیشتـووە، یان مرۆڤ هەروەها دەتوانێ لە هەڵوێـسـتـێکی زانینی جەوهەری دەرباز و قـووتار ببێ و بکەوێتە داوی هێـزی دەڤەری هەڵکەوت و واقیـعـێکی باو، بەبێ ئەوەی لەتوانایدا هەبێ کـە ئەوەی لێـرەدا بە پەیرەوکـراوو باو دادەنرێت وەک ڕاسـتـەقـینەیەک دانیـان پێدا بنێ.

هەروەک چۆن چاوی لەش پێویستـە و دەبێ بەهێمنی و لەسـەرخـۆ و بەردەوام ڕاهاتنەکـەی خـۆی سـەرتاپا بگۆڕێ umgewoehnen، ئیتر ئەگەر ئەمە لەگەڵ ڕووناکی، یان لەگەڵ تاریکی بێت، ئەوا پێـویسـتـە گـیـان (نەفس) بەپشـووی درێژ و سینگ فـراوانی و بەهێمنی و لەسەرخۆ و بە هەنگاوی بابەتییـانە لە دەڤەر و پاوانی بوونەوەردا، کـە ڕووبەڕووی دەبێـتـەوە خـۆی ڕابهـێـنێ. ئەم ڕاهاتنە لەگەڵ ئەمەشدا وا پێویست دەکات کە نەفس Seele بە تێکڕایی بەرەو ئەو بنەما بنچینەییە بگۆڕێ کە هەوڵی بۆ دەدات، هەروەک چۆن دیدە تەنیـا هەر کـاتێک دەتوانێ بە ڕاسـتی لە هەمـوو لایەک ببـینێ ئەگـەر بێـتـو لەش بە

تێکرای im Ganzen ڕەوشی گونجاوی لەگەڵ ئەم دۆخەدا هەڵبژاردبێ.

بەڵام بۆچی دەبێ ئەو خۆ گۆڕینە سەرتاپاگیرە لەو دەڤەرو کایانە بەردەوام و هێمن و لەسەرخۆ بێت؟! چونکە گۆڕان بوونی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئیتر بۆیە خۆی لە بنەڕەتی جەوهەرەکەیدا بەدیدێنێ و پیادە دەکات Voll-zieht. ئەمەش وادەگەیەنێ: هەڵوێستی بنەڕەتی، کە دەبێ لە گۆڕینی ئاراستە بکەوێتەوە پێویستە لە پێوەندییەک Bezug پەیدابێ کە جەوهەری مرۆڤی تێدایە بەرەو ڕەوتێکی نەگۆڕ گەشە دەکات.

ئەم ڕاهاتن گۆڕینە و ڕاهاتنەی جەوهەری مرۆڤ بەرەو ئەو ئاراستەی ڕووی تێدەکات، ئەو جەوهەرەیە کە ئەفلاتوون بە «پایدایا»ی ناودەبات. ئەم وشەیە لە وەرگێران نایەت پایدیا وەک ئەفلاتوون جەوهەرەکەی پێناسە کردووە بریتییە لە: ڕێ خۆشکردن بۆ گۆڕانی ئاراستەی مرۆڤ بە تێکرایی لە ماهیەتەکەیدا. (پیری ئاگوگی هولیس تیس بسیخیس). ئیتر هەر بۆیە پایدیا لەجەوهەردا پەڕینەوە و گوێزرانەوەیە، ئەمەش لە (ئەپایدویزیا)وە بۆ پایدایا دەبێ. بەپێی ئەم کەرەکتەرەی پەڕینەوە و گوێزرانەوەیە پایدایا پێوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ ئەپایدویزیادا دەبێ. بەڕاستی ئەگەرچی لەگەڵ ئەمەشدا نەک بە تەواوەتی، وشەی ئەڵەمانی «پەروەردە» Bildung پڕ بە پێستی ناوی پایدیایە. پێویستە ئێمە بە ئازادی گەرم گوڕی بنەڕەتی ئەو وشەیە بدەینەوە بەخۆی و ئەو بە هەڵە لێکدانەوەیە لەبیر خۆمان بەرینەوە کە لەکۆتایی سەدەی ١٩دا دووچاری بوو. «پەروەردە» واتایەکی دوو ڕەنگی دەبەخشێ: پەروەردە لەلایەکەوە پێگەیاندن بەواتای دارشتنێکی کراوەی گەشە کردوو دەگەیەنێ، بەڵام ئەم «پەروەردەکردنە» لەهەمانکاتدا جۆرە پێگەیاندنێکە (دارشتنێکە) پشت بە پێگرتنێکی پێشبینیانە دەبەستێ کە لەبەر ئەم هۆیە دەکرێ بە نموونە، وێنەی پێشبینیانە، ناوببردرێت. «پەروەردە کردن-پێگەیاندن» دارشتنە بەتایبەتی و ڕێگا خۆشکردنە بەهۆی وێنەوە. جەوهەری پێچەوانەی پایدیا ئەپایدویزیایە کە نەبوونی پەروەردە و پێگەیاندن Bil-dungslosigkeit. لەوەدا نەگەشەکردن و کرانەوەی هەڵوێستی بنەڕەتی دەورووژێ و نە نموونە و وێنەی پێشبینیانە دادەنرێت.

هێزی واتا بەخش و ڕوونکەرەوەی «نموونەی ئەشکەوت» لەوەدا چڕو کۆدەبێتەوە کە بەڕوونی ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە جەوهەری پایدیا دەخاتە بەرچاوو وای لێدەکات بزانرێ. بەجۆرێک بەرگری کردنەوە ئەفلاتوون دەخوازێ لە هەمانکاتدا نیشانی بدات کە پایدیا جەوهەرەکەی لەوەدانییە زانینی ڕووت بخرێتە ناخی نەفسێکی پێنەکراوەوە کە شارەزایی نەبێت وەک ئەوەی شت فڕێدەیە نێو دەفرێکی بەتاڵی ئامادەکراوەوە. پەروەردە و پێگەیاندنی ڕاستەقینە هێرش دەباتە سەر نەفس و بەپێچەوانەوە بەتێکرایی دەیگۆڕێ لەوەدا و بەوەی کە مرۆڤ دەخاتە جێگایەکی جەوهەری و لەوێدا ڕایدەهێنێ. ئیتر لە «نموونەی ئەشکەوتدا» دەبوو جەوهەری پایدیا بەوێنە نیشان بدرێت، ئەو ڕستەیەی ئەفلاتوون لەسەرەتای کتێبی حەوتەمی کۆماردا گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەست پێ کردووە، بە تەواوەتی ڕوونی دەکاتەوە:

«لەمە بەدواوە بەرێگای جۆری شارەزایی (کە دواتر نیشان دەدرێت) ڕوانگە و دیدێکی پەروەردە و پێگەیاندنت بۆ دابین دەکات (دەربارەی جەوهەر) هەروەها دیدێکی بێ پەروەردەیی، ئەوەی بریتییە لەوە کە بوونی مرۆڤیمانە بەرەو نەمان دەچێ (کە سەر بەون و پێوەندییان پێوەی هەیە).

بەپێی ڕستەکەی ئەفلاتوون نموونەیەکی «ئەشکەوت» جەوهەری «پەروەردە و پێگەیاندنی» خستۆتە بەرچاو. کەچی بەپێچەوانەوە پێویستە و دەبێ لێرەدا هەوڵ بدرێت، لێکدانەوەی نموونەی ئەشکەوت «ڕێباز»ی ئەفلاتوون دەربارەی ڕاستی Wharheit نیشان بدات. ئایا لێرەداو بەمەبەستێکی بیانی و نامۆ ناخرێتە ئەستۆی «نموونە»کەوە؟ لێکدانەوەکە گەف و هەڕەشەی ئەوە دەکات مانایەکی بەرەواژووی بە تەواوەتی گۆڕاوی شێواوی لێ بکەوێتەوە. دەکرێ ئەمە بەم جۆرە بێتە بەرچاو تا ئەوکاتەی ئەو دیدە ژیرەکییە جێگیر بەم جۆرە بێتە بەرچاو تا ئەوکاتەی ئەو دیدە ژیرەکییە جێگیر دەبێ کە هزری ئەفلاتوون دووچاری Unterwirft گۆڕانی جەوهەری ڕاستی دەبێت و دەبێتە قانوونێکی شاردراوەی ئەوەی کە هزر دەیڵێت. بەپێی پێداویستییەکی ناچارەکی لێکدانەوەیەکی دواتری دوارۆژ «نموونەکە» تەنیا هەر جەوهەری پەروەردە و پێگەیاندن ناخاتە بەر دیدو چاو، بەڵکو لە هەمانکاتدا بواری سەرنجدان لەگۆڕانێکی جەوهەری «ڕاستی» دابین دەکات. ئەگەر نموونە بتوانێ ئەم دوو لایەنە ڕوون بکاتەوە ئایا ئەمە پێویست ناکات کە پێوەندییەکی جەوهەری لەنێوان «پەروەردە» و

«ڕاستیدا» دەستبەکاربێت؟ obwalten. ئەوی ڕاست بێ، ئەم پێوەندییە هەیە لەوەشدا پێک دێت کە جەوهەری ڕاستی و جۆری گۆڕانەکەی لەسەرەتاوە «پەروەردە و پێگەیاندن» لەپێکهاتە بنەڕەتیەکەیدا شیاوەکی دەکات.

ئایا چی «پەروەردە و پێگەیاندن» لەگەڵ «ڕاستیدا» لە یەکەیەکی جەوهەریدا پێکەوە کۆدەکاتەوە؟

پایدایا گۆڕانی تێکڕایی مرۆڤ دەگەیەنێ بەو واتایە کە ڕاهاتووە کە لە دەڤەرو چوارچێوەی ئەو شتانەی لەنزیکەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بخرێتە نێو دەڤەرێکی ترەوە کە تێیدا بوونەوەر دەردەکەوێ. ئەم جێگۆڕینە تەنیا بەوە لە کردن دێت کە هەموو ئەو شتانەی تائێستا بۆ مرۆڤ دەرکەوتوون و جۆری دەرکەوتنیان بن بەجۆرێکی تر. ئەوەی جاران لەمرۆڤ نەشاردراوە بووە و جۆری نەشاردراوەییەکەی خۆی بگۆڕێ. نەشاردراوەیی Un-verborgenheit بە یۆنانی «ئەلیتیا»ی پێ دەگوترێ کە وشەیەکە مرۆڤ بە «ڕاستی» تەرجەمەی دەکات. «ڕاستی» بۆ هزری خۆرئاوا هەر لە زووەوە:

تەبایی و پێکەوە گونجانی بۆچوونی مرۆڤی بیرمەند لەگەڵ شتدا دەگەیەنێ..

لەلاتینی(٦):

adaequatio intellectus et rei

ئێمە تەنیا بەوە وازناهێنین کە هەر تەنیا مانای هەردوو وشەی پایدایا و ئەلیتیا وەرگێڕین، پتر ئێمە هەوڵ دەدەین جەوهەری بابەتی یۆنانی هەردوو وشەکە جەوهەری لە وشە وەرگێڕدراوەکاندا بە بیری خۆماندا بهێنینەوە، چونکە لە هەمانکاتدا «پەروەردە» و «ڕاستی» یەک دەگرنەوە. ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی جەوهەری پێکهاتەی ئەوەی وشەی ئەلیتیا ناوی دەبات لەبەرچاو بگرێت، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: لەکوێوە ئەفلاتوون جەوهەری نەشاردراوەیی دەستنیشان و پێناسە دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی «نموونەی ئەشکەوت»دا دەبینێتەوە. ئەو نیشانی دەدات چۆن «نموونەکە» دەربارەی جەوهەری ڕاستییە.

کە قسە لە شاردراوە و شاردراوەییەکەی دەکرێت، ئەوە ناو دەهێنرێت کە هەموو جارێک لەدەڤەری هەبوون و حەوانەوەی مرۆڤ بەئاشکراو کراوەیی ئامادەیە. بەڵام «نموونەکە» چیرۆکێکی گوێزرانەوە لەجێگایەکی حەوانەوە بۆ جێگایەکی تر دەگێڕێتەوە. لێرەوە هەر لەسەرەتاوە ئەم گێڕانەوەیە بەتێکڕایی دەبێ بە زنجیرەیەکی چوار جێگای جیاوازی حەوانەوە کە بەتایبەتی پلەوپایەیان بەرزو نزم دەبێتەوە. جیاوازییەکانی جێگای حەوانەوەکە و ئاستەکانی گوێزرانەوەکە لە جیاوازی واتای پێوەندانگ ئامێزی ئەلیتیس و جۆری هەموو جارێک دەستبەکاری «ڕاستی»دا دابین دەبێت و دەکەوێتەوە. هەربۆیە دەبێ لە هەموو ئاستێکدا بەم پێیە یان بەهی تر ئەلیتیس، نەشاردراوە، بیری لێبکرێتەوە و ناوبهێنرێت.

لە ئاستی یەکەمدا مرۆڤ لە ئەشکەوتەکەدا بە کۆتوپێوەندەوە دەژی و ئەوانە سەرسامی دەکەن و دەحەپەسێ کە یەکەمجار ڕووبەڕووی دەبنەوە. جێگای حەوانەوەکە بەم ڕستە بەرچاو خراوەیە نیشان دەدرێت:

«بەندکراوەکان. کە بەم شێوەیە کۆتوپێوەند کراون لەو باوەڕەدا نین کە لە سێبەری ئامرازەکان بەولاوە شتێکی تر بە نەشاردراوەیی هەبێت.» (515c, 8-2).

ئاستی دووەم باسی لابردنی کۆتوپێوەندەکان دەکات. بەندکراوەکان تارادەیەک ئازادن، بەڵام هەر لەئەشکەوتەکەدا دەستبەسەرن eingesperrt. لێرەدا دەتوانن خۆیان بە هەموو لایەکدا بسووڕێنن. ئەو توانایە لە ئارادایە و کراوەیە ئەو شتانەی لە پشتیانەوە هاتوچۆ کاران هەڵیانگرتووە، ببینن. ئەوانەی پێشتر تەنیا هەر سێبەرەکانیان دەدیت «پتر لە بوونەوەر» نزیک دەبنەوە. (515d,2). شتەکان خۆیان بە شێوازی دیاریکراو، بەتایبەتی لە تیشکی دەسکردی ئاگری ئەشکەوتەکەدا خۆیان نیشان دەدەن و هیچی تر بەهۆی سێبەرەکەوە ناشاردرێنەوە. ئەگەر وا ڕێک بکەوێ تەنیا سێبەر ببینن، ئەوا بەرچاویان دەگیرێ شتەکان خۆیان نابینن. خۆ ئەگەر سەرنج و دیدەکە لە دیتنی سێبەر ڕزگاری ببێ، ئەوا مرۆڤی ڕزگار بوو ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵدەکەوێ بەو دەڤەرە بگات کە نەشاردراوەیە «ئەلیتیسترا» (515d,6). ئینجا دوای ئەمە دەربارەی ئەوەی بەم جۆرە ڕزگاری بووە دەبێ بگوترێ:

«ئەوەی پێشتر (بەبێ ئەوەی شتێکی تر بکات) ڕووی داوە (سێبەرەکان) بە نەشاردراوەتردا دەنێ پتر لەوەی کە ئێستا بۆی دەردەکەوێ (هەمان شوێن لەکۆماردا):

«گایستای تاتوتی هرومینا ئەلیتیسترا ئەی تانون دا یکنومینا» (ib).

بۆچی؟! تیشکی ئاگرەکە چاو ئەکەسە کە لەگەڵیدا ڕانەهاتووە و ڕزگاربووە نابینا دەکات. نابینا بوون ڕێگای ئەوەی لێدەگرێت ئاگرەکە ببینێ و دەرکی پێبەرێت چۆن دەرکەوتنەکەی شتەکان بەدەردەخات و ڕێگای دەرکەوتنی

ئەوان دەدات. هەربۆیە ئەوی بەتیشکەکە شەوارە بووە (نابینا بووە) ناتوانی پەی بەوە بەرێت کە ئەوی پێشتر دیویەتی لە سێبەری شتەکان بەو لاوە نەبووە کە بە تیشکی ئاگرە دەرکەوتووە. ڕاستە ئێستا دەرباز بووە کە شتێکی تر دەبینێ جیا لە سێبەرەکان، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو شتێک بە تێکەڵ و پێکەڵ و شێواوی بەدی دەکات. بەراورد کردن لەگەڵ ئەمەدا دەردەکەوێ ئەوەی لە نەزانراوی و نەدیتراوی بە تیشکی ئاگرەکە دەرکەوتووە، سێبەرەکان لەچوارچێوەیەکی پتەو و دیاریکراودا بووە. ئیتر ئەو لایەنە بەردەوامە دەرکەوتووەی سێبەرەکان دەبێ بەلای دەربازبووەکەوە، چونکە ئەوان بێ سەر لێ شێوان دەدیترێن، ئەوپەڕی «نەشاردراوە» بن. هەر بۆیە لەکۆتایی نیشاندانی ئاستی دووەم جارێکی تر وشەی ئەلیتیس و بگرە بە شێوازی بەراوردکردن ئەلیتیسترا «نەشاردراوەترەکە» بەکارهاتووە. «ڕاستییە» تایبەتیترەکە لە سێبەرەکاندا خۆی دەردەخات. هەروەها مرۆڤە لە کۆتوپێوەند دەرباز بووەکە هەر بە هەڵەو نالەباری بەکارهێنانی «ڕاستی» هەڵدەسەنگێنێ، چونکە ئەو مەرجەکانی «هەڵسەنگاندنی» ئازادی لەبەردەستدا نییە. لابردنی یەکجارەکی کۆتوپێوەندەکان ئەگەرچی جۆرە ڕزگاربوونێک دەداتە دەست، بەڵام بەرەڵڵا بوون ئازادی ڕاستەقینە نییە.

ئەمە لە ئاستی سێیەمدا بەدەردەکەوێ. لێرە ئەوی لەکۆتوپێوەند ڕزگاری بووە لە هەمانکاتدا لەدەرەوەی ئەشکەوتەکەدایە «ئازادی بەدەست هێناوە». لەوێ هەموو شتێک بەڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێ. دیمەنی ئەوانەی کە شتن، هیچی تر لەبەر تیشکی دەسکردی سەرلێشێوێنەری دەرکەوتنی ئاگرەکەوە لەنێو ئەشکەوتەکەدا دەرناکەوێ. شتەکان خۆیان بە پتەوی و پابەندی و ڕێکوپێکی دیمەنیان لێرەدان. ئازادی کە ئازاد بووە کە ئێستاکە تێیدایە تەنیا دەڤەر و کایەیەکی ڕووتی بێ سنوور نییە، بەڵکو پابەندبوونێکی سنوورداری ئەو ڕووناکییەیە کە لە تیشکی دیتراوی ڕۆژ (خۆرەوە) دەپژێ. دیمەنەکانی ئەوانە، شتەکان خۆیان چین واتە ئایدیا (نموونەکان) جەوهەری ئەوە پێناسە و دەستنیشان دەکەن کە لەبەر تیشکەکەیدا هەموو بوونەوەرێکی تاک وەک بوونەرو وەک هی تر خۆیان نیشان دەدەن و کە تێیدا لەو دەرکەوتنەدا ئەوی دەردەکەوێ لەپێشدا دەبێ بە نەشاردراوە و لەبەردەستدا دەبێت.

ئەو ئاستەی حەوانەوە کە بەدەست هاتووە بەپێی ئەو نەشاردراوەییەی لێرەدا بەلایەک داخەرو تایبەتییە جارێکی تر پێناسە و دەستنیشان دەکرێت. هەربۆیە لەسەرەتای نیشاندانی ئاستی سێیەم دەستوبرد باسی: «تون نون لیگومینوس ئەلیتون» دەکرێت (516a,3) ئەوەی ئێستاکە وەک نەشاردراوە قسەی لێدەکرێت.

ئەم نەشاردراوەیە «ئەلینیستیر ون»ە بگرە لەو شتانە کە لەنێو ئەشکەوتەکەدا لەگەڵ ئەو جیاوازییەی لەگەڵ سێبەرەکان هەیانە و دەستکردانە ڕووناک کراونەتەوە، نەشاردراوەترە. ئەو نەشاردراوەیەی ئێستاکە بەدەست هاتووە لە هەموویان پتر نەشاردراوەیە «تا ئەلیتیستاتا». ڕاستە ئەفلاتوون لەم شوێنەدا ئەم نیشانەیەی بەکارنەهێناوە، بگرە ئەو لەسەرەتای کتێبی شەشەمی پۆلیتیا ناوی تو ئەلیتیاتون، لە هەمووان پتر نەشاردراوە، بەهەمان شێوە و لە هەمان کاتدا بە لێکدانەوەیەکی جەوهەرییانە، دەهێنێ. لێرەدا (484c,5sq) ئەمانە ناویان هێنراوە:

«ئەوانەی سەرنجی لە هەمووان پتر نەشاردراوەکان دەدەن» ئەوی لە هەمووان پتر نەشاردراوەیە لەوەدا خۆی نیشان دەدات کە بوونەوەرە چییە. بەبێ ئەم دەرکەوتنەی بوون- چییە (واتە نموونەکان) ئەمە و ئەو و ئەوانەی تر و لەگەڵ ئەمەدا بەتێکڕایی هەموو شتێک بەشاردراوەیی دەمێننەوە.

«ئەوی ئەوپەڕی نەشاردراوەیە» وا ناو دەبرێت، چونکە لەگشت ئەوانەدا کە دەرکەوتوون پێشییانە دەردەکەوێ و دەبێتە مایەی ئەوەی بەدەرکەوتوو لەبەردەست دابێت.

ئەگەر ئێستاکە لەنێو ئەشکەوتەکەدا ڕوو وەرگێڕان لە سێبەرەکانەوە بەرەو تیشکی ئاگرە کە ئینجا لەوێوە بۆ ئەو شتانەی کە دەردەکەون سەخت و گران بێ و بگرە سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا یەکجارەکی ڕزگاربوونی تەواوەتی لەجێگایەکی ئازاد لەدەرەوەی ئەشکەوتەکەدا پێویستی بە پشوودرێژی و کۆشش هەیە. ئازاد بوونەکە لە پسانی کۆتوپێوەند ناکەوێتەوە و بریتی نییە لە بەرەڵڵایی Zu-gel Losigkeit، بەڵکو یەکەم جار وا دەست پێدەکات: ڕاهاتنی نەپساوەی سەرنجدان و دێری جێگیر لە سنوورە جێگیرو نەگۆڕەکانی ئەو شتانەی لەدەرکەوتن و ڕوخساردا بەجێگیری ماونەتەوە. ڕزگاربوونی ڕاستەقینە بریتییە لە گۆڕانی نەپساوە بەرەو ئەوەی لە ڕوخسارو دیمەنیدا دەردەکەوێ و لەو دەرکەوتنەیدا ئەوپەڕی نەشاردراوەییەکە هەیە. ئازادی تەنیا لەم جۆرە گۆڕان و ڕووتێکردنە پێک دێت. ئەمە لەسەرەتاوە

لەلایەن جەوهەری پایدایا بەدی دەهێنرێ کە وەک گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیە. تەواو و کامڵ بوونی جەوهەری «پەروەردە و پێگەیاندن» تەنیا هەر لە کایەو دەڤەرو لەسەر بنەمای ئەوپەڕی نەشاردراوەییەکەدا دەبێت، واتە لە کایەی ئەلیتیستاتووەدا، واتە هی لە هەمووان ڕاستتردا واتە هی ڕاستی ڕاستەقینەی ڕەسەندا. جەوهەری «پەروەردە و پێگەیاندن» لە جەوهەری «ڕاستیدا» پێک دێت.

لەبەر ئەوەی پایدایا جەوهەرەکەی لە «ڕێ خۆشکردن بۆ گۆڕینی ئاستی مرۆڤ لە هەمەکییەکە و جەوهەریدا»، ئەوا ئەو وەک ئەم بارگۆڕینە Umwendung بەردەوام زاڵبوونی بەسەر ئەپایدویزیا (کەم و کوڕی پێکهاتە)دا دەگەیەنێ. پایدایا لەخۆیدا ئەو پێوەندە جەوهەرییەی تێدایە کە دەیباتەوە سەر نەبوونی پەروەردە و پێگەیاندن. ئینجا ئەگەر «نموونەی ئەشکەوت» دەبێ بەپێی لێکدانەوەی تایبەتی ئەفلاتوون جەوهەری پایدایا بخاتە بەرچاو و دیدە، ئەوا پێویستە بەدەرخستن و نیشاندانەکە و ئیتر ئەم ساتە جەوهەرییە، بەردەوامی زاڵبوون بەسەر نەبوونی پەروەردە و پێگەیاندن بخاتە بەر دید و چاوەوە. هەربۆیە گێڕانەوەکە لە چیرۆکەکەدا بەو جۆرە کۆتایی نایەت کە هەندێک حەزیان کردووە وابێت، نیشاندانی گەیشتنە بەرزترین پلەی بەرزبوونەوە و هاتنە دەرەوە لە ئەشکەوتەکە. بەپێچەوانەوە، گەڕانەوەی ڕزگاربووان بۆ ناو ئەشکەوتەکە بۆ لای کۆتوپێوەندکراوان لەگێڕانەوەی «نموونەکەدا»یە. ئازاد بووەکە دەبێ سەرنج لەلای نەشاردراوەیی بۆ لای بەئاسوودەیی نابینێ. دووچاری ترسناکی باڵادەستی ئەو ڕاستییە کە لەوێدا بەلایەک خەرە دەبێ، واتە ملکەچی داواکاری گشتی هەڵکەوتی ئەوێ ببێ کە بە تاکە هەڵکەوت (واقیع) دادەنرێت. ئازاد بووە کە هەڕەشەی ڕێ تێچوونی ئەوەی لێ بکرێ بکوژرێ، ئەو ڕێ تێچوونەی چارەنووسی سوکراتی «مامۆستا»ی ئەفلاتوون بووبێ بەهەڵکەوت و ڕاستەقینە.

گەڕانەوە بۆ نێو ئەشکەوتەکە و شەڕ لە چوارچێوەی ئەشکەوتەکەدا لەنێوان ئازاد کەر و ئەو بەندکراوانەی دژی هەموو ئازادبوونێک تێدەکۆشن، پلەی چوارەم پێک دەهێنێ کە «نموونەکە» پێی تەواو دەبێت. ڕاستە وشەی ئەلیتیس لەم بەشەی گێڕانەوەکەدا بەکارنەهاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ لەم ئاست و پلەیەدا قسە لە نەشاردراوە بکرێت کە سەرلەنوێ دەڤەری خوازراوی ئەشکەوتەکە دیارو دەستنیشان دەکات. ئایا ئەوەی پێشتر لە ئاستی (پلەی) یەکەمدا لەنێو ئەشکەوتەکەدا بە «نەشاردراوە» بەلایەکدا خەر ناوبراو سێبەرەکان نەبوون؟ بێگومان وایە. تەنیا بۆ نەشاردراوەیی هەر ئەوە جەوهەری نییە کە بەشێوازێک لەشێوازەکان دیاردەکە بخاتە بەردەست و بە کراوەیی و دەرکەوتوویی بیهێڵێتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە نەشارداوەکە بێ پسانەوە بەسەر نەشاردراوەیەکی شاردراوەدا زاڵ ببێ و لەناوی ببات.

نەشاردراوەکە دەبێ لە شاردراوەیی دابڕدرێ و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەمە زەوت بکرێت، لەبەر ئەوەی بەلای یۆنانیەکانەوە(٧) لەسەرەتاوە شاردراوەیی خۆی لە جەوهەری بووندا شاردۆتەوە و بەسەریدا زاڵە و بەمەش بوونەوەر لە بوونی ئێستایدا و لەوەدا دەست دەیکاتی (ڕاستی) دەستنیشان دەکات، هەربۆیە ئەو وشەیەی لەلای یۆنان بۆ وشەی ڕۆم (Veritas) «واتە ڕاستی» بەکارهاتووە و کە ئێمە بە Wharheit ناوی دەبەین، بە پیتی (a) دەست پێدەکات جۆرە ناکردنێک ئەلیتیا دەگەیەنێ. ڕاستی ئیتر هەموو جارێک زەوت کردن و پچڕینە بەشێوازی پەردە لەسەر لادانداEntbergung. شاردراوەیی دەکرێ بەم پێیە شێواز و جۆری جیاوازی هەبێ:

داخران، شاردنەوە، داپۆشین، پەردە بەسەردادان، چاوبەستەکێی.

لەبەر ئەوەی بەپێی «نموونەکەی» ئەفلاتوون دەبێ بەرزترین پلەی نەشاردراوەیی لە نزمترین و سەختترین شاردراوەییەوە بە تۆبزی زەوت بکرێت، هەربۆیە جێگۆڕین لە ئەشکەوتەکەوە بۆ دەرەوەی بەر ڕووناکی ڕۆژ تێکۆشان و شەڕێکی ژین و مردنە. «زەوت کردن» Pri-vation، بە تۆبزی بەدەستهاتووی نەشاردراوەییەکە سەر بە جەوهەری ڕاستییە، بۆیە ئاستی چوارەمی «ڕەمز»ەکە هێمایەکی تایبەتی نیشان دەدات. هەربۆیە ئەم ئاستە وەک هەرسێک ئاستەکەی پێشووی «نموونەی ئەشکەوت»ەکە قسە لە ئەلیتیا دەکات.

بەتێکڕایی ئەم «نموونەیە» تەنیا بۆیە دەکرا بە دیمەنی نموونەی ئەشکەوت داڕێژرابایە، چونکە تاقیکردنەوەی بنەڕەتی ئاسایی لەلای یۆنانەکان بەهۆی ئەلیتیاوە، بەهۆی نەشاردراوەیی بوونەوەر دیارو دەسنیشانکراوە، ئیتر دەبێ ئەم ئەشکەوتە ژێرزەوییە لەوە بەولاوە کە شتێکی دەرگاکراوەیە و بەچوار دەوریدا دیوار گیراوی لەزەوی دابڕاوی، سەرەڕای ئەو دەروازەیەی هەیەتی،

چیتر بێت؟ ئەشکەوتە کراوە لە چوار لاوە گیراوەکە و ئەوەی دەبێتە مایەی گۆڕان و شاردنەوەی، هەمووی لە هەمانکاتدا ئەوە نیشان دەدا کە لەدەرەویدا دەقەومێ، نەشاردراوەیی بەدرێژایی ڕۆژ خۆی لەبەر تیشکدا دەردەخات. جەوهەری ڕاستی کە سەرەتا لە یۆناندا بە واتای «ئەلیتیا» بەهزردا هاتووە، نەشاردراوەیی کە بە شاردراوەییەوە بەندە (شێوێنراو و داپۆشراو)، تەنیا هەر ئەو خۆی پێوەندییەکی جەوهەریی بە وێنەی ئەو ئەشکەوتەوە هەیە کە دوور لە ڕۆژە. لەو جێگایەی ڕاستی جەوهەرێکی تری هەیە و شاردراوەیی نییە یان بەلای کەمەوە بەهۆیەوە دیارو دەستنیشان ناکرێت، لەوێدا «نموونەیەکی ئەشکەوت» هیچ ناوەرۆکێکی دەربڕینی بەرچاوخستنی نابێت.

لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ ئەلیتیا لە «نموونەی ئەشکەوتەکەدا» بابەتی ئەزموونێکی تایبەتی بێت و لەشوێنە ناوبراوەکاندا ناوی هاتبێ، ئەوا لە جیاتی شاردراوەیی جەوهەرێکی تری ڕاستیی بەتوندی دێتە پێشەوە. بە ئەمەش ئەوە گوتراوە، کە لە هەمان کاتدا شاردراوەیی خۆیشی جێگایەکی شیاوی هەیە.

نیشاندانی «نموونەکە» و لێکدانەوە تایبەتییەکەی ئەفلاتوون ئەوە دەسەلمێنن کە ئەشکەوتە ژێر زەوییەکە ئەوەی لە دەرەوەیەتی، ئەو کایە و پاوانەیە، کە لە دەوروبەریدا، ڕووداوە باسکراوەکان دەقەومێن. پوختە لێرەدا ڕووداوە گێڕدراوەکانن و بەرزبوونەوەیە لە جوغزی تیشکی ئاگرە دەسکردەکە بەرەو ڕووناکی تیشکی ڕۆژە (خۆرە)، ئینجا لە هەمان کاتدا هاتنەوە خوارێ لەلای سەرچاوەی تیشکەوە بەرەو تاریکی ئەشکەوتەکە. لە «نموونەی ئەشکەوتەکەدا» هێزو تینی نیشاندانەکە نە لە وێنەی کڵۆم و داخراوی چاڵە ژێر زەوییەکە و نە لە بەندکران لەجێگای بەندکردنەکەوە و هەروەها نە لە ئاسۆی کراوەی دەرەوەی ئەشکەوتەکەوە دەکەوێتەوە. هێزی دەربڕین لە «نموونەی ئەشکەوتەکەدا» کە وێنە بەرجەستە دەکات بۆ ئەفلاتوون پتر لە ڕۆڵی ئاگرەکەدا، لە تیشکی ئاگرەکە و لە سێبەرەکاندا و لە ڕووناکی ڕۆژدا و لە تیشکی خۆر و لەخۆردا خۆی کۆدەکاتەوە. هەموو شتێک پشت بە Liegt/am دەرکەوتنی دەرکەوتووەکەو بەتوانای شیاوەکی دیتنەکەی دەبەستێ. ڕاستە نەشاردراوەیی لە هەموو ئاست و خانە جیاوازەکانیدا ڕاستە نەشاردراوەیی لە هەموو ئاست و خانە جیاوازەکانیدا ناوی هێنراوە، بەڵام ئەو تەنیا وا بە

هزردا هاتووە، چۆن ئەو دەرکەوتووەکە لە دیمەنی دەرکەوتنیدا (ئایدیۆس) و چۆن ئەم خۆ نیشاندەرە (ئایدیا) بەدەردەخات. ڕامانی تایبەتی ڕاست و ڕەوان دەرکەوتنی دیمەنی بەدەرکەوتوو کە تیشکی درەوشاو و درەخشان دەستەبەری دەبێت، دەگرێتەوە. ئەمە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ و دەرفەت دەدات بوونەوەرە مەبەستەکە وەک چ شتێک نیشان دەدرێ. لێ وردبوونەوەی ڕاست و دروست کەوابوو «ئایدیا» دەگرێتەوە gilt. ئەو نموونەیە «ئایدیا» ئەوەیە کە دیمەنی دیتنی بوونەوەر دابین دەکات. ئایدیا کە دەرکەوتنە بێگەردەکەیە بەواتای ئەم گوتەیە: «خۆر هەڵاتووە و دەدرەوشێتەوە». «ئایدیا» لەسەرەتادا ڕێگای «دەرکەوتنی» شتێکی تر لە پشت خۆیەوە نادات، ئەو خۆی دەرکەوتووەکەیە، کە دەرکەوتنی خۆی بە تەنیا بەلاوە گرنگە. ئایدیا خۆی دەرکەوتووترە. جەوهەری ئایدیا Idee لە توانای دەرکەوتن و بە دیارکەوتندایە. ئەمە بوونی تێنەپەڕ، واتە بوونی تێنەپەڕی An-wesung ئەوە کە بوونەوەرێک بوونە و هەیە تەواو دەکات. لە چی-ێتی بوونەوەردا هەموو جارێک ئەم بوونە ساغ دەبێتەوە. بوونی تێنەپەڕ بەگشتی جەوهەری بوونە، بۆیە بۆ ئەفلاتوون بوونی تایبەتی جەوهەر لەچێتی-بووندایە Was-sein. تەنانەت ناونانە دواییەکە چێتی quidditas جەوهەری ڕاستەقینە، جەوهەرەکەیە es-sentia نەک بوونەوەرەکە existentia، ئەوەی نموونە (ئایدیا) بەدەر دەخات وادەکات بەو جۆرە بدیترێ، دەرفەتی دیتنەکەی دەدات نەشاردراوەیی ئەوەیە کە چۆن دەردەکەوێ. بەم پێیە نەشاردراوەیی لە پێشەوە و بە تەنیا وەک ئەوە تێی دەگەیشترێ کە لە پەیبردن بە ئایدیادا پەی پێدەبردرێ کە وەک لە ناسیندا دەناسرێن لێ دێت. بەژێر پەی پێبردن «نۆ ئایێن» و ژێر «نۆس» (پەیپێبردن) لەپێشەوە لەم جۆرە بەکارهێنانەی ئەفلاتووندا پێوەندییە جەوهەرییەکەیان بە ئایدیاوە دەستگیر دەبێ. دەستبەکاربوون لەم خۆئاراستەکردنەدا بەرەو ئایدیا جەوهەری پەی پێبردن و Vernehmung لە ئەنجامدا جەوهەری «ژێر» دەستنیشان و دیار دەکات.

«نەشاردراوەیی» ئێستاکە ئەوە دەگەیەنێ کە نەشاردراوەکە هەمیشە وەک ئەوەیە کە بەسایەی durch توانای دەرکەوتوویی ئایدیا دەستگیر دەبێ. ئەوەندەی ئەو دەست پیادا گەیشتنە Zugang بەناچاری بەهۆی «دیتنێکەوە» بەتەواوی دەرەخسێ، ئەوا نەشاردراوەییە کە پێوەندییەکی لەگەڵ دیتنەکەدا لەچاو ئەمەدا بۆ

پەیدادەبێت. هەر بۆیە لەکۆتایی کتێبی شەشەمی کۆمار (politeia) ئەو پرسیارەی گەڵاڵەکراوە، ئەمەیە: بەهۆی چییەوە دیتراو و دیتن لە پێوەندییان بەیەکتریەوە بوون بەوەی کە ئەمەن؟! پێوەندی چڕوپڕی نێوانیان لەچی پێکهاتووە؟ چ نیرێک Joch هەردووکیانی پێکەوە بەستۆتەوە. (کۆمار: 508a,1). وەڵامەکە کە «نموونەی ئەشکەوتەکە» بەرجەستەی کردووە، بە وێنە نیشان دەدرێت: خۆر وەک سەرچاوەیەکی تیشک دیتن بە بینەر دەبەخشێ، بەڵام دیتن ئەوەندەی چاو بەهۆی «خۆرەوە ڕۆشنە (هیلیوئایدس)، لەوەدا توانای هەیە سەر بە جۆری جەوهەری خۆر بێت، واتە دەرکەوتنەکەی تەنیا هەر ئەوەی بەرچاوە دەبینێ. چاو خۆی «ڕۆشن» دەبێ و خۆی بۆ دەرکەوتنەکە ساز دەکات و دەتوانێ ئەوە پێشوازی بکات کە دەردەکەوێ و پەی پێبەرێ. ئەگەر بابەتییانە بیربکرێتەوە ئەم وێنەیە جۆرە هەماهەنگییەک دەگەیەنێ کە ئەفلاتوون (VI, 508e, 1sq) بەم جۆرە دەریبڕیوە:

«ئیتر ئەوەی توانا دەبەخشێ نەشاردراوەیی بزانرێ و هێز بەوە دەدات کە دەناسێ (شت بزانێ)، ئەوە، من دەڵێم، نموونەی چاکەیە.»

«نموونەکە» خۆر بەوێنەی نموونە (ئایدیا)ی چاکە ناودەبات کەواتا جەوهەری ئەم نموونەیە Idee لەچی پێکهاتووە؟! وەک ئایدیا چاکە ئەوەیە بەرچاوە و دەردەکەوێ، وەک ئەمە دیتن بەخشەو وەک ئەمە خۆی بەرچاوە و دەدیترێ، ئینجا دەکرێ بزانرێ و بگرە لەکایەو پاوانی ئەوەی دەکرێ بزانرێدا بیرۆکەی چاکە هەموو دەرکەوتووەکان بە تەواوەتی دەستەبەر دەبێ و ئیتر هەروەها لەکۆتاییدا دیتنە تایبەتییە دیتراوەکەیە، بەو جۆرە، ئەو بەدەگمەن نەبێ (بەکۆششێکی زەبەندە نەبێ) نابێ بەدیتنی ڕاست و ڕەوان «517b,8».

«تو ئەگاتون» بە دەربڕینێک کەوا دەردەکەوێ تێبگەیشترێ کە چاکەیە، وەردەگێڕدرێ. لێرەشدا مرۆڤ بەتێکڕایی «چاکەی ئاکاری» بە بیردا دێت، کە واتاکەی ئەمەیە، چونکێکم لەگەڵ قانوونی ئاکاردا تەباو گونجاوە، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە لەجۆری بیرکردنەوەی یۆنانییانە دەچێتە دەرەوە، ئەگەرچی لێکدانەوەکەی «ئەگاتۆن» لەلایەن ئەفلاتوون خۆیەوە وەک بیرۆکە دەبێ بە بیانووی ئەوەی «چاکە» «ئاکارییانە» بە هزردا بێت و لە دواییدا بەهەڵە وەک «بەهایەک» دابنرێت. بیرۆکەی بەها کە لە سەدەی ١٩یەمدا وەک ئەنجامێکی ناوەکی تێگەیشتنی «ڕاستی» لەسەردەمی نوێدا هاتۆتە پێشەوە بریتییە لە دوا وەچە و لاوازترینی «ئەگاتون». ئەوەندەی «بەهایەکە» و لێکدانەوەی «بەهاکان» لە میتافیزیکی نیتشێدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە لە ڕوخساری «گۆڕینی سەرتاپای بەهای هەموو بەهاکاندا» خۆی نواندووە «Umwertung aller Werte» نیتشێش، چونکە ئەو لە زانینی میتافیزیکی بنچینەی «بەها» بێبەش بووە، لەچوارچێوەی مێژووی میتافیزیکی خۆرئاوادا لایەنگیرێکی بێ جڵەوی ئەفلاتوون بووە. لەوەدا کە نیتشێ بەهای بەو مەرجە داناوە کە «ژیان خۆی» بۆ ئاسان کردن و شیاوەکی کردنی ژیانی دایناوە ئەوا بەبێ لایەنانە و بێ بڕیاری پێشییانە لە جەوهەری ئەگاتون گەیشتووە، ئەو بڕیارە ئەوانەی بە ڕۆشنبیری چەمکی بێ بنەما گۆش کراون و بەدوای ڕاوی «بەهای لەخودا ڕاست»دا دەگەڕێن، تێی کەوتوون.

ئێستا ئەگەر مرۆڤ تەنیا وا بیربکاتەوە کە جەوهەری بیرۆکە «ئایدیا» لە ڕوانگەی سەردەمی نوێدا پەی پێبردنی خودییە Perceptio، ئەوا مرۆڤ لە «بیرۆکەی چاکە»دا بە «هایەک» کە لە جێگایەک لەخۆیدا هەیە دەبینێ لەمەش، سەرەڕای ئەمە، بیرۆکەیەک نموونەیەک «ئایدیا» یەک هەیە. ئەم «بیرۆکەیە» دەبێ بەرزترین نموونە بێت، چونکە لە هەموو گرنگتر ئەوەیە (بۆ سوود و قازانج و خێرو خۆشی گشتی و جێگیربوونی ڕێک و پێکی و نەزم) هەموو شتێک بەچاکەیی بچێتە سەر.

لە چوارچێوە و بازنەی ئەم بیرکردنەوەی سەدەی نوێدا ئاساییەکە هیچی تر پتر لە جەوهەری بنەڕەتی «نموونەی چاکە» ئەفلاتوون نەگەیشترێ.

توی ئەگاتون (چاکە- خێر) بەپێی تێگەیشتنی یۆنانی، ئەوەی بۆ شتێک سوودبەخشە و بۆ شتێک سوود بەخشە و بۆ شتێک سوودبەخشی دەبەخشێ و دەگەیەنێ. هەموو «ئایدیا»یەک، دیمەنی شتێک، سەرنجی ئەوە ڕادەکێشی کە بوونەوەرە. نموونە (ئایدیا) ئیتر ئەوەیە، بەپێی هزری یۆنانی دەبێتە مایەی بەکەڵک هاتن بۆ ئەوە ئەگەر شتێک لەوەدا چییە دەربکەوێ و لەبەردەوامییەکەیدا بتوانێ بوونی حازر بەدەستی هەبێ. ئایدیایەکان بوونەوەری بوونەوەرن. ئەوەی کە هەموو بیرۆکەیەک والێدەکات بۆ بیرۆکەیەک بە کەڵک بێت، وەک ئەفلاتوون دەریبڕیوە: بیکات بە بیرۆکەی هەموو بیرۆکەکان، بۆیە لەوە پێکدێت کە دەرکەوتنی بوونە حازرییەکان لە هەموو دیداری دیتنیاندا مسۆگەر بکات و دەستەبەر ببێ. جەوهەری هەموو بیرۆکەیەک لەوەدایە

دەرکەوتن شیاوەکی بکات و بۆی بەکەڵک بێت، دیداری بەدەرکەوتنێک دەستەبەربێ، لەبەر ئەمە نموونەی نموونەکان بەخشندەی بە سوودبەخش کردن دەستەبەر دەبێ، تو ئەگاتون. ئەمە هەموو ئەوەی توانای دەرکەوتنی هەیە بەرەو دەرکەوتن دەبات و هەربۆیە خۆی دەرکەوتی ڕاستەقینە، کە لەدەرکەوتنەکەیدا بەدەرکەوتووتر نییە. هەربۆیە ئەفلاتوون (518c,q) ئەگاتون بە ئەوپەڕی بەدەرکەوتوو (دەرکەوتووترین)ی بوونەوەر ناودەبات (توی ئونتوس تو فانو تاتون).

چەمکی «بیرۆکەی چاکە» کە بۆ سەدەی نوێ ئەوپەڕی شێواو و تەفرەدەرە، ناوی ئەو بیرۆکە نایابەیە کە وەک بیرۆکەی بیرۆکەکان بە ئەوپەڕی بەکەڵک و سوودبەخشی بۆ هەموو شتێک دەمێنێتەوە. ئەم بیرۆکەیە، کە دەکرێ بە تەنیا بە «چاکی» ناوببردرێ بە نموونەی بەرز و باڵا دەمێنێتەوە (ئایدیا تیلویتایا)، چونکە لەودا جەوهەری بیرۆکە خۆی پیادەکات و واتە، دەست پێدەکات ببێ بە جەوهەر، بە جۆرێک کە لەوەوە شیاوەکی هەموو بیرۆکەیەکانی تری دەکەوێتەوە. چاکە دەشێ بە «بیرۆکەی ئەوپەڕی بەرز» بەدوو واتا ناوببردرێ: ئەو لە پلەی شیاوەکی کردندا بەرزترینە و چاوتێبڕینی، لەلایەکی ترەوە سەختترینە و بۆیە کۆششێکی زەبەندەی دەوێ. سەرەڕای ئەوپەڕی کۆششەی بۆ تێگەیشتنی گەرەکە، بیرۆکەکە بەپێی جەوهەری بیرۆکەکە، بەپێی بیری یۆنانییەوە دەبێ بە «چاکە» ناوببردرێ، لەگەڵ ئەمەشدا بەشێوازێکی دیاریکراو، لە هەموو جێگاو کاتێک و بەردەوام لەو جێگایەدا بەگشتی بوونەوەرێک خۆی نیشان دەدات، لەمەودای دیددا دەبێت. خۆیشی لەو جێگایە کە تەنیا لە جەوهەرەکەیدا ئەو سێبەرە شاردراوانە بەدی دەکرێن، دەبێ ئاگرێکی تیشک پڕێن هەبێ ئەگەر چی بەڕاستی پەی بەم تیشکە نەبردرێ و نەزانرێت کە خەڵاتێکی ئاگرە و ئەگەر هەروەها نەزانرێ ئەم ئاگرە لە کۆرپەی خۆر بەولاوە نییە (ئەنکو نون VI,507a,3) لەناو ئەشکەوتەکەدا خۆر بە نەدیتراوی دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا سێبەرەکان بە تیشکەکەی دەژین، بەڵام ئاگری ئەشکەوتەکە کە خۆی لە جەوهەرە تایبەتییەکەیدا پەی پێبردنی ناسینەکەی سێبەرەکان دەستەبەر نابێ، وێنەی بنەما نەناسراوەکەی شارەزایی بوونەوەرەکە ئەگەرچی مەبەستی بوونەوەرەکەیە، بەڵام ئەو ئەمە وەک بوونەوەر ناناسێ، بەڵام خۆر بەهۆی هەڵاتنەکەیەوە نەک هەر تەنیا ڕووناکی دەدات، بەڵکو بەمەی بەدەرکەوتنی دیدارو ئینجا نەشاردراوەکان و دەرکەوتووەکان دەبەخشێ هەڵاتنەکەی لە هەمان کاتدا گەرما دەبەخشێ و بەسووربوونەوەی بۆ هەموو «پەیدابوونەکان» بوونی بەدەرکەوتنیان دابین دەکات (50q b).

ئەگەر جارێک خۆر بەڕاستی بدیترێ (ئۆفتین ئیدی) بەبێ وێنە باس بکرێت، ئەگەر جارێک بیرۆکەی بەرز بەدی بکرێت ئەوکاتە دەکرێ بەگشتی یەکڕەنگی (لە نموونەی بەرزەوە) بخرێتەوە کە ئەو بۆ خەڵک بە ئاشکرا هۆکاری هەموو ڕاستییە کە (لەکرداریاندا) و هەروەها هی هەموو جوانییەکە» (517c 3-4): (سیل لو گستایا ئایناى هوس ئارا پازی پانتون ئوتی ئورتون تی کای کالون ئایتیا) واتە هۆکاری ئەوەیە کە بۆ کردار بەجۆرێک دەردەکەوێ بتوانێ دیارکەوتنی دیمەنێک بەرەو بەدەرکەوتن بەرێت. بۆ هەموو بابەتێک و بابەتیەتەکەی نموونەی بەرز بنەڕەتە واتە هۆ-کارە. Ur-Sache. چاکەکە Das Gute دەرکەوتنی دیمەن دابین دەکات، لەوەدا کە بوونە حازرییەکە، چییە، بوونی بەردەوامی هەیە. بەهۆی ئەم دابین کردنەوە Gewahrung بوونەوەر لە بووندا دەمێنێتەوە و «ڕزگار» دەبێ.

لەجەوهەری نموونەی بەرزەوە بۆ هەموو سەرنجدانێکی بە تەنگ خۆوە هاتن دەکەوێتەوە کە: ئەوکەسەی خەمی ئەوەی هەیە کە ئیتر لەکاروباری تایبەتیدا، لەکاروباری گشتیدابێ بەژیری و مشوور خواردنەوە کردار بکات، ئەمەی (بیرۆکەکە، کە وەک دابین کردنی جەوهەری بیرۆکەی چاکە ناودەبردرێ) لەبەر دید و چاوی بێت: هوتی دی تاوتین ئایداین تون سیلونتا ئیمغرونوس براکساین ئەی ئیدیاتەی دیموزیا. (517c, 4-5).

ئەوی بیەوێ و پێویست بێ لە جیهانێکدا کە نموونە دیارو دەستنیشانی کردبێ ڕەفتار بکات پێویست دەبێ پێش هەموو شتێک سەرنجی نموونە بدات. هەروەها لەمەدا جەوهەری «پایدایا» پێک دێت کە بریتییە لەوەی مرۆڤ ئازاد و جێگیربێ بۆ ئەوەی توانای سەرنجدانی جەوهەری ڕوون و بەردەوامی هەبێ، لەبەر ئەوەی ئێستا بەپێی لێکدانەوەی تایبەتی «نموونەی ئەشکەوت» لەلایەن ئەفلاتوونەوە دەبێ جەوهەری «پایدایا» بخرێتە نێو وێنەیەکی مایەی سەرنجدان و دیتنەوە، هەربۆیە پێویستیشە بەرزبوونەوە بۆ دیتنی بەرزترین نموونە بە باسکردن بگێڕێتەوە. کەواتا «نموونەی ئەشکەوت» بریتی نییە لە بایەخدانی بنەڕەتییانە بە ئەلیتیا؟ بەدڵنیاییەوە

نەء. هەروەها لەگەڵ ئەمەدا ئەمە هەر دەمێنێتەوە:

ئەم نموونەیە «ڕێبازی» ئەفلاتوونی دەربارەی ڕاستی تێدایە.

ئەمە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ڕووداوە نەدرکاوەکەی بە ئاغابوونی ئایدیا لەسەر ئەلینیا دەگەیەنێ. «نموونەکە» ئەو وێنەیە دەداتە دەست کە ئەفلاتوون دەربارەی نموونەی چاکە گوتوویەتی: ئەو خۆی ئاغا ژنە لەوەدا (دەرکەوتنی) نەشاردراوەیی دەستەبەر دەبێ و لە هەمانکاتدا پەی پێبردنەکەشی (هی نەشاردراوەیی) دابین دەکات. (517c, 4). (ئوتی کوریا ئەلیتایان کای نون پارا سخومینی). ئەلیتیا کەوتۆتە ژێر نیری ئایدیاوە. کاتێک ئەفلاتوون دەربارەی ئایدیا دەڵێ: ئەو ئاغا ژنەیە Herrin کە ڕێگای نەشاردراوەیی دەدات، شتێک نیشان دەدات کە خۆی نەیگوتووە، کە بریتییە لەوەی جەوهەری ڕاستی وەک جەوهەری نەشاردراوەیی لە پڕی و تێروتەسەلی جەوهەرە تایبەتیەکەیەوە ناکەوێتەوە، بەڵکو خۆی بەرەو جەوهەری ئایدیا دەگوێزێتەوە. جەوهەری ڕاستی دەست بەرداری تایبەتمەندی بنەڕەتی نەشاردراوەیی دەبێت.

ئەگەر لە کرداری بوونەوەردا لە هەموو کات و سەردەمێکدا گرنگ تەماشاکردن و سەرنجدانی نموونەبێت، دیتنی دیمەنەکە بێت، ئەوا پێویستە لەسەرەتاوە هەموو کۆششێک بۆ شیاوەکی کردنی ئەم جۆرە دیتنە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرنجدانی ڕاست پێویستە. ئەوی هەر لە ئەشکەوتەکەدا ڕزگاری بووە، ئەگەر پشت بکاتە سێبەرەکان و ڕوو لە شتەکان بکات، ئەوەی کەلە هەمووان «بوونەوەرترە» نەک سێبەرە ڕووتەکان، سەرنج دەدات:

«ئەوی ڕووی کردۆتە لە هەمووان بوونەوەرتر بۆی هەیە بە باشی سەرنج بدات». (515d,3-4)

گوێزرانەوە لەدۆخێکەوە بۆ یەکێکی تر بەوە دەبێ کە سەرنجدان و دیتنەکە ڕاستتر بێت. هەموو شتێک بەراستێتی سەرنجدانەوە بەندە. بەهۆی ئەم ڕاستییەتییەوە دیتن و زانین، بەجۆرێک لەسەرەتاوە ڕووبەکەنە نموونەی بەرز، ڕاست دەبن و لەم ڕوو تێکردنەدا جێگیر دەبن. لەم ڕووتێکردنەدا پەی پێبردن لەگەڵ ئەوەدا وەک یەک یەک دەبێ کە دەبێ بدیترێ. ئەمە «دیمەنی» بوونەوەرە. بەپێی ئەم وەک یەکبوونەی پەی پێبردنە کە سەرنجدانە لەگەڵ نموونەکە جۆرە پێکەوە گونجانی Ubereinstimmung زانین و شتەکە خۆی پێک دێت. ئیتر لە پێشکەوتن و پلە بڵندی ئایدیا و ئایدیاینەوە، نموونە و سەرنجدانەوە، لەچاو ئەلیتایا جۆرە گۆڕانێکی جەوهەری ڕاستی دەکەوێتەوە. ڕاستی (هەقیقەت) دەبێتە دروستی و ڕاستی Richtigkeit پەی پێبردن و شارەزابوون ودەربڕین.

لەم گۆڕانەی جەوهەری ڕاستیدا لە هەمان کاتدا گۆڕانی جێگای ڕاستی دەکەوێتەوە. وەک نەشاردراوەیی ئەو هەر تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی بوونەوەر خۆیەتی، بەڵام وەک ڕاستییێتی «سەرنجدان» دەبێتە تایبەتمەندییەکی بەدەرخستنی کرداری مرۆڤ بەرانبەر بە بوونەوەر.

لە هەندێ لاوە پێویستە ئەفلاتوون، لەگەڵ ئەمەدا، سوور بێ لەسەر ئەوەی کە «ڕاستی» کارەکتەری بوونە، چونکە بوونەوەر وەک لەلایەکی بوونی حازرییەوە لەدەرکەوتندا بوونی هەیە و ئەمەش نەشاردراوەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. لە هەمان کاتدا پرسین دەربارەی نەشاردراوەیی دەگۆڕدرێ بە پرسین دەربارەی دەرکەوتنی دیمەن و ئینجا بەهۆی ئەمەوە دەبێ بە هی پەیوەندیدار بە دیتن و ڕاستی و دروستییێتی ئەم دیتنەوە. هەربۆیەشە لە ڕێبازی ئەفلاتووندا جۆرە دوو ڕەنگییەکی ناچارەکی هەیە. ئەمە خۆی شایەنی ئەوەیە کە پێشتر نەگوتراوە و دەبێ دەربارەی گۆڕانی جەوهەری هەقیقەت بوترێ. دوو ڕەنگییەکە بەوپەڕی توندی و بەتینییەوە لەوەدا خۆی یەکالادەکاتەوە کە باسی ئەلیتیا دەکرێ کەچی مەبەست ئۆرتۆتیسە (ڕاستی و دروستی)یە و بە پێودانگ دادەنرێ، ئەمەش هەمووی لە هەمان پرۆسەی بیرکردنەوەکەدا دەکرێت.

لەتاکە ڕستەیەکەوە کە لەو بڕگەیەدا هاتووە، کە لێکدانەوەکەی ئەفلاتوونی دەربارەی «نموونەی ئەشکەوت» تێدایە (517b, 7-c5) دەکرێ دوو ڕەنگی دەستنیشانکردنی ڕاستی دەستگیربێ (ablesen). بیرۆکە سەرەکییەکە ئەوە بووە کە نموونە بەرزەکە ئەو بزەیە (Joch) کە پێوەندی نێوان زانین و زانراوەکە توندوتۆڵ دەکات. بەدوو جۆر لەم پێوەندییە دەگەیشترێ. لەسەرەتاوە و بەلایەکدا خەرانە ئەفلاتوون گوتوویەتی:

«نموونەی چاکە هۆکاری هەموو دروستی و جوانییەکە.»

(واتە: هۆکاری شیاوەکی کردنی جەوهەرەکەیەتی.)

بەڵام ئەمە وادەگەیەنێ کە: نموونەی بەرزی ئەو ئاغا ژنەیە کە بەدیهێنانی نەشاردراوەیی و پەی پێبردن و شارەزابوون دەستەبەر دەبێت، ئەم دوو ڕستەیە وەک یەک نین بە تەریبی بەرەوپێش ناچن، کە بەجۆرێک ئۆرتا

لەگەڵ «ڕاست و دروست» و (ئەلیتیاو) (کالا) لەگەڵ جوندا و نۆس ژیر لەگەڵ پەی پێبردن بگونجێ و وەک یەک بن. پتر وەک یەکبوونەکە بە یەکتری بڕین دەبێ. پەی پێبردنی ڕاست و ڕەوان وەک ڕاست و ڕەوانی (ئورتا)یە، نەشاردراوەیی لەگەڵ جوانیدا یەک و گونجاوە، جەوهەری جوانی لەوەدایە کە دەرکەوێ پرشنگ بدات (ئەکفانستاتون) (لەگەڵ فایدروس-دا بەراوردی بکە)، ئەوەی بە تێکڕایی و بەبێ گەردی بۆ خۆی دەردەکەوێ، دیمەن نیشان دەدات و نەشاردراوە دەبێ. ئەم دوو ڕستەیە باسی پلە بەرزیی Vorrang بیرۆکەی چاکە وەک شیاوەکی کردنی ڕاستییێتی زانین و باسی نەشاردراوەیی زانراوەکە دەکەن. ڕاستی لێرەدا بەتایبەتی نەشاردراوەیی و دروستییە، ئەگەرچی لەهەمانکاتدا نەشاردراوەیی لەژێر باری نیری ئایدیاشدا بێت. هەمان دوو ڕەنگی لە دەستنیشانکردنی جەوهەری ڕاستیدا لەلای ئەرستۆتلس باوو زاڵە. لەکۆتایی کتێبی نۆیەمی میتافیزیکدا (Met. Teta, 10, 1051a 34) کە لەوێدا هزری ئەریستۆتلس دەربارەی بوونی بوونەوەر دەگاتە چڵەپۆپە، نەشاردراوەیی بنەڕەتی جەوهەری زاڵی بوونەوەرە. لە هەمانکاتدا ئەریستۆ دەکرێ بڵێ:

نەک بەتایبەتی هەڵە و ڕاستی لەشتدا (خۆی) بەڵکو لەتێگەیشتندا.

(Meta. Eta, 4, 1027b, 25ff).

دەربڕینە بڕیاردەرەکانی تێگەیشتن (فام) مەڵبەندی ڕاستی و هەڵە و جیاوازی نێوانیانە. ڕستەکە ڕاست دەبێت ئەگەر هاتو لەگەڵ بابەتەکە تەبا بوو، واتە ئەوەندەی وەک ئەو دەبێ (هوموبوزیس). ئەم دەستنیشان کردنەی جەوهەری ڕاستی هیچ جۆرە پشتبەستنێکی بە ئەلیتیا بەواتای نەشاردراوەیی تێدا نییە، پتر بەپێچەوانەوە ئەلیتیا دژی بەرانبەر بە (پسۆیدوس)ە واتە هەڵە بەمانای ناڕاستی کە وەک ڕاستی بە هزر و بیرا هاتووە، لەم کاتەوە داڕشتنی Geprage چوارچێوەی جەوهەری ڕاستی وەک دروستی بۆچوونێک کە بە ڕستە دەربڕدرێ بووە بە پێودانگێک بۆ تێکڕای بیرو هزری خۆرئاوا. وەک شایەتێک بۆ ئەمە هێنانەوەی ئەو شارستانە بەسە کە لە سەردەمە سەرەکییەکانی میتافیزیکدا ئەم چوارچێوەیەی جەوهەری ڕاستییان دەستنیشان کردووە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستی سکولاستی ڕستەکەی تۆماسی ئەکوین پەیڕەوکراوە:

ڕاستی بەڕاستی لە مێشکی (لە تێگەیشتنی) مرۆڤ یان لە مێشکی ڕەبدا هەیە.

(ڤیریتاس دو ڤیریتاتی ئین ئینتلێکتو هومانو ڤیل دیڤینۆ)

(بابەتەکانی ڕاستی، پرسیاری یەکەم، جۆری چوارەم، وەڵامەکان:)

Quaestiones de Veritate: qu. I art.4, resp.

ئەو لە مێشکدا مەڵبەندە سەرەکییەکەی هەیە. ڕاستی لێرەدا هیچی تر ئەلیتیا (نەشاردراوەیی) نییە، بەڵکو گونجان و وەک یەکییە (هۆموبوزیس- ئەدیکڤاتسیۆ).

لەسەرەتای دەست پێکردنی سەدەی نوێدا دیکارت بە وردتر لە ڕستەی پێشوو گوتوویەتی:

«ڕاستی و هەڵە بەواتا دروستەکەیان ناکرێ لەناو مێشک بەولاوە لە جێگایەکی تر هەبن»

(چەند ڕێوشوێنێک بۆ ئاراستەکردنی ژیر، ڕێوشوێنی هەشتەم گازندەی دەیەم ٣٩٦).

لەسەردەمی تەواوبوونی سەدەی نوێ نیتشێ. وردتر لە ڕستەی پێشووتر گوتوویەتی:

ڕاستی ئەو جۆرەی چەوتییە کە جۆرێکی دیاریکراوی جەوهەری زیندوو ناتوانێ بەبێی بژی، لە کۆتاییدا بەهاکە بۆ ژیان بڕیار دەدات.

Auf zeichnung aus dem Jahre 1885,)
(Der Wille Zur Macht, n.443

ئەگەر بە قسەی نیتشێ، جۆرێک بێ لە چەوتی ئەو جەوهەرەکەی لە شێوازێکی هزر و بیرکردنەوەدا دەبێ کە هەموو جارێک ڕاستەقینە das Wirklichkeit بەناچاری چەواشە دەکرێت بەتایبەتی لەوەدا کە بۆچوون هەمیشە بەرەو جێگیرکردنی «گۆڕان»ی بێ پسانەوە دەدات و لاف لێدەدات کە ئەوەی جێگیری دەکات ڕاستەقینەیە کەچی لەگەڵ «گۆڕانی» کشاوە گونجاو نییە، واتە ناڕاستەو هەڵەیەک وەک ڕاستەقینەی لاف لێدراو دانراوە.

لەدەستنیشان کردنەکەی ڕاستی نیتشێدا وەک ناڕاستی هزر و بیرکردنەوە، پەسندکردنی جەوهەری کلاسیکی ڕاستی وەک دروستی ڕستەی دەربڕینی ژیر (لۆگۆس) هەیە. چەمکی ڕاستی لەلای نیتشێ ئەو دوا ئەنجام نیشان دەدات کە لەو گۆڕانە کەوتۆتەوە کە بەسەر جەوهەری ڕاستیدا هاتووە و بۆ تەمایەی ئەوەی لە نەشاردراوەیی بوونەوەرەوە ببێ بە ڕاستی سەرنجدان.

گۆڕانەکە خۆی لەدەستنیشان کردنی بوونی بوونەوەردا تەواو دەبێت (واتە بە یۆنانی حازربوونی حازر) وەک ئایدیا.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی بوونەوەر حازری بوون هیچی تر وەک ئەوەی دەست پێکردنی هزری خۆرئاوا دەربارەی بەدەرکەوتنی شاردراوە نەشادراوەییدا نەماوە، کە لەوێدا ئەمە خۆی وەک بەدەرخستنی بنەمای تایبەتی حازربوونی بوون دیارو دەستنیشان دەکات. ئەفلاتوون وەک نموونە، بیرۆکە (ئایدیا) لە حازربوونی بوون گەیشتووە، ئەمە لەژێر دەستی نەشاردراوەییدا نییە، لەوەدا کە ئەو شاردراوەیی وەک خزمەت پێی کردن بەرەو دەرکەوتن دەبات، بەڵکو پتر بەپێچەوانەوە دەرکەوتن دیارو دەستنیشان دەکات (خۆ دەرخستن) کە دەکرێ لە چوارچێوەی جەوهەرەکەیدا و بەتاکە گەڕانەوە بۆ سەر خۆی بە نەشاردراوەیی ناوببرێت. ئایدیاکە (نموونە) پێشەوەی نمایش کردن و بەدەرخستنی ئەلیتیا نییە، بەڵکو ئەو هۆکارەیە کە ئەو شیاوەکی دەکات، بەڵام ئایدیا (نموونە) هەر لەسەرەتاوە پێ لەسەر شتێک لە جەوهەری نەناسراوی ئەلیتیا بۆ خۆی دادەگرێ.

ڕاستی هیچی تر وەک نەشاردراوەیی تایبەتمەندی بنەڕەتی بوون خۆی نەماوە، بەڵکو ئەو، لە ئەنجامی ملکەچ بوونی بۆ ئایدیا بووە بە دروستی و ڕاستی، هەروەها پتر بووە بە نیشاندەری بەرچاوی ناسینی بوونەوەر.

ئیتر لەوکاتەوە هەوڵدەدرێ «ڕاستی» بە واتای دروستی سەرنجدان و تەماشاکردن دابنرێت. لەوکاتەوە لە هەموو هەڵوێستێکی بنەڕەتی دەربارەی بوونەوەر بەدەستهێنانی دیدی ڕاستی نموونە بڕیاری بەلایەکدا خەرانە بووە. وردبوونەوە لە پایدیا و ئەو گۆڕانەی بەسەر جەوهەری ئەلیتیا داهاتووە سەر بە هەمان شتە و بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پێوەندییان بەو چیرۆکەوە هەیە کە لە نموونەی ئەشکەوتدا نیشان دراوە بریتییە لە گوێزرانەوە لە نیشتەجێیەک بۆ نیشتەجێیەکی تر.

جیاوازی هەردوو نیشتەجێیەکە Aufenthalt لەناوەوە و دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا بریتییە لە جیاوازییەکی سۆفیا. ئەم وشەیە بەگشتی وادەگەیەنێ کە مرۆڤ لە شتێک بزانێ و شارەزابێت، لە شتێک تێبگات. سۆفیا بەڕاستی ئەوە دەگەیەنێ لەوە شارەزابێ بزانێ ئەو شتە چییە کە نە شاردراوەیی هەیە و وەک بوونی حازر جێگیرو بەردەوامە لە بووندا(٨). شارەزابوون و زانین Sichauskennen تەنیا بەدەستەوە بوونی شت زانین و ناسینی نییە. ئەو مەبەستی لەبەردەستدابوونی نیشتەجێ و جێگیربوونە کە هەمیشە پێشتر بوونێکی جێگیرو بەردەوامی هەبووە.

شارەزایی بوون کە لەوێ لەژێرەوە لە ئەشکەوتەکەدا بەلایەکدا خەرە «یی ئیکای سۆفیا» (516c,5) لەلایەن سۆفیایەکی ترەوە تێدەپەڕێنرێ. ئەمە بە تەنیا و پێش هەموو شتێک ڕوودەکاتە ئەوە بوونی بوونەوەر لە «نموونەکاندا» بەدی بکات. ئەو سۆفیایە، جیاواز لەوەی لەوێ لەناو ئەشکەوتەکەدایە، بەوەدا جیاواز و بەرچاوە داوا دەکات لە بوونەوە حازرە نزیکەکە تێبپەڕێنێ و جێگای وەستان لە بوونی جێگیر کە خۆی بۆ خۆی دەردەخات بەدەست بهێنێ. ئەم سۆفیایە لەخۆیدا خۆشویستی و دۆستایەتی فیلیایە بۆ نموونە کە نەشاردراوەیی دەستەبەر دەبێت. سۆفیایەکەی دەرەوەی ئەشکەوتەکە فیلۆسۆفیایە. ئەم وشەیە زمانی یۆنانی پێش سەردەمی ئەفلاتوون ناسیویەتی و بەگشتی بۆ ناوهێنانی خۆشویستنی شارەزایی و زانینی ڕاست بەکارهێنراوە. بەهۆی ئەفلاتوونەوە. وشەکە وەک ناو بۆ شارەزابوون و ناسینی بوونەوەر کە لە هەمانکاتدا بوونی بوونەوەر وەک ئایدیا دەستنیشان دەکات، بەکارهێنراوە و سوودی لێوەرگیراوە. لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە هزر بووە بە بیرکردنەوە لەبوونی بوونەوەر «فەلسەفە»، چونکە سەرنجدانێکی ئایدیاییەکانە. ئەو فەلسەفەیەی بۆ یەکەم جار بە ئەفلاتوون دەستی پێکردووە ئەوکارەکتەرو تایبەتمەندییەی هەیە کە دواتر بە میتافیزیک ناوبراوە. ئەفلاتوون لەو چیرۆکەی کە لە نموونەی ئەشکەوتدا گێڕاویەتیەوە وێنەی بنەڕەتی میتافیزیکی ڕەنگ ڕشتووە. بگرە تەنانەت وشەی «میتافیزیک» لە باسکردنەکەی ئەفلاتووندا پێشتر داڕێژراوە Vorge-pragt. لەوێ کە ئەو (516) ڕاهاتنی تەماشاکردنی ئایدیایەکان بەرجەستە دەکات، ئەفلاتوون دەڵێ: (516c, 3) هزر بەسەر (سیت ئەکینا) ئەوەدا کە تەنیا هەر زانین و ناسینی سێبەری هەر تێدەپەڕێ بەرزدەبێتەوە (ئەیس تاوتا) بەرەو ئەوە، واتە ئایدیاییەکان. ئەوان ئەو بەرهەستییەن کە بە هۆی دیدو سەرنجدانی ناهەستییەکییەوە دەدیترێ، بوونی ئەو بوونەوەرەن کە بە ئامرازی لاشە پەی پێنابردرێ و تێی ناگەیشترێ. بەرزترین لە دەقەری سەروو هەستەکییەوە ئەو نموونەیە کە بە نموونەی هەموو نموونەکان، بەهۆکاری مانەوە و

بەردەوامی و دەرکەوتن و درەخشانی هەموو بوونەوەرێک دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەم (نموونەیە- ئایدیایە) بەو شێوازە بۆ هەمــوو شــتــێک هۆکــارە، ئەوا لەبەر ئەم هۆیە ئەو نموونەیەیە کـە بە چاکـە (خـێـر) ناودەبرێت، ئەم بەرز و یەکەم هۆکارە لەلایەن ئەفلاتوون و بە هەمان شێوە لەلای ئەرســتــۆتلس بە (تۆثیــون) بەخـواوەندی ناودەبرێت. لەوکــاتەوە کــە بوون والێکدراوەتەوە کــە ئایدیاکــە بیـرکـردنەوە لە بوونی بوونەوە مـیـتـافـیـزیکی بووە و میـتـافیزیکیش بووە بە لاهووتی (تیۆلۆجی). لاهووت لێـرەدا بەو واتایەیە کـە «هۆکـار»ی بوونەوەر وەک ڕەب دابنرێ و گواستنەوەی بوون بۆ ناو ئەو هۆکارە کە لەخۆیدا بوون هەیە و ڕێگا دەدات لەخـۆیەوە بکەوێـتـەوە، چونکە ئەو بوونەوەرترینی بوونەوەرە.

هەمــان لێکدانەوەی بوون وەک ئایدیا بە سـایەی ئەو بایەخ و پایە و گـــۆڕانەوە بووە کــە بەســەر جـەوهەری ئەلیـتـیـادا هاتووە، واپێـویست دەکات بە دیدێکی دیارو جیاواز سەرنجی ئایدیاکان بدرێت، ئەم دیارو جیاوازییە وەک ڕۆڵـی پایدیا، وەک ڕۆڵـی «پێگەیاندنی» مــرۆڤ وایە. کۆشش و هەوڵدان بۆ بوونی مرۆڤ و بۆ مەڵبەندی مرۆڤ لە ناوەندی بوونەوەردا بابەتی زاڵی میتافیزیکە.

سـەرەتای مـیـتـافـیـزیک لە هزری ئەفـلاتووندا لە هەمــانکاتدا سـەرەتاو دەست پێکردنی ڕێبـازی مـرۆڤ پەروەریـیـە (هومـانیـزمـۆس). ئەم وشـەیە جـەوهەریـیـە هەربۆیە واتا فـراوان و ئەوپەڕییـەکەی بە هزر داهاتووە. دوا بەدوای ئەمــە ڕێبــازی مــرۆڤ پەروەر ئەو ڕوودەوە دەگەیەنێ کە لەگەڵ دەست پێکردن و لەگەڵ گەشانەوە و لەگەڵ کۆتایی میـتافیزیکدا تەواو بوون کە وا دەگەیەنێ مرۆڤ بەپێی بۆچوونی جیاواز و هەموو جارێک بەڕاستی و دروسـتی دەچێـتـە ناوەڕاسـتی بونەوەرەوە بەبێ ئەوەی بەهۆی ئەمەوە ببێتە بەرزترین بوونەوەر. «مرۆڤ» لێرەدا تاقمێکی دیاریکراوی مرۆڤ، یان مرۆڤایەتی بەتێکڕای، ئینجا تاکەکان، یان کۆمەڵەیەک، ئینجا میللەت، یان گرووپێکی گەل دەگەیەنێ. هەمـوو کاتێک دەگونجێ، لە دەقـەری چوارچێوەی ڕەتی جێگیـرکـراوی مـیـتـافـیـزیکی بوونەوەردا ئەو مرۆڤەی لێرەدا دەستنیشـان و دیارکراوە، زیندەوەری ژیر بۆ ئازادکردنی تواناکانی و بەرەو دڵنیـایی چارەنووسی و بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی ببردرێ. ئەمە وەک دارشــتنی هەڵوێـســتی «ئاکـارییـانە» دەکـەوێـتـەوە و ڕوودەدات، وەک ڕزگــاربوونی نەفـــسی نەمـــر، وەک گـەشـانەوەی هێـزە داهێنەرەکـان، وەک پێگەیاندنی ژیر وەک چاودێری کردنی کەسایەتی و بەئاگاهێنانی هەستە گـشـتـییـەکـان وەک مـشـتـومـاڵکردنی لاشـە، یان وەک بەیەکەوە تێکچڕژانی گونجاوی هەندێک، یان هەموو ئەو «مـــرۆڤ پەروەرانە» دەقـــەومێ. هەمـــوو جـــارێک خولانەوەیەکی دیارو دەستنیشـان کراوی مـیـتـافـیـزیکی لەبازنە و جوغزێکی تەسک، یان فراواندا بە دەوروپشتی مــرۆڤـــدا بەتەواوەتی ڕوودەدات. لەگـــەڵ تەواوبوونی مـــیـــتــــافـــیـــزیک هەروەها مـــرۆڤ پەروەری (هیـومـانیـزمـوس)،یان وەک یۆنانیـیـەکـان دەڵێن: (ئەنتـرۆپۆلوجی) بەتوندوتۆڵی خۆی بۆ ئەوپەڕی واتە لە هەمـــانکاتدا بۆ ڕەوشی بێ قـەیدو مـەرج دەکـوتێ و دەهاوێژێ. هزری ئەفلاتوون بەدوا ئەو گۆڕانە کەوتووە کە بەسـەر جـەوهەری ڕاسـتـیـدا هاتووە، ئەو گـۆڕانەی بووە بەمێژووی مـیـتافـیـزیک لەهزری نیـتـشـێدا گەیشـتۆتە ئەوپەڕی تەواوێتی، ئیتر بۆیە تیۆری ئەفلاتوون دەربارەی «ڕاسـتی» شـتـێکی تێـپـەڕبوونی ڕابوردوو نیـیـە، ئەو ئێـسـتـای تێنەپەڕی مێـژوویـیـە، ئەمـە نەک تەنیـا وەک کـارتێکردنێکی لەمـەولای لەدواییـدا لەبەرچاوگیـراوی تیـــــۆرییــــەک، هەروەها نـەک وەک جـــــارێکی تر زیندووکـردنەوە، هەروەها نەک وەک لاسـایی کـردنەوەی گیانی کۆن Alter tum، هەروەها نەک وەک پاراستنی مـیـراتێکی بۆ مـاوەیی ڕووت. ئەو گـۆڕانەی جـەوهەری ڕاستی تێنەپەڕە وەک شتێک کە لە مێژە جێگیربووە و ئیتر بۆیە جێگیر و نەگۆڕە بنەڕەتێکی ڕاستەقینەیە زاڵە بەسەر شتێکدا، لەسەردەمی نوێدا مێژوویەکی تێنەپەڕی جیهانی گۆی زەوییە.

ئەمەی هەمیشە ڕووبەڕووی مرۆڤی مێژوویی دەبێتەوە بریتییە لە بڕیارێکی بەلایەکدا خەرانەیەکە پەکی لەسەر مـرۆڤ نەکـەوتووە و پێـشـتـر دەربارەی جەوهەری ڕاسـتی دراوە. بەهۆی ئەم بڕیارەوە سنووری ئەوە بەزێنراوە کـــە لەبەر ڕۆشنایی جـەوهەری دەستنیشـان و جـێگیـرکـراوی ڕاستیدا وەک شتێکی ڕاست خوازراوە و جێگیرکـراوە، بەڵام هەروەها وەک ناڕاســـتی دوورخـــراوەتەوە و فـــڕێ دراوە.

ئەو چیـرۆکـەی لە نموونەی ئەشکەوتدا گێـڕدراوەتەوە، ئەو دیمەنە نیـشــان دەدات، ئەوی ئێـسـتــا و لەدوارۆژدا هەروەها لەمــێـــژووی مــرۆڤی سـروشت ئەوروپاییــدا بەتایبەتی دەقەومێ:

مرۆڤ وابیردەکاتەوە کە جەوهەری ڕاستی بریتییە لە دروستی بۆچوونی هەموو بوونەوەرێک بەپێی «نموونەکان»

و هەمــوو ڕاستەقینەیەک بەپێی چەند بەهایەک دەخەملێنی.

لەمەدا گرنگ جۆری نموونە و بەهاکان نییە کە لەبەرچاو گرتوونی، بەڵکو تاکە بڕیاری ڕاست و دروست کە لەم کایەیەدا بەلایەکدا خەرە ئەوەیە کە ڕاستەقینەکە بەپێی نموونە لێک دەدرێتەوە و بەگشتی جیهان بەپێی چەند بەهایەک دەپێورێ.

لەهەمان کاتدا سەرەتای دەست پێکردنی جەوهەری ڕاستی وەبیرهێنراوەتەوە. نەشاردراوەیی(٩) لەم بیرهێنانەوەدا خۆی وەک بنەمایەکی تایبەتی بوونەوەر خۆی(١٠) نیشان دەدات. وەبیرهێنانەوەی سەرەتای جەوهەری ڕاستی وا پێویست دەکات لەگەڵ ئەمەشدا هەر لەسەرەتاوە بیر لەو جەوهەرە بکرێتەوە. هەر بۆیە ئەو ناتوانێ بەو مانایە لە نەشاردراوەیی بکات کە ئەفلاتوون مەبەستی بووە، واتە لەژێر باری نیری ئایدیادا وەربگیردرێ. نەشاردراوەیی هەروەک ئەفلاتوون لێی تێگەیشتووە بە هەڵواسراوەیی بەسەرنجدان، پەی پێبردن و هزرو دەربڕینەوە دەبەسترێتەوە. بەپێی ئەم پێوەندییە جەوهەری نە شاردراوەیی دەست بەرداربوون دەگەیەنێ. هیچ هەوڵێک کە بدرێت جەوهەری نەشاردراوەیی بخاتە ناو ژێر، ناو گیان ناو بیر ناولۆگۆس، بە شێواز و جۆرێکی خۆیەتی پشت ڕاست بکرێتەوە ناتوانێ جەوهەری نەشاردراوەیی ڕزگار بکات، چونکە ئەوەی دەبێ ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە، جەوهەری نەشاردراوەیی خۆی لێرەدا بەپێی پێویست لێی نەپێچراوەتەوە و پرسیار لەبارەیەوە نەکراوە، بەردەوام تەنیا ئەنجامێکی جەوهەری ئەو جەوهەرەی نەشاردراوەیی کە تێی نەگەیشتراوە ڕوون کراوەتەوە.

پێش هەموو شتێک هەڵسەنگاندنێکی ڕێزلێنانی لابردنی لە باری ناو جەوهەری ئەلیتیا پێویستە. پێش هەموو شتێک پێویستە هەست بەوە بکرێت کە ئەم لایەنە لەبارە خەسڵەتێکی بنەڕەتی بوون خۆیەتی. یەکەم پێویست دەست کورتی بەدەرکەوێت. لەودا تەنیا هەر پرسیار لەبارەی بوونەوەر خۆیەوە ناکرێت، بەڵکو بوون خۆی واتە جیاوازییەکە بۆ یەکەم جار دەبێتە مایە و بابەتی پرسین، لەبەر ئەوەی دەستکورتی Not لەبەردەمدا قووت بۆتەوە، بۆیە سەرەتای جەوهەری ڕاستی هەر لەسەرەتای شاردراوەییەکەدایە.

پەراوێز:

١- نووسەر تێکستە یۆنانییەکەی کۆماری ئەفلاتوونی کردووە بە ئەڵمانی. منیش لێرەدا هەمان تێکست دەکەمەوە بە کوردی (وەرگێڕ).

٢- واپێدەچێ هایدیگەر تێکستەکەی ئەفلاتوونی پاش و پێش خستبێ، بەڵام من هەر ئەوەی هایدیگەرم کردووە بە کوردی.

٣- لێرەدا تێکستەکەی ئەفلاتوون کە هایدیگەر خواستوویەتییەوە، تەواوەبێت (وەرگێڕ).

٤- هایدیگەر وشەی (Gleichnis) بەکاردەهێنێ کە بەمانای نموونە دێت و مەبەستی لە نموونەی ئەشکەوتەکەیە کە ئەفلاتوون باسی کردووە.

٥- هایدیگەر لە تێکستەکەیدا ئەم دوو دێرە یۆنانییەی لە کۆماری ئەفلاتوون خواستۆتەوە و بە یۆنانی نووسیویەتییەوە (وەرگێڕ).

٦- واتای ئەم ڕستە لاتینییەکە لە فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا باوبووە، بەم جۆرەیە:

تەبایی و گونجانی بڕیاری ژیر لەگەڵ شتدا (وەرگێڕ).

7- Separatum aus «Geistige Ueberlieferung» 1942:- Heraklit, Fragment 123.

8- Separatum aus «Geistige» Uberlieferung 1942. Vgl. Heraklit Fragment 112.

٩- چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧: ئەلیتیا ناوێکە بۆ جەوهەر نەک بۆ ڕاستی.

١٠- چاپی یەکەم ساڵی ١٩٤٧ واتە وەک بوون.


سەرچاوە:

Heidegger, Martin., Gesamtausgabe. 1-Abteilung: Veroeffentlichte Schriften 1914-1970. Bd.q. Wegmarken. Vittorio-kloster mann. Frankfurt Am Main. 1976.S.203- 238.

# تیۆری جەشتاڵت

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆییەکان)

(ماکس ڤرتیمەر- ١٨٨٠- ١٩٤٣) بە دامەزرێنەری تیۆری جەشتاڵت دادەنرێت و دواتر هەردوو زانا (ولفانگ کۆهلەر- ١٨٨٧- ١٩٦٧) و (کێرت کۆفکا- ١٨٨٦- ١٩٤١) بوون بەهاوبیری و هەر سێکیان بوون بەسێکوچکەی تیۆری جەشتاڵت، دوای چەند ساڵێکی تر کێرت لیڤین (١٨٩١- ١٩٤٧) بوو بە هاوەڵیان و هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرت، هەرچەندە لە هەندێک لایەنەوە لەوان جیابوو، هەر ئەو جیاوازیەش بوو کە وای لە هەندێک دەروونزان کرد کە بڵێن (لیڤین)دامەزرێنەری تیۆرێکی ترە بە ناوی تیۆری بوار (نظرية المجال) کە زۆر لە تیۆری جەشتاڵت نزیکە.

ئەم تیۆرە لە ئەڵمانیا لە دایک بوو، دواتر لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی (کۆفکا) و (کۆهلەر) گەیشتە ئەمریکا، لەسەرەتای سەدەی بیستەم و دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش، تیۆرەکەی (شۆرنداک) ڕەواج و گرنگی خۆی هەبوو، لەساڵی ١٩٢٤ (کۆفکا) کتێبێکی بەناونشانی (گەشەکردنی عەقڵ) بڵاوکردەوەو تێیدا ڕەخنەیەکی زۆری لە تیۆرەکەی (شۆرندایک) (هەوڵدان و هەڵەکردن)گرت، هەروەها تاقیکردنەوەکانی (کۆهلەر) کە لەسەر مەیموون بە ئەنجامی گەیاند، لایەنگری ڕەخنەکانی (کۆفکا) بوون و دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەو تاقیکردنەوانەی لە دوو توێی کتێبێک بە ناونیشانی (عەقڵی مەیموون) بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا (کۆهلەر) گرنگییەکی زۆری بەتێگەیشتن و دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوان ڕەگەزو بەشەکان تیژ بینی (الإستعارە) داوەو بەجێگری (هەوڵدان و هەڵەکردن)ی داناوە. بە بڕوای کۆهلەر بوونەوەر (ئاژەڵ، یان مرۆڤ) لە ڕێگەی تێگەیشتن و دۆزینەوەی پێوەندی تیژبینی بە

ماوەیەکی کەم فێردەبێت و چارەسەری گیروگرفتەکان دەکات نەک لە ڕێگەی (هەوڵدان و هەڵەکردنەوە). واتە ئاژەڵ پێویستی بە ئەوە نییە کە چەندان ڕەفتاری هەڵەو نابەجێ بکات و لە دواجاردا فێری ڕەفتاری ڕاست و دروست ببێت و واز لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتە هەڵەکان بهێنێ، بەڵکو ئاژەڵ لە ڕێگەی تێگەیشتنی گرفتەکەو ڕێکخستنی بەشەکانی و دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوانیاندا دوای ماوەیەکی کەم فێری ڕەفتارو هەڵسوکەوتە ڕاست و سەرکەوتووەکە دەبێت بەبێ ئەوەی بەوهەنگاوانەدا بڕوات کە (شۆرندایک) باسی دەکات.

وشەی جەشتاڵت ئەڵمانییەو مانای (شێوە، هەموو) دەگرێتەوە، بەبڕوای ئەم ڕێبازو قوتابخانەیە، تێگەیشتن لەڕێگەی بەش و ڕەگەزە بچووکەکانەوە ڕوونادات، بەڵکو لە ڕێگەی شێوەی گشتی بنیادی سەرتاسەری و هەموو بەشەکان پێکەوە، ڕوودەدات، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەڵێی بەش و ڕەگەزە بچووکەکان بە تەنیا هیچ بەهاو مانایەکیان نییە، بەڵکو تەنیا لەناو بنیادو شێوەی گشتیدا دوای کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتری مانایان دەبێت و مانای هەر بەشێک لە پێکهاتەو بنیادێکەوە بۆ پێکهاتەو بونیادێکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە (سفر) بەتەنیا هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام لەگەڵ (١)یەکدا دەبێت بە (١٠) و بەهایەکی هەیە کە جیاواز دەبێت لە کاتێکدا کە لەگەڵ (٩)دا دەبێت و بەهاکەی دەبێت بە (٩٠) هەروەها ئەگەر لە بنیادی (ب) دابێت ماناکەی جیاوازدەبێت کاتێک لە بونیادی (ت) یان (ن)دا دەبێت، واتە خاڵی (سفر) هەرجارەو مانایەکی دەبێت و بەپێی جێگاو ڕێگای لە بنیادو پێکهاتەدا دەگۆڕێ.

ئەم تیۆرە وەک نارەزایی و بەرپەرچدانەوەیەک بۆ تیۆری ڕەفتاری و پەیوەست کردن (الإرتباط) لە دایک بوو، دژی شیتەڵکردن و پارچە پارچەکردنی ڕەفتارو درک پێکردن و عەقڵ وەستاو لەو بڕوایەدا بوو کە ماناو تێگەیشتن لە ڕێگەی پێکهاتەوە بونیادی سەرەکییەوە لە دایک دەبێت، نەک لە ڕێگەی شیتەڵکردن و پارچەپارچەکردنی دیاردەکان و گەڕاندنەوەی بۆ (ورووژێنەرو وەڵامدانەوە)

## تاقیکردنەوەکانی جەشتاڵتیەکان

ڕەخنەیەکی تری جەشتاڵتییەکان لە شۆرندایک و تیۆرەکەی ئەوەبوو، کە ئەو سندووق و قەفەسەی کە شۆرندایک بەکاری هێنابوو بۆ تاقیکردنەوەی ئاژەڵەکان، ڕێگرو بەربەست بوون لەبەردەم فێربوونیاندا بواری ئەوە نەبوو کە تواناکانیان دەربکەوێت، لەبەرئەوەی دەسک و ئەو شتانەی تر کە لە ڕێگەیانەوە دەرگای سندووقەکە (قەفەسەکە) دەکرایەوەو ئاژەڵەکە دەهاتە دەرەوە، شاراوەو نادیار بوون و لەبەرچاو نەبوون، بۆیە تەنیا دەبوایە لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە چارەسەری گرفتەکەی بکردایەو بەسەر گرفتەکەدا زاڵ بێت.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت بوونەوەر فێری شتێک ببێت و بەسەر کێشەیەکدا زاڵ بێت، ئەوا دەبێت هەموو ڕەگەزو بەش و لایەنەکانی پێوەندیدار بە کێشەکە ڕوون و ئاشکرا بێت و لەبەر چاوی بوونەوەرەکە بێت، تا بتوانێت لە ڕێگەی سەرنجدان و بینین و تاووتووکردنی هەموو بەش و لایەنەکان و بەیەکەوە بەستنەوەیان و تێگەیشتنیان (تیژبینی) فێرببێت و بەسەر گرفتەکەدا زاڵ بێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕەفتاری هەڵەو هەڕەمەکی ببێت و پەنا بۆ (هەوڵدان و هەڵەکردن) ببات. هەر لەبەر ئەوەو بۆ ڕزگار بوون لەو ڕەخنەیە، ئەوا کۆهلەر بەجۆرێک تاقیکردنەوەکانی لەسەر ئاژەڵەکان دەکرد، کە هەموو ڕەگەزو بەشە پێوەندیدارەکان بە چارەسەکردنی گرفتەکە لەبەرچاوی ئەو ئاژەڵە بێت. تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکانی کۆهلەر کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٣-١٩١٧ لە دوورگەکانی کەناری لێواری کیشوەری ئەفریقیا بە ئاکامی گەیاند، دوو جۆر بوون:

١- تاقیکردنەوەکانی (گرفتەکانی سندووق)

یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی (کۆهلەر) کە لەسەر مەیموون (شەمپانز) و (سوڵتان) کردی، بریتی بوو لە قەفەسێکی گەورە کە بە بنمیچی قەفەسەکەوە مۆزێکی هەڵواسیبوو، هەر لەو قەفەسەدا سندووقێکی تێدا دانرابوو، ئینجا مەیموونە برسییەکەی دەخستە قەفەسەکەوە، کە بەهیچ شێوەیەک دەستی نەدەگەیشتە مۆزی بنمیچەکە، بەڵام ئەگەر بچوایە سەر سندووقەکە، ئەوا دەستی دەگەیشتە مۆزەکە، ئەم گرفتە زۆر زەحمەت بوو بۆ (شەمپانزی)، بەڵام (سوڵتان) کە مەیموونێکی تر بوو، بە ئاسانی بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بوو و دوای ماوەیەکی کەم یەکسەر دەچوو سندووقەکەی دەهێناو دەچووە سەری و مۆزەکەی دادەگرت و دەیخوارد. هەروەها شەش مەیموونی تریش فێری چارەسەرکردنی ئەوگیروگرفتە بوون، بەڵام دوای ئەوەی کە هەندێک یارمەتی و ئاسانکاریان پێشکەش کرا لەوانە (بە دانانی سندووقەکە لەژێر مۆزەکە، یان ڕێگەدان بەو مەیموونانە بۆ ئەوەی

سەیری سولّتان بکەن و بزانن ئەو چۆن بەسەر ئەو گیروگرفتەدا زاڵ دەبێت و مۆزەکە دەخوات)، دوای ئەو ئاسانکاریان ئەو شەش مەیموونەش فێربوون و یەکسەر دەچوونە سەر سندووقەکەو مۆزەکەیان دادەگرت و دەیانخوارد. بە بڕوا کۆهلەر ئەم جۆرە فێربوونە لە ئەنجامی (هەوڵدان و هەڵەکردنەوە) نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی پرۆسەی تیژبینیەوەیە (insight) (قەرەداخی، ٢٠٠٦، ل٤٨٠).

ڕاستە یەکەم جار شەش مەیموونەکەی تر هەوڵیان دەدا کە لە ڕێگەی خۆهەڵدان و بەرزبوونەوە لە زەویەکەوە بۆ بنمیچەکە، بگەنە مۆزەکە، بەڵام سولّتان، هیچ خۆی هەڵنەدا، بەڵکو چەندجارێک دەهات و دەچوو، دواتر یەکسەر دەچێت بۆ لای سندووقەکەو دەیباتە ژێر مۆزەکەو دەچێتە سەری و مۆزەکە لێدەکاتەوەو دەیخوات، ماوەی نێوان هەڵواسینی مۆزەکەو لێکردنەوەی لەلایەن سولّتانەوە تەنیا پێنج خولەکی خایاند، بەڵام ماوەی نێوان ڕاوەستانی سولّتان لەبەردەم سندووقەکەو لێکردنەوەی مۆزەکە تەنیا چەند چرکەیەک بوو، بەبێ ئەوەی هەڵبەزو دابەز بکات و ماوەیەکی زۆر بە هەڵسوکەوتی هەڵەو نابەجێ بەفیڕۆ بدات، بەڵکو لە ماوەیەکی کەمداو دوای کەمێک بیرکردنەوەو تێڕامان، یەکسەر کتوپڕو لەناکاو چارەسەری گرفتەکە دەکات، کە کۆهلەر بەو بیرکردنەوەو تێڕامانە دەڵێن تیژبینین و بە بڕبڕەی پشتی فێربوونی لە قەڵەم داوە. دوای ڕۆژێک کۆهلەر هەمان تاقیکردنەوەی دووبارە کردەوەو ئەمجارە سندووقەکەی زیاتر دوور خستەوە، بەڵام سولّتان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا یەکسەر سندووقەکە دەهێنێ و دەچێتە سەری و مۆزەکە لێدەکاتەوەو دەیخوات، لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت. کە سولّتان درکی بە بوونی سندووقەکە کردووە و گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە پێوەندی لەنێوان سندووقەکەو گەیشتن بە مۆزەکە هەیە، دواتر تاقیکردنەوەکە ئاڵۆزتر کراو، دەبوایە سولّتان لە جیاتی سندووقێک دوو سندووق بهێنێت و بیانخاتە سەر یەک، ئینجا دەستی دەگاتە مۆزەکە. ئەم درک پێکردنی سندووق و دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوان سندووق و خواردنی مۆزەکە، دەرئەنجامی تیژبینی سولّتان بوو، نەک (هەوڵدان و هەڵەکردن).

٢- تاقیکردنەوەکانی (گرفتەکانی داروگۆپاڵ):
لەم جۆرە تاقیکردنەوانەدا لە جیاتی سندووق دارو گۆپاڵ لەناو قەفەسەکەدا دادەنراو، خواردنەکەش لە دەرەوەی قەفەسەکە دادەنرا، ئینجا دەبوایە، مەیموونەکە دارەکە بگرێت بەدەستییەوەو هەوڵ بدات بەهۆی دارەکە، مۆزەکە لە دەرەوەی قەفەسەکە بهێنێتە ناو قەفەسەکەو دواتر بیخوات، چونکە خۆی ناتوانێت بچێتە دەرەوەی قەفەسەکە هەرچەندە لەسەرەتادا سولّتان هەڵە دەکات و دارەکە هەڵدەدات بۆ مۆزەکە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، یەکسەر کتوپڕو لەناکاو لە ئەنجامی تیژبینییەوە، چارەسەری گرفتەکە دەکات و بەدارەکە مۆزەکە بۆ ناو قەفەسەکە ڕادەکێشێ و دەیخوات، دوای ئەوە بۆ جاری دووەم بەبێ ئەوەی هەڵە بکات، یەکسەر یەکەم جار دارەکە بەدەستییەوە دەگرێ و مۆزەکە ڕادەکێشێ و دەخوات. دواتر لە تاقیکردنەوەیەکی تردا گرفتەکە ئاڵۆزتر دەکراو مۆزەکە زیاتر دوور دەخوایەوەو دەبوایە سولّتان لەجیاتی دارێک دوو دار بەکاربهێنێ و یەکێکیان بکاتە ناو ئەوی ترەوە بۆ ئەوەی دارەکە درێژ ببێت و بگاتە مۆزەکەو بیهێنێتە ناو قەفەسەکە.

دوای ماوەیەک سولّتان درکی بە بوونی دوو دارو پێوەندیان بە مۆزەکەو خواردنی کردو بەسەرکەوتووانە هەردوو دارەکەی کردە ناویەکتری و مۆزەکەی ڕاکێشایە ناو قەفەسەکەو خواردی، واتە لە ئەنجامی تیژ بینییەوە گەیشتە ئەو دەرئەنجامە نەک لە ئەنجامی هەڵەکردن و هەوڵدان و کەمکردنەوەی هەڵەکان و دووبارەکردنەوەی ڕەفتارە ڕاست و دروستەکە (أبو جادو، ٢٠٠٣، ص١٩٢- ١٩٣).

**ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر تیژبینی هەیە**

ئەمانەی خوارەوە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی تیژبینی هەیە:

١- ئاستی پێگەیشتنی جەستەیی: ئەو بوونەوەرەی (ئاژەڵ) کە نەتوانێت لەسەر هەردوو قاچەکانی بوەستێ، ئەوا ناتوانێت سوود لە سندووق و داروگۆپاڵ وەربگرێت و بەسەر گرفتەکەدا زاڵ نابێت، لەبەرئەوەی لەلایەنی جەستەییەوە پێنەگەیشتووەو ناتوانێت سەربکەوێتە سەر سندووقەکە، یان دارەکە بەدەستییەوە بگرێ، کەواتە دەبێت بوونەوەر لەلایەنی جەستەییەوە پێگەیشتبێ، تاوەکو بتوانێت پرۆسەی تیژبینی بە ئاکام بگەیەنێت و بەسەر گرفتەکەدا زاڵ بێت.

٢- ئاستی گەشەکردنی عەقڵی ئاستی درک پێکردن و تیژبینی بەپێی ئاستی گەشەکردنی تاک دەگۆڕێ، بۆ

نموونه ئاژەڵەکـان تا لەلایەنی درک پێکردنەوەیان بەرەو پێشەوە بچێت و لە مرۆڤ نزیک ببێتەوە، ئەوا ئاستی درک پێکردن و تیژبینی باشتر دەبێت و زووتر فێردەبێت، بەڵام درک پێکردن و توانای تیژبینی لەلای مرۆڤ بەپێی گـەشـەکـردن و گـەورەبوونی تاک زیاتر دەبێت و زووتر فـێـردەبێت، واتە ئەوانەی زیاتر گـەشـەیان کـردووەو شارەزایی و زانیاریان زیاترە، ئەوا باشتر فێردەبن و درک بەپێوەندی نێوان ڕەگەزو بەشەکان دەکەن و بارودۆخەکە ڕێک دەخەن و خێراتر گرفتەکە چارەسەر دەکەن، ئەگەر بەراورد بکرێن بە ئەو کـەسانەی کە کـەمـتـر گـەشـەیان کردووەو شارەزای و زانیاریان کەمترە.

٣- ڕێکخستنی بوار: کـاتێک فـێـربوون ڕوودەدات و گرفتەکە چارەسەر دەکرێت ئەگەر ئەو بوارو بارودۆخەی کە گرفت و کێشەکەی تێدایە ڕێکخراو بێت و سەرجەم ڕەگـەزو بەش و لایەنەکـانی پێـوەندیداری تێـدابێت. بۆ نموونە لە تاقـیکردنەوەکـانی کـۆهلەردا هەمـوو ڕەگـەزو بەشەکـانی وەک (داروگۆپاڵ، سندووق، مۆز، برسێتی) تێدا بوو، لەبەر ئەوە مەیموونەکە دەتوانی بەسەرگرفتەکەدا زاڵ بێت، ئینجـا ئەگـەر یەکـێک لەو ڕەگـەزانەی تێـدا نەبوایە بۆ نموونە (دار، یان سندووق، یان مـەیموونەکـە برسی نەبووایە) ئەوا گرفتەکە چارەسەر نەدەکراو پرۆسەی تیـژبینی ڕووی نەدەدا، بەڵام لەبەرئەوەی کـەرەسـتـەکـان (دار، یان سندووق) و (مۆز) وەک ئامـانج و مـەبەستی سەرەکی و برسێتی وەک (پاڵنەر) لە بوارەکەدا هەبوون و بەشێوەیەکی باش ڕێکخرابوو، بۆیە فـێـربوون ڕووی داو سـوڵتـان بەسـەر گـرفـتـەکـەدا زاڵ بوو دواتر گـەیشـتـە ئامانجەکەی کە (مۆز)ەکە بوو پاڵنەرەکەشی (برسێتی) تێربوو.

٤- شارەزایی: بەبۆچوونی جەشتاڵتیەکان، شارەزایی بریتییە لە ئاشنایەتی (الألفە) لەگەڵ ڕەگەزو ئەو بوارەی کە گرفتەکەی تێدا ڕوودەدات، واتە تابوونەوەر بە ڕەگەزو بوارو بنەماکانی گرفتەکە ئاشنا بێت، ئەوا دەتوانێت بە ئاسـانی پێـوەندی لەنێـوان ڕەگـەزو بەش و لایەنەکـانی پێوەندیدار بە گـرفتەکە بدۆزێتەوەو چارەسـەری بکات، ئەگەر بەراوردبکرێ بەکەسێکی تر کە شارەزایی زانیاری دەربارەی ڕەگـەزو بەشـەکـان و پێـوەندیان بەگـرفـتـەکـەو گەیشتن بە ئامانجەکەی، نییە.

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەو توێژینەکانی جـەشـتـاڵتـیـەکـان دەتوانین بگەینە ئەم ڕاوبۆچوونانەی خوارەوە:

١- وەک دەرکـەوت ئاژەڵەکـان (مـەیموونەکـان) لە ڕێگەی (هەوڵدان و هەڵەکـردنەوە) فـێـر نەبوون و گۆڕانکاری ئەوتۆو پێویست لە ڕەفتارو هەڵسوکەتیاندا ڕوو نەدا، هەرچەندە مـەیموونەکـان هەندێک جـووڵە و ڕەفـتـاری ڕەمـەکی و لابەلایان (عـشـوائی)یان کـردو ویسـتـیـان لە ڕێگەی ئەو جووڵەو ڕەفتارە ڕەمەکیانەوە بگەنە مـۆزەکـە، بەڵام سـەرکـەوتنیـان بەدەست نەهێناو دواجـار کـتـوپڕو ڕاسـتـەوخۆ لە ڕێگەی تیژ بینییـەوە چارەسەری گرفتەکەیان کردو گەیشتنە ئامانجەکەیان و فێربوون کە چۆن مۆزەکەیان دەست بکەوێت.

٢- تیـژبینی پشت بە درک پێکردن و ڕێکخـسـتنی بەش و ڕەگـەزەکانی ئەو گـرفت و بارودۆخـەی دەبەسـتێت کە تێیدایە، دواتر چارەسەری گرفتەکە لە ڕێگەی ئەودرک پێکردن و دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوان بەش و لایەنەکانی پێوەندیدار، ڕوودەدات.

٣- کاتێک ئاژەڵ بۆ جاری یەکەم بەسەر گرفتەکەدا زاڵ دەبێت و فێری چۆنێتی گەیشتنی بە ئامانجەکەی دەبێت، ئەوا لە جاری دووەم ڕووبەڕووی هیچ کێشەو گروگرفتێک نابێـتەوەو دوای مـاوەیەکی زۆر زۆر کەم یەکسەر بەسەر گـرفـتـەکـەدا زاڵ دەبێت و دەگـاتە ئامـانجـەکـەی، ئالێـرەدا گـرنگی فـێـربوون لە ڕێگەی تیـژبینیـەوە، دەردەکـەوێت و جـیـاوازی لەگـەڵ فـێـربوون لە ڕێگەی (هەوڵدان و هەڵەکـردنەوە). لەفـێـربوون بە هەوڵدان و هەڵەکـردن چەندان جار ئاژەڵەکـە لەجارەکـانی دووەم و سێـیـەم و چوارەم هەڵەکـانی جاری یەکەمی دووبارە دەکاتەو، بەڵام جـار لە دوای جـار لەسـەرخـۆو پلە بە پلە هەڵەکـان کـەم دەبنەوە، بەڵام لە فـێـربوون لە ڕێگەی تیـژبینی، ئەوا لە جاری دووەم و سێیەم هیچ هەڵەیەک نامێنێ و یەکسەر بەبێ هەڵەو کتوپڕ چارەسەری گرفتەکە دەکات و دەگاتە مەبەستی خۆی.

٤- دوای ئەوەی ئاژەڵ لە ڕێگەی تیـژبینیـەوە فـێـری چارەسـەری گـرفـتـێک دەبێت، ئەوا لە توانایدا هەیە کە هەمان چارەسەر لە کات و شوێنی تر بەکاربهێنێ، بۆ زاڵ بوون و چارەسـەر کـردنی ئەو کـێشـەو گـروگرفـتـانەی کە تازەن، یان وەک ئەوەی یەکـەمـجـارن، چونکە ئەو ئاژەڵە فـێری پێـوەندی نێـوان هۆو ئامـانج (وسیلە و الهدف) و چۆنێـتی بەراوردکـردنی هۆو کـەرەسـتـەکـان بەیەکـتـری و گەیشتن بە چارەسەر دەبێت.

### چەند نموونەیەک لەسەر تیۆری جەشتاڵت

تیۆری جـەشتـاڵت گـرنگی بە هەمـوو (کل) دەدات و زانایانی ئەم بوارە لەو بڕوایەدان کـــە بەردەوام شت و دیاردەکـان بەشێـوەیەکی گـشـتی (هەمـوو) یەکـەم جـار خۆیان دەسەپێنن و مرۆڤ درکیـان پێدەکات دواتر بەرەو بەش و وردەکارییەکان دەچێت، بۆ نموونە:

١- ئەگـەر سێ خـاڵ وەک سێ گـۆشـە دابنێین، بەبێ ئەوەی بەیەکیـان بگەیەنین، ئەوا کاتێک سەیریان دەکەن، وەک سێگۆشەیەک درکی پێدەکەین نەک وەک سێ خاڵی پەرتوبڵاو.

٢- کاتێک قـومێک شەربەت دەخۆینەوە، ئەوا یەکەم جار وەک شەربەت بەشێوەییەکی گشت سەیری دەکەین و دەیخۆینەوە، دواتر بیر لە ئەوە دەکەینەوە کە (تام و بۆن و ڕەنگ) وەک بەش چۆن بوون، واتا یەکەم جار لە بەشە بچـووکـەکـان (تام+ بۆن+ ڕەنگ)ەوە نارۆین و کـۆیان بکەینەوە تا شەربەت دەربچێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە هەمـوو (شـەربەت)ەوە دێین بۆ بەشـەکـان (تام+ بۆن+ ڕەنگ).

٣- کـاتێک سـەیری مـاشـێنێک دەکـەین، ئەگـەر تایەکشی لەژێردا نەبێت و یەک لایتیشی پێوە نەبێت و دەعـمـیـشی کـردبێ، ئەوا هەر دەڵێین ئەوە مـاشـێنەو بەشیوەیەکی گشتی درکی پێدەکەین، ئینجا دوای ئەوە بیر لە بەش و پێکهاتە جیاجیاکانی دەکەینەوە.


### یاساکانی فێربوون

جەشتاڵتییەکان بە پلەی یەکەم گرنگیان بە پرۆسەی درک پێکردن (الإدراک) دابوو، بەڵام فـێـربوون بەپلەی دووەم دێن و دەتوانرێ بۆ مەبەستی لێکدانەوەی پرۆسەی فێربوون، سوود لە گرنگترین یاساکانی درک پێکردنی جەشتاڵتییەکان وەربگیرێت، کە ئەمانەی خوارەوەن: (الأزیرجاوی، ١٩٩١، ص٢٨٦).

١- یاسـای ڕێکخستن: ئەم یاسـایە لە گـرنگتـرین یاساکانی درک پێکردن و فێربوونە، بەپێی ئەم یاسایە، هەمـوو (کل) گەورەترە لە بەشـەکان (الأجزاء) و یەکـەم جارش بوونەوەر (مرۆڤ و ئاژەڵ) درک بە هەمـوو، واتا دیاردەکە بەگشتی دەکات و دواتر گرنگی بە بەشـەکـان دەدات. بەپێی ئەم یاسایە، ئەوکاتە فێربوون ڕوودەدات، کە ئەو بارودۆخەی (موقف) گرفت و کێشەکەی تێدایە بە باشی ڕێک خـرابێت و سـەرجـەم بەش و ڕەگـەزو هۆو ئامـانجـەکـانی تێـدا ڕوون و ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی بوونەوەر لە ڕێگەی تیژبینییەوە هەموو بەشەکان و ڕەگەزو هۆو ئامـانجـەکـان بەیەکـەوە گـرێ بدات و چارەسـەری گرفتەکە بکات، هەروەها بوونەوەر بە ئاسانی و بەخێرایی لەوشتانە تێدەگات کە ڕێکخراون و بەپێی (شێوە، یان بارسـتـایی، یان ڕەنگ، یان درێژی، یان پانی... تاد) پۆلێن کـراون، بەپێـچەوانەی ئەو شـتـانەی کـە نارێک و پەرت و بڵاون.

٢- یاسـای شێـوە لەسـەر زەمـینە: ئەم یاسایە بناغـەو بڕبڕەی پشـتی پرۆسەی درک پێکردنە، لەبەرئەوەی بواری درک پێکردنی هەر دیاردەیەک لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم بریتییە لە شێوە (الشکل) کە گرنگترین بەشی دیاردەکەیەو دەبێت بەسەنتەری وریای و بەئاگایی، بەشی دووەمـیش بریتـییـە لە زەمـینە (الأرضـیـة)، کـە سـەرجـەم باکگراوندو دواوەی شـێـوەکـەیەو بەبێ ئەم زەمینەیە شێوەکە بەهای نابێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئاسـمـان بکەین، ئەوا ئەسـتـێـرەکـان دەبن بەشـێـوەو ئاسـمـانیش بە زەمـینە، هەروەها تابلۆی سەر دیوارێک شێوەیەو دیوارەکەش زەمینە، وشەو ڕستەکان شێوەن و کاغەزیش زەمینەیە.

٣- یاسای نزیکی: بەپێی ئەم یاسایە، مرۆڤ کاتێک سەیری چەند دیاردەو شێوەیەک دەکات، ئەوا ئەو شت و دیاردانەی کـە لە یەکەوە نزیکن پێش دوورەکـات خـۆیان بەسەر درک پێکردنی مرۆڤدا دەسەپێنن، واتە یەکەم جار درک بە نزیکەکان دەکەین، بۆ نموونە کاتێک سەیری ئەم هێـڵانەی خـوارەوە دەکـەین، ئەوا یەکـەم جـار هێـڵـە هاوتەریبە نزیکەکان درک پێدەکەین (أب) نەک (ب ج).





**یاسای نزیکی ڕوون دەکاتەوە**

یاسای نزیکی تەنیا نزیکی لە شوێن ناگەیینێ وەک لەوشـێـوەی سـەرەوەدا دەردەکـەوێ، بەڵکو نزیکی لە کـاتیش دەگـەیەنێ، بۆ نموونە مـرۆڤ یادگاری و ڕووداوو بەسـەرهاتە نزیکەکـانی بە باشی دێتـەوە یادی ئەگـەر بەراورد بـکرێت بەیادگــاری و ڕووداوە دوورەکـــان، لەبەرئەوەی ڕووداوە نزیکەکـــان، لە لایەنی کـــاتەوە


نزیکترن لە ئێستا، بەڵام ڕووداوە کۆنەکان دوورترن بۆیە بە زەحمەت دێنەوە یادمان، واتە ئێستاو ڕووداوی نزیک وەک هەردووهێڵی (اَب) وایە، بەڵام ئێستاو ڕووداوی دوور وەک هەردوو هێڵی (ب ج)وایە.

٤- یاسای داخستن: کۆئەندامی دەماری مرۆڤ (ئاژەڵ) بەردەوام بەپێی ئەم یاسایە ئەو دیاردەو شتانەی کە کەم و کورتی و بۆشایی و نوقستانی تێدابێت، هەوڵی پڕکردنەوەو داخستنیان دەدات، بۆ ئەوەی شێوەیەکی تەواو لەسەر زەمینەیەک دەربچێت و ئەو مرۆڤە درکیان پێ بکات بۆ نموونە کاتێک سەیری ئەم شێوانەی خوارەوە دەکەین ئەوا وەک چەند هێڵ و بەشێکی پەرتەوازە درکیان پێ ناکەین، بەڵکو وەک چوارگۆشەو بازنەو سێ گۆشە درکیان پێدەکەین و ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە، چونکە نووقستانییەکە تاک تووشی گرژی و ناڕەحەتی دەکات.



**یاسای داخستن ڕوون دەکاتەوە**


٥- یاسای لێکچوون: بەپێی ئەم یاسایە تاک ئەگەر سەیری دیاردەو شێوەو کۆمەڵێک ڕەگەزو بەش بکات، ئەوا یەکەم جار ئەو دیاردەو شتانە دەبینێت کە چوون یەک و وەک یەک وان، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم شێوانەی خوارەوە بکەین، ئەوا بازنەکان بەیەکەوەو چوارگۆشەکانیش بەیەکەوەو سێ گۆشەکانیش بەیەکەوە، نەک سێ گۆشەو چوارگۆشە بەیەکەوە، واتە یەکەم جار ئەوشتانەی لەیەک دەچن خۆیان دەسەپێنن بەسەر هەستەوەرەکانمان پێش ئەو شتانەی کە لەیەک ناچن.



**یاسای لێکچوون ڕوون دەکاتەوە**

کەواتە بۆ ئەوەی فێرخواز بە باشی فێربێت، ئەوا دەبێت بابەتەکە ڕێک بخرێت و دیاردەو شتە وەک یەک و لێک چووەکان بدرێت بە فێرخواز، نەک بەشێوەی ناڕێکی و پچڕپچڕی.

٦- یاسای بەردەوامی: بەپێی ئەم یاسایە، حەزوئارەزوو ئیرادەیەک لەلای تاک هەیە کە هێڵی ڕاست بە بەردەوامی وەک هێڵێکی ڕاست ببینێ نەک خاڵی یەک لە دوای یەک، هەروەها بازنەش وەک بازنە نەک وەک هێڵی چەماوەو خاڵی یەک لەدوای یەک. هەروەها یادگاری و ڕووداوە دڵتەزێن و ناخۆشەکانیش و یادگاری و ڕووداوە خۆشەکان، هەمان بەردەوامی وەردەگرن و مرۆڤ دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆریش هەر یادیان دەکاتەوەو لەبیرناچنەوە.



**یاسای بەردەوامی ڕوون دەکاتەوە**

## سوودە پەروەردەییەکانی تیۆری جەشتاڵت

دەکرێت سوود لە تیۆری جەشتاڵت بەگشتی و فێربوون بە تیژبینی بەتایبەتی، لەم بوارانەی خوارەوەدا، وەربگیرێت:

١- منداڵی بچووک بەڕێگای هەموو (الكل) فێری خوێندنەوەو نووسین بکرێت، بەپێی فێربوونی لە ڕێگە تیژبینیەوە، باشترە ڕێگای هەموویی (کلیە) و گشتی بۆ فێربوونیان بەکار بهێندرێ، نەک ڕێگا بەش بەشی (الجزئیە)، واتە یەکەم جار فێری نووسین و خوێندنەوەی ڕستە بکرێن دواتر وشە لە کۆتایشدا فێری پیت بکرێت (ڕستە ـــــ وشە ـــــ پیت)، لەبەر ئەوەی ڕستەو وشە بەشێوەیەکی گشتی ماناداراەو منداڵ بە ئاسانی تێیان دەگات بەڵام (پیت) چونکە بەش و ڕەگەزی بچووکە بەتەنیا هیچ مانایەکی نییە، بۆیە منداڵ بە زەحمەت لێی تێدەگات و نووسین و خوێندنەوەی بەبێ ئەوەی لەناو وشەو ڕستەدا بێت، هیچ مانایەکی نابێت و بێ سوودە.

٢- بۆ ئەوەی فێربوون کاریگەرترو خێراتر بێت، ئەوا باشترە لە گشتی و هەمووەوە بۆ تایبەتی و بەش بڕۆین، واتە پێویستە یەکەم جار پرەنسیب و یاساو مانای گشتی بابەتەکە بە فێرخواز بدرێت، دوای زانیاری و شارەزایی دەربارەی بەش و پێکهاتەو ڕەگەزە بچووکەکانی بدرێتێ، چونکە بەم شێوەیە یەکەم جار مانایەکی گشتی دەربارەی دیاردەو بابەتەکە وەردەگرێ و دواتر بە ناخ و پێکهاتەو بەشەکانیدا ڕۆدەچێتە خوارەوە.

٣- کاتێک سەیری تابلۆیەکی هونەری، یان شانۆگەرییەک دەکەین، ئەوا یەکەم جار بەشێوەیەکی گشت سەیری دەکەین و تام و چێژی لێوەردەگرین دواتر بیر لەبەش و پێکهاتەکانی دەکەینەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ماناو تام و چێژی و جوانییەکەی لە دیمەنە گشتییەکەیدایە نەک بەشە بچووکەکانی بە تەنا نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە کاتێک هونەرمەندو نیگارکێشێک دەیەوێت وێنەی تابلۆیەک دروست بکات، ئەوا یەکەم جار هێڵکاریەکی گشتی بۆ وێنەکەی دەکات، دواتر دەچێتە ناو وردەکاری و دروست کردنی پارچ و بەشە بچووکەکان. کەواتە هەموو (الکل) دەکەوێتە پێش بەشەکان (الأجزاء) و دەبێت لەکاتی کارکردن و فێربووندا ئاگادار ئەم پرەنسیپە بین.

٤- لەکاتی چارەسەرکردنی گرفتەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارە، ئەوا دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی سەیری گرفت و دیاردەکە بکەین نەک تەنیا بیر لە بەش و ڕەگەزە بچووکەکان بکەینەوەو بەدوای پێوەندی نێوانیان و کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتری، نەگەڕێین، چونکە سەیرکردن بە شێوەیەکی گشتی تێگەیشتن و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان هەموو بەشەکان یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەو زاڵ بوون بەسەریدا.

٥- تیۆری جەشتاڵت زیاتر گرنگی بەتێگەیشتن و دۆزینەوەی ڕێگا چارەو تاووتوو کردنی دیاردەکان دەدات نەک دووبارەکردنەوەو ڕاهێنان و مەشق کردن و هەوڵدان و هەڵەکردن.

**سەرچاوەکان:**

**١- أبو جادو، صالح محمد علي، علم النفس التربوي، دارالمسيرة، عمان، ٢٠٠٣ الأردن، ط٣.**

**٢- الازيرجاوي، فاضل محسن، أسس علم النفس التربوي، جامعة الموصل ١٩٩١.**

**٣- قەرەداخی، حەمەڕەشید، فەرهەنگی ئازادی (E- کوردیی) چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و نەشری، احسان/ چاپخانەی أسوە، ئێران، ٢٠٠٦.**

# سەرچاوەکانی دیالیکتیکی هیگڵی

ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

(٢-٢)

**هیراکلیتس**

هیگڵ بە ڕاشکاوی دان بەوە دادەنێت کە دیالیکتیکی خۆی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی هیراکلیتسدا بووە و دەڵێت: (گوتەیەک نادۆزیتەوە هیراکلیتس گوتبێتی من نەم خستبێتە نێو لۆژیکەکەی خۆم). ڕەنگە هەر ئەوەش وای لە دیۆرانت کردبێت بڵێت: (هیراکلیتس هیگڵی یۆنانە)، چونکە هیگڵ ئەوەندە سەرسام بوو بە هیراکلیتس بەشێوەیەک بەرگری لێبکات و بڵێت: (شلایەر ماخر هەندێک پاشماوەی نووسراوی فەلسەفەی هیراکلیتس-ی دۆزییەوە و کۆی کردۆتەوە و ناوی ناوە (هیراکلیتس ئەفسووسی تاریک، وەکو ئەوەی لەنێو دەقەکانی خۆیدا و لە قسەی فەلسەفەکارانی کۆن دەردەکەوێت) لەوێدا هیراکلیتس وەکو پیاوێکی نا ڕۆشن خراوەتەڕوو، ئەو سیفەتەش بڵاوبۆتەوە، بۆیە شیشرۆنیش پێی وابووە هیراکلیتس بەشێوەیەکی ناڕۆشن دەنووسێت، بەڵام ئەو جۆرە تێڕوانینە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی سەرە ڕووە، زۆرتریش پێدەچێت سەرە ڕووی شیشرۆن خۆی بێت و بەپێچەوانە بیخاتە ئەستۆی هیراکلیتس. ناڕۆشنی و ئاڵۆزی ئەو فەلسەفەیە زۆرتر بۆ بیرکردنەوەی تیۆری قووڵ دەگەڕێتەوە، بیرۆکەی هەمەکیش شتێکی نامۆیە و زەحمەتە بۆ تێگەیشتن، بۆیە ناتوانێت درکی پێبکات.

ئەگەر ئێمە بێین قوتابخانەی ئەیلی بخەینە لاوە، ئەو قوتابخانەیە پێی وانەبووە ڕەها بیرۆکەیەکی پەتییە، هەروەها قوتابخانەی فیتاگۆری کە پێی وابووە ژمارەیە دەبینین ئەیلییەکان وا تەماشای ڕەها دەکەن وەکو ئەوەی

بوونێکی پەتییە، هەروەها دیالیکتیکیش لەلای ئەوان بەدی دەکەین کە پێوەندییە موتەناهییەکان ڕەت دەکاتەوە، بەڵام ئەوە دیالیکتیکی خودی بووە و وەکو گوتمان پشتی بەخودی بیرکەرەوە بەستووە، بۆیە هەنگاوی داهاتوو ئەوەیە کە دەبێت دیالیکتیک بکرێتە بابەتی، ئەوەش ئەو هەنگاوە بوو کە هیراکلیتس پێی هەستا.

ئەو پێشکەوتنەی پێویست بوو هیراکلیتس ئەنجامی بدات ئەوەبوو کە لەبوونەوە وەکو هزرێکی ڕاستەوخۆ بەرەو گوتەزای دووەم بڕوات کە سەیرورەتە، ئەوەش یەکەم بیرۆکەی عەینییە، لێرەدا ڕەها بریتییە لە یەکێتی دژەکان، بەوەش بیرۆکەی فەلسەفی لەلای هیراکلیتس دەگاتە وێنە تیۆرییەکەی، بەڵگەخوازی بارمندیس و زینۆنیش دەبێتە تێگەیشتنێکی ئەبستراکت، لەبەر ئەوە بە هیراکلیتس دەگوترێت گوایە فەلسەفەکارێکی قووڵە، بۆیە هێرشیان کردە سەر.

ئەفلاتوون بەشێوەیەکی گرنگ تەماشای هیراکلیتسی کردووە و لێی ڕاماوە، بۆیە زۆر لە قسەکانی هیراکلیتس لەنێو دیالۆگەکانی ئەفلاتوون بەدی دەکەین، چونکە سەرەتای پەروەردە بوونی فەلسەفییانەی ئەفلاتوون لەسەر دەستی هیراکلیتس و نووسینەکانی ئەو بووە، بۆیە دەشێت بگوترێت هیراکلیتس مامۆستای ئەفلاتوونە.

ئەو بڕە کەمەی کە لە فەلسەفەکەی هیراکلیتسدا بۆمان ماوەتەوە، لەیەکەم تێڕاماندا وامان بۆ دەردەکەوێت وەکو ئەوەی ناکۆک و دژکاربێت، بەڵام هەر کاتێک بیرۆکەکە سەرهەڵدەدات، بۆمان دەردەکەوێت پیاوێکە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی قووڵە. زینۆن گوزارشتی لەناموتەناهی کرد، بەڵام تەنیا لەلایەنە نێگەتیڤەکەیەوە بوو و ئاماژەی بۆ دژکارییەکە کرد بوو بەوەی کە ناڕاستەقینەیە. کەچی هیراکلیتس واتەماشای بیرۆکە دەکات وەکو هەمەکییەکی پەتی کە گوزارشتە لە ماهییەتی هزر، بۆیە دەبینین بیرۆکەی ناموتەناهی بەهێز و بەکردەوە بوونی هەیە وەکو ئەوەی خۆی هەیە، مەبەستم یەکێتی دژەکانە.

بەڵام سەبارەت بە پرەنسیپی گشتی، ئەوە ئەرستۆ پێمان دەڵێت کە ئەو عەقڵە ئازایە یەکەم کەسە ئەو گوتە مەزنە بدرکێنێت: (بوون و نەبوون یەک شتە، هەموو شتێک بوونی هەیە و بوونیشی نییە). هیراکلیتس پێی وایە خودی سروشتی جیهان لە دژەکان پێکدێت و لێکدراوە، لەوەشدا کۆمەڵێک نموونەی لە بوونەوەرەکاندا هێناوەتەوە، خوا بریتییە لە شەو و ڕۆژ، زستان و هاوین، جەنگ و ئاشتی، برسێتی و تێری. شتە ساردەکان گەرم دەبن و شتە گەرمەکانیش سارد دەبن، شتە وشکەکان تەڕ دەبن و شتە تەڕەکانیش وشک دەبن.

ئەوەی لەنێویشماندا هەیە تەنیا یەک شتە: ژیان و مردن، خەو و بە ئاگایی، گەورە و بچووک، هەموو ئەو دژانە دەگۆڕێن و دەبنە دژەکەی تری خۆیان.

هیراکلیتس یەکێتی لەنێو خودی دژەکاندا دەدۆزێتەوە و بەدی دەکات و پێی وایە لە یەک کاتدا زۆر و تاکن: نەخۆشی و تەندروستی یەک شتن، یەکیش ئەنجامی کۆی هەمووشتەکانە و هەموو شتەکانیش لەیەک شت دەردەچن. خەڵک نازانن چۆن شتێک لەیەک کاتدا دژکارو کۆک دەبێت لەگەڵ خۆیدا. کەچی لەلای ئەیلییەکان ئێمە تەنیا تێگەیشتنی ئەبستراکت لەنێو گوتەی بوون حەقیقەتە، بەدی دەکەین.

پرسێک هەیە هەموو پرسەکانی پێشووتر لەنێو یەک پرەنسیپی هەمەکی کورت دەکاتەوە، هیراکلیتس دەڵێت: (هەموو شتێک لەداڕژانی بەردەوامدایە و هیچ شتێک وەکو خۆی نامێنێتەوە). جگە لەوەش، ئەفلاتوون دەڵێت هیراکلیتس (بەراوردی لەنێوان شتەکان و ڕووگەی ڕووبار کردووە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت دووجار دابەزێتە نێو یەک ڕووبار، لەبەر ئەوەی بەردەوام ئاوی تازەی پێدا تێدەپەڕێت). ئەرستۆش پێیان دەڵێت کە یەکێک لە قوتابییەکانی گوتوویەتی: (تەنانەت بۆ یەکجاریش)، چونکە ڕووبار بەردەوام لەگۆڕاندایە و ئاوی پێدا دەڕوات، ئەوەی ئێستاش بوونی هەیە، جارێکی تر بوونی نابێت.

دەکرێت بەشێوەیەکی ڕوونتریش گوزارشت لەو پرنسیبە بکرێت کاتێک دەڵێین هیراکلیتس پێی وابووە سەیرورەت حەقیقەتی بوونە، مادام هەموو شتێکیش دەبێت و نابێت، ئەوە پێی وابووە دەشێت هەموو شتێک ڕووبدات: (ئەوە پێشکەوتنێکی مەزنە و هەنگاوێکی گەورەیە ئەو بازدانە لە بوونەوە بەرەو سەیروورەت).

بۆیە هیگڵ دەگاتە ئەو باوەڕەی بڵێت: (فەلسەفەی هیراکلیتس فەلسەفەیەک نییە تێپەڕبێت و کۆتایی هاتبێت، چونکە پرەنسیبەکەی پرەنسیبێکی بنچینەیی و جەوهەرییە و تۆ لەسەرەتای لۆژیکی مندا ڕاستەخۆ دوای بوون و عەدەم بەدی دەکەیت). زانینی ئەوەی کە بوون و

نەبوون تەنیا ئەبستراکتێکی خاوەن ڕاست نییە و یەکەم حەقیقەتیان ئەوەیە کە لە بیرۆکەی سەیروورەتدا بەرجەستە دەبێت پێشکەوتنێکی مەزنە، چونکە تێگەیشتن تەماشای بوون و عەدەم دەکات و پێی وایە هەریەکێکیان بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوی تریان حەقیقەتێک لەخۆ دەگرێت. کەچی عەقڵ بە پێچەوانەوە هەریەکێک لەوانە لەنێو ئەوی تردا بەدی دەکات و پێی وایە هەر یەکێکیان ئەوی تر لەناوەخۆیدا هەڵدەگرێت. ئەوەی بە خەوشێک دادەنرێت و لەسەر هیراکلیتس حیساب دەکرێت ئەوەیە کە بەردەوام نەبوو لەگوزارشتکردن لەو پرەنسیبە لەنێو چوارچێوە لۆژیکییە پەتییەکەی، لەبەر ئەوەی جگە لەو وێنە هەمەکییەی کە تێیدا ئەو پرەنسیبەی پێ خستە ڕوو، هەوڵیدا وێنەیەکی سروشتیشی پێ ببەخشێت، لەوەشدا ئێمە ئەیۆنییەکانمان بیردەکەوێتەوە. مێژوونووسان لە بارەی ئەو وێنە سروشتییە ناکۆک و جیاواز بوون، زۆرینەیان- لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەرستۆ- پێیان وایە ئەو وێنەیە بریتییە لە ئاگر، کەچی هەندێکی تری وەکو سکتۆس ئەمبریکۆس پێیان وایە ئەو وێنەیە هەوایە، گرووپی سێیەمیش پێیان وایە ئاوە، بگرە هەندێک کەسی تر هەن پێیان وایە زەمانە.

بەڵام ناشێت هیراکلیتس بەرەو ئەوە چووبێت کە وێنەی سروشتی پرەنسیبەکەی خۆی بریتی بێت لە ئاو یان هەوا یان هەر توخمێکی تر لەوەی ئەیۆنییەکان پێیان وابووە، چونکە هەموو ئەو توخمانە گوزارشت لە سەیروورەت ناکەن؛ تەنیا ئاگرە کە دەشێت گوزارشت لە جووڵە و گۆڕان و سەیروورەت بکات کە هەموو بوون دەگرێتەوە، بۆیە نزیکترە لە ڕاستی ئەگەر بڵێین ئەو ئاگری کردبوو وێنەیەکی سروشتی ئەو وێنە لۆژیکییەی کە لەنێو پرەنسیبە هەمەکییەکەی خۆید گوزارشتی لێکردبوو. بیرۆکەیەکی تر کە هیگڵ لەلای هیراکلیتس پێی سەرسام بوو، ئەویش هەڵوێستی هیراکلیتس بوو لە ئاست وشیاری مرۆڤ، چونکە لەپاڵ ئەوەی هیراکلیتس دژایەتی ئەیلییەکانی دەکرد و سەیروورەتی خستە شوێنی هەبوویەکی جێگیرو چەقبەستوو، یەکەم کەسیش بووە کە قسە لە بارەی وشیاری مرۆڤەوە بکات کاتێک دەڵێت: (من بەدوای خۆمدا دەگەڕێم) و وای لە وشیاری کرد ڕووبەڕووی بوون ببێتەوە وەکو ئەوەی بوون بابەتێکی وشیاری بێت، ئالێرەوە هیگڵ بە ڕاستی ناوی نا (یەکەم فەلسەفەکاری تیۆری)، چونکە دەتوانین بڵێین هیراکلیتس یەکەم کەسە لە تیۆری مەعریفە دەکۆڵێتەوە و پرسیار لە بارەی ئەوەوە دەکات کە چۆن دەکرێت وشیاری بگاتە مەعریفەی هەمەکی کە گوزارشت لە حەقیقەتی شتەکان دەکات. هەروەها هیراکلیتس یەکەم کەسە وشیاری و پرەنسیبی هەمەکی و بابەت لەنێو یەک یەکێتیدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا دەبینین بۆ یەکەم جار پێداویستی بابەتی سەرهەڵدەدات، ئەوەتا هیگڵ دەڵێت: (چەند دەقێکی کەمی هیراکلیتس-مان بۆ ماوەتەوە کە گوزارشت لە ڕایەکانی دەکات لە بارەی مەعریفە و ئەو پرەنسیبەی بڕوای پێ هەبووە لەوەی هەموو شتێک بوونی هەیە و بوونی نییە و ڕاستەوخۆ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێی وابووە مەعریفەی هەستەکان ڕاست نییە، چونکە گوزارشت لە ڕاستی بوونی شتێک دەکەن، کەچی لە ڕاستیدا ئەو شتە بوونی نییە. ئەو بوونە ڕاستەوخۆیە بوونێکی ڕاستەقینە نییە، بوونی ڕاستەقینە بریتییە لەنێوەندگەرایی ڕەها، یان بوون ئەوکاتەی دەبێتە بابەتی هزر یان خۆی دەبێتە هزر. هیراکلیتس لەو بارەیەوە وەکو ئەوەی کلنت ئەسکەندەری دەڵێت، گوتوویەتی (ئەوەی ئێمە لە بەئاگاییدا دەیبینین، مردنە. هەروەها هەموو ئەوەی لە خەودا دەیبینین، خەونە). سکتۆس ئەمبریکۆسیش قسەیەکی تری لێ دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: (گوێچکە و چاوەکان شایەدی خراپن بەسەر مرۆڤەوە)، یان دەڵێت (عەقڵ خۆی ناوبژیوان و حەقیقەتە، پێداویستی ڕەهاش ئەوەیە کە وشیاری گەرەکیەتی).

## گۆرگیاس

بوونی قوتابخانەی ئەیلی لەپاڵ قوتابخانەی هیراکلیتس سەرهەڵدانی سۆفستائییەکانمان بۆ ڕاڤە دەکات، چونکە جێکەوتی زینۆنی ئەیلی لەسەر سۆفیستەکان زۆر بەهێز و کاریگەر بوو، هەروەها فەلسەفەی هیراکلیتس-یش ئەو بڕوایەی لەرزاند کە پێشتر هەبوو لە بارەی بوونی شتێکی جێگیر و چەقبەستوو. لێرەدا ئێمە قسە لە بارەی سەرهەڵدانی سۆفیستەکان و ئەمانجەکانیان ناکەین، بەڵکو تەنیا باسی بەکارهێنانی دیالیکتیک دەکەین لەگەڵ ڕای هیگڵ

لەبارەیانەوە. بەڕای هیگڵ ناودارترین فەلسەفەکاری سۆفیست کە گوزارشتی لە دیالیکتیکی ئەوان کردبێت گۆرگیاسە بۆیە هیگڵ لەبارەیەوە دەڵێت: (لە دیالیکتیکی پەتی زۆر سەرکەوتوو بوو کە توێژینەوە لەبارەی گوتەزاگشتییەکانی وەکو بوون و نەبوون دەکات، ئەوەش دیالیکتیکە زۆر لە قسەی سۆفیستەکان ناچێت).

بێگومان گۆرگیاس لەژێر کاریگەری دیالیکتیکی قوتابخانەی ئەیلی بووە، چونکە ئەوانی ناسیوە وشارەزایان بووە و بەشداری شێواز ومیتۆدەکەشیان بووە، تەنانەت ئەرستۆ لەنێو کتێبی (زینۆفان و زینۆن و گۆرگیاس)دا بەیەکەوە لێیان دەکۆڵێتەوە و باسیان دەکات.

گۆرگیاس دیالیکتیکی خۆی لەنێو کتێبی (لەبارەی سروشتەوە) خستۆتەڕوو و وەکو ئەوەی سکتۆس ئەمبریکۆس دەگێڕێتەوە ئەو کتێبە سێ بەش بووە:

١- بەشێوەیەکی بابەتییانە سەلماندوویەتی کە هیچ شتێک بوونی نییە.

٢- بەشێوەیەکی خودیانە گریمانی ئەوەی کردووە کە ئەگەر بوون بوونیشی هەبێت، بەڵام سەلماندوویەتی ناکرێت بزاندرێت.

٣- بەشێوەیەکی بابەتی و خودیانە سەلماندوویەتی کە هیچ پێوەندییەکی مومکین نییە لەنێوان ئەوەی بوونی هەیە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت بزاندرێت.

لە بەشی یەکەمدا گۆرگیاس پێی وایە ئەو شتەی بوونی هەیە، یان دەبێت خۆی بوونی هەبێت بەبێ ئەوەی سەرەتایەکی هەبێت، یا دەشێت سەرەتایەکی هەبێت، دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ناشێت بێ سەرەتا بێت و نابێت سەرەتاشی هەبێت، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا بەرەو دژکاری دەچێت، بۆیە ناشێت بوون ئەزەلی بێت، ئەگەر وابێت ئەوە سەرەتای نییە، ئەوەی سەرەتاشی نەبێت نا سنووردارە، ئەوەی ناسنوورداریش بێت لەنێو شوێندا جێگای نابێتەوە، ئەگەر شوێنیشی هەبێت، ئەوە دەبێت لەنێو شتێکی تردا بێت، ئەگەر واش بوو ئەوە دیارە سنووردارە، هەروەها ناکرێت ئەو شتەی بوونی هەیە ئافەریدە کراوبێت، چونکە ئەگەر وابوو ئەوە دەبێت لەشتێکی ترەوە هاتبێتە بوون، یان لەشتێک کە پێشتر بوونی هەبووە، یان لە شتێک کە پێشتر بوونی نەبووە، هەردوو حاڵەتیش ئەستەمە، هەروەها نابێت ئەو شتەی بوونی هەیە لە یەک کاتدا ئەزەلی و ئافەریدە کراوبێت، چونکە ئەزەلی و ئافەریدە کراو دوو دژکار و ناکۆکن، کەواتە بوون، بوونی نییە.

بە هەمان شێوەش، گۆرگیاس پیشانی داوە کە بوون نابێت تاک و تەنیا بێت، ئەگینا ئەوە دەبوو قەبارەی هەبێت، ئەوکاتەش دەکرا بەبێ کۆتایی دابەش بکرێت. هەروەها ناشێت زۆریش بێت، چونکە زۆر بریتییە لە کۆی گشتی تاکەکان، مادام تاکێک بوونی نەبێت، ئەوە زۆریش دروست نابێت. هەروەها گۆرگیاس ڕوونی کردۆتەوە کە ئەگەر شتێکیش هەبێت، ئەوە هەر ناکرێت درکی پێ بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو شتەی درکی پێ دەکرێت بوونی نەبێت، ئەوە نەبوون بابەتی هزرە، مانای وایە بوون یان حەقیقەت بابەتی هزر نییە و ناشێت ئیدراک بکرێت.

لەکۆتاییدا دەگەینە بنچینەی دیالیکتیک لەلای گۆرگیاس لەبەشی سێیەمدا- وەکو ئەوەی هیگڵ پێی وایە- گۆرگیاس پێی وایە ئەگەر بکرێت شتێکیش ئیدراک بکرێت، ئەوە ناکرێت بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، ئەو شتانەی بوونیان هەیە بریتین لە شتە هەستناکەکان، بابەتەکانی بینین، بەچاو دەبینرێن، بابەتەکانی بیستن، بەگوێ دەبیسترێن و هەرگیز ئەوانە ئاڵوگۆڕیان لەنێواندا ناکرێت و ناشێت ئەو هەستانە پێوەندی بەیەکترییەوە بکەن، دواتریش قسە کردن و ئاخافتن شێوازی پێوەندی نێوان خەڵکە، ئاخافتنیش لەو جۆرە شتانە نییە، واتە هەستناک نییە، ئێمە تەنیا قسە دەگوازینەوە نەوەکو ئەو شتانەی بوونیان هەیە، چۆن ئەو شتانەی دەبینرێن نابنە بیستراو، ئەوە قسەکانی ئێمەش یەکسان نییە، بەو شتانەی بوونیان هەیە.

لەو بۆچوونانەیدا گۆرگیاس یەکەم جار، بوون ئیلغا دەکاتەوە، دواتر مەعریفە و توانای پێوەندی نێوانیان، ئەوەش بەهەمان شێوازی دیالیکتیکی زینون. لەپاڵ ئەوەشدا، گۆرگیاس ڕێبازی ئەیلییەکانیش هەڵدەوەشێنێتەوە لەوەی بوون بریتییە لە تاکێتی، لە هەمان کاتیشدا قسەی ئەوکەسانەش پووچ پیشان دەدات کە بانگەشەی زۆرینەیی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینین هیگڵ بەگۆرگیاس سەرسامە، چونکە وا لە دیالیکتیکی. کۆڵیوەتەوە وەکو ئەوەی لەنێو هزری پەتیدا هەیە، واتا

گـۆرگـیـاس لە گـوتەزاپەتیـیـەکـانی کـۆڵیـوەتەوە، دواتر پیشـانی داوە ئەگەر بە بێگەردی و پەتی لێی بکۆڵرێتەوە بەرەو نێگـەتیـڤ دەڕوات، بـوون بـەرەو نـەبوونمـان دەبـات، تاکیش بەرەو زۆرینە، زۆرینەش بەرەو تاکێـتی دەڕوات. گـۆرگـیـاس ئەگـەرچی گـەیشـتـە ئەوەی حـەقـیـقـەتی ئەو گوتەزایانە ڕەت بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتە پرەنسیـبێکی زۆر گرینگ و ڕاستـەقینە، ئەویش ئەوەیە ئەو گوتەزایانە ئەگەر لەیەکتری جیاکرانەوەو دابڕێندران و پێوەندی پێویستی نێوانیان پچڕا، ئەوە هەرگیز حەقیقی نابـن. بەمـانایەکی تر سـەلماندی کـە جـێـبـەجـێکردنی پرنسیبی تێگەیشتن (أما-أو) بەسەر گوتەزاکان دەبێتە هۆی ئەوەی حەقیقـەتی خۆیان لەدەست بدەن و بەشێوەی لاسار دەربکەون.

هیگڵ لەوە سـەرسامی گورگیاس بووە کە توانیویەتی لەلایەنی بابەتی (بوون) و لایەنی خـودی (مـەعـریفـە) لەهزر بکۆڵـێـتـەوە، هەروەها لەلایەنی بابەتی و خـودی بەیەکەوە و پێوەندی نێوانیان و ئەوەش پیشان دەدات کە نێگەتیڤ لەنێـو هەناوی ئەو سێ بەشـە دایە. ئالێـرەوە دیالیکتیکەکەی گۆرگیاس لەوەی بروتاگۆراس ڕەسەنترە، چونکە لەنێو نێوەندێکی هزری پەتیدا دەجووڵێتەوە کە دیالێکتیکی پروتاگۆراس لە دەستی داوە.

**سوقرات**

وەکو بینیمان گۆرگیاس بەوە گەیشتە کۆتایی کە وەکو سۆفیستـەکانی تر مەعریفەی ڕاستەقینە ڕەت بکاتەوە، بۆیە سـوقـرات ئەو ئەرکەی خسـتـە سەرشـانی خۆی کـە ڕێبازی سۆفیستەکان هەڵوەشێنێتەوە، ئەو ڕێبازەی بەها مـرۆڤـایەتیـیـەکـانی تێک شکاند، بەتایبـەتیش بەها خەڵقییەکان و پیشانی بدات ئەو ڕێبازە چەندە پووچە. مادام سۆفیستـەکان داهێنەر بوون لە وتووێژی زارەکی و ڕووەو خـودگـەرایی و ڕێژەیی و تاکگەرایی چوون، ئەوە سـوقـرات خـاوەنی مـیـتـودێکی نوێ بوو کـە بەمـیـتـۆدی سوقراتی دەناسرێت و بریتییە لەوتووێژ و دیالۆگ.

بەری بناغـەی ئەو مـیـتـۆدە گـەڕانە بەدوای پرەنسـیـبـە جـێگـیـرو چەقبـەسـتـووەکـانی پشت دیاردە گـۆڕاوەکـان، گـەڕانە بەدوای هەمـەکی لەپەنای بەشـەکانەوە بەپێی ئەو بنەمایەی کە زانینی شتە گۆڕاوەکان هەرگیز زانستێکی ڕاست نییـە، بۆ ئەوەی زانست زانسـتێکی ڕاست بێت، دەبێت یەقـینی بێت و بە جـیـاوازی بۆچوونی خـەڵک و جیاوازی سەردەمەکان نەگۆڕێت، چونکە حەقیقەتەکانی جێگرو نەگۆڕن، سوقرات بەڕاستترین شێوە گوزارشت لەو بۆچوونەی خۆی دەکات وەکو ئەوەی زینۆفۆن دەگێڕنەوە، کـاتێک بەهیـبـاس دەڵێت (ئەگـەر کـەسێک پرسـیـاری لێکردی لە بارەی ئەو شـتـانەی کـە دەیزانیت، بۆ نموونە لەبارەی پیـتـەکـانەوە گـوتی ژمـارەی پیـتـەکـانی وشـەی سوقـرات چەندە؟ ئایا هەر جارەی وەڵامێکی دەدەیتەوە؟ یا کـەسـێـک پرسـیـاری ژمـارەت لێـبکات، پێی دەڵـێی (١٠) بریـتـیـیـە لە دوو ئەوەندەی (٥)؟ یان بەگـۆڕانی کات و شوێن وەڵامەکانی خۆشت دەگۆڕێت؟).

کەواتە سـوقـرات بەدوای زانسـتی یەقـینیـدا دەگـەڕێت، بەدوای پێناسـەی گشتگیر و ماهییەتی ڕاستەقینە، بۆیە زینـۆفـۆن دەڵـێت بـەردەوام بەدوای پێناسـەی چەمکە ئەخلاقـییە باوەکـاندا دەگەڕا وەکو تەقـواو دادپەروەری و خـێـرو ئازایەتی و چاکـەکـاری و...تاد. دەتوانین لەنێـو مـیـتـۆدی سـوقـراتیـدا سێ هەنگـاوی سـەرەکی لە یەکـتری جیابکەینەوە:

١- هەنگاوی یەکەم: ئەوەیە مرۆڤ خـۆی درک بەخۆی بکات، ئەوەش هەنگاوێکە هیگـڵ زۆر پێی سەرسـامە و پێی وایە پێشکەوتنێکی مـەزنە لەنێو فـەلسـەفـەدا، بۆیە دەنووسـێت: (خـودێتی نامـوتـەناهی و ئـازادی وشـیـاری خـودی ئەوکـاتە لەلای سـوقـرات سـەری هەڵدا کـاتێک گەیشتە ئەو باوەڕەی لەسەر مرۆڤ پێویستە لەیەک کاتدا لەنێـو خـۆیدا بەدوای مـەبەسـتی کـارەکـانی و مـەبەسـتی جیهـاندا بگەڕێت. هەروەها دەبێت تەنیا لەمیانەی خودی خۆیدا بگاتە حەقیقەت. بەو شێوەیە سوقرات توخمێکی زۆر گرنگی خستـە ڕوو، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ حەقیقەتی بابەت بـگێـڕێتـەوە بۆ هزری خـود، بەوەش ئێـمـە ناگـەینە بابەت تەنیـا لەمـیـانەی هزرەوە نەبێت، لێرەشدا هزر بەرز دەبێـتـەوە سەر شـتـە لاوەکی و ئارەزووە تایبـەتیـیـەکـان و دەبێـتـــە هێــزێکی تێک شکێنەر لە ئاست هەمـــوو شتێکدا).

٢- هەنگاوی دووەم: تێیدا سوقرات دەست بەفرێدانی پرسـیـار و بەڕێوەبردنی دیالۆگ دەکـات، ئەو ئەنجـامـەی بەردەوامـیـش پێی دەگـات بریتـیـیـە لەوەی بۆ خـەڵک بسەلمێنێت کە ئەو شتانەی پێیان وایە ڕاست و ئاشکران، هەڵەن و ئەوانیش ناشـــارەزان. دیالۆگی مـــینۆنیش

نموونەیەکی بەرچاوە و تێیدا وتووێژێکی زۆر و دوور و درێژ لەنێوان سوقرات و مینۆن بەڕێوەدەچێت و دەبینین سوقرات دەڵێت: (دە توخوا پێم بڵێ چاکەکاری چییە؟) مینۆنیش کۆمەڵێک پێناسەی جیاجیای ژمارەیەک چاکەکاری پێشکەش دەکات: (چاکەکاری پیاو ئەوەیە بە توانا بێت لەبەڕێوەبردنی ئیش و کاری دەوڵەت و بتوانێت یارمەتی هاوڕێیانی بدات و لەدژی دوژمنان بجەنگێت. چاکەکاری ئافرەتیش بریتییە لەوەی چاودێری خێزان بکات و ملکەچی مێردەکەی بێت، هەروەها چاکەکاری تریش هەیە بۆ منداڵ و گەنج و پیر).

بەڵام دەبینین ئەو وەڵامە قەناعەت بە سوقرات ناهێنێت و بە مینۆن دەڵێت: کە ئەو داوای لێ نەکردووە ژمارەی چاکەکارییە لاوەکییەکانی بۆ بژمێرێت، بەڵکو ئەو بەدوای پێناسەیەکی گشتگیردا دەگەڕێت بۆ چاکەکاری هەموو چاکەکارییە لاوەکییەکان لەخۆیەوە بگرێت. مینۆنیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (چاکەکاری بریتییە لەکۆنترۆڵکردن و حوکم کردنی خەڵکانی تر)، بەڵام سوقرات جارێکی تریش ڕەخنە لەو پێناسەیە دەگرێتەوە و دەڵێت چاکەکاری منداڵ و کۆیلە نە لەکۆنترۆڵ و نە لە حوکم کردندایە.

وتووێژەکە لەنێوانیاندا درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت تاوەکو لەکۆتاییدا مینۆن دەڵێت ئەو هیچ پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چاکەکاری نازانێت و هەموو ئەو پێناسانەی خستوویەتییە ڕوو پێناسەی هەڵەن. بەو جۆرە سوقرات ئەو کەسانەی فێرکرد کە لە دەوری کۆببوونەوە زۆر بەسینگێکی فراوانەوە بڵێن کە ئەوان هیچ شتێک نازانن، ئەو خۆیشی پێش ئەوان کەوت و ڕای گەیاند کە ئەو هیچ شتێک نازانێت.

لەو هەنگاوەدا سوقرات وادەرکەوت وەکو ئەوەی گاڵتە بە خەڵک بکات و بیسەلمێنێت هیچ شتێک نازانن، بۆیە هیگڵ پێی وایە ئەگەر ئەوە گاڵتەجاڕیش بێت، گاڵتە جاڕییەکی خراپ نییە بەمانا خراپەکەی، بەڵکو گاڵتەیەکە مەبەست لێی وروژاندنی هزر و بیری کەسانی تر بووە بۆ ئەوەی لە بەهای ئەو شتەدا بگەڕێن کە بڕوایان پێی هەیە و پاڵیان پێوەدەنێت لەسەر بنچینەیەکی ڕاست حەقیقەتەکان بدۆزنەوە، بۆیە ئەوە گاڵتەیەکی خۆشەویستانە بوو بەبێ قسەی ناشیرین و دڵ شکاندن.

هەروەها سوقرات لەو هەنگاوەیدا پێدەچێت گومان لە هەموو شتێک بکات بەشێوەیەک نەیارەکەی دەگەیەنێتە حاڵەتێکی سەخت لە گیرۆدەیی زەینی و هزری دواتر نەزانێت چۆن وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە. مینۆن بەو شێوەیە گوزارشت لەو حاڵەتەی نەیارەکانی دەکات و دەڵێت: (سوقرات ڕاهاتووم زۆر شتت لەبارەیەوە ببیستم و دەیانگوت تۆ گومان لە هەموو شتێک دەکەیت و وا لە بەرانبەرەکەشت دەکەیت بگاتە ئەو ئەنجامە، ئێستاش پێم وایە ئەوانەی وایان دەگوت ڕاستگۆ بوون، چونکە پێم وایە تۆ وەکو ئەو ماسییەی دەریا وای کە پێی دەڵێن (ماسی برووسکە) گوایە دەڵێن هەرکەسێک لێی نزیک بکەوێتەوە، یان دەستی لێ بدات دووچاری برووسکەیەک دێت و سڕدەبێت. تۆش هەمان کارت لەگەڵ مندا کرد و بەیەکەوە جەستە و ڕۆحمت دووچاری برووسکە کرد و ئێستاش نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە، ئەگەرچی هەزاران جار قسەم بۆ خەڵک کردووە لە بارەی چاکەکاری و پێشم وابووە قسەکانم لەلای ئەوان خۆش بووە، کەچی ئێستا نازانم چی بڵێم، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم نەچیتە نێو خەڵکانێک هیچ شتێک لەبارەی ئەو شێوازەی تۆوە نەزانن، نەوەکو بڕیاری لە سێدارەدانت بدەن و پێیان وابێت تۆ مومارەسەی جۆرێک لە جۆرەکانی سیحر و جادووگەری دەکەیت.

٣- هەنگاوی سێیەم: لەسەر ئەو بنچینەیە بنیادنراوە کە ئەگەر مرۆڤ زانستێکی ڕاستیشی لەلانەبێت، بەڵام لەناوەوەیدا کۆمەڵێک حەقیقەتی شاراوە هەیە دەتوانێت لەدەروونی خۆی و دەروونی خەڵک هەڵیان بهێنجێت، ئەوانە حەقیقەتی شاراوەن و مرۆڤ درکیان پێناکات و نایانزانێت، ئەوەش هەندێک جار بە هەڵهێنجان یان بە بەرهەم هێنان ناودەبرێت. ڕوونترین نموونەی ئەو هەنگاوە لەنێو دیالۆگی (مینۆن)دا بەدی دەکرێت، کاتێک دەبینین سوقرات کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی یەکێک لە بەندەکانی مینۆن دەکات کە هیچ جۆرە خوێندەوارییەکی نییە، سوقرات هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا دەڕوات تا وای لێدەکات یەکێک لە تیۆرە ئەندازەییەکانی فیتاگۆرس بسەلمێنێت، بۆیە میتۆدی سوقراتی پشت بەوە دەبەستێت کە سوقرات پێی وایە منداڵ کاتێک لەدایک دەبێت لەنێو دەروونیدا هەموو جۆرە زانیارییەکی پێیە، بەڵام پێویستیان بە هەندێک یارمەتی هەیە تاوەکو ئەو زانیارییانەیان بیربکەوێتەوە.

هیگڵ پێی وایە سوقرات بەشێوەیەکی زۆر خودییانە گوزارشتی لە دیالیکتیک کردووە، ئەو وێنەیەی کە خۆی لە تەهەکمدا بەدی دەکات، چونکە سوقرات ڕاهاتبوو، دیالیکتیک لەدژی چەمک و وێناباوەکان بەکاربێنێت، دواتریش لەدژی سۆفیستەکان.

سوقرات لە دیالۆگ و وتووێژەکانیدا ئازابوو و زۆر زیرەک و وریایانە ئەو پرسیارانەی دەکرد کە خۆی دەیویست و وای لەو کەسە دەکرد کە لەگەڵی دەدوێت ناکۆک و دژکار بکەوێتەوە لەگەڵ بۆچوونی یەکەمی خۆی. بۆ نموونە، سۆفیستەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە ئەوان مامۆستان، بەڵام سوقرات لە ڕێگای کۆمەڵێک پرسیارەوە یەکێکیانی ناچار کرد- ئەویش پرۆتاگۆراس بوو- دان بەوەدابنێت کە هەموو جۆرە فێربوونێک بریتییە لەبیرخستنەوە، بەڵام دیارە ئەو جۆرە وتووێژە سوقراتییانە جۆرێکی تایبەتە لەجۆرەکانی ئاخافتن لەنێوان دووکەسدا، بۆیە ئەوە وێنەیەکی خودییە لەوێنەکانی دیالیکتیک، چونکە دیالیکتیکی ڕاستەقینە وەکو ئەوەی هیگڵ پێی وایە دەبێت شتەکان و هۆکارەکانیشیان بەیەکەوە چارەسەر بکات.

جگە لەوەش، پێدەچێت ئەو میتۆدە وابگاتە کۆتایی ئەنجامەکانی زۆر لەوە زیاتر بن کە ئێمە لە ڕێگای پرسیارو وەڵامەوە پێیان بگەین، چونکە بەردەوام وەڵام وادەردەکەوێت وەکو ئەوەی تەواو جیاواز بێت لەوەی پرسیارەکە مەبەستییەتی. ڕەنگە ڕاڤەیەکی ئەوەمان لەنێو دیالۆگە چاپکراوەکاندا بۆ دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەموو وەڵامەکان لە زەینی وتووێژکەردا وادەردەکەوێت وەکو ئەوەی پێشتر ئامادەکرابێت و سوقرات بزانێت وەڵامەکەی ئەوان چی دەبێت، لێرەشدا یان ئەوەتا دەبێت بڵێین ژیانی ڕۆژانەی بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت و وەڵامەکانیش بەو جۆرەن کە لەنێو دیالۆگە سوقراتییەکاندا دەیانبینین، ئەوەش قسەیەکە کەس قبوولی ناکات، مەگەر ئەوەیە بڵێین نەیارەکانی سوقرات ئەوەندە بە ئەخلاق و ڕێک و پێک بوون بەشێوەیەک وەڵامی پرسیارێکی وایان دەدایەوە کە بەجۆرێک داڕێژرابوو وەڵامەکەی سادە و ساکار و ڕاستەوخۆ بوو هیچ جۆرە ڕەسەنایەتییەکی تێدانەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا میتۆدی سوقراتی ئەنجامی گرنگی هەبوو، یەکێک لەوانە بریتی بوو لە پێشڤەبردنی هەمەکی لەحاڵەتی عەینی دیاریکراودا و بیرۆکەی گشتگیری وا پیشان دەدا وەکو ئەوەی لەنێو دەروونی هەموو کەسێکدا بوونی هەیە و بیروبۆچوونە هەڵەکانی تێک دەشکاند کە خاوەنەکانیان دەستیان پێوە گرتبوو و پێیان وابوو حەقیقەتی ڕوون و ئاشکران، هەروەها بایەخی بەهەمەکێتی دەدا کە ئێمە تەنیا دەتوانین لە ڕێگای هزرەوە پێ بگەین.

بۆیە ئەو میتۆدە خۆی بریتییە لەمەعریفەبوونی مرۆڤ بەهەمەکێتی، ئەوە پێشڤەبردنی وشیاری خودییە و لە هەمان کاتیشدا پێشڤەبردنی عەقڵە، چونکە منداڵ و پیاوی بەرایی لەنێو بیروبۆچوونی جوزئیدا دەژین، ئەوەش بیروبۆچوونێکە مرۆڤی ڕۆشنبیر پێیان ڕازی نابێت و دەگەڕێتەوە نێو خودی خۆی، بەوەش بیرکردنەوەکەی دەبێتە بیرکردنەوەیەکی هەمەکی.

ئەو میتۆدە ئەنجامێکی تری گرنگیشی هەیە، ئەویش سەرسوورمانی وشیارییە لەوەی کە هەرگیز دەرفەتی ئەوەی نەبووە درک بەناوەوەی خۆی بکات، ئێمە کاتێک بیر لە وێناکردنێکی بەربڵاو دەکەینەوە، بۆ نموونە لە سەیرورەت، دەبینین لە یەک کاتدا شتەکان بوونیان هەیە و بوونیان نییە و دەزانین سەیروورەت بریتییە لە ناسنامەی بوون و نەبوون، ئەوە سەرمان سوور دەمێنێت کاتێک ئەو ناوەرۆکە مەزنە لەنێو ئەو وێناکردنە سادەیەدا بەدی دەکەین.

### ئەفلاتوون

ئەفلاتوون توخمە سەرەکییەکانی فەلسەفەکانی پێش خۆی کۆکردەوە و لەنێو میتۆدێکی نوێدا دایڕشتەوە، لە پارمندیس ئەوەی وەرگرت، کە حەقیقەتی ئەبەدی لەنێو زەماندا نییە و گۆڕانیش لەسەر بنەمای لۆژیکی وەهمە، لە هیراکلیتس ئەو بیرۆکەیەی وەرگرت کە هیچ شتێک لەنێو جیهانی هەستناکدا بەردەوام نییە، خۆ ئەگەر ڕێبازی پارمندیس و هیراکلیتس بەیەکەوە کۆبکرێتەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە مەعریفە لە هەستەکان وەرناگرێت، بەڵکو تەنیاو تەنیا لە عەقڵەوە دێت، عەقڵ سەرچاوەی حەقیقەتە، بەڵام هەستەکان سەرچاوەی بەهەڵە دابردنن، چونکە هەستەکان تەنیا ڕوخسارە ڕووکەشەکانمان پێدەدەن، کەچی عەقڵ حەقیقەتمان پێدەدات.

ئەگەر ئێمە لەلای سوقرات ڕەگوڕیشەی تیۆری وێناکردنی مەعریفەمان بینی، واتا ئەو تیۆرەی پێی وایە هەموو مەعریفەیەک وێناکراوە، هەروەها ئەگەر لەلای ئەو جۆرێک لە دیالیکتیکمان بینی، هەوڵ دەدات بگاتە وێناکردنێکی ڕاستەقینە بۆ چاکەکارییە جیاجیاکان لە ڕێگای وتووێژ و دیالۆگەوە، ئەوە ئێمە دەبینین ئەفلاتوون بە هەمان ڕێگادا دەڕوات و هەنگاوێکی زیاتریش دەهاوێژێت و لە سوقرات دوورتر دەڕوات، کاتێک لەنێو وێناکردنە عەقڵییەکاندا تەنیا لە ئەخلاقناسی نەکۆڵیبیەوە و لە هەموو بوونی کۆڵیبیەوە. لێکۆڵینەوەی ئەفلاتوون لەو ڕاستیانە، لێکۆڵینەوە بوو لە وێناکردنە عەقڵییە جێگیرو چەقبەستووەکان کە ڕاڤەی شتە بووە هەستناکەکان دەکەن، وێناکردنەکان یان هەمەکێتی بنچینەی ڕەهای هەموو شتەکانە و جیهانیش تەنیا و تەنیا سێبەری ئەو هەمەکێتییانەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵێک ئاژەڵ هەن و ئێمە دەتوانین ناویان بنێین (پشیلە)، باشە مەبەستمان لە وشەی (پشیلە) چییە؛ دیارە ئێمە مەبەستمان شتێکە جیاوازە لە هەموو پشیلەیەکی جوزئی، بۆیە بە ئاژەڵێک دەگوترێت پشیلە، چونکە لە سروشتی پێکهاتەی گشتیدا هەموو پشیلەکان هاوبەشن، ئەو سروشتە هاوبەشە لەگەڵ لە دایکبوونی پشیلەیەکی جوزئی نایەتە بوون، نەخێر، لەناویش ناچێت کاتێک ئەو پشیلە جوزئییە لەناودەچێت، بەڵکو لەواقیعدا بەشێک لەکات و شوێن داگیر ناکات، ئەوە ئەبەدییە. ئەو سروشتە ئەبەدییە هەمەکییە بریتییە لە ئایدیا، ئەو ئایدیایە ماهییەتی ڕاستەقینەی شتەکانە و ناسینی شتەکانیش تەنیا لە ڕێگای ئەو شتەوە دەبێت کە ئەفلاتوون ناوی دەنێت دیالێکتیک. ئەگەر دیالیکتیک شێوازێک بێت بۆ مەعریفەی ئایدیا، یان ماهییەتی ڕاستەقینەی شتەکان، ئەوە لێرەدا پێویست دەکات بەکورتی تیۆری مەعریفە لەلای ئەفلاتوون بخەینە ڕوو.

لەکۆتایی کتێبی شەشەمی دیالۆگی (کۆمار)دا ئەفلاتوون نمایشێکی ڕوونی مەعریفە دەخاتە ڕوو لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی ئەو شتانەی بوونیان هەیە، ئەفلاتوون بوون دابەش دەکاتە سەر دوو بەش:

١- جیهانی هەستناک.

٢- جیهانی ماقووڵ.

هەر بەشێک لەوانەش بۆ خۆی دەبێتە دووبەش، هەر بەشێک بریتییە لە پلەیەکی حەقیقەت لەسەر بنەمای نزیکی و دووریان لە شتەکان، بەوەش ئێمە دەکەوینە بەردەم چوار بەش کە لەلایەک پلەی شتە هەبووەکان دیاری دەکەن و لەلایەکی تریش چوار قۆناغ هەیە کە هاوتەریبی ئەو چواربەشەن و بریتین لە چوار قۆناغی مەعریفە.

بەشی تایبەت بە جیهانی هەستناک بریتییە لە (سێبەرەکان و هەموو ئەو شتانەی لەسەر ڕووی ئاو ئاوەژوو دەبنەوە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لووس و بریقەدارن، دواتریش شتە ڕاستەقینەکان هەیە کە بەرانبەر بەو وێنانەن، مەبەستم هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ و شتەکانی نێو جیهانی سروشتییە).

بەشی دووەمی تایبەت بەجیهانی ماقووڵ بریتییە لە (ئەو ڕاستییانەی لێیان دەکۆڵینەوە بە پشت بەستن بە شتە سروشتییەکان و وێنەکانیان- واتە بەشی یەکەم، ئالێرەدا بەگریمانەکردن دەست پێدەکەین و بەڕێگای خۆماندا دەڕۆین بەرەو پرنسیپی یەکەم نا، بەڵکو بەرەو ئەو ئەنجامانە دەڕۆین کە لەو گریمانانە دەستمان دەکەوێت کە ئەوانە دەگرێتەوە: ڕاستییەکانی دەروون- کاتێک لە گریمانەکان دەست پێدەکەین و بەرەو ئەنجامەکان دانابەزین، بەڵکو بەرەو پرنسیپی یەکەم سەردەکەوین).

هاوتەریب لەگەڵ ئەو پلانەی بووندا، چوار قۆناغی مەعریفە هەیە کە بریتییە لەوەهم و زەن و تێگەیشتن و عەقڵ. لێرەدا دەتوانین بڵێین جیهانی هەستناک دەکەوێتە بەرانبەر مەعریفەی زەنی و جیهانی ماقووڵیش دەکەوێتە بەرانبەر مەعریفەی عەقڵی.

تێبینی دەکەین ئەفلاتوون جیهانی هەستناک و جیهانی عەقڵی لە یەکتری جیادەکاتەوە، دواتریش دێت هەریەک لە عەقڵ و ئیدراکی هەستی دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر، لێرەدا ئێمە زۆر بایەخ بەو دوو جۆرە ئیدراکە هەستییە نادەین، بەڵام دوو جۆرە ئیدراکە عەقڵییەکە ناودەنێت عەقڵی پەتی، هێزی تێگەیشتن. عەقڵی پەتی لەلای ئەو باڵاترو بەنرخترە و بریتییە لە هزرە پەتییەکان و لە ڕێگای دیالیکتیکەوە دێتە دی، بەڵام هێزی تێگەیشتن جۆرێکە لەو عەقڵەی ئێمە لەماتماتیکدا بەکاری دێنین، ئەوەش پێگەیەک نزمترە لە عەقڵی پەتی، چونکە هەندێک گریمانە دەسەپێنێت ناتوانێت تاقییان بکاتەوە و لە ڕاستییان دڵنیا بێت، بۆیە ئەگەر ماتماتیک

دەیەوێت شتێکی زیاتری لە حەقیقەتی گریمانەکراو دەست کــــەوێت، ئەوە دەبێت بەڵگەی بوونی بابەتەکـــانی لەجیــهــانێکی باڵاو بێگەردتر لەجیــهــانی هەستناک وەربگرێت، هێزی تێگەیشتنیش ناتوانێت ئەو بەڵگەیە بەدەست بێنێت، بەڕای ئەفــــلاتوون ئەوەی دەتوانێت کــارێکی وابکات عــەقــڵی پەتیــیە کــە دەســەلمێنێت لەجیـهانی باڵادا مەسەلە ئەندازەییەکان لەسەر بنەمای واقیـعی عـەقـڵی بنیـاد دەنرێن. ئەفـلاتوون پێی وایە دیالیکتیـک دوو ڕێگاو شێـوازی هەیە، دیالیکتـیکی بەرز و باڵا بوو، دیالیکتـــیکی نزم و دابەزیو. مــرۆڤ سـەرەتا تێـبینی شـتـە جـوزئیــیەکـان دەکـات و لەوێوە بەرزدەبێــتـەوە بەرەو سـروشـتی عـەقـڵی گـشـتی کـە بەیەکەوەیان دەبەستێـتـەوە، واتا لەمـیـانەی زۆرینەی هەستـییـەوە بەرزدەبێتـەوە بەرەو یەکێتی عـەقـڵی، لەو یەکێتی عـەقـڵییـەوە دەگاتە پلەی ماقـووڵی بەرزتر، بەو شێوەیە بەرزدەبێتەوە لەتاکەکانەوە بەرەو جۆرەکان و بەرەو ڕەگــەزەکـان تاوەکــو لەکــۆتاییــدا دەگــاتە ڕەگــەزێک لەڕەگەزەکان، دەگاتە بیرۆکەیەک کە لە هەموو بیرۆکەکان گشـتـیـترو ڕاستـەقـینەترو پایە بەرزترە، ئەو بیـرۆکەیەش بریتـییـە لە ئایدیای خێرو چاکەکاری، بۆیە ئەفـلاتوون لەنێـو کـتـێبی (کـۆمـار)دا وا وەسفی دەکـات: (لەنێـو جـیــهــانی مـاقــووڵدا لە پێگەی خـۆردایە لەجـیــهــانی هەستناکدا و ئەو ڕۆشنایـیـە بە گوتەزاکـان دەبەخشـێت تاوەکو بینراو بن و گەرمییەکەشی ژیان دەبەخشێت).

بینینی خـێـر بینینێکی ڕاسـتـەوخـۆو حـەدسـێکی عەقڵییە، بەبێ بوونی ئەو بینینە و گەیشتن بە پرنسیبی باڵای هەمـوو مەوجوداتەکان، عـەقڵ پەرت و بڵاوەدەبێت، چونکە مـەعـریفـەی خـێـر ئـامـانجی هەمـوو زانسـتـێکی جــوزئیـــیە کــە بەردەوام بەدەست نەبوونی تێــڕوانینی هەمـەکی یان تێـڕوانینی فـەلسـەفـیـدا دەگـەڕێت، بەڵام خودی ئەو پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی تر تەواو دەبێت تێیدا مرۆڤ لە ڕەگەزە بەرزەکانەوە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ سەر جۆرەکـان کـە ئەوە تاکـەکـانیش دەگـرێتـەوە و ئەفـلاتوون دەڵێت: (دەتوانێت بەو شــێـــوەیە دابەزێت و بەپێی مـیـتـۆدی شـیـکاری یان بە بەکـارهێنانی دابەشکردنی دووانەیی ڕۆشن بوو بە حەدسی ئایدیا بەردەوام بێت).

باشـە ئەو هزرە ئەفـلاتوونیـانە چی بوون کـاریان کـردە ســـەر هیـگـڵ و وایان لە مــــیـــــۆر کــــرد پێی وابێت دیالیـکتـیکی هیگڵی زۆرتر قەرزاری ئەفلاتوونە نەوەکو ئەرستۆ. لە پێشەوەی ئەو هزرانەدا بایەخی ئەفلاتوون بوو بە هەمــەکـێـتی و بڕوای ئەوەی هەمــەکـێـتی یان هزر بنچینەی ڕاستـەقینەی ئەو جیـهـانەیە، بۆیە هیگڵ لەنێو مـێـژووی فـەلسـەفـەدا دەڵێت: (ئەگـەر ئێـمـە لەزۆر لەو دیالۆگانەی ئەفـلاتوون ورد بینەوە کـە بەبێ ئەنجـامـێکی پۆزەتیڤ کۆتاییان دێت، دەبینین مەبەستی ئەو دیالۆگانە ئەوەیە بۆمـان ڕوون بکاتەوە کـە ئەو شتـانەی ڕاستـەوخۆ بوونیــان هەیە، واتا هەمــوو ئەو شــتــە زۆرانەی بۆمــان دەردەکەون، خودی خۆیان بەمانا بابەتییەکەیان ڕاستەقینە نین، چونکە دەگۆڕێن، ماهییەتیشیان بەپێوەندیان لەگەڵ شـتـەکـانی تردا دەگـۆڕێت و لەمـیـانەی خـودی خـۆیانەوە دەستنیـشـان ناکـرێن، بۆیە پێـویسـتـە لەسـەرمـان لەنێـو هەمـەکـێـتـیـدا بەدوای حـەقـیـقـەتی ئەو شـتـە جـوزئیـیـە هەسـتـناکــانەدا بگـەڕێین، یان ئەوەی ئەفــلاتوون ناوی دەنێت: ئایدیا).

پێـویسـتـە ئـامـاژە بۆ ئەوەش بکـەین کـە ئەو ئایدیایانە حـەقـیـقـەتی بابەتی و سـەربەخـۆن لە ئێـمـە و دابڕاون لەجیـهـان و لە سەرووی کـات و شوێنەوەن. دواتر ئەوەش دەبینین کـە هیگڵ وا تەمـاشـای گـوتەزاکـان دەکـات وەکـو ئەوەی حـەقـیـقـەتی بابەتین، ئەگـەرچی دەیانخـاتە نێـو قـووڵایی جـیــهـان (دڵ و سـێنتـەری شـتـەکـان). دووەم بیـرۆکـەی گـرنگ لەلای ئەفـلاتوون جیـاوازی کـردنیـەتی لەنێـوان مـەعـریفـەی هەستی و مـەعـریفـەی عـەقـڵـیدا، دواتریش دابەشکردنی عــەقڵ بەســەر دوو جــۆر: هێــزی تێگەیشتن و عــەقــڵی پەتی. ئێــمــە دواتر ئەو جــۆرە دابەشکردنە دەبینین کـاتێک لەلای کـانت بەشـێـوەیەکی ڕوونتـر سەرهەڵدەداتەوە و ئەوەش دەبینین چۆن هیگڵ لە کانت وەری دەگرێت و پێی سەرسام دەبێت و بەشێوەیەکی تازەتر دایدەڕێژێتـەوە کـە لەگـەڵ تێـڕوانینی فـەلسـەفی گشتی خۆی و میتۆدی دیالیکتیکی بگونجێت.

دەبێت تێــبـینی ئەوەش بکـەین کـە دیالیـکتـیـک لە ڕێڕەوی خـۆیدا لەلای ئەفـلاتوون هەرگـیـز مـامـەڵە لەگـەڵ شتە هەستناکەکان یان شتە جوزئییەکاندا ناکات، بەڵکو تەنیـا لەنێوان هەمەکـێـتـیـیـەکاندا دێت و دەچێت وەکـو ئەوەی ئەفلاتوون خۆی دەڵێت: (ئەو میتۆدەی لەسایەیەوە دەروون لەشتـە هەستـییـەکانەوە بەرەو شتـە ماقـووڵەکان دەچێـت، بەبێ ئـەوەی شـــــــتـــــــێکی هـەست پێـکراو

بەکاربێنێت، بەڵکو بەگواستنەوە لە بیرۆکەیەک بەرەو بیرۆکەیەکی تر لەمیانەی بیرۆکەوە). دیالیکتیک هەر تەنیا بەرزبوونەوە نییە لە شتە هەست پێکراوەکان بەرەو شتە ماقوولەکان، بەڵکو بەتێڕوانینی ئەفلاتوونی کردەیەکی عەقڵی تایبەتە تەنیا بەقۆناغی ئایدیا و نزیکە لەوەی هاوشێوەی زاراوەی لۆژیک بێت، چونکە لەسەر دابەشکردنی وێناکردنەکان بنیادنراوە بۆ ڕەگەز و جۆر، فەلسەفەکار لەو شوێنە دەست پێدەکاتەوە کە زانای ماتماتیکی تێیدا دەوەستێت و سەردەکەوێت بەرەو یەکەم پرنسیبی گەردوون، بەوەش ئەو لە ئایدیاوە بەرز دەبێتەوە بەرەو ئایدیا و لەنێو جیهانی ئایدیاش جێگیر دەبێت. دیالیکتیک جۆرێک لە مەعریفەیە بالاترە لەسەرووی گریمانەکانە و دەگاتە پرنسیبی هەمەکی، بەجۆرێک ئەگەر پێیەوە نووسا بەکۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەک بەبێ یارمەتی هیچ شتێکی هەستناک دێتە خوارەوە، لە ئایدیاوە بەرەو ئایدیا و بە ئایدیاش کۆتایی دێت، ئەوەش هەمان حاڵەتە کە لەلای هیگڵدا هەیە، دیالیکتیک لەلای هیگڵ، بەنێو هەمەکێتی پەتیدا دەڕوات و هەرگیز پەیوەستی شتە جوزئییە هەستناکەکان نابێت.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە ئەفلاتوون لەنێو فەلسەفەکەی خۆیدا هەموو توخمە بنچینەییەکانی فەلسەفەکانی پێش خۆی بەیەکەوە کۆکردەوە، ئەوەش هەنگاوێکی مەزنە و هیگڵ پێی وایە ڕاستی ئەو بۆچوونەی دەسەلمێنێت کە میتۆدە فەلسەفییەکانی دواتر لەنێو هەناوی خۆیاندا میتۆدە فەلسەفییە کۆنەکان هەڵدەگرن، هیگڵ پێی وایە ئەفلاتوون هاتووە دیالیکتێکی بابەتی هیراکلیتسی خستۆتە سەر دیالیکتیکی ئەیلی کە بریتی بوولە هەوڵێکی دەرەکی خود تاوەکو دژکاری پیشان بدات، جگە لەوەش گوزارشتی لەهزری ئەخلاقی لەلای سوقرات کردبوو و لە هزرێکی خودییەوە گۆڕی بۆ هزرێکی بابەتی، ئەوەش نموونەی بەیەکەوە کۆکردنەوەی هزری هەمەکی و بابەتییە، لێرەوە بەڕوونی دەبینین کەفەلسەفەکانی بەر لە ئەفلاتوون لەمیانەی ڕەخنەکانی ئەفلاتوونەوە ون نەبوون و کۆتاییان نەهات، بەڵکو دەبینین هەڵیان دەمژێتە نێو فەلسەفەکەی خۆی. جگە لەوەش، ئەفلاتوون لە زۆر لە گوتەزاکانی کۆڵیوەتەوە، وەکو گوتەزای بوون و نەبوون، تاک و زۆر، هەمەکی و جوزئی، موتەناهی و ناموتەناهی...تاد، ئەوەش بە ڕوونی لەنێو دیالۆگی پارمنیدیسدا دیارە، هەموو ئەو گوتەزایانەش بیرۆکەی پەتین و ئەفلاتوون لەڕوانگەیەکی لۆژیکی گشتگیر لێیانی کۆڵیوەتەوە، لەزیاتر لە شوێنێکیش ئاماژە بۆ ئەو تێڕوانینە لۆژیکییە دەکات و بەمیتۆدی ڕاستەقینەی فەلسەفەی دادەنێت، ڕێگای ڕاستی زانینی حەقیقەت و ئەو پێوەرەی سۆفیستەکان و فەلسەفەکاران لەیەکتری جیادەکاتەوە.

ئەفلاتوون وا لەو گوتەزایانەی کۆڵیوەتەوە کە جووتە دژکارییەکن و سەرەتا لەپێوەندی نێوانیانی کۆڵیوەتەوە بۆ ئەوەی دواتر بزانێت چۆن دەکرێت ئەو ئایدیایانە بەشداری لە شتە جوزئییە هەستناکەکان بکەن. لێرەوە ئێمە شتێکی گرنگ دەبینین، ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتەکان بەشدارن لەو ئایدیایانە، کەواتە ئەو شتەی بەشێوەیەکی جوزئی بوونی هەیە بەدوو ئایدیای دژکار بەشدار دەبێت وەک بوون و نەبوون، تاک و زۆر،... تاد. ئەو بەشداریکردنەش مانایەکی قووڵی هەیە لەوێناکردنی هیگڵ بۆ دیالیکتیکدا. ئەیلییەکان گوتیان تەنیا بوون خۆی بوونی هەیە و هەر ئەوەش هەیە بتوانین بیری لێبکەوینەوە، مانای وایە تەنیا بڕیاردان لەوەی کە (أ) بریتییە لە (أ) بڕیارێکی ڕاستە، بەڵام بڕیاردان لەوەی کە (أ) بریتییە لە (ب) دژکاری لەخۆیەوە دەگرێت، ئەوە لە بارەی بڕیارێکی نێگەتیڤیش هەر ڕاستە و (أ) ناکاتە (ب)، ئەوەش مانای وایە ئێمە نەبوون والێدەکەین بتوانێت شت لەخۆیەوە بگرێت، واتا ئێمە هیچ شتێک لەخۆمانەوە ناگرین، بۆیە ئەیلییەکان گەیشتنە ئەوەی بڵێین بڕیاری پۆزەتیڤ و بڕیاری نێگەتیڤ هەردووکیان ئەستەمن.

ئەفلاتوون ئەرکی وەلامدانەوەی ئەوانی خستە سەرشانی خۆی و گوتی بڕیاری نێگەتیڤ مانای ئەوە نییە کە هیچ شتێک لەخۆیەوە ناگرێت یا نەبوونێکی پەتییە، بەڵکو مانای وایە ئەو لێرەدا ئەویترە، کەواتە لەخۆ گرتن لەو حاڵەتەدا گوزارشتە لە بڕیارێکی ڕەسەن، بڕیاری ئەوەی (أ) ناکاتە (ب) مانای وایە (أ) شتێکی ترە جگە لە (ب)، واتا (ب) سیفەتێکی ڕاستەقینەیە ئێمە لە (أ)ی جیادەکەینەوە، بەلاوەنان و ڕەتکردنەوەی (ب) مانای نەبوون نییە، بەڵکو سیفەتێکی حەقیقییە (أ) خاوەندارێتی دەکات لەمیانەی سڕینەوەی (ب)دا.

ماناى وایە نەبوون- بە ماناى ئەوى تر- دەبێت مۆرکى هەموو شتێک بێت کە بوونى هەیە. کەواتە هەموو ئەو شتانەى بوونیان هەیە، بوونیشیان نییە، واتا شتێکى جیاوازە دەبێت لە ئەوى تر، ئەوەى تریش جیاوازە بەوەى کە ئەوى ترە. ئالێرەدا ئەفلاتوون دۆزینەوەیەکى گرنگى خستە نێو مێژووى لۆژیک کاتێک پیشانى دا کە سیفەتى دەستنیشانکراو لە رێگاى نێگەتیڤ و رەتکراوەوە دەستنیشان دەکرێت، نێگەتیڤیش لەلاى هیگڵ ناوى گشتى دەستنیشانکردنە وەکو ئەوەى هەیە، هەموو شتێکى دەسنیشانکراو شتێکى موتەناهییە و ناشێت مۆرک و خاسیەتى هەبێت بەبێ ئەوەى بەمانایەک لەماناکان ئەوى تر بێت.

لەکۆتاییدا هیگڵ بەوە سەرسام دەبێت بە ئەفلاتوون کە توانیویەتى فەلسەفە و بڕیاردان بەیەکەوە ببەستێتەوە کاتێک لەسەر زمانى سوقراتدا دەڵێت: (پێویستە لەسەرمان بڵێین- هەر چەندەى خەڵکیش لێمان زوویربن- کە هەرگیز شارەکان و مرۆڤەکان لەو شەڕانگێزییە دەرباز نابن تاوەکو فەلسەفەکارى و پاشایەتى بەیەک نەگەن، یا پاشاو میرانى ئەو جیهانە رۆحى فەلسەفە و هێزەکەى ئاوێتەى مەزنێتى و حیکمەتى سیاسەت نەکەن. جیهان لەدەست ئەو شەڕانگێزییەى دەرباز نابێت، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ئەو دوو چینە پاڵپشتى لە یەکترى دەکەن، تەنیا ئەوکاتە ولاتەکەمان دەتوانێت بژى و رۆشنایى خۆرى رۆژێکى تر ببینێت).

هیگڵ لە بارەى ئەو قسەیەى ئەفلاتوونەوە دەڵێت: (دیارە لێرەدا ئەفلاتوون بڕیارى پێویستى یەکێتى نێوان فەلسەفەو دەسەلات دەدات، هزر لەنێو مێژوودا وەکو هێزێکى رەها هەر دەبێت بێتەدى). بەمانایەکى تر، هەر دەبێت خوا حوکمى جیهان بکات، لێرەدا هیگڵ لەنێو فەلسەفەى سیاسى ئەفلاتووندا بۆچوونێک بەدى دەکات پاڵپشتى لەفەلسەفەکەى خۆى دەکات کە پێى وایە هەر دەبێت لەنێو جیهاندا هزرى پەتى بەدى بێت و لەنێو مێژووى مرۆڤایەتیدا بەرجەستە بێت.

**ئەرستۆ**

ئەگەرچى جان ڤال پێى وایە ئەرستۆ یەکێکە لەوانەى دژایەتى دیالیکتیکیان دەکرد، بەلام ئێمە دەبینین هیگڵ لەنێو فەلسەفەکەى ئەرستۆدا کۆمەڵێک بیرۆکەى زۆر گرنگ بۆ میتۆدى دیالیکتیکى خۆى وەردەگرێت، لێرەشدا ئاماژە بۆ چوار بیرۆکەى ئەرستۆیى دەکەین کە کاریگەریان لەسەر دیالیکتیکى هیگڵى هەبوو.

یەکەم بیرۆکەى ئەرستۆیى کە کارى کردۆتە سەر دیالیکتیکى هیگڵى، بیرۆکەى مادە و وێنەیە، ئێمە دەزانین ئەرستۆ پێى وابووە هەموو شتەکان لەمادەو وێنە پێکدێن. مادە هەڵگرى سیفەتى دەستنیشان نەکراوى شتەکانە، کەچى وێنە کە لەلاى ئەرستۆ هاوشانى ئایدیایە لەلاى ئەفلاتوون خاوەنى هەمەکێتى حەقیقییە. ئەرستۆ ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئەو وێنە یا ئایدیا یا هەمەکێتییانە بوونێکى تایبەتیان هەبێت لە جیهانێکى سەربەخۆدا، بۆیە پێى وایە تەنیا لەنێو شتەکاندایە. کەواتە مادە یا وێنە بوونێکى سەربەخۆیان نییە، چونکە ئەوەى بوونى هەیە یەکێتى نێوان مادە و وێنەیە، ئەوەش یەکێتییەکى جوزئییە. ئەوەى لێرەدا لاى ئێمە گرنگە لەنێو فەلسەفەى ئەرستۆدا فاکتەرى راستەقینە و لایەنى عەقڵى شتەکانە، چونکە وێنەى پەیکەرێک وا دەکات ئەو مادەیە لەشێوەى پەیکەر دەرکەوێت، لەپاڵ ئەوەشدا ئەوە پرەنسیبى یەکێتى و پرەنسیبى ژیانى بوونەوەرى زیندووە.

بەلام ئەو وێنە هەمەکییە یا فاکتەرى راستەقینەى عەقڵى بەکردەیى بوونى نییە، چونکە تەنیا شتە جوزئییەکان بەراستى و بە کردەیى بوونیان هەیە، ئەوانیش هەمەکییەتى نین. لەلایەکى تریش ئەرستۆ پێى وایە وێنە و مادە هاوشانن، بەماناى ئەوەى ناکرێت یەکێکیان هەبێت ئەوى تریان نەبێت، هەروەها ئەرستۆ پێى وایە وێنە کە لایەنى هەمەکى شتەکانە، لە هەمان کاتیشدا ئامانج و مەبەستى شتەکانیشە، لەبەر ئەوەى هۆکارى مەبەستگەرایى لەیەکێتیدایە لەگەڵ هۆکارى وێنەیى.

دووەم بیرۆکەى ئەرستۆیى، بیرۆکەى هێز و کردەیە کە هیگڵ لەبارەیەوە دەڵێت: (جوانترین شتى ئەرستۆ یەکخستنى نێوان هێزو کردەیە). ئەو بیرۆکە ئەرستۆییە سەرلەنوێ جارێکى تر لەنێو دیالیکتیکى هیگڵیدا لەژێر ناوى شاراوە و راشکاو، یا شتێک لەخودى خۆیدا.

لێرەشدا بە کورتى بۆچوونى ئەرستۆ لەو بارەیەوە راڤە دەکەین.

ئەرستۆ پێی وایە مادە بریتییە لە هێز یا توانا، وێنەش بریتییە لەکردە یا بەدیهاتنی ئەو هێزە.مادە لە خودی خۆیدا هیچ شێوەیەکی دیاریکراوی نییە و بەردەوام لەگۆڕاندایە و هەڵگری سیفەتی دەستنیشان نەکردنی شتەکانە، بەڵام دەکرێت لە شتێکدا بەرجەستە بێت، لەوەشدا پشت بەهەمەکێتی یا ئەو وێنەیە دەبەستێت کە دەچێتە سەری، خۆ ئەگەر ئێمە مادە و هەمەکێتی بەیەکەوە کۆبکەینەوە، ئەوە دەبینە خاوەنی شتێکی دیاریکراو، بۆیە مادە خۆی شتێک نییە، بەڵام لە میانەی هێزەوە دەبێتە هەموو شتێک، ئەو توانای هەیە ببێتە هەموو شتێک، بەڕاستیش دەبێتە شتێک ئەگەر وێنەی وەربگرێت، چونکە وێنە بریتییە لە کردە، مادەش بریتییە لە هێز. ئەرستۆ پێی وایە لە حاڵەتی بەیەکەوە کۆکردنەوەی وێنە و مادەدا ڕەنگە هەندێک جار سەرکەوتن بۆ وێنە بێت، هەندێک جاریش بۆ مادە.

لە هەندێک شتدا سەرکەوتن بۆ مادە دەبێت، لەهەندێکی تریشدا بۆ وێنە، لێرەوە ئەو شتانەی بوونیان هەیە پلەیان هەیە و نزمترین پلە مادەیە کە هیچ شێوە و فۆرمێکی نییە، بەرزترین پلەش وێنەیە کە مادەی نییە، لەکاتێکدا هەردوو پلەی بەرز و نزم بەکردەیی بوونی نییە، چونکە وێنە و مادە هیچ یەکێکیان بەجیا بوونیان نییە، ئەوەی بەکردەیی بوونیان هەیە ئەوانەن کە دەکەونە پلە ناوەندییەکان و جیهانیش لەوان پێکدێت.

گرنگە لێرەدا تێبینی دوو مەسەلە بکەین، یەکەم وێنەی بنچینەی شتەکانە و هەمەکییە و لەلای ئەفلاتوون ئایدیایە، ئێمە هەمان ئەو بیرۆکەیە لەلای هیگڵ بەدی دەکەین کاتێک پێی وایە هزری گشتگیر سروشتی عەقڵی و ماهییەتی ڕاستەقینەی شتەکانە. دووەم، ئەرستۆ لەدوای ئەفلاتوون هەنگاوێکی زۆر گەورەی هاویشتووە کاتێک هات ئایدیای ئەفلاتوونی لە ئاسمانەوە دابەزاندە نێو قووڵایی واقیع و بوون، ئەوەش هەمان بۆچوونی هیگڵە کە پێی وایە گوتەزاکان لەنێو قووڵایی شتەکان و لەبەردەماندا بوونیان هەیە.

سێیەم بیرۆکەی ئەرستۆیی بریتییە لە پێشڤەچوون، شتەکان بەردەوام لە ململانێدان تاوەکو بگەنە باڵاترین شێوەی خۆیان، هەوڵیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هۆکاری سەیرورەتە لەنێو جیهاندا و بەگشتی هۆکاری بەرێوەچوونی جیهانە، ئەو هۆکارەی پاڵ دەنێت بۆ بەرێوەچوونی جیهان بریتییە لەمەبەست یا وێنە یا هەمەکێتی، چونکە شتەکان هەوڵدەدەن بگەنە ئامانجی خۆیان.

ئا لێرەدا وێنە بریتییە لەو وزەیەی شتەکان دەجووڵێنێت و هەر لەسەرەتاوە لەنێو شتەکە خۆیدایە، ئەگەر تێیدا نەبووایە هێزی نەدەبوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە لە سایەی هێزەوە هەیە و ئەوکاتەش بەکردەیی بوونی دەبێت کە ئامانجەکە دێتەدی. بۆیە ئەگەر بەرهەمی دار بەڕوو سەرەتابێت و دار بەڕووەکەش خۆی ئامانج بێت، ئەوە دیارە دەبێت دار بەڕوو لە ڕێگای هێزی بەرووبوومەکەیەوە بوونی هەبێت. هەروەها وێنەی پیاویش لەنێو ناوەوەی منداڵدا بەهێزەوە هەیە، ئەگەرچی دواتر لەقۆناغێکی درەنگتری گەشەکردنی بەکردەیی بەدی دێت. خۆ ئەگەر وانەبێت، ئەستەمە دیاردەی گەشەکردن ڕاڤەبکرێت، چونکە چۆن دەکرێت داربەڕوو لەبەربوومەکەیدا دەرکەوێت ئەگەر لەنێویدا نەبێت؟ خۆئەگەر بەرووبوومەکە لەدار بەڕووەکە بێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی تێیدا بێت، مانای وایە شتێک لەهیچەوە دێتە بوون. ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت، مانای وایە هەموو سەیروورەت وەکو ئەوەی پارمندیس دەڵێت ئەستەمە و وێنا ناکرێت، چونکە سەیروورەت ئەگەرچی مانای سەرهەڵدانی شتێکی تازەیە، بەڵام زۆر تازە نییە، ئەگینا ئەستەم بوو شتێک لەهیچەوە بێتەدی، ئالێرەوە شتی تازە لە هەموو ڕوو و لایەنێکەوە تازە نییە، بەڵکو بەهێزەوە لەنێو ئەو شتەدا بوونی هەیە کە تێیدا سەرهەڵدەدات.

بەو شێوەیە ڕاڤەی پێشڤەچوون دەکات کە سەرهەڵدانی شتێکی شاراوەیە، ئەوەی لەناوەوەدا هەیە بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت، بەرووبوومی داربەڕوو بریتییە لە دار بەڕوو لەحاڵەتی بوونی خۆیدا و هیگڵیش ئەو شتە شاراوەیە ناودەنێت (شتێک لەخودی خۆیدا).

لێرەوە دەتوانین بڵێین هەردوو ڕێبازی هیگڵ و ئەرستۆ بە تەواوی تەبان لەوەی هەریەکێکیان ڕێبازێکە لە ڕێبازەکانی پێشڤەچوون. هەردووکیان لەسەر یەک وێناکردن بۆ سروشتی پێشڤەچوون بنیادنراون و بریتییە لەوەی پێشڤەچوون مانای سەرهەڵدانی شتێک نییە زۆر تازە بێت، بەڵکو ئەرستۆ پێی وایە گواستنەوەیە لەبوون لەمیانەی هێزەوە بەرەو بوون بەکردەوە، کەچی هیگڵ پێی

وایە بریتییە لەگواستنەوە لە شاراوە بەرەو ئاشکراو ڕاشکاوی. دواتر ئەوەش دەبینین کە چۆن ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەی بنچینەییە لە پێشڤەچوونی میتۆدی دیالیکتیکیدا.

دوایەمین بیرۆکەی ئەرستۆیی بریتییە لە بیرۆکەی ڕەها یان خوا. یەکەم سیفەتی خوا لەلای ئەرستۆ ئەوەیە کە وێنەیەکی پەتییە و بە تەواوی لەمادە داماڵراوە، چونکە ئەگەر مادەی تێدا بێت، مانای وایە وێنەی نییە، کەواتە بوونێکە لەمیانەی هێزەوە بەرەو بەکردەبوون دەچێت، بۆیە خوا دەبێت وێنەیەکی پەتی و کردەیەکی پەتی بێت و هیچ شتێکی لەمیانەی هێزەوەی تێدا نییە، کەواتە فرە نییە و دابەش بوونیش قبووڵناکات.

بەڵام مانای چییە کە خوا کردەیەکی پەتییە؟ مانای جووڵە نییە، بەڵکو مانای چالاکییەکی عەقڵییە و مادە ناخوازێت، چونکە بریتییە لە عەقڵ بوون. ئەوە جۆرێکە لە عاقڵبوون لەڕێگای هیچ شتێکەوە نییە، چونکە لەمیانەی هەر شتێکەوە بێت وەکو کەموکوڕی تەماشا دەکرێت، بۆ خوا لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆیدا لە یەکێتیدایە تەنیا لەخودی خۆیدا عاقڵ دەبێت، کەواتە ئەو عەقڵ و عاقڵ و ماقووڵە لەیەک کاتدا.

ئەوەش مانای وایە ڕەها لەلای ئەرستۆ بریتییە لە (هزری هزر) یان وێنەی وێنە، چونکە بیر لە مادە ناکاتەوە، بەڵکو تەنیا بیر لە هزر دەکاتەوە، ئەو خۆیشی هزرە و بابەتی هزریش هەر هزر خۆیەتی. کەواتە ئەو تەنیا بیر لەخۆی دەکاتەوە و وشیاری خودییە.

ڕەها لەلای هیگڵیش وشیاری خودییە یا هزری هزرە و زنجیرەیەک گوتەزایە کە لەیەک کاتدا وێنە و ناوەرۆک پێکدێنن، ئالێرەوە هیگڵ دەڵێت، لۆژیک تەنیا بایەخ بەوێنە نادات، بەڵکو لەیەک کاتدا لەوێنە و ناوەرۆک دەکۆڵێتەوە، وێنە بریتییە لە هزر و ناوەرۆکیش هەر هزرە، واتا لە هزری پەتی، یا هزری هزر دەکۆڵێتەوە وەکو ئەوەی ئەرستۆش هەر پێی وابوو.

ماوەتەوە بڵێین، ئەگەر هیگڵ پێی وایە ئەرستۆ داهێنەری لۆژیکە و ئەو لێکۆڵینەوە لۆژیکییانەی بۆ سەردەمانێکی زۆر و لە هەموو سەردەمەکاندا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بووە، بەڵام پێی وایە ئەو لێکۆڵینەوە لۆژیکییانە لە بەشی هەرە زۆریدا تەنیا بریتییە لە هەڵهێنجانی ناتەواو و وێنەیی، هەروەها پێی وایە چۆن ئێمە لەنێو مێژووی سروشتیدا دەبێت وەسفی سروشتی ئاژەڵان بکەین، ئەرستۆش وای کردووە کاتێک سروشتی ئەو وێنانە وەسف دەکات کە هزری موتەناهی دەیانگرێتەوە، لێرەوە لۆژیکی ئەرستۆ بریتییە لە مێژووی سروشتی هزری موتەناهی، چونکە مەعریفە و وشیارییە بە چالاکی ئەپستراکتی تێگەیشتنی پەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینین ئەو لۆژیکە ئەرستۆییە لە بازنەی سێیەمی لۆژیکی هیگڵیدا دەردەکەوێت.

پێدەچێت بۆچوونەکانی ئەرستۆ لە بارەی دیالیکتیکەوە هیچ جێکەوتێکیان لەسەر بیرکردنەوەی هیگڵ نەبوو بێت، ڕەنگە هۆیەکەش ئەوە بێت ئەرستۆ خۆی ئەو پێگەیەی بە دیالێکتیک نەداوە کە لەلای ئەفلاتوون هەبوو، بەڵکو پێی وابوو پێوەرێکە لە هەندێک پێشبینی پێشەکی پێکدێت. ڕەنگە هۆیەکەش ئەوە بێت سوقرات سەرەتا لە هەندێک وێناکردن و چەمکی باوی نێو خەڵکەوە دەستی پێدەکرد، بۆیە دەبینین ئەرستۆ جیاکاری لەنێوان شیکردنەوە و دیالیکتیکدا دەکات.

شیکردنەوەکان ئەو بەڵگانەن کە لەسەر پێشەکی یەقینی دامەزراون، کەچی دیالیکتیک ئەو بەڵگانەیە کە لەسەر پێشەکی پێشبینی کراو دامەزراوە، بۆیە بۆ توێژینەوە لەو جۆرە کتێبی (تۆپیکا) بەکاردێت، واتە ئەو بابەت و بەڵگانەی لەسەر قسە و بۆچوونی گشتی یا ناودار وەستاون.

ڕەنگە هەر ئەوەش پاڵی بەهیگڵەوە نابێت لەنێو کتێبی (مێژووی فەلسەفە)دا بڵێت: (هزری تیۆری لەلای ئەرستۆ دەبێت لەو شتانە هەڵبهێنجرێت کە لە بارەی میتافیزیکاوە نووسیویەتی، بەتایبەتیش بەشە کۆتاییەکانی کتێبی دووەمی کە لێکۆڵینەوەیە لە هزری خوایی).

**سەرچاوە:**

**ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبی (المنهج الجدلي عند هيگل، امام عبدالفتاح امام، القاهرة، ١٩٨١).**

# ڕێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان

**(پوختەیەک لەبارەی پێوەندییە واتاییەکان)**

**سەلام ناوخۆش**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)**

هەر بۆچوون و تیۆرێک بۆ شرۆڤەکردنی واتایی زمان لەسەر دوو بنەما دامەزراوە. بنەمای یەکەم کە پێی دەوترێ ڕێسا واتاییەکان Semantic rules. ئەو بنەمایە چەند شەنگستێکی لۆژیکی بەخۆ دەگرێ. هەرشتێک لە بوون چ وەک شت، یان هەر دانەیەکی زمانەوانی، کە ئەدگاریکی ئاشکرای هەبوو، ئەو نەفی ئەدگاری پێچەوانەی خۆی دەکات. ئەم نموونانەی خوارەوە ئەم چەمکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە:

هەرکەسێک پێی بوترێ «کوڕ» دەبێ ئەدگاری «نێر»ی هەبێ، هەرکەسێک پێی بوترێ «پیاو» دەبێ چەند ئەدگارێکی هەبێ وەک «نێر» «هەراش - پێگەیشتوو» و «ژندار- بەژن» واتای هەر دانەیەکی زمانەوانی یان ڕەگەزێکی لێکسیکی پەیوەستە بە ڕێسا واتاییەکانەوە. بەواتای ئەوە ڕێسا واتاییەکانن ناسنامەی زمانەوانی هەر وشەیەک دیاری دەکەن. لە ڕووی لۆژیکەوەش هەر «شتێ» (کوڕ) بوو نابێ (کچ) بێت بە پێچەوانەوەش هەروەها ئەو ناوانەی لە بووندا دەبینرێن و دەتوانرێ دەستیان بدەینێ، ئەوانە ئەدگاری بەرجەستەیان Con-crete دەدرێتێ هەروەها لە جیهانی مرۆڤدا یاسای تایبەت بە خۆیان بۆ دادەڕێژرێت. کە دەڵێین «قەڵەم، دار، چەکوچ، سۆبە، دەفتەر، تەلەفزیۆن، کاتژمێر... تاد» هەریەک لەمانە لە بووندا سیفەتی بەرجەستەبوونیان هەیە. لەلایەکی تر ئەو ناوانەی دەلالەتی مەعنەوی ab-stract دەگەیەنن وەک ئازادی، ئەڤین، ئاشتی، ژیان... تاد بە ئەدگاری هەست پێکردن لە بووندا مرۆڤ دەرک بە ئەدگارەکانیان دەکات. ئەو ئەدگارانە لەگەڵ ئەدگارەکانی تر لەیەک جودان، لەگەڵ یەک کۆ نابنەوە. وێڕای

ئەمانەش ناوی تر هەن لە جیهانی مرۆڤدا دەرناکەون و چۆنیەتی بوونی فیزیکیان وەک بوونی فیزیکی دنیای مرۆڤ نییە، مرۆڤ لێرەدا بە «ڕۆح» یان «ئیمان» دەرک بە ئەدگارەکانیان دەکات. خودا، فریشتە، شەیتان، جنۆکە هەرچواریان لە دەرەوەی جیهانی فیزیکی مرۆڤدان، بەڵام ئەوەی «خودا» لەوانی تر جودا دەکاتەوە چەند ئەدگارێکی تایبەت بە زاتی خودایە وەک (خالق، ئەزەلی، بێهاوتا)، کەچی (شەیتان-جنۆکە) و (فریشتە) ئەو ئەدگارانەیان نییە هەروەها ئەدگارەکانی ناوەکانی بەرجەستە و مەعنەویشیان نییە. هەرچی ئەدگارە واتاییەکانە، لایەنێکی دی واتای زمانەوانی هەر لێکسمێک دەردەخات. بۆ نموونە، ئەدگاری واتایی (مرۆڤ) ئاماژە بە بوونێکی زیندووی ئاقڵدار دەکات. وێڕای ئەمە هەریەک لە ئەدگاری واتایی نێر، مێ، لاو- گەنج، هەراش، شووکردوو.. تاد هۆکارێکن بۆ جیاکردنەوەی چەندان وشە کە هەر هەموویان مرۆڤن:

پیاو + مرۆڤ + هەراش + نێر + بەژن
ژن + مرۆڤ + هەراش − نیر + شووکردوو
کوڕ + مرۆڤ − هەراش + نێر − بەژن
کچ + مرۆڤ − هەراش − نێر − شووکردوو

وێڕای ئەدگارە واتاییەکان، هەندێ وشە بەهۆی مۆرفیمی گێندەرەوە لایەنی سێکسی وشەکە دەردەخەن. لە ئینگلیزیدا مۆرفیمی (ess) لایەنی دەلالەتی مێیەتی وشەکە یان ناوەکە دەردەخات وەک actress، tigress .... تاد، لە عەرەبیشدا (ة)ئاماژەیە بۆ ناوی مێ وەک جمیلة، صبیحة، قانعة. لە زمانی کوردیشدا هەندێ مۆرفیمی (وشەی) گێندەری وشەکە دەردەخەن یان ئەگەر لەپێش ناوە گشتییەکە General noun بێن دەیکەنە مێ.

ما: کەو، کەر ـــــ ماکەو، ماکەر
دێڵە: سەگ، گورگ ـــــ دێڵە سەگ، دێڵە گورگ

هەرچی (مالۆس) و (مریشک- مامر)ن وشەی سەربەخۆن دەلالەت لە لایەنی گێندەری مێ دەکەن.

ئەم دوولایەنەی واتا، ژێدەرێکی زانیاری زمانەوانی گرنگن بۆ خستنە ڕووی ئەو هەموو پێوەندییە واتاییەی لەنێوان وشەکاندا هەن. ئەمەش لە چەندان پێوەندی لەیەک جودا دەردەکەون. لێرەدا، زۆر گرنگە هەریەکە لەو دیاردە واتاییانە بەجیا باس بکرێن و سنووری پێوەندییان دیار بخرێت. پێوەندییە واتاییەکان ئەمانەن:

یەکەم: هەڤدژ Antonymy

زاراوەیەکە لەبواری واتاسازیدا بەکاردێ و لە پێچەوانە و هەڤدژی و جیاوازی واتایی دەکۆڵێتەوە. کریستال ١٩٩١: ٢٠ دەنووسێ: «ئەنتۆنۆمی یەکێکە لەو چەمکانەی پێوەندییەکانی واتا، کە لە شرۆڤەکردنەکانی واتادا بەکاردێ. هەرچی جۆن لیۆنزە ١٩٨١: ١٥٥ باوەڕی وایە کە ئەنتۆنۆمی یەکێکە لەو پێوەندییە پێکهاتە سەرەکییانەی لە پەیڤەکانی زمانی مرۆڤدا دەردەکەوێ.

## جۆرەکانی هەڤدژی

هەندێ زمانەوان بەتایبەتی زمانەوانێکی وەک جۆن لیۆنز باوەڕی وایە تەنیا یەک جۆری هەڤدژی هەیە ئەویش بە ئینگلیزی پێی دەڵێن antonymy هەرچی ئەوانی ترن پێیان دەوترێ تەواوکەری Complementary بە واتای لە هەندێ خەسڵەت لەیەک دەچن، تەنیا لەیەک خەسڵەت لەیەک جودان، بەڵام هەندێ زمانەوانی تر باوەڕیان وایە کە هەڤدژی چەندان جۆری هەیە. بەجۆرێ هەڤدژی لەنێوان ڕەنگەناساز بەبەیەکەکانیشدا هەیە.لەم نووسینەدا هەڤدژی بۆ سێ جۆری سەرەکی پۆلێن دەکەین.

١- هەڤدژی موتڵەق

ئەم جۆرە هەڤدژیە ڕێک بە پێچەوانەی هاوواتاییە، چونکە جیاوازی واتایی یان پێچەوانەی واتایی لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا کورت دەکاتەوە. لەم جۆرە هەڤدژیەدا، ئەرێی وشەیەک نەرێی موتڵەقی وشەکەی بەرامبەری دەگەیەنێ و هیچ ڕادەیەک لەنێوان هەردوو وشەکەدا نییە. لێرەدا وشەکان لە هەموو شتێ پێکدەچن، تەنیا لەیەک ئەدگار جودان. لیۆن جۆنز ١٩٨١: ١٥٤ تەنیا ئەم جۆرە هەڤدژیە بە هەڤدژی دادەنێ و ئەم نموونانەش بۆ ئەم جۆرە هەڤدژیە دەمێنێتەوە: ڕەبەن – شووکردوو، باش – خراپ، مێرد – ژن، سەرەوە – خوارەوە.

هەرچی فرۆمکین و ڕۆدمانن ١٩٨٨" ٢١٤ ئەم نموونانە دەهێننەوە: زیندوو – مردوو، ئامادە – نائامادە، وشیار (بەئاگا) – نوستوو (بێئاگا)، لێرەدا زۆر گرنگە دەرک بەوە بکەین کە ناو و جۆری ناوەکە و ئاوەڵناو جۆری ئاوەڵناوەکە گرنگە بەرامبەر یەک بن – هەریەکەی لە کاتیگۆری خۆی بێت

ئەگەر ناوەکە گیانەوەر بێت، هەریەکە لەم ئاوەڵناوانە دەبنە هەڤدژی یەکتر:

- ئاووس – ئەستەویر
- زیندوو – مردار (تۆپیو)
- زیندوو – کوژراوە

بەڵام لە هەمان چوارچێوەدا ئەگەر ناوەکە تایبەت بێت بە مرۆڤەوە، ئەوا جۆری ئاوەڵناوەکەش دەگۆڕێت:

- زگدار – بەزگ (سکپڕ) – نەزۆک
- زیندوو– مردوو
- ساغ – کوژراو

هەروەها هەمان دیاردە لەنێو ئاوەڵناوەکانیشدا هەیە. لە ڕوانگەی واتاییەوە حەوت جۆری ئاوەڵناو هەیە کە بریتین لە ئاوەڵناوی تایبەت بە تەمەن، ڕەنگ، قەبارە، مرۆڤ، بەها، شت، بارستایی. هەرچەندە لیۆن جۆنز ۱۹۹۰: ١٥٤ دەنووسێ: هەندێ نووسەر چوارچێوەی هەڤدژی ئەوەندە فراون دەکەن بەجۆرێ هەتا هەندێ ناسازی واتاییش لەخۆبگرن، بۆ نموونە دەڵێن: کە ئاوەڵناوی ڕەنگ وەک : سوور، شین، سپی «هەڤدژی یەکترن!» گومان لەوەدا نییە کە ئەمانە هەڤدژی یەکترنین، چونکە لە ئاست یەک نین – بەڵکو ڕەنگی وەک سپی/ ڕەش هەڤدژی یەکترن. هەرچەندە ئایچسن ۱۹۹۳: ۸۵ دەنووسێ لە هەڤدژی موتڵەقدا نەرێی یەکێکیان ئەرێی ئەوی تر دەگەیەنێ، بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە سوور/ شین، سوور/ سپی لە ئاستی یەکتر نین.

لە لایەکی تر، ئەگەر لەناو یەک جۆری ئاوەڵناودا ئەو ئارێشانە هەبن، بێگومان لەنێوان دوو جۆری ئاوەڵناوی جودا بە دەگمەن هەڤدژی بەرپا دەبێ:

- مردوو – هەڤدژی پیر نییە
- کۆک هەڤدژی ئامادە نییە
- زیندوو هەڤدژی ئاووس نییە

بەڵام

- درێژ – کورت /هەڤدژن
- کۆک – بێزەوەر /هەڤدژن
- گەورە – بچووک /هەڤدژن

۲– هەڤدژی ڕێژەیی

ئەم جۆرە هەڤدژیە بەپێچەوانەی هەڤدژی موتڵەق جۆرە ڕێژەییەکی تێدایە و تاکەکانی (وشەکانی) جۆرێک لە پلەی بەراوردی یان پلەداری لەخۆ دەگرن. فرۆمکین و ڕۆدمان ئەم جۆرە هەڤدژیە بە هەڤدژی پلەداری دادەنێن و دەنووسن: نەرێی وشەیەک هاوواتای ئەوی تر ناگەیەنێ: «کەسێ ئاسوودە نەبێت» مانای ئەوە نییە «ئەو کەسە غەمبار» بێ. ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە، نموونەی هەڤدژی ڕێژەیین:

- گەورە – بچووک
- گەرم – سارد
- خێرا – هێواش
- شاد – غەمبار

ئایچسن ۱۹۹۳: ۸۵ دەنووسێ: ڕادەی پلەداری لەو ئاوەڵناوانە خۆی دەنوێنێ. هەروەها دەنووسێ:

–مشکێکی چەند گەورەیە (گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ مشکێکی ئاسایی.)

–فیلێکی چەند بچووکە! (بچووکە بە بەراورد بە فیلی هاوتەمەنی ئاسایی خۆی)

هەروەها کە دەڵێین:

– فیلێکی چەند بچووکە. (بەڵام هەرچۆنی بێ بەدەیان جار لە مشکێک گەورەترە!)

۳– جووتەکەی پێوەندی Relational opposites

لەم جۆرە هەڤدژیەدا هەردوو وشەکە چەند ئەدگارێکی هاوبەشیان هەیە و تەنیا لەیەک ئەدگاردا جیاوازن. هەر دوو وشەی هێنان / بردن پەیوەستن بە گواستنەوەی کەلوپەل، ئەوەی لە یەکیان جیادەکاتەوەئاراستەی گواستنەوەکەیە. ئەم جووتە وشانەی خوارەوەش لە هەمان پێوەندیدان:

- کڕین – فرۆشتن
- دان – وەرگرتن

هەروەها لەم جۆرە هەڤدژیەدا هەندێ جار جووتە وشەکە دوو ئاستی جودا دەگەیەنن، وەک:

- مامۆستا – قوتابی
- مەلا – فەقێ
- ئەفسەر – سەرباز
- ئاغا – خولام

لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، هەڤدژی جۆری یەکەم و دووەم بەهۆی هەندێ پێشگرەوە دروست دەکرێن. لێرەدا جووتە وشە پێویست نابن، چونکە تەنیا شێوەی ئەرێی وشەکە بەهۆی پێشگری (نا)، (نە)، (بێ) هەڤدژیەکەی لێ دروست دەکرێ:


- شاد – ناشاد
- یاسایی – نایاسایی
- ساغ – نەساغ

- بەسۆز – بێسۆز
- بەنمەک – بێ نمەک
- دژوین – بژوین


**دووەم : هایپۆنیمی**

کریستال (١٩٩١: ١٦٨) ئاوا پێناسەی هایپۆنیم دەکات: "هایپۆنیم زاراوەیەکە لە واتاسازی بەکاردێ وەک بەشێک لە شرۆڤەکردنی پێوەندییە واتاکاندا کە لێکسیمەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هایپۆنیم بریتییە لەو پێوەندییەی کە لەنێوان دوو لێکسیکی تایبەت و گشتی لە ئارادایە هەمیشە ئەوەی پێشوو لەوەی دواوە دایە- یان ئەوەی پێشوو هایپۆنیمی ئەوەی دووەمە." لەسەر ئەو بنەمایە چاوەڕێ دەکرێ ئەو پێوەندییەی لەنێوان دوو وشەدایە واتای یەکێکیان لەوەی تر دابێت. وێبەر (١٩٨٩: ١٣٢) و ئایچسن (١٩٩٣: ٦٨) دەنووسن کە وشەی تایبەت کە پێی دەگوترێ هایپۆنیم بەشێکە لە وشە گشتییەکە کە پێی دەوترێ -سەرە- یان سوپەر ئۆردنیێت پێک دەهێنێ. هەرچی وشە گشتییەکەیە، ئەوە سەرە لووتکەی هێلکارییە پێهکاتیەکە پێک دەهێنێ و تایبەتییەکەش وەک لقێک، یان چەند لقێکی لاوەکی ئەو سەرەلووتکەیە دەبێت.ئەم نموونانەی خوارەوە تەواو چەمکی هایپۆنیم ڕوونتر دەکەنەوە.


وشەی (گیانەوەر) وشەیەکی گشتییە هەرچی سەگ، ڕێوی و شێر و پڵنگ و فیل ... تاد بەشێک لە گیانەوەر پێکدێنن هەریەک لەو وشە تایبەتیانە (سەگ، پڵنگ، شێر، ڕێوی) هاوهایپۆنیمی یەکترن




لە کوردیدا وشەی «خواردنەوە» دەکرێ پۆلین بکرێ بۆ دوو هایپۆنیم و هەریەک لەو هایپۆنیمانەش چەندان هاوهایپۆنیمی لێدەبێتەوە.




هەروەها وشەی «چەک» و «گوڵ» لەو وشانەن کە چەندان هایپۆنیم لەخۆ دەگرن:




هەریەک لە (تفەنگ) و (تۆپ) و (تانک) چەندان هاوهایپۆنیمی لێدەبێتەوە و دەتوانرێ هێڵکاریەکی چەندان جارەی ئەمەی سەرەوەی لێدروست بکرێ.

هەمان شتیش لەبارەی (گوڵ)ەوە ڕاستە:




بێگومان ئەم جۆرە پێوەندییە لەنێوان هایپۆنیمەکان و سەرە لەلایەک و هاوهایپۆنیمەکان خۆیان لەناو یەکتر پێوەندییەکی شاقوولی هەروەها ئاسۆییە و هیچ لە هایپۆنیمەکان تەواو نابنە هاوواتای یەکتر، چونکە هەرچەندە ئەوانە هەموو لەیەک بواری تایبەتن، بەڵام لەیەکتر جیاوازن و هەریەکە هەندێ خەسڵەت و ئەدگاری تایبەت بەخۆیان هەیە کە جیاوازە لەوی تر و ناکرێ لەبری یەکتر بەکاربێن.

لەلایەکی تر دەکرێ ئەم جۆرە پێوەندییە لەسەر بنەما و شەنگستەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەی نۆم

چۆمسکی شرۆڤە بکرێ. بەگوێرەی تیۆرەکەی چۆمسکی سەرە head دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەی خوارەوەی خۆیدا هەیە، هایپۆنیمیش خۆی هەمان شت دەنوێنێ بەوەی سەرە گشتییە و ئەوانی تر کە لە هێڵکارییە پێکهاتە زنجیرەییەکەدا لە خوارەوە دێن بەشێکن لە وشە گشتییەکە و هەبوونی ئەوان بەبوونی ئەوە نەک بە پێچەوانەوە- بەواتای سەگ ــــ گیانەوەرە، تفەنگ ــ چەک، هێرۆ ــــ گوڵە نەک بە پێچەوانەوە گیانەوەر ــــ سەگ، چەک ــــ تفەنگ، گوڵ ــ هێرۆ بێ هەر ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە وشەکان نەبنە هاوواتای یەکتر.

## سێیەم: هاوواتا Synonymy

هاوواتا جۆرێکی تری پێوەندی واتایی نێوان چەند لێکسیمێک دەگەیەنێ. هاوواتا پەیوەست نییە بە هاودەنگی، هاومۆرفیمی یان هاورێنووسی، بەڵکو پەیوەستە بە هاوواتایی دوو وشە، یان زیاتر.

کریستال ١٩٩١: ٣٤٠ وا پێناسەی هاوواتا- Synonymy دەکا: بریتییە لە زاراوەیەک کە لە واتاسازیدا بەکاردێ بۆ ئاماژەکردن بەو پێوەندیە واتاییەی لەنێوان وشەکاندا بەرپایە. ئەو لێکسیمانەی هەمان واتا یان هاوواتای یەکترن. وێبەر ١٩٨٩: ٢٨٤ دەنووسێ ئەو وشەیەی هەمان واتا یان واتایەکی نزیکی لەگەڵ وشەیەکی تر هەیە پێی دەوترێ هاوواتا.

### جۆرەکانی هاوواتا

دەکرێ سێ جۆری هاوواتا دیاریکەین:

١- هاوواتای موتڵەق Absolute Synonymy

لیۆنز ١٩٨١: ١٤٨ دەنووسێ ئەگەر دوو وشە «هەمان دابەشکردنییان» هەبوو و «تەواو هاوواتا» بوون و هەروەها شیانی ئەوەیان هەبوو بەتەواوی وەک یەکی لە هەموو چوارچێوەیەکدا Context لەبری یەکتر بێن، ئەوا ئەو دوو وشە هاوواتای موتڵەق پێکدەهێنن. فرۆمکین و رۆدمان ١٩٨٨: ٢١٢- ٢١٣ باوەڕیان وایە کە هاوواتای تەواو تەواو perfect بوونی نییە هەرگیز ڕێک ناکەوێ کە دوو وشە بە وردی «تەواو هەمان واتایان هەبێت». هەر لیۆنز خۆبشیباوەڕی وایە کە ئەو جۆرە هاوواتاییە لە زمانی سروشتی خەڵکدا بوونی نییە، ئەوەی هەیە پەیوەستە بە هەندێ حاڵەتی پزیشکی لەبواری ئاوسان و هەوکردن.

٢- هاوواتای تەواو

ئەگەر دوو وشە لە زمانێکی تایبەتدا هەمان بەکارهێنانیان هەبوو و شیانی ئەوەیان هەبوو لە هەمان ڕستە و ئاخاوتن لە بریی یەکتر بێن، ئەم دوو وشەیە هاوواتای تەواو پێکدەهێنن. ڕۆدمان و فرۆمکین ١٩٨٨: ٢١٣ و جۆن لیۆنز ١٩٨١: ١٤٨ و کریستال ١٩٩١: ٣٤٠ و وێبەر ١٩٨٩: ٢٨٤ تراسک ١٩٩٩ : ٥٤ و ئایچسن ١٩٩١ : ٨٥ لەم جۆرە هاوواتایە دواون. باوەڕیان وایە کە زۆر بە دەگمەن ڕێک دەکەوێ کە دوو وشە لە هەمان چوارچێوەی واتایی بێن. هەرچەندە هەریەکە چەند وشەیەک دەهێنن کە لە زۆر چوارچێوەدا لە بریی یەکتردێن، بەڵام هەرگیز هەردوویان بەتەواوی لە هەموو چوارچێوەیەکدا وەک یەک نایەن.

نموونەکانی ئایچسن:

He snapped the twig in half.

He broke the twig in half.

لێرەدا snap و brake لەبریی یەکتر دێن، بەڵام

He snapped his fingers

هەمان واتای

He broke his fingers ناگەیەنێ.

نموونەکانی لیۆنز

They painted a wide / broad stripe right across the wall.

لێرەدا wide - broad فراوان - هاوواتان، بەڵام:

He has broad shoulders.

The door was three feet wide.

broad و wide لە بریی یەکتر نایەن.

نموونەکانی وێبەر

He hid / concealed the mony under the bed.

لێرەدا hid / conceal لەبریی یەکتر دێن، بەڵام (conceal) زۆر لە (hide) فەرمی ترە. هەمان دیاردە لە زمانی کوردیشدا هەیە.

ئازاد خۆی شاردەوە / خۆی مەڵاس دا.

خۆی شاردەوە / خۆی مەڵاس دا هەردووک هاوواتان، چونکە لە بریی یەکتر دێن، بەڵام لەم ڕستانەی خوارەوەدا (شاردەوە) بەکاردێ نەک(مەڵاس)دا

ئازاد کتێبەکەی شاردەوە.

ئازاد مردووەکەی شاردەوە.

نموونەکانی تراسک:

هەرشـتـێک پێی بوترێ (pail)، پێشی دەوترێ (bucket) بە پێچەوانەش هەرشتێ bucket بێت، (pail) ی پێ دەڵێن. ئەم دوو وشەیە تەواو هاوواتان. لێرەدا سەبارەت بە لەبریی یەکتر هاتن یان هاوچوارچێوەی، تراسک ١٩٩٩: ٥٤ باس لە ڕۆڵی ناوچەگەری دەکات، دەنووسێ وشەی (bucket) لە ئینگلستان و وێلز و باشووری ئەمریکادا ئاساییە، بەڵام وشەی (pail) لە سکۆتلەندا و باکووری ئەمریکادا ئاساییە!

کریستالیش ١٩٩١: ٣٤٠-٣٤١ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیراساتی زمانەوانی لەبارەی هاووتاوە جەخت لەسەر گرنگی چوارچێوە دەکەن. هەرسێ وشەی choice, range, selection (دەستە- هەڵبژاردە) لە ڕستەی what a nice ...... of flowers? هاووتان، بەڵام لە ڕستەی:

His ......... of knowledge is enormous.

تەنیا وشەی (range) بەکاردێ، ئەوانی تر بەکارنایەن.

فرۆمکین و ڕۆدمان (١٩٨٨: ٢٣١) لەباسی هەردوو وشەی (sofa) و (couch) - قەنەفە دەنووسن: پلەی وەک یەکی واتایی نێوان وشەکان دەوەستێتە سەر ڕادەی هاوبەشی ئەدگاری واتایی نێوان وشەکان، بەڵام هەرخۆیان دان بەوەدەنێن کە چەندان وشە هەن چەندان ئەدگاری واتایی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا نەک هەر هاوواتای تەواو پێکناهێنن، بەڵکو هاوواتا ئاساش نین.

هەریەک لە جووتە وشەی (کوڕ - پیاو) و (کچ - ژن) چەندان ئەدگاری واتایی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ناکرێ لە هەموو چوارچێوەیەکدا لەبریی یەکتر بێن.

لە کوردیدا ئەم جۆرە هاووتایە تا ڕادەیەک لە پەیڤەکانی شارەکاندا هەیە وەک:

- خەیار، ئاروو
- پاک، خاوێن، پاقژ
- زڕداک، باوەژن، ژنباب
- پلک، میمک، پوور، مەت، خالەت
- کۆک، قەشەنگ، جوان

٣- هاووتای نزیک Near Synonmy

زۆربەی زمانەوانەکان جەخت لەسەر هەبوونی ئەم جۆرە هاووتایە دەکەن. هەروەها ئەم هاووتایە بە هاوواتایەکی سروشتی دادەنێن. بەگوێرەی ئەم هاوواتایە دوو وشە واتای لەیەک نزیکیان هەیە هەروەها لە بەکارهێنانیش لەیەک نزیکن. ئەگەرەکانی بەرفراوانی ئەم جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ چەندان هۆکار کە لە هەندێ زماندا بوونی خۆیان دەسەپێنن، بەتایبەتی لە زمانێکی وەک کوردیدا:

١- بوونی چەند زارو شێوەزارێک لە زماندا هۆکارێکە بۆ هەبوونی ئەم جۆرە هاوواتایە.

- پەیڤین، هەڤپەیڤین، گفتوگۆ، گەنگەشە، تاوتوێ.
- دزوین، پیس، قرێژ

٢- جیاوازی شێواز

- گەورەم، ئەزخولام، جەناب، بەڕێز.

فەرموو، کەرەمکە، وەرە ژوورێ

٣- هاوواتای هۆشەکی

- ژن، ئافرەت، خوشک

## چوارەم فرەواتا Polysemy

فرەواتا یان پۆلواتا زاراوەیەکە لەبواری واتاسازی بەکاردێ. وەک لە وشەکە دەردەکەوێ وا ڕێک دەکەوێ کە وشەیەک لە زماندا چەندان واتای نزیکی هاوڕەگەز و هاوژێدەری هەبێت. زۆربەی فەرهەنگە تاکزمانییەکان لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراون. زمانناسانی وەک پالمەر، لیچ و فرۆمکین و ڕۆدمان، تراسک، وێبەر و کریستال جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە. کە لەفرەواتادا یەک فۆرم چەندان واتای دەبێت. هەریەک لە (ڕێزمان) و (ئاتلەس) و (سو) دەڵێن کە واتا جیاوازەکانی یەک فۆرم دەبێ هاوڕەگەز و هاوسەرچاوە بن.

- فرەواتا و هۆمۆنیمی

ئەم دوو زاراوەیە زۆر لەیەک نزیکن، ئەم لەیەک نزیکییە وای لە هەندێ نووسەر کردووە هەردووک تێکەڵ بەیەک بکەن. جا بۆ ئەوەی فرەواتا لە هۆمۆنیم جیا بکەینەوە واچاکە سەرەتا لە چەمکی هۆمۆنیم و جۆرەکانی بدوێین، ئینجا لە خاڵە لەیەک جیاوازەکانی هەردوو زاراوە بدوێین هۆمۆنیم زاراوەیەکە لە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکدا بەکاردێ بۆ ئەو وشانەی کە هەمان فۆرمیان هەیە، بەڵام لە واتادا جیاوازن. ئەم «هەمان فۆرم»ە جۆرە لێڵییەک لەخۆ دەگرێ، بۆیە واتاناسان هۆمۆنیم - هاوبێژ بۆ دوو جۆری سەرەکی لەیەک جیادەکەنەوە ئەویش بریین لە homophone - هاودەنگ و homongrophic هاوڕێنووسی. لە هاودەنگدا واڕێک دەکەوێ کە دوو وشە یان زیاتر هەمان دەنگیان دەبێ، بەڵام هەمان ڕێنووسیان نییە، بەڵام لە واتادا جیاوازن. لە کوردیدا ئەم دیاردە زمانەوانییە بەرچاو ناکەوێ، بەڵام لە ئینگلیزیدا

زۆرە:

- right- ڕاست، مـــــــاف، rite بـۆنـە، writ- دەنووسێ، wright- دانەر ئەوانە هەمـوو ئەم دەنگەیان هەیە /ڕایت/
- ewe مەڕ، you- تۆ، ئێوە ـــــ /یو/

هەرچی هۆمـۆگـرافـە بریـیـیـە لە هەبوونی دوو وشـە کـە هەمـان شـێـوە نووسـینـیـان هەبێت، بەڵام لە خوێندنەوەدا جـیـاوازبـن هەروەها لە واتاش جـیـاواز بن. لە کـوردی دەکرێ هۆمۆگراف بۆ دوو جۆر دابەش بکەین: جۆرێک کە دوو وشـــەکـــە هەمـــان ڕێنووســـیـــان هەبێ وهەمـــان خوێندنەوەشیان هەبێت لەبەر هەژاری زمانەکە لە ڕووی وشەسازییەوە یان بەهۆی فرە شێوازارییە واڕێک بکەوێ کە ئەم جووتە وشانە لە زماندا هەبن وەک:

- ئازار (ئێش) - ئازار (ازار) مانگی سێ
- ئاش (ئاشی ئاو، ئاشی کارەبا) -ئاش -چێشت - خواردن

هەروەها ئەم دیاردەیە لە هەندێ گـرێـی کـوردیشـــدا بەرچاو دەکەوێ:

شیوەکەم پێ لێنا
پێم لێنا    دانم پیانا
بەسەری کەوتم.

جـۆرەکـەی تری هۆمـۆگـراف - هاوپیت ئەمـانە تەنیـا هاوپیتن، بەڵام لە خوێندنەوە و واتا لەیەک جیان:

ماوە: لەسەر ئاستی ڕستە واتای ئەو ماوە، نەمردووە، دەگەیەنێ
ماوە: وەخت: ماوەی نێوان وانە.
هەمانە: هەیتمان.
هەمانە: هەمبانە

## جیاوازی نێوان فرەواتا و هاوبێژی گشتی

١- یەک وشەیی و چەند وشەیی

لە فـرەواتادا (یـەک وشــە) چەنـدان واتای جـیـــاوازی هەیە، بەڵام لە هاوبێـژیدا (کـۆمـەڵە وشـەیەک) هەمـان دەنگ و پیـتـیـان هەیە، بەڵام لە واتادا جیـاوازن. وشەی (سووک) فرەواتایە، چونکە چەندان واتای جیاواز لەخۆ دەگـرێ وەک «ئاسـان»، «کـەم، بێنامـووس»، «کـێـشی کەمە، گران نییـە، قورس نییە» هەرچی (هەردوو وشەی) «کار»ن کە هەمـان دەنگ و پیـتیـان هەیە، یەکێکیـان بە واتای «ئیـش» دێ ئەوی تریـان بە واتای «کـــارژۆلە- بەچکەی بزن» دێ.

٢- ڕەسەنی وشە

(لیۆنز) و (لیچ) و (کریستال) دەڵێن ئەگەر دوو وشە هاوڕەگەز و هاوژێدەر بوو، ئەو دوو وشەیە پۆلواتای یەک وشـەن، بەڵام ئەگـەر زێدەکـەیان جـیـاواز بـوو، تەنیـا هاوبێژن.

وشـەی (ڕەق) لە کـوردیدا چەندان واتای هەیە، بەڵام هەموو واتاکان هاوژێدەر و هاوزێدن:

- نانی ڕەق (نەک نەرم)
- پیاوی ڕەق (نەک نەرم- کەللە ڕەق- ڕژد)
- دیواری ڕەق (بەئاسانی ناڕووخێ)

هەرچی ئەم وشانەن:

- بیر-بئر، بیر - هزر
- شیر (شیلە)، شیر - شمشێر
- کار (ئیش)، کار- بەچکەی بزن
- ئازار (ئێش- ژان)، ئازار- مانگی سێ.

هاوژێدەر و هاوزێد نین، بۆیە تەنیا هاوبێژن.

٣- واتای لەیەک نزیک و واتای لەیەک دوور

ئەگـەر کـۆمـەڵە وشـەیەک -هاوپیت و هاودەنگیش بن واتاکـانی ئێـسـتـایان لەیەک نزیک بێت، ئەو کـۆمـەڵە وشـەیە بە پۆلواتای یەک وشـە دادەنرێن، بەڵام ئەگـەر واتایان لەیەک دوور بوو؛ ئەوا بە وشـەی جـیـــاواز و سـەربەخـۆ دادەنرێن و واتاکـانیـان لەیەک وشـەدا کـۆ نابێتەوە.

لە کـوردیدا (خـاڵ -خـاڵی ڕوومـەت) و (خـاڵ -برای دایک) و (خـاڵ -نوختـە) هیـچ پێـوەندییـەکی واتاییـان پێکەوە نیـــیـــە. هەروەها هیـچ ئەدگـــارێکی واتایی هاوبەشیان نییە .... کەواتە ئەمانە تەنیا هاوبێژن.

**سەرچاوە سەرەکییەکان:**

**1- Aitchison, j. 1993 Linguistics.**
**2- Bakir, S.n. Polysemy of some Adjectives.**
**Duhok journal.**
**3- Crystal, D. 1991. A Dictionary of Linguistics and Phonotics.**
**4- Fromkin, v. and Rodman, R. 1988. An Introduction of language.**
**5- Lyons, J. 1981. Language and Linguistics.**
**6- Trask, R.L 1993. Language.**
**7- Weber, H., Richards,J. and. Platt, J. 1989. Longman Dictionary of Applied Linguistics.**

# میدیاکان
# پەیدابوون و شێوە و وێکچوون و جیاوازییەکان

**کاوە عەبدولکەریم**
**(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)**

ئەمرۆ میدیاکان ئەوەندە لق و پۆپیان لێبوویتەوە، ناکرێ بەشێوەیەکی گشتی باسیان لێوە بکرێ، کاتێک قسە لەسەر میدیا دەکەی، ناچاری دەستنیشانی شێوە و چەشنەکەی بکەی، ئایا میدیای ئەلیکترۆنییە یان چاپەمەنییە؟ ئەگەر ئەلیکترۆنییە ڕادیۆیە، تەلەفزیۆنە، یان فیلمە؟ ئەگەر چاپەمەنییە، ڕۆژنامەیە، گۆڤارە، یان کتێبە؟...تاد.

لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، میدیای مۆدێرن ڕۆڵی هەرە گرنگ دەگێڕێ. مرۆڤی مۆدێرن لە جیهانی میدیادا دەژی، لەوکاتەوەی لە خەو هەڵدەستێت تا دووبارە دەخەوێتەوە بە بەردەوامی کۆنتاکی لەگەڵ میدیادا هەیە. چەند جۆر و شێوەی میدیا هەیە؟ کەی و لەکوێوە هاتوون؟ ئایا تەنیا بەرهەمی سەدەی بیستەمن، یان سەدان ساڵە هەن؟ لەم باسەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

بەشێوەیەکی گشتی زانایانی بواری میدیا و پێوەندیکردن، میدیاکان بەسەر سێ شێوەی سەرەکی دابەش دەکەن.

میدیای جەماوەری و میدیای تیلیکۆمۆنیکەیشن و میدیای کەسی.

### ١- میدیای جەماوەری

میدیای جەماوەری هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە بە بینراوو بیسراوو چاپەمەنیەکانیشەوە. لێرەدا ئێمە دابەشی دەکەین بۆ دوو شێوەی سەرەکی، میدیای ئەلیکترۆنی و میدیای چاپکراو.

### ١-١ میدیای ئەلیکترۆنی

ئەم شێوەیەی میدیا، هەموو ناوەندەکانی پێوەندیکردن دەگرێتەوە کە هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێنن. بەواتایەکی تر، هەموو ئەو کەناڵ و ناوەندانە دەگرێتەوە

کەبەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی زانیاری و پەیامەکان پەخش دەکەن. گرنگترین ئەم کەناڵانەش بریتین لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و تۆمارکراوەکان و فیلم و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت. لێرەدا هەوڵدەدەین پەیدابوون و شێوەی کارکردنی هەندێک لە گرنگترین ئەم کەناڵانە تاووتوێ بکەین.

### ١. ١. ١ ڕادیۆ

جۆزیف دۆفیسیک(١) (١٩٩٩) لەکتێبی «داینامیکیەکانی پێوەندیکردنی جەماوەری» باسی میدیای ئەلیکترۆنی دەکات و پێی وایە کە یەکەمین شێوەی ئەم میدیایە ڕادیۆیە.

ناکرێ داهێنانی ڕادیۆ تەنیا بۆ یەک کەس بگەڕێنینەوە، چونکە چەند زانایەک تێیدا بەشدارن. جیمس کلێرک ماکسوێلی زانای ماتماتیکی سکۆتی لە ساڵی ١٨٧٣ بۆی دەرکەوت کەوا دەکرێ نیشانە ئەلیکترۆ ماگناتیکیەکان بەبێ بەکارهێنانی وایەر بۆ بۆشایی بنێردرێن. لە ساڵی ١٨٨٧یش فیزیاناسی ئەڵمانی هینریک هێرتز لە ئەنجامی کۆمەڵێک تاقیکردنەوەدا تیۆرەکەی ماکسوێلی هەموار و ڕاست کردەوە و توانی بەڕاستی شەپۆلی ڕادیۆیی بۆ بۆشایی بنێرێت. لە ساڵی ١٨٩٦ زانای ئیتالی گەگلیلمۆ مارکۆنی تاقیکردنەوەکانی هێرتزی بەرەو پێش برد و توانی نیشانە ئەلیکترۆنییە وایەرلێسەکان بۆ دووری دوو میل بنێرێت. ئەمە بنچینەی بیرۆکەی ڕادیۆ بوو کە پێی دەگوترا (وایەر لێس). پاشان هەر دوو زانای ئەمریکی فێسندن وفۆرێست توانیان شەپۆلە ئەلیکترۆنییەکان بگەیەننە جەماوەرێکی زۆر. ئەمە یەکەمین ڕادیۆ بوو، بۆ یەکەم جاریش لە جەژنی کریسمەسدا لەساڵی ١٩٠٦ دەستی بە پەخشکردن کرد.

بەڵام د. مەغدید سەپان(٢) (٢٠٠٥) دەڵێ یەکەمین پەخشی ڕادیۆیی لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٢٠ لە پیتسبۆرگ لە ئەمریکا بووە، یەکەمین هەواڵی ڕادیۆییش ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بووە.

من پێم وایە ئەوەی گرنگە لەپەیدابوون و داهێنانی ڕادیۆدا بیزانین، ئەوەیە کەوا ناکرێ ئەم داهێنانە بۆ یەک کەس، یان کۆمپانیا، یان وڵات بگەڕێنینەوە، چونکە هەموو ئەوانەی هەوڵی داهێنان و دۆزینەوەیان داوە و تاقیکردنەوە سەرەتاییەکانیان لەسەر شەپۆلە ئەلیکترۆنییەکان کردووە لەم داهێنانەدا بەشدارن. گرنگیش ئەوەیە بزانین لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕادیۆ پەیدا بووە.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و لە ئەمریکادا پەخشی ڕادیۆیی هەبووە. هەروەک جەی بلاک(٣) ١٩٩٧ دەڵێ: «میدیای ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی سەدەی بیستەمە».

ڕادیۆ کە بە یەکەمین ناوەندی ئەلیکترۆنی جەماوەری دادەنرێت، یەکەمین جار بۆ گۆڕینەوەی پەیام تەنیا لەنێوان دوو کەسدا بەکارهاتووە، بەڵام پاشان بووە بە ئامێرێکی گرنگی پێوەندیکردنی جەماوەری. پاش دۆزینەوەی شەپۆلی FM لە ساڵی ١٩٣٥ ڕادیۆ بازدانێکی گەورەی تری بەخۆوە بینی، چونکە ئەم لەرە لەرە توانی ژاوە ژاو کەم بکاتەوە و لە زۆر ڕووەوەش لە AM باشتر بوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە توانرا ڕادیۆ لە کەناڵێکی لۆکاڵەوە بکرێتە کەناڵێکی ئینتەرناشناڵ. لەگەڵ هاتنی تەلەفزیۆن، ئەگەرچی جەماوەری ڕادیۆ کەم بۆوە، بەڵام ڕادیۆ پێگەی خۆی هەر لەدەست نەداو توانی شانبەشانی تەلەفزیۆن بەردەوامی بە پەخشەکەی خۆی بدا.

### ١. ١. ٢ تەلەفزیۆن

فیزیاناسی ئەمریکی بە بنەچە ڕووسی،فلادیمر زۆریکن بە داهێنەری تەلەفزیۆن دەناسرێت. لە ساڵی ١٩٢٧ وەزیری بازرگانی ئەمریکی هێربرت هۆڤەر بەشداری لەتاقیکردنەوەی یەکەمین تەلەفزیۆنی سەرەتایی کرد.

تاقیکردنەوە کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی پەخشێک لەنێوان نیویۆرک و واشنتۆن. لە ساڵانی دواتردا وردە وردە تاقیکردنەوەکان پەرەیان دەسەند و بواری پەخشکردنەکانیش فراوان دەبوون، تا لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠دا کۆمپانیای دەستەی ڕادیۆی ئەمریکی (RCA) یەکەمین سیستەمی تەلەفزیۆنی لە زانای ئەمریکی فیلۆ فارنسوێرث کڕی. یەکەمین پەخشیش بریتی بوو لە گواستنەوەی لێدوانەکانی سەرۆک ڕۆزفلت (بلاک، ١٩٩٧)(٤).

هاتنە پێشەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ لە زۆر ڕووەوە کاری کردە سەر تەلەفزیۆن و بەرەو پێشی برد. ناردنی مانگە دەسکردەکان بۆ بۆشایی ئاسمان تەلەفزیۆنی لە کەناڵێکی لۆکاڵەوە گۆڕی بۆ ناوەندێکی نێودەوڵەتی. ئەمڕۆ

تەلەفـــزیۆن بەشـــێکە لە ژیانی زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی زۆربەی کۆمەڵگاکان، بەزۆر شێوەش کاری کردۆتە سەر ستایلی ژیانی یەکەکەی مرۆڤەکان. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە خەڵک بەشێوەیەکی گشتی لە سەدا حەفتی کاتی خۆیان بەسەیرکردنی تەلەفزیۆن بەسەر دەبەن( ٥ ). ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی ژیان پەیدابووە، وەکو کەناڵی پەروەردەیی و هونەری و زانستی و وەرزشی و ئاییني و...تاد.

کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵەکان و سەتەلایتەکانیش خەرجییەکی گەلێ زۆریان پێویستە و لە هەمانکاتیشدا قازانجی زۆریش دەکەن، قازانجەکانیش بەزۆری لە ڕیکلام و ئاگاداری و بلاوکردنەوەی هەواڵەکاندایە.

تەلەفزیۆن هەروەکو ڕادیۆ بەرهەمی تەکنۆلۆژیای نوێی سەدەی بیستەمە. ئەم دوو کەناڵە چەند سیمایەکی هاوبەشیان هەیە کە دەکرێ لەم خالانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

أ- هەردووکیان بۆ پەخشکردنی پەیامەکانیان هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن.

ب- بەشێوەیەکی گشتی لە هەردوو کەناڵدا نێرەر (Sender) و وەرگر (receiver) یەکتر ناناسن و هەوڵیش دەدەن لەیەک بگەن.

جـ- جەماوەری هەردوو کەناڵ جەماوەرێکی هەمەچەشنن (Heterogeneous).

د- لەیەک کاتدا پەیامەکە بەهەموو جەماوەر دەگات.

سەرەڕای ئەم وێکچوونانە چەندین جیاوازیش لەنێوان ڕادیۆو تەلەفزیۆندا هەیە. دەکرێ جیاوازییەکانیش لەم خالانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

أ- جەماوەری ڕادیۆ (گوێگرەکان) لەکاتی گوێگرتنیان لە ڕادیۆ دەتوانن کاری تریش بکەن. بۆ نموونە دەتوانن لەگەڵ گوێگرتنندا کاربکەن یان سەیارە لێخوڕن، بەڵام جەماوەری تەلەفزیۆن (بینەران) ناتوانن لە هەموو شوێنێکدا سەیری تەلەفزیۆن بکەن.

ب- تێچوونی پەخشی پەیامەکانی ڕادیۆ زۆر کەمترە لەهی تەلەفزیۆن، چونکە پەیامەکانی ڕادیۆ تەنیا پەیامی بیستراون لەکاتێکدا پەیامەکانی تەلەفزیۆن بینراو و بیستراون.

جـ- لە تەلەفزیۆندا پەیامی گوتەیی (Verbal Message) و پەیامی ناگوتەیی (Non-Verbal message) پێکەوە دەبیسترێت و دەبینرێت، بەڵام لە ڕادیۆدا تەنیا جەخت لەسەر پەیامی گوتەیی دەکرێتەوە.

د- چێژ وەرگرتن لە تەلەفزیۆن زیاترە تا لە ڕادیۆ. بەمانایەکی تر جەماوەری تەلەفزیۆن کەمتر بێزار دەبن.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، پێم وایە تاڕادەیەک، جەماوەری تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بەرەو کەمبوونەوە دەچن بە بەراورد لەگەڵ دەیەکانی پێشوودا، ئەمەش بە زۆری بۆ بلاوبوونەوەی میدیای کەسی (Personal media) دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ خەڵک زیاتر کۆمپیوتەر و وڵکمان و دی ڤی دی بەکاردەهێنێت تا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. ئەم شێوە میدیا تاکەکەسییە ئەلیکترۆنییە نوێیانە هەموو هۆکارەکانی کات بەسەربردن و سوود وەرگرتن بۆ بەکارهێنەرەکانیان دەستەبەر دەکەن و بەکارهێنەرانیش کۆنترۆڵی تەواویان بەسەریاندا هەیە و هەرکاتێک بیانەوێ و چیان بوێ دەتوانن ببیستن و ببینن.

### ١. ١. ٣ دەنگ تۆمارکردن

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، داهێنەران و زانایانی هەردوو دیوی زەریای ئەتلەسی گرنگییەکی زۆریان بەدەنگ دا و چەندین تاقیکردنەوەیان لەسەر کرد، لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەستەمۆی بکەن و تۆماری بکەن و پاشان بتوانن بەبێ وایەر بۆ شوێنی دووری بنێرن. لە ساڵی ١٨٧٧ ئەدیسۆن توانی فۆتۆگراف دابهێنی تا بەهۆیەوە بتوانی دەنگ تۆمار بکات. لەوکاتەدا هێشتا گۆرانی و میوزیک لێدان لەماڵەوە خەیاڵ بوو. لەساڵی ١٨٨٧ ئیمیل بێرلینەر توانی سیستەمێک بۆ تۆمارکردنی دەنگ لەسەر گرامافۆن دابهێنێت. تا سەدەی بیستەم تۆمار کردنی دەنگ زۆر سەرەتایی بوو، بەکۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی دەنگی تۆمارکراو گەیشتە زۆربەی ماڵەکانی ئەمریکا. داهێنانی ڕادیۆ تاڕادەیەک کاری کردە سەر بازاڕی تۆمارکردنی دەنگ، چونکە خەڵک زیاتر گوێیان لە ڕادیۆ ڕادەگرت، بەڵام گرامافۆن پێگەی خۆی هەر لە دەست نەدا. پاش دووەمین جەنگی جیهانیش پیشەسازی تۆمارکردنی دەنگ گەشەسەندنی مەزن و خێرایی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی پاش دۆزینەوە و بەکارهێنانی شریتی موگناتیسی. ئەمڕۆ تۆمارکردنی دەنگ لەڕێی تەکنیکی نوێوە ئەنجام دەدرێت و پێشڤەچوونی تەکنۆلۆژیای نوێ شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوی تۆمارکردنی دەنگی هێناوەتە کایەوە، دیڤیدی و دیڤیدی دوو ڕوو بازاڕی تۆمارکردنی دەنگی داگیرکردووە و چاوەڕوان دەکرێ لەسەدەی بیست و یەکەمدا شێوەی

زۆر پێشکەوتوو تر دابهێنرێت. (دۆمینیک ١٩٩٩).

**١. ١. ٤ فیلم**

هەرچەندە وێنەی جـوولاو و سـینەمـا و مـوڤی سێ چەمکی تۆزێک لێک جیاوازن، بەڵام هەرسێکیان لەژێر چەتری پیـشـەسـازی فـیلمـدا یەک دەگـرنەوە. بەهۆی پرۆسەیەکەوە وێنە تاکە بێجووڵەکان دەبنە وێنەی جوولاو و فیلم و سینەما سوودیان لێوەر دەگرێ. فیلم بەجۆرێک لەجۆرەکانی میدیای جەماوەری ئەلیکترۆنی دادەنرێت، چونکە لەبەرهەم هێنانیـدا مـیـدیای ئەلیکتـرۆنی بەکـاردەهێنرێت و دەمـێکیـشـە لەلایەن جـەمـاوەرێکی زۆرەوە سەیر دەکرێت، جەماوەرەکەشی هیچ لە جەماوەری رادیۆ و تەلەفزیۆن کەمتر نییە. هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمـەوە زانایان لە هەوڵی ئەوەدا بووینە وێنەی وەسـتـاو و بێ جـووڵە والێ بکەن بەدوای یەکـدا بێ و وێنەی جوولاوی لێدروست بکەن.

یەکەمین وێنە جوولاوەکان زۆر سادە و ساکار بووینە، لەسەرەتادا تەنیا یاریکردن بەسێبەر بووە، پاشان فانۆسی ئەفـسـانەیی پەیدابووە کـەبەهۆیەوە لەرێی ئاوێنەی بۆیەکراوە گورزی تیشکەکان بۆ سەر شاشەیەک ڕەوانە کراوە.

لە سـاڵی ١٨٧٨ فـۆتۆگـرافەری ئینگلیـزی ئیـدوارد مابیرج کە لەکالیفۆرنیا دەژیا لە پێشبڕکێیەکی ئەسپ سـواریدا دوازدە کـامـیـرای لە تەک یەکـدا لە لێـواری مەیدانی پێشبڕکێیەکەدا جێگیر کرد و توانی زۆر بەخێرایی و یەک لەدوای یەک کـامیـراکان بخاتە کـارو وێنەی ئەسپ سـوارییـەکـە بگرێ، لەوکـاتەدا تۆمـاس ئەدیسـۆنی داهێنەری فۆتۆگرافیش لەوێ دەبێ و ئەم کـارە زۆر سـەرنجی ڕادەکـێشـێت. پاشـان لە سـاڵی ١٨٩٠ ویلیـەم دیکسـۆن کـە لەگەڵ ئەدیسـۆن کـاری دەکـرد توانی بەهۆی بەکارهێنانی کینتۆگرافەوە وێنەی جوولاو بگرێ. لە ساڵی ١٨٩٣ یەکەمین ستۆدیۆی فیلم لەنیوجێرسی لەلایەن ئەدیسـۆنەوە بنیـات نرا. فـیلمـە سـەرەتاییـەکـان بێدەنگ بوون، بەڵام خەڵک زۆر حـەزیان بەسـەیرکـردنی دەکـرد. لە سـەرەتاکـانی سـەدەی بیـسـتـەمـدا چوون بۆ سینەما لە ئەوروپا و ئەمریکادا بووبەباو، چارلی چاپلن و بوسـتـەر کـیـتـۆن بە بەردەوامی خـەڵکـیـان بە پێکەنین دەهێنا. سەردەمی زێڕینی سینەما لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکرد کاتێک توانرا دەنگ و ڕەنگ بەیەکەوە ببەسترێنەوە. (ئیسکوت، ٢٠٠٧)(٧).

بـەهۆی داهـێـنـانـی فـــیـلـمـی کـــارتـۆن و بـزۆک (Animation)، پیـشـەسـازی بەرهەمـهـێنانی فـیلم بازدانێکی تری بەخۆوە بینی. هەرچەندە میکی ماوس و تۆم و میری تەنیا وێنەی سەر کاغەز بوون، بەڵام بوون بە کارەکتەری بەناوبانگ.

لەوانەیە ئەمڕۆ جـەمـاوەری ڕاسـتـەوخـۆی سـینەمـا لە هەموو جیهـاندا کەم بووبنەوە، بەڵام جەماوەری فیلم زۆر زیاتر بووە. خەڵک ئەمڕۆ دەتوانن بە زۆر شێواز تەماشای فـیلم بکەن: لە ڕێگەی ڤـیـدیۆ و سی دی و دی ڤی دی و کـۆمـپـیـوتەر و ئەنتـەرنێت و تەلەفـزیۆن و سـەتەلایەت و...تاد. لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکانێک هەن ئێستاش حەز دەکـەن ڕاسـتـەوخـۆ لە سـینەمـاوە سـەیری فـیلم بکەن. سـینەمـا لە ڕووی تەکنیک و هۆڵ و شـانـۆ و شـاشـەی پیـشـانـدان زۆر گـۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە. ئێـسـتـا نوێترین جۆری شاشەی سینەما ئیماکسە (IMAX) کە شـاشـەکـەی ١٩ مـەتر بەرزە و پازدە مـەتر بەرینە و دەنگێکی نایابیشی هەیە، وا لە بینەر دەکات کە هەست بکات بەڕاستی لەناوەڕاستی ڕووداوەکـاندایە. شـانۆی (IMAX DOME) نوێتـرین شـانۆیە و شـاشـەکـەی نزیکەی ٣٠ مـەترە جـەمـاوەر بەڕاسـتی لەناوەڕاسـتی ڕووداوەکان دادەنێ، (ئیکسۆت، ٢٠٠٧)(٨).

**١. ٢ میدیای چاپکراو**

میدیای چاپکراو زۆر لە میدیای ئەلیکترۆنی کۆنترە. ئەم شێوەیەی میدیا تەنیا بەرهەمی سەدەی بیستەم نییە، بەڵکو مێـژوویەکی درێژی هەیە کـە خـۆی لە ٥٠٠ سـاڵ دەدات. سـەرەتا و بنچـینەی ئەم مـیـدیـایە بۆ داهێنان و گـەشـەسـەندنی چاپکردن دەگـەڕێتـەوە. یەکـەمین هەوڵی داهێنانی چاپکردن لەلایەن جـۆهانس گـوتەنبـێـرگی ئەڵمـانییەوە بوو کە لە سەدەی پازدەیەم توانی جۆرێک لە تایپی جـوولاو دابهـێنێ. هەروەکـو هـانسن(٩)(٢٠٠٥) دەڵێ:

«گـرنگترین داهێنانی گوتەنبێرگ بریتی بوو لەقاڵبی چاپکردن (type mold) کە توانی بەهۆی ئەم قاڵبەوە چەندین کـۆپی وەکـو یەکی بابەتێک چاپ بکات». ئەم داهێنانە خاڵی وەرچەرخان بوو لە پیشەسازی چاپکردن، هەر ئەمەش بە دایکی میدیای چاپکراو و پێوەندیکردنی جەماوەری دادەنرێت. بە تێپەڕبوونی سەدەکان تەکنیک و شێوەی میدیای چاپکراو گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینی، تا وای لێهـات لەسـەدەی بیسـتـەمـدا چاپەمـەنییـەکـان

بەتیراژی هەزاران و سەدان هەزار چاپ و بڵاوبکرێنەوە، میدیای چاپکراو لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زۆر بەرەوپێش چوو. لێرەدا هەوڵ دەدەین باسی سێ شێوەی سەرەکی میدیای چاپکراو بکەین: کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە.

**١. ٢. ١ کتێب**

کتێب بەناوەندێکی جەماوەری دادەنرێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەیخوێنێتەوە و سوودی لێدەبینن. کۆنترین ناوەندێکی چاپکراوە کە تا ئێستاش شان بەشانی میدیای هاوچەرخ پێگەی خۆی لەدەست نەداوە. پێش داهێنانی چاپکردنیش کتێب بەشێوەیەک لەشێوەکان بوونی هەبووە، نووسینەکانی سەر قوڕ و بەردو دار و پێستەی ئاژەڵان دەکرێ بەشێوەیەک لەشێوە سەرەتاییەکانی کتێب حیساب بکرێن.

کتێب بەشێوەیەکی فراوان پاش داهێنانی چاپکردن بڵاوبۆوە. بەسەرەتایەکی سادە دەستی پێکرد، وردە وردە بوو بە پیشەسازییەکی ئاڵۆز و گەورە، تا وای لێهات کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شارستانیەت و کولتووری زۆربەی وڵاتان و گەلان هەبێ. هەرچەندە ئەمڕۆ میدیای ئەلیکترۆنی زۆر بەربڵاو و گەشەسەندووە و جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی کێش کردووە، بەڵام تارادەیەک هێشتا کتێب بەربەرەکانیێ لەگەڵ دەکات، هێشتا سیستەمی خوێندنی زۆربەی زانکۆ و دەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە لەجیهاندا پشت بە کتێب دەبەستن، ئەمڕۆش لەگەڵدا بێت کاری داهێنانی زۆربەی زاناو نووسەران هەر بەکتێب چاپ دەکرێن، زۆربەی تیۆر و بابەتە زانستی و مرۆڤایەتییە نوێیەکان لەکتێبان وەدەست دەکەون.

ئێستا مشتومڕی ئەوە هەیە کە ئایا لەم سەدەیەی ئێستاو لەمەودوا، سەدەی بیست و یەکەم، کتێب دەتوانێ پارێزگاری لەو پێگەیەی کە هەیبووە و هەیەتی بکات؟ لەسەدەی ئەلیکترۆنیات و لەکۆمەڵگا زانیارییەکاندا، دەبێ کتێب بتوانی وەکو ناوەندێکی جەماوەری بمێنێتەوە؟ پێم وایە زۆر شت هەیە کەوا دەکەن بەلایەنی کەمەوە بۆ چەند دەیەیەکی تریش کتێب هەر بە ناوەندێکی جەماوەری بمێنێتەوە و پێگەی خۆشی لەدەست نەدا. لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە کتێب زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و توانای گۆڕانکاری تریشی هەیە کە بگونجێ لەگەڵ واتاکانی سەردەم، ئێستاو لە داهاتووشدا ئەکادیمییەکان ناتوانن بە ئاسانی دەستبەرداری کتێب بن، چونکە زانستگەلێکی زۆر ئێستاش تەنیا لە کتێبان دەست دەکەون و ئەکادیمستەکانیش ئەوەندەی متمانە و بڕوایان بەکتێبان هەیە ئەوەندە بڕوایان بە کەناڵە ئەلیکترۆنییەکانەوە نییە. ئەمە جگە لەوەی کەوا تا ئێستاش لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان، چ بە هۆی هەژاری و چ بەهۆی چاودێری سیاسی، کەناڵە ئەلیکترۆنییەکان زۆر بەربڵاونین، لە ڕووی بازرگانیشەوە ئەمڕۆ کتێب بازاڕێکی زۆر بەهەرمێنی هەیە. خەڵکێکی زۆریش لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرییەکەیان لەڕێی کتێبەوە بووە، ئێستاش ناتوانن دەستبەرداری بن، کەسی وا هەیە تا ئێستا ناتوانێ لاپەڕەیەکیش لەسەر سکرینی کۆمپیوتەرێک بخوێنێتەوە.

**١. ٢. ٢ گۆڤار**

گۆڤار ناوەندێکی تری میدیای جەماوەرییە کە دەچێتە ژێر خانەی میدیای چاپەمەنییەوە، لە ڕووی ڕیزبەندیشەوە دەکەوێتە نێوان کتێب و ڕۆژنامەوە. ئەلجوندی و یوسف(١٠) (٢٠٠١) پێیان وایە کە گۆڤار چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە لە کتێب و ڕۆژنامەدا هەیە. لەلایەکەوە، لەگۆڤاردا ، هەروەکو کتێب، کات و بۆشاییەکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی بابەتەکان لەسەرەخۆ و بەتێروتەسەلی بنووسرێن و بڵاوبکرێنەوە، بەتایبەتی لەگۆڤارە مانگانەییەکاندا. لەلایەکی ترەوە، هەروەکو ڕۆژنامە، گۆڤاریش بەشێوەیەکی دەوری دەردەچێت، بەتایبەتی گۆڤارە هەفتانەییەکان، یان ئەو گۆڤارانەی لە هەفتەیەکدا لەجارێک زیاتر دەردەچن.

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد(١١) (٢٠٠٤) گۆڤار وەک جۆرێک لەکتێب پێناسەکراوە کە بەرگێکی تایبەتی هەیە و هەموو هەفتەیەک یان مانگێک جارێک چاپ و بڵاودەکرێتەوە و هەواڵ و وتار و ڕیکلام و فۆتۆ و چیرۆک و....تاد لەخۆوە دەگرێت و لەلایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە ئامادە دەکرێن و دەنووسرێن. لەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا گۆڤار لە دوو لایەنەوە جیایە لەکتێب.لەلایەکەوە بەشێوەیەکی دەوری (هەفتانە یان مانگانە) دەردەچێت، بەڵام دەرچوونی کتێب کاتێکی دیاریکراوی نییە. لەلایەکی ترەوە بابەتەکانی گۆڤار جۆراوجۆرن و لەلایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە دەنووسرێن، کەچی کتێب بە زۆری چارەسەری یەک بابەت دەکات و ژمارەی نووسەرەکانیشی دیاری کراوە.

یەکەمین گۆڤار لە ئینگلستان لە لەندەن بەناوی Re-view لە ساڵی ١٧٠٤ لەسەردەستی نووسەری

ئینگلیـزی دانیـال دیفـۆ دەرچوو. ئەم گـۆڤـارە لەچوار لاپەڕەی بچووک پێک هاتبوو، بۆ ماوەی ٩ ساڵ هەفتەی چوار جار دەردەچوو. هەر بۆیە دانیاڵ دیفۆ، کە پاشتر بە ڕۆمـانی ڕۆبنسـۆن کـرۆزۆ ناسـرا، بە یەکەمین نووسـەری ئینگلیزی دادەنرێت کە گۆڤاری دەرکردبێ(١٢).

هەرچەندە گۆڤارە سەرەتاییەکان لە شێوەی ڕۆژنامەی ئەمڕۆ بوون، بەڵام گۆڤـارەکـان تەنیـا گرنـگیـان بەهەواڵ نەدەدا، بەڵکو گرنگیان بەکاروباری نێوماڵ و سیاسەتی نەتەوەیی و کـارە ئەدەبییـەکـان و شـێـوازی ژیـان و مۆرالەکانیش دەدا.

لەسەدەی نۆزدەیەمدا، گۆڤارەکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا گەشەیان کردو کاریان کردە سەر هەمـوو لایەنەکانی ژیان، کاریگەرییان هەبوو بۆسەر پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە و بڵاوکـردنەوەی بیـری ناسـیـونالیـسـتی و کـولتـوور و نەهێـشـتنی نەخـوێندەواری و هەتا لەزۆر لایەنەوە ڕای جەماوەریشیان گۆڕی. (هانسن، ٢٠٠٥).(١٣)

لەسـەدەی بیـسـتـەمـدا، گـۆڤـارەکـان بەجـۆرێکی تر گۆڕانکارییـان بەسـەردا هات. لەم سەدەیەدا گۆڤارەکان، هەروەکو زۆربەی کەناڵەکانی تری میـدیا، حیسـابیـان بۆ کاتی جەماوەرەکەیان کرد و بەخۆیاندا چوونەوە، هەوڵیان دا بەشـێـوەیەکی خـێـراو چڕوپڕ کـرۆکی پەیامـەکـانیـان بە جـەمـاوەرەکـەیان بگەیەنن. هەر لەو سـەدەیەدا بـوو کـەوا وێـنـەی ڕۆژنـامـــــــەوانـی (Photojournalism) پەیدابوو، کـە دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕوونکردنەوە و گـەیاندنی پەیامـەکـان. لێـرە بەدواوە سـیـمـاکـانی ڕۆژنامـەوانی مـودێرن وەدەرکـەوتن، نەک تەنیـا لەڕووی بەکـارهێنانی وێنەوە، بەڵکو لە ڕووی کـەمکردنەوەی تێـچـوون و زیادکـردنی تیـراژ و دابەزاندنی ڕێکلام و...تاد. لەنیـوەی دووەمی سـەدەی بیستـەمدا گۆڤـاری تایبـەتمەند پەیدابوون کـە ئاراسـتـەی جـەمـاوەرێکی دیاریکراو دەکران. ئەم جـۆرە گـۆڤـارانە پێـیـان دەگـوترا گـــۆڤـــاری بەکـــارهێـنەران (Consumer mag-azines).

ئەم بڵاوکراوانە ئاراسـتـەی جەماوەرێکی دیاریکراو و سنووردار دەکـران کـە لە بیـرکـردنەوە و تایبـەتمەندیدا هاوشێوە و هاوڕابوون، وەکو گۆڤاری تایبەت بە ئەدەب، یان ئافرەت، یان خزمەتگوزاری یان وەرزش...تاد.

چاکترین پۆلینکردنی گۆڤارەکان لەلایەن جەی بلاک لە کـتێبی «بێشـەیەک بۆ پێـوەندیکردنی مـیـدیایی» ١٩٩٧ کـراوە. بلاک گۆڤارەکانی بەگوێرەی ئەرکیـان لە پرۆسـەی پێوەندیکردندا بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش کردووە:

**یەکەم:** گۆڤارەکانی کاتبەسەربردن

ئەمـانە گـۆڤـارەکـانی مـۆدە و جـوانی و کـۆمـێـدی و چیـرۆکـەکـانی خـەیاڵی زانسـتی دەگرنەوە، کـە جـەمـاوەر بەشـێـــوەیەکی سـەرەکی بـۆ پڕکـــردنەوەی کـــاتە بێ ئیشییەکانیان و بۆ کات بەسەربردن دەیخوێننەوە.

**دووەم:** گـۆڤـاری هەواڵ و زانیـارییـەکـان ئەم جـۆرە گۆڤارانە خوێنەر و جەماوەری خۆیان بەنوێترین هەواڵ و زانیـــاری لە بارەی هەمـــوو لایەنەکـــانی ژیانەوە ئاشنا دەکەن.

**سێیەم:** گۆڤاری بیروڕاکان ئەم گۆڤارانەی دەکەونە ژێر ئەم خـانەیەوە گـۆڤـاری ئاراسـتـە کـراون و مـەبەسـتێکی دیاریکراویان هەیە و لەزۆربەی حـاڵەتەکـانیـشـدا مەبەستیان ڕازیکردنی بەشێکی کۆمەڵانی خەڵکە.

گـۆڤـارەکـان بەگـوێرەی پێـوەندی نێـوان جـەمـاوەر و ناوەرۆکـیـش دەکـرێ پۆلێن بـکرێن. هەروەها گـۆڤـاری هەرێمی و تایبـەت بە شـارێکیش هەیە، گـۆڤـاری بە ڕێکلام و بێ ڕێکلام و گۆڤاری تایبەت بەکۆمپانیایەک و گۆڤاری بازرگانیش هەن.

لەم سـاڵانەی دواییـدا، گـۆڤـارەکـان لە زۆر لایەنەوە گۆڕانی خێرایان بەخۆوە بینیوە، بابەتەکانیـان سنووردار بوونە و جـەمـاوەرەکـەش دیاریکراو، چونکە خـوێنەری هاوچەرخ زۆر سەرقاڵەوکاتی خوێندنەوەی بابەتی درێژی نییە و تەنیا ئەوبابەتانە هەڵدەبژێری کە مەبەستیەتی. بە پێـچـەوانەی گـۆڤـارەکـانی سـەدەی نۆزدەیەم و نیـوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، گۆڤاری هاوچەرخ پڕە لە وێنە و گـرافیـک و مـانشـێت و مـانشـێـتی لاوەکی و ڕێکلام و لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ. ئەمـڕۆ لە پیـشـەسـازی گـۆڤـاردا مـاددە و تەکنیکی هەرزانـبـەها بەکـاردەهێنرێت،بۆ نمونە کـاغـەزی تەنک و سـووک بەکـاردەهێنرێت، چونکە لەلایەکـەوە نرخـەکـەی کـەمـتـرە و لەلایەکی تریشـەوە، کێشەکەی کەمە بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی ئاسانترە.

### ١.٢.٣ ڕۆژنامە

فەرهەنگی وێبسـتـەر(١٤) ١٩٩٢ پێناسـەی ڕۆژنامە دەکـات بەجـۆرێک لە چاپەمـەنی کـە ڕۆژانە یان هەفـتـانە چاپ و بڵاودەکرێتەوە، دەربارەی دوا ڕووداوەکان هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوون و بیروڕای تێدایە.

هەرچەندە ئەم پێناسەیە پێدەچێ زۆر گشتگیربێ، بەڵام لەم چەند دێرە کەمەی فەرهەنگێکدا ناکرێ بەدرێژی باس

له کەناڵێکی میدیایی وەکو ڕۆژنامه بکرێ. ئەم پێناسەیه لەوانەیه هەندێ ڕوونکردنەوە هەڵبگرێ. ڕۆژنامه تەنیا لاپەڕەی چاپکراو نییه، بەڵکو بلاوکراوەیه، بلاوکراوەش نووسین و چاپکردن و دەستەبەرکردن لەخۆ دەگرێت. ڕۆژنامەش بەزۆری ڕۆژانەیه، بەڵام هەندێ جار هەفتانەیه یان شێوەی تریشی هەیه، گرینگ ئەوەیه بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و دەوری و لەکاتی دیاریکراودا دەربچێت، تازووش دەربچێت چاکتره، بەتایبەتی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە گواستنەوەی هەواڵ ئەوەندە خێرا بووە، لەوانەیه هەواڵی کاتژمێرێک پێش ئێستا بەکۆن دابنرێت. ڕۆژنامەش بەشێوەیەکی سەرەکی هەواڵ لەخۆ دەگرێت ئینجا ڕاوبۆچوون و وتار و زانیارییه گرنگەکانی تر.

جەی بلاک ۱۹۹۷ له ڕوانگەیەکی ترەوە باسی ڕۆژنامه دەکات، پێی وایه ڕۆژنامه ناوەندێکه پابەنده بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە. بەمانایەکی تر، هەر ڕۆژنامەیەک سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیه کە زیاتر لەوێ جەماوەری هەیه. هەروەها دەڵێ کەوا ڕۆژنامه هەواڵ و بەدواداچوون و تەعلیق و وتارو فوتۆ و ڕێکلام لەخۆدەگرێت و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵێکی تایبەتیش دەکات.

ئەم پێناسەیه سێ زانیاری تر دەخاته سەر پێناسەکەی تر. یەکەمیان ئەوەیه کەوا ڕۆژنامه تەرخان کراوە بۆ جوگرافیایەکی دیاریکراو و ئاراستەی کۆمەڵێک، یان ڕۆژنامه خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکات، چونکه خاوەنی ڕۆژنامه چ تاک بێت، کۆمپانیا، گرووپ، حیزب یان دەوڵەت بێت، بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیه. خاڵی سێیەمیش ئەوەیه ڕۆژنامه، بەتایبەتی ڕۆژنامەی هاوچەرخ، بەبێ ڕێکلام نابێت. ئەمڕۆ دەبینین زۆربەی ڕۆژنامەکان پڕن لە ڕێکلامی جۆراوجۆر، ڕێکلام بە یەکێک لە کۆڵەگە گرنگەکانی ڕۆژنامه دادەنرێت، چونکه سەرچاوەیەکی بەپێزە بۆ قەرەبووکردنەوەی تێچوونه زۆرەکانی ڕۆژنامه.

ڕاستە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەکان هەواڵیان تێدایه، بەڵام ئەمه ئەوە ناگەیەنێت کە مەبەستی سەرەکی دەرچوونی ڕۆژنامه بلاوکردنەوەی هەواڵ بێت. ڕۆژنامه زۆر شتی تریش، جگه لەهەواڵ، لەخۆ دەگرێت. لەگواستنەوەی هەواڵدا، ئەمڕۆ میدیای ئەلیکترۆنی تارادەیەک شوێنی ڕۆژنامەی گرتۆتەوە. پێشتر کەناڵی سەرەکی گواستنەوەی هەواڵ، ڕۆژنامه بوو، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی میدیای ئەلیکترۆنی ئەم کارە دەکات، ڕۆژنامه زیاتر گرنگی بە شیکردنەوە و بەدواداچوونی هەواڵ دەدات.

بۆ یەکەمین جار لەسەدەی حەڤدەیەمدا ڕۆژنامه لەئەوروپادا وەدەرکەوت. نموونه سەرەتاییەکانی ڕۆژنامه بۆ یەکەمین جار له ئەڵمانیا له ساڵی ۱۶۰۹ پەیدابوون. پاشان لەساڵی ۱۶۲۰ یەکەمین ڕۆژنامه له ئینگلستان پەیدابوو، (هانسن ۲۰۰۵) جەی بلاک پێی وایه ڕۆژنامه له ئەمریکا تارادەیەک لەپاش ئەوروپا پەیدابوو. لەوێدا ڕۆژنامه بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

ڕۆژنامه کۆلۆنیالیەکان، شۆڕشگێڕەکان، پارتیزانەکان...تاد.

دانووتا ڕی لەکتێبی «زمانی ڕۆژنامەوانی(۱۵)» ۱۹۹۸ ڕۆژنامەکان بەپێی قەبارەیان بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکات. ڕۆژنامه لاپەڕە گەورەکان وەکو Guardian, Times, Telegraph، ڕۆژنامه مامناوەندییەکان وەکو Express و Daily Mail، ڕۆژنامه تابلۆیدەکان وەکو Sun و Mirror و Star.

ڕۆژنامه، هەروەکو گۆڤار، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، له ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و کوالیتی و چەندایەتی. ئایەر(۱۶) ۲۰۰۵ پێی وایه کەوا پیشەسازی هەواڵ لەسەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری دراماتیکیانەی بەخۆوە بینیوە. ئەمڕۆ جگه له ڕۆژنامه خەڵک هەواڵ لەمیدیاکانی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ئاژانسەکانی هەواڵەوە وەردەگرێت. سەرهەڵدانی ئەم کەناڵانه بەزۆر شێوە کاریان کردۆتە سەر ڕۆژنامه. بۆ نموونه ڕۆژنامه ناتوانێ بەخێرایی ئەم کەناڵانە کورتەی هەواڵەکان بلاوبکاتەوە و زوو زووش نوێیان بکاتەوە، هەربۆیه لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکەم زۆربەی ڕۆژنامەکان ڤێرژنی ئەلیکترۆنیشیان لەسەر ڕایەڵەکانی ئینتەرنێتدا دەستەبەر کردووە.

۲- میدیای تیلیکۆمیونیکەیشن (Telecommunication Media) پاش ئەوەی بەتێرو تەسەلی باسی میدیای جەماوەری کرا، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی جۆرێکی تری میدیا بکەین ئەویش میدیای پێوەندیکردنە له دوورەوە. ئەم جۆرە میدیایه کە پێی دەگوترێ تێلیکۆمیونیکەیشن جۆرێکه له پێوەندیکردن له دوورەوە بە بەکارهێنانی هۆکارە ئەلیکترۆنیەکان کە بۆ ئەم مەبەستە دیزاین کراون.

هەروەکو لە فەرهەنگی وێبستەریش ١٩٩٢دا هاتووە ئەم جۆرە پێوەندیکردنە ناچێتە ژێر خانەی پێوەندیکردنی جەماوەرییەوە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی پێوەندیکردن بەهۆی ئامێرەکانی وەکو تیلیگراف وتەلەفۆن و... تاد. ئەنجام دەدرێت. لە ڕێگەی ئەم میدیایەوە لەلایەکەوە دوو کەسی زۆر لە یەک دوور دەتوانن پێوەندی بەیەکەوە بکەن و لەلایەکی تریشەوە تاک دەتوانی دەستی بگاتە زانیارییە دوور دەستەکان، چونکە ئەم میدیایە هەموو ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانی وەکو تەلەگراف و تیلیتایپ و ڕادیۆو ڕادار و سەتەلایەتیش دەگرێتەوە. ئەم چەمکە هێندی جار ئەوەندە فراوان دەبێ هەموو میدیا. ئەلیکترۆنیەکان دەگرێتەخۆ و زۆرجاریش تێکەڵبوون و ئاڵۆزی دروست دەکات بەتایبەتی لەگەڵ میدیای جەماوەری، بەڵام خاڵی جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە تیلیکۆمیونیکەیشن تەنیا میدیا دوورەکان دەگرێتەوە، بەمانایەکی تر، جیاوازییەکە لە دوورییە نەک لە کەناڵەکان. ئەمڕۆ لەکۆمەڵگا زانیارییەکانی وەکو ئەوروپا و ئەمریکا خەڵک کۆنتاکی بەردەوامیان لەگەڵ ئەم جۆرە میدیایەدا هەیە و لە پەروەردە و فێرکردن و کات بەسەربردن و بازرگانیش بەکاری دەهێنن.

### ٣- میدیای کەسی

لە میدیای کەسی، یان تاکەکەسی (Personal) تاکەکان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر هۆکارەکانی پێوەندیکردندا هەیە. جەی بلاک ١٩٩٧ پێی وایە کە ئەم جۆرە میدیایە بۆ ژیانی مۆدێرن زۆر پێویستە، چونکە مرۆڤی مۆدێرن زۆر حەزی لە ژیانی تایبەتمەند هەیە و حەزی لێیە خۆی کۆنترۆڵی شتەکانی بەدەستەوە بێ و تەحەکومیان پێ بکات. مرۆڤی هاوچەرخ زۆر کۆمەڵایەتی نییە و حەز بەتێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دەوروبەری ناکات، لەکاتەکانی پشوو و فەراغیشدا بەکارهێنانی میدیای کەسی چاکترین هاوڕێیە. میدیای کەسی ڤیدیۆ و سی دی و دی ڤی دی و VCR و کۆمپیوتەر و کامکۆرد و کامیراو....تاد دەگرێتەوە.

هەرسێ جۆرەکەی میدیا- جەماوەری و تیلیکۆمیونیکەیشن و کەسی- کە لەم باسەدا تاوتوکران لەهەندێ ڕووەوە لەیەک دەچن و لەهەندێ ڕووی تریش جیاوازن. لەلایەکەوە میدیای کەسی هەروەکو جەماوەری و تیلیکۆمیونیکەیشن تەکنولۆژیای نوێ بەکاردێنێت، لەلایەکی ترەوە لە هەردووکیان جیایە بەوەی کەوا بەکارهێنەری میدیای کەسی کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر کەناڵەکاندا هەیە. تێکەڵبوونێکیش لەنێوان میدیای جەماوەری و میدیای تیلیکۆمیونیکەیشن هەیە لەوەدا کە هەردووکیان زۆربەی کەناڵەکانیان هاوبەشە، بەڵام دەکرێ بەوە جیابکرێنەوە کە هی دووەمیان تەنیا پێوەندییە دوور دەستەکان دەگرێتەوە و زۆربەی کاتیش تەنیا یەک کەس، یان دووکەس تێیدا بەشدارن.

**سەرچاوەکان:**


**1- Dominick, J.R. (1999). The Dynamics of Mass Communication. (6th Ed.). Boston: McGraw-Hill.**

**٢- مەغدید سەپان (٢٠٠٥). ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.**

**3- Black, J., Bryant, J. and Thompson, S. (1997). Introduction to Media Comunication. (5th Ed.). Boston: Mc Graw-Hill.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٦- بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی یەکەم.**

**7- Escott, John. (2007). The Cinema. Oxford: Oxford University Press.**

**٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**9- Hanson, R. E. (2005). Mass Communication: Living in a Media World. Boston: Mc Graw- Hill Higher Education.**

**10- Algindi, I. and Youssef, E.A. (2001). Introduction to mass Communication. Cairo: Cairo University.**

**11- Oxford Word Power. (2004). Oxford University Press.**

**١٢- بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی ژمارە (١١).**

**١٣- سەرچاوەی ژمارە (٩).**

**14- New Webster’s Dictionary and The saurus of English language. New York: Lexicon Publications.**

**15- Reah, D. (1998) The language of Newspaper. London: Routledge.**

**16- Aiyer, B. (2005). Digital News room.**

# هۆزانی سلەسلە (سلسلە)ی ئالشتەری لوڕستان

لە فارسییەوە: عەباس سلێمان سمایل

## پێشەکی

هەرێمی لوڕستـــان ڕووبەری دەوروبەری ٢/ ٣ ٢٨٨٠ کم چوارگۆشەی لە ڕۆژئاوای ئێران گرتۆتەوە.

ئوستـانی لوڕستـان لە باکـوور دەگـاتە ئوستـانەکـانی مەرکەزی و هەمەدان، لە باشوور ئوستانی خورستانە و لە ڕۆژهەڵاتیش ئیسفەهان و ئیلام و کرمانشانیش کەوتۆتە خۆرئاوای و لە ڕووی دەریاشەوە (١٢٠٠)م بڵندە.

بەرزترین شـوێن لەم ناوچەیەدا (ئشنتـران کـوه)ە کـە بڵندی لە ڕووی دەریاوە (٤٠٥٠) م و نزمترین شوێنیش لە هەرەباشـــووری ئوســـتـــان هەڵکەوتووە، دەوروبەری (٥٠٠)م بڵندە.

دانیـشــتـوانی لوڕسـتـان لە سـاڵی ١٣٦٥ی هەتاوی ١٣٦٧/٠٢٩ کەس بوو کە بریتی بوون لە ٢٤٢/٤٤٦ خێزان، ئەمڕۆکەش خـاوەنی (٣) شـار و (١٦) قـەزا و (١٠) ناحییە و (٥٨) شارۆچکەیە.

## ئاشنابوون بە سەرجەم ناوچەی ئالشتەر

ئالشـتـەر لە بەخـشـە گـەورەکـانە، هەمـیـشـە سـەوزە و ئاووهەوای خۆش و بەرهەمی زۆرە و لە باکووری لوڕستان هەڵکەوتووە و ناوەندەکەی قـەڵای موزەفەرە، کـە ٥٠ کم لە خورەم ئابادەوە دوورە.

فراوانی ڕووبەری زەوییەکەی ٣٠٠٠ کم چوارگۆشەیە، ئالشـتـەر لە باکـووری چیـاکـانی گـروون، کـوسـرخـەو دەبیندرێت، لە ڕۆژهەڵات بەخـشی چغلەوەندی، چهـار شاخ و چیای شتر مەل، لە خواروو سفیدکوه و کوهریمله و لە ڕۆژئاوا دلفان سنووربەتی.

بەشی ئالشـتـەر لە مـانگی مهرماوە (١٣٦٥) خـاوەنی

١٤٢٧٤ كـەس و ٢٤٩٢ خـێـزان بووە، ئسـتـەخـری مـێـژوونـووس ئالشـتـەری بەلاشـتـر ناوهێناوە و نووسیویەتی: «لە نەهاوەند تا لاشتر ١٠ فرسەنگە، لە لاشتر تاشاپوور خواسێن (١٢) فرسەنگە».

لە کتێبی کارنامەی ئەردەشێر بابەکان، کە محەمەد جـەواد مـەشکور لە پەهلەوی گـۆڕیویەتی بۆ فـارسی دەڵێت: ئالشـتـەر بەشـتـر و بە واتای شـار هاتووە، حەمەدوڵڵا مسـتـۆفی دەڵێت: ئالشـتـەر شارێکی مام ناوەندی و شـوێن نزمـە، ئاتەشکەدەیەکی بەناوی (ئەروخش) تێـدابووە و بەرانبـەر ئەوە لە ڕووی واتاوە هاوبەشی لە نێوان ئالشتەر و شترۆ هەیە و واتای (شار) دەگـەیەنێت و ئاتەشکەدەی زەردەشـتی تێـدایە. ئاووهەوایەکی خۆشی هەیە کشتوکاڵی زۆری لێدەکرێت.

## هۆزانی سلەسلە (سلسلە)

هۆزانی سلەسلە لە خـێڵـێک و دووتیـرەی سـەربەخـۆ پێک دێن.

### أ- خێڵی حسنەوەند:

لە ڕووی ناولێنانی و ڕیشـەی مـێـژوویی خـێـڵی حسنەوەند کـە بە حسنەوەند خـودایش دەناسـرێت و لە گرنگترین و بەناوبانگترین هۆزانی لوڕستانە و لە قەزای ئالشـتـەر جیێوران. بە قسـەی تۆژەری لۆڕسـتـانی ئاغـای مشای خوسرەی، لە سەردەمی هێرشی نادرشای ئەفشار بۆ خۆرئاوای ئێران و جەنگ کردن دژی عوسمانییەکان بە یارمـەتی عـوسـمـان پاشـای ئازا و دلێـر کـە خـەڵکی پشـتـکوە (ئیـلامی ئەمـرۆ) بووە، سـەرکـەوتنی وەدەست هێناوە، جـا نادرشـا لە چاکـەی ئەو یارمـەتـیـیـە و پاس کـردنی وڵات، ناوچەی دلفـان و ئالشـتـەری بەم هۆزە بەخشی و ئەوانیش حکوومـەتی ناوەخۆیان لە ئالشـتـەر دامەزراند.

ئیـتر سلسلە لێرەوە حکوومەتی خۆجێیەتی پێکهێنا و بە درێژایی ڕۆژگـار ناوچەی دەوروبەری کـە دەشـتی ئالشـتـەر دەگـرێتـەوە بووە بە بەشـێک لەم حکوومـەتە و دواتر ئەم حکوومەتە بە ئالشتەر و سلەسلە ناوی دێت.

سل سل خاوەنی سێ کوڕە بە ناوی حەسەن، یووسف و قـەیاس. ئەمـانەش ئەژدادی هۆزانی حـسنەوەندن، یووسفـەوەند و قـەیاسـەوەندن. بەر لەوەی سلسل کـۆچی دوایی بکات، لەلای کـوڕەکانی حەسـەن و یووسف بووە، کـەچی قـەیاس لە نەهاوەند بووە، بۆیە هەمـوو مـوڵک و سـەروەت و سـامـان بەسـەر حـەسـەن و یووسف دابەش دەکـرێت، حـەسـەن ناوچەی ئالشـتـەر و یووسف ناوچەی خـاوەنی بەرکـەوت. ناوی هۆزی حـسنەوەند لە ناوی باپیرەیان حەسەنی کوڕی سل سل هاتووە و بە حسنەوەند دەناسرێن.

دکتۆر هنری فیلد دەڵێت: ئەم هۆزە گەورە دەشت نشینە بەرەبەرە زۆر دەبن تا لە سـاڵی (١٩١٢)ز ژمـارەیان بە سێ هەزار خێـزان دەخەمـڵـێنرا. خـێڵی حسنەوەند لە ڕابردوو ژمارەیەکی زۆریان لە سواران و کارگەران هەبووە و هەمـیـشـە فـەرمانڕەوایانیـان لە جـەنگ دابووینە دژی هۆزی پیـرەوەند و کـەرخی جـەنگاوەرانیـان دیاربووە دژی ئەم هۆزە. لە جەنگی یەکەمی جیهـانی ١٩١٤- ١٩١٨ ز کـە بیـانیـان هێـرشی کـردە سـەر ئیـران، هەرچەندە حکوومـەتی ئێـران بێ لایەن بـووە، کـەچی بیـانیـان چەند ناوچەیەکی ئێرانیـان داگیرکرد و بە بەردەوامی کەوتنە بەر پەلاماری خێڵی حسنەوەند کە یەکەمین کەسانێک بووینە داوای هێـزیان لە دەوڵـەتی ناوەند کـردووە بۆ پاسـەوانی وڵات و ژمـارەیەکـیـشـیـان گـیـانگۆری (شـەهیـد) بوون و بەخوێنیان سنووری ئێرانیان ڕەنگین کرد.

فریا ئستارک دەنووسێت و دەڵێت: سلەسلە تایفەیەکی پاکی حـسنەوەندە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٧-١٩٣١ ز (٢٠ر٠٠٠) جەنگاوەریان هەبووە.

(١) ژمارەیان:

ژمارەی خێڵی حسنەوەند لە ساڵی ١٢٩١ هەتاوی و ساڵانی دواتر بەم جۆرە هاتووە:

سر ئارنولد ویلسن ١٢٩١ ٣٠٠٠ خانەوادە

دکتۆر مەسعوود کەیهان ١٣١١ ٥٠٠٠ خانەوادە

جوغرافیای ئەرتەش ١٣٢٩ ٨٩٠٠ خانەوادە

ئەکبەر دەهخودا ١٣٣٤ ٥٠٠٠

کمیسیون ملی یونکو ١٣٤٢ ١٥٠٠

یووسف مەجید زادە ١٣٤٣ ---ر٣٠ کەس

غولام موحسین مساحب ١٣٤٥ ٩ر٠٠٠ کەس

شێخ محـەمـەد مـەردۆخ کـوردستـانی ١٣٥١ ٥٠٠٠ خانەوادە

بنکـەی سـەرژمـێـری ئێـران ١٣٦٤ ٩٥٧ خـانەوادەی کۆچەر

بنکـەی سـەرژمـێـری ئێـران ١٣٦٦ .... خـانەوادەی کۆچەر

**(٢) گەرمیان و کوێستان:**

گەرمیانی هۆزانی حسنەوەند و زۆربەی تایفەکانی سلەلسە، ناوچەی مەلاوی و حسوسەنییەیە، ئەوانە پەراگەندەی گەرووی مەلاوی و دەوروبەری پل دوختەر، دەشت جایدر، تەنگ فننی، دامێنی باکووری کوهـ کور و نزیک بیدروبە و پل زالنینر دەبن و جێگر دەبن و لە پایز تا بەهار لەم ناوچانە بەسەردەبەن، ماوەی چوون و گەڕانەوەیان دەوروبەری (٤٤٠) کیلۆمەترە و (٢٥) ڕۆژیش دەخایەنێت لە کوێستان بۆ گەرمیان و لە سەرەتای مانگی میهر دەست پێدەکەن، ڕێکەوتی گەڕانەوەشیان مانگی ئۆردیبهەشتە. کوێستانی ئەم هۆزە باکووری ئالشتەرە، کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕووباری کەمان هەڵکەوتووە، سەرباری ناوچەی گەرمیانی باسکراو، کە لە هاوینان لە پاوانەکانی ئالشتەر بەسەر دەبەن بریتییە لەمانە: زیریان، چیم تکلە، میرلە و قلایی و سوودیان لێ وەردەگرن.

**(٣) یاسای کۆمەڵایەتی و سیاسی:**

یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەنێو هۆزی حسنەوەند لەسەر بنەمای خزمایەتی دامەزراوە، بەهۆی ئەوەی سەرجەمی ئەم هۆزە لە نەژادی باوکێک بەپاش کەوتوونە.

باپیرە گەورەی هۆزی حسنەوەند پیاوێک بوو بەناوی (خودایی)، کە لە دوو هاوسەران خاوەنی ٢٤ منداڵ بوو و ئیتر تایفەکان و تیرەکانی هۆزی حسنەوەند لە ڕەسەنی ئەو کابرایەن، ئەم هۆزەی خاوەنی زەوی و زارێکی زۆرە و هەمیشە پێوەندی باشیان هەبووە لەگەڵ فەرمانڕەوایان و ئەو خان و کێخوایانەی لە ڕەسەنی فەرخ جان و کوڕەکەی محەمەد جانن.

هەروەها ئافرەتی لوڕ پلەوپایەیەکی بەرزی لەنێو هۆزەکانی لوڕ و خان و میر و گەورە و سەردارانی تایفەکان هەیە. ئەگەر دایک ناوبانگی هەبوو، ئەوە نەوەکانی بەناوی ئەوەوە ناو دەردەکەن لەوانە: خاناتی فەرخ جان و تایفەی جان سوڵتان (سەرجەم تایفەکانی خەمسەو بسوم) دەگرێتەوە، بە پێی ئەو یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەی لەنێو ئەم هۆزەدا هەیە، هۆزەکەیان بەم جۆرە لق و پۆپی لێدەبێتەوە:

هۆز ـــ ئێل(خێڵ)ـــ قسمەت ـــ تایفە ـــ تیرە ـــ بوودە (دودمان) ـــ خانوار.

حسنەوەند لەم تایفانەی خوارەوە پێکدێت:

١- تایفەی کاکەوەند: ئەم تایفەیە لە (٢٤) تیرە بەم ناوانە پێکهاتووە! مورادجان، میرزاجان، ئیبراهیم جان، محەمەدجان، ئەمان جان، دیتنەوەند، پولاد، زیودار (زیار)، ئوڕەزا، ڕووسی، سالار، قل نرەشی، بوە، مەنزمی، مەلەکی، ڕەحمەت، سادقی، ئەتابەگ، سیاهپۆشی، نورلاهی، فەرەج لاهی، نەسر لاهی، فەتح لاهی و زیکر لاهییە.

٢- تایفەی دەوڵەتشایان، یان دەوڵەت شاهی، کە لەم تیرانە پێکهاتووە: پەشم، ڕەحمان شە، کول (کوتاهـ)، پەهلەوان قولی.

٣- تایفەی خەمسە: تیرەکانی تایفەی خەمسە (ئەولاد ئەسکەندەر) لەمانە پێک هاتووە:

تیرەی میمی، خاوەنی سێ کوڕە بە ناوی حوسێن، ئەحمەد، سەید نەزەر، تیرەی توخن کە خاوەنی چوار منداڵە بەم ناوانە: مشل، گردل، نوم خودا، چوچل.

تیرەی زهووی (زهایی) سێ منداڵی بەم ناوانە هەیە: وەشن، حەمەدبەگ...؟

تیرەی گرزین خاوەنی ئەم منداڵانەیە بەم ناوانە گرزین، گنجی، تیرەی بابا حوسێن.

٤- تایفەی بسوم/ تایفەی بسوم یا بەستام لە دوو تیرە پێکهاتووە کە هەریەکەیان لە تیرەی گچکەتر پێکهاتووە.

تیرەی چراغ بەگ شەش کوڕی هەیە بەم ناوانە:
زرین، ئیمرایی، ئیناخ، کورد، ئاهنگر،
تیرەی یووسف بەگ/ نەوەی ئەم منداڵانە دەگرێتەوە:
دمدار، ئمرایی، بختوک، خوسرەوبەگ، بوە، گول حوسێنی، سمایلوەند، حاجی هومنی، پس بەگ.

ئیتر بەهێزی دەوڵەتی ناوەندی لە لوڕستان لە ساڵی (١٢٧٥) هەتاوی بەتایبەتی (دوای کوژرانی ناسرەدین شا) بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و ناسەقامگیری، بەجۆرێک سەرتاسەری ناوچەکە گرتەوە، ئیتر هۆزانی ناوچەکەی سەربەخۆ بوون و پارێزگاری و بەرگریان لە ماڵ و ئابرووی هۆزەکەیان دەکرد.

دواتر پشێوی و ڕاکێش و بکێشی دەوڵەتی ناوەندی بووە هۆی بەهێزی پێوەندی نێوان ئەندامەکانی هۆزی حسنەوەند و بەهێزی نیزامی سیاسی و خێڵایەتی ئەم هۆزە، لە ئەنجامدا هۆزی حسنەوەند بە سەربەستی دەژیان.

**گرنگترین ئەرکەکانی ڕابەرانی هۆزەکە ئەمانەن**

- پارێزگاری و بەرگری سەروەت و سامانی هۆز کە بریتییە لە مێرگ و پاوان، زەوی و زار، کشتوکاڵ، ئاودێری، سەربەخۆیی هۆز و ئاژەڵەکانیان

- بەرگری کردن لە ئابڕۆی ئەندامانی هۆزەکە لە هەر پەلامارێکی بیانیان.

- جێگیر بوونی یاسای ناوەخۆ.

- چارەکردنی گیروگرفتەکانی هۆز.

- ڕێکخستنی بەرنامەکانی کۆچکردنی ساڵانە و کاروانەکانی کە بۆ کڕین و فرۆشتن دەچنە شارەکان.

- یارمەتیدانی ئەندامانی هۆز بەتایبەتی لە ژن هێنان و پرسە و شتی دیکە.

یاسای کۆمەڵایەتی- سیاسی هۆزی حسنەوەند ماوەی نیو سەدە درێژەی کێشا بەم جۆرەیە: سەرجەم هۆزەکانی وڵات تووشی گۆڕان و وەرچەرخان بوون.

ئیتر بە کۆتایی هاتنی زنجیرەی قاجاری گۆڕان دەستی پێکرد و سەرەتا لەسەرخۆ بوو، دواتر دەوڵەتی ناوەندی ڕاستەوخۆ دەستی خستە نێو کاروباری هۆزەکانی ناوچەکە، پەیتاپەیتا دەسەڵاتی حکومەت لە ناوچەکە بەهێز بوو.

٥- ئابووری هۆزی حسنەوەند:

هۆزی حسنەوەند وەک هۆزانی دیکەی لوڕستان بە بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ کردنەوە ژیانیان دەبەنە سەر، مەڕوماڵاتەکانیشیان بریتییە لە مەڕ، بزن، گا، گامێش، ئەسپ و هێستر و ڕەشەوڵاخ.

ژمارەی مەڕوماڵاتی ئەم هۆزە لە ساڵی (١٣٦٦)ی خورشیدی بەم جۆرە بووە:

٣٧٠ر٨٩ مەڕوبەران، ٢٨٩٢٩ گاوگۆلک، ١٨٤٢ گامێش و ٢٩٥ هێستر و ١٦٨٤ گوێدرێژ.

جا ئەم هۆزە سەرەڕای بەخێوکردنی مەڕوماڵات خەریکی کشتوکاڵکردنیشن و زۆر جۆر دانەوێڵە دەچێنن وەک گەنمی ئاوی و دێمی، جۆ، نۆک، دەرە، نیسک و لۆبیا، هەروەها ڕووەکی پیشەسازی دەچێنن، وەک پەمۆ، چەوەندەر و قامیش شەکر، لە ناوچەکە میوەجاتی وەک زەردەڵوو، گێلاس و هی دیکەش دەچێندرێت. بێستانی شفتی و گندۆرەش لە هەموو ناوچەکە دەچێندرێت.

کاروپیشەی دەستی هۆزەکە دروست کردنی کورتان و چنینی بەڕەیە بەهۆی سادە و ساکاری و کەم مەسرەفی.

ب- تایفەی کولیوەند:

هۆزی کولیوەند:

هۆزی کولیوەند لە ڕووی ناوەندەوە هۆزێکی سەربەخۆیی هەیە و لە ناوچەی ئالشتەر نیشتەجێنە لە ڕێگای ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردنەوە بەڕێوەدەچن.

هۆزی کولیوەند لە دوو لق پێکهاتووە، یەکێکیان لە ناوچەی سلەسلە و ئەوی دیکەش لەسمیرە نیشتەجێن، هەریەک لەوانەش لە چەند تیرە پێک هاتووە.

١- کولیوەندی نیشتەجێ سلەسلەیە و تیرەکانی ئەو لقە پێکهاتووە لە: فرخشە، تالو، سلوشە، کورز، شێراند، هوویل، بماشە، نور محەمەدخان مردۆخ.

٢- کولیوەندی نیشتەجێی سمیرە، ئەو لقە بریتییە لەم تیرانە: مەهدی، کەرەم شە، هواس، سرخەمیری، میر ئاخوی، دادمرواری، چهار توخمە، پیرانی، حەسەن، گاویاری، کەلهویە. ژمارەی ئەم بەشە لە ساڵی ١٣٤٢ ١٢٠٠ خێزان بووە، لە ساڵی ١٣٥١ (١٥٠٠=٣) لە ساڵی ١٣٦٤ (١٦٠) خێزانی کۆچکەر بووە و لە ساڵی ١٣٦٦ (١٢٦) خێزانی کۆچکەر بووە.

ج- تایفەی سەربەخۆی یووسفەوەند:

هۆزی یووسفەوەند لە ڕووی ئاماری ناوەندی ئێران بە تایفەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت، خەڵکانی زەحمەتکێش و پڕ بیروباوەڕن و لە ڕێگەی کشتوکاڵکردن و مەڕداری بەڕێوە دەچن، ئەو هۆزە لە ڕابردوودا بەهۆی ئەوەی هێرش کرایە سەریان، ژمارەیەکیان بە ناچاری ناوچەکەیان بەجێ هێشت و چوونە نەهاوەندی کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بوون، بەڵام دوای ئەوەی ئارامی گەڕایەوە، ناوچەکەیان بەجێ هێشت و چوونە نەهاوەندی کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بوون، کەچی دوای ئەوەی ئارامی گەڕایەوە ناوچەکەیان، زۆربەیان کە هاتنەوە خاکی باب و باپیریان و ژمارەیەکی کەمیان نەبێت لە نەهاوەند مانەوە.

تیرەکانی ئەم تایفەیە بریتییە لە چهار توخمە، حەق نەدەر، پیرکە، کوموند، کورد، کبرە کچ، کرەجان، وەیسی، جان جان، ترکاشوند.

ژمارەی ئەو تایفەیە لە ساڵی (١٤٣٢) خورشیدی (٩٠٠) خێزان بووە و لە ساڵی ١٣٥١ خورشیدی (٥٠٠) خێزان و لە ساڵی ١٣٦٤ خورشیدی (٩١٠٧ خێزانیان کۆچەر بووینە و لە ساڵی ١٣٦٦، (١٤٩) خێزانیا کۆچەر بووینە.

د- کورتەیەک لە دابونەریتی سلەسلە هۆزی سلەسلە

بەگشتی قانع و میوانپەروەر و ئازا و دلێرن، بەشێوەیەکی گشتی جووتیار و بەهێز و سوارچاکن.

هۆزی سلەسلە لورن، (لوران)یش لە نەژادی (ئاری) بووینە. کە لە مێژوودا بە ناوی کاسیان ناویان هاتووە و لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین لە لورستان و پشتکۆ (ئیلامی ئەمرۆ)، لور وەک سەرجەم گەلان تێکەڵاوی ماد و پارس و گەلانی دیکەی ئێران بووینە.

هۆزانی ئالشەر بە زمانی لەکی قسە دەکەن، ئەو زمانە لەمیان زمانی لوڕی و زمانی کوردیدایە، زمانیان زیاتر بە زمانی دانیشتووانی کرماشان دەچێت.

هەبوونی کوێستان لە ناوچەکە و دەمارگیری توندی ئەم هۆزە دژبەبیانیان بووەتە پەرژینێک لە بەرپەچدانەوەی وشەی بێگانە بۆ نێو ئەم زمانە، هەروەها ئەم زمانە نزیکە لە زمانی پەهلەوی لەبەر ئەوەی وشەیەکی زۆری پەهلەوی لە زمانی ئەم هۆزە دەبیندرێت و بەبێ هیچ گۆڕان و گەردان بوونێک وەکو خۆیان لە زمانی ئەمڕۆی سلسلە دەبیندرێت.

**تێبینی:**

حکوومەتی ئێران هەر لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی تاکو ئەمڕۆ تەنیا خاکی ئوستانی سنەی بە فەرمی بە کوردستان دادەنێت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، جا بەهۆی ئەوەوە ناوی لێناوە ئوستانی کوردستان، کەچی ئوستانی سنە و هەمەدان و ئیلام و خوڕەم ئاباد سەر بە کرمانشان بوون، حکومەتی ئێران ئەم ئوستانەی کردە پێنج ئوستان بەمەبەستی پارچە پارچەکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان و لێک جیاکردنەوەی لەک و لوڕ و کەلهوڕ و گۆران لە یەکتری و دانەنانی لەک و لوڕ و کەلهوڕ بە کورد، نەوەک کوردێکی هەولێر زۆر بە ئاسانی لەگەڵ کوردێکی هەر پێنج ئوستانی ناوبراو لێک تێدەگەن، هۆزی سلسلەی ئاشتەری لوڕستانیش کە بە لەکی دەدوێن، ئەمەش زاراوەیەکی کوردییە و (لەک)یش خۆیان بە کورد دادەنێن، مەگەر لەکێک پیاوی حکوومەتی ئێران بێت.

**سەرچاوە:**

**مقالات ایرانشناسی/ ابرج افشار سیستانی، تهران، ۱٦۳۹، خورشیدی.**

# جنۆكە لە كولتوور و باوەڕی میللیدا

محەمەد سلێمان عەباس

جنۆكــە بوونەوەرێكی نادیار و مــیــتــافــیــزیكی و ئەفسانەییە، وا ئەندێشە دەكرێت كە لە شێوەی مرۆڤدا بێت، بەڵام نابینرێت. هەندێک وای بۆ دەچن، شێوەیەكی ناشیرین و تۆقێنەری هەبێت.

جنۆكە ڕۆڵێكی دیار و بەرچاوی هەیە لەنێو كولتووری مـیللیـدا و زۆربەی مـیللەتە كـۆن و بەراییـەكـان، دەیان حیكایەت و ئەفسانەیان هەیە دەربارەی ژیان و پێوەندی جنۆكە بە مرۆڤەوە.

لە هەندێک كولتووردا پێیان وایە جنۆكە شاخی هەیە و كەڵبەكانی تیژ و گەورەن و دەمی پان و گەورەیە باڵایەكی بچــووكی هەیە و توانای خـۆگـۆڕینیــان، بۆ شـێــوەی جـۆراوجـۆر هەیە و كـاروكـردەوەی خـراپ ئەنجـام دەدەن و دەتوانن مرۆڤ بڕفێنن و بیگۆڕن.

زۆربەی گەل و میللەتان باوەڕی جۆراوجۆریان سەبارەت بە چۆنیـــەتی دەركـــەوتنی جنۆكـــە و چۆنیـــەتی خـۆنیــشــاندانیــان، ســەرباری ئەو كـردەوانەی لێــیــان دەوەشێـتەوە خـواردنیـان، شێوەی ژیانیـان هەیە. بۆیە تا ڕادەیەكی زۆر جنۆكە لە باوەڕ و گۆرانی فۆلكلۆری ڕەنگی داوەتەوە بۆتە بـابەتی ســـەرەكی زۆربەی حــیـكـایـەتە مـیللیـەكـان. بە پێی بـاوەڕی مـرۆڤی كـۆن، جنۆكـەكـان جیهانی تایبەت و دابونەریت و كولتووری تایبەتی خۆیان هەیە و لە هەندێک حاڵەتدا پێوەندی بە مرۆڤەوە دەكەن.

لە باوەڕی مــیللی هەندێک گــەلدا، جنۆكــە چاک و خراپ، باوەڕدار و بێباوەڕیان هەیە، بەوپەڕی خێراییەوە لە شـوێنێكەوە دەگـەنە شـوێنێكی دیكە و بۆ خـۆپاراستن لێــیــان هەندێک كـاری تایبــەتی هەیە پێـویست دەكـات نەكـرێـن و هەندێک نزای تایبـەت دەخـوێندرێن، یەكـێک لەم باوەڕانە بریتییە لەوەی كە جنۆكە دەچنە لەشی مرۆڤە باوەڕدارەكـانەوە و كـەسـێكی تایبــەتی بە كـۆمـەڵێک سرووتی تایبەتەوە دەریان دێنێت.

ئەم جۆرە باوەڕە خورافیانەش لەناو تەواوی میللەتاندا هەبووە و ئەم باوەڕانەش لە کۆنترین سەردەمەکان و لەناو گەل و هۆزەکانی مرۆڤی سەرەتاییدا پێکهاتووە و بەداخەوە هێشتا هەر بەردەوامە و هەیە.

کاتێک مرۆڤی کۆن لە تاریکیدا ترس دایدەگرێ و شتی وەهمی بەشێوەی جۆراوجۆر هێرشی بۆ دێن و بەهێزی ئەندێشە نەیتوانیوە تاریکی و تەمی شتە نەناسراوەکان ڕوون بکاتەوە، بەناچاری تووشی گومان و وەهم بووە.

باوەڕبوون بە بوونی جنۆکە و بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئەم جۆرە وەهم و خورافیاتانەی دوور لە لۆژیکی عەقڵ، لەناو گەل و هۆزە کۆنەکاندا جێگای سەرسوڕمان نییە، چونکە ساویلکەیی و شێوەی بیرکردنەوەی میللەتە سەرەتاییەکان سەبارەت بە دیاردەکانی دەوروبەر و ژینگە ئەمەی خوڵقاندووە.

تەنانەت فەیلەسووفە گەورەکانی گریکیش بەو فیکرە بەرزەی کە لە بواری سروشت و هۆی ڕووداوەکانی ژیاندا هەیانبووە، نەیانتوانیوە بیروباوەڕی میللەتی خۆیان لەبەرچاو نەگرن و لە ئەفسانە و دابونەریتە گریکییەکاندا بەشدار نەبن.

دیدوبۆچوونی مرۆڤی کۆن لە مەڕ چەمکی جنۆکە نزیکە لە بۆچوونی ئەو مرۆڤە بەرانبەر ئاژەڵ و گیاندارەکان و هەندێک سیما و هێزی بۆ زیاد کردووە.

هەمیشە لە چیرۆکە کۆنەکاندا باسی جنۆکە و دێو و درنج و عفریت کراوە، کە ئەمانە بریتین لە چەند وشەیەک یان ناونانێکی وەهمی، واتە جنۆکە ئەو ناونراوە خەیاڵی و ئەفسانەییەیە کە بوونیان نییە و نەبووە، مەگەر لە سەردەمە تاریکەکان و لە حیکایەتی پاڵ ئاگردانی سەردەمی کۆندا.

جیهانی جنۆکان هەروەک لە حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکان وێناکراوە، جیهانێکی سەیروسەمەرە و خەیاڵی و ئەفسووناوییە، حیکایەتەکیش بەندە بەو پێوەندییەی کە لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا هەیە و لەم شێوازانەدا دەردەکەوێت: جنۆکە یارمەتی مرۆڤ دەدات، جنۆکە ئازاری مرۆڤ دەدات، گۆڕینەوەی مرۆڤێک بە جنۆکەیەک، سەردانی مرۆڤێک بۆ جیهانی جنۆکان.

### جنۆکە لە باوەڕ و فۆلکلۆری کوردیدا

لە کولتووری کوردیدا، بە جنۆکە دەگوترێت (پەری) و چەمکی وشە جنۆکە لە (جن)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و پاشگری بچووککردنەوەی خراوەتە سەر، لەبەرئەوەی لە کولتووری کوردیدا وەک کولتووری زۆربەی گەلان (پەری) بە بچووک دانراون.

(جن)یش لە زمانی عەرەبیدا واتە «نەبینراو» بەو ناوە ناونراوە، لەبەرئەوەی نابینرێت و مرۆڤ خۆی لێ دەپارێزێت و (جان)یش بە مانای (مار) دێت.

عەلی شووک دەڵێت: (جینۆس) خوایەکە پەنای خەڵکی دەدات و کاروفرمانی مرۆڤەکان دەپارێزێت، لەلایەکی دیکەوە وشەی (زەن-Zahn)ی ئاڤێستایی و (ژن-Jen)ی کوردی نزیکە لە جینۆس و (جنس)ەوە نزیکە لە (جینۆ-جن)ەوە، کەواتە (جنس) و ژن و جنۆکە بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، پێدەچێت هەر لە مەشەوە بێت بە جوان هێمایان بۆ کرابێت و هەر لەبەرئەوەش وشەی (پەری) کرابێتە هێمای جوانی.

بەپێی باوەڕی میللی کوردەواری جنۆکە ئاگرێکە و دووکەڵی نییە، جێگەیان چۆڵەوانی و گۆڕستان و شوێنی تاریک و دارستان و جەنگەڵ و بێستانەکانە و شێوەیان بگۆڕە و زۆربەیان خراپەکارن، هەروەها دەرکەوتنی جنۆکەکان پێوەند کراوە بە تاریکایی و چۆڵەوانی وێرانگە و کاتی شەوەوە، هەندێک جار گوایە لە حەمام و ئاش و ژێرخاندا بینراون.

لەم بارەیەوە، (تۆمابوا) دەڵێ: ئاشووری و کورد و ئێزدیەکانیش بڕوایان بە جنۆکە هەیە، لای ئەوان جنۆکەی خێر و جنۆکەی شەڕ هەیە، واتە هەموو نەتەوەکانی کە باوەڕیان بە ئایینێک هەیە، باوەڕیشیان بە جنۆکە هەیە.

لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا جگە لەو حیکایەتانەی سەبارەت بە جنۆکە هەن، چەندین دیدوبۆچوونی ئەفسانەیی و خورافی و باوەڕی میللی سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری جنۆکە هەیە:

* ئەگەر منداڵێک تازە لەدایک ببێت سووژنێک یان دەرزییەک لە یەخەی دەدرێت ئەوە دەبێتە مایەی پاراستنی ئەو منداڵە لە شەوە و جنۆکە؟. چونکە گوایە جنۆکە لە شتی تیژی وەک سوژن و دەرزی دەترسن و ناوێرن تخوونی منداڵەکە بکەون.

* لە کوردەواریدا خەڵکی زەنگیان دژی (شەوە، جنۆکە) بە پەتێکەوە دەبەست هەر لە شەوەوە تا ڕۆژ دەبۆوە زەنگیان لێدەدا و ئێشکیان بۆ ئەو ژنە دەگرت، کە تازە زابێ، بۆ ئەوەی شەوە یان جنۆکە تخوونی ئەو ژن و منداڵە نەکەون.

* لە کوردەواریدا کاتێک ئاوی گەرم دەرێژن دەبێت بڵێن: «بسم الله» یان (خۆتان لادەن)... چونکە باوەڕیان وایە (جنۆکە) بەردەوام لە دەوروبەرمانن، نەکو یەکێک لە جنۆکەکان بسووتێت و دواتر کرداری خراپ بەرامبەر مرۆڤەکان بکات. حاجی جەعفەر لە کتێبی (هندەک کەڤنە باوەرت خەلکی ل بەهدینان) چەند

نموونەیەکی دیکەی لەم باوەڕانە باس کردووە وەک:

* کورد د بێژن، دڤێت پشتی خارنی، ئامانێت خۆنە شۆن، چونکی «ژمە چێتر» ژی دبرسینە و پشتی وان، دێ ئەو خۆن.

*دەمێ مرۆڤی کورد ب شەڤ ژ خانی دەرکەتبایە، هەر ل سەر دەرازیتکێ دڤیتا بێژین «بسم الله»، چونکێ ترسیان کو ژمە چێتر ل وارا بن هەبن و پێی وی بکەڤتە سەر ئێک ژ وان، پاشی دێ دین بیت.

* ب بیر و هزرێت کوردان «ژمە چێتر» شاهی و دیلانا دکەن وەکو مرۆڤان.

* ب شەڤێ بالاڤ کرن گوناهە، چونکی تەپەتەپ و رەقەرەق، زەرەدێ دگەهینتە (ژمە چێتران) پاشی نەکو مرۆڤ ژی بێتە هنگاڤتن.

*دبێژن، هەکەر مرۆڤ (کولاڤێ) ئەجنی یا بکەت سەرێ خۆ کەس مرۆڤی نابینیت و مرۆڤ دێ هەمی خەڵکی بینیت.

* گەلەک جارا هەکەر ژنکا بوخچکێن خوەیێن جلکا ڤەکر بان و دیتبان جلکێن وان یێن هاتین دزین ئان هاتین درەهایین، دگۆتن ژمە چێتران برینە.

هەروەها لە باوەڕی کوردەواریدا جنۆکە مرۆڤ (شێت، دێوانە) دەکات، بۆیە کەسوکاری مرۆڤەکە دەچنە سەر چاک و شێخ یان سەید، بۆ ئەوەی بە ڕێگای تایبەتی ئەم جنۆکانە دەربکات و بێنێتە دەرەوە و ڕازیان بکات واز لەو مرۆڤە بێن، ئەگەر هاتوو ئەو مرۆڤەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە بووە، چاک بۆوە، ئەوا دەڵێن دەستی فلانە شێخ یان سەید یان چاکە پیرۆزە و جنۆکەی لەبن دەستە و باوەڕیان وایە بە زانینی ناوی ئەو جنۆکەیەی کە زیانی بە مرۆڤەکە گەیاندووە و شێتی کردووە، هۆکارێکە بۆ زاڵبوون بەسەر جنۆکەکەدا، واتە مرۆڤ پێی وابووە هێزێکی نەبینراو و شاراوە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە و دووچاری نەخۆشی دەکات.

### جنۆکە لە باوەڕی بابلی و ئاشووریدا

جنۆکە و ڕۆحەکان لە باوەڕی بابلی و ئاشوورییەکاندا بریتین لەو بوونەوارانەی کە پلەیان لەنێوان خواوەند و مرۆڤدایە و بوونەوەرێکی نادیار و شاردراوەن و شێوەیەکی بەرجەستە و دیاریکراویان نییە. بۆیە ناتوانین بە تەواوی وەسفیان بکەین و ئەو جنۆکانە کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاویان لەسەر مرۆڤ هەیە.

بەبڕوای بابلییەکان ئەم جنۆکە و ڕۆحانە نەوە و زادەی خواوەند ئانۆ (Anu)ن، هەندێک جاریش بە نەوەی (نیرگال)ی خواوەندی ژێرەوە داندراون و بە بڕوای ئەوان زۆرینەی ئەم بوونەوەرانە بەد و خراپن.

لە دەقێکی بابلیدا هاتووە: کە مرۆڤەکان داوا لە خواوەندەکان دەکەن ئەو خراپەکاری و شەڕانگێزییەی کە لە جنۆکە و ڕۆحە بەدەکان پێیان دەگات، ڕابگرن و بوەستێنن، واتە خواوەندەکان بەرپرس نین لەم کردارە خراپانە،

ناسراوترین ڕۆحەکان لە باوەڕی بابلییەکاندا بریتین لە: (لاماسۆ) و (شیدو) لە سەرەتادا ئەم دوو جنۆکە پاسەوانی خواوەند (عەشتار) بوون لە سەفەر و گەشتەکەیدا، هەروەها (ئالۆ)ش یەکێکە لە ڕۆحە شەڕانگێزەکان، کە ڕوخسارێکی دیاری نییە و نە دەم و نەگوێی هەیە، تەنیا بە شەو دەردەچێت بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنێت و خەو لە خەڵک بزڕێنێت.

(ئەشاکو)ش جنۆکەیەکی دیکەیە کە هەمیشە هەوڵدەدات پەتاو نەخۆشی لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە، جگە لەمانە (لاماشتۆ)ش جنۆکەیەکە ڕۆڵێکی دیاری لە باوەڕی بابلییەکاندا هەبووە، کە لە شێوەی بوونەوەرێکی خورافیدا وێناکراوە.

کە سەری وەک سەری نێرە و جەستەکەی وەک جەستەی ئافرەتە و بەهەر دەستێکی مارێکی گرتووە و کاری ئەم جنۆکەیە بریتییە لە دزینی منداڵە تازە لەدایکبووەکان.

هەروەها (ئالۆ) لە داستانی «ئەتراحاسیس»ی بابلی بەرانبەر (جنۆکە)یە لە میسۆلۆژیای ئیسلامیدا و (کنگۆ)ش لە چیرۆکی دروستبوونی بابلیدا بوونەوەرێکی ترسناک و شەڕانگێزە، هەروەها (جن)ی میتۆلۆژیای ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرانبەر دەبێتەوە لەگەڵ (ئیگیگی) خوای جیهانی ژێرەوە، لە داستانی (ئەتراحاسیس).

بەشێوەیەکی گشتی بەبڕوای بابلییەکان جنۆکە و ڕۆحەکان هۆکار و سەرچاوەی ناخۆشی و کارەساتن بۆ مرۆڤ وەک پەتا و نەخۆشی و تاعوون و سەرئێشە و شەڕوئاژاوەی نێوان ئەندامانی خێزان و هۆکارێکن بۆ وروژاندنی ڕق و کینە و ئێرەیی و خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤاندا.

بە دیدوبۆچوونی بابلییەکان زانینی ناوی جنۆکە یان ڕۆحەکان کە زیانی بە مرۆڤ گەیاندووە هۆکارێکە بۆ زاڵبوون بەسەر جنۆکەکەدا.

### جنۆکە لای عەرەبەکان و کولتووری ئیسلامیدا

عەرەبەکان وەک تەواوی میللەتانی سەردەمی کۆن باوەڕیان بە بوونی جنۆکە و ئەرواح و پەرییەکان هەبووە و سروشتی ژینگە و دەشتە خامۆش و خەڵوەتەکانیان بووەتە هۆی تەسلیم بوون بۆ ئەم جۆرە وەهم و خورافاتانە و بڕوایان وابووە کە چۆڵ و بیابانەکان تژی جنۆکەن،

بەشێوەیەک کە دەڵێن:
ڕێبوارێک بە شەو ڕێی دەکەوێتە چۆڵگەیەک و ئەوەندە دەترسێ و بە وتنی شتێک خۆی بەشای پەری و میری جنۆکەکان دەسپێرێ کە لە شەڕی جنۆکە بەدکارەکان بیپارێزن.
بە بڕوای عەرەبەکان جنۆکە چەندین ڕەگەز و جۆرن، هەیانە وەک (با) نە دەخۆن و نە دەخۆنەوە و زاوزێ دەکەن و زیاد دەبن.
سیفەتەکانیان: هەندێکیان بە گژ منداڵاندا دێن و پیس و ناپاکن و بەهێزن و توانای خۆگۆڕینیان بۆ شێوەی جۆراوجۆر هەیە و ئەو جنۆکانە لە زەینی مرۆڤدا شکڵ و شێوەیەکی دزێویان هەیە.
جیهانی جنۆکە جودایە لە جیهانی مرۆڤ و نەژاد و بنەڕەتیان بەم شێوەیە لە قورئاندا هاتووە (والجان خلقناه من قبل من نار السموم؛ لەپێشدا هۆزی جنۆکانمان لە ئاگری گەرم و سووتێنەر هێنایە ئافراندن).
هەروەها: (وخلق الجان من مارج من نار؛ خوا جنۆکەی لە بڵێسە ئاگری پاک و چاک ئافەریدە کردووە).
پێغەمبەر لەمەڕ جۆرەکانی جنۆکە دەڵێ: (الجن ثلاث أصناف، صنف يطير في الهواء، وصنف حيات وكلاب، و صنف يحلون ويظعنون: جنۆکە سێ جۆرن، جۆرێکیان لە هەوادا دەفڕن، جۆرێکی دیکە مار و سەگن، جۆرێکیشیان دێن و دەچن و نیشتەجێ دەبن).

## هاوسەرێتی و زیادبوونی جنۆکەکان

بە بڕوای عەرەبەکان جنۆکە هاوسەرداری دەکەن و هەروەکو مرۆڤ زاوزێ دەکەن، ئەوان ژمارەیان زۆرترە. تەنانەت بڕوایان وایە جنۆکە هاوسەرێتی لەگەڵ مرۆڤیشدا دەکەن، بۆ نموونە ئیبن تەیمییە دەڵێ (وا دەبێ هاوسەرێتی لە نێوان مرۆڤ و جنۆکە دروست ببێ و منداڵیان لێ بکەوێتەوە ئەمەش زۆر و ئاشکرایە).
عەرەب وەک گشت مرۆڤێکی تر پێی وابووە هێزێکی نادیار هەیە سەرچاوەی دەرد و نەخۆشییە، بڕوایان وابووە کە هێزی شەڕ و خراپە و شەیتان و جنۆکە دەبنە هۆی نەخۆشیمان و دەچنە لەشی مرۆڤەوە و چاکبوونەوەش لە نەخۆشییەکە پەیوەستە بە دەرکردنی هێزی شەڕ و خراپە لە لەشی نەخۆشەکە. بۆ دەرکردنی ئەم هێزەش ڕێگای سەیر و خورافی و جادووگەری گرتۆتە بەر.
شایانی باسە بیروباوەڕی میللی و ئایینی کۆن بە ئایینەکانی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامیشەوە، هەمان تێڕوانینمان سەبارەت بە دیاردەی نەخۆشی هەیە، بۆ چارەسەریشی پەنایان بردۆتە بەر سیحر و جادو و دوعا و قورئان خوێندن و ئەنجامدانی هەندێک کرداری سیحری و ئایینی بۆ دەرپەڕاندنی ئەو گیانە خراپە و ڕزگارکردن و چاکبوونەوەی نەخۆشەکەیان.

## کاریگەری کولتووری ئێرانی کۆن لەسەر وێناکردنی جنۆکە

باوەڕی میللی و ئایینی کۆنی ئێران کاریگەری دیار و بەرچاوی هەبووە لەسەر شێوە و وێناندنی جنۆکە لای میللەتانی دیکەی موسڵمان، ئەویش لە ڕێگای حیکایەتەکانی (هەزارویەک شەوە)دا هاتۆتە ناو ئەم میللەتانە و لە باوەڕ و حیکایەتی گەلەکانی دیکە ڕەنگداوەتەوە و هەندێک لەو باوەڕانەی کە لە ناو ئەم حیکایەتانەدا هاتوون لەناو میللەتانی دیکە جێگیربوون و ماونەتەوە و بڵاوبۆتەوە.
شایانی گوتنە، جنۆکە مێیەکان لە (هەزارویەک شەوە)دا بە جنۆکە خێرخواز دانراون کە لە شێوەی کچ و ئافرەتی جوان وێناکراون، کەچی جنۆکە نێرەکان بەشەڕانگێز وێناکراون، ئەمەش نزیکە لە دیدوبۆچوونی کۆنی ئێرانی، هەروەها ئەم بۆچوونە لە (شانامە)ی فیردەوسی-یشدا هەر بەم شێوەیەیە، کە دەبینین گشت دێوەکان و ڕۆحە بەدەکان نێرن، کەچی پەرییەکان ئافرەتی جوانن.
هەروەکو لە باسەکەماندا دەردەکەوێت مرۆڤی کۆن و بەرایی پێیان وابووە، جگە لە مرۆڤ و ئەو زیندەوەرانەی هەن و لەبەرچاو دەبینرێن، بوونەوەری تریش هەن، بەڵام بەچاو نابینرێ کە پێیان وتوون: جنۆکە، ڕۆح، شەیتان، کە توانای خۆ دەرخستن و خۆشاردنەوەیان هەیە، دەتوانن بە زۆر شێوە خۆیان پیشان بدەن و دەرخەن. بۆیە لێیان ترساون و هەوڵی ڕازیکردنیان دراوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**
**١- علم الفولكلور -تاليف الدكتور محمد الجوهري- مصر (دار المعارف)- ١٩٧٨- ل ١٩٦-٢٠٠، ل ٢١٢-٢١٥.**
**٢- في طريق الميثولوجيا عند العرب -محمود سليم الحوت- بيروت- ١٩٧٩- ل ٢١٦-٢١٧.**
**٣- التراث الشعبي- عدد (٨) -١٩٧٩ -ل٨٣.**
**٤- ئەهریمەن لە کولتووری ئیسلامیدا- مەزدەکی -٢٠٠٣- ل ٢٧٧، ٢٨٠، ٢٨١.**
**٥- کەڤنە باوەریت خەلکی ل بەهدینان -حجی جعفر- بغداد - ١٩٩٣- ل ٨-١٥.**

# ڕێژیسیۆر و مۆسیقا

د. فازیل جاف
(سوید)

(١ - ٢)

بواری مۆسیقا یەکێکە لە مەیدانە هەرە ناسکەکانی هونەری ڕێژیسیۆر، سەرکەوتن و نوشستی نمایشەکەی ڕاستەوخۆ پابەندە بەم هونەرەوە. بە پێی پێوەری باو دەکرێت ناوونیشانی ئەم بابەتە ڕێژیسیۆر و ڕیتم بوایە، بەڵام من پێم وایە زاراوەی مۆسیقا لە زاراوەی ڕیتم بەرفراوانتر و هەمەلایەنترە، دواتریش هەوڵ دەدەم بەپێی قەوارەی بابەتەکە بچمە ناو باسی ڕیتمەوە. نمایش، وەکو لە نووسینەکانی پێشوومدا ئاماژەم پێکردووە، بریتییە لە شوێن و زەمان. شوێن واتە کۆمپۆزیسیۆن و زەمانیش واتە مۆسیقا.

کۆمپۆزیسیۆن واتە پێکهاتی سەر شانۆ، سەرجەمی فۆرمی بینراو و پلاستیکا (ڕەوت و پێکهاتەی جەستە/ فیزیک). کە لەسەر پێکهاتەی میزانسینە (جووڵەو دابەشبوونی ئەکتەر)ەکانەوە هەڵدەچنرێت و بینادەکرێت، پاشتریش ڕەگەزەکانی دیکەی نمایش و تەکنیکی دێتە سەر، بە سەرجەمی فۆرم و وێنەی کۆتایی دەگوترێت کۆمپۆزیسیون.

## مۆسیقا تەنیا بەکارهێنانی مۆسیقا نییە

مەبەستم لە مۆسیقا تەنیا بەکارهێنانی مۆسیقا نییە لە شانۆدا. مۆسیقا واتە بینای مۆسیقایی نمایش کە بەر لە هەموو شتێک لە سەر ڕەوت و بناغەی تێمپۆڕیتم دەڕوات، هەروەها ئەو مۆسیقایەش دەگرێتەوە کە لە شانۆدا بەکاردەهێنرێت. ئەرکی سەرەکی ڕێژیسیۆر ئەوەیە کە سەرتاسەر پێکهاتەکانی کۆمپۆزیسیۆن بخاتە ژێر ڕکێفی مەرج و یاساکانی مۆسیقاوە. بە واتایەکی تر هەموو پێکهاتەکانی کۆمپوزسیۆنی نمایش لە سەر بنەمای زەمەنی مۆسیقا وەک ڕیتم و تێمپۆ و دینامیک و ئاکۆرد و کۆنتراپونکت و هارمۆنیا و کۆنتراست جۆش بدات،

دەنا نمایشەکە لەنگ دەبێت و خاسیەتی ڕەوانی و چڕی و هاوئاهەنگی شانۆیی لە دەست دەدات، بۆیە ڕیژیسیۆرشان بەشانی کاری بەردەوام پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە بواری موسیقادا.

## تێمپۆڕیتم

زۆرینەی شانۆکاران زاراوەی مۆسیقا بە مانای بەکارهێنانی مۆسیقا لە نمایشدا بەکار دەهێنن، بەڵام من مۆسیقا لە شانۆدا لەوەش فراوانتر دەبینم – لە مەشدا خۆم بە قەرزداری میتۆدی میرهۆڵد دەزانم – واتە: بینای مۆسیقایی نمایش «تێمپۆڕیتم»، هەروەها ئەو مۆسیقایەش دەگرێتەوە کە لە نمایشدا بەکار دەهێنرێت. مۆسیقا لە شانۆدا بەر لەوەی تەنیا وەک یاریدەدەرێک بۆ دروستکردن و بەرجەستکردنی جەو و میزاج و گوزاشت کردن لە ناخی کەسایەتییەکان بەکار بهێنرێت، دەبێت بچێتە ناو بینا و پێکهاتی نمایشەکەوە، چونکە ئەگەر بینای مۆسیقای نمایش لە ڕووی ڕیتم و خێرایی و خاوی و ماوە و چڕییەوە تەواو نەبێت، ئیدی گرنگ نییە چ جۆرە مۆسیقایەک و چەند مۆسیقای تێدا بەکار دەهێنی. ئەگەر نەبز و هەناسەی نمایشەکەت لە سەر ڕیتمێکی ڕاست نەڕوات، کارامەترین مۆسیقادانەر و باشترین کۆنسێرت ناتوانێ ڕیتمی شانۆگەرییەکت بۆ ڕاگرێ.

خۆ ئەگەر بینای مۆسیقایی نمایشەکەت ڕاست ڕۆیشت، لەوانەیە هەر پێویست بە مۆسیقاش نەکات، چونکە مۆسیقا ئەو دەم لە ناو جەستەی نمایشەکەتدا هەیە، بەڵام بێگومان بەکارهێنانی مۆسیقا بە شێوەیەکی وەستایانە، هەمیشە داهێنانەکەت ڕەنگینتر و نایابتر دەکات.

## میرهۆڵد و مۆسیقا

دیارە ئەوەندەی من بزانم، تاکو ئێستا هیچ ڕیژیسیۆرێک بە قەدەر میرهۆڵد بایەخی بە مۆسیقا نەداوە. هەر لەمنداڵییەوە، هەر لە نۆ ساڵانەوە دەیویست ببێ بە کەمانچەژەن، بەڵام ئەمەی بۆ نەلوا و لە بری ئەوە بوو بە شانۆکار، بەهرە و شارەزایی بێ سنووری لە بواری مۆسیقادا، گەلێ یارمەتی دا، لەوەی ببێت بە ڕیژیسیۆرێکی بلیمەت و خاوەن میتۆدی تایبەت لە نواندن و دەرهێناندا، میتۆدێک کە تەواو پشت بە مۆسیقا دەبەستێت. کاری میرهۆڵد لەگەڵ کەڵە کۆمپۆزیتۆرەکانی سەردەمی خۆیدا، وەک کۆزمین و شستاکۆڤیچ و پرۆکۆڤیف گەواهی ئەم بۆچوونەن.



ئەگەر لێت بپرسن: گرنگترین شت لە میتۆدی ڕیژیسیۆری میرهۆڵددا چییە؟ دەتوانیت بێ سێ و دوو بڵێی مۆسیقا. تێگەیشتنی ڕیژیسیۆر بۆ زەمەنی نمایش مەسەلەیەکی چارەنووسساز و بەردی بناغەی هەموو پێکهاتەکانی نمایشە، ئەم تێگەیشتنە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر لایەنەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە وەک نواندن، سینۆگرافیا، دەنگ، ڕووناکی، جلوبەرگ ... تاد، بەڵام لە هونەری نواندن و ڕاهێنانی ئەکتەردا پایەیەکی بێ ئەندازەی هەیە و فەزایەکی بەربڵاو داگیر دەکات. ئەکتەری شانۆی میرهۆڵد ئەوەندە بە هەستکردن بە زەمەن جۆش دەدرا و ڕادەهێنرا تا ڕادەیەک کە ئیدی هەموو میتۆد و ڕاهێنانەکانی میرهۆڵد لە سەر چەمکی زەمەن جێبەجێ دەکران.

میرهۆڵد لە بنیاتنانی ستروکتوری نمایشەکانیدا، سیستمی بینای سیمفۆنی و یاسا و بنچینەکانی کۆمپوزیسیۆنی مۆسیقای بەکار دەهێنا، لەوانە ڕیتم، تێمپۆ، ئینتەرڤال، ئاکۆرد، دینامیک و کۆنتراپونکت، هارمۆنیا و کۆنتراست. یەکێ لە خەونەکانیشی ئەوە بوو

کە ڕیژیسیۆر وەک مایسترۆ سەرکردەیی نمایشەکەی بکات، هەر وەک چۆن مایسترۆ لە کۆنیسێرتی مۆسیقادا سەرکردەیی کۆنسێرتەکە دەکات، بەڵام ئەم خەونە و گەلێ خەونی دیکەی بردە ژێر گڵەوە. بێ شارەزاییەکی باش لە مەیدانی ڕیتم و پلەی خێرایی و خاوی و کات و بەردەوامیی، مەحاڵە ڕیژیسۆرێکی کارامەت لێ دەربچێت، چونکە ئەمە نمایشێکی لەنگەو لە ڕووی زەمەنەوە سیفەتی نمایشی شانۆی تێدا نییە.

## ڕیتمی بیر و هزر

لە سیستمی میێرهۆڵددا هەموو پێکهاتێکی نمایش دەبێ لە چوارچێوەی ڕیتمدا دابمەزرێت. جوانی و نایابی و شەنگی و هونەر، لە خودی بیر و بۆچوونەکاندا نییە، ئەوەندی لە ڕیتم و مۆسیقایاندایە، هەر بۆیە گوزارشتکردن لە ڕەوتێکی ڕیتمیدا جەوهەری ڕاستەقینەی میتۆدی شانۆی میێرهۆڵدە. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە نەک تەنیا نمایش، بگرە هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی شانۆ وەک: دەنگ و ڕەنگ و فەزاو بیناسازی دەگرێتەوە.

میێرهۆڵد دەڵێت: دەرهێنان بریتی نییە لە میزانسینی چەق بەستوو، دەرهێنان واتە پرۆسەی کاریگەری زەمەن لەسەر فەزادا. لە هەموو چەمکێکی فەزادا چەمکی زەمەن هەیە، کە ئەویش ڕیتم و مۆسیقایە. بۆ نموونە کە تەماشای پردێک دەکەی، تێدەگەی کە خۆی لە خۆیدا بازدانی کەسێکە بۆ ئەوبەر و ئەو بازدانە چەقی ڕاگیر بووە. جووڵە شتێکی چەق بەستوو نییە، گرنگ شەد و توندوتۆڵی پردەکەیە، نەک دیکۆری پەرژینەکانی. لە دەرهێنانیشدا هەمان شتە.

## ڕیژیسۆر و بەهرەی هەستکردن بە زەمەن

میێرهۆڵد دەڵێت ڕیژیسۆر دەبێ بە بێ ئەوەی تەماشای کاتژمێرەکەی بکات لە زەمەن تێبگات. بەهرەی هەستکردن بەزەمەن گەورەترین بەهرەیە کە ڕیژیسۆر پێویستی پێیەتی. ئەو پێی وایە کە مۆسیقا دەبێت ڕیتمی لە بار و گونجاو بۆ ئەکتەر بخوڵقێنێت، زەمەنی بۆ ڕاگرێت و چوارچێوەی ڕیتمی بوونی مرۆڤ لەسەر شانۆدا دەستنیشان بکات، بۆیە میێرهۆڵد بەکارهێنانی مۆسیقا تەنیا وەک ئامرازو کەرەستەیەک بۆ دروستکردنی جەو، یان هەر بۆ خۆشی و لەبەر جوانی مۆسیقاکە خۆی و بە مەبەستی سەرسام کردن و جۆشدانی جەماوەر ڕەت دەکاتەوە، مۆسیقا پێش هەموو شتێک دەبێ بۆ تێمپۆریتم بێت، واتە بۆ کاری ئەکتەر و مۆسیقای هەیکەلی نمایش بێت. ئنجا دەکرێت ئەرک و وەزیفەی دیکەی وەک تەرجەمە و هاوئاهەنگی و هارمۆنیا، یان کۆنتراست لەگەڵ دیمەن و خولقاندنی میزاج و جەوی گشتی... تاد، بگرێتە خۆیەوە.

میێرهۆڵد دەڵێت: قەت بیرت لەوە کردۆتەوە بۆچی لە سێرکدا، لە کاتی یاری ئەکروباتیکدا هەمیشە مۆسیقا بەکار دێنن؟ لەوانەیە بڵێیت: ئا، بۆ ئەوەی میزاجێکی گونجاو بخولقێنن، یان بۆ خۆشی و ئاهەنگسازیی بەکاری دێنن، ئەگەر وابێ بەڕاستی ئەمە هۆیەکی زۆر بێ مانایە. ئەوانەی کە لە سێرکدا کار دەکەن پێویستیان بە مۆسیقایە، وەک پاڵپشتییەکی ڕیتمیکانە، وەک یارمەتییەک بۆ ڕاگرتنی زەمەن.

## بینای مۆسیقی نمایش

ڕۆڵی ڕیژیسیۆر لە دەستنیشانکردنی زەمەنی نمایش و پاشتریش چەسپاندنی ئەو زەمەنە گەلێ گرنگە. ئەم ئەرکە یەکێکە لە ئەرکە قورسەکانی کاری ڕیژیسیۆر. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێکن ئەو ڕیژیسیۆرانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا سەرکەوتوو نین، بەڵگەشمان ئەو شانۆگەرییانەن کە دەبنە مایەی بێزاری و وەڕس بوونی جەماوەر، وەڕس بوون و تاقەت چوونی جەماوەر یەکەم نیشانەی لەنگیی نمایشەکەتە لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاوە.

## زەمەنی نمایش

هەنگاوی یەکەم لە دەستنیشانکردنی زەمەن لە نواندنەوە دەستپێدەکات. ئەرکی ڕیژیسیۆر بەرانبەر بە ئەکتەر ئەوەیە کە هەنگاو بەهەنگاو، دیمەن بە دیمەن، ئێپیێسۆد بە ئێپیێسۆد زەمەنی نمایشی بۆ دەستنیشان بکات. قسەو کردار و گوزارشتەکانی لە چێوراچێوەی زەمەندا بۆ دیاری بکات، ئنجا لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئازادی و سەربەستی ئەکتەر لە داهێنان و ئیرتیجالدا پێویستە ئەویش سنووری زەمەنی خۆی نەبەزێنێ، ئەو زەمەنەش هەر ئەو زەمەنەیە کە ئەندازیاری نمایش، واتە ڕیژیسیۆر دەستنیشانی دەکات، ئەکتەریش دەبێ ئەو زەمەنە ڕاگرێت و نەیڕووشێنێ. بەهرەی ئەکتەر و هەست ناسکیی لە چەمکی زەمەن وتوانستی لە ڕاگرتن و پێوانەی زەمەندا گەورەترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی لە نمایشدا. ڕیژیسیۆر و ئەکتەر بەرانبەر بەم مەرجە

هەردووکیان یەکسانن و هەمان ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوە نەبێت کە کەرەسە و ئامرازەکانیان لێکتر جودان.

### ئاگاداری زەمەنی نمایشەکانت بە

زۆر جار پاش چەند پیشاندانێک زەمەنی نمایشەکە دەگۆڕێت، بە زۆری زەمنی نمایش سەردەکات و سنووری دیاریکراوی خۆی دەبەزێنێت. لە بەرهەمی دامەزراودا ڕەنگە چەند دەقیقەیەک پتر تێنەپەڕێنێت، بەڵام لەو بەرهەمانەی کە سنوورێکی بۆ ئیرتیجالی ئەکتەر تێدا نییە، زەمەنی نمایشەکە تەواو دەگۆڕێت، بۆیە چاکتر وایە دەستبەجێ چەند پرۆڤەیەکی دیکە ساز بکەیت. ڕیژیسیۆران بە تایبەت ئەوانەی کە بەرهەمەکانیان چەند مانگ و چەند ساڵێک بەردەوام پیشان دەدرێن، لە ڕووی زەمەنی نمایشەوە ئاگاداری بەرهەمەکانیان دەبن و ڕێگا نادەن زەمەنی نمایشەکە لە سنووری خۆی تێبپەڕێت، هەر ئەوەندەی یەک تۆز زەمەنەکەی گۆڕا، دەستبەجێ بە مەبەستی توندوتۆڵکردنەوەی ڕیتمی شانۆگەرییەکە سەرلەنوێ پرۆڤە بە ئەکتەرەکانیان دەکەنەوە.

مییرهۆڵد گەلێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیمەنێک ئەگەر هاتو بۆ نموونە سێ دەقیقە بوو، نابێ پاشتر سەرکەوێ بۆ چوار دەقیقە، ئەگەر وابوو مانای وایە لە ڕووی ڕیتمەوە نمایشەکە تەواو نییە. جارێک ڕیژیسۆرێکی ناسیاوم داوەتی کردم بۆ ئەوەی شانۆگەرییەکەی ببینم، لێم پرسی شانۆگەرییەکەت چەند دەخایەنێ، گوتی: هەرئاوا لە سەعاتێکەوە بۆ سەعات و نیوێک، ئەم قسەیەم گەلێ پێ سەیر بوو. پاشان لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە نمایشەکە دوو سەعاتی خایاند، بێگومان لە شانۆکانی ئەوروپادا کارەساتی وا ڕوونادات.

مییرهۆڵد دەڵێ هیچ شتێک بە قەدەر ئەوە خەتەر نییە نمایش سنووری زەمەن ببەزێنێت. کە بنیادی نمایشەکەت لە سەر بنچینەکانی کۆمپۆزیسیۆنی مۆسیقا دابڕێژیت، بنیاد و جەستەی نمایشەکەت بە تەواوەتی قەوارە و پێکهاتی شیعر دەگرێتە خۆ، هەر بۆیە شانۆکارانی دێرین، داهێنەرانی شانۆی کلاسیک، زمانی شیعر و یاساکانی هەڵبەستیان ڕەچاوکردووە. شانۆکاران بەم کارەیان هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە، خۆیان سترکتوری مۆسیقایی شانۆنامەکانیان چەسپاندووە، تەنانەت لە بەکارهێنانی کێش و قافییەکاندا شێوازی نمایش و



نواندنی ئەکتەریان دەستنیشان کردووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە جیاوازی کێشەکانی شیعری شەکسپیرە لە تراژیدیا و کۆمیدیادا، بەوەی کە دوو زمانی جیاواز و دوو مۆسیقای جیاوازیان گرتۆتە خۆ. بڕوانە مۆلیێر لە شانۆنامەکانیدا چۆن بە کێشی عەموودی ئەلکسەندرین، سروشتی کۆمیدیاکانی خۆی مەحکەم کردووە، ڕیژیسۆر ئەگەر بیەوێت مۆلیێر بە شێوەیەکی هونەری و وەک خۆی پێشکەش بکات و شانۆنامەکانی نەشێوێنێت، دەبێ شارەزای ئەم جۆرە کێشە بێت، یانیش دەبێ بینای مۆسیقایی شانۆنامەکە فەرامۆش بکات، بێگومان لەو دۆخەدا هیچی بۆ نامێنێتەوە.

### ماتماتیک، یان شیعر!

مۆسیقاو شیعر وەک جمکانن، بەڵام مۆسیقا لە کرۆکی ماتماتیکیشەوە نزیکە. بە بۆچوونی من بینای مۆسیقایی نمایش شاعیرانەترە لەوەی کە بینای ماتماتیکی بێت.

لێکچوواندنی بینای مۆسیقایی نمایش بە شیعر، نەک بە ماتماتیک بە ڕوونی لە سروشتی زمانی شانۆدا دەردەکەوێت. مۆسیقا ئەرک و ڕۆڵی گرنگ و جیاواز بە زمان دەبەخشێت، زمانی نمایش لە زمانی ڕۆژانەوە دەکات بە زمانێکی شێوازدارو بە ستیل، واتە زمانی ڕۆژانە کە سیفەتی مۆسیقا وەدەگرێت، یان کە لەسەر یاساکانی پێکهاتەی کاری مۆسیقا بینا دەنرێت، یەکسەر دەبێت بە زمانێکی هونەری، دیارە شیعر باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مۆسیقا سیفەتی فرەمانایی بە زمان دەبەخشێت، بەمەش زمانی دراما دەگێڕێتەوە بۆ جەوهەرە شیعرییەکەی و لە زمانی ڕۆژانەی دوور دەخاتەوە. لە ڕاستیدا مۆسیقا ئەرکێکی درامی جۆشدراو

بە هەست و نەست و چێــژ و مــوعــایەشــە بە زمــان دەبەخشێت. مۆسیقا زمان دەتەقێنێتەوە و دەلالاتەکانی دەخــاتە ڕوو. هەر بۆیەش من وای بۆ دەچم کــە ڕۆڵی مۆسیقا لە درامادا دیاری شیعرە بۆ شانۆ، واتە مۆسیقا لە شیعرەوە وەک پێکهاتە و زمان هاتۆتە ناو شانۆ، نەک وەک مۆسیقا لەگەڵ نمایش بۆ جەو و میزاج دروستکردن هاتبێ، یان تەرجــەمــەکــردنی کــردار و باری دەروونی کەسایەتییەکان بێت.

### جیهانێک سەرتاپا مۆسیقا

دوو ڕووداو، دوو کردار، یان دوو دیاردەی جیاواز بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیان بە یەکدییەوە هەبێت، لەسەر شانۆدا بە ئەنجام بگەیەنە، بەڵام هەر ئەوەندە مۆسیقا بەکار بهێنی ئەو دوو کەرتی و دوو بەشبوونە نامێنێت و لە هەست و نەستی بینەردا لێکدەرێن و پێکەوە گرێ دەدرێن، تۆ بەمە بزانیت یان نەزانیت بەمۆسیقا هەردوو دیمەنەکەت لە یەک وێنەدا کۆکردەوە. ئەم گشتگیرییە، لە ڕێگای مۆسیقاوە و لە ناخ و ویژدان و دەروونی بینەردا ڕوودەدات.

بە کورتی دوو خەسڵەتی دراما کە مۆسیقا ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبینێت: کۆکردنەوەی کەرت و گشتە، هەروەها فراوانکردنی مەودای زمان و فرە تەفسیری و چەند مانابیە. بینای مۆسیقیانەی نمایش سەبارەت بە مەحکەم کردنی ڕیتم و خێرایی، دەبێ وەک بینای قەسیدە ڕەفتاری لە گەڵدا بکرێت، نەک وەک ماتماتیک کە هەندێ لەو مەسەلەیەدا بەهەڵە دادەچن.

ئەم بۆچوونە لە پێوەندی نێوان کەرت و گشتدا دەبینرێ، کە لە کەرتدا هەموو سیفەتێکی گشت هەیە و لە هەمان کاتدا بۆ خۆی بنیادێکی سەربەخۆیە. کە کەرت دەگۆڕێت گشتیش دێتە گۆڕان، هەروەها کە گشتیش دەگۆڕێت کەرتیش دەگۆڕێت. بەم بۆچوونەش ئێمە لە بایەخی سیفەتی ماتماتیکیانەی مۆسیقا لە نمایشدا دوور ناخاتەوە، چونکە بمانەوێت، یان نەمانەوێت بایەخی سیفەتی ماتماتیکیانەی مۆسیقا لە بەدیقەت ڕێکخستنی بینای تەرازووئاسای نمایش و بەشەکانیدا دەردەکەوێت.

لە ڕاستیدا گەر پێمان وابێ هەر شتێک لە نمایشدا بۆ خۆی و لە سنووری خۆیدا، هەیە و سەربەخۆیە، دەسا مۆسیقا شتەکان لە ڕێگای هەست و نەست و ویژدان و چێژەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. مۆسیقا وامان لێ دەکات هەست بکەین کە شتەکان هەموویان بەیەکەوە گرێ دراون و گشتێکی یەک جەستەیی دروست دەکەن. مۆسیقا گشتگیرییەکی وجوودی لە ڕێگای هەستەوە دروست دەکا. دەفەرمو بینای دیمەنەکانت، تابلۆکانت، ئێپیزۆدەکانت، بەم فەلسەفەیە هەڵچنە بزانە بینای نمایشەکەت چەند پتەوتر دەبێ و لە ڕووی هارمۆنیاوە چەند بە نایابی نەشونما دەکات.

### تێمپۆ ڕیتم

ئەگەر باش شارەزای ڕێبازی ستانیسلاڤسکی بیت، ئەو ڕاستییەش دەزانیت کە ستانیسلاڤسکی تا دەهات پتر بایەخی بە مەسەلەی تێمپۆڕیتم دەدا. من بڕوا ناکەم ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەس لە ستانیسلاڤسکی چاکتر ئەم بابەتەی شی کردبێتەوە. لە کتێبەکەیدا «بینای کارەکتەر» ستانیسلاڤسکی گەورەترین قەوارەی کتێبەکەی، کە دەکاتە نزیکەی سەد لاپەڕە، بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. لە ئەورووپادا سەر بە پەیمانگا و کۆلیژەکانی شانۆدا دەکەیت، چ لە بەشی نواندن و چ لە بەشی ڕێژبسیۆریدا زاراوەی تێمپۆڕیتم زۆر دەبیستیت، ئەوجا بۆت دەردەکەوێت کە چەند بە چڕی کاری لەسەر دەکرێت، بۆیە ئەگەر دەتەوێت ببی بە ڕێژبسیۆرێکی باش، تێمپۆڕیتمی ستانیسلاڤسکی بە وردی بخوێنەوە و باش مەشقی لە سەر بکە. ئنجا تێدەگەی کە سەرتاسەری ژیان مەیدانی مەشق و فێربوونی تێمپۆڕیتمە بۆ کارە هونەرییەکانت، چونکە دینامیک و تین و وزە لە تێمپۆڕیتم دایە، ئەویش لە هەموو شوێنێکدا هەیە.

تێمپۆ هەروەک لە مۆسیقادا بەکاردەهێنرێت، مانای پلەی خێرایی، یان خاویی کردارێک یان هەستێک دەگەیەنێت، واتە خێرا، خاو، یان ناوەندی. ڕیتم لە باری جەستەییەوە دەکاتە پلەی چڕی موعایەشەکردنی هەستێک، لە ڕووی دەرەوەش، یان لە ڕووی جەستەوە، دەکاتە نیشانەکانی ئاماژەو جووڵەو کردار کە گوزارشت لە موعایەشەکردنی ئەو هەستە دەکات. لە نێوان تێمپۆڕیتمی ناوەوە و دەرەوەدا پێوەندییەکی پتەو و ئاڵۆز هەیە، کە ستانیسلاڤسکی دوو بەشی گەورەی کتێبی «بیناکردنی کەرەکتەر»ی بۆ تەرخان کردووە.

### ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە

ستانیسلاڤسکی کە باس لە تێمپۆڕیتم دەکات، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دوو جۆرە تێمپۆڕیتم هەیە،



تێمپۆڕیتمی ناوەوە و تێمپۆڕیتمی دەرەوە. تێمپۆڕیتمی ناوەوە هەست و نەستی دەروونە، کە تەنیا لە کاتێکدا دەبینرێت کە خۆی لە شێوەی تێمپۆڕیتمی دەرەوەدا دەنوێنێت، واتە دەبێت بە بینراو، یان بە بیستراو.

ستانیسلاڤسکی پێمان دەڵێت: ئاگادار بە، ڕیتم نابێ بە زۆر بچەسپێنرێت، یان بە شێوەی ماتماتیک ئاسا حیسابی بۆ بکرێت. ڕیتم دەبێ لە ناخەوە بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆرسکانە و ڕەوان لە ناخەوە هەڵقوڵێت. یاسای بنەڕەتیی ڕیتم ئەوەیە کە هەموو کردار و جووڵە و گوتەیەک پێویستی بە زەمەنێکی دیاریکراو هەیە، خۆ ئەگەر لە زەمەنەکەی کەم کەیتەوە، کردار و جووڵەو قسەکان دەبێت خێراتر ئەنجام بدرێن. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر زەمەنێکی درێژتر بەکاربهێنیت ئەوسا کردار و جووڵە و قسەکان خاو دەبنەوە. لە هەموو کردارو جووڵەو ئاخاوتنێکدا نەبرەیەک هەیە، کە تۆ جەختی لەسەر دەکەی، سیستمی دووبارەبوونەوەی نەبرەکان و هاوسانی و یەکسانییان، پێی دەگوترێت ڕیتم، ئەم ڕیتمەش زەمەنە، واتە ئێمە لەم حاڵەتەدا زەمەن بە زەمەن دەپێوین.

## ڕاهێنانێکی ستانیسلاڤسکی

هێز و توانستی ستانیسلاڤسکی لە باری پراکتیکەوە لە تاوتووکردن و یەکالاکردنی هەست و باری دەروونی جیاواز و بەش بەشکردنی کێشە ئالۆزەکانی هەست و نەستدا دەردەکەوێ. بەرجەستەکردنی باری دەروونی و فیزیکی کەسایەتییەکانی دراما لە ڕێگای مۆسیقاوە لە هونەری ڕیژیسۆردا گەلێ گرنگە، بەڵام بەکارهێنانی مۆسیقا لەم حاڵەتەدا دەبێت لەگەڵ میتۆدی نواندندا هاوتەریب بێت. کەسایەتییەک کە تووڕەیە، پەستە، عاشقە، دڵ پیسە، ئەم سیفەتانە دەکرێن بۆ نموونە لە کەسایەتی ئۆتێللودا هەبن، ئەکتەر لە ئاستی هەموو ئەم هەستە سەختانەدا ڕووبەڕووی ئەرکێکی ئاڵۆز دەبێتەوە. بۆ ئەکتەری کەم ئەزموون و بێ میتۆد یەکالاکردنەوەی ئەم بارە دەروونییە ئاڵوزە و پیشاندانی گەلێ سەختە. ستانیسلاڤسکی لە سیستمکەیدا ڕێگایەکی پەسەند و پراکتیکی پیشانی ئەکتەر دەدات.

ستانیسلاڤسکی داوا لە ئەکتەر دەکات کە بەر لە هەموو شتێک ئەم ئەرکە دابەش و لە یەکدی جیا بکاتەوە. لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هەستەکانی کوت کوت بکات، هەر کوتێک هەستێک، ئیحساسێک دەگرێتە خۆی، واتە هەر بەشێک ئەرکێکی دیاریکراوی بەر دەکەوێت. بۆ نموونە ئۆتێللو لە دیمەنێکدا دوولێ و گومان ئازاری دەدات، لە دیمەنێکی دیکەدا تووڕەیی ناخی دەهەژێنێ، پاش ئەوە ساویلکەیی، خۆشەویستی، خوێن بەرچاوگرتن، پەشیمانی، ئەرکی ئەکتەر و ڕیژیسۆر ئەوەیە چۆن ئەم بارە دەروونییە جیاوازانە تاووتوو بکات و گۆڕانەکانی ناو دەروون لە یەکدی جودا بکاتەوە. بەبێ ئەم تاووتووکردنە، بەرجەستەکردنی کێشەکانی دەروون مەحاڵە. دەکرێت مۆسیقاش هەمان ڕۆڵ ببینێت، تۆنەکانی مۆسیقا و چەشنەکانیان لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی دیکە بگۆڕدرێن، دەکرێت لە ڕووی خێرایی و خاوی و درێژی و کورتییەوە بیانگۆڕین: دەکرێ ساتێک سووک بڕوات، ساتێک چڕ، ساتێک مۆسیقای پچڕ پچڕ، ساتێک لاواز، ساتێک بەرز، ساتێک خەمناک، ساتێک گەش، تەنانەت ئەو هەستانەی کە ناسکن، یان بە ئاستەم لە دراماد بەرجەستە دەکرێن، دەکرێ مۆسیقای ناسک و بە ئاستەم بیستراوی خۆی هەبێ. مییرهۆڵد شێوازی پێچەوانەشی دەگرتە بەر، واتە دروستکردنی کۆنتراست نەک هارمۆنیا لە نێوان دراما و مۆسیقادا. بۆ نموونە بۆ دیمەنێکی خەمناک مۆسیقایەکی بەجۆش و شادی وەک باکگراوەند بەکار دەهێنا، یان بۆ دیمەنێکی شاد مۆسیقایەکی غەمناکی بەکار دەهێنا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میرهۆڵد جیهانێکی هاوجووت و هاوتەریبی لە هەست و نەست و دەروونی بینەردا دروست

دەکرد، جیهانی دراماکە و جیهانی وێنەبەخشی مۆسیقاکە، یەک نەبوون، واتە مۆسیقا جیهانێکی وێنا دەکرد کە زیاتر میتافیزیک بوو، لە کاتێکدا دراما جیهانێکی فیزیکی بەرجەستە دەکرد. ڕۆڵی مۆسیقا بەم جۆرە جێبەجێ کردنە لە فەلسەفەدا وەک جیهانی فیکر و بەها وایە، بۆ نموونە لای پلاتۆن کە کەوتۆتە دەرەوەی جیهانی فیزیکەوە.

### تۆنەکانی هەست و نەست و دەروون

هەندێ لە ڕیژیسیۆران بۆ هەر یەک لەو هەست و بارە دەروونییانەی باسمان کردن، تۆنێکی تایبەت هەڵدەبژێرن، یان بۆ هەر کارەکتەرێک ئامێرێکی تایبەت تەرخان دەکەن، ئەمە شێوازێکی باوە، هەرچەندە میرهۆڵد زۆر لەگەڵ ئەم شێوازەدا نەبوو، بەڵام ئەگەر مۆسیقادانەری زیرەک و داهێنەر هاوکارت بێت، لەو کەسانەی کە شارەزایی مۆسیقای درامین، ئەم شێوازە کاریگەری خۆی هەیە، لەو ڕووەوە مۆسیقا دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ ئەکتەر و دروستکردنی جەو. خۆ ئەگەر هاریکای نێوان ئەکتەران و دانەری مۆسیقاکە بە هێز بێت، کاری دەروونی بەرجەستەکردنی ڕۆڵیش بۆ ئەکتەر ئاسانتر دەبێت.

### باری دەروونی و تێمپۆریتم

لە ڕێبازی ستانیسلاڤسکیدا کە هەست و نەست و باری دەروونیی بایەخی سەرەکی هەیە و لە بەرجەستەکردندا سەرچاوەی هەموو هەنگاوێکە، بۆیە دەنگ و جووڵە و کردار، هەموویان دەکەونە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی تێمپۆریتمی ناوەوە.

بە پێی ڕیبازی ستانیسلاڤسکی ئەگەر هاتوو تێمپۆریتمت بە شێوەیەکی ڕاست دەستنیشانکرد، لەو حاڵەتەدا هەستی ڕاست، باری دەروونیی ڕاست، لە خۆیەوە و خۆرسکانە دێنە کایەوە. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە دەستنیشانکردنی تێمپۆریتمدا بە هەڵەدا بچیت، ئەوە هەموو گوزارشتێکت بەهەڵە دادەڕوات، واتە هەموو هەست و باری سایکۆلۆژیایی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکەت بەهەڵە بەرجەستە دەبن. هەر لەبەر ئەوەشە ستانیسلاڤسکی تێمپۆریتم بە چەکێکی خەتەری دوو لایەن ناو دەبات.

### ئەو ڕیژیسیۆرانەی کە لە ڕیتم تێناگەن

پاش نمایشێکی شانۆنامەی مەرگ و کچ لە هەولێر، ئاگام لێ بوو ڕیژیسیۆرێکی گەنج پیرۆزبایی لە (تەلار هیرانی) پاڵەوانی شانۆگەرییەکە کرد و پێی گوت: دەست خۆش، بەڵام بۆ ئەوەندە ئیقاعتان خاو بوو. پێم سەیر بوو کەسێ خۆی بە ڕیژیسیۆر بزانێ داوای ڕیتمی خێرا لە شانۆنامەی مەرگ و کچ بکات. ئەمە وەک ئەوەیە داوا لە کەسێک بکەی خێرا بگرییێت، یان بە کەسێک بڵێیت دە خێراکە غەمبار ببەو مەرەخەسمان بکە، تەنیا لەبەر ئەوەی بینەران پەلەیانە.

چۆن دەبێ شانۆنامەیەکی سایکۆلۆژی بە ڕیتمی خێرا پێشکەش بکرێ؟ دەتوانیت دیمەنێکی شەڕە شیری هاملێت، یان ماکبێس چەندت بوێ خێرای بکەی، بەڵام لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا ناتوانیت هەمان شت بکەیت. ڕیژیسیۆر دەبێت ئەم ڕاستییە بزانێت و نابێت لە هەموو نمایشەکانیدا هەمان ڕیتم جێبەجێ بکات، واتە ڕیتمی خێرا. نە ڕیتمی خێرا دەبێت هەموو کاتێک و لە هەموو نمایشێکدا جێبەجێ بکرێت، نە ڕیتمی خاویش، لە ڕاستیدا ڕیژیسیۆر دەبێت ڕیتمی شانۆنامەکەی جێبەجێ بکات، کە دەکاتە ڕیتمی ناوەوە و دەرەوەی دەقەکەی و کەسایەتییەکانی. دەباشە با هەر ئەو ڕیژیسیۆرە تێمان بگەیەنێ، دیمەنی چاوەڕوانی ئێستراگۆن و ڤلادیمیر (لە بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وە چۆن خێراتر بکەین، بێ ئەوەی شانۆنامەکە بشێوێنین.

تۆ دەتوانیت دیمەنەکانی شەڕ و پێکدادان و سەما و کەرنەڤاڵی شانۆنامەی ڕۆمیۆ و جولێتی شەکسپیر چەندت بوێ ئەوەندە تیژ و خێرا بکەیت، بەڵام من دەمەوێ لەو ڕیژیسیۆرەوە فێر بم، چۆن شانۆنامەیەکی هارۆڵد پینتەر، یان چێخەف خێراتر بکەم، بێ ئەوەی ستیل و مۆرکی شانۆنامەکە بشێوێنم.. قسەمان نابێ لەسەر ئەوەبێت کە دیمەنێکی، یان شانۆنامەیەک دەبێ خێراتر بێت، قسەمان دەبێت لە سەر ئەوە بێت تێمپۆریتمی دیمەنێک شانۆنامەکە گونجاوە، یان نا، چونکە خێرایی و خاوی پێوەندی بە کەسێکی دیکەوە هەیە کە بینەرە و چەند لە سەر ئەو تەرزە درامایە ڕاهاتووە، چەند دەتوانێت دانیشێت، چەند پەلەیەتی بڕوات بۆ ماڵەوە، یان بۆ نادی و بار. من نامەوێت بۆ بینەرێکی لەو جۆرە تێمپۆریتمی شانۆنامەکە بشێوێنم.

### ڕیتم لە بێدەنگی و بێ جووڵەییدا

بەڵام ئەی کەسێک کە دانیشتووە یان پاڵ کەوتووە و هیچ کردارێک نانوێنێ، یان کەسێک کە تەواو بێدەنگە،

دەکرێ بڵێین ئەو کەسە تێمپۆڕیتمی نییە؟ ئەم پرسیارە پرسیاری خۆم نییە و پرسیاری ستانیسلاڤسکییە؟ بۆ نموونە کەسایەتی دکتۆر میراندا لە شانۆنامەی مەرگ و کچدا کە لە زۆربەی هەرە زۆری دیمەنەکانی شانۆنامەکەدا دەبێ ببەسترێتەوە، چونکە ئەگەر نەبەسترێتەوە شانۆنامەکە ڕوونادات، باشە دەبێت بڵێین ئەو کەسایەتییە لە تێمپۆڕیتم بەدەرە؟ پێم سەیر بوو شانۆکارێک داوای ئەوەی دەکرد کە دەبوایە هەرچۆنێک بێت بجووڵێتەوە، وەک ئەوەی جووڵە تەنیا ئەوە بێت لە جێگایەکەوە بڕۆیت بۆ جێگایەکی دیکە. ئاخر دکتۆر میراندا نابێت بجووڵێتەوە، چونکە ئەگەر توانایی جووڵەی هەبێت ئیدی شانۆگەرییەکە ڕوونادات، بەڵام ئەکتەرەکە (عادل عەبدوڵڵا) تێمپۆڕیتمی ڕاستەقینەی خۆی جێبەجێ دەکرد. لەم دۆخەدا ئەوەی کە زاڵە پێی دەگوترێ ڕیتمی ناوەوە، ئەمەش باڵادەستترین ڕیتمی شانۆی سایکۆلۆژییە، کە لە هەست و نەست و ئاخافتن و مەنەلۆگی ناوەوە بە دەردەکەوێت، کە سەرجەمی ئەوە لە تێمپۆڕیتمدا خۆی دەنوێنێت.

## ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە

لە ڕێبازی سایکۆلۆژیایی ڕیالیزمدا ستانیسلاڤسکی دوو جۆرە ڕیتم دەستنیشان دەکات: ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە. کرداری فیزیکی بەچاو دەبینرێت و دەتوانین تێمپۆڕیتمەکەی بە ئاسانی پیشان بدەین لەوانە: ڕاکردن و غاردان..سەما.. مەلەوانی.. شەڕ و زۆرانبازی و بۆکسین.. تاد. تێمپۆڕیتمی ئەم کردارە فیزیکیانە، تایبەتمەندییان ئەوەیە کە ڕیتم و تێمپۆی دەرەوەیان هەیە، بەڵام هەست و نەست و باری دەروونی تێمپۆڕیتمی خۆیان هەیە کە لە دەروونداحەشاردراون.

ستانیسلاڤسکی دەڵێ: ئێمە بیر دەکەینەوە و خەم دەخۆین و خەون دەبینین بە تێمپۆڕیتمێکی تایبەت بەم بارە دەروونیانەوە، چونکە ژیان خۆی لەم ساتانەدا دەنوێنێ، کە ژیانیش هەبێت واتە کرداریش هەیە، کە کردار هەبوو، واتە جووڵەش هەیە، کە جووڵەش هەبوو واتە تێمپۆ (خێرایی - وتیرة)یش هەیە کە تێمپۆیش هەبوو واتە ڕیتم هەیە، منیش ئەوە دەخەمە سەر قسەکانی ستانیسلاڤسکی کە ڕیتم هەبوو مۆسیقاش هەیە.

هەموو هەستێک، یان حاڵەتێکی ئینسانی تێمپۆڕیتمێکی تایبەت بە خۆی هەیە. هەموو وێنەیەکی هونەریش لە ناوەوەی مرۆڤ بێت یان لە دەرەوەیدا، تێمپۆڕیتمێکی تایبەتی هەیە.

تۆ وەک ڕێژیسیۆر دەبێ بزانی ئەو ڕیتمە گوزارشت لەو دۆخ و حاڵەتە دەکات، یان نا! نەک داوای ئەوە بکەیت ڕیتم هەمیشە دەبێت خێرا بێت. بۆ ئەوەیش دەبێت جیاوازی نێوان تەرزە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی شانۆ بزانیت، دەبێ بزانیت بابەتی ڕیتمی زمانی نووسەرانی شانۆی سایکۆلۆژی و ڕەمزی و شانۆی ناتورالیزم چۆنن، ئەمانە ڕیتمیان گەلێ تایبەتن و تا ڕادەیەک خاون، بەو مانایانەش نا کە دیمەنی خێرایان تێدا نەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دیمەنەکانیان لە ڕووی ڕیتمەوە کاتی دیاریکراو و پێویستی خۆیان هەیە و ناتوانیت هەروەها و لە خۆڕایی پەلەیان لێ بکەیت و خێرایان بکەیت، دەنا ئەوی تراژیدیایە بە کۆمیدیا دەشکێتەوە و کۆمیدیا بە مەهزەلەو و دراماش دەبێتە میوزکال، ئەمەش ئەو بۆچوونەم دەسەلمێنێت کە خراپ تێگەیشتن و خراپ بەکارهێنانی ڕیتم کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، لەوانە تێکچوونی سەرتاسەریی ئسلووبی شانۆنامەکە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناشارەزایی و کەمزانی ڕێژیسیۆر دەسەلمێنێ.

## هەر دەقێک ڕیتمی خۆی هەیە

ڕیتمی خێرا یان خاو چییە؟ لە ڕاستیدا هەر بەرهەمێک ڕیتمی خۆی هەیە، ئەویش ڕیتمی ناوەوەو دەرەوەی شانۆگەرییەکەیە، ڕیتمی دەق و بەرجەستەکردنیەتی، ئەمەش دەکاتە ڕیتمی نمایش. ئایا ئەو ڕیتمە ڕیتمی ڕاستەقینەی شانۆگەرییەکەیە، یان نا؟ دەبێ پرسیارەکە بەم جۆرە بێت. ڕیتمی شانۆی سایکۆلۆژی کە ئەورووپییەکان پێی ئاشنان و خەڵکی لای ئێمە پێی ئاشنا نین و لێی بێزار دەبن، بە گشتی ڕیتمێکە لە ڕووی فیزیکییەوە خاو خۆی دەنوێنێ، چونکە بایەخ بە ڕیتمی ناوەوە دەدات، ئەمەش قورسترین و سەختترین جۆری نواندنە بۆ ئەکتەر، چونکە لەسەر تێمپۆی ناخ و دەروون دەڕوات، پاشانیش جەماوەرێکی دەوێ کە نەک تەنیا چاوی، بگرە هەموو هەست و نەستی بخاتە گەڕ، بایەخدان تەنیا بە ڕەهەندی چاو و بینین سەدا نیوەی نمایشەکەت دەگرێتەوە، نیوەکەی دیکەی دەکەوێتە سەر ڕیتمی تێکست و دیوی ناوەوەی شانۆنامەکەت.

## ڕیتم و فۆرم و ستیل

درامانووسە هەڵکەوتووەکان خاوەن شێوازێکی تایبەتن، ئەم شێوازە بە پلەی یەکەم لە زمانی ئەدەبیاتدا بەدی دەکرێت. لە ڕاستیدا زمانی ئەدەبی درامانووس نەفەسێکی تایبەتە بە خۆی، بەو نەفەسە دەگوترێ ڕیتم و تێمپۆ. دیراسەی بەرهەمەکانی کام نووسەری بلیمەت و بەتوانا بکەی هەست بە ڕیتمی تایبەتی زمانی نووسەرەکە دەکەیت. شەکسپیر ڕیتمی خۆی هەیە، هەروەها مۆلێر، ستریندبێرگ، ئیبسن.

کێشەکانی شیعری لای شەکسپیر بە بەراورد لەگەڵ مۆلێردا زۆر جودان. ئەم جیاوازییە بۆ جیاوازی نێوان کەسایەتییەکان و کێشەکانیان و جەو و نەفەسی درامی و مەبەست و پەیامی نووسەر دەگەڕێتەوە.

شارەزایی ڕیژیسێور سەبارەت بەزمانی نووسەر و ڕیتمی زمانەکەی گەلێ گرنگە. دەبێ بەر لە هەموو شتێک هەست بە ڕیتمی زمانەکە بکەیت، ئنجا ئەکتەرەکانت بەو زمانە ڕابهێنیت. ئەکتەرانی ئینگلیز دەڵێن شەکسپیر خۆی ڕیتمی ڕۆڵەکەت دەداتێ، ڕیتمەکە لە ناو زمانەکەدایە، بە وردی و بە قووڵی بیخوێنەوە خۆی لە ناختدا ڕەنگ دەداتەوە و بەرجەستەکردنی ئاسانتر دەبێت. ستانیسلاڤسکی جیاوازی نێوان ڕیتمی زمانی مۆلێر و چێخەفی بەم شێوەیە شی دەکردەوە: لە شانۆنامەکانی چێخەفدا کەسایەتییەکان یاری شەترەنج دەکەن، بەڵام لای مۆلێر کەسایەتییەکان بۆکسێن دەکەن و هەمیشە خۆ دەپارێزن و هاوکات شاڵاو دەبەن.

کە لە ڕووسیا کارم لە سەر شانۆنامەی یاری بە ئاگری ستریندبێرگ دەکرد، بەردەوام بە ئەکتەرەکانم دەگوت: زمانی ستریندبێرگ وەک تەور، یان وەک خەنجەر وایە، ڕووبەڕوو و ئاشکرا و تیژە. ئەکتەرەکان لەسەر زمانی شاعیرانە و مەجازیانەی چێخەف و زمانی ڕیالیستانەو ڕەخنەگرانەی ئەسترۆڤسکی و گروتێسکانەی گۆگۆل ڕاهاتبوون، دەبوایە هەردەم لە سروشتی زمانی ستریندبێرگ ئاگاداریان بکەمەوە.

## ڕیتمی زمان لە وەرگێڕاندا

ڕیژیسێوران بەردەوام تووشی کێشەیەکی سەخت دەبن، کاتێ کار لەسەر شانۆنامەیەکی وەرگێڕدراو دەکەن. بە دەگمەن نەبێت و لە ژێر دەستی وەرگێڕێکی بە تواناو داهێنەردا نەبێت، دەنا ڕیتمی نووسەر و شێوازی زمانەکە تێکدەچێت و دەشێوێنرێت. وەرگێڕ دەبێت شارەزاییەکی باشی لە شانۆ بە گشتی و لە نووسەر و شێوازەکەی هەبێت، ئنجا دەست بۆ کاری وەرگێڕان ببات.

کەس ئەوەندەی وەرگێڕی دوور لە شانۆ و بواری دراما و نەشارەزا لە جیهانی درامانووس و بەرهەمەکانی و ستیل و شێواز و زمانی نووسەر زیان لە شانۆ نادا. وەرگێڕانی شانۆنامە بەقەدەر وەرگێڕانی شیعر ناسکە، چونکە ئەویش بە زمانی وێنەو مەجاز دەدوێت، زمانێک کە لەسەر ڕیتم و مۆسیقا دەڕوات، ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە. ئەو داهێنانە هونەرییەش بەسەرپێی ئەنجام نادرێت و دەبێت کەسانی پسپۆڕ ئەم کارە بکەن.

کە وەرگێڕی نەشارەزا دەقێکی شانۆیی بە ناوی وەرگێڕان دەشێوێنێت، کە ئەمە ئێستا لە گەلێ نێوەندا باوە، بەرهەمێکی نەزۆکی ئەوتۆ دەخوڵقێنێت کە لە ئەنجامدا دەبێتە کۆسپ و ڕێگای داهێنان لە ڕیژیسێور و ئەکتەریش دەگرێت. ڕیتمی زمانی شانۆنامە لە وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە پتر دەشێوێت، بە تایبەتی لە شانۆنامەی کلاسیکدا. بیرمە چۆن وەرگێڕانی یەکێ لە تراژیدیاکانی شەکسپیر لە عەرەبییەوە، شانۆنامەکەی لە تراژیدیاوە کردبوو بە کۆمیدیا. بە گشتی ئەم ئەرکە قورس و سەختە لای ئێمە بە فشە وەردەگیرێت و گەلێ کەس بێباکانە و چاوقایمانە دەیگرنە ئەستۆی خۆیان.

لە ڕووسیا یەکێ لە وەرگێرە هەرە ناودارەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر کە توانیویەتی داهێنەرانە مۆسیقاو ڕیتمی زمانەکەی بەرجەستە بکات، بۆریس پاستێرناکە. شانۆکارانی ڕووس دەڵێن: هەندێ جار دەگەینە ئەو باوەڕە کە زمانەکەی شەکسپیر ناگاتە ئاستی زمانەکەی پاستێرناک. ئەم پێ لێ هەڵبڕین و پێوەنانە زۆرتر لە فشە دەچێت! بەڵام ڕووسەکان پێیان وایە کە پاستێرناک گیانی بە بەرهەمەکانی شەکسپیردا کردووە.

# خۆشترین گۆرانی له دەقێکی کراوەدا

**کەمال غەمبار**

**شانۆی سالار خەرمان بەرەکەت**

هەر لە سەرەتادا لە دەقەکە و شانۆگەرییەکەدا دیواری چوارەم نامینێ، دەرگا بۆ جەماوەری ئامادەبووی هۆڵی گەل لە ئێوارەی ٢٠٠٧/٣/١٢ دا، واڵا دەکرێ. (مام بارام) یەکسەر ڕوو دەکاتە دانیشتوان و دەڵێ: «ئای بان چاوان، یاخوا بەخێربێن، سەرچاو و سەری بارام، ئەڵێن واچاکە ماوەیەک چاوەڕوانبین تا میوانەکانی تریش ئەگەن، فەرموون هەمووان گەیشتوون... خەڵکینە کە بیر لەو ئاهەنگە دەکەمەوە، تەوژمی شەپۆلی بیرەوەرییەکان دەمهەژێنێ، چەندە بکەم و چەندە بکۆشم دەرباز بوونم نییە...»

لە ڕێگەی گێڕانەوەی حەقایەت دەچێتە ناو ڕووداوەکان... گێڕانەوەی خەون لەشێوەی حەقایەتی کۆن: هەبوو نەبوو... بەستنەوەی هێلانەکردنی مەلێک لەسەر درەخت بە دروستکردنی ماڵی (نێرگز) ... مەلە تەریک کراوەکە ڕەمزی ئازادی و سەرفرازی و ڕاونان و خەفەکردنی دەنگی سەربەستییە، بۆیە دوژمنان ڕێگەیان لە خەڵکەکە دەبەست. پێکانی نێرە پۆڕەکە و کوشتنی و لاربوونەوەی پۆڕە مێینەکە لەتاو هاوسەرەکەی نیشانەی لەناوبردنی عەشقی بێگەردە، لەبن هێنانی ڕەگوڕیشەی ژیانی ئاسوودەیی و سەقامگیرییە، جینۆسایدی مرۆڤی لاشەڕە... «ڕووتکردنەوەی درەختەکان ... وەراندنی شکۆفەکان ... بێ بەربوونی باخ...» نیشانەی وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستانە... شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالە. بە پێچەوانەوە (لاوە) سەرقاڵی دیوار هەڵچنینە، کە بەگژداهاتنی شاڵاوی تێکوپێکدانە،

خۆڕاگرتن و کۆڵنەدانە.

باسکردنی خەڵووز و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا دێ، نیشانەی ئەوەیە کە دەکرێ گۆڕانکاری لە شێوەو ڕەنگ بێتە دی، بەڵام لە گەوهەر و کرۆکی خۆی دەرناچی، نابێتە شتێکی تر، کورد هەر کوردە ئەگەر بە دەستی ئەنقەست مێژووەکەشی بشێوێنرێ.

وێڕای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کوردیان هێناوە کورد نەبوو بە جەوهەرێکی تر، هەر بەردەوامە لەگەڵ ڕێچکەی ژیان و کۆڵنەدان و ماڵ پێکەوە نان و خێزان دروستکردن و لەدایکبوونی نەوە دوای نەوە.

هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) جۆرە پێوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان شتەکان پێکدێنێ، خۆشەویستی و ئاوێتەبوونی دڵدار و دلبەر، هاوسەر و هاوسەر... گەرمکردنی سەمای هەور، هەوای ژوان داکردنی بارانی خۆشەویستییان بە دواوە دێ. سەرلەنوێ بووژانەوەی ژیان دەست پێدەکات و لەدایکبوونی کۆرپەیەک مژدەیەکی خۆشمان پێ دەبەخشێ کە ژیان بەردەوامە.

ئەو مەلەی لە سەرەتادا هەموو ڕێگەیەکیان لێ تەنی بوو، لەناو وتووێژی ئەکتەرەکاندا جۆرە پرسیارێک دەوروژێنێ، لە دەمی (مام بارام)ەوە: «تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان مەلەکە عاشق نەبێ؟» مەلەکە لەو دارستانە چڕوپڕەدا خەریکی خوێندنی دەرسی عەشقە، هەر بە ڕۆژیش لەبەر ڕووناکیدا دەخوێنێ، شەویش لە ترسی دەعبا و جانەوەر و گورگی کەڵبەسوور کە چوار دەورەی دارستانیان داوە دەکەوێتە بارێکی تر... کە مەلی دارستانەکە بێدەنگ دەبێ، نیشانەی ترس و نیگەرانی و نەهامەتی ژیان لێ تاڵ بوونە و خەفەکردنی دەنگی ئازادی باڵی بەسەر هەر سێ کەسەکە دادەگرێ، بۆیە (لاوە) بیر لەوە دەکاتەوە کە لە دارستانەکە دەرچێ و لەسەر چیادا لانەیەک بکات و بیر لە زۆر شتی تر بکاتەوە.

لێرەدا دەبێ مەلەکە بخوێنێ، بۆیە لاوە و نێرگز دەپرسن: «کەی مەلەکە دەخوێنێ و کەی لانەکە دەکرێ؟»

دروستکردنی خانوو لە شوێنێکی ئاوا بەرز و سەختدا نیشانەی خۆ قایمکردنی پێشمەرگە و خەڵکی شۆڕشگێڕە، کە عاشقانی ئازادین و هیچ دەستێک زەفەریان پێ نابات هەروەک وتراوە: «کورد دۆستی نییە چیا نەبێ».



تەگبیرکردنی خانوو دروستکردن لە ڕێگەی فلاشباکەوە نێرگز بەرەو ئامۆژگارییەکی دایکە ڕەحمەتییە دنیا دیتەکەی دەباتەوە کە وتوویەتی: «بە نەدرکاندنی نهێنی سەرکەوتن دەبەیتەوە» لە هەمان کاتدا نێرگز دەچێتە پێستی دایکی و ڕۆڵی ئەو دەبینێ نەک لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕۆح، بەڵکو زیندووکردنەوەی بە گۆشت و خوێن: «کچێ نێرگزەکەم ئاگاداربە دار و دیوار گوێی هەیە تا وریا بی کەمە. ئێمە سەد جار ماران گاز بووین، لە خشەی گەڵاش ئەسڵەمینەوە. کچەکەم ئامانە ئامان».

لەناو جەرگەی نێوان نەسرەوتن و دڵەڕاوکێ و ئومێدبوون بە ژیانێکی پڕ شادی و کامەرانی و لەدایکبوونی کۆرپەیەکی ئازیز کە نیشانەی چەکەرەکردنی ژیانێکی نوێیە و لەنێوان بەستنەوەی کۆنی پڕ لە ئەزموون و سەرکەوتن و ژێرکەوتن و ئەمڕۆی گەشبینی بە ئایندە و ڕۆژانی داهاتوو، مەلی ئازادی کە سەیر دەکات دارستانەکە بێ نازە ڕوودەکاتە خۆری ڕووناکی و ئازادی کە بارنەکات و بگەڕێتەوە، بەڵێن دەدات کە گۆرانی بۆ ڕۆژ بڵێ، مانگیش کە ئابدەی عاشقانە لەتەک ڕۆژدا دەردەکەوێ، بۆیە دەڵێ: «نەکەی برۆی ئەوە هاتم».

کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکە بەو گەشبینی و پڕ ئومێدە، نیشانەی باوەڕکردنە بەهێز و وزەی پڕ دینامیکی بزاڤی عەشقی پیرۆزی خاک و نیشتمان و خۆ بەستنەوەی بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، کە هەرگیز لە خاکی خۆی هەڵناقەنێ مادامەکی ڕەگوڕیشەی بە قووڵی لەو خاکەدا داکوتاوە و مەلی عەشق و ئازادی و خۆشەویستی بۆی دەخوێنێ.

هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) نەهاتووە



بەشێوەیەکی ڕووکەشانە بیرۆکەی شانۆنامەکە دابڕێژێ، بەڵکو زۆر بە قووڵی چۆتە ناو مەسەلەکان، لە ڕێگەی تەوزیفکردنی حەقایەت و خەونی ئەرخەوانی و بەستنەوەی بە پەند و قسەی پێشینان و کولتوور و سامانی نەتەوایەتیمان و ئەفسانە و ئامادەبوونی مێژووی پڕ لە شانازی خەباتی بێ وچانی گەلی کوردمان پردێکی زێڕینی لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا هەڵچنیوە، شانۆی ڕەسەنیش ئەو شانۆیەیە کە ڕەسەنایەتی تێکەڵ بە نوێخوازی دەکات، کە خزمەتی بەرژەوەندی ئەمڕۆ و سبەینێی کۆمەڵی کوردەواری بکات کە سیمای شانۆی نەتەوەیی و مرۆڤخوازی پێوە دیاربێ.

لێرەدا بۆم هەیە بڵێم هەر هونەرمەندێک هەرچەندە لە بواری هونەرەکەیدا ئەوپەڕی داهێنان و ئەفراندن بکات، ئەگەر مۆرکی خۆماڵی پێوەدیار نەبێ، تەعبیر لە کرۆکی میللەتی خۆی ناکات و هەر هونەرمەندێکی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا کە بەرهەمێک پێشکەش دەکات، ئەگەر بەرهەمەکە ڕەسەنایەتی کوردی تێدا نەبێ، بە هونەرێکی کوردی لە قەڵەم نادرێ، بۆیە (گۆران)ی شاعیر لەکاتی خۆیدا کە وتوویەتی: «میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵلا» هەقی بووە، کە مۆسیقا گیانی دەبزوێنێ بەرانبەر شمشاڵ ژەنێکی خاوەن بەهرەی ڕەسەن وابڵێ، کە هەر نەتەوەیەکیش مۆسیقا و گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیە و شانۆی زیاتر تەعبیر لە مێژووی ڕەسەنی کۆن و نوێی کوردی دەکات و دەرگا والاتر دەکات بۆ ناسینی دابونەریت و هزر و خەون و خەیاڵ و خولیای گەلی کوردمان، هەروەها بەستنەوەیان بە هەست و نەستی مرۆڤایەتی.

لەم ڕوانگەیەوە کە لە ئاست شانۆگەرییەکانی هونەرمەندی ناسراو (ئەحمەد سالار) دەوەستین، دەبینین جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم، قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە چ لە ڕووی دارشتنی دەق بە زمانێکی سفت و سۆڵ و هەستێکی ڕۆمانسییانەی شیعر ئامێز کە لە ڕێگەی شارەزابوونی لە مێژووی کولتووری ئەدەب و ڕۆشنبیری و دابونەریتی کوردەواری و مێژووی شانۆی جیهانی، ئەوانە گشتیان بوونەتە بەردی بناغەی پێکهێنانی ئەو قوتابخانەیە کە بە ناوی (شانۆی سالار)ە. پرۆفیسۆر «ڕۆبەرتۆ شۆلی» جوانی بۆچووە کە دەڵێ: «لە تەنیا تەماشایەکی چاوانی هونەرمەند (ئەحمەد سالار)دا دوو هەزار ساڵی شانۆ دەبینم...».

ئەم شانۆگەرییە سێ جار نمایش کراوە، جاری یەکەم لە لایەن تیپی شانۆی سالارەوە بەشداری شەشەمین فیستیڤاڵی شانۆی کوردی کردووە لە شاری سەقز کە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ٣/ ١٠/ ٢٠٠٤ لە هۆڵی شانۆی بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری سەقز نمایشکرا، هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش دەری هێناوە دوایی لە شاری سلێمانی جارێکی دی نمایش کراوەتەوە، دواجار لە هۆڵی گەل لە هەولێر ئێوارەی ٢١/ ٣/ ٢٠٠٧ نمایش کرا کە خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون و منیش یەکێک بووم لە بینەران و دوای دیتنی شانۆگەرییەکە. دەقەکەشم بە وردی خوێندەوە کە لەگەڵ دوو دەقی تر لە کتێبێکی سەربەخۆدا بەناوی «خۆشترین گۆرانی -ئەحمەد سالار- ئینستیتوتی کەلەپووری کورد ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوی کردۆتەوە.


لە ڕاستیدا ئەم شانۆگەرییە دەچێتە خانەی شانۆگەرییەکی کراوە کە هونەرمەند کۆمەڵێک تاکی هەمەجۆری لە جەستەی شانۆنامەکەدا کۆکردۆتەوە، وەک تەوزیفکردنی پەند و قسەی پێشینان و شیعر و سەما و گۆرانی و ئەفسانە و خەون و حەقایەت و سۆزی خۆشەویستی و ئەڤین و هەستی نەتەوەیی و گیانی خۆڕاگرتن و بەگژدا هاتن و خۆشەویستی ئازادی و خاک و گەل و.. تاد هەر لە سەرەتاوە نووسەری تێکستەکە دیواری چوارەم دەڕووخێنێ و دەرگا بۆ ئەو هەموو تاکانە (مفردات) والا دەکات و بە شێوەیەکی هونەرییانە ئاوێتەیان دەکات و لە چینی تەونی شانۆنامەکەدا تەوزیفیان دەکات، کە لە ڕەوتی دارشتنی دەقەکەدا ڕەمز

و هێما و تەکنیکی نوێ وەکو زیندووکردنەوە و بە زمانی مردوو دووان بەکاردەهێنێ، هەروەها لە هەندێ شوێندا جۆرە تەمێک بە ڕەنگ و ڕوخساری ڕووداوەکان دەبەخشێ کە خوێنەر و بینەر دەخاتە بەردەم لێکدانەوەی هەمەجۆر. دەقی ڕەسەن و داهێنەرانە ئەو دەقەیە کە بە سانایی خۆی بە دەستەوە نەدات کە شێوەی ڕووکەش بەخۆوە بگرێ. هەرچەندە هەرسێ ئەکتەر لەسەر شانۆدا دەجوولێن و دەدوێن، بەڵام دەبن بە چەند دەنگ و چەند کەسێکی تر، ئەمەش بەڵگەو نیشانەی داهێنانی نووسەرە کە شێوازی فرە دەنگ و فرە کەسایەتی بەکارهێناوە و نەیویستووە بە شێوەیەکی تەقلیدی کەسانی تریان بۆ دابنێ و سەر شانۆیەکەی پێ قەرەباڵغ بکات.

لە ڕووی دەرهێنانی دەقەکەوە هونەرمەندی بەهرەداری لاو (ئەرسەلان دەروێش) بە دیکۆرێکی خاکسار و ئێکسسوارێکی پوخت و کەم شێوەی دارستانێکی چڕوپڕی پێکهێناوە، بەڵام بە بیرۆکەیەکی قووڵی پڕ دەلالەت تەعبیری لە ڕەوشی واقیعەکە کردووە، هەرچەندە هێزی دەرەوە ویستوویەتی کەلەبەر و بۆشایی بخاتە ناو دارستانەکە، بەڵام کارەکتەرەکان هەوڵەکانیان پووچەڵ کردوونەتەوە تۆکمە و پتەوتریان کردووە. وێڕای دەنگ و ڕووناکی کە لە خزمەتی نمایش کردنەکەدا بوون، هەرچەندە کە هۆڵی نواندنەکە خاسییەتی شانۆی مۆدێرنیان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام دەرهێنەر داهێنانی لە دەرهێنانەکەدا کردووە، ئەوە ماوەیەکیشە کە ئەو هونەرمەندە بۆتە مۆرکی تایبەت بەخۆی ئەو بۆشاییەی کە هونەرمەند (ئەحمەد سالار) لە دەرهێنانی شانۆنامەکانی جێی هێشتووە پڕی کردۆتەوە و جار لە دوای جار ئەفراندن لە دەرهێنان دەکات و گرەوی سەرکەوتن دەباتەوە.

لە ڕووی نمایش کردنیشدا، بەڕاستی هەرسێ ئەکتەر، ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی بەرچاو و چاک بینی، بەتایبەتی (حەمە سەعید ئیبراهیم) لە دەوری (مام بارام)دا، کە لە کەسایەتی خۆی ترازا بوو، تارادەیەک کەسایەتی (مام بارام)ی بەجۆرێ بەرجەستە کردبوو کە بینەر نەیدەناسییەوە کە خودی خۆیەتی. بەش بە حاڵی خۆم کە لەمێژە دەیناسم، نەمناسییەوە، چونکە (مام بارام)ی پیرەمێرد بوو بە گۆشت و ئێسقانەوە کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕۆڵی خۆی دەبینی. هەروەها (شۆخان بەکر) لە دەوری (نێرگز)دا کە بۆ یەکەمین جارە دێتە سەر شانۆ دوور لە هەر جۆرە دەستکردێک دەوری هاوسەر و دایکی بینی، ئەم کارەکتەرە وزەیەکی باشی تێدایە و پاشەڕۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات ئەگەر بێتو زیاتر لەم بوارەدا قاڵ بێتەوە و لەسەر هونەرەکەی بەردەوام بێ. هەروەها (لاوە) کە (پشکۆ عەلی) دەورەکەی بینی ئەویش درێغی نەکرد و دەوری خۆی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بینی.

شانۆگەری «خۆشترین گۆرانی» گواستنەوەیەکی نوێیە لە بەرهەمەکانی مامۆستای هونەرمەند (ئەحمەد سالار)، بەهیوای سەرکەوتنی زیاتر و بەرهەمی بەپێزتر و تەمەنێکی درێژ.



# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە


وریا ئەحمەد

**مامۆستا کەریم شارەزا**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠) کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٧) لە بارەگای گۆڤاری (مێرگ)، لە شاری هەولێر بۆ چەندەمین جار، چاومان بەو مامۆستا بەڕێزە کەوت.

لێمان پرسی: بەڕای ئێوە مێژووی گۆرانی و موزیکی شاری کۆیە و دەوروبەری بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟ مەبەستمان لە یەکەم سەرهەڵدان و دەسپێکی گۆرانی و موزیکە لەو شارەدا؟

گوتی: لە سەردەمێکی یەکجار کۆنەوە لەو ناوچەیەدا ماوەدراوە ئامێرەکانی موزیکی وەک (دەهۆڵ وزوڕنا) بژەنرێت، لە تەک ئامێرەکانی دیکەی موزیک، وەک (شمشاڵ، بلوێر) بەتایبەتی (بلوێر) کە زۆرتر بەدەست، شوان و گاوانەوە دەبینرا، ئەمە وەک سەرەتایەکی زۆر کۆن، بەڵام دوای هاتنی ئینگلیزەکان، حکومەتی عێراق دامەزراو ماوەیەکیش بزووتنەوەی (شێخ مەحموودی نەمر)، کە لەوماوەیەدا گەلێ ئامێری موزیک بۆ قوتابخانەی یەکەمی کۆیە ڕەوانەکرا، لەوانە ئامێرەکانی {کەرەنا، بووق، تەپڵ، تاس مەعرف (سەنج} بوون، قوتابیان خۆیان باندی موزیکیان پێک هێناو تا ڕادەیەک دەیانتوانی ئەو باندانەی موزیک بەڕێوە ببەن، هەر کاتێکیش کێشەیەکی ژەنینی یەکێک لەو ئامێرانەی موزکیان تووش بوایە، بۆ لای مامۆستا (جەلال حەوێز) دەچوون، ئەو زۆرباش ئامێری (تەپڵ)ی دەژەند و سەری لە ئامێرەکانی دیکەش دەردەکرد، شایانی باسە مامۆستا جەلال حەوێز ساڵی (١٩٣٠) وەک مامۆستای سەرەتایی لە کۆیە لە قوتابخانەی یەکەمی کۆیەدا، بە مامۆستای سەرەتایی دامەزرابوو، وەک مامۆستا (باکووری)ش لە


کەریم شارەزا

کتێبی (تەمەن)دا ئاماژەی بۆ کردووە {باکووری لە پۆلی یەکی سەرەتایی، لە قوتابخانەی دووەمی کۆیەدا، لە (عوود) ژەنینی مامۆستا جەلال حەویزەوە، حەزی چۆتە ئەو هونەرەوە!} ئەو کۆمەڵە ئامێرەش وەک مامۆستا کەریم فەرمووی: لە کۆمپانیای (عەببوود)ەوە، پێشکەشی قوتابخانەکانی یەکەمی (هەولێر) و (کۆیە) کرابوون، جا ئەو باندە لەناو بازاڕی کۆیەدا، بەڕێ کردنەوە موزیکیان دەژەند، هەروەها کاتی سەیرانی قوتابخانەش ئەو ئامێرانە دەژەنران، بەتایبەتی ڕۆژی سەیران، لەسەربانی قوتابخانەکەوە ئامێری بووق و کەڕەنا دەژەنران، تا خەڵکی بزانن سەیرانەو هەچ کەسە، خواردن و پێداویستی سەیران بۆ خۆی ئامادە بکات و لەگەڵ ئەو باندەی موزیکدا، بەرەو سەیرانگەی (ئۆمەرخوچان) و ڕەزەکانی دیکەی کۆیە بڕۆن.

بەڕای مامۆستا کەریم شارەزا، یەکەم جار ئەو هونەری گۆرانی و موزیکە، لەسەردەستی (حاجی بەکر ئاغای) باوکی (ئەمین ئاغای ئەختەر)ەوە کە نازناوی شیعری (قاسید) بووە، دەستی پێکردووەو دواتریش کوڕەکەی (ئەختەر)، کە شاعیر و هەم مەقامزانیش بووە، بەڵام بەڕای مامۆستا کەریم: ئەختەر مەقامبێژ نەبووە، بەڵکو تەنیا مەقامناس بووە، دوای ئەوانەش (مەربێنی کوڕی قەشە شابیل) کە بەقسەی مامۆستا کەریم، لە مەقامەکاندا لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هونەرەدابووە، ئینجا (نەشئەتی ڕەشید ئاغا) و (پووتێ) و (حاجییە گەورە) ناویان دەرکردووە، بەڕای مامۆستا کەریم: کولتووری گۆرانی و موزیکی دیانەکانی کۆیە، کولتووری کوردییەو دیانەکانی کۆیە جگە لە چەند وشەیەک کە لە کاتی ژن مارەکردندا، بە زمانی کلدانی دەیخوێنن، هیچ شێوەو ستایلێکی دیکەی تایبەت بەخۆیانیان نەبووە، ئەوی دی هەمووی کوردین! دوای ئەوانە (سێوە) دەرکەوت سێوە لە گوتندا، خەتێکی (فۆلکلۆری کوردی) وەرگرتبوو،

(ئەمەیان ڕای مامۆستا مەسعوود محەمەد)یشە ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت، سێوە زۆرتر (بەیت) و (بەندی) دەگوتن. بۆ نموونەی (بەیت):


**ئەرێ گورێ گورە جوانێ**
**سینگ سپیێ مەمک فنجانێ**
**داک حدودێ باب شاسەیوانێ....... تاد**

بەندەکانیش ئەوانەی (عەلی بەردەشانی) دەگوتن.

کەچی (مەلا ئەسعەد) کە هاوتەمەنی سێوە بووە، لە گوتنی مەقامەکاندا خەتێکی (کلاسیکی) بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، بۆ نموونە شیعرەکانی (نالی، وەفایی، مستەفا بەگی کوردی، شێخ ڕەزا.. تاد) دەگوتن، دیسان مامۆستا کەریم گوتی: (ئەحمەدی حەمە مەلا) جگە لەوەی مەقامبێژی چاک بوو، ئوستادی مەقامیش بوو! لە بۆنەکانی نیشتمانی بۆ نموونە (ئاهەنگی نەورۆزەکانی کۆیە) بەشداری دیاروبەرچاوی هەبوو، دەتوانین بڵێین (ئەحمەدی حەمە مەلا) لەگەڵ مەلا ئەسعەدو ئەوانا، یەکێک لە ئوستادەکانی گۆرانیبێژی نەمر (تایەرتۆفیق) بووە، کەچی بۆ نموونە: سێوە کاریگەری لەسەر تایەرتۆفیق نەبووە.

گوتم: مامۆستا کەریم گیان، کاک مەسعوودی کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، لە بەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی)دا، مێژووی هونەری گۆرانی و موزیک لەشاری کۆیەو دەوروبەریدا، بۆ سەردەمی (خدری کوڕی عومەری کوردی) کە بە (جەمال ئەل مەشریقی) ناوداربووە، دەگێڕێتەوەو دەڵێت: بەر لە (٦٣٢) ساڵ، یەک لە دوو مۆسیقاژەن و زانای موزیکی هەرە گەورەی ئیسلام هونەرمەندو ڕۆشنبیرێکی کۆیی بووە! تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

مامۆستا گوتی: کاک مەسعوود بەو پێیەی لە ڕێگەی (کتێبخانەی جەلی زادان)ەوە، بە هەموو کتێب و دەستنووسەکانیشیەوەی، لەبەردەستدابووەو دیارە لە ڕێگەی دیراساتی تایبەتی خۆیەوە، بەم ڕاستییە مێژووییە بەهادارانە گەیشتووە، کۆیە کاروانسەرابووە، سەردەمانێکی زۆر کۆن ئەو کاتەی من باسی دەکەم، بازرگانی (ئاوریشم) ڕەواجی بووە، ئەویش لە (هیندوستان و پاکستان و چین)ەوە، بە کوردستان



جەلال حەویز

گەییوەو بە شاری کۆیەشدا ڕەت بووە، جا لەو کاتانەدا کە هاتوچۆ بە سواری وڵاخ بووەو کۆیەش کاروانسەراو سەرەڕێ بووە، شەوانە ئەو خەڵکانە لە خانەکانیدا ماونەتەوەو شەوی درێژی ئەوسای بێ کارەباو هۆیەکانی ڕابواردن، دەستیان لە بناگوێیان ناوەو مەقام و هەمەجۆر شتیان گوتووە، خەڵکی کۆیە لەو گوتنانەیان سوودیان دیوەو ئەو دەنگخۆشە میوانانەش لە دەنگخۆش و مەقامزانانی کۆیە سوودمەند بوونە. پرسیارێکم دەربارەی هەوڵی مامۆستای خوالێخۆشبوو (تایەر ئەحمەد حەوێزی) لێکردو لەم بارەیەوە گوتی: مامۆستا تایەر- یادی بەخێر- هەوڵی چاکی داوەو کەرەستەیەکی زۆری خاوی بۆمان کۆکردۆتەوەو بە چاپیشی گەیاندوون، ئەوەندە هەیە: خۆی بە هیچ جۆرێک قسەی لەسەر ئەم کەرەستە خاوانە نەکردووەو ڕای خۆی دەربارەیان بۆ ئێمە ئاشکرا نەکردووە، قسەکان و ڕووداوەکانی چۆن وەرگرتوون، بەهەمان شێوەی ئەسڵی وەکو خۆی دایناون و بە هیچ جۆرێک، شتێکی لەلایەنی خۆیەوە بۆ زیاد نەکردوون! بەڵام دیارە ئەو شتانە نرخی خۆیان هەیە. مامۆستا کەریم فەرمووی: لە کۆیە دوو کەس هەبوون (مام عەلی هەمینەی لەیلێ) و (ڕەشیدی عەولای مەلا یونسی)، کاتی خۆی بوونە گۆیندەبێژی (خانمی وەسمان پاشای جاف) مام عەلی دوای چەندین ساڵ بۆ کۆیە گەڕایەوەو ئەوی دی لەوێ مایەوەو نەگەڕایەوە، شایانی باسە مام عەلی گەلێک هۆنراوەی فۆلکلۆری، لەو ماوەیەی لای ئەوان مابووەوە فێرببوو، هەر بۆ نموونە: لە گۆرانی گوتنی ناو شاییدا، ئەویش بەدەم چەپڵە لێدانەوە، دەیتوانی لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردەوام بێت، بەمەرجێک یەک دێڕ چییە دووبارەی نەکاتەوە! ئەو (مام عەلی)یە توانای گێڕانی شایی چەند شەو و چەند ڕۆژی هەبوو، لە سەرەتای حەفتاکاندا کۆچی دوای کرد. بۆ مامۆستای (عوودژەنی دێرینی شاری کۆیە- جەلال حەویز)یش گوتی: لە بیرمە من لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدابووم، ئەو مامۆستا هونەرمەندە وانەکانی (سروود) و (کوردی) و (ئینگلیزی) پێ دەگوتین، لەوانەی سروودد‌ا ئامێری (عوود)ی بۆ دەهێناین و بە موزیکەوە فێری سروودەکانی کوردی و هەندێ جار عەرەبیشی دەکردین.

مامۆستا کەریم لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی ژمارە (٥٧)ی کانوونی دووەم و شوباتی ساڵی (١٩٨٠) و لەژێر ناونیشانی (کۆیەو ئاوازو گۆرانی کوردی لەنێوان مەلا ئەسعەد و سێوەدا) نووسیویەتی: کۆیە لە کۆنەوە شاری زانست و ئەدەب و هونەری ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردی بووە. لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەدەیان زانای ئایینی ناودار و شاعیری بەهرەدار و گۆرانیبێژی هونەرمەندی لێ هەڵکەوتووە. جووڵانەوەی هونەری کوردی لەو شارە زیندووەداو لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، لەسەر دەستی شاعیر و مەقام شناسی هونەرمەند (ئەمین ئاغای ئەختەر ١٨٣٩- ١٨٨٧)ی زایین، بووژایەوەو کەرەستەیەکی تازەی زەوقی هونەری خرایە پاڵ، کە ئەویش مۆسیقا بوو، چونکە وەک پێمان گەیشتووە لە سەردەمی ئەمین ئاغادا، بازاڕی بەستە سازی و مۆسیقا شناسی، کە میراتێکی یەکجار کۆنی ڕابردووی کۆیەیە، نوێ بووەوەو بووژایەوە. چەند مەقامبێژێکی بلیمەتی وەک: (مەریێنی قەشە شابیل ١٨٣٥- ١٨٩٥) دەرکەوتن و هونەری مەقامی کوردییان بووژاندەوە، کاروانی ئاواز و گۆرانی نوێیان پێش خست و بە ماوەی پازدە - بیست ساڵێک دەستەیەکی تازە لە مەقامزان و گۆرانیبێژی شارەزا، سەریان هەڵداو هاتنە مەیدانی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی، وەک: (نەشئەتی ڕەشید ئاغا) و (حەنیل) و (حاجییە گەورە) و (شێخ نەجمەدینی شێخ کەریمی بەرزنجی) و (عەبەی چایەچی)، دوای ئەو دەستەیەش وەچەیەکی نوێتر هاتنە پێشەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەو هونەرە جوانە لەوانە: (حوسەینی شاعیر ١٨٨٨- ١٩٣٣) و (ڕەفیق چارچاو) و (سمایلە خڕە) و (ئەمینی سەمەنێ) و (مەلا ئەسعەد ١٨٩٠-

١٩٥٨) و (سێوه ١٨٩١- ١٩٦٤) و (قادری مام حوسێن) و (قادری حەمەدی حەمامچی ١٩٠٤- ١٩٨١) و (ئەحمەدی حەمە مەلا ١٩١٣- ١٩٦٩) و ئێستاش مامۆستا (تایەر تۆفیق) لە کاروانی ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردیدا، میراتگری ئەو هونەرمەندانەیە.

دواتر مامۆستا کەریم ئەم بابەتە دەڕوات و دەڵێت: ئاواز و مەقامی کوردی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لە شاری کۆیە دوو ڕێبازی سەرەکییان وەرگرتووەو تا سەرەتای چلەکان وەک دوو هێڵی هاوڕێک درێژ بوونەتەوە، ئەم دوو ڕێبازەش ئەمانەن:

١- ڕێبازی فۆلکلۆری: ئەم ڕێبازەیان پشتی بە ئاواز و شیعری فۆلکلۆری لە جۆری (بەیت) و لەسەر کێشی بەندی دەبەست، سەرکردەی ئەم ڕێبازەش (حەنیل) و لە دوای ئەویش (سێوە)بووە، کە دوو میراتگری لێهاتووی ئاواز و مەقامەکانی سەردەمی (ئەمین ئاغای ئەختەر) و (مەڕیێن)ی مەقامبێژی لێهاتووی کورد بوون، مۆرکێکی تایبەت بە کۆیەو ڕەسەنایەتییەکی ئاواز و گۆرانی نەتەوەی بەسەرەوە بووە، چونکە ڕەگی قووڵ ڕۆیشتووە بۆ ناو دەروون و ویژدانی میللەت و تۆمارێکی ڕاستگۆی ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

٢- ڕێبازی کلاسیکی: ئەم ڕێبازەیان پشتی بە شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردو فارس بەستووە، سەرکردەی ئەم ڕێبازەش (مەلا ئەسعەد)ی مەقامبێژمان بووە، بە ئاشکرا کەوتۆتە بەر کارتێکردنی ساز و ئاوازی مەقامی فارسی و کوردستانی ئێرانەوە.

لە نێوانی ئەم دوو ڕێبازەشدا، لە سەرەتای چلەکاندا ڕێبازێکی نوێ سەری هەڵدا، کە دەتوانین ناوی بنێین ڕێبازی (ڕۆمانسی شۆڕشگێڕی) چونکە بە ئاواز و دەقەوە، هەموو کەرەستەکانی هەر ئاخ و ئۆف بوون! بۆ ڕابردووی تاڵ و سوێری میللەت و ناگوزووری میللەتی ئەوسا، هۆی ئەم لە دایک بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی هەستی نیشتمانی و گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەلایەتی گەلی کورد و بەهێزبوونی تێگەیشتنی ڕامیاری، لەلای نەوەی نوێ و هونەرپەروەرانا، ئەم ڕێبازەش لەسەر دەستی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (ئەحمەدی حەمە مەلا ١٩١٣- ١٩٦٩)وە خولقاو چەند گۆرانیبێژێکی ڕەسەنی وەک (تایەر تۆفیق) سوودیان لێ وەرگرت و بوون بە سوارچاکی ئەم ڕێبازە نوێیەو گۆرانی نەتەوەیی ڕامیاری، بوو بە کەرەستەی بەهرەداری ئەم ڕێبازە.

## کتێبی مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا

**نووسینی: کەریم شارەزا**

لە لاپەڕە (٣) پێشەکی کە ناوی ناوە (وشەیەک)، هاتووە:

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر گۆرانی و مەقامەکانی (سێوە)ی مەقامبێژو هونەرمەندی کورد، لەگەڵ دەست نیشان کردنی، ڕۆڵی شاری کۆیە، لە کاروانی ئاواز و گۆرانی کوردیدا.

ساڵی (١٩٤٥) بۆ یەکەم جار، لە کۆیە ئاهەنگی نەورۆز بە ئاشکرا گێڕدرا، دیارە سێوەی هونەرمەند لەو ساڵەدا لە جەژنی نەورۆزدا، بە مەقام و گۆرانی بەشداری کردووە، کاتێکیش ساڵی (١٩٥٨) لە کۆیە کۆمەڵەی (بووژاندنەوەی هونەرە جوانەکان) دامەزرا، سێوەیان وەک ئەندامێکی (شانازی- فەخری) لەو کۆمەڵەدا وەرگرتووە، دواتر لە ئاهەنگەکانی تیپەکانی (باواجی) و (مەولەوی)دا لە شارەکانی (کۆیە، سلێمانی، هەولێر، ڕانیە) سێوە بە مەقام و گۆرانی بەشداری لەو ئاهەنگانەدا کردووە.

لە لاپەڕە (٥)دا هاتووە: گەلی کورد لە سەرەتای بوونیەوە تاکو ئەمڕۆی، خاوەنی هونەری ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆی بووەو ئەو هونەرەشی بە پێی قۆناغ و سەردەمی ژیانی وەک ڕاستییەک، هەردەم لە بازنەو بواری سەرخانی ژیانی ئابووری کۆمەڵگاکەی دەستەو چینە کاربەدەستەکانی ئەو سەردەمەدا سووڕاوەتەوە، هەرچەندە دیوی دووەمی ئەو هونەرەشی بۆ سوود و ماندوو حەسانەوە، یان بۆ ئاخ هەڵڕشتنی چینە زەحمەتکێشەکانیشەوە خولقابێ، بەڵام ئەو ڕێگاو بوارە ئاشکراو فراوانەی پێ نەدراوە، تا وەک دیوی یەکەمی گەشە بکات و بکەوێتە ناو ئەنجومەنی کاربەدەستانەوە، بۆ ئەوەی بایەخی شایستەی خۆی پێ بدرێت.

ئەم هونەرەش بە هەردوو دیوەکەیەوە، لە هەمان سەرچاوەوە لە ژیان و دەوروبەرەوە سەریان هەڵداوە. چونکە جگە لە بارە ئابوورییەکەی ژیانی مرۆڤی کورد سروشتی دەوروبەرەکەیشی بەشێکی جودا نەکراوە بووە، لە ژیانیداو دەورێکی کاریگەری هەبووە، لە خولقاندن و داهێنانی ئەم هونەرە جوانەدا.

هەرچەندە جاران خۆشخوان و گۆرانی و مەقامبێژان،

وەک هونەرمەندێکی ئەم ڕۆژگارە چاویان لێ نەکراوەو ڕێزیان لێ نەگیراوە، بەڵام هەردەم لە قۆناغ و مەجلیسی میر و ئاغاو پاشاو کاربەدەستاندا، لە کوێخا و گزیر و سەرکار و پاکار و بەردەست ماقووڵتر بوونە. (پێشەکی کتێبی توحفەی موزەفەریە)ی (ئۆسکارمان، ساخکردنەوەی (هێمن موکریانی- بەغدا٠ کۆڕی زانیاری کورد- ساڵی ١٩٧٥- بەشی یەکەم، لاپەڕە (٧).

لە لاپەڕە (٦)دا هاتووە: چونکە هیچ دابو دەستوورێکی خۆشی و شادی خەڵکەکە، بەبێ ئاوازو گۆرانی و گۆرانیبێژان دروست نەبووە، هیچ شایی و گۆڤەندێک و بووک گواستنەوەو ئاهەنگی شەوارەو سوننەتانە، بەبێ ئاوازی (دەهۆڵ و زوڕنا) یان (بلوێر) و (شمشاڵ) و گۆرانی خۆشخوانان نەگێڕدراوە، هیچ ئەڵقەیەکی زیکرو خواپەرستی دەروێش و سۆفییەکان، یان ئاهەنگی خوێندنەوەی (مەولوودنامەی پێغەمبەر) بەبێ ئاوازی دەف و دەنگی زوڵاڵی مەقامبێژی هونەرمەند دروست نەبووە.

لە لاپەڕە (٧)یشدا، مامۆستا کەریم شارەزا، پارچە شیعرێکی (ئەسیری ١٨٩٠- ١٩٦٢) بە نموونە هێناوەتەوە، بەوەی کە ئەو شاعیرەمان، وەک دەیان شاعیری دیکەمان، شارەزای گۆتن و مەقام بووە:

**ئیدیعایی عیلمی مۆسیقای ئەمن ئیسپات ئەکا**
**(ڕاست) و (سێگا) و (بەیات) و (لاوک) و (حەیران)ی من**

هەر لەو لاپەڕەیەدا هاتووە: لە ئامێرەکانی مۆسیقاش، گەلی کورد ئاشنایی لەگەڵ، ئامێری مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی وەک {دەف و دەهۆڵ و زوڕنا و بلوێر و شمشاڵ و کەڕەنا و دووزەلە و باڵەبان و ساز و سەمتوور و جومبوش و چەنگ و زیل و بەم و نەققارە)دا هەبووە.

لە لاپەڕە (٨)دا هاتووە: کۆیە شارێکی مێژوویی کوردە، هەر لە کۆنەوە ناوچەیەکی بازرگانی و ڕۆشنبیری زیندوو بووەو هەردەم کاروانەڕاو قۆناغی سەرە ڕێی کاروانی بازرگانی نێوانی (عێراق) و (ئێران) بووە، بازاڕەکەشی هەمیشە پیشانگەی بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازە ناوخۆیی و دەوروپشتی و دەرامەتی بازرگانەکانی ناوەوەو دەرەوەی دابین کردووە. لە نزیک و لە دوورەوە (زانا) و (شاعیر) و (گۆرانیبێژ)ە، هەڵکەوتووەکانی کورد ڕوویان تێکردووەو کردوویانەتە مەیدانی چالاکییەکانی خۆیان و زانیاری هونەری شیعر و گۆرانییان تێیدا بڵاوکردۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا زانست و هونەری تازەشی لێوە فێربوونە. بەم جۆرە تا شاری کۆیە بووە، بە شارێکی بازرگانی زیندوو بە ناوچەیەکی زانست و هونەری شیعر و ئاوازو گۆرانی کوردی بەناوبانگ، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەو کاتەی گەلێ زانای بلیمەت و شاعیر و هونەرمەندی هەڵکەوتوو، کاربەدەستی زانست و هونەرپەروەری وەک (حاجی بەکر ئاغای قاسید ١٧٨٥- ١٨٥٣) و (ئەمین ئاغای ئەختەر ١٨٣٩- ١٨٨٨)ی شاعیری هونەرمەندی کوڕە گەورەی، سەریان هەڵداوە.

لە لاپەڕە (١٠)دا، هاتووە: بۆیە ئەو شاعیر و زانایانەی هاونشینی ئەمین ئاغای ئەختەربوون، هەر لە (حاجی قادری کۆیی ١٨١٦- ١٨٩٧) و (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە ١٨٣٤- ١٩٠٨)ەوە، بگرە تا دەگاتە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٢- ١٩١٠) و (کەیفی جوانڕۆیی و موجریمی شاعیر)، هەموویان لە پاڵ ئەدەبەکەیانەوە، نەک هەر بنچینەیەکی باش، بەڵکو زانیارییەکی تەواویشیان لە هونەری مۆسیقاو مەقامی کوردیدا بووە، بۆیە شیعرەکانیان وا سوار و مۆسیقادار بوون، ئاوازی خۆشی مەقامی کوردی لەو کۆڕو دانیشتنانەی (ئەختەر)دا، لەلایەن مەقامبێژی بلیمەتی کورد (مەڕبێنی قەشە شابیل)ەوە، بەو دەنگە خۆش وزوڵاڵەی گوتراون. جگە لە شیعری ئەو کەڵە شاعیرە هونەرمەندانە بە دەیان بەیت و گۆرانی بە نرخی فۆلکلۆری، بە ئاوازی مەقامی ڕەسەنی کوردییەوە، بەسەر زاروزمانی (مەڕبێن)ی دەنگ خۆش و مەقامبێژە هاوچەرخەکانییەوە بوون، لە دواییشدا کەوتوونەتە سەر زمانی شاگردە زیرەک و هونەرمەندەکانی وەک (حەنیلە خڕە) و (نەشئەتی ڕەشید ئاغا) و (حاجییە گەورە) و (شێخ نەجمەدینی شێخ کەریمی بەرزنجی) و (حوسەینی- ١٨٨٨- ١٩٣٣)ی شاعیری دڵتەڕی برای و (عەبەی چایەچی) و (ئەمینی سەمەنێ) و (پووتێ) هەردەم ئاهەنگی بەزم و شادی کۆڕو کۆبوونەوە ئایینییەکانی ئەو شارە زیندوویان، پێ گەرم و پڕ جۆش و خرۆش کردووە.

لەلاپەڕە (١١)دا، هاتووە: ئەو بەیت و گۆرانییە کوردییە خۆشانەی کە تا ئەم دواییەش، بەسەر زاری گۆرانیبێژە هەڵکەوتووەکانی شاری کۆیەوە بوون، هەمووی هەر خوڵقاو و زادەی داڕشتن، یان نوێکردنەوەو ڕێکخستنی سەردەمی ئەمین ئاغای ئەختەر و مەڕبێن بوون. مەقامەکانی {نیوەشەو، سەحەر، بەهار، عایشە گوڵ، کراسی شەنگ مێردم، مەکەن مەنعی عاشقان،

جەبارەو جەبارە، شلەو خانان} کە لەلایەن گۆرانیبێژەکانی وەک: {نەشئەتی ڕەشید ئاغا، حەنیل، عەبەی چایەچی، پووتێ، سێوە، مەلا ئەسعەد} تا دوادوای پەنجاکانیش دەگوتران، ئەگەر هەمووشیان لە شاری کۆیە دانەهاتبن، ئەوە لەو شارە ڕێک و پێک خراون و خراونەتەوە ناو قالبی موزیک و ئاوازی ڕەسەنی کوردییەوە.

بە ئاسانی دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان (مەقامەکانی کۆیە) و ئەوانی (کوردستانی ڕۆژهەلات)دا بکەین، بەوەی ئەوانی کۆیە لە سەرەتاوە لە کۆمەلگەیەکی نیمچە شارستانییەوە بەرهەم هاتوونەو پڕن لە هات و باتی بازرگانی، لەناو کۆڕو کۆبوونەوەی شارەزایانی ئەدەب و هونەری کوردییەوە سەریان هەلداوە، بە پێچەوانەی ئەوانی کوردستانی ئەودیو، کە دەنگدانەوەی کۆمەلگەیەکی کشتوکالین و ڕەنگدانەوەی نەریتی دەشتەکییانەیان پێوە دیارە!

لە لاپەڕە (١٥)شدا هاتووە: سێوە لە سەرەتادا، هونەری مەقامی کوردی لە (نەشئەتی ڕەشد ئاغا)وە فێربووە، لە دواییدا بۆ ماوەی سالێک چۆتە لای (حەنیلە خڕە) کە ئوستادی مەقام بووە لەو شارەو شاگردی (مەڕبێن) بووە، لە ماوەی ئەو سالەدا هەموو دەستوور و بنچینەکانی مەقامی کوردی بە دەقی ئەدەبی و ئاوازەکانیشەوە، نووسیوەتەوە، یان لەبەری کردوون. {ئەم زانیاریانەی سەرەوە، مامۆستا کەریم، لە (شمونی خواجە یووسفی کۆیی- ١٩٠٤ لە کۆیە لە دایک بووە) وەرگرتووە.

لە لاپەڕە (٥٦)دا هاتووە: مەقامی (لە باخان ئاهونالێن دێ) ئەم گۆرانییەش لە شیعری (وەفایی)ەو لەسەر ئاوازی مەقامی (چارگا)، لەلایەن (مەلا ئەسعەد) و (سێوە)وە، دەگوترا و لە دواییدا، گۆرانیبێژی هونەرمەند (ئەحمەدی حەمە مەلا) لە کۆڕو دانیشتنە تایبەتییەکانیدا، دەیگۆت و ئێستاش مامۆستا (تایەر تۆفیق) و زۆر لە گۆرانیبێژانی مەلبەندی کۆیە دەیلێن.

لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٥٠)، مامۆستا (کەریم شارەزا) بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (کۆمەلەی بووژانەوەی هونەرەجوانەکان لە کۆیە)دا، نووسیوە وا لە خوارەوە ئەو شتانەی ناو ئەو نووسینەتان بۆ دەخەینە ڕوو، کە سوودی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە هەیە:

شارە خنجیلانەکەی کۆیە، لەو چەند سەدەیەی ڕابردوودا، لە بواری جوولانەوەی ئابووری و ئالوگۆڕی بازرگانیدا، شوێنێکی دیاری بووەو هەردەم قۆناغێکی گرنگی سەرەڕێی کاروانی ئەو جوولانەوەیە بووە، لە هەموو لایەکەوە بازرگانان، بۆ ماملەت و گواستنەوەی کەلوپەل و کوتالی بازرگانییان ڕوویان تێکردووە، فەقێکانیش (کە نموونەی ڕۆشنبیری ئەوسای کورد بوون) بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوویان تێکردووە، هەریەکێکیان زانیاری پێویستییان لە زاناکانی ئەو هەژدە مزگەوتە وەرگرتووە کە لەشارەکەدا هەبووە لە هەمان کاتیشدا هەریەکە لەلای خۆیەوە جۆرە زانیاری و شارەزاییەکی بە دانیشتوانی شارەکە داوە، ئەو موتوربەکردنە ڕۆشنبیرییە بووەتە هۆی خولقان و پێگەیشتنی جۆرە هونەرێکی ئاواز و مەقام و گۆرانی کوردی لەناو دانیشتوانی ئەو شارەدا.

(ئەمین ئاغای ئەختەر)ی شاعیری هونەرمەند (١٨٣٩- ١٨٨٨)ی زایین، ئالای ئەم جوولانەوەیەی هەلگرتووە، دەستێکی بالاشی لە بەرەوپێش بردنی ئەو هونەرەجوانەدا هەبووە، ئەویش بە کۆکردنەوەی دەستەیەک لە مەقامبێژی هونەرمەندی کورد لە دەوری خۆیدا، لە ئەنجامی ئەم هاندانەی ئاغایەکی دەسەلاتدار، بۆ گۆرانیبێژە هونەرمەندەکان، گەلێ مەقامبێژی ناوداری وەک: (مەڕبێن دەنگخۆش) و (نەشئەتی ڕەشید ئاغا) و (حەنیلە خڕە) و (حاجییە گەورە)، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدە بیستەمدا، سەریان هەلداوەو پێشکەوتوون و گۆی هونەرییان بردۆتەوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا، دەستەیەکی تری وەک (سێوەی هونەرمەند ١٨٩١- ١٩٦٤) و (مەلا ئەسعەد) و (ئەحمەدی حەمە مەلا ١٩١٣- ١٩٦٩) و (تاهیرتۆفیق) و (حەمە ڕەشید) و (شەعیەی مەڕبێن) و (فەقێ حمەدە کۆرە) و لە پەنجاکانیشدا: (حەمەدەمینی عەباسی) و (باقی سەرتاش) و (شەفیق خەلەف) و (مەجیدی سمایلە خڕە)، لە دواییشدا (باکووری) و (خالید دلێر)، بوونەتە، سوارچاکی مەیدانی هونەری گۆرانی کوردی لەو شارە جوانەدا.

دواتر مامۆستا کەریم، وای بۆ دەچێت هەندێ هۆ لەو شارەدا، ڕۆلی پێشکەوتنی ئەو هونەرەیان گرتۆتە ئەستۆ ئەوانیش وەک:

١- جوانی دیمەنی سروشتی شاخ و باخ و کانی و ڕەزەکانی کۆیە، بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا، بەهرەی ئەو هونەرمەندانەی تەقاندووە.

٢- چاپخانەکانی کۆیەش (هەر بەڕای م. کەریم) ڕۆلی بەرچاویان گێڕاوە، بەتایبەتی لە مانگی (ڕەمەزان)دا، بەوەی لە هەر چایخانەیەک تیپێکی

گـۆرانی و سـینی و زەرفـانێ هەبووە، هەر تیـپـەش، بەرهەمی خۆشیان پێشکەش دەکردو چێژێکی هونەریان لە دڵ و دەروونی ئامادەبووانداده‌خوڵقاند.

٣- لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیـهـانیـشـدا، بارێکی ڕامیـاری لە سـەرتاپای عـێـراقـدا، خـوڵقـاو جـووڵانەوەی نیـشـتـمـانی و نەتەوەیی پێـشکەوتنخـواز پەرەی سـەند، بیـر لەوە کـرایەوە هونەر بۆ سـوودی جـووڵانەوەی نیـشـتـمـانی بەکاربێت، گـۆرانی نەتەوەیی و شانۆگەری ڕامیاری لەو شارە سەری هەڵدا.

م. کـەریم لە پـەراوێزی ئـەو بابـەتەی سـەرەوە، دەنووسێت: (خـوا لێـخۆشبـوو ئەحمـەدی حەمـە مـەلا) گۆرانیبێژێکی هونەرمەند بوو، تەنیا لە کۆڕی تایبەتی دۆست و برادەرانی گـۆرانی دەگـوت، تا بلـێـی دەنگی خۆش بوو، (تاهیـر تۆفیق) زۆر لە مەقام و بەسـتـەکانی لەو هونەرمەندەوە فێر بووە.

مـامـۆسـتـا کـەریم شـارەزا دیاره زیاد لە جـارێک و لە شوێنێک لەسەر ئەم بابەتەی نووسیوە، هەر بۆ نموونە: لە ڕۆژنامـەی (خەباتی ژمـاره (٢٢٤٨)ی ڕۆژی یەک شـەممە ٢٧/٨/٢٠٠٦)دا نووسیویەتی:

کـۆیە وەک سـەرچاوەیەکی خـوڵقـان و گـەشـەکـردنی مەقـامی کـوردی، شـارێکی مـێـژوویی کـوردسـتـانەو لە کـۆنەوە کـاروانسـەرای بـازرگـانی نێـوان ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان و باشـوور و ڕۆژئاوای بـووە، گـەلێـک مەقامزانی کورد لەگەڵ کاروانی بازرگانی سەریان لە کۆیە داوەو هونەری مەقامیان تێیدا بڵاوکردۆتەوەو ئەو مەقام و ئاوازە ڕەسـەنانەی شـارەکـەشـیـان گـواسـتـۆتەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان. ئاوازە سەرکەوتووەکانی مـەقـامی کـوردی لەو شـارەی کـۆیەدا لە سـروشـتی ژینگەکـەیان خـوڵقـاوە، چونکە بە سـەیرانگەی دڵڕفـێن دەورە دراوە و دیوەخانی ئاغاو پیاو ماقووڵانی شارەکە، مـەڵبـەندی خـوڵقـاندن و گـەشـەپێـدانی ئاوازی ڕەسـەنی مەقام بوون.

شـارەکە مـەڵبەندی شـاعیـری کلاسیکی و ڕۆمـانسی هەست نـاسک بووەو زۆربەشـیـان مـەقـامـزان بوون و ئەو هـونـەرەیـان لـەلا بـەنـرخ بـووە، غـەزەل و هـۆنـراوە دڵدارییەکانیـان لەسەر ئاواز و ئیقاعی مەقامی ڕەسەن داناوەو شـیـعـری شـاعـیـرە کـلاسیکیـیـەکـانی سەدەی نۆزدەیەمی وەک (حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی و ئەمین ئاغـای حـەوێزی نـاسـراو بە «ئەخـتـەر») و لە سەدەی بیستەمیش شیعری شاعیرانی لێهاتووی وەک (سـافی و عـاسی و نیـهـانی و حـوسـەینی و مـەیلی و ڕۆستەم و عەونی و دڵدار و دڵزار) و هی دیکە باشترین کـەرەسـتـە بوون، بۆ هونەری مـەقـامی ڕەسـەنی کـوردی، چونکە کێش و ڕەزمی شیـعـرەکـان و ناوەڕۆکە ناسکە پڕ سۆزەکەیان بە ئاسانی لەگەڵ ئاوازی مەقام و بەستەکانیان دەگونجان.

سەبارەت بەوەی کە شـاری کۆیە لەسەدەی نۆزدەیەمەوە پتـر لە (١٥) مزگـەوت و حوجرەی خـوێندنی تێـدا بووەو ئەو شـوێنانـەش مـەڵبـەندی زانیـاری و ئەدەب و هونەر بوون، بۆیە لە کـۆنەوە بزووتنەوەیەکی هونەری مـەقـامی کـوردی تێـدا خـوڵقـاوەو کـەوتووەتە دیوەخـانی پیـاو مـاقـووڵانی شارەکەو سەر دەفتـەریشیـان: ئەمین ئـاغـای حـەوێزی (ئەخـتـەر ١٨٣٩- ١٨٨٨) کە مـامـۆسـتـای مەقامی کوردی بووەو گەلێک مـەقامزان لەسـەر دەستی پەروەردە بوون وەک «مەڕبێن»ی قەشە شابیل و نەشئەتی ڕەشـیـد ئاغـای کـە برازای خـۆی بـوو. ئەو مـەدرەسـەیەی مـەقـام گـەشـەی کـرد تـا وای لێـهـات لە شـارانی دیکەی کوردستانەوە بۆ کۆیە دەهاتن، تاکو فێری ئاوازی مەقامی ڕەسـەنی کـوردی بن. دوای ئەو پشـتـە لە دوای سـەدەی نۆزدەیەم و چارەکی یەکـەمی سـەدەی بیـسـتـەمـدا، مـەقـامـزانی دیکەی وەک «پـووتێ، حـەنـیل، حـاجـیـیـە گەورە، عەبەی چایەچی، ڕەفیق چارچاو» ئینجا (سێوە) و (مـەلا ئەسـعـەد) و دوای ئەوانەش (ئەحـمـەدی حەمـە مەلا) و ئینجا (تایەر تۆفیق) و (مـەلا حـەمـەدە کۆرە) و (حـەمـەدەمـینی عـەباسی) سـەریان هەڵداو دەورێکی تەواویان گێڕا لە گەشەپێکردنی هونەری مەقامی کوردی.

هۆکاری سەرکەوتنی مەقامی کوردیش ئەوەیە شیعرو ئاوازەکـانیـان لە سـروشـتی دڵگیـری کـوردسـتـانەوە هەڵقوڵاون و لە دیمەن و ڕووداوی وا نادوێن کە دووربن لە ژینگەی مـیـللەتی کـورد و ژیانی ڕۆژانەیان، بەڵکو هەموویان لە واقیـعی کوردسـتان و میـزاجی کوردییەوە سەرچاوە دەگرن.

# فیلمی تۆبەکارەکان

**نیهاد جامی**

ئەم تێکستە سیناریۆیەکی شانۆییە، کە وەکو هەر پرۆژەیەکی تری جەستە لە پانتاییدا نووسراوە، بە مانای تێکستێکی کراوەیە، دەکرێ دیدگای دەرهێنەر لەسەر تێگەیشتنی ئەزموونکاری (پیتەر برووک)ەوە (تێکشکان/ بنیادنانەوە) کاری لەسەر بکرێت، وەک چۆن ئێمە بۆ خۆمان لە (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووک) کاتێ کارمان لەسەر ئەو تێکستە کرد، تەنیا وەک زەمینەیەک بۆ پرۆژەیەکی شانۆیی سەیرمان کرد، بەدوای دووەمین ڕۆژی پرۆڤە بنیادنانەوە ئەو چەمکە بوو، توانی تەواوی تێکستە نووسراوەکەمان پێ بگۆڕێتە سەر وێنەی شانۆیی جیاواز، نەک هەر لە ڕووی وێنەو فۆرمەوە، بەڵکو ناوی پرۆژەکەش لە (فیلمی تۆبەکارەکان) پێ گۆڕین بە (سەگ و دەف) بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بوو، بڕوامان بەو بنەما زانستییەوە هەبوو، کەچ سیناریۆ نووسراوەکەو چ پرۆڤەکان سەر بە شانۆی توندوتیژی ئەنتوان ئارتۆ بوو، بۆیە هەر گرووپێک بیەوێ کار لەو تێکستە بکات، هەموو شتێک شیاوی گۆڕانە، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە ئەو تێکستە لە پێناو خولْقاندنی ئەزموونی شانۆی توندوتیژییە

*   *   *

لە پانتاییەکی کراوەدا کۆمەڵێک بینەر کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی نمایشێکی شانۆیی ببینن، ژنێک بە دەفێکەوە خۆی بەناو بینەرەکاندا دەکات، خەریکی دەف ژەنینە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئیقاعی دەفەکەی، سەری دەجوولێنێت، جوولەی کەللەسەری ڕێک لە زکری

دەروێشێکی گوناهبار دەکات، تەواو لە جوولەو دەنگی دەفەکەی قووڵ بۆتەوە، جەستەی وەکو سەری بەسەما کەوتووە، سەمایەکی شێتانەی سازکردووە، بینەران بە دەوری کۆبوونەتەوە، بەڵام چاوەڕوانی دەست پێکردنی نمایشە شانۆییەکەن، ژنە دەف ژەنەکە تەواو ماندوو بووە، دەکەوێتە سەر زەوی، بەڵام دەستەکانی هێشتا دەجوولێنەوە، ئەو تەواو بێ هۆش بووە، بە جوولەیەک کە پێشبینی ناکرێت، بەشێوەی نیمچە دانیشتن جارێکی تر دەفەکە بەدەست دەگرێتەوەو سەر لەنوێ خەریکی دەف ژەنینە، لەسەر چۆک دەڕوات و دەفەکەی بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە، بەشێوەی ئاوڕدانەوە لە بینەران لە دەف ژەنین بەردەوامە، بە پەیژەیەک سەر دەکەوێت و داوا لە بینەران دەکات بە دوایدا بڕۆن بۆ سەیرکردنی شانۆگەریەکە، ئەگەرچی شانۆگەریەکە هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکردبوو، ئێستا بینەران بەسەر پەیژەکاندا سەرکەوتوون، گوێیان لە دەنگی دەفەکەیە، بەڵام هیچ شتێک نابینن، لەبەردەم دووژوور وەستاون، ژووری یەکەم دەرگاکەی بە پەڕۆ دروستکراوە، ژووری دووەم بەشریتی فیلمی سینەمایی دروستکراوە، لەوسەرەتایەوە دەرگاکان باس لە حیکایەتی دووماڵی جیاواز دەکەن، ژووری یەکەم ماڵی کچێکی ئاساییە بەدوای هەڵەکردن ڕووی کردۆتە یەزدان و دەف دەژەنێت، ژووری دووەم ماڵی ئەکتەرێکی سینەماییە شکستی عەشق کردوویەتییە کچە فێمێنیستکی قامچی بەدەست.

ئێستا دەنگی دەفەکە تەواو هێمن بۆتەوە، هەندێک جار دەنگی قامچی دەبیستین.

لە ژووری کچە دەف ژەنەکە، ئەوپارچە پەڕۆیانەی دەرگای ژوورەکەیان دروست کردووە، یەک بەیەک بەهێواشی لە لایەن دەف ژەنەکەوە ڕادەکێشرێن.

لە بنمیچی ژوورەکەی قەیم دەکات، تا سەرەنجام شێوەی پەردەی پەنجەرە دەردەکەوێت و بۆ یەکەم جار تەواوی ماڵەکەی دەبینین دەفەکە بەسووچێکی دیواری ژوورەکە هەڵواسراوە، لەسەر زەویش جانتایەکی گەورەی ئاسنین دانراوە، لەوە دەچێت هەموو ماڵەکەی بریتی بێت لەو جانتایە، لە پێشەوەی ژوورەکەش ڕەفەیەکی بچووک لەسەر زەویە، ڕێک لەو ڕەفانە دەچێت، کە لە مزگەوتەکان قورئانی لەسەر دەخوێنرێ، بەڵام ئەو ماڵە خاڵییە لە کتێب، لەسەر ڕەفەکە گوڵێک و چەند نامەیەک لەگەڵ دیاریەکی پێچراودانراوە، لەوە دەچێت ئەوە دوایین نهێنییەکانی ڕابردووی بێت، نەتوانێ دەستبەرداریان بێت، لە پەردەکەوە سەری ئەودیوی پەنجەرەکە دەکات، خەمێک دای دەگرێت، ئەو ئێوارەیە تەواو حیکایەتە ئەفسووناوەکەی عەشقە دۆڕاوەکەی بیرهاتۆتەوە، ئەو ئێوارەیە ناتوانێ دەف بژەنێت، ئاوڕێک لە پێشەوەی ژوورەکە دەداتەوە، دەبینێت ئەو خەڵکە هێشتا بۆ سەیرکردنی شانۆگەری هاتوون، بە سیمای کەسێکی مردوو لێیان دەڕوانێ، دەیەوێ لەسەر قاچەکانی سەما بکات، ڕەفەکە دەبینێت لەشێوەی کیژە سەماکەرەکانەوە بەدیار ڕەفەکەوە دادەنیشێ، دەستی ڕاستی بەگوێیەوە دەنێ بۆ ئەوەی قورئان بخوێنێت، دواتر بیری دەکەوێتەوە ڕابردووی ئەو.. چیرۆکی گێڕانەوەی عەشقە، ڕووکردنە یەزدان ئێستایەتی، ئەو ئێوارەیە دەیەوێ ببێتەوە کارەکتەرێکی نێو حیکایەتی عەشق، دەستی لەبن گوێی لادەبات، لەشتی سەر ڕەفەکە ورد دەبێتەوە، گوڵەکە بۆن دەکات، گوڵەکە لە قژی خۆی دەدات، ئێستا ئەو سیمای کەسێکی مردووی هەڵنەگرتووە، بەڵکو لە کچە عاشقێکی بەختەوەر دەچێت، دیاریەکەی دەکاتەوە، دەست بۆ یەک لە نامەکان دەبات، بەهەڵسانەوە دەیخوێنێتەوە.

هەر دوو دەستی لەشێوەی سەماکەرەکانی باڵی بەرز دەکاتەوە، نامەکە لە بەرزایی ژوورەکەوە دێتە خوارەوە، لە کۆمەڵە جوولەیەکی سەماکەی جەستەی گوزارشت لە بەختەوەری دەکات، لەوانەیە لەو نامەیەی خوێندیەوە خۆشەویستەکەی دڵنیای کردبێت، کە لەسەر ئەستێرەیەکی تر ژیان دەست پێ دەکەنەوە، لە ناکاو لەسەرکارکردن دەوەستێ، هەربەو شێوەیەی وەستاوە دەکەوێتە سەر زەوی. ئیتر دەزانێ ڕابردوو کۆتایی هاتووە، چاو دەبڕێتە دەفەکە، لە دیوارەکە دایدەگرێت.

بە ترسەوە پەنجەکانی لە دەفەکە نزیک دەکاتەوە، تا هەست بە ترپەی دەفەکە دەکەین، دەنگی لێدانی دڵی خۆی لە لێدانی دەفەکەوە دەبینێت، هەرکە هەست دەکات، ترسێک وورووژمی بۆ دێنێت، پەنجەکانی بەخێرایی لە دەفەکە دەدات، هەست دەکات مردنی نزیک بۆتەوە، زۆر شێتانە لە دەفەکە دەدات، تا ڕادەی بیرچوون دەکەوێتەوە دەف ژەنین، لە ژوورەکە دێتە دەرەوە، لەبەردەم دیواری ماڵەکەی بێهۆش دەکەوێت، ئاگرێک بەردەداتە دەرگای ماڵی سینەماکارەکە، فیلمەکان دەسووتێن، بەهێزی ئاگرەکەوە دەست دەکاتەوە بەسەما، بەڵام توانای

ئەوەی نییە بەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێ، ئێستا فیلمە سینەمابییەکان بەشێکیان سووتاون، دەرگای ماڵەکەی تر کراوەتەوە، کچێک سەری لە زەوی ناوە، ئەوە یەکەم جارە دەرگـــای نێـــوان ئەو لەگـــەڵ خـــەڵک بکرێتـــەوە، بەسـەرسامییـەوە سەر بەرز دەکـاتەوە، جارێکی تر لە رێگەی داخستن بۆسەر زەوی، سەری خۆی دەشارێتەوە، هەست دەکـــات دەف ژەنەکـــەی دیوە، خـــێـــرا ســـەر بەرزدەکـــاتەوە، نەخـــێـــر هەرگـــیـــز ئەو ناناسێ، بەڵام هەڵدەستێتەوە، کامێراکەی بەدەستەوە دەگرێ، بۆ ئەوەی فـیلمـێک لەسـەر ژیانی ئەو دەف ژەنە دروست بکات، وێنەی جـووڵەی سـەماکردنی دەف ژەنەکە دەگـرێت، دەف ژەنەکە تەواو ماندوو دیارە، ئیدی بۆ یەکەم جار بێدەنگ دادەنیـــشـــێت، بە رادەی ئەوەی دەیەوێ وەکـــو بینەران سـەیری ئەو کـچـە سـینەمـاکـارە بکات، کـچـە وێنەی بینەرانیش دەگـرێت، دەسـوورێتـەوە، وێنەی ژووری دەف ژەنەکـەو ژوورەکـەی خـۆی دەگرێت، کـامـێراکـە دادەنێت، دیواری ژوورەکـەی پۆسـتـەری فـیلمی پێـوەیە، ئەوە ئەو فیلمانەن کە ئەو لە سینەما دەری هێناون، فـیلم و وێنەی هەمەجۆری سینەما ژوورەکەی رازاندۆتەوە.

ژوورەکەی ئەویش جانتایەکی ئاسنینی گەورەی لێیە، بەڵام ئەو وەکو کچەکەی تر دەفی هەڵنەواسیوە، بەڵکو قـامـچییـەکی گرانبەهای هەڵواسیـوە، قـامـچییـەکـە لە دیوارەکـە دەکـاتەوە، وەک ئەسـپـەوانێکی لێـهـاتوو وەستاوە، چەند جارێک قامچییەکەی رادەوەشێنێ.

کچە دەف ژەنەکە دەفەکەی لە باوەشەو لێی وردبۆتەوە، سینەمـاکـارەکـە بە قـامـچـیـیـەکـە ئازاری خـۆی دەدات، دەیەوێ تەواو لەو رێگەیەوە سزای جەستەی خۆی بدات، لە گـوناهێـک کـە خـۆی بە بەرپرسـیـار دەزانێت، دەنـگی قـامـچییـەکە تێکەڵی دەنگی دەف دەبێت، کچەکەی تر دەستی بەدەف ژەنین کردووە، قامچی بەدەستەکە ئێستا وەکو شێتی لێهاتووە، دەفژەنەکە بەرقامچی دەدات، تا تەواو هەردووکیان بێتاقەت دەبن و دەکەونە سەر زەوی، دواتر هەریەک بۆ ژوورەکـەی خـۆی رادەکـات، بەرەو لای جـانتـا ئاسنینەکەی، کـەلوپەلی جـانتـاکـەن هاوشـێوەن، کراسی بووکێنی لەبەر خۆیان دەکەن، دەف ژەنەکە رەفەو گـوڵ و دیاریەکـەی دەخـاتەوە ناو جـانتـاکـە، سـینەمـا کـارەکەش پۆستەرو فـیلمـەکان و کـامـێرا دەخـاتەوە ناو جانتـاکەی، دەف و قـامـچییـەکە لە کۆڵانەکە کەوتووە، هەردووکیان جانتایان بەدەستەوەیە ماڵەکە بە جێدێڵن بۆ ئەوەی سەفەر بکەن، لەبەرانبەر یەکتری دەوەستن، ئێستا ئەوان دوو بـووکن چاوەڕوانی هاوسـەرەکـانیـان دەکـەن، جانتـاکـان دادەنێن لە یەک نزیک دەبنەوە، بەیەک جووڵە سـەریان بۆ لای جـانتـاکـانیـان دەجـوولێنن، جـانتـاکـان دەکەنەوە، هەریەکەو خامـێکی سپی لە جـانتـاکـانیـان دەردێنن، جـانتـــاکـــان بە تەنیـــشـت یەکـــەوە دادەنێن، هەریەکەو بە خـامـەکـەی خـۆی دایدەپۆشێت، بەرەولای قـامچی و دەفەکـە دەڕۆن، دەف ژەنەکە لەسـەر جانتاکە دانیـشـتـووە دەف دەژەنێت، کـچـەش بەپێـچـەوانەی ئەو دانیشتووە قامچییەکە لە خۆی دەدات، وردە... وردە پاڵ دەکەون کچە هەندێک جار قامچییەکە لە دەف ژەنەکەش دەدات، دەف ژەنەکە چێژ لە ئازاری قامچییەکە دەبینێت، دەفەکەی دەدات بە کچە سینەما کارەکە، قامچییەکە لەو وەردەگرێت، ئەم جارە ئەو خۆی بە قـامچی سزا دەدات، سینەما کارەکە دەف دەژەنێت، دەف ژەنەکە بە قامچی ئەم جارە لەو دەدات، ئێستا دەفەکەو قامچییەکە لە دەستیان کـەوتۆتە خـوارەوە، ئەوان هەمـوو جەسـتـەیان خـاوبۆتەوە خامەکە لە هەردوولا خوێنی سووری لێ دەچۆڕێت.

سـەریان بۆلای یەکـتـری بەرزدەکـەنەوە، هەوڵ دەدەن لە یەکتری نزیک ببنەوە، واقیان ورماوە، قوماشە سپییەکان دەکـەنە پەردە بۆ خـۆشـاردنەوە، تەنیـا کـەللە سـەریان بەدەرەوەیە، خوێنە سوورەکان لەسەر قوماشە سپییـەکان دیارە، هەڵساونەتەوە سەرپێ، بەدەستەکانیان ڕوخساری خـۆیان دادەپۆشن، بە بەردەمی خـەڵکەکـە تێـدەپەڕن، جـانتـاکـانیـان بەجێ دێڵن، دەیانەوێ لە خـەڵکەکـە دووربکەونەوە، چەند جـارێک دەکەون و هەڵدەستنەوە، لەو رێگایەدا ون دەبن، کەسمان نازانین ئەوان مردن، یان توانیـان خـاکـێکی تر بدۆزنەوە، ئەو کـاتانەی قـامـچی بەدەستەکە بە کامێرا دوا دیمەنی بینەران دەگرێت.

بینەران چاوەڕوانی دوا رووداوی ئەو دووکـچـە دەکـەن، یان ئەو دوو کچە دواجار هەواڵی خۆیانیان پێ بگەیەنن، یان دواجار فـیلمەکەیان لەسـەر شاشەی سینەمـا ببینن، کەچی کە دێن سڵاوی کۆتایی دەکەن و بینەران لە کۆتایی شانۆگەریەکە بە ئاگادێنەوە، ئێستا هەموو بینەران لەوە بە ئاگـا هاتوونەتەوە، کـە کـۆتایی شـانۆگـەریەکـە کـۆتایی فیلمی تۆبەکارەکان بوو.

# وێنەگرتن لە کاتی سەیران و گەشتوگوزاردا

فارس سەعدی

گەشت کردن چاکترین کاتە بۆ وێنەگرتن، چونکە لەو کاتانەدا شوێن و چالاکی دەست دەکەون، تۆش باشترین کامیرا و ئامێری پێشکەوتووت هەیە و شوێنەکەش زۆر خۆش و دڵڕفێنە، کەچی لەوانەیە ئەو وێنانەی گرتووتن، کە بۆت دێنەوە بێ کەڵکن و جوان نین. هەندێکیان زۆر ڕووناکییان وەرگرتووە، هەندێکی تر ڕووناکییان کەمتر بەرکەوتووە، واتە ئۆڤەرو ئەندەر ئێسکپۆزەر بوونە. هەندێکی تر فۆکەس نەکراون و لێڵ دەرچوونە. باشە ئەمانە بۆچی ڕوویان داوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە خۆت بپرسە ئاخۆ تۆ شارەزاییەکی ئەوتۆت لە کامیراکەت و ئامێرەکانی هەیە، ئایا فیلمی گونجاو یان شیاوت بردۆتە گەشتەکەت؟ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانت بە ڕاست و دروست دایەوە، ئەوا لە داهاتوودا وێنەی چاک و گونجاوت دەست دەکەوێ.

شارەزایی بوونت لە کامێراو ئامێرەکانی پاشکۆی توانات. زیاد دەکات کەوا بتوانی وێنەی جوان بگری و خۆشترین وێنەش وێنەی یادگارییەکانە، چونکە دووبارە بوونەوەیان مەحاڵە، چەندی وێنەی زیاتر بگری، شارەزاییت زیاتر دەبێت.

### بەکارهێنانی ئامێرەکان

ئەگەر بتەوێ لە گەشتەکەتدا وێنە زۆر بگری، پێویستیت بە جانتایەکی وا دەبێت کە جێی کامیراو چەند هاوێنەیەک ببێتەوە لەگەڵ فلاش و کۆمەڵێک فیلم و سلاید و فلتەر، چونکە هەر جێگاو شوێنێک لەوانەیە پێویستی بە جۆرە هاوێنەو فیلتەرێک بێت کە لە کاتی پێویستدا بەکاریان بێنی بەر لەوەی بەرەو گەشتەکەت ڕێ بکەی، چێکی پاتری کامیراو فلاشەکەت بکە، خۆ ئەگەر



چەند دانەیەکی یەدەگ لەگەڵ خۆت بەریت، ئەوا باشتر، نەوەکا لەپڕ پەکت بکەوێ.

ئەگەر گەشتەکەت بە فڕۆکە بوو، واچاکە کامیراکەت بە جانتاوە بەشان وەبکەی، بەمەش لە دزین و ون بوون ڕزگاری دەکەی، لە هەمان کاتدا لەناو فڕۆکە لە ئاسمان لەوانەیە وێنەی جوان جوان بگری، لێرەدا هەلێکی چاکە بۆ بەکارهێنانی کامیراکەت، چونکە لەوانەیە لە کاتەکانی تردا بەکارت نەهێنابێ.

ئەگەر دەزانی لەکاتی بەکارهێناندا هەندێ شتت لەبیر دەچێتەوە، واچاکە کەتەلۆکی کامیراکەشت پێ بێ بۆ گەڕانەوەی سەر ئەو خاڵانەی پەیوەستن بەو شتانەی لەبیرت چۆتەوە.

### هەڵبژاردنی فیلم

کە دەتەوێ گەشت بکەی، پلان دادەنێی کە چەند فیلمت پێ دەوێ وێنەیان پێ بگری، بەڵام تۆ دوو هێندە فیلم لەگەڵ خۆت هەڵگرە نەوەکا گرتەی جوان جوانت دەست کەوێ و پەکت بکەوێ و نەتوانی وێنەیان بگری لەبەر نەبوونی فیلم.

بە چاک دەزانرێ چەند جۆرە فیلمت پێ بێ، واتە هەستەوەریان جیاواز بێت لەوانەیە بەشەو وێنەی تیا بگری، یان ڕووناکی کزە لەم حاڵەتەدا فیلمی هەستەوەر بەرز بۆ حاڵەتەکە شیاوە.

ڕەنگە زۆربەی ئەو وێنانەی دەیانگری، لە دەرەوە دەگیرێن واتە ڕووناکی زۆرە، دەتوانی فیلمی ڕەش و سپی و سلایت و ڕەنگاوڕەنگی نێگەتیڤ بەکاربێنی بەگوێرەی ئەو بابەتەی کە دەتەوێ وێنەی بگری. بۆ نموونە فیلمی هەستەوەری مامناوەندی (٦٤- ٢٠٠) بۆ هەندێ مەبەست بەکاردێت.

فیلمی هەستەوەر بەرز (٢٥٠- ٨٠٠ ISO) بۆ ڕووناکی کز بەکاردەهێنرێ، کایەی ئەوەت دەداتێ خێرایی بەرزی شەتەر بەکاربێنی بۆ بەستانی جووڵە، هەروەها کونی هاوێنەی بچووکی کامیراکە قووڵی مەیدانی درێژت دەداتێ، کە بۆ دیمەنی سروشت دەست دەدات.

فیلمی زۆر هەستیار (٨٠٠- ١٦٠٠ ISO) ئەمە زۆر گونجاوە ئەگەر هاوێنەی تەلی فۆتۆ بەکاربێنی، هەروەها کایەی ئەوەت دەدا کونی هاوێنەی بچووک بەکاربێنی تا قووڵی مەیدانی درێژت دەست کەوێت.

فیلمی هەستەوەرنزم (١٠٠ ISO و کەمتر) ئەم جۆرە فیلمانە بە ڕۆژانی ساماڵ کاردەکەن، واتە تیشکی خۆر بەهێزبێت، وێنەیەکی خشت و ڕێکت دەخاتە دەست.

کاتێک فیلم دەکرێ یەکەم جار تەئکید لە ئێکسپایرەکەی بکەی.

### پشکنینی فیلم بە تیشکی X لە فڕۆکەخانە

کە بە فڕۆکەخانەکاندا ڕەت دەبی، جانتاکەت بەرتیشکی X دەخەن، خۆ ئەگەر فیلمی تێدابێت، لەوانەیە بێ کەڵک بێت، بەڵام لە زۆربەی فڕۆکەخانەکاندا نووسراوە تیشکی X بۆ فیلمی وێنەگرتن زیانبەخش نییە، بەڵام ئەگەر بە زیاتر لە فڕۆکە خانەیەک ڕەت بێت، لەم حاڵەتەدا زیانبەخش دەبێت، جا ئەگەر فیلمەکە گیرابێت یان خام بێت و وێنەی پێ نەگیرابێت، ئەو فیلمانەی کە زۆر هەستیارن، واتە هەستەوەر بەرزن زووتر تێک دەچن لەوانەی هەستەوەریەکەیان نزمە.

بەهەر حاڵ، وابکە بەچاو کەرستەی وێنەگری بپشکنن، تا لە لەکارکەوتنی فیلمەکانت دوور کەویتەوە.

# بەراوردێک لەنێوان خاتوو بۆڤاری و ئاننا کارنینا

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)

وشەی خیانەت بەخۆی وشەیەکی پڕ لە خـەتایە، مـانای ناپاکی و ناڕاستگۆیی دەگەیەنێ و بێ بڕوایی لە دەروونی مرۆڤدا دەچێنێت. ئەمە تەنیا بە وشـە، بەڵام ئەگـەر لە ئەنجامدانی کرداری خیانەتکاری وردبینەوە، ئەوە کارەساتەکە خراپترە، ئیدی خیانەت جۆری هەیە مەودای هەیە، خیانەت ناپاکییەکە کە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت لەبیری بکات. بە واتایەکی دی دارمانی بەها جوانەکان لە ئەنجامی ئەو کردارە پەرەدەسەنێت، ئەوەی لەم بوارەدا باسی دەکەم و قورسترین جۆرەکانی خیانەتکارییە، خیانەتێکە پێوەندی بە ژن و مێردایەتییەوە هەیە، حاڵەتێکە وەنەبێ لەنێوان دوو برادەر ڕووبدات، وەنەبێ لە دەرەوەی ماڵەوە بێت و لەو هاوڕێیەتییە دوور بکەوێتەوە و کێشەکە چارەسەر بکرێت، خیانەتی نێوان ژن و مێرد وەکو پەتا وایە پەتایەک کە سەرانسەر خێزان بە دەستییەوە دەناڵێنن، شکستی نەوەی دواڕۆژی لێکدەکەوێتەوە، منداڵی خاوەن کەسایەتی تێکشکاوی لێ بەرهەم دێت، بۆیە تاکەکانی خێزانێک کە دووچاری خیانەتکردنی دایک یان باوک بوون، تووشی لادان دەبن، تووشی دڵشکان و نامۆبوون دەبن، چی لەوە کارەساتترە مرۆڤ لەناو ماڵی خۆیدا هەست بە نامۆبوون بکات، کە دایکێکی نامۆ دروست بوو، ئەوە بێگومان تووشی جۆرێک لە ناهاوسەنگی دەبێت لە هەموو کردارەکانیدا، هاوکێشەکە بەم جۆرەیە، ئەگەر ئافرەتێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە خیانەتی لێکرا ئەو کردارە کاری نێگەتیڤی خۆی دەکاتە سەر دەروونی ئەو ئافرەتە و تووشی گومانکردنی دەکات. بەمەش دایکێکی گوماناوی و پڕ لوغز و گرێ دروست دەبێت پاشان چەندین پرسیار و لێکۆڵینەوە لەلای دروست دەبێت و پاشان دەبێتە هۆی خۆخواردنەوە و بێ متمانەیی و ڕاڕایی پاشان دروستبوونی ساردی لەنێوان ژن و مێرد، خۆ ژن و مێردیش دوو هاوڕێی کاتی دەرەوە و ماڵ نین وا بە ئاسانی کێشەکانیان بە نەمانی هاوڕێیەتییەکە کۆتایی پێ بێت، بۆیە ئەو لێپرسینەوە و بێ





بڕواییە بە شێوەیەک لە ساردوسڕی هاوسەرێتیدا ڕەنگ دەداتەوە کە کار دەکاتە سەر دەروونی منداڵ و لە ئەنجامدا ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە دەبێتەوە کە ئارامی دەشێوێنێ و شیرازەی خێزان تێک دەدات، نەبوونی نهێنی و شتی شاراوە لەنێوان خێزاندا باشترین شێوازە بۆ ڕاستگۆیی، چونکە کە نهێنی لەنێوان دوو کەسدا نەبوو، شتەکان ڕوون و ئاشکرا و بینراون هیچ گومان و لوغزێک لەنێو خێزاندا دروست نابێت، بەمەش دڵنیایی و ئارامی سەقامگیر دەبێت و پەروەردەیەکی دروست لەناو خێزان پەیڕەو دەکرێت و نەوەیەکی بێ گرێ و گۆڵ و دوور لەلادان دروست دەبێت، بۆیە ئەم پێشەکییەم کرد بە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە، چونکە باسەکە پێوەندی بە خیانەتی نێوان ژن و مێردەوە هەیە، ئەو بابەتەی کە تەوەری باسکردنەکەمە لەبارەی دوو شاکاری مەزنی دوو گەورە نووسەری جیهانین (تۆلستۆی) ڕووسی و (جۆستاف فلۆبیر)ی فەڕەنسی، هەردوو نووسەر شێوەی باویان ئاوەژوو کردۆتەوە کە بە زۆری پیاو خیانەت لە ئافرەت دەکات، ئەوان لەم دوو ڕۆمانەدا هاوکێشەکە پێچەوانە دەکەنەوە، پاڵەوانانی خیانەتکاری هەردوو ڕۆمان، لە ڕەگەزی ئافرەتن و خاوەن مێرد و منداڵن.

## خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ (ئاننا کارنینا)ی لیۆتۆلستۆی

«ئیما» خانمێکی شۆخ و شەنگە و جوانییەکەی لە دووچاوە هەنگوینییەکانی خۆی دەنواند پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی «خاتوو بۆڤاری یان ژنی خیانەتکار»ی گەورە نووسەری فەڕەنسی «جۆستاف فلۆبیر»ە خانمێکی ڕۆشەنبیر و بوێرە زۆربەی ڕۆشەنبیرییەکەی بۆ ئەو پەروەردەکردنەی دەگەڕێتەوە کە لە دێر پەروەردەکراوە، خواستەکانی زۆر لەواقیعی خۆی گەورەترن، چەندین خولیای هەیە، هەروەها لە زۆر کاردا لێزانە وەکو چنین و ژەنین لەسەر ئامێری پیانۆ و .... تاد.

ئەو ئافرەتێکی بوێر و هەستیارە و ڕۆحی یاخیبوونی تێدایە، لە کاتێکدا ڕۆحی یاخیبوونی تێدا بە دەردەکەوێت کە دێرەکە بەجێ دێڵێت کەس لە هاوڕێکانی بۆی بە داخ نابێت، ئەو لە هەموو ئەو شتانەی، کە لە وێندەرەوە فێربووە یاخی دەبێت هەر لە ڕێزگرتنی پیاوە پیرۆزە ئایینییەکانەوە و زاڵبوون بەسەر جەستە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح، ئەو ملکەچی ئەو هەموو شتانە بوو، بەڵام لەناکاودا لە هەموو ئەو شتانە یاخی بوو.

بە پێچەوانەی ژیان و پەروەردەکردنی شارلی هاوسەری، کە کەسایەتییەکی سەرەکییە لەناو ڕۆمانەکە و پاش مردنی ژنی یەکەمی خوازبێنی ئیما دەکات و هەمیشە لە لادێیەکەدا نیشتەجێیە.

شارل بۆڤاری: کەسایەتییەکی ترە، کەسێکی سادە و کەمدووە، پزیشکە و کاری پزیشکی دەکات.

ڕۆحێکی وەکو «ئیما» یاخی لە دابونەریت و شتە پیرۆزەکان پێویستی بە هاوڕێ و هاوسەرێکە حەزەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

پێویستی بە کەسێکە فەرامۆشی نەکات، بەڵام بەداخەوە قسەکانی شارل لە کاتی خۆی نییە وشک و ڕووکەشن هیچ کاریگەرییەکی بەسەر دەروونی ئیماوە بەجێ نەدەهێشت و مایەی دڵخۆشی نەبوو.

لێرەدا نووسەر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لەوانەیە سادەیی و ساکاری شارل بۆ ئەو پەروەردەکردنە دژەیە کە بە دوو جۆر هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە بەوەی کە لەلایەن دایکییەوە نازی پێدراوە و بە پێچەوانەی بوڤاری باوکەوە، کە دەیویست وەکو منداڵەکانی ئەسبارتە پەروەردەی بکات.

بۆ نموونە: دەینارده ژوورێکی سارد بۆ نووستن، بە بڕوای خۆی بە نووستنی لەم کەشوهەوایەدا بنیادی بەهێز دەبێت، فێری خواردنەوەی دەکرد و سرووتە ئایینییەکانی لەبەرچاو دەخست، بەڵام شارل بۆڤاری بە سروشتی منداڵێکی بێدەنگ بوو ئەو ڕێنماییانەی لێ وەرنەدەگرت ئەمە جۆرێک بوو لە پەروەردەکردنی باوک، ئەگەر تەماشای ڕێگەی پەروەردەکردنی دایک بکەین بۆ «شارل بۆڤاری» ئەوە بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەردەکەوێت: دایک زۆر بەنازەوە مامەڵە لەگەڵ شارل بۆڤاری دەکات ئەو چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە و خواردنی باشی دەدایێ و خەونی بە پاشەڕۆژێکی باشەوە دەبینی بۆ کوڕەکەی.

لێرەدا ڕۆڵی پەروەردەکردنمان لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ بەدەردەکەوێت هەروەکو لە زانستدا هاتووە کە شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵی دەبێتە بنەمای دروستبوونی کەسایەتی منداڵ، کەواتە ئەو دەمە ئەو پەروەردە و هەڵسوکەوتانەی کە لە تەمەنی منداڵی وەردەگرێت لە دواڕۆژدا لە کەسایەتیدا ڕەنگ دەدەنەوە، دوو پەروەردەی جیاواز، دوو مرۆڤی جیاواز دەخوڵقێنن، ئەی ئەگەر دوو پەروەردەی جیاواز لەسەر یەک مرۆڤدا جێبەجێ بکرێت، دەبێ چ تەنگەژەیەکی دەروونی لەسەر ئەو کەسە دروست بێت؟ لەم حاڵەتەدا

دەتوانین دوو پەروەردەی دژ بەیەک بەسەر دوو مرۆڤ وەربگرین و ئەنجامەکەی لەیەک بدەینەوە کە ئەویش نەگونجان و جیابوونەوەیە.

فلۆبێر زۆر لێهاتووانە و بە زمانێکی سادە ڕۆمانەکەی نووسیوەتەوە، لە وەسفکردنیدا زۆر لێهاتووانە خێرایی ڕۆیشتنی خەیاڵ و هزری ئیمای بە خێرایی ڕۆیشتنی سەگەکەی چوواندووە کە دەڵێت:

- سەگەکەی دەوەڕی و بە شوێن پەپوولە زەردەکاندا ڕای دەکرد، مشکەکانی ڕاو دەنا و گازی لەو گوڵانە دەگرت کە لەگەڵ گوڵە گەنمەکاندا ڕووابوون، هەروەها بیرکردنەوەی ئیماش بێ ئامانج دەڕۆیشت جاری وا هەیە خەیاڵی مرۆڤ بە چرکەیەک هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و بەرەو نادیار مل دەنێت، لەو ئان و ساتەدا هەموو شتێکی ناماقووڵ لەلای مرۆڤ دەبێتە ماقووڵ و ڕێگای پێدراوە، نەخوازە خەیاڵی ژنێکی یاخی و خاوەن هەزاران خەون و خولیای ڕەنگاوڕەنگ لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کاتێک مرۆڤ دێتەوە سەرخۆی و دەکەوێتە ناو ئەو واقیعە تفت و تاڵەی کە بە پێچەوانەی خواستەکانیەتی و خۆی نادۆزێتەوە.

لێرەدا نووسەر ماڵی خەیاڵ دەکاتە مەئوایەکی کاتی و بۆ چەند چرکەیەک قوربانیانی واقعی تێدا داڵدە دەدات، ئەگەر ماڵی خەیاڵ نەبوایە و جاربەجار مرۆڤ خۆی تێدا حەشار نەدابایە ئەوە بێگومان هەرەسی دەهێنا و مێشکی لەکار دەکەوت، بۆیە لەکاتی خەوتن و خەیاڵ کردن، مێشک ئاسوودەیە، بۆیە کاتێک ئیما لە خەیاڵەکانی وەئاگادێتەوە لەخۆی دەپرسێت:

- خودایە بۆچی مێردم کرد! بۆچی ڕێکەوت تووشی پیاوێکی دیکەی نەکردم وەکو ئەو هاوڕێیانەم کە لە دێر بەیەکەوە بووین، ئەو ژیانی ساردوسڕ بوو وەکو کۆگایەک کە ڕووی پەنجەرەکەی لە باکوور بێت، جگە لە ڕووی یاخیبوون کە لە ئیمادا هەبوو، هۆی نەگونجانی لەگەڵ شارل- دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەونی گەورەی هەبوو و حەزی بە ژیانی شارە گەورەکان دەکرد و هەروەها حەزی بە سەماکردن و گفتوگۆ بوو ئەمە جگە لەو عاتیفە و سۆزە لەڕادەبەدەرەی.

## هۆکارەکانی خیانەتکردن لەنێوان ژن و مێرددا

سەرەکیترین هۆکار بۆ خیانەتکردن ناڕاستگۆیی و پەنابردنە بۆ شێوازی ڕێگە پێنەدراو لەوانەش درۆکردن و دروست بوونی نهێنی و لوغزە لەنێوان ژن و مێرددا کەواتە درۆکردن زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی کاری خیانەت، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا بۆچی مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ئەم ڕەوشتە قێزەونە کە بەها جوانەکانی مرۆڤ لەناو دەبات.

١- بێگومان هەرشتێک ڕێگە پێدراو و ڕەوا بێت، ئەوە مرۆڤ نایشارێتەوە بۆیە بە درۆکردن متمانە و دڵنیایی لەناودەچێت و یەکێک لەو دوو لایەنە تووشی دڵەڕاوکێ و پرسیارکردن و بەدواداچوون دەبێت و بەمەش شیرازەی خێزان تێکدەچێت.

٢- دروستبوونی پێوەندی ژن و مێردایەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی.

٣- مرۆڤ هەیە هەر بەخۆرسک حەز بە خیانەت دەکات.

٤- لە ئەنجامی خۆشەویستی یەک لایەنە ساردوسڕی لەنێوان ژن و مێرد دروست دەبێت، بەبۆنەی ئەو ناهاوسەنگییە سۆزدارییەی کە لەلایەن یەکێک لە دوو هاوسەرەکە بەدەردەکەوێت لە هەردوو ڕۆمانی «خاتوو بۆڤاری»ی «جۆستاف فلوبیر» و «ئاننا کارنینا»ی لیۆ تۆلستۆی کە دوو شاکاری کلاسیکی گەورەن، پێچەوانەی ئەو ڕایە باوە دەسەلمێنێ گوایە پیاوان لەکاری خیانەتکردندا دەستپێشخەرن لە ڕوودانی خیانەتی هاوسەرێتی، ئەگەر بە ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆماندا بچینەوە ئاشکرایە لە هەردوو حاڵەتدا خیانەتەکە لەلایەن ئافرەتەوە دەکرێت لە هەردوو ڕۆماندا ئەنجامی خیانەتەکە چوون یەکە و دارمانی خێزانی لێدەکەوێتەوە، هەردوو پاڵەوانی ئافرەتی هەردوو ڕۆمان بە خۆکوشتن کۆتاییان دێت، گرنگی ئەو دوو ڕۆمانە لەوەدایە کە نووسەرەکانیان هەریەکە خەڵکی وڵاتێکن، فلوبیری فەڕەنسی و تۆلستۆی ڕووسی هەردووکیان یەک بابەتیان کردووە بە تەوەرەی ڕۆمانەکەیان، هەردووکیان لەیەک کێشە دەدوێن، کەواتە لە هەڵبژاردنی بابەتەکەیان چوون یەکن، بەڵام هەریەکەو بە زمانی تایبەتی خۆی بە شێوازی نووسینی خۆی ئافرەتان بەرجەستە کردووە، کەواتە ئەو بابەتەی کە هەڵیان بژاردووە تەوەرێکی جیهانییە و تەفسیر و شیکردنەوەی زیاتر هەڵدەگرێت، بە مانایەکی دی دەکرێت چەندین نووسەری دیکە هەمان بابەت هەڵبژێرن و لەسەری بنووسن، ئەمە جگە لەوەی بابەتێکە کە لە واقیعدا بوونی هەیە و کێشەیەکە هەزاران کەس بە دەستییەوە دەناڵێنن، یان دەتوانین بڵێین بابەتێکی زیندووە لە هەموو ئان و کات و زەمینێکدا بوونی هەیە، کێشەی هەموو کۆمەڵگەیەکە ئیدی چی لەناو کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بێت چی لەلای ئایین پەروەران و چی لەلای

کابرایەکی بێ بڕوا، ئەو دوو ڕۆمانە دەرەنجامە خراپەکانی خیانەتمان بۆ دەردەخەن، کارەساتەکانیمان بۆ وێنە دەکێشن، نەک تەنیا خەم و ژان و دڵشکانی لێدەکەوێتەوە، بگرە دەبێتە هۆی داڕووخانی بەها ئینسانییەکانیش، فلۆبیر لێهاتووانە پێکهاتەی دەروونی ئافرەتی شیکردۆتەوە. ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کرداری خیانەت لەهەر ماڵێکدا بێت ئەو ماڵە بەرەو دارمانی ئەخلاقی و وێران بوون دەبات ئەنجامەکەشی پەرتبوونی خێزانی لێدەکەوێتەوە، تەنانەت ئەو مرۆڤانەشی، کە لە ڕۆژئاوا دەژین و هەموو مافەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم کراوە، بەڵام لە بەردەم ئەم کێشەیە تەنیا مرۆڤێکن و بە دەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن.

فلۆبیر و تۆلستۆی لە هەڵبژاردنی خێزان وەکو شوێنی خیانەت چوون یەکن لە دەستنیشانکردنی ڕەگەزی خیانەتکار هەروەکو یەکن تەنانەت لە دەسپێشخەری ئافرەتیش بۆ خیانەتکردن.

ئەو جیاوازییانەی لەنێوان هەردوو ڕۆماندا هەیە:

«ئاننا کارنینا»ی نووسەری ڕووسی تۆلستۆی لەناو چینێکی ئەرستۆکراتی باڵادا ژیان بەسەردەبات و خۆشەویستی و ڕادەی لێک تێگەیشتنی ئاننا و مێردەکەی زۆر کەم بوو.

«ئالیکسیس کارنین»ی هاوسەری ئاننا کارنینا پیاوێکە لەناو میریدا لە ئاستێکی بەرز کاردەکات و نایپەرژێتە سەر ئەوەی ئیدارەی هاوسەرەکەی بدات یان بابڵێین بیروبۆچوون و ڕوئیای ئاننا کارنینا و ئەلکسی کارنین زۆر دوورن لەیەکەوە و پێکەوە ناگونجێن، ئەمەش کێشەی هەرە گەورەی چینی ئەرستۆکراتییە کە لایەنی سۆزداری دەبێتە شتێک و بایەخی پێنادرێت، ئاننا ئافرەتێکە لە جوانی و لێهاتوویی و ڕەوشت بەرزی بێ وێنەیە ئەو هەست و سۆزەی کە تێیدایە پێویستی بە لایەنێکی تری شایستەیە، بەکەسێکی میهرەبانە، بە ئاڵوگۆڕکردنی هەست و سۆزە، چما دوو جەمسەری وەها جیاواز چۆن دەتوانن پێکەوە ژیان بەسەربەرن، دوو لایەنی گەرم و سارد، لەگەڵ ئەوەشدا ئاننا بیری لە کەسێکی دیکە نەدەکردەوە، بەڵکو هۆی عەشقی ناکاوی بۆ فرۆنسکی لێهاتوو تەنیا قەدەربوو کە ڕێکەوت بە یەکیانی ناساند، ئەو ئافرەتەی تۆلستۆی لە ئانناد بەرجەستەی کردووە توحفەیەکی دەگمەنە میهرەبانی لێوە دەڕژێت، لێرەدا دەبێت باسی ئەو جۆرە هەستکردن بە کەمییە بکەین، کە لە ئاننا هەیە، ئەو هەستکردن بە کەمییەی لە ئاننایە تێرنەبوونی لایەنی سۆزدارییە، بەگشتی ئافرەت کائینێکی تا بڵێی سرکە، میهرەبانە، کە خۆشەویستی دەکات زۆر ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ عاشقەکەی یان هاوسەرەکەی دەکات، بەرامبەر ئەو ڕاستگۆییەی و ئەو عەشقەی کە بە پیاوێکی دەبەخشێت، دەیەوێت پیاویش هەمان هەستی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ بکات.

کەواتە ئافرەت بەڕاستی خۆشەویستی دەکات، بۆیە زۆر ئەستەمە بەلایەوە هەمان هەست لە خۆشەویستەکەی وەرنەگرێت، لەو حاڵەتەدا هەندێک ئافرەت پەنا دەبەنەبەر لایەنی سێیەم، کە لایەنی دەرەکییە، واتا لە دەرەوەی خێزاندایە، ئەویش مەعشووقێکی ترە، زۆربەی کات ئەو پیاوانەش تەنیا بۆ کات بەسەربردن و ڕابواردن پێوەندی لەگەڵ ئەو ئافرەتانە دەبەستن هەروەکو لە خاتوو بۆڤاری و مەعشووقی دووەمی بەشێوەیەکی دیار بەرجەستەیە.

کە باس لەوە دەکەین ئافرەت پێویستی بە ئاڵوگۆڕکردنی عاتیفە و سۆزە، دەتوانین ئاننای تۆلستۆی بە نموونە وەربگرین، کە هەرگیز هەستی بە خۆشەویستی مێردەکەی نەکردووە. لێرەدا نووسەر بۆشاییەک لەلای ئاننا دروست دەکات، لە ئەنجامی فەرامۆشکردنی پیاوێک لە پیاوانی چینی ئەرستوکرات بۆی کە پیاوی دەوڵەتە.. بەم حاڵەشەوە هەر بەو ژیانە ڕازییە و بە دڵسۆزییەکی دایکانەوە جگەرگۆشەکەی پەروەردە دەکات. کەواتە نووسەر هەستێکی بەتینی بە ئاننا کارنینا بەخشیوە ئەویش سۆزی دایکایەتییە، کە لەلای خاتوو بۆڤاری ئەوەندە پتەو نییە و ئەو عاتیفەیەی ئەوەندە تێدا بەرجەستە نەکراوە، کە بەراورد لەنێوان خاتوو بۆڤاری و ئاننا کارنینادا دەکرێت، وێنەی دوو ئافرەتی جوان و ڕێک و لێهاتووو لەبەرچاومان بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە ئاننا کارنینا عەشقەکەی بۆ تەنیا کەسێکە ئەو وەکو مۆم دەسووتێ و دەتوێتەوە، کە لەلای خاتوو بۆڤاری بەپێچەوانەوە دەبینرێت، کە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ زیاتر لە کەسێک هەیە، ئەو پاڵەوانەی کە لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان تووشی دەبن و دەکەوێتە داوی عەشقیانەوە زیاترن، کەواتە ئەو ئافرەتە جیاوازە لە خاتوو ئاننای تۆلستۆی کە سۆز و ئەوینێکی بەگوڕتری لە دەروونی ئاننا کارنینا بەرجەستەکردووە، کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەست بوونی ئاننا بە «فرۆنسکی»یەوە پێوەندییەکی

ڕۆحی گەورەیە لەگەڵ ئەوەش تۆلستۆی لێهاتووانە بەربەستێکی دەخاتە پێش بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکان ئەویش ئەو هەستە زاڵەیە «هەستی دایکایەتی» کە ئاننا لە پاش گەیشتنی بە فرۆنسکی بە دەستیەوە دەناڵێنێت، تا دەتوانێت لەپێناوی منداڵەکەی خۆی دەخواتەوە و سووڕە لەسەر بینینی و گەڕانەوەی بۆلای، ئەمە لەگەڵ ئەو هەستکردنەی بەغیرە.

بەپێچەوانەی خاتوو بۆڤاری کە ئەو پێوەندییە دەگاتە حاڵەتی ڕابواردن و تەسلیمبوونی بە دوو پیاو خاتوو بۆڤاری بە دەست بۆشاییەکی گەورەی گشتگیرەوە دەناڵێنێ، لەوانەیە گرێکانی منداڵیش فاکتەرێکی سەرەکی ئەو لادانە بن.

جیاوازییەکی دی لەنێوان ئەو ڕۆمانەدا بە ئاشکرا دیارە ئەویش تەسلیمبوونی خاتوو بۆڤاری بە دوو کەس (پیاو) و بەردەوام نەبوونی لەگەڵ هیچ کامیان و بە ڕەزامەندی خۆی، لێرەدا نووسەر جۆرێکی تر لە ئافرەتمان بۆ بەرجەستە دەکات ئەویش ئەو ئافرەتانەنە کە لایەنی سێکسی بەسەر لایەنی ڕووحیاندا زاڵە، هەرچەندە لە حەقیقەتدا ئەو دوو لایەنە تەواوکەری یەکترن بۆ کاملبوونی کرداری عەشق و خۆشەویستی، بەڵام هیچ کاتێک کرداری سێکسی بەبێ تێرکردنی لایەنی هەست و سۆزداری سەرناگرێت، ئایا ئەوە عەشقێکی ڕووحییە، کە ئافرەت بتوانێت خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد و ڕووحی لەگەڵ زیاتر لە کەسێک ئەنجام بدات و سێکسیشیان لەگەڵ بکات، هەرگیز خۆشەویستی پاک لە یەک کەس تێپەڕ ناکات، لەو کاتەدا لە چوارچێوەی عەشقی بێگەرد دەردەچێت و دەکەوێتە قاڵبی پەرستنی جەستەوە و دەبێتە خۆشەویستییەکی ڕووکەش، عەشقی بێگەرد ئەوەیە مرۆڤ ئیدی لە هەر ڕەگەزێک بێت پێوەندییەکی گیانی بەگیانی لەگەڵ بەرانبەرەکەی دروست بکات جاری وا هەیە ئەو عیشقە دەگاتە حاڵەتی تەسەوف و هەر لەگەڵ یادەوەرییە جوانەکاندا گەورە دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر هۆکاری بۆ خیانەتکردنەکەی خاتوو بۆڤاری دۆزیوەتەوە ئەویش فەرامۆشکردنی ئیمایە لەلایەن «شارل»ی هاوسەرییەوە سەرقاڵبوونێتی بە ئیش و کارەوە.

هەرچەندە فلۆبیر متمانە و دڵپاکی لە کەسایەتی شارلدا بەرجەستەکردووە، بەڵام کەمدواندنی شارل بۆ خاتوو بۆڤاری بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانیاندا دروست کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ژیان پێویستی بە گفتوگۆیە، هاوسەرێتی پێویستی بە ڕاگۆڕینەوەیە، بێدەنگی و گوزارشت نەکردن لە عەشق و خۆشەویستی بەتایبەتی لەپاش بە هاوسەربوون لە بەرژەوەندی ژن و مێرد و خێزاندا نییە، ژیان بەخۆی پڕە لە دزێوی، ساتەکانی نائومێدی لەلای مرۆڤ دوور و درێژن کەواتە دەبێت خۆمان ناخۆشییەکانی ژیان خۆش بکەین ئەویش بە دڵنەواییکردنی یەکتری لەکاتی دڵتەنگیدا، هەستکردن بە ساتەکانی بەختەوەری و ڕاگۆڕینەوە و تەرخانکردنی کاتێک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کەموکورییەکانی ناو خێزان و دەستنیشانکردنی هەر کێشە و گرفتێک، کە ڕووبەڕووی تاکەکانی خێزان دەبێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە کە پیاوانی خیانەت لێکراوی ناو هەردوو ڕۆمان یەک کێشەیان هەیە ئەویش ئەوەیە ژنەکانیان دەستپێشخەری دەکەن لە خیانەتکردن، بەڵام تۆلستۆی توانیویەتی پیاوێکی زۆردار بخوڵقێنێت، پیاوێک کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە سەرووی هەموو پێوەندییەکی ترەوەیە، پیاوێکی بە ئاگا، دەستڕۆ، ئەو پاش ئەوەشی هەست بە خیانەتی ئاننا دەکات ئەوەندە بەرژەوەندی پەرستە بۆ خەڵکی ئاشکرا ناکات و داوای جیابوونەوەی ئاننا ڕەت دەکاتەوە، ئەو پێی قبووڵە پیاوێکی تر لە ئاننا هاوبەشی بکات، بەڵام لەپێناو دەسەڵاتی چاوپۆشی لەو مەسەلەیە دەکات، بەپێچەوانەی (شارل)ی خیانەت لێکراوی لای فلۆبیر کە بونیەیەکی مرۆڤانەی هەیە و بڕوای تەواوەتی بە خاتوو بۆڤاری هەیە، ئەو پیاوێکە ئەوەندە سادە و ساکارە زۆر بە ئاسانی خیانەتی دەرهەق دەکرێت «ئەلیکس کارنین»ی مێردی ئاننا کە هەست بە خیانەتەکە دەکات زۆر هەوڵ دەدات چارەسەرێکی ناوخۆیی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام (شارل)ی مێردی خاتوو بۆڤاری تاکو دوا ساتەکانی تەمەنی ئیما پەی بە هیچ شتێک نابات، لێرەدا هەڵوێستی -ئاننا کارنینا- مان بۆ دەردەکەوێ کە چەندە سوورە لەسەر قوربانیدان بۆ عەشقە تاقانەکەی ئەوەش لەو هەڵوێستەی بەدەردەکەوێت کە داوای جیابوونەوە لە (ئەلکسیس کارنین)، دەکات، بەڵام خاتوو بۆڤاری سادەیی و ساکاری -شارل- دەقۆزێتەوە و لەپاڵ ئەوەوە جەستەی خۆی بە دوو پیاوی بێ هەڵوێست دەبەخشێت و چێژ لەو پێوەندییە وەردەگرێت - کەواتە شارل دەکاتە ئەو پەنا دیوارەی کە لەپاڵیدا حەزەکانی خۆی مومارەسە دەکات.

ئاننا تا دوا چرکەکانی ژیانی جگەرگۆشەکەی لەبیر ناکات تەنانەت لەپاش بەیەکگەیشتنی ئەو فرۆنسکی-یش بیرکردنەوەی لە منداڵەکەی دەبێتە کۆسپ لە ڕێگەیاندا و دۆزەخێکی پێ جۆش دەدات.

مەعشووق لەلای تۆلستۆی تایبەتمەندی پیاوانە و بە هەڵوێست و لەخۆ بوردووانەی هەیە خەسڵەتی قوربانیدانی تێدایە لەپێناو -ئاننا کارنینا- ئەو کەسێکە ئەوەندە بە ڕووح و گیان عاشقی -ئاننا- دەبێت و لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە قەدەر تووشی یەکتریان دەکات، وەسف ناکرێت.

ئەوە عەشقێکە بەدەر لە خەمی جەستە و بەرژەوەندی دیکە. یان لایەنی سۆز تێیدا پیرۆزترە لە مەسەلەکانی تر.

لەلای تۆلستۆی ژمارەی مەعشووق یەکە و تەنیا فرۆنسکی-یە، بەڵام جۆستاڤ فلۆبیر زیاتر لە دوو پیاوی بۆ خاتوو بۆڤاری خوڵقاندووە بە شارل-ەوە دەکاتە سێ، بە مومارەسەکردنی خۆشەویستی لە ڕێگەی جەستەوە لەلایەن دوو کەسەوە لە ئاننا کارنینا جیادەکرێتەوە کە فلۆبیر کەسایەتی -ئیما- مان بۆ بەرجەستە دەکات، دەبینین جۆریک لە نائارامی دەروونی تێدایە لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرکردنەوە ئافرەتێکی ئاسایی نییە و ڕوئیای تایبەتی خۆی هەیە بۆ ژیان، ئەو بایەخ بە خوێندنەوەی ڕۆمان و کتێب دەدات، لەو کەسانەیە کە کتێبێک دەخوێنێتەوە بەجۆرێک دەچێتە ناو ڕووداوەکانەوە هەست بە کات ناکات و هەست بەو زەمەنە ناکات، کە لە تەمەنی دەڕژێت و ئاسوودەی دەکات، ئەو خۆی بە یەکێک لەو پاڵەوانانە دادەنێت، کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر سەفەر دەکەن و لەو گیانبازییە بەشداری دەکەن کە بڕوایان پێیەتی ئەم خەسڵەتانەی ئیما لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ -لیۆن- ی نووسەر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، لە ماوەی ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوانیاندا ڕوودەدات یەکبوونی بیروبۆچوونی عاشق و مەعشووقمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەوەندە بیروبۆچوونی ئیماو لیۆن لێکەوە نزیکن، چۆن لەپاش سەفەرکردنی لیۆن بۆ تەواوکردنی خوێندن ئیما توانی پێوەندییەکی تر لەگەڵ پیاوێکی دی دروست بکات کە (ڕۆدولف)ە چۆن خۆشەویستی ڕاستەقینە وا بە ئاسانی دەگۆڕدرێت، بۆیە خوێنەر گومانی ئەوەی لەلا دروست دەبێت کە عەشقەکەی ئیما ڕاستەقینە بێت.

لەلایەکی تریشەوە سۆزی هەڵچوونی لە ڕادەبەدەری ئیما هۆیەکی ترە بۆ خیانەتکردنەکەی، هەر وزەیەک لە ڕادەبەدەر بوو پێویستی بە لایەنی وەرگرە، لایەنی بەرامبەر ئەگەر ئەو هەڵچوونی سۆزەی ئیما لەلایەن شارلی هاوسەرییەوە ئاڵوگۆڕ نەکرێت ئەوە تووشی فشارێکی دەروونی سەخت دەبێت و پێویستی بە وەرگرێکی ترە کە ئەو سۆزەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ بکات، بۆیە لەوانەیە ئیما هەر کەسێکی تری ڕووبەڕوو ببوایەتەوە خۆشەویستی لەگەڵدا بکردایە.

فلۆبیر زۆر لێهاتووانە تێکچوونی شیرازەی خێزانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و هۆیەکانیمان بۆ دەردەخات، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە دروستکردنی خێزان کارێکی ئاسان نییە واتا مەحاڵە بەبێ نزیکبوونی فیکری و ڕوئیای دووکەس لە یەکترییەوە ئارامی لەناو خێزاندا سەقامگیر بێت ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، دەبینین ئیما لە ناخەوە کەسێکی ڕووخاوە، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە فیکرییەی کە لەنێوان خۆی و مێردەکەیدا بە ئاشکرا دیارە.

هەرچەندە شارل، ئیمای فەرامۆش کردووە لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکات بەختەوەری بکات، بۆیە ئیما حەز بەچی بکات ئەو نابێتە ڕێگر لەبەردەمی، لێرەدا سادەیی شارل-مان بۆ دەردەکەوێت ئەو ئازادییەی کە لەلایەن -شارل-ەوە بە ئیما دراوە، ئازادی نییە، بەڵکو دۆزەخێکە و خۆی تێدا دەسووتێنێ، ئازاری خۆی دەدات ماڵە جوانەکەی دوا ڕۆژی پێ دەڕووخێت، بۆیە هەندێک جار ئازادی دەبێتە هۆی لەناوچوون و سەرگەردانی تاک، کە مرۆڤیش هەر چییەکی ویست و بۆی جێبەجێ کرا ئەوە هەست بە تامی ژیان ناکات، بەڵکو لەناو ئەو ئازادییەدا چەواشە دەبێت، ژیان بەخۆی پڕە لە ناخۆشی لە نەهامەتی لە دەردەسەری، سەرەڕای ئەو ناخۆشیانەش، ئەو نائومێدییەی، کە مەرگ هەموو شتێک لێ دەسەنێتەوە، بێتامە ئەو ئازادییەی کە بەبێ قوربانی وەدەست بێت، مردووە ئەو عەشقەی کە بەبێ گرفت لەدایک بێت.

خاڵێکی تر، کە هۆی لادانی - ئیما-یە، غیرەنەکردنی شارلە، چونکە ئافرەت کاتێک زانی پیاوەکەی گوێی پێنادات لەگەڵ هەر کەسێک مامەڵە بکات ئەوە ئەو خۆشەویستییەکی بەرامبەری نامێنێ و لە کەسێک دەگەڕێت، کە زیاتر بایەخی پێ بدات و بیپارێزێت، ئەم حاڵەتەش لەو دیمەنە بەدەردەکەوێ، کە ڕۆدۆلف ئەسپێک دەکاتە دیاری

بۆ ئیما، لە کاتێکدا ئیما دیاریەکە ڕەت دەکاتەوە، کە دەڕوات شارل سەرزەنشتی ئیما دەکات کە بۆچی ئەو دیارییەی قبوولّ نەکردووە، کاتێکیش ئەسپەکە وەردەگرێت ئیدی ئەوە دەرگای چوونە ژوورەوەیە بۆ مەعشووقی دووەمی ئیما و لەوێوە خیانەتی ئیما دەست پێدەکات.

## جیاوازی کرداری خۆکوژی نێوان «ئاننا» و «ئیما»

شتێکی ئاشکرایە هەردوو ڕۆمانەکە بە کوشتنی ئافرەتی خیانەتکار کۆتاییان دێت. کرداری کوشتنەکەش لەلایەن خودی ئافرەتەکانەوە دەبێت کەواتە کۆتایی هەردوو ئافرەتی قوربانی کۆمەڵگە و چینی بەرزی ئەرستوکراتی بەشێوەیەک دەبێت ئەویش کرداری خۆکوژییە.

ئەگەر لە «ئیما»ی پاڵەوانی شاکاری گەورە نووسەر «جۆستاف فلۆبیر» و -ئاننا-ی لیۆتۆلستۆی بکۆڵینەوە دەبینین ئیما پەنا دەباتە بەر دەرمان و خۆی زەهر دەخوات، بەڵام -ئاننا- خۆی دەخاتە ژێر قیتارەوە و گیان لەدەست دەدات، هەردوو حاڵەت دوو کاری خۆکوژی تۆقێنەرن، کە بەڕاستی جورئەت و بوێرییەکی گەورەی گەرەکە، کە مرۆڤێک خۆی کۆتایی بە تەمەنی خۆی بهێنێ.

ئەو ئامرازەی -ئیما- پەنای بۆ دەبات و لە ڕێگەیەوە خۆی دەکوژێت ئەو ماددە ژەهراوییەیە کە خۆی پێ دەرمان خوارد دەکات، ئەو ماددەیەی کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پیشەکەی -شارل- ی مێردییەوە هەیە کە پزیشکە، بەڵام -ئاننا- لە ئەنجامی ئەو سەرلێشێوانەی کە تووشی دەبێت و دەچێتەوە دەرەوە، لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیە کە تووشی غیرەیەکی لە ڕادەبەدەر دەبێت بەرامبەر بە فرۆنسکی عاشقی، تا دەگاتە ئەو بارەی کە دەیەوێت فرۆنسکی تەنیا بۆ ئەو بێت و بە گوێرەی دڵی ئەو سەفەر بکات، ئەو خۆشەویستییە شێتانەیە ئەوەندە نابینای دەکات کە دەبیستێ ئەو بۆ ماڵی دایکی چووە و -سورکین-ی شۆخ لەوێندەرە، دنیا لە چاویدا تاریک دەبێت خۆشی نازانێت بەرەو کام هەڵدێری مەرگ دەچێت بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات کە تۆڵەی خۆی لە فرۆنسکی بکاتەوە ئەویش بە کوشتنی خۆی. خاڵێکی گرنگتر، کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی خۆکوشتنەکەی ئاننا ئەوەیە، کە نووسەر توانیویەتی مەرگی ئاننا ببەستێتەوە بە یەکەم چاوپێکەوتنی خۆی و فرۆنسکی کە لەناو قیتار یەکتر دەبینن و لەو کاتە تەرمی ئەو پیاوە دەبینن کە قیتار شێلاوێتی، لە چرکەساتەکانی تووڕەبوونی لە ڕادەبەدەری ئاننا ئەو دیمەنەی بیر دەکەوێتەوە بۆیە بڕیاری خۆی دەدات کە خۆی بخاتە ژێر قیتارەکەوە. بەڵام خۆکوشتنی -ئیما- لەبەر ئەوەیە کە قەرزێکی زۆری هاتۆتە سەر تەنانەت ماڵەکەشی مەزاد دەکرێت و توانای دانەوەی نییە.

دەبینین جۆرە جیاوازییەک لە تەکنیکی ئەو دوو حاڵەتە خۆکوژییەدا هەیە، قوربانیێکەی فلۆبیر بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ گیان لەدەست دەدات واتا، مەرگی لەسەر خۆیانەیە، لە ڕێگەی خواردنی بڕێک لە ژەهری سیانید.

مەرگی ئاننا کارنینا کە بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیانە گیان لەدەست دەدات جورئەتێکی زیاتری دەوێت.

هەردوو قوربانی، قوربانی کۆمەڵگە و عەشق و ناسکین، ناسکی هەست و بیرکردنەوەی زۆر.

بەڵام جیاوازی لەنێوان هەردوو پاڵەوانی خیانەت لێکراو کە «ئەلکسیس کارنین» و «شارل بۆڤاری»یە جیاوازییەکی گەورەیە بەم شێوەیە:

ئەلکسیس کارنین لە ئەنجامی خۆ بەگەورە زانین و موحافزکاری و لێک نەگەیشتن لەگەڵ هاوسەرەکەی، ئاننا لەدەست دەدات، هەروەها پیاوێکە خاوەن هەست و سۆزێکی تایبەتی نییە بۆ خێزانەکەی «شارل» هەست و سۆزی بەرامبەر بە خێزانەکەی هەیە و خۆشی دەوێت، بە ڕادەیەک کە هەموو ئازادییەکی پێ ڕەوا دەبینێت، بەڵام خۆی گوزارشت لەو خۆشەویستییە ناکات و دەری نابڕێت و نایدوێنێ.

کەواتە هەردوو گەورە نووسەر ئەم چەند دەرئەنجامەمان بۆ دەردەخەن..

١- ئازادی زۆر و ڕەها و فەرامۆشکردنی هەندێک ئافرەت دەبێتە هۆی خیانەتکردن.

٢- زەبروزەنگ و توندوتیژی و بەکارهێنانی گوشاری دەروونی و گۆشەگیر کردنی ئافرەتیش بە هەمان شێوە ئافرەت تووشی چەپاندن و لادان دەکات.

بەڵام میهرەبانی و هەستی ڕاستەقینەی شارل لەو کاتە بەدەردەکەوێ کە ئیما لە سەرەمەرگیدایە و ئەو بۆی دەگری و تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبێت هەرچەندە ئیما بووەتە هۆی لەدەستدانی هەموو سەروەت و سامانەکەی. بەپێچەوانەی ئەلکسیس کارنین.


# چرای ئەفسووناوی

شۆڕش محەمەد حوسێن
(سلێمانی)

بەلای منەوە یەکێک لەوخاڵە جەوهەرییانەی کە کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لێک جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە کولتووری ڕۆژهەڵات پشتێکی هەرە گەورە بە گێڕانەوەی سەرزارەکی دەبەستێت و بە پێچەوانەوە کولتووری ڕۆژئاوا پشت بە نووسینەوەی یاداشتەکان دەبەستێت. ڕەنگە بۆ ئەم دۆخە چەندین حاڵەت لە ئارادا بێت کە وەک نموونە پەنجەنومای بۆ درێژ بکرێت، زۆرن ئەو ئەفسانە و سەرگورشتە و تەنانەت باسکردن لەو کەڵە نووسەر و ڕۆشنبیرانەی نێو کولتووری ڕۆژهەڵاتی کە بە تەنیا بەشێوەیەکی سەرزارەکی لەم و لەوەوە زانیارییەکان گوێزراونەتەوە و هیچی تر، بەڵام بەپێچەوانەوە لە کولتووری ڕۆژئاواییی، نووسینەوەی یادەوەری و یاداشتەکان بۆتە فۆرمێکی باوی نەک ڕۆشنبیر و هونەرمەندەکان، بەڵکو ژیانی ئاسایی هەموو مرۆڤێکی ڕۆژئاوایی.

بە گەڕانەوەش بۆ هونەری کوردی خۆشمان ڕەنگە یەکێک لەو کەموکورتیانەی کە لەو بزاڤە هونەرییەی کوردستان و بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی هونەر، هەستی پێدەکرێت. نەبوونی نووسینەوەی یاداشت و ئەزموونی هونەرمەندان خۆیان بێت، تا دواترئەم نووسینانە ببنە دۆکیومێنت و ڕووناکی و سەرچاوەیەک بۆ قۆناغەکانی دوای خۆیان و نەوەی دواتر. هەروەک چۆن لە ڕێی ئەم یاداشتانەوە خوێنەر و فێرخوازانی کایە جیاوازەکانی هونەر بەشێواز و ستایل و ئەزموونە هونەرییەکانی هونەرمەند، یان بەواتایەکی تر نووسەری یاداشتنامەکە ئاشنا دەبێت. یەکێک لەو کتێبە سەنگین و کەمانەی کە دەتوانم بەسەرچاوەیەکی باشی بواری نووسینەوەی یاداشتنامەی وەسف بکەم، کتێبی «چرای ئەفسووناوی»ە، کە یاداشتنامەکانی دەرهێنەری بەناوبانگ «ئینگمار بێرمان»ە و لەلایەن شاعیری خۆشەویست «دڵاوەر قەرەداغی» و بەوپەڕی سەلیقەیی زمانەوانی لەوەرگێڕانێکی بەپێز و باڵادا وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و تەنانەت من بۆ خۆم لەدوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، هەستم بەوە کردووە کە ئەم کتێبە کتێبێکی وەرگێڕدراو نییە، بەڵکو بەهۆی جوانی وەرگێڕانەکەیەوە، وام هەست دەکرد کە ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نووسرابێت.

ئەم کتێبەی ئینگمار بێرمان نووسینەوەی یاداشتە ڕۆژانەییەکانی



ئەو دەرهێنەرە بەناوبانگەی جیهانە و جگە لە باسکردن لە وردو درشتی قۆناغەکانی منداڵی و مێردمنداڵی خۆی لە زۆربەی لاپەڕەکانی کتێبەکەشدا ڕۆشناییەکی باش دەخاتە سەر ئەزموون و قۆناغە هونەرییە جوداکانی کاری هونەری خۆی لە هەردوو بواری سینەما و شانۆدا، چونکە وەک زۆرێکمان دەزانین ئەم دەرهێنەرە لە هەردوو بواری «سینەما و شانۆ»دا کاری کردووە، بەڵام زۆرتر سینەما بەجیهانی ناساند.

لەو بارەیەوە شانۆکاری کورد «دانا ڕەئوف»یش لەو پێشەکییەی کە بۆ کتێبەکەی نووسیوە دەڵێت: «ئەم هونەرمەندە گەورەیە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ هونەر و لەگەڵ شانۆ و سینەمادا ژیاوە و گەورە بووە، بێرمان ڕێزیسۆرێکی بەتوانای سینەما بووە لە شانۆدا و ڕێژیسۆرێکی شانۆییش بووە لە سینەمادا.لەم ڕووەوە ئێنگمار بێرمان دیاردەیەکی زۆر تایبەت بووە لە بواری سینەما و شانۆدا. تەکنیکی سینەمای تێکەڵاوی شانۆ کردووە و هەندێ جاریش شانۆی تێکەڵاوی سینەما کردووە، بۆ نموونە «دیالۆگ، ستروکتۆرە دراماتیکەکان، بەکارهێنانی ڕووناکی، دووپاتکردنەوەی هەندێ لەبابەتەکان، هەروەها ڕەنگ و ئاوازە بەکارهێنراوەکانی شانۆ..»

هەر ئەم دوو جۆر کارکردنە لەبواری «شانۆ و سینەما»دا بۆتە هۆی ئەوەی کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر کارکردنە هونەرییەکانی بێرمان بەجێ بهێڵێت لە بواری «شانۆ و سینەما»دا بە واتای ئەوەی لەکارکردنی سینەمادا شانۆ کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کارەکە و بە پێچەوانەشەوە، هەربۆیە دەکرێت بڵێین ئێمە لە بەرهەمێکی سینەمایی ئێنگمار بێرماندا تارماییەکی شانۆیی دەبینین، یان لە شانۆییەکی بێرماندا کاریگەری و تارماییەکانی سینەما دەبینین و هەست پێدەکەین. یەکێکی تر لەو شتانەی کە ئەم کتێبە و بەمانایەکی تر کاری نووسینی یاداشتنامە پڕ بایەخ و کاریگەرتر دەکات ئەو بوێری و ڕاستگۆییەیە کە نووسەرەکەی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی، وەک چۆن ئێمە لەم کتێبەی ئێنگمار بێرماندا بەوپەڕی وردی و ڕەوانییەوە ئەو بوێری و ڕاستگۆییە هەست پێدەکەین لە ئاماژەدان بە نوشووستییەکانی خۆی و کەموکوڕی بەرهەمەکانی، کە ئەمە ڕەنگە بۆ هەموو کەسێک جێگای بەهەند وەرگرتن نەبێت، پێدەچێت هەر لەبەر ئەم خاڵەش بێت وەک لە پێشەکی ئەم نووسینەدا ئاماژەم بۆ کردووە کە کولتووری ڕۆژهەڵات کەمترین بەرهەمی هەیە لە بواری یاداشتنامە نووسینەوەدا و بەوپەڕی شەرمەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بوارەدا دەکات.

هەر لەم کتێبەدا ئێنگمار بێرمان لەبارەی ئەزموونە هونەرییەکانی خۆیەوە و کاتی کارکردن و پرۆڤەکردن، چەندین ڕێنمایی گرنگ تۆمار دەکات و دواجار لەکاتی خوێندنەوەدا خوێنەر دەتوانێت سوودێکی باش لەو وتەزایانە وەربگرێت بەتایبەت بۆ خوێنەرێک کە هونەرمەند بێت ئەم وتانە دەبنە پەندێک و ڕێنماییەکی باش بۆ کارکردنی هونەرییان وەک ئەوەی بێرمان لە لاپەڕە «٥٧»ی کتێبەکەدا و لە بارەی ڕۆژانی ڕاهێنانەوە لە شانۆگەری «گەمەیەکی خەون» دەنووسێت: «یادەوەرییەکانی ڕۆژانەم بۆ کارکردن لە شانۆنامەی «گەمەیەکی خەون»دا دەخوێنمەوە، چ شتێک نییە هانی خوێندنەوەیم بدات. ئاخر من ئەوکات لە هەلومەرجێکی خراپدا بووم. نیگەران، ناڕازی، شەکەت، سمتی ڕاستم بێ وچان دەهێشا و بەیانیانیش بەیانیانێکی بێزەوەر. گەدە لە میانەی گرژبوون و هورووژمی نۆرە زگچووندا هەراسانی کردبووم. بێزاری دەستی نابووە ڕۆحم. لەگەڵ ئەوەشدا هیچم وەدیار نەدەخست. ئاخر هەڵەیە کێشە شەخسییەکان لە میانەی کارکردندا بهێنرێنە پێش، دەبێ خولْق ئارام و بەهێز بێ و لەبەرانبەردا نابێ بۆ وەدیهێنانی ئارەزووگەلە داهێنەرە پێناس نەکراوە زیادەکان، زۆر لە خۆ بکرێت. دەبێ پشت بە ئامادەیی وردبینانە ببەسترێ و ئومێد بە ساتەوەختگەلی باشتر ببەسترێ».

ئێنگمار بێرمان لە کارکردنی هونەریدا زۆرجار دووچاری چەندین گرفت و تەنانەت زۆرجاریش نوشووستی هونەری بۆتەوە کە ئەم بارە خەمبار و بێزاری کردووە، بەڵام ئەم بارودۆخانەی بەوپەڕی ژیری و وریاییەوە تێپەڕاندووە و تەسلیم بە ئەمری واقیع نەبووە و خۆی وتەنی «ڕاستە غەمبارم، بەڵام هەرگیز تێک ناشکێم» لا-٦٢.

لە کتێبی «چرای ئەفسووناوی»

ئێنگمــــار بێــــریمان دوای چەند ئەزمــــوونێکی هونـەری لە بواری «شـــانۆ و ســـینەمـــا» و وەک خستنەڕووی جیاوازییەکانی ئەم دوو هونەرە دەنووســـێت» لە شـــانۆدا دەتوانم چاودێری خـالّە لاوازەکـان بکەم و لە خـراپتـرین حـالّەتدا ئەکتەرەکان دەتوانن ڕاستم بکەنەوە. لە فـــیلمـــدا هیچ شـــتـــێک ناگەڕێنرێتـەوە. هەمـوو ڕۆژێک سێ دەقیـقـەی تەواو لە فـیلمـەکە تەواو دەکرێت. دەبێ هەمـوو زیندووبێت، هەناسـە بدات، داهێنان بێت» لا- ٨٣.

بڕوا بە خـۆبوون و کـارکـردن بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە خەونەکان یەکـێکی ترە لەو خـالّە سـەرنج ڕاکێشانەی نێو کتێبەکەی بێریمان و خودی ژیانی بێریمان وەک دەنووسێت «لەمیـانەی ئەو سالاّنەدا کە بوومە کـۆیلەی سیناریۆنووسی، زۆرجاران سـەرم لە سـتـۆدیۆکـان، ئەرشـیـفی فـــیلمـــەکـــان، لابۆرتوارەکـــان، ژوورەکانی مۆنتاژ، بەشەکانی دەنگ و چێشـتـخانەکـانیـان دەدا، هەربۆیە بەباشی شـــــارەزای شـــــوێنـە گشتییەکانی شاری سینەمایی بووم و زۆرچاک کـارمەندەکانیم دەناسین، وێڕای ئەوەش زۆر بـەتینوتـاو بڕوام بەوە هەبوو کـــە دەبێ خـــۆم وەک یەکـێک لە گـەورەترین دەرهێنەرانی سینەمایی جیهان بناسێنم» لا- ٨٩.

تەنانەت ئەم حـالّەتەی پێـشـوو لەلای بێـریمان دەبێـتـە حـالّەتێکی نێرگسـیـانە و تەمـاشـاکـردنی خۆی وەک کـەسـێکی بالاّ دەبینێـتـەوە، ئەوەتا لەدوای سازکردنی فیلمێکی ئەزموونی تەلەفۆن بۆ ژنەکەی دەکات و دەڵێت: «ئیـتـر خـیـۆبێـری، مـۆلاندێر، دربێـتـر، دەتوانن هەر ئەلعـان بەمـەرەخـەسی بڕۆن، ئاخـر ئێنگمـار بێـریمان بەڕێوەیە» . وەک لەسـەرەتاشـدا ئامـاژەم بۆ کـرد ئەم کـتێـبەی بێریمان بەوپەڕی بوێری و ڕاسـتگۆیـیـەوە هەڵوێسـتـە لەسـەر نوشـووسـتـیـیـەکـانی خۆی دەکـات لەکاتی کارکـردنی هونەریدا، هەر بۆ نموونە لە ساتی وێنەگرتنی فیلمێکدا و بەهۆی ئەو چەند بەربەسـتـەی دێتە بەردەم کـارەکـە و زەمـینەناسـازی بۆ جێـبـەجێکردنی کـارەکـە، بێـریمان دەنووســێت» ئیــدی لە وزەمـــدا نەمـابوو، ڕۆیشـتـمـە تاریکی و لە تووڕەیی و نائومێدیدا کوڵی گریانم بەربوو» لا- ٩٤.

ســـەبارەت بە مـــەزنی هونەری سینەما و ڕۆڵی ئەو هونەرە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، بێریمان دەنووسێت «چ جۆرێکی هونەر نییـە وەک فـیلم توانای هەبێت بە ئاگایی ڕۆژانەماندا تێـپـەڕێت و ڕێک ڕۆبچـێـتـە نێـو هەست و قـوولایی ژووری بوولێڵاوی ڕۆحمانەوە» لا-٩٦.

ئەم کـتـێـبـەی ئێنگمـار بێـریمان بەسـەرچاوەیەکی باشی هونەری بۆ هونەرمـەندانی کورد و فـێـرخوازانی هـونـەر دادەنـرێـت و زۆرێـک لـە ئەزمـوون و کارکردنە هونەرییـەکـانی ئەم دەرهێنەرە جـیـهـانیـیـە کـە لەم کـتـێـبـەدا بلاوکـراوەتەوە سـوودێکی گەورە دەداتە هونەرمەندان، ناشکرێ لێرەدا سەلیـقەیی زمانەوانی «دلاوەر قـەرەداغی» شـاعـیـر لەبیـربکەین لە وەرگـێـڕانی ئەم کـتـێـبـەدا بۆ سـەر زمـانی کـوردی، کـە وەک پێـشـتـر ئامـــــاژەم بۆ کـــــرد لـەدوای هەر خـوێندنەوەیەکی ئەم کـتـێـبـەدا، ئەم هەسـتـەم لەلا دروست دەبوو کـە ئەم کـتـێـبـە لە ڕەچەڵەکـدا بە کـوردی نووسراوە.

**چرای ئەفـسـووناوی- ئێنگمـار بێریمان**
**وەرگێڕانی/ دلاوەر قەرەداغی**
**لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**

# منداڵێک بووم له کوردستان

عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە
(کەرکووک)

«ئەوەبوو لەناکاو کەوتمە نێو گێژاوی ژیانێکی یەکجار نامۆوە، جیهانێک تێیدا خەڵک بە زمانێک دەئاخافتن کە من لێی حاڵی نەدەبووم، لە قوتابخانەکەدا قەدەغەبوو بە کوردی قسە بکرێت...»

ئەوەی سەرەوە بەشێکی کەمی موعاناتی منداڵە کوردێکە، کە دوای چەندین بەسەرهات لەشوێنی خۆی وەک منداڵە کوردێک هەڵدەکەنرێت و دەچێتە ژیانێکی نوێوە، ژیانێک کە لەو ساتەدا ماهیەتی چەوساندنەوەکەی نەدەزانی، هێندە نەبێت کە هەست بە جیاوازییەکی مامەڵەکردن درک پێدەکات.

منداڵێک بووم لە کوردستان.. یادەوەرییەکی ژیانی چیرۆکنووسی کوردی ناودار (مەحموود باکسی) تورکیایە کە لە لایەن (عومەر عەلی شەریف)ەوە بە زمانێکی پاراو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە دووتوێی (٩٠) لاپەڕەدا لەسەر ئەرکی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە چاپ دراوە، بێگومان دەقەکە لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوە، چونکە نووسەر دوای هەڵاتنی بۆ ئەڵمانیا بە زمانی ئەڵمانی لە فۆرمی چیرۆکدا هەربەکەو یان هەربەشەو لەژێر ناونیشانی تایبەتدا نووسیونی.

دەتوانم هێندە باس لە پرۆسەی وەرگێڕانەکە بکەم کە وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی بابەتەکەدا، وەک بنەمایەک لە بنەماکانی وەرگێڕان سەرکەوتوو بووە، دواتر دەربڕینەکان بە چەمک و زاراوە و دەستەواژەکانەوە ئاماژەی سەرکەوتنیان پێوە دیارە و دەستخۆشی لە برای وەرگێڕ دەکەین، لە بەشی (بێچوە بەراز)دا باکسی بە وردی باس لە هەڵوێستەکانی منداڵییەتی خۆی دەکات لە گوندێکی پێدەشتی (گارزان)دا کە



چۆن بوونی لە خێزانێکی دەرەبەگدا وای کـــردووە لەڕووی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتیشەوە لە منداڵانی تری گـوندەکـە جـیـاواز بێت... ژیانی دەرەبەگـایەتی کـە تا ئەم سـاتە وەختـەش کـاریگەری نێگەتیـڤی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سـیـاسـیـش هەیە... باکـسی لەوبارەیەوە لە چەند کـۆپلەیەکـدا دەڵێت: «من ئەو دەمــە منداڵێکی شـــەش ســـاڵان بووم و دەرکم بەوەکردبوو کەوا لەوانی دی، منداڵە هەژارەکـــانی گـــوند، جـــودا و جـیـاوازترم!، ل ١٠»، «دایکی من کچی خاوەنی گوندەکە بوو، ئەویش ئاغـایەکی دەوڵەمـەند بوو، بۆیە بە حەقی خۆمم دەزانی منداڵەکانی تر فـەلاقـە بکەم و ناچاریان بکەم ئەوە بکەن کە من دەمویست، ل ١١».

باکـــسی لەم بەشـــەدا باس لە حاڵەتێک دەکات کە دەروونناسان جەختی لێدەکەنەوە.. ئەویش ئەوەیە منداڵ بۆخـۆی حـەز لە چی بکات زیاتر بایەخ بەوە دەدات، ئیتر ئەوەی ئەو بایەخی پێـدەدات ئەگـەر لای گـەورەکـان لەڕووی ئاییـنیـشـەوە بە مـەترسـیـدار دابنرێت.. تەنانەت دکـــتـــۆر نیل لە کـــتـــێـــبی (پەروەردەکـــردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ) جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنانەت منداڵان لە قۆناغی کۆتایی خـوێندنی سەرەتاییـشـدا حەزیان بە خوێندنی وانەی بیرکاری و مێژوو و جوگرافیا و زانستەکان نییە، بەڵکو ئەوان لەو قـۆناغـەشـدا یاریکردنیـان بەلاوە گـــرنگە نـەک خــوێندن و فێربوون... بەڵام مەخابن لای ئێمە و لە قــۆناغی خــوێندندا وانەیەک هەیە کـــە لە ئـاســـتی حـــەز و ئارەزووەکانی منداڵدایە کە وەرزشە، بـەڵام بایـەخ بـەو وانـەیە نـادرێت و وانەکە دەکرێتە پشووی مامۆستایان و دواتر هەر قــوتابی و نمرەی (٩) یان (١٠)ی بۆ دادەنرێت.

باکسی لە ڕاوە بەرازەکەدا ئاماژە بە حـاڵەتێکی سروشتی دەدات کە چۆن گەورەکان دژایەتی دەکەن، ئەوە تا کـاتێک باپیـرە دەزانێت باکـسی کـچەزای لە مـاڵەوە چەندین توتکە ســـەگی هەیە و لە کـــاتی ڕاوە بەرازەکـــەشـــدا باکـــسی منداڵ، بەچکەیەک دەگـرێت و خـۆی دەدات بەســــەریدا بۆ ئەوەی نـەیکوژن.. باپیـرە بە خەڵکەکە دەڵێت: «واز لە کـوڕەکـە بێنن.. ئەو ئێـسـتـا وەک بێچووە بەرازەکە پیس و گڵاوە، نەک هەر گڵاوە، بەڵکو ترسناکیشە.. ئەو حاڵی حازر لە ماڵەوە شەش تووتکە سەگی قێزەونی هەیە کە لەگەڵیدا دەخۆن و دەخۆنەوە و دەنوون! جا چ دەبێت ئەگـەر بێـچـووە بەرازێکی هەبێت؟! ڕۆژێک دێت ئەم کــــوڕە نەنگی و شـووره‌یی بەسـەر تێکڕای بنەماڵەکەماندا بێنێت...».

لەلایەکی ترەوە باکـسی لە بەشی «تۆبە لە ژیانی سەگدا» دا باس لەو ئازارانە دەکات کە منداڵان دەیچێژن لە کـردەوەی گـەورەکـان لە ئاسـتی گـیـاندارانـدا، بەتایبـەتی باس لەو سەگـانە دەکات کـە کۆچەریەکـان بۆ پاراستنی خۆیان و مەڕوماڵاتیـان لە پەلاماری گورگ دەیانڕەتاندن، بەڵام لە پیریدا گوێیان پێنەدەدان تا لەپاڵ تاوێر و لا کۆڵانەکاندا دەتۆپین.

بەشـەکـانی (نامـۆکـان، کـۆلارە) بـاس لە بەشـــــێـکی تـری ژیـانی گـــوندنشـــینەکـــان و منداڵان و هەڵوێستەکانیان دەکات.

لە بەشی (دەست لەنێـــو دەست لەگەڵ باوکمدا) باکسی دێتە سەر ئەو گـۆڕانکارییـەی ژیانی شـار و هەڵوێسـتە سیـاسییـەکان بەسەریدا هێناوە و ڕۆژانە هەسـتی پێکردووە، بەتایبەتی کە یادەوەرییەکانی ڕۆژانی خوێندنی قوتابخانەی باس دەکات، کە سەرەتای هەستکردنی کوردە بەو ستەمـە سیـاسییـەی لێی دەکـرێت، بەڵام ئـەو تـەنیـــــــا هـەسـت بـە نیگەرانییـەک دەکات کـە نازانێت هۆکاری ئەم هەڵوێستانە چین.

مـەخـابن کولتـووری کـەمـالیـست کولتـوورێکی تا بینەقاقا نغرۆیە لە نەتەوەپەرسـتی و تا ئەم سـاتەش لە تورکیـادا هەمـان سـیـاسـەت پەیڕەو دەکرێت.. (ئیسمـاعیـل بێشکچی) لە نامەکەیدا بۆ ڕێکخراوی یونسکۆ زۆر بە جـوانی ئەم سـیـاسـەتە ڕوون دەکـــاتەوە کـــە چۆن بە هەمـــوو شێـوازێک هەوڵیـداوە ناسنامەکـانی کـورد و ئەرمـەن لەنێـو کـولتـووری بتـوێنرێتـەوە، هەڵوێسـتی منداڵە تورکەکـان لە قوتابخانەدا لە ئاستی باکسی منداڵدا باشترین بەڵگەیە کە ئەو سـیـاسـەتە بووتە نەریت لەنێـو ژیانی کۆمەڵایەتیدا..

باکـــسی دەڵێت: «جـــاروبار هەندێک قسەی پچڕ پچڕم بەر گوێ دەکـەوت «وەک کـوردە پیـسـەکـە، کـوردە دڕندەکـە!» من دەمـزانی ئەو جـۆرە وشـانە چی دەگـەیەنن، بەلای منداڵانی قـوتابخـانەکـەوە ئەز وەک دەعبایەکی ترسناک، وەک گورگێکی دڕندە وابووم!، ل٥٠».

ســــەرەتای هەســــتکردن بە

چەوســــــانەوە لای باکـــــسی لە قوتابخانەوە بووە، کـاتێک هەسـتی بەوە کـردووە زمـانەکـەی کـە زمـانی کـوردییە.. مـایە بە ڕق و کـینەکـەی بەرامـبـەرە و قـسـەکـردن بەو زمـانە سـەرئێـشـەی بۆ دروست دەکـات: « زۆرجاریش بەڕێوەبەری قوتابخانەکە باوکـمی گـاز دەکـردە لای خـۆی و فەرمانی پێدەکرد کە لە ماڵەوەشدا بە تورکی لەگەڵ مندا قسـە بکات، ئەگـەر نا ئەوە من لە قـوتابخـانە دەردەکـــات و پۆلیـــــسیش لە ئەو ئاگادار دەکات... ل ٥١».

باکسی لەم بەشەدا ئەشکەنجـە و ئـازارگــەلێک باس دەکـــات، وەک بلـێـیت لە زیندان بووبێت نەک لە قوتابخانە، ئەو گیانی دژایەتیکردنی کوردە تەنانەت لەلایەن مامۆستایانی بواری پەروەردە و فـێـرکـردنیـشـەوە وەک بەرنامــەیەک پیــادە دەکــرا: «زۆری نەبرد هیچ شوێنێک نەما لە لەشمدا پەڵەیەکی شین یان ئاوسان و سووربوونەوەیەکی پێوە نەبێت... ل ٥١» ئەم هەڵوێسـتـانە وا دەکـات فـێـربوونی زمـانی تورکی ببـێـتـە گـرنگـترین ئامـانج، بێگومـان لەبەر ئەوەی لـە ئـازار و ئـەشکـەنجــــەی مـامـۆسـتـا و نیگا پڕ کـینەکـانی قـــوتابیـــان ڕزگــاری بێت... بەڵام لافـاوێک دەبێـتـە هۆی ڕزگـارکـردنی کـە قـوتابخـانەکـەش ڕادەمـاڵێت و مامۆستاکەش بێ سەروشوێن دەبێت و ئەمانیش ماڵیان بۆ شاری بەتلیس بار دەکات.»

دژایەتی کـردنی کورد و سڕینەوەی ناسنامــەی کــورد و ســووککردنی پرۆسـەیەک بوو لە خـوێندندا پیـادە دەکــرا.. لە قــوتابخـانەدا فــیلمی تایبەت بە گەشتیاران و جووتیارانی کـورد لێـدەدرا و تا بە درێژایی کـات دەبووە هۆی گــۆڕینی بیـــروباوەڕی قــوتابییــە کــوردەکـان: «نەک هەر فـیلمـەکـان.. بەڵکو مـامـۆسـتـا و کتێبەکانی قوتابخانەش لەو میانەدا کـاریان تێدەکردین، تا وای لێهات زۆر لە قـوتابییــەکـان هەوڵی ئەوە بدەن زمـانە کـوردییـەکـەی خـۆیان فـەرامۆش بکەن، ئەوان لەو بڕوایەدا بوون بەو شـێـوەیە بۆیان ئاسـانتـر دەبێت تورکـییـەکی تەواو فـێـربن، ئیدی حەزیان نەدەکرد هیچ کەسێک وەک کورد بیانناسێت! چونکە کورد بەگـوێرەی گـوتەی مـامـۆسـتـاکـان خـەڵکێکی بێ کـەڵک و بێ بایەخ بوون.. ل ٦٧».

هەمــوو ئەم هەڵوێســتــانە وا لە منداڵێکی وەک مـەحـمـوود باکـسی دەکات کە، وێڕای گۆڕینی کەسێتی و سـەراسـیـمـەکـردنی لە نێـوان دوو کولتووردا، کـولووری کورد و تورک، کولتووری شار و لادێ، بەڵام دواجار و دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ڕۆمـانێک بە زمـانی تورکی لەسـەر سـەختـی و ناهەمـواری ژیانی کـورد دەنووسـێت، هەر زوو حکومــەتی تورکـیـا بەخـیـانەتکاری تۆمـەتبـار دەکەن و لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا ئەو تۆمــەتەی بەسـەردا دەسـەپێنن و لە ترسی دەسـتگیـرکـردن و حـوکـمـدان وڵات بەجێدەهێڵێت.

کتێبەکە دواجار بە کورتە باسێکی مێـژووی لەلایەن (ئیلین کـلاسۆن)ی هاوسەری باکسییەوە بەکۆتا دەگات کـە وەرگـێـڕ پێـیــوایە هەندێک لە زانیارییەکانی کۆن بوون و ناتەواوی و کەلێنیان تێدایە.

# ئامادەکردن Adaption

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی زمان)

... لە ڕووی وەرگێڕانەوە دەشێ ئەم دەستەواژەیە بە زۆر مانا لێکبدرێتەوە وەک: گونجاندن، هەموارکردن، ئامادەکردن، وەرگرتن، یان سوود لێ وەرگرتن. لە عەرەبی بەرانبەر: تکیف، اقتباس، اعداد- دەوەستێ. ئەم دەستەواژەیە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە وەرگێڕانەوە هەیە، بوارێکی نوێیە لەناو ئەدەبیات و زمانی کوردی، هەروەها فەرهەنگی کوردی بەگشتی. دواجار بەرانبەر بە جۆر و شێوەکانی وەرگێڕان دێ وەک: وەرگێڕانی وشە بە وشە، یان وەرگێڕانی ئازاد،... تاد. دەشێ بگوترێ زیاتر پێوەندی بەمەی دواییەوە هەیە، بەو مانایەی وەرگێڕ خۆی بە وەرگێڕانی وردی وشە بە وشە نابەستێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدا جەوهەر و مانای بابەتەکە وەرگرێ. وەک دەستەواژە لە زۆر بواری تر سوودی لێ وەردەگیرێ وەک شانۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما. وەک سوود وەرگرتن لە هەندێ تێکستی ئەدەبی بۆ ئەم بوارانە. لەم حاڵەتەدا دەبێ ئەم بابەتە بەچەشنێک ئامادەکرابێ، ئامادەکەر خۆی نەبەستبێتەوە بە تێکستی بەرایی و بەکارهێنانی دەقاودەقی ئەمە. وەک: ئامادەکردنی ڕۆمانێک یان چیرۆکێک یان گێڕانەوەیەک بۆ شانۆ یان بۆ تەلەڤزیۆن یان بۆ سینەما. وەک: ئامادەکردنی ڕۆمانەکانی دیستۆیەڤسکی لەلایەن ئەلبێر کامو بۆ شانۆ. ئەمەش وەک پرۆسەیەکی سیمیۆتیکی (=نیشانەناسی= بوارێکی تازەی زانستی زمانە) دێتە بەرچاو، ئامادەکار هەوڵدەدا پوختەی ناوەرۆک یان بەشێک لە ناوەرۆک، هێڵە گشتییە سەرەکییەکان وەربگرێ. یان بەشێک وەک: دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانێک، یانیش هەوڵدەدا بەشێوەیەکی ئیستبدادی (زۆرەملێ) ئەم کارە بکا، واتە

بەشێکی دیکەی بابەتەکە بە وێنە و بزووتنەوە و دیمەن پیشان بدا نەک بە زمان و ئاخاوتن. ئامادەکردن چ لە بواری ئەدەبیات یان بوارەکانی تر وەک شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن.. تاد، حوکم دان لەسەری و بڕیاردان لێی دەوەستێتە سەر جوانی و پوختەیی ئامادەکردن و سوود لێ وەرگرتن، ئەمەش لە ئامادەکردندا پێوەندی بە دڵسۆزی و نادڵسۆزییەوە هەیە، کە دەبێ ئامادەکار بە پلەی یەکەم شێوازی گێڕانەوە: (Style de narra-tion) لەبەرچاو بگرێ. لەم خاڵەوە ئەم تێبینییە پەیڕەو بکرێ و لەبەرچاو بگیرێ نەک لەسەر ئەوەی چی دەڵێ، واتە لەسەر ئامانجی دوایی و چی گوتن. ئیمڕۆ بەهۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ماددییەکان، بەهۆی گۆڕانە کولتوورییەکان، بینەران و خوێنەرانی بابەتی ئامادەکراو زۆرتر بووە. ئەمانەش لە شانۆ و سینەما وتەلەڤزیۆن دەبینرێ. بێگومان ئێمە لێرە مەبەستمان نییە ئەو لایەنە لەبەرچاو بگرین کە هونەرمەندانی ئەم بوارانە لە پرۆسەی پیشاندان دەقاودەق خۆیان بە سەرچاوەی سەرەکی دەبەستنەوە، بەڵکو ئەو خاڵەیە کە لایەنی ئەدەبی ئامادەکردن وەک کارێکی ئەدەبی لەم بوارانە بایەخی زۆری خۆی هەیە، پێویستی بە هەمان سەرکەوتن و داهێنان هەیە کە لە ڕۆمانێک یان شانۆگەرییەکی سەرکەوتوودا دەبینرێ. پاشان، ئەم بوارانە ئەگەر لێوەشاوەیی ئەدەبی تێدا بەکار نەهێنرێ، دەشێ زیان بەو کارە ئەدەبییە بگەیەنێ. ڕۆمانە مەزنەکانی جیهانی و ڕووداوە مەزنەکانی و کەسایەتییە مەزنەکان لە ئامادەکردنیان بۆ سەر شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن، زۆرتر دووچاری ئەم کارە دەبن. ئەمەش بڕیاردان لێی دەکەوێتە سەر چۆنیەتی سوود لێ وەرگرتنی، چونکە کە بە زمان و لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا هەن هەڵکەوتێکیان هەیە، کە ئامادە دەکرێن بۆ سوود لێ وەرگرتن لە شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن، بەهۆی جیاوازی کەرستە و هۆی پێشاندان هەڵکەوتێکی تر وەردەگرن، بۆیە دەبێ ئەمانەی دوایی بە زمانی جیاوازی خۆیان هەمان هەڵکەوت پیشان بدەنەوە.

لە هەموو حاڵەتێک ئەدەبیات بەهۆی بوونی (گێڕانەوە و هونەری گێڕانەوە و وەسف و دیالۆگ ...تاد) لە ڕۆمان و شانۆ، زمان و هەڵکەوتێکی هەیە زۆر جیاوازە لە سینەما و تەلەڤزیۆن و ئامادەکردن بۆ شانۆ، لەبەر ئەم حاڵەتە، ئامادەکردن هەندێ جار بینەر لە وردەکاری ئەدەبی دووردەخاتەوە، سەرەنجام ئەم وردەکارییە دەبێ بە زمانی ئەم بوارانەی تر، هەریەکەیان بەهی خۆیان پڕ بکرێتەوە، بەڵام هەموو جارێک لەم گواستنەوەیەدا بەدەست هێنانی سەرکەوتن سەختە.

ڕۆمانی کۆن، یان ڕۆمانی سەردەمی کۆن:

Roman Antiques, Roman d'Anti-quites-

ئەم جۆرە ڕۆمانە وەکو فۆرم و ناواخن و زمان هەڵکەوتێکی کۆنی هەیە و هەردەم بە ڕۆمانی پێش سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ حسێب دەکرێ. لەم ڕووەوە بەگشتی بە ڕۆمانی پێش ڕۆمانی: دۆن کیخۆتە-ی سێرڤانتێس لە قەڵەم دەدرێ، بەو مانایەی ئەم ڕۆمانە لە هەموو ڕوویەکەوە تازە و نوێیە، لە هونەری گێڕانەوە و وەسف و دیالۆگ و چارەسەر و پیشاندانی کێشەکان، زمان و شێوازی هونەری تازەی تێدا بەکارهاتووە، بە هیچ شێوەیەک وەک ڕۆمانی پێش سەردەمی خۆی نییە.

ڕۆمانی کۆن یان ڕۆمانی سەردەمی کۆن لە ڕووی فۆرمەوە هەر لە سەرەتاوە لە داستان یان (ڕۆمانی شیعری) جیاوازبووە، بەو مانایەی بە پەخشان نووسراوە و نووسەرەکەشی دیار بووە. (ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا نییە یان نەبووە، لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش کزە) لە ئەدەبی ڕۆژئاوا ئەم جۆرە ڕۆمانە سەرەتا نووسەرەکانیان نادیار بوون، وەک ڕۆمانەکانی ناسراو بە ڕۆمانی تێب= Roman de thebes، یان ڕۆمانەکانی ناسراو بە ڕۆمانی ئێنیاس= Roman d' Eneas ، (دەشێ چیرۆکەکانی «هەزار و یەک شەوە»ش بچنە ڕیزی ئەم جۆرە ڕۆمانانە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات)

پاشان لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانی تروادە= Roman de Trioe کە لە لایەن (بۆنوا سان مۆر) لە ساڵانی ١١٥٠، ١١٦٥ بڵاوکراوەتەوە، نووسەرەکانیان بەناوی خۆیان بڵاویان دەکەنەوە، دوای ئەمە ڕۆمانی ناسراو بە ڕۆمانی ئەلکسەندەر-یش دەردەکەوێ، ئەمەیان هەندێ جار بە ڕۆمانی پاریس-یش ناسراوە. بەگشتی لەگەڵ دۆن کیخۆتە-ی سێرڤانتێس ئەم جۆرە ڕۆمانە بزر دەبێ. سەرەنجام ڕۆمانی نوێ لەگەڵ ئەمەی دوایی بەهێز و قورساییەکی مەزنەوە دەردەکەوێ.




# زمانی ڕەمزئامێز و زمانی هەڵچوونئامێز

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا



هەمـوو وشـەیەک کـە دەدوێ هەڵگری دەنگ و دەلالەتە، بە پێی ناوکـۆیی و دەربڕینی ئازادانەوە نەخش و ئیقـاع و چڕییـەکـەی دەگۆڕێت، ئـەوەش دەکـەوێتـە سـەر بەدواداچوونی ئاسـتـەکـانی زمـانی چیگوتن و جـوانگوتن، یان بە مـانایەکی دیکە دەکـەوێتـە سـەر کەشفکردنی دوو جۆر لە زمان، جۆری یەکەم **(زمانی ڕەمزئامێزە)** جۆری دووەم **(زمانی هەڵچوونئامێزە)**، ئەو دوو جۆرە لە زمانمان لە ڕەخنەگری ئینگلیزی (ڕتشاردز) وەرگرتووە، لای (ڕتشاردز) مەبەست لە زمانی ڕەمزئامێز ئەو زمانەیە کە بۆ گەیشتن بەکار دێت، واتە زمانێکی ئاماژەییەو تاکە وەزیفەی ئامانجی گەیاندنی خودی گەیاندنە. بەدیوەکەی دیکە زمـانێکە نزیکە لە لۆژیکی عـەقڵ و قـابیلی قبـوڵکردنە ئەگـەر دروست بکەوێتـەوە، وەک چۆن قابیلی نکوڵیکردنیشە کاتێک نادروست خۆی نیشان دەدات.

بەڵام زمانی هەڵچوونئامێز ئەو زمانەیە، کە ئامانجی لە گەیاندنی زانیارییەکان کورت ناکرێتەوە، بەڵکو زمـانێکی بارگاوی و جـووڵە ئامێـزەو دەمـانخاتە نێو فەزای گـومان و خـەیاڵکردنەوە، هەرگـیـز خوێنەر لە ڕێگەی ڕاسـتی و ناڕاسـتـیـیـەوە پێی ناگات، بەڵکو زمانێکە بڵاو دەبێتەوەو خەیاڵ و بیرکردنەوە کێش دەکات، هەستەکان دەدوێنێت. بڕوانە: رامی ابو شـــهـــاب/اللغـــة الحـــافـــز و المؤثر، مـــجلة الجـــســـور – ٢٠٠٤. www.arabicstory.net

لە سـەر ئەو بنەمـایەی (ڕتشـاردز) دەتوانین بڵـێین زمـانی ڕەمـزئامـێـز لە سـادەترین پێناسـەیدا شتـێکمـان بیر دەخاتەوە کە ئامـادەگی لە ئێستـادا نییـەو شتـێک لە بری ئەو دادەنێین کـە ئەویش ئاماژەیە، ئامـاژە هەمـیشـە بەرەو ماناو دەلالەتە کەڵەکە کراوەکانمان دەکاتەوە، یان بە مانایەکی دیکە بەرەو یادەوەری و مێژووی کـۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی کێشمان دەکات و بە شێوەیەکی گشتی شێوەی گێڕانەوەی لەخۆدا هەڵگرتووەو هەر لەوێشـەوە گـەشە مـێـژوویـیـەکانی خـۆی وەک ئەزمـوون دەخـاتە ڕوو، لەسـەر ئەو بنەمـایە جـۆرێک لە سنووداری دەنەخـشـێنێت، بـە مـانـایەکی دیکە هەمـوو ئەزمـوونێک سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە.

ئەویدیکەیان زمانی هەڵچوونئامێز، دەشێ بە جۆرێک لە جۆرەکان بە زمانی ساتەوەختی نووسین، یان بە زمانی ڕووداو، جووڵە، یان بە مانایەکی دیکە لە عـەفـەوییـەتی نووسین و ئازادی خـەیاڵ هەڵیگرینەوە، واتە وەک چۆن سـەرەتای دیار نییـە و پێوەندی بە حـاڵـەتی نووسین و ئازادییـەکانی خـەیاڵ و بیـرکردنەوەی تاکـەوە هەیە، بە هەمـان شێوە کۆتاییشی نادیارەو بەرەو جۆرێک لە شیعرییەتمان دەکاتەوە، کە دەڵێم کۆتایی نادیارە، بەو مانایەیە کە ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت لەگەڵ باو نامۆ دەکەوێتەوە، ئەو ڕستەیە پشت بە پێناسەی داهێنان وەک وشـەو وەک چەمک دەبەسـتـێت، دیارە وەک وشـە داهێنان بە مـانـای خـەڵق کردن دێت، وەک چەمک واتە بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ کە پێشتر بەم شێوەیە لە ئارادا نەبووە، ئەگەرچی ڕەگەزەکانیشی پێشتر هەبووبن. بڕوانە: عـبدالحکیم مـحمـود السـید، الابداع و الشـخـصـیـة، دار المعـارف/القـاهرة، ١٩٧١ ص٢١. زمـانی ڕەمـزئامـێـز ئەو زمـانەیە، کـە لە شـتـەکـانەوە بەرەو وشـەکـان دەگـەڕێتـەوە، واتە زمـانێکی گـواسـتـراوەیە، هەڵگری مێژوو و عەقڵانییەتێکی بۆماوەیە، لە واقیع و لۆژیک نزیکە.

بەڵام زمانی هەڵچوونئامێز لە وشەکانەوە شتەکان ڕەنگ دەکات و ئامانجی گەیاندنی زانیارییەکان نییە، بەڵکو زمانێکە لە پێوەندییەکی شیمانەییدا وزەکانی خۆی لە ڕێگەی خـەڵق کـردن و دووبارە خـەڵق کـردندا دەخـاتە ڕوو، بارگـاوییـە بە لایەنە نەسـتی و نادیارەکـانەوە، بۆیە لۆژیک و عـەقڵ لە بەدواداچوونـیـدا هەمـیـشـە کـورتی دێنن، چونکە فـەزایەکـە سنوورەکـانی دیار نین و بەدیوەکـەی دیکەش بەردەوام لەگـەڵ هەسـتـەکـان خـۆلێکخشـاندن و جـۆرێک لە نەشـوە و چێـژ و دەمـەتەقـێی ئازادانە و بەبیـر هێنانەوەی ئازادانە دروست دەکـات، هەر لەوێشـەوە دەتـوانین بڵـێین زمـانێکە لە گـەیشتن، نەشـوە بە جەستەی خوێنەر دەبەخشێت، ئەو چێژ و نەشوەیە لە سەرسامبوون و بەریەککەوتنی دوو بیرکردنەوەو دوو هەستکردن و دوو تێڕوانینی جیاوازەوە دێتە بەرهەم، یەکەمیان هەست و بیرکردنەوەو تێڕوانینی باوە، ئەویدیکەیان ناباوە، بە مانایەکی دیکە زمانی هەڵچوونئامێز بەردەوام خۆی لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی نێوان دیار و نادیار هەڵدەگرێتەوە، لە ئاستی ئامادەگی تاک و ونبوونی کۆ بەرجەستە دەبێت.